# ڕامان


99


- محەرەم محەممەدئەمین وەک سەرچاوەیەک بۆ... محەممەد ڕەنجبار
- کەرنەڤاڵی بەفر، هەندێک هۆکانەکانی شیعر... ئەکرەم میهرداد
- ماڵی بەر ئاگر... خوێندنەوەیەکی... قەرەنی ئەحمەد ئاغایی
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (د. عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان)ای ڕووناکبیر
- لە ژانیتی زیرەکی هەستیکی... لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
- ڕۆڵی کورد لە شەڕی مەلازگرددا... د. ئیشتمان بەشیر محەممەد
- محەممەدی ڕۆستەم زادە (ئامۆژا) لەنێوان شێوازی... دریا مەدالی
- سەلاحەدین ئەیووبی و کیسەڵەکان........... برایم فەرشی



دەزگاکەی ڕۆشنبیری کۆشنیە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕامان دەری دەکات



تابلۆ: دیلاکروا – فەرەنسا

# RAMAN

Aug.2005
Issue. No. 99

# ڕامان

**99**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات
خولی دووەم - ساڵی دەیەم
ئاب/ **2005**

**خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیڤ و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

**ناونیشان**
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی**
www.raman-media.net

**فاکسی نێودەوڵەتی**
00448701358681

**تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان**
**٢٢٣٠٥٨٢**

**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر**
**٢٢٢٨٥٠٦ - ٤٤٩٤٦٦٢**

**چاپ**
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

**نرخ**
(٧٥٠) دینار

# ناوەرۆک


• **پێڕست** 2

• **سەروتار**

– دیاردەی تیرۆر زەنگی بێداربوونەوەیە بۆ کورد.......... سەرنووسەر 3

• **لێکۆڵینەوە**

– محەڕەم محەممەد ئەمین وەک سەرەتایەک بۆ هونەری ڕۆماننووسین.......... محەممەد ڕەنجاو 4

– (باڵندەکانی دەم با) و دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیزمانە.......... عەبدولخالق یەعقووبی 8

– کەرنەڤالی بەفر، جەنگە جوانەکانی شیعر.......... ئەکرەم میهرداد 15

– ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرن.......... و/ لە ئینگلیزییەوە: کاوە عەبدولکەریم شێروانی 23

• **ڕەخنە**

– ماڵی بەر ئاگر.. خوێندنەوەیەکی چیرۆکی «ماڵی بەر با».......... قەرەنی ئەحمەد ئاغایی 29

• **دەق و ڕەخنە**

– دەقی: بەرزان هەستیار.......... ڕەخنەی: ئیسماعیل حەمەئەمین 34

• **ئەدەبیاتی نامە**

– بەشی سێیەم و کۆتایی لە نامەکانی هزرمەند (مەسعود محەممەد).......... ئا: حەکیم کاکەوەیس 39

• **چاوپێکەوتن**

– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (د. عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان)ی ڕووناکبیری ئەودیو.......... ئا: ئازاد عەبدولواحید – سلێمان دڵسۆز 57

• **دیمانە**

– دیمانەیەک لەگەڵ (خالید جووتیار)ی کەلەپوورناس.......... ئا: ڕامان 67

• **فەلسەفە**

– لە زانینی زیرەکی هەمکی ئاکارەوە بەرەو زانینی فەلسەفەیی.......... و/ لە ئەڵمانییەوە: حەمید عەزیز 74

• **دەروونزانی**

– جیهانگەرایی وەک هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوەی تێکچوونە.......... سەعید محەممەد نووری 82

• **کۆمەڵناسی**

– ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، پێناس و سەرهەڵدان.......... و/ سالار محەممەد گەلاڵی 87

• **تەلارسازی**

– تەلارسازی نوێ.......... دارا محەممەد عەلی 95

• **زمانزانی**

– زمان و پێوەندی بە ماناوە.......... زەیتۆ شێخانی 100

• **مێژوو**

– ڕۆڵی کورد لە شەڕی مەلازگردا.......... د. نیشتمان بەشیر محەممەد 105

• **ئەزموون**

– پاکانە.......... و/ لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن 108

• **وتار**

– گەردوخول بە ناو هەمەدانی بابا تاهیر-دا.......... قەیس حوسێن ڕەسووڵ 111

– شیعر و سینتاکس و سیمانتیک.......... هاشم سەڕاج 114

– میتۆلۆژیا، شیعر و فەنتازیا.......... و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر 117

– سەمەدی بێهرەنگی.. وێڵێک بە دوای خەونەکانی منداڵاندا.......... ئەنوەر حوسێن (ئ. بازگر) 120

– بنەماکانی پێکهاتەی ڕۆمان لە نێوان تازەگەری و لاساییکردنەوەدا.......... و/ محەممەد کەساس 124

• **شیعر**

– تازە درەنگە بۆ ژوان.......... چنوور نامیق حەسەن 126

– من پێش خواردنی پرتەقاڵێک دەکوژرێم.......... تەرزە جاف 128

– هیـــران.......... ئازاد دلزار 130

– رزا تۆپال.. شاعر و هونەرمەند.......... بەرهەڤکرن: س. زرووەیی 131

• **شیعری بیانی**

– چەند کورتە شیعرێکی نیچە.......... و/ لە ئیسپانییەوە: حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ 133

• **چیرۆک**

– ئەوانەی لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد.......... یووسف عزەدین 135

– دوو چیرۆکی شان بە شان.......... شێرکۆ جیهانی 138

– ئەوان.......... فەوزیە سوڵتانبەگی 140

– خوای بۆقەکان.......... خالید عەسکەری 142

• **چیرۆکی بیانی**

– چاڵاوەکە.......... و/ لە سویدییەوە: فەرهاد شاکەلی 144

• **دەقی خۆماڵی**

– خانزادی میری سۆران.......... ژیلوان تاهیر 149

• **گۆرانی و مۆسیقا**

– شارۆ.. تیرۆژە نیگایەک لەسەر گۆرانی و یاری منداڵان.......... جەلیل عەباسی 157

• **شانۆ**

– لەبارەی میللەر و شانۆکانییەوە.......... د. فازیل جاف 163

• **شێوەکاری**

– محەممەدی ڕۆستەم زادە (نامۆ) لە نێوان شێواز و داهێناندا.......... وریا بوداغی 169

• **سینەما**

– سەلاحەدین ئەییووبی و کیسەڵەکان.......... برایم فەرشی 175

• **یادکردنەوە**

– مارف ئاغایی و ڕیالیزمی شیعری.......... هادی حەبیبی (هاوڕێ) 179

• **بەڵگەنامە**

– یەکێتی نیشتمانی شێوەکارانی کورد.......... ئازاد شەوقی 184

• **کتێب**

– ڕۆمانی دوو دونیا لەنێوان زەمەن و مانادا.......... لێدوانی: جەبار جەمال غەریب 188

– ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد.......... لێدوانی: شۆڕش محەممەد حوسێن 191

• **تیراژ**.......... 193

• **دواپەنجەرە**

– بوونەوەرەکانی چیرۆک.......... جەلیل کاکەوەیس 208

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# دیاردەی تیرۆر زەنگی بێداربوونەوەیە بۆ کورد

## سەرنووسەر

ڕەبی مووی لێ بێ زوبانی، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

* تیرۆر و تۆقاندن و ڕەشەکوژی کە ئەوپەڕی ئیفلاسی سیاسی و ئەخلاقی و ئینسانییە و کارێکی درندانەی دژ بە مرۆڤایەتییە و گەڕانەوەیە بۆ یاسایەکانی جەنگەڵ، ئیفلاسی دیالۆگ کردن و بزربوونی مەنتیق و بڕیاردانی سڕینەوەی بەرانبەرە، بۆیە ئەوانەی دەبنە کەرستەی جێبەجێ کردنی (تیرۆر) کەسانی ساویلکە و گومڕاو هەڵخەڵەتاون، کە دەستیان لە ژیان شووشتووە و نائومێد و (احباط) بوون، واتە غەریزەی خۆشەویستی ژیانیان لەلا کوژراوە، بۆیە (ئیسلامی سیاسی) کە باوەڕ و کۆڵەکەی بەهێزی بە بەکارهێنانی زەبروزەنگ و خوێنڕشتن هەیەو بە ناوی (سەلەفییەتی جیهادی) و لە ڕێگەی بانگەوازکردن بۆ لاوەکان لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا ئەو لاوانە لە خشتە دەبەن.

* ئەم سەلەفییەتە جیهادییە کە بە بن بەست دەگا و مەنتیق و دیالۆگی پێ نامێنێ، بڕیاری کۆتایی هێنان بە ناحەزەکانیان دەدەن کە (ناحەزەکانیان) هەموو دنیا و دەوروبەری خۆیانە، چونکە بیروباوەڕی خۆیان لەلا دەبێتە پیرۆز و بیروباوەڕی خەڵکی دیکەشیان لەلا پووچ دەبێ و ئامادەش نین جگە لە باوەڕی حازربەدەست و کلێشەبازانەیان هیچ بەرهەم و بیروڕایەکی زادەی سەردەم وەربگرن و بەم جۆرە ئەم ڕەت کردنەوەی هەموو شتێک دووچاری دۆگمایەکی کوشندەیان دەکات و ئەوکاتە سەلەفیەت لەگەڵ سیستەمە شمولییەکان جیاوازییان نامێنێ.

* مەترسی ئەم عەقڵە سەلەفییە لەوەدایە کە (عەقڵ) بۆ بەرهەمهێنانی دیالۆگ بەکارناهێنن، بۆیە (عەقلانییەت) نەفی دەکرێ و جێگەیەک بۆ ڕەخنەگرتن نامێنێتەوە، بگرە (عەقڵ) دەبێتە دەفرێک بۆ گوێزانەوەی تووتیانەی هەر قسە و بیروڕایەک کە لەشێوەی (فەتوا) بە گوێیان دادەدرێ، یان بیروڕایەکانی ڕابردوو دەگوێزنەوە بۆ ناو (ئێستا)، کاتێ بیروڕای خۆیان بە پیرۆز زانی ئەو کاتە هەموو دنیا بە (هەڵە) دەزانن و پێیان وا نییە بیروباوەڕی ئەوان قابیلی ڕەخنە لێ گرتن بێ، هەر ئەو کاتەش دەبنە هێزێکی ڕووخێنەری شەڕخواز و خۆسەپێنەر و تیرۆرکار و هیچ باوەڕیان بە خەباتی ئاشتییانە نییە و هەموو کەس بە دوژمنی خۆیان دەزانن.

* ئەوانەی فەتوا بە گوێچکەی ئەو تەفرەدراوانەش دادەدەن، هەر ئەوانەن کە ڕووکاری عرووبەیان بە لافیتەی (ئیسلام) داپۆشیوە و لەو ڕێگەیەوە نەزعەی شۆڤینیانەی خۆیانی پێ تێردەکەن، واتە هەر کارێک کە لەگەڵ مەرامی شۆڤینیانەیان نەگونجا دژایەتی دەکەن، کە ئەمەش شێوەیەکی نوێیە لە کارکردنی (شۆڤینییەکانی عرووبە) و عەفلەقییەکان، بۆیەش ئەگەرچی (سەدام حوسێن) نەماوە بیکەنە بیانوو بۆ نارەزایی دەربڕین بەرانبەر بەو کارانە، کەچی (هەر بێدەنگن)، ئەو تاکوتەرایەش کە نارەزاییان دەربڕیوە، زیاتر وەک عورفێکی دبلۆماسیانە کردوویانە!

* لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە لای خۆشمان و بڵێین میللەتی وەکو ئێمە کە خاوەنی هیچ نین بەرگەی زەبری گەورە ناگرین، بۆیە دەبێ زۆر چاوکراوە بین و بە خۆماندا بچینەوەو بەیەک دەنگ و یەک ئەندێشە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشە و تەحەدایانە ببینەوە کە ئەمڕۆ دێنە پێشمان. کوردیش دەبێ پێش ئەوەی هەر شتێ بێ دەبێ کوردبێ.. واتە پێش ئەوەی ئیسلامەوی و شیوعی و چی و چی بین دەبێ کوردبین، پاشان وەک کورد جدیتر بەرەنگارییان ببینەوە، چونکە دوژمنەکانی ئێمە لەناو هەر کەوڵ و کراسێ دابن هەریەکن و یەک ئامانجیان هەیە، بۆیە چیتر ناکرێ کورد دەستەوئەژنۆ و خەمسارد و کەمتەرخەم بەرانبەر بەو هەڕەشانە ڕابوەستێ، بگرە دەبێ ببێتە خاوەن بەرنامە و پرۆژەیەکی تایبەتی خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرۆژە خەون کوژ و ئینسان کوژانە.

لە سەرووی ئەو ئەوەلیاتانەش دەبێ هوشیاری نەتەوەیی کورد بەهێز بکرێ و نەوەی نوێ بەو هەستە کوردانەیە گۆش بکرێ، چونکە نەبوونی ئەو هوشیارییە نەتەوەییە دواجار دەبێتە هۆی کزبوون و لاوازبوونی ئینتمای نەتەوەیی و نیشتمانییان، واتە ئەو وڵاتە بەهی خۆی نازانێ، ئەو کاتەش بەشێکی تاکەکانی کۆمەڵ هەمیشە دەبنە پرۆژەیەک بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئامانجەکانی میللەتی خۆیان و دەبنە ڕەگەزێکی نێگەتیڤ تیایدا.

* بەشێکی دیکەی ئەو پرۆژەیەی کورد، دەبێ هەوڵدان بێ بۆ جیاکردنەوەی (ئایین) لە دەوڵەت و لە داوودەزگایەکانی، چونکە مومکین نییە کۆمەڵگەیەک لەو کەونەدا نوێ ببێتەوە کە لەگەڵ زادەی بەرهەمەکانی سەردەم خۆی بگونجێنێ، ئەگەر ئایین لە دەوڵەت جیانەکاتەوە.

* ناکرێ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پرۆژەیەکی نەبێ بۆ ئەوەی لە دوورترین گوند و شارۆچکەی ئەو وڵاتەوە تا بە شارە گەورەکان ڕادەگات لە خەمی توێژی لاوانیدا نەبێ و تا ئەوانیش لەوە زیاتر لەناو بۆشایی و فەراغدا نەسووڕێنەوە و هەلی کار و ئیشیان بۆ بدۆزرێتەوە و لە خەمی پێکەوەنانی ژیانی خێزانییاندا بێ بۆ بەسەربردنی کاتی بێ ئیشی و (ترفیە)یش لە ڕێگەی زۆرکردنی سەنتەری ڕۆشنبیری بە کارو چالاکی وەرزشی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی سەرقاڵیان بکات.

* ئەرکێکی دیکەی زۆر بەپەلەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیە بە بەرنامەی ئەمنیی خۆیدا، لەم ڕووەوە پێویستە کەسانی تەکنۆکرات و شارەزا لە بوارەکانی ئاسایش و پۆلیس ساز و ئامادە بکرێن کە بزانن بەشێوەیەکی زانستییانە و سەردەمیانە ڕووبەڕووی ئەو شەڕە نوێیە ببنەوە کە بەرانبەرمان دەکرێت.

* پێداچوونەوەیەکی بەپەلە و خێراش ئەرکێکی لەپێشی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کە پێویستە دەست و بردی تێدا بکات و لەوە زیاتر دوای نەخات، چونکە ئەو گۆشکردنی هەستی نەتەوەییە لە منداڵانی قوتابخانەی باخچەی ساوایان و سەرەتاییەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە زانکۆ بۆ ئەوەی هەر شتێک بە بیروباوەڕی کورد نامۆیە لێی بژار بکرێ و سەرلەنوێ و لەبەر ڕووناکی پەروەردەیەکی هاوچەرخ و نوێ دابڕێژنەوە.

* کارا کردنی ڕۆڵی هۆیەکانی (ڕاگەیاندنی کوردی)یش بە تێکڕایی گرنگە بۆ هوشیارکردنەوە و دارشتنەوەی دید و تێڕوانینی تاکی کورد لەسەر بنچینەیەکی نوێ و بە کەرستەی کاریگەرتر و دوورکەوتنەوە لە مینبەرییەت و ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ کە بیسەر و بینەری کورد لێی وەڕس بووەو دەکرێ زۆر مەبەست و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە ڕێگەی (کۆمیدیای ڕەش)ەوە بگەیەنێ، نەک بە وشک و برنگی بیدا بەتەنگەی خەڵکییەوە.

* دەمێک ساڵە نەتەوەی کورد هەر ڕۆژەی بە بیانوویەکەوە لەلایەن دوژمن و ناحەزەکانییەوە قەلاچۆ دەکرێ، دەمێک بە ناوی چەپ و دەمێ بە ناوی ڕاست، جارێ بە ناوی نۆکەرایەتی و جارێکی دیکە بە ناوی جیابوونەوە، هەموو تاوانی کوردیش ئەوەیە دەیەوێ وەک ئینسان لەسەر خاکی باوک و باپیرانی بژی و ناسنامەی کوردبوونی خۆی لێ نەسەنرێتەوە. دوا کەوڵێ کە کردیانە بەرخۆیان بۆ لێدانی کورد کەوڵی «ئیسلام» بوو کە کۆکردنەوەی ڕقێکی کوێرانەی سەدەکانی ڕابردووە بۆ کوشتنی خەونی تاکی کورد تا لە هەزارەی سێیەمدا کورد هەست بە ئازادی نەکات و لە کارەساتەکانی وەک ئەوانەی ناو شاری هەولێر و لە هەڵەبجەیەکی نوێدا لە خڵتانی خوێنی خۆی بگەوزێنن، تا هەمیشە ئەم میللەتە هەست بە زەلیلی و ژێردەستەیی بکات.

* گەلی کورد کە کێشەیەکی لەگەڵ موسڵمانێتیدا نییە و لە موسڵمان بوونی کەم نییە، بەڵام کە وەک (موسڵمانێکی کورد) کێشەی ڕەوای خۆی دەخاتەڕوو، هەموو جارێ باجێکی قورس دەدا. ناحەزان و دەوروبەر و دەرودراوسێ هەریەکەیان بەجۆرێک و بە ڕەنگێک سوودیان لە (ئایین) و موسڵمان بوونی خۆیان وەرگرتووە، تەنیا کوردە کە بە پاکی و بەبێ بەرانبەر مومارەسەی طقوسی ئایینی خۆی کردووە و بۆ لایەنی نەتەوایەتی هیچی لێ بەدەست نەکەوتووە. تەنانەت ئەو دوژمنە نامویارەکانە کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن داوا لە یەکتر دەکەن تەنانەت (ناوبژییان) بۆ بکەن تا لەگەڵ (ئیسرائیل)یش ئاشت بکرێنەوە تەنیا بۆ ئەوەی مافی (فیدراڵی) نەدرێتە کورد لە کوردستانی عیراق، باسی ئەوەش هەر ناکەم کە عەرەب چۆن پێشبڕکێیانە بۆ تەنازول کردن و بوونە پیاوی ئەمریکا و پێوەندی گرتن لەگەڵ ئیسرائیل، کەچی بۆ ئێمە حەرامە ئەگەر ئەمریکا لە جینۆسایدو کوشت و بڕ بمانپارێزێ لە پاش ئەوەی ئەو (موسڵمانانە) دەرگایان بە ڕوومان داخستووە. سەیرە!

* ئەمڕۆ ئەوانە دژایەتی کێشەی ڕەوای میللەتێک دەکەن کە مافێکی سادەی خەباتی درێژخایەنی نەتەوەیەکە کە نیازی هەیە لە بنیادنانی دیموکراسی و مافی ئینسان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەوری هەبێ لە ئێستا و ئایندەی ئەم وڵاتە دراوسێیەکی بێ زەرەر و بێ وەی بێ لەگەڵ دەرودراوسێکانی، کەچی ئەوان نازانن بە پشتگیری کردنی ئەم تەوژمانە (سەلەفیەتی جیهادی) پێش کورد ماڵی خۆیان وێران دەکەن و یاری بە ئاگرێکی سووتێنەر دەکەن کە مەترسییەکانی بۆ سەر ئەوان زۆر خەتەرناکترە لەوەی بەر گەلی کورد دەکەوێ. ئەگەر پێشیان وایە بەم کارە تیرۆریستیانە کورد پاشەکشە لە داوا و مافە ڕەوایەکانی دەکا، ئەوە دیسان بە هەڵە و بە ئاوەژوو هاوکێشەکانیان خوێندۆتەوە وەک زۆر هاوکێشەی سیاسیی دیکەشیان بەو جۆرە خوێندۆتەوە، چونکە کورد بەو جۆرە کارانە نەک تەسلیمی ئەمری واقیعێکی سەپێنراو نابێ و ئیرادەکەی لاواز نابێ، بگرە زیاتر لە دەوری ئامانجە ستراتیژییەکانیان یەکدەگرنەوەو ئەم کارانە دەبنە هاندەرێکی سەربار بۆ یەکڕیزی و پتەوبوونی برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورد و سووربوونی زیاتریان لەسەر خەبات کردن.

* ڕاستە ئەو جۆرە کارە نامرۆڤانەیە درز دەخاتە نێودڵی هەموو کوردێکی شەرەفمەند، بەڵام هەرگیز کێوی ورەی خەڵکی کوردستان بەو تیرۆر و تۆقاندنە لەق نابێ، چونکە کورد دەمێکە لەو ڕاستییە تێگەییوە کە هەر جارێ هەلێکی بۆ ڕەخسابێ و لەسەر داوا ڕەوایەکانی خۆی کە بە خوێن و فرمێسک بەدەستی هێناوە سووربووبێ ئەوە خۆشی بۆ باج و قوربانی دانی گەورەی ئەو سووربوون و پێداگرتنە ئامادەکردووە.

* لە کۆتاییدا ئەگەر کەسانێک هەبن پێیان وابێ ئەو کارەساتانە هاندەرێ بن بۆ تەرخان کردنی ڕۆژێک بۆ قەلاچۆکردنی تیرۆر و بنبڕکردنی، من پێم وایە هەموو ڕۆژەکانی داهاتوومان دەبێ بکەینە ڕۆژانی نیشتمانی قەلاچۆکردن و بنبڕکردنی تیرۆر و لە ڕەگوڕیشە هەڵتەکانی ئەو دیاردە نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردەواری، بەرانبەر کەسانێک کە لایان وایە ئەم میللەتە پەیمانی لەگەڵ کۆیلایەتی بەستووە تا سەر بە ژێر دەستەیی بمێنێتەوە و تا ماوە هەر سەپانی پووشێ بێ..!



# محەڕەم محەمەد ئەمین وەک سەرەتایەک بۆ هونەری ڕۆماننووسین

محەمەد ڕەنجاو
(سلێمانی)

دەکرێ کە قسە لەسەر ڕۆمان و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆمان بکرێ، وەک ئەو دنیابینییە لێکبدرێتەوە کە قسە لەسەر شارستانیەت و سەرتاکانی هەنگاونان بەرەو شارستانییەت دەکرێ، چونکە سەرەتاکانی ڕۆمان زادەی هەمان ئەو سەرەتا شارستانییانەن کە مرۆڤایەتی هەنگاوی تێدا هەڵێناوە.

سەرەتای پەنجاکان، سەرەتای خەملینی ئەو گۆڕانکارییانە بوون لە کوردستاندا کە لە دەرەنجامە ڕوونەکانی جەنگی جیهانی دووەمەوە کەوتبوونەوە، ئەو جەنگی دنیای بە ئاقارێکی دیکەدا برد کە تەواو جیاواز بوو لەو ئاقارەی دنیا پێشتر لەسەری ڕاهاتبوو، جەنگ و دەرەنجامەکانی ئەو جەنگە، شێوازێک لەشێوازەکانی جیهانگیری بەسەر کۆمەڵگای ئەوسادا پەرت کردبوو، گەلی کوردیش لەم دۆخە جیهانگیرییەی جەنگ بێبەری نەبوو، ئەو ئاوێزە بوونە سەربازی و ڕووناکبیری و ئابوورییەی جەنگ دروستی کردبوون، سیماکانی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستانیشدا پەرت کردبوو، ئەم دۆخە نوێیەش نەدەکرا بێ گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و نوێبوونەوە لە ئاستی ئەو بیرکردنەوە کوردییە ڕاگوزەر بکات، چونکە لە هەموو سەردەمەکاندا، سیمای هەرە دیاری کورد و مانەوەی ئەو بوونە کوردییەش بە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا پەیوەست بوو، ڕووی گەشی هەموو ڕابردووی کورد، ڕووی پێشوازیکردن لە گۆڕانکارییەکان بووە، قبووڵکردنی پێشهاتە تازەکان و ئەو گەلە بوونی خۆی و بەردەوام بوونی ئەو بوونەی لە گۆڕانکارییەکاندا بینیوەتەوە، هیراقلیتسی یۆنانیش، دەمێکە گوتوویەتی: «گۆڕانکارییەکان سیمای بنچینەیی هەر بوونێکن».

ئەم گوڕانکارییە گەوهەرییانەی لەم جەنگە کەوتنەوە، سەرەتاکانی چیرۆکی درێژی کوردی وەک بنەمایەک بۆ ڕۆمانی کوردی لێ بەرهەم هات و ئەو مرۆڤەش کە ئەمڕۆ بەڕێزەوە یادی دەکرێتەوە، کاراکتەری سەرەکیی ئەم هەنگاوە مەعریفییە بوو، کە دابڕانێکی جەوهەری لە

بەرهەمە داهێنراوە ڕووناکبیرییەکانی پێش قۆناغی خۆی کرد.

محەرەم محەمەد ئەمین بەرهەمی سەردەمێکی ئاڵۆز و یەکلاییکەرەوە بوو، سەردەمێک کە لە شوناسێک دەگەڕا بۆ ناونانی خۆی، لەوە ناچێ ئەو بە پێخواسی هاتبێتە ناو گەمەکەوە، گەمەی نووسین و ئەفراندن و دابڕان لە سەردەمەکانی پێش خۆی، ئەو شارەزای سەردەمەکەی خۆی بوو، پرسیارەکانی ئەو سەردەمەشی وروژاندووە، سەردەمێک کە شار وەک پێگەیەکی جوگرافی و گردبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێداویستی ژیارییانەی خۆی ڕاگەیاندووە.

جەنگی جیهانیی دووەم و ئەو ڕووداوانەی لەو جەنگە کەوتنەوە، کاردانەوەیەکی دیاری لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵات داناو کوردستانیش لەم گۆڕانکارییانە تەریک نەبوو، ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەش کە لەناو پێکهاتەی بونیادی ئەو کۆمەڵگایەوە هاتبوونە دی کە دەکرێ لێرەدا بە ژێرخانی کۆمەڵایەتی قسەی لەسەر بکەین، پێویستی بە جۆرێک لە جۆرەکانی سەرخان هەبوو بۆ تەعبیرکردن لەو گۆڕانکارییەی ژێرخانی کۆمەڵگا، ئەو سەرخانەش، ئەو جووڵە فیکرییە بوو کە پێشەنگاکانی ئەو قۆناغە ئیشیان لەسەر دەکرد و محەرەم محەمەد ئەمین لە چیرۆکدا وەک پێشەنگێک خۆی خستە ڕوو، گەشەی هەرە دیاری کۆمەڵایەتی لەم قۆناغەدا، گەشەی ژیانی شار و گۆڕانکاریی ئەم قۆناغە بوو لە پێکهاتەی کۆمەڵگای گوندی.

نۆڤلێتی «مام هۆمەر» لە ساڵی ١٩٥٤دا لە هەولێر لە چاپخانەی کوردستان و لەسەر ئەرکی محەمەد مەمەندی ددانساز چاپی کردووە، کە دەکرێ مێژووی نووسینی نۆڤلێتەکە بۆ بەر لەو مێژووە بگێڕینەوە.

نۆڤلێتی «مام هۆمەر» کە خۆی بە چیرۆکی درێژ وەسفی کردووە بە دوو ئاراستەدا گرنگیی خۆی پەرت دەکا.

ئەم نۆڤلێتە، هەموو بنەماکانی پێکهاتەی ڕۆمانی بەخۆوە گرتووە، هەر لە بەربنی ڕووداوەوە کە دەکرێ زۆر پەلوپۆی لێ بکرێتەوە، تا چڕکردنەوەی زەمەن و قووڵی ناوەرۆکە فەلسەفییەکە، کە ئەمەیان زیاتر جێگەی بایەخی منە بەو بەرهەمەی محەرەم محەمەد ئەمین ئاراستەی دووەم کە گرنگی ئەم شاکارە ڕوون دەکاتەوە، مەسەلەی قسەکردنە لەسەر شار، دەرچوونە لەو جوغزە بەر تەسکەی کێشەکانی گوند و ڕووداوەکانی پەیوەست بە زەوی و چاندن.

مام هۆمەر، لە شار دەژی و ئەمە گۆڕانکارییەکە لە پێگەی جوگرافی ژیانی خۆی، چۆن گۆڕانکاریەکیشە لە پیشەیەکی تازەی مام هۆمەر کە دەکرێ لێرە بە کێشەی چرکەسات ناوزەدی بکەین، ئەگەر مام هۆمەر لە گوند بوایە، هەرگیز ڕایەڵەیەک بۆ ئەم ڕووداوانەی نۆڤلێتەکە بەرهەم نەدەهات، چونکە لە گونددا کێشەی چرکەسات بەدی ناکەیت. زەمەن لە گونددا، زەمەنێکی جیوەییە، بەڵام لەشاردا زەمەن زەمەنێکی چرکەییە. گوندی هاوینان بەردەوام کار دەکەن، بۆ ئەوەی زستان بەردەوام کارنەکەن و بخۆن، شاری ڕۆژانە کار دەکا، بۆ ئەوەی شەوانە بە ئاسوودەیی و تێری بخەوێ و تووشی گرفتی لەو جۆرە نەبێ کە مام هۆمەر بەهۆی لە دەستدانی کاری ئەو ڕۆژەی، شەو تووشی کارەساتی وا ببێت.

مام هۆمەر حەماڵێکە، ڕۆژانە تێکەڵی بازاڕ و بازرگانەکان دەبێ. بەو ڕەنجە منداڵەکانی بەخێو دەکا.

ئەو هەموو ژیان لە کۆڕپانەکەی پشتییەوە بەدی دەکاو ئەوەی ئەو ڕۆژە پەیدای نەکات، شەو نییەتی بیخوات، هەر ئەوەشە وا دەکات ئەو ڕۆژەی کە نەیتوانی کارێکی دەست کەوێ و شتێک پەیدا بکات بۆ ئەوەی بیدا بە کولێرەو چای ئێوارە، سەرجەم ژیانی بە ئاراستەیەکی تراژیدیدا کەوتەوە و خۆی کەوتە بەندیخانەوەو خەجێی ژنیشی وەک سۆزانییەک کەوتەوە، مام هۆمەر ئەو ڕۆژەی نەیتوانیبوو پارەیەکی دەست بکەوێ، ئێوارەکەی منداڵەکانی بێ شێو بوون و لە برسانا هەراسان ببوون، لە ماڵی بایز بەگی دراوسێشیان «ئاهەنگ بوو، باخچەکەیان بە گوڵی سەوز و سوور ڕازابۆوە، قاپی چێشت و پێکی مەی لەسەر مێز ڕیز کرابوون.» ئا لەو کاتەدا مام هۆمەر پێ لە جەرگی خۆی دەنێ و بۆ دزینی دەورییەک چێشت بۆ منداڵەکانی دەچێتە مویەقەکەی ماڵی بایز بەگ، بەڵام دەگیرێ و حەواڵەی پۆلیسخانە و دادگا دەکرێ و بە سێ مانگ بەندی سزا دەدرێت، لە ماوەی ئەم سێ مانگەشدا، ژنەکەی لە پێناوی بژێویی منداڵەکانیدا، دەست لەگەڵ پیاوان تێکەڵ دەکاو وەک سۆزانییەک ڕۆژانەی خۆی دەباتە سەر.

دوای سێ مانگەکەو بەربوونی مام هۆمەر، هەر لەیەکەم شەوەدا، کاتێ یەکێک لە پیاوانی سێکسی دەچێتە ماڵیان، بێ ئاگا لەوەی خەجێ مێردی هەیە، دوای سێ مانگ زیندانی، ئەم ڕۆژە ئازاد بووەو لە ماڵەوەیە، لە تێک هەڵشاخانێکا، مام هۆمەر دەکوژرێ و ژنەش بەسەر لاشەکەی ئەودا خۆکوژی دەکا. هەڵبژاردنی بابەتێکی ئاوا

لەو سەردەمەدا، گۆڕانکارییەکی دیارە لە دید و بووچوونەکاندا، ئەمانە هەموو کەرەستەیەکی بەپێزی ڕۆماننووسین، هەر ئەوەشە وا دەکا ئێمە محەڕەم محەمەد ئەمین وەک سەرەتایەک بۆ هەوڵەکانی ڕۆماننووسین لە ئەدەبی کوردیدا پێناسە بکەین.

لەوە دەچێ چیرۆکنووس، هۆشمەندییەکی باشی لەسەر ئەدەبی جیهانی و ڕۆمانی جیهانی هەبووبێ بەتایبەتی دیستۆیڤسکی، چونکە هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەو بۆ ڕووداو و ڕایەڵ و چنینەکانی ڕووداوەکان، بە وریاییەکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەتایبەت ڕۆحە فەلسەفییەکەی. تۆ تەماشاکە هەڵبژاردنی کارەکتەرێک، کار دەکا، کاری دەست ناکەوێ، منداڵەکانی برسین نانیان دەست ناکەوێ، دزی کردن لە پێناوی نەمردنی مرۆڤدا. ئەمانە هەموو، کەشوهەوایەکی دیستۆیڤسکییانەی بەسەردا زاڵەو ڕۆحێکی فەلسەفییانەش باکگراوندی هێڵە فیکرییەکانی ئەم نۆڤلێتەن. دیستۆیڤسکی هەموو هێڵە فیکرییەکانی، ئایدیاکانی و لە دواییشدا دیدی ئەو بۆ ژیان لەیەک ڕستەدا کۆدەبێتەوە کە دەڵێ: «ئەگەر خوا نەبێ، هەموو شتێک جایزە.» دەشێ لای دیستۆیڤسکی (خودا) زیاتر بەهایەکی فیکری و ئەخلاقی تێدا بەرجەستە بووبێ تا سیمبۆلێکی میسالییانە، بەڵام دەشێ ئەم دیدە فەلسەفییەی دیستۆیڤسکی، کاردانەوەیەکی زۆری بەسەر محەڕەم محەمەد ئەمین-دا جێهێشتبێ، چونکە ناکرێ ئاگای لە دنیاو جیهانبینی و لە دواییشدا شاکارەکانی دیستۆیڤسکی نەبووبێ و ئەو کەشە دراماییە دیستۆیڤسکییەی بە بەرهەمەکانییەوە دیارە، هەڵگری ئەم ڕاستییەن و لە نۆڤلێتی مام هۆمەر-دا، ئەم کەشە زۆر بە زەقی دەبینرێ، بەتایبەتی لەو دیدە گوماناوییەی بەرامبەر هەق و ناهەق دەری دەبڕێ.

مام هۆمەر منداڵەکانی بە برسێتی دەبینێ، هەست دەکا، ئەوان بێ شێو سەر دەنێنەوەو لەو دیو ماڵەکەی ئەوانیشەوە بایز بەگ لە عەیش و نۆشی بادەو خواردنی باشدان.

ئەو دەزانێ دزی کردن، هەر دزی کردنە هەر چەند جۆرە پاساوێک دوای ڕووداوی دزییەکە لە دادگا دەخاتە ڕوو بەوەی کە ئەو سەروەت و سامانانەی بایز بەگ بەری ڕەنجی چەندان زەحمەتکێشی وەک ئەوە، کە ئەم تەحەکومی تێدا دەکا، بەڵام ئەمە تەنیا پاساوێکی بەردەم دادگایە، ئایدیای ڕوونی ڕۆمانەکە، ئایدیای (ئەگەر خوا نەبێ، هەموو شتێ جایزە)کەی دیستۆیڤسکیە.

بۆ ئەوەی منداڵەکانی لەبرسان نەمرن، دەبێ شتێک بکا، هەموو شتێکیش لە پێناوی ڕزگارکردنی منداڵەکانی لە مردن و برسێتی ڕەوایەو هەر ئەو دیدە فەلسەفییەشە، کە ئاراستەکەری کاراکتەری سەرەکیی نۆڤلێتەکەیە بۆ دزی کردنی دەورییەک چێشت.

ڕووداوەکانی کورتە ڕۆمانی مام هۆمەر، سەرجەم لەکەشو هەوایەکی درامی خەستدا دێن و دەچن و میکانیزمی ئەو وەگەڕخستنە دراماییەش، ئەو ئاراستە فیکرییە تەحەکومی تێدا دەکات، کە جۆرە ڕەواییەک دەدا بەو دزی کردنەو ئەو دیدە فەلسەفییەی دیستۆیڤسکیش، هەمیشە ئامادەیە لە هێڵە فیکرییەکەی مام هۆمەردا.

مام هۆمەر ئەگەر لە سەرەتاشەوە بە دڵەڕاوکێ و ترسێکەوە ئەم هەنگاوی دزییەی نابێ، ئەوا لە دواییدا ئەو بیرکردنەوەیە بەرەو خەملاندنی زیاتر دەچێ و ئەو گەمەی بەو یاسایانە دێ کە مرۆڤێک لەسەر دەورییە شۆرباوێکی بەرماوەی خەڵکانی تر بەسێ مانگ بەندی مەحکووم دەکاو کەسانی تریش سەرەڕای چەوساندنەوەی هەزارانی وەک مام هۆمەر و ڕووتاندنەوەی خەڵکی لە بەرامبەر یاسادا، ڕووسوورن و بەرێزەوە پایەی چەوسێنەرانەیان هەڵدەسەنگێنرێ.

ئەوە ئەو ڕژێمە پۆخڵەواتانەن کە یاساکانیان بە بەری زوڵم و چەوساندنەوە و مشەخۆری دادەبڕن و وەک نوێنەری ئەو زوڵمەش حوکم دەکەن کە هەزاران مام هۆمەریان دروست کردووە، محەڕەم محەمەد ئەمین لەم نۆڤلێتەیدا بە نەفەسێکی درێژەوە مەودای ڕووداوەکان والا ناکاو چنینی ڕووداوەکان بروسکە ئاسا ڕایی دەکا. ئەوە لە کاتێکدا کاری ڕۆماننووسین دروست کردنی ئەو فەزا دراماییەیە کە پەلوپۆ بە ڕووداوەکان دەبەخشێ، ئەوە جگە لەوەی دەبێ حیسابی ئەوەش بۆ ئەو چیرۆکنووسە گەورەیەی کورد بکرێت کە ئەو لەسەردەمێکی زۆر دواکەوتوودا مەسەلەیەکی گرنگی وروژاندووە، مەسەلەی کاری سۆزانیەتی و هەڵخلیسکانی ئافرەتێک بۆ کاری لەشفرۆشی.

من نەمزانیوە پێش ئەو مێژووەی محەڕەم محەمەد ئەمین ئەو چیرۆکەی تێدا بلاوکردۆتەوە هیچ ڕووناکبیر و چیرۆکنووسێکی تر، توانیبێتیان ئەم مەسەلەیە بورووژێنن، ئەمەش زیاتر منەوەر بوونی ئەو زاتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو ئەوەشمان پێ دەڵێ کە ئەو زیاتر لەناو ڕووناکبیرییەکی شاریدا ئیشی کردووەو مام هۆمەریش وەک بەرهەم چۆن سەرەتایەک بووە بۆ ڕۆمانی کوردی، ئەوا لەسەرێکی تریشەوە سەرەتایەک بوو بۆ گواستنەوەی

قۆناغێکی مێژوویی دواکەوتوو بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر کە ئەویش بازدانە لە کێشەی زەوی و جووتیار و کێشەکانی پەیوەندی بەلادێ و زەوییەوە و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە تۆمارکردنی ئاراستەیەکی نوێی ڕووناکبیری کە ئەویش باس کردنی کێشەی شار و هەراوهۆریای بازاڕ و کەسایەتیی بازرگان و ڕەنجی حەماڵ و کرێکارانە کە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا و بەتایبەت لە چیرۆکدا بەم شێوازە ڕوونە خۆی بخاتە ڕوو. مامۆستا محەڕەم لە ڕووی بابەت و شێوازی هەڵبژاردنی ڕوداو و دابڕان لە کەرەسەکانی واقیع-ی بەر لەخۆی، وەک نوێخوازێک دێتە بەرچاوان، بەڵام لە ڕووی کەرەسەکانی دەربڕین و ستایلی داڕشتنی فیکرەکان و هونەری مۆدێرنی ئەوسا کە ئەم چیرۆکی بیانی پێ خوێندۆتەوە، نەیتوانیوە هەنگاوێکی پتەو و جێگیر باوێت، ئەو بەهەمان موفرەدەو کەرەسەکانی دەربڕینی سەردەمەکەی خۆی ئەو بابەتە نوێخوازییانەی نووسیوە، واتە ئیشکالیەتی ئەو لە شێوازی نووسیندایە لەو دەربڕینانەدایە کە پایەو دەسەڵاتی نووسینی ئەویان پتەوتر دەکرد، ئەو لە نوڤلێتی مام هۆمەردا زۆرجار لە چیرۆکی گوێ ئاگردان و گێڕانەوەیەکی سەرەتایی نزیک دەبێتەوە کە ئەمە خاڵێکی هەرە سەرەکی و لەبارچاوەو ئەوە گرفتی ئەوەشی بۆ دروست کردووە کە نەتوانێ بەردەوامییەک بە وردەکاری ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕکێی چنینەکان و لە دواییشدا بەخودی ئەو فۆرمسازییە بدات کە هونەری ڕۆمان نووسین گەرەکیەتی بەڵام ئەزموونی پاش پێنج ساڵی تری بۆ سەرەتاکانی ڕۆمان لای ئەم نووسەرە، جۆرێک لە تێپەڕاندنی تێدایە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو پەیامەی ئەو دەیەوێ بەهۆی نووسینەوە بیگەیەنێ بەتایبەتی لە نۆڤلێتی (ڕێگای ئازادی) کە بەڕاستی دەکرێ ناو لەم بەرهەمە بنرێت نوڤلێت، هەر چەند لە مەشیاندا هێندەی پابەندی تۆمارکردنی ڕووداو بێت نەیتوانیوە هێندە تەکنیکی هونەری فریای بکەوێت، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ مام هۆمەر کارێکی جددیتر و هونەریترە بە تایبەتی چاپە کۆنەکەی، واتە چاپی یەکەمی کە لەساڵی ١٩٥٩ لە چاپخانەی کامەران-ی سلێمانی چاپی کردووە، لێرەدا دەکرێ ئەو ناهەقییەی دەزگای سەردەم لە محەڕەم محەمەد ئەمینی کردووە بخرێتە بەرچاو بەتایبەتی لەو «ڕۆڤار»ەی کە بۆ ئەم نووسەرەیان دەرکردووە چەند بەخشندە بوون بۆ چاپکردنی هەندێ لەبەرهەمەکانی لە ڕۆڤاردا، ئەوەندەش بێ ئەمانەتییان کردووە لە چاپکردنی بابەتەکانی بەتایبەتی لە چاپکردنەوەی ئەم نوڤلێتە، ئەوان لە چاپ کردنەوەی «ڕێگای ئازادی»دا، بە بڕگە لە نووسینی ئەم بەرهەمەیان قرتاندووە.

بۆ نموونە لەلاپەڕە (٧)ی کتێبەکە، (١٠) دێڕیان قرتاندووە لەلاپەڕە (٩)، (٥) دێڕیان قرتاندووە.

لەلاپەرە (٦٠)، (٢) دێڕ پەڕێنراوە، ئەوە جگە لە زۆر کەموکووڕی و هەڵەی تر.

نۆڤلێتی ڕێگای ئازادی کە لە کتێبێکی (٦٤) لاپەرەییدا چاپ کراوە، باس لە کەفوکوڵ و ئامادەباشی بۆ شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ دەکاو پاڵەوانی نوڤلێتەکەش، عەبدولکەریم قاسم خۆیەتی.

ئەم بەرهەمەی محەڕەم محەمەد ئەمین، لە ڕووی تەکنیک و جووڵەی ڕووداوەکانەوە، کارێکی دانسقەی سەردەمەکەی خۆیەتی بەتایبەتی لە ڕووی تێهەڵکێش کردنی ئەو بانگەواز و بەڵگەنامە ڕەسمی و سیاسییانەدا کە لەو قۆناغەدا بڵاوکراونەتەوە و ئەمە تەکنیکی نۆڤیلێتەکەی پتەوتر کردووە و مەودایەکی بەرینتری داوەتە ڕووداوەکان و تۆمارێکی هونەرییانەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەن ئەوە جگە لەوەی ئەو زمانە سادەیەشی تێپەڕاندووە کە «مام هۆمەر»ی پێ نووسیوە.

محەڕەم محەمەد ئەمین، هەموو بەرهەمەکانی بە چیرۆک ناوزەد کردووە، بەو دوو نۆڤلێتانەشەوە کە ئێمە لەم باسەدا هەڵوێستەیەکمان لەسەر کرد. دەکرێ خەڵکانی تریش بەهەمان پێناسە ناویان لەو دوو بەرهەمە نابێ، دەکرێ دان بەوەشدا بنرێ کە خۆشم بەترس و گومانەوە ناوم لەم دوو چیرۆکە درێژە نابێ نۆڤلێت بەڵام ئەوەی کە بێگومانم لێی، ئەمانە سەرەتایەکی باشن بۆ ڕۆمانی کوردی و هەوڵی مرۆڤێکن کە لەسەردەمەکەی خۆیدا ویستوویەتی ستایلێکی تری پێبێ بۆ نووسینی چیرۆک، هەر وەک ئەوەی دنیابینییەکی تری پێبووە بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ژیان و ڕووداوەکان، ئێمەش هەر زوو دانمان بەو گرفتە دانابێ کە لە پرۆسەی نووسینی ئەودا هەبووە، بەڵام نووسەری گۆرین، قەڵەمێکی بە بڕشت بووە بۆ سەردەمەکەی، بۆ تۆمارکردنی سەردەمێکی نوێ کە پێویستی بە بیرکردنەوە و تەکنیکێکی نوێ بووە بۆ تەعبیرکردن لەو سەردەم و قۆناغە.

# (باڵندەکانی دەم با) و دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی

عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

١- ڕۆمان لەو ساتەوەختەی کە دەستی خوێنەرەکەی دەگرێت و دەیباتە نێو جەرگەی جیهانی بەسەرهات و ڕووداوەکانییەوە و دنیای زەین و هەناوی کەسایەتییەکانی بۆ شی دەکاتەوەو بە گشتی دەرگای خەون و خولیاکانی خۆی بۆ دەخاتە سەر گازەرەی پشت تا ئەو کاتەی ڕەوتی بەسەرداهاتنی ڕووداوەکان کۆتاییان پێدێت و کەسایەتییەکان دەوری سەرەکی و لاوەکی خۆیان دەگێڕن و بە وتەیەک ڕۆمان دوایی پێدێت و خوێنەر دەستی لەدەستی ڕۆمانەکە دەبێتەوە،خەریکی گێڕانەوەیە، گێڕانەوەی ئەو بابەتانەی دەشێت بگێردرێنەوە یاخود ببن بە گێڕانەوە. کە وایە بەردی بناغەی پێکهاتەی ڕۆمان گێڕانەوەیە بۆیە ئەگەر ڕۆمانێک خودان گێڕانەوەیەکی داستانی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوە خۆشی نابێتە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو. دیارە زیاترین کێشەی گێڕانەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو جۆرە پێوەندییەی کە ڕۆماننووس لەگەڵ بەرهەمەکەیدا پێکی دێنێ. ئایا ئەو پێوەندییە پێوەندییەکە لە سووژەیەکی باڵادەستەوە بۆ ئۆبژەیەکی ژێردەست؟ یاخود بە پێچەوانەوە لە ئۆبژەیەکی خاوەن دەسەڵاتەوەیە بۆ سووژەیەکی بێ دەسەڵات، یان هەر هیچ کام لەوانە، بەڵکو لە سوژەیەکی داهێنەر و خاوەن دەسەڵاتێکی ڕێژەیی بۆ ئۆبژەیەکی خۆ بژیوی خاوەن دەسەڵاتێکی دەقیی تایبەت.

ئاشکرایە جۆری ئەم پێوەندییە گەلێ کار دەکاتە سەر جۆری گێڕانەوەی ڕۆمان. بە وتەیەکی تر جۆری گێڕانەوەی ڕۆمان دەگەڕێتەوە سەر زەینییەتی ڕۆماننووس لە هەمبەر کێشەی پێوەندی خۆی لەگەڵ بەرهەمەکەی. ئایا ڕۆمناننوس بەرهەمەکەی بە دەسکردێکی ڕەهای عەقڵی شەخسی خۆی دەزانێت؟ یاخود پێی وایە جگە لەو چەشنە عەقڵە عەقڵێکیش هەیە بە ناوی عەڵی ڕۆمان کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عەقڵی ئەو، دەوری خۆی دەگێڕێ و بەشێکی گرنگ لە چارەنووسی ڕۆمان دیاری دەکات؟ ئایا ڕۆماننوس پاش نووسینی ڕۆمان پێی وایە ڕۆمان هەرچی بیلێت ئی ڕۆمانەکە خۆیەتی یان هێشتاش بەشی ئەو - واتە ڕۆماننووسی- بە بەرەوەیە؟ با بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر ئەم باسە لەم نموونانەی خوارەوە ورد بینەوە:

نموونەی A "... مانگی ڕەزبەرە. کا لە کادێن، گەنم لە چاڵ و سووتەمەنی لە تایە دراوە، سەربان و گوێ بان سواخ کراوەتەوە.. قەرزی کۆن دراوەتەوە، ئازووقەی زستان خراوە.. پایزە، ڕەنگی زەوی بزرکاوە، ڕۆژ کورت و فێنک، شەو سارد و درێژە.. ژنان پەلەپرووزەی ئازووقە و دانەوێڵەیانە، کەشک، دۆینە، شەلەم وشک کراونەتەوە.. نۆک لە خووس کراوە، وشک بووەتەوە، دەستاڕ وەکار کەوتووە..."

**هەزار ئەشکەوت، عومەر مەولوودی ل ٧-١٨٦**


عەتا نەهایی

نموونەی B- ... ظهر یا عصر که فخر النساء از مدرسه بر می گشته.. فخر النسا ارمک می پوشیده کیف به دست، در را باز می کرده، خانم جان را می دیده، که روی پلەها نشسته، پشت فواره، گلدان کنارش بوده؟ می دویده، تمام طول خیابان را می دویده. باد می افتاد توی موها و توی دامن لباس ارمکش. کیفش را تکان می داده. خانم جان، حتما، دستش را باز می کرده و نوەاش را می دیده که چطور با آن پاهای کوچکش دارد می دود. موهایش را می دیده که باد.. بعد بغلش می کرده، روی خالش را می بوسیده و با انگشت پیر و لرزانش چند طره مو را که روی پیشانی نوەاش بوده، عقب می زده، همین جورها بوده، شاید..."

**شازاده احتجاب، هوشنگ گلشیری ص ٩١**

نموونەی A شێوەیەکە لەو جۆرە گێڕانەوەیەی کە لە سەر هێڵێکی ئینتیزاعی و ئارامانیدا دەچێتە پێش، شێوە گێڕانەوەیەک کە هەوڵ دەدات ئەو کۆمەڵە ڕووداوەی کە پێی وایە لە زەمانێکی ڕابردوودا ڕوویانداوە و کۆتاییان پێهاتووە وەسف بکات و سەرلەنوێ بیانخوڵقێنێتەوە، بگێڕەوە لە گۆشەنیگای سوژەیەکی باڵادەستەوە دەڕوانێتە ئەو بابەتانەی کە دەشێت بیانگێڕێتەوە، بێ ئەوەی چکۆڵەترین گومان لەو باڵادەستییەی خۆی بکات. بەڵام نموونەی B گێڕانەوەیەکە لەسەر بنەمای دۆخی سەرهەڵدان و کامڵ بوونی ڕووداوەکان دامەزراوە. بە وتەیەکی تر، لەم نموونەیەدا، ڕووداو ئەو شتە نییە سەردەمانێک ڕوویدابێت و ئێستا تەنیا وەک بینەرێک لێی بڕوانین، بەڵکو شتێکە لە ساتەوەختی ئێستای دەقەکەدا خەریکە ڕوو دەدات. کەوایە لەم نموونەیەدا گێڕانەوە سیستمێکی نمایشی و خۆیاکردنی کۆمەڵێک دیمەن نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ وێناکرانی ئەو ژیانەی کە دەشێت لە ساتەوەختی هەنووکەی دەقەکەدا بێتە ئاراوە. گوڵشیری بۆ ئەوەی گێڕانەوەی "شازادە ئیحتیجاب" لە گێڕانەوەیەکی گشتی بینی ئارمانخوازانە دوور بخاتەوە، هەر لەم پاژەدا بۆ نموونە، کۆمەڵێک تەکنیکی بەکارهێناوە کە هیچ کامیان لەو شێوە گێڕانەوە هەمەکی بین و ئینتیزاعییەی نموونەی A دا نابیندرێ، بۆ وێنە بە گومانەوە پرسیار لەوە دەکات تۆ بڵێی گوڵدانێک لە کەنار "خانم جان" بووبێت، یان سەرەتا دەڵێت "خانم جان، حتما، دوو دستش را باز می کرده..." کەچی دواجار لەم "حتما"ە پاشگەز دەبێتەوە و دەڵێت: "همین جورها بوده، شاید.." جگە لەمە، ئەگەر لە نموونەی A وردبینەوە دەبینین زەمان لەم پاژەی ڕۆماندا مردووە، واتە زەمان لە ساتەوەختێکی دڵخوازی ڕۆماننووس ڕاگیراوە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس وەسفی ئەو دیمەنانە بکات کە پێویستە بێتە سەر شاشەی گێڕانەوە، هەر بۆیە من بە ئەنقەست چەند دێڕێکم لە نێوان ئەم پاژەی ڕۆماندا قرتاندووە، کەچی خوێندنەوەی ڕۆمان هیچ کەندوکۆسپێکی مانایی یاخود چەمکی یان تەنانەت زمانی نایەتە سەر ڕێ، کەچی ئەگەر ئەم کارەم بۆ نموونەی B کردبا، بێگومان دەقەکە ئەرکی جوانیناسانەی خۆی دەدۆڕاند، چونکی لێرەدا زەمان لەگەڕدایە و کەسایەتییەکان جووڵەیان هەیە، بە وتەیەکی تر ژیان لە ئارادایە، بۆیە ئەگەر دێڕێک لەم پاژە بقرتێنین لە حوکمی ئەوە دایە زەمانمان لەم ژیانە ئەستاندۆتەوە، کە ئەوەش بێشک دەبێتە هۆی مەرگی کەسایەتییەکان.

٢- "باڵندەکانی دەم با" دووەهەم بەرهەمی عەتا نەهایی لە بواری نووسینی ڕۆماندا، بێگومان هەوڵی داوە ببێتە دەنگێکی جیاواز لە نێو پانتایی نووسینی ڕۆمانی کوردیدا. نووسەر لە دووتوێی ئەم ڕۆمانەدا، لەسەر بناغەی گێڕانەوەیەک کە خۆی لە قەرەی پێوەرەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی دەدات، جیهانی مرۆڤی قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخمان پێ دەناسێنێ. هەڵبەت دەشێت بڵێم لەم ڕۆمانەدا سەرباری ئەوەی هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ

دەستەبەرکردن و بەدەستەوەدانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی دەبینرێ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک غیابی مانا، ئەو شتەی وەک تاوانێکی نەکراو دەخرێتە پاڵ بەرهەمی پۆست مۆدێرنیستی، لە ئارادا نییە، چونکی لە هەر بنەڕەتدا ئەوەی لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا بوونی نییە و هەڵگری چەمکی غیابە مانای دەستەبەرکراوی چوارچێوەداری ڕەها و شک هەڵنەگرە، نەک مانا بە واتای نارەها و ڕێژەیی خۆی. ئەو مانایەی لە پانتایی دەقی پۆست مۆدێرندا بە دەستەوە دەدرێت مانایەکە مەرجدار و ڕەخنەگرانە و جێگای گومان. ئەمە یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە کە ئەم چەشنە ڕۆمانە دەخاتە خانەی ڕۆمانێکی داهێنەرانەوە، هەرچەند بە قەولی دەیڤید لاج "کاریگەرێتی نووسراوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی لەسەرخوێنەر، گەلێ جار هەر ئەوەندە سەرکەوتووە کە لەوانەیە ناسەرکەوتووبێت(١)". بەڵام بەگشتی "ڕۆمانێکی داهێنەرانە هەوڵ نادات بۆ ئەوەی وا بنوێنێ هەقیقەتی ئینسانی بۆ هەتا هەتایە خاوەن بەهایە و جێی باوەڕە، ڕۆمانی داهێنەرانە بەوەندە ڕازی دەبێت کۆمەڵگا لە قۆناغێکی تایبەتی گۆڕانکاری خۆیدا لێکبداتەوە، کەسایەتییەکانیش تا ئەو جێیە ڕاستەقینەن کە نوێنەری ئەو کۆمەڵگا تایبەتە بن. ئەمجۆرە ڕۆمانە هەموو شتێک لە گۆشەنیگایەکی تایبەت و ڕێژەیی و مێژووییەوە چاو لێدەکات. بە چاوێکی گەشبین و جیهانگیر کە بابەتێک بەسەر هەموو بابەتەکانی جیهاندا ساغ دەکاتەوە لە ژیان ناڕوانێت، بەڵکو بە چاوێکی وردبین تەماشای دەکات و بە عەقڵێکی تیۆری دارێژ لێکی دەداتەوە..."(٢)

٣- باشە بەڕاستی تۆ بڵێی خوێندنەوەی ڕۆمانێک کە خۆی لە هەمبەر ڕەچاوکردنی مەرجەکانی ڕۆمانی پۆست مودێرنیستی دەروەست دەبینێ چ کەڵکێکی بۆ خوێنەری کورد هەبێت؟ تەنیا وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و بێ پەراوێز کە دەتوانم و دەکرێت بڵێم ئەمەیە کە خوێنەری کورد ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنیستی دەخوێنێتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت نەک هەر بۆ خوێنەری کورد، بەڵکو بۆ هەموو خوێنەرێک بەگشتی، گرفتی سەرەکی، تەمومژی دەقێکی پۆست مۆدێرن نییە، چونکی بە قەولی دیڤید لاج تەمومژ شتێکە دەکرێت دواجار بڕەوێتەوە، گرفتی هەرە گرنگ ناقەتعی و ناحەتمی بوونێکە کە سەرلەبەری تانوپۆی دەق دەگرێتەوە و زیاترین ڕێژەی ئەو ناقەتعی و ناحەتمی بوونەش لە ڕووبەری گێڕانەوەدا خۆیا دەبێت(٣) کەوایە ئەگەر خوێنەر دەیەوێ لە ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنیستی بگات، بەو مانایەی کە خۆی بە ناو ڕەهەندەکانی جیهانی ئەو جۆرە ڕۆمانەدا بکات و لەناو چەمی بەخوڕ و کەف چڕێنی ماناکانیدا مەلە بکات، ئەوە ناچارە لە تەکنیک و فرتوفێڵەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ورد بێتەوە و شییان بکاتەوە، بە گشتی شێوازی خوێندنەوەی پۆست مۆدێرنیستی بگرێتەبەر. بۆ نموونە لە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرندا خوێنەر ناشێت چاوەڕوانی ئەوە بێت ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هێڵی و بێ پێچ و پەنا بگێڕدرێتەوە، ناشێت وا بزانێت دواجار مەتەڵەکان هەموو هەڵدێن و چارەنووسەکان سەرلەبەر دیاری دەکرێن و ئاکامەکان بێ سێ و دوو دەخرێتەڕوو. ڕێسای ڕۆمانی پۆست مۆدێرن بێ ڕێساییە بۆ تەواوی ئەو شتانەی تا ئێستا پێمانوابوو خاوەن ڕێسایەکی نەگۆڕن. دژوازی و نەبوونی تەکووزی و ڕێکوپێکییەکی ئەوتۆ لە نێوان پاژە جۆراوجۆرەکانی و نەبوونی ڕێسا (فقدان قاعدة) و ئامادەبوونی داستانی کراوی نووسەر لە نێو دەقدا و تەنز و تەمومژ (ابهام) و ڕوانینی ڕێژەیی لە دیاردەکان و گرنگترین و دیارترین تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانێکی پۆست مۆدێرنن.

٤- "باڵندەکانی دەم با"ی عەتا نەهایی تا چەندە توانیویێتی لە دەرەتانەکانی گێڕانەوە بۆ بە پۆست مۆدێرن کردنی ڕۆمانەکەی یارمەتی بخوازێت؟ بە وتەیەکی دیکە ڕۆماننووس چی کردووە بۆ ئەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لە گێڕانەوەیەکی سوننەتی بپارێزرێت و سیمای گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنی پێبدات؟ لێرەوە پێویستە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی "باڵندەکانی دەم با" بکەم و لەم ڕێگایەوە ڕێژەی توانستی بەکارهێنانی دەرەتانەکانی ئەم ڕەگەزە سەرەکییەی ڕۆمان - واتە گێڕانەوە- لە پێناوی بە پۆست مۆدێرن کردنی ئەم دەقە، بۆ خوێنەر ڕوون بکەمەوە:

٤-١ - گێڕانەوەی تێکەڵ بە گومان: وەک دەزانین بگێڕەوەی هەموو شت زان (ڕاوی دانای کل) لە ئەدەبی داستانی کلاسیکدا لە حوکمی بگێڕەوەیەکی باڵادەستدایە کە بۆی هەیە بە هەموو ڕاز و ڕەمزەکانی دەروون و دەرەوەی کەسایەتییەکانی بزانێت و بێ ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆی و لە ڕەهابوون و توانایی بێ سنووری گێڕانەوەی خۆیدا شک بکات ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، کەچی لە "باڵندەکانی دەم با" دا تەنانەت بگێڕەوەی هەموو شت زان لە زۆر جێدا گومان لە قەتعیەتی قسەکانی خۆی دەکات و بەردەوام نیشانەی ڕاڕایی و دڕدۆنگ بوون دەخاتە بەردەم ئەو شتانەی دەگێڕدرێنەوە

یان خۆی دەیانگێڕێتەوە:

a- ... بیرەوەری پیاوانی نەوەیەک کە سەردەمێک ویستبوویان دنیا بگۆڕن، بە تێکۆشانیان، بە دابڕانیان لە ماڵ و بنەماڵەوە، بە زیندان و ئەشکەنجە و.. نەیانتوانیبوو، دنیا نەگۆڕابوو. نەگۆڕابوو؟..."

b - ... زڕەی تەلەفوونەکە چاوی پێ هەڵێنا... بەڵام بارام بوو. باسی بانی ماڵەکە و یادداشتەکەی ئیمڕۆی کرد.. دیسان زڕەی تەلەفۆنەکەی بیست، داچڵەکی بەخۆشییەوە بەرەو پیری چوو. بەخۆشییەوە؟"

دیارە ئەم شێوە گومانکردنە لە هەقیقەتی شتەکان دواجار کۆمەڵێک پرسیار لای خوێنەر کەڵەکە دەکات کە بۆیان هەیە خوێنەر بە شێوەیەکی چالاکانەتر لە ناوەندی پرۆسەی خوێندنەوەدا جێگیر بکەن. بۆ وێنە خوێنەر بۆی هەیە لە نموونەدا ئەم پرسیارانە لەخۆی و دەقەکە بکات: بڵێی بە ڕاستی بەخۆشییەوە بەرەو پیری چووبێت؟ باشە بۆچی بە خۆشییەوە بەرەو پیری چوو؟ نەکا بە ناخۆشییەوە بەرەو پیری چووبێت؟ بەخۆشییەوە چۆن حاڵەتێکە "لانی کەم لەم ساتە وەختەی ژیانی بارامدا" کە بە خۆشییەوە بەرەو پیری چوو؟ وەک دیارە سەرلەبەری ئەم کۆمەڵە پرسیارە و دواجار هەوڵی خوێنەر بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی وەڵامەکانیان شێوە خوێندنەوەیەک دەخوازێت کە خۆی لە هەر چەشنە بیروبۆچوونێکی دۆگم خوازانە و دەمارگرژانە بپارێزێت تەنیا لە سۆنگەی ئەوەی لە دەقی پۆست مۆدێرندا گومان لە قەتعیەتی دیاردەکان دەکرێت و سێبەری شک بەسەر باوەڕەکاندا دەکشێت..

c- «... گوتم: فەرهاد لە ماڵ نایەتە دەر. ساڵەهایە لەماڵ نەهاتووەتەدەر. ساڵەهایە لەماڵ نەهاتۆتە دەر؟»

- بەسەرسوڕمانەوە پرسی. بە بیریدا هات، بڵێی ئەوەندە پیر بێ خانەنشین بووبێت؟ بە بیریدا نەهات، لەم وڵاتە بۆ ئەوەی کەسێک خانەشین ببێ، پێویست ناکات حەتمەن پیر بووبێ..."

لە نموونەی c دا وەک دەزانین بگێڕەوەی هەموو شت زان "واتە «من» هەر تەنیا ئەو شتە ناگێڕێتەوە کە ڕووی دابێت، بەڵکو باسی ئەو شتانەش دەکا کە دەگونجا ڕوو بدەن، بەڵام ڕوویان نەداوە. دوا ڕستەی نموونەی C ئەو شتەیە کە بە زەینی میهرەبان (واتە چیرۆکنووسی نێو دەقی ڕۆمانەکە) نەگەیشتووە، بەڵام بگێڕەوەی هەموو شت زان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گومان لە زەینییەتی نووسەر دەکات و مەزەندەی ئەوەش دەکات کەوا دەیتوانی ئەم شتەشی بە بیردا بێت کە لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەی کەسێک خانەنشین ببێ، پێویست ناکات حەتمەن پیر بووبێ.

٤-٢ گێڕانەوەی دوو توێژی: زۆرجار ئەو شتەی کە بەسەر زمانی کەسایەتیدا دێت هەر ئەو شتە نییە کە لە نێو زەینیدایە، یەکێک لە پێش مەرجە هەڵەکانی ڕۆمانی سوننەتی لەوەدایە کە لە نێوان گوتە و زەینییەتی کەسایەتیدا جۆرە یەکێتییەکی چەمکی (وحدت مفهومی) دەبینرێ، واتە گوتەی کەسایەتی دەکرێت پیشاندەر و نوێنەری زەینیەتی بێت، یان بە پێچەوانە ئەوەی لە زەینی کەسایەتیدایە، ڕێک بەسەر زمانیدا دێت، بەڵام لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرن ژێرخانی ئەم یەکێتییە چەمکییەی نێوان زەین و زمان تێکدەڕووخێت و گێڕانەوە هەوڵ دەدات لە ڕێگای کۆمەڵێک تەمهید و فرت وفێڵی گێڕانەوەییەوە جیاوازی و تەنانەت هەندێ جار دژوازی نێوان بیرو گوتەی کەسایەتی دەربخات. ئەوە جگە لەوەی کە خودی ئەم شێوازە گێڕانەوەیە بە جۆرێک گومانکردنە لە هەقیقەتی ڕەهای هەر چەشنە گوتە و تەعبیرێک:

d- «.. گوتی: « پێویستە ببینیم، ئەو دەبێ..."

ویستی بڵێ: ئەودەبێ پێم بڵێ ئەو قیژە تیژ و ترسناکەی بیستووە یان نا؟ بەڵام نەیگوت، گوتی: "ئەو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی یەکەم ڕستەی چیرۆکەکەی یارمەتیم بدا، تۆ بەڵێنت پێداوم بە یەکترمان بناسێنی.»

١- توێژی زەینی: ویستی بڵێ: ئەو دەبێ پێم بڵێ...

٢- توێژی زمانی: گوتی: ئەو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی...

e- «تۆ لێرە چی دەکەی» نەیپرسی. گوتی: «ئەگەر هەر بۆ بینینی جەلالیش گەڕابێتمەوە کاری چاکم کردووە..»

f- «.... بارام گوتی: تۆ هێشتا دوو حەفتە نییە گەڕاویتەوە.»

گوتی: « تۆ نابێ...» نەیگوت تۆ نابێ وەک ساڵەها لەمەوبەر، وەک تافی گەنجیت بجووڵێیتەوە و لەگەڵ هاوڕێیانتدا بۆ ئەملاو ئەولا بڕۆی. گوتی: «تۆ نابێ لە بیرت بچێتەوە کەسوکارت هەیە و بۆ سەردانی ئەوان گەڕاویتەوە پیاوی عاقڵ...»

ئەوەی دەکرێت لەم شێوە گێڕانەوەیە، وەک کۆمەڵێک دەسکەوت بۆ پرۆسەی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ڕۆمان لێی بڕوانین، لەوانەیە لەم چەند خاڵەدا چڕبێتەوە:

١- وانییە هەمیشە ئەو شتەی لە زەبندایە بەسەر زمانیشدا بێت.

٢- هەمیشە ئەو شتەی بە زماندا دێت دەربڕی ئەو

ڕاستییانە نین کە لە زیندا بووە.

٣- زۆرجار زمان حەقیقەتەکانی زەین بەلاڕێدا دەبات، یان بەراوەژوویان دەنوێنێ، یان کوێریان دەکاتەوە.

٤- ئەم شێوە گێڕانەوەیە ڕێگایەکە بۆ پەیبردن بە ململانێ و کێشمەکێشی نێوان زەین و زمانی کەسایەتی.

٥- دواجار ئەم پرسیارەشمان لا جێدەهێڵێ: ئایا ئەو شتەی کە کەسایەتی (لە نموونەی e دا بارام) نەیگوت (واتە توێژی زەین) چاوەڕوانیی بگێڕەوە بوو وەدی نەهات، یان ئی کەسایەتی بەرامبەری (واتە میهرەبان، چیرۆکنووس نێو دەقی ڕۆمانەکە) یان ئی خودی خۆی (واتە بارام) یان ڕەنگەش هەرسێکیان؟!

٤-٣ - گێڕانەوەی فرەکاربردی: لە دەقێکی پۆست مۆدێرندا هەندێ جار وشە و تەنانەت ڕستەش پێویست ناکات حەتمەن و تەنیا بۆ تاقە یەک ژێدەر بگەڕێنەوە و یان هەر دەلالەت بە یەک شت بکەن. پێکهاتەی گێڕانەوەی "باڵندەکانی دەم با" لە هەندێ شوێن، بە هەندەسەیەکی وەها دارێژراوە کە خوێنەر بۆی هەیە پەی بە زیاتر لە یەک کاربردی دەلالیەتی ڕستەکان ببات. دیارە ئەم تایبەتمەندییە جگە لە پرسی فرە مانایی و فرە ڕوانین کە ڕۆمانی پێ دەوڵەمەند دەکات لایەنێکی دیکەشی لێ بەرهەم دێت کە هەمان "نەبوونی قەتعییەت" بێت لە ڕەگەزی مانا و چەمکی ڕۆماندا. ئاشکرایە خەسڵەتی "نەبوونی قەتعییەت"یش لە ڕۆماندا ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت دەقی ڕۆمانەکە لە پشت بەستن بە تاقە یەک سەرچاوەی مەعریفی و مانایی خۆ بپارێزێت، یان لانیکەم لە ڕێگای کۆمەڵێک تەمهیدی گێڕانەوەییەوە ڕێگا بۆ ئەم خۆپاراستنە خۆش بکات، کارێک کە لەم نموونانەی "باڵندەکانی دەم با"دا دەبینرێ:

g- «.. چەند مانگ بوو بیری لە نووسینی چیرۆکێکی تازە دەکردەوە. تەنانەت بەرلەوە بگەڕێتەوە، بەر لەوەش لەبیری نووسینی چیرۆکێکی تردابوو. چیرۆکی فەرهاد؟ هێشتا دڵنیا نەبوو، نە لە من، نە لە فەرهاد، نە لە کەسانی تری چیرۆکەکەی (بەشی ١) نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانە کەلە ناویاندای و لە ناویاندا دەژی کارێکی دژوارە. هەمیشە دوژار بووە، بەتایبەت ئەو کەسانە کە دەترسن و لە ترسا لەماڵەوە، لە ژوورەکەیان دەخزێن و دەرکە لە کەس ناکەنەوە.. (بەشی ٢).

لە بەشی ١ ڕستەی "هێشتا دڵنیا نەبوو" دوو کاربردی دەبێت: ١- هێشتا دڵنیا نەبوو ئایا بەرلەوە بیری لە نووسینی چیرۆکی فەرهاد کردووە یان کەسێکی تر؟ ٢- هێشتا دڵنیا و ئەرخەیان نەبوو نە لە من و نە لە فەرهاد و نە لە کەسانی تری چیرۆکەکە. بەشی ٢ی نموونەی g دیسان هەڵگری دوو کار بووە: ١- نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانە کە دەترسن و... دەرکە لە کەس ناکەنەوە هەمیشە دژوار بووە. ٢- نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانەی کە لە ناویاندای.. هەمیشە دژوار بووە. بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە دەترسن و... دەرکە لەکەس ناکەنەوە.

ئەم کاربردەی دووهەم بەتایبەت ئەو کاتەی ڕێی تێدەچێ ڕاست بێ کە پاشماوەی ڕستەکانی سەرەوە بخوێنینەوە:

"من گوتبووم، "تەنانەت لە خۆشیان.. کەی ئەوەم گوتبوو کە ئەو تووڕە ببوو. هەڵچووبوو؟ گوتبووی "بەڵێ منیش دەترسم منیش ترسنۆکم. هەموومان ترسنۆکین.." ئەوسا من پێکەنیبووم؟.."

دیارە لێرەدا "ئەو" واتە چیرۆکنووسی نێودەقی ڕۆمانەکە- باسی ترسی خۆی دەکات، ئەو کەسەی دەیەوێ چیرۆکی فەرهاد بنووسێت.

h- "گوتبووی: « ئەگەر بمزانیایە فەرهاد وەها پیاوێکە هەرگیز بڕیاری نووسینی چیرۆکەکەیم نەدەدا." بە ڕق و تووڕەییەوە گوتبووی. گوتبووی: «تۆ دەبوو بە منت بگوتایە ئەو بیرەوەرییە پچڕ پچڕ و پارچەپارچانە کە لە زەینی مندا کەڵەکە بوون، بەشێک لە ڕابوردووی پیاوێکن کە خۆی فەرامۆش کردووە. دەبوو لەیەکەم ڕۆژ بە منت بگوتایە.."

ڕۆماننووس ڕستەی "بە ڕق و تووڕەییەوە گوتبووی" وەها گێڕاوەتەوە کە خوێنەر ناتوانێ لێرەدا بەشێوەیەکی قەتعی بڕیاری ئەوە بدات کە ئایا قورسایی ڕق و تووڕەیی ئەو دەگەڕێتەوە سەر بڕیاری نووسینی چیرۆکی فەرهاد یان بۆ سەر ئەو ڕاستییەی کە هەقیقەتی ڕابردووی فەرهادیان بۆ ڕوون نەکردۆتەوە، یان بۆ سەر هەرتک بابەتەکە، کاربردی سێ لایەنەی ئەم ڕستەیە ڕێگا بۆ سێ جۆر خوێندنەوەی ئەم پاژە لە ڕۆمانەکە خۆش دەکات.

٤-٤ - گێڕانەوەی هەڵە هەڵگر: گێڕانەوەی سوننەتی ئەوەندەی گێڕانەوەیەکە لەسەر هێڵێکی ڕاستەوخۆی بێ پێچ و پەنا، ئەوەندەش گێڕانەوەیەکە لەسەر هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگری بێ هەڵە و پەڵە، لە گێڕانەوەی سوننەتیدا نە هەڵەیەکی گێڕانەوەیی دەبینرێت نە گێڕانەوەیەکی بە هەڵە ساغ دەکرێتەوە، کەچی گێڕانەوەی پۆست مۆدێرنیستی گێڕانەوەیەکی هەڵە هەڵگرە، بەو مانایە هەم

هەندێ جار هەڵگری هەڵەیە، هەمیش ئەگەر هەڵەیەک ڕوویدابێت ئەوە هەوڵ دەدرێت هەڵەکە هەڵگیرێت و ساغ بکرێتەوە. ئەگەر دەقی پۆست مۆدێرن باوەڕی بە حەقیقەتی تاک ڕەهەندی و تاک ڕەهەندی بوونی حەقیقەت نییە، کەوایە ناشتوانێت باوەڕی بە ئەگەری هەڵە هەڵگربوونی گێڕانەوە نەبێت، وەک چۆن لە جیهانی زانست و فەلسەفەدا سەردەمی کەڵەتیۆری بەسەرچوو، لە جیهانی ڕۆمانیشدا چیتر کەڵە گێڕانەوە و گێڕانەوەی بێ هەڵە باوی نەماوە. لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستیدا تەنانەت بگێڕەوەی هەموو شت زانیش بۆی نییە لە گۆشەنیگای خوایەکی بالادەستەوە قسان بکات. گەورەترین گەمەیەک کە دەقی پۆست مۆدێرن بەدەسەلاتی دەکات ئەوەیە کە دەسەلات لە مانا و چەمکی پیرۆزی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، لەو گەهەرە بەناو پیرۆز و پاکەی دادەماڵێت کە پێشتر وەک داردەستێک بۆ داسەپاندنی دەنگی خۆی و تەنیا دەنگی خۆی بەکاری دێنا، گێڕانەوەی "باڵندەکانی دەم با" گێڕانەوەیەکە دان بە هەڵەی کەسایەتییەکاندا دەنێ و تەنانەت حاشا لە هەڵەکانی خۆشی ناکات و لە هەمانکاتیشدا هەوڵ دەدات بە هەڵەکانیدا بچێتەوە و ساغیان کاتەوە. لە "باڵندەکانی دەم با"دا گێڕانەوە ناتوانێت و پێویست ناکات دروست و کامڵ بێت، تەنانەت لە سۆنگەی ئەوە دەقێکی پۆست مودێرنیستی لەم چەشنە پێی وانییە دیاردەی دروست و کامڵ بە مانای ڕەها و موتڵەقی خۆی بوونی هەبێت، کەوایە وردە گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانە زۆر ئاسایی هەڵە دەکەن، و ڕاستیشی دەکەنەوە، هەرچەندە دیسان ڕاست بوونی ئەم ڕاستکردنەوەیەش خۆی دەستەبەر ناکرێت.

i- «گوتبووی: "پێموابێ تۆ نەڕۆشتبووی کە دیوەخانەکەمان تێکدا، و هۆڵ و ئاشپەزخانە و حەمامان لێ سازکرد. بارام بە هەڵە چووبوو، دوا ڕۆیشتنی ئەو دیوەخانەکەیان تێکدابوو تێکیان نەدابوو، لایەکیان بۆ ئاشپەزخانە و حەمام لێ بڕدابوو.."

لە نموونەی i دا دوو جۆر هەڵەی گێڕانەوەیی دەبینرێت، هەڵەی کەسایەتی، واتە بارام کە بگێڕەوە بەشێکی بۆ ڕاست دەکاتەوە و لە بەشێکیش دا خودی بگێڕەوەش تووشی هەڵە دەبێت کە هەمدیسان هەر خۆی ئەم هەڵەیەش ساغ دەکاتەوە. گێڕانەوەی هەڵە هەڵگر دیسان بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەسڵی نەبوونی قەتعیەتی حەقیقەتی گێڕانەوەکان دەسەلمێنێ.

٤-٥ گێڕانەوە لە نێوگێڕانەوەدا: لە "باڵندەکانی دەم با"دا دەسەلاتی بگێڕەوەی سەرەکی - واتە یەکەم کەسی تاک- بەسەر دوو جۆر وردە گێڕانەوەدا دابەش کراوە تا خوێنەر بۆی هەبێت گوێی لە دوو دەنگی ڕۆمانەکە بێت:

گێڕانەوەی یەکەم ـــــ بگێڕەوە "من" ـــــ پاڵەوان "میهرەبان" ـــــ جۆری گێڕانەوە: گوتاری

گێڕانەوەی دووەم ـــــ بگێڕەوە "میهرەبان" ـــــ پاڵەوان "فەرهاد" ـــــ جۆری گێڕانەوە: نڤیساری

خاڵی سەرنجراکێش لەم شێوە دابەشکردنەدا لەوەدایە کە ڕۆماننووس لە ڕێگای تەمهیدی داستانی گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوەدا کارێکی کردووە ئەم دوو شێوە گێڕانەوەیە نەچنە خانەی دوانە لێکدژی کەڵەگێڕانەوە/ وردە گێڕانەوەدا و خوێنەر ڕووبەڕووی جۆرە خوێندنەوەیەکی بەهادارانە بکەن. بۆ نموونە "میهرەبان" بەشێک لە زانیارییەکانی ژیانی فەرهاد لە زمان بگێڕەوەی سەرەکی واتە "من" وەردەگرێت و وانییە بڵێین وەک بگێڕەوەیەکی هەموو شت زان چیرۆکی فەرهاد دەگێڕێتەوە:

j- "... گوتی "تابلۆکە چی بەسەرهات؟ ئەو کاتە من لەسەر یەکێک لە مۆبڵەکان دانیشتبووم. گوتم: "هەرگیز پێی تەواو نەکرا. تا نیسکە هۆشێکی مابوو سەرئێشە و سەرەگێژە نەیانهێشت..."

لەهەمانکاتدا "من"یش هیچ کات وەک بگێڕەوەیەکی هەموو شت زانی ڕەها چیرۆکی "میهرەبان" ناگێڕێتەوە و زۆر جار ڕێگای ئەوەی پێدەدا سەربەخۆیی کەسایەتی خۆی بپارێزێت:

k- "... من پێم نەدەکرا ئەو بۆ هەر کوێ دەچوو شوێنی کەوم، بە پێویستیشم نەدەزانی. ئەویش پێی خۆش نەبوو. کەسی هیچ چیرۆکێک پێی خۆش نییە، بۆ هەر کوێ دەچێ، نووسەرەکەی شوێنی کەوێ. تەنانەت ڕەنگە فەرهادیش کە کەسی چیرۆکەکەی ئەو بوو. بەڵام ئەو هێشتا فەرهادی نەدیبوو. من هێشتا فەرهادم پێ نەناساندبوو.." لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستیدا گێڕانەوە کەرەسەیەک نییە بۆ زاڵکردنی دەنگی بگێڕەوە بەسەر دەنگەکانی دەرەوەی خۆیدا، گێڕانەوە پیرۆزی و سەروەری نادات بە تاقە دەنگێک و تاقە بیرۆکەیەک. لە ڕۆمانی پۆست مۆدێرندا گێڕانەوەش تەنانەت لە پێناوی تێکشکاندنی دەسەلاتی باوە، دەسەلاتی تاک دەنگی بگێڕەوەی هەموو شت زان. لە "باڵندەکانی دەم با"دا وەک چۆن خوێنەر ناتوانێت بە سانایی دوا بڕیاری ئەوە بدات کە ئایا "من" و "میهرەبان" و "فەرهاد" سێ کەسی جیاوازن یان سێ ڕووبەری کەسایەتی تاقە یەک کەسن، ناشتوانێ بە دڵنیاییەوە بڵێت دەنگی کام بگێڕەوە

دەنگی زاڵە لە نێو دەقی تانوپۆی ئەم کۆمەڵە گێڕانەوە لەنێو گێڕانەوەیەدا:

L- "بەرلەوەش لە بیری نووسینی چیرۆکێکی تردا بوو، چیرۆکی فەرهاد؟ هێشتا دڵنیا نەبوو، نە لەمن و، نە لە فەرهاد و نە لە کەسەکانی تری چیرۆکەکەی..."

باشە ئایا بە شاهیدی نموونە L بۆمان نییە بڵێین "من" بۆخۆشی یەکێک لە کەسەکانی چیرۆکەکەی "میهرەبان"ە؟! بە وتەیەکی دیکە لەم ڕۆژانەدا هیچ کەسێک هەتا سەر پاڵەوانی تاقە بگێڕەوەیەک نییە، هیچ بگێڕەوەیەکیش هەتا سەر ژیانی تاقە پاڵەوانێکی دەستنیشانکراو ناگێڕێتەوە:

m- "فەرهاد دەستە باریک و ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئالاند و سەری بە ملیەوە بۆ سەر شانی شۆڕ بووەوە.. دەتگوت تەرمی مۆمیایی پیاوێکە دوا هەزار ساڵ لە ژێر خاک دەرهاتبێ و لە بەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەیەکی بچووکدا..."

n- " ئەوسا سەرم بەرز کردەوە، ئەو لە ژوورەکەدا نەمابوو. من تەنیا بووم تەنیا لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و دەستە باریک و ئێسکنەکانم لە دەوری ئەژنۆم ئالاندبوو.."

ئایا، بەپێی نموونەی m و n فەرهاد کە کەسی چیرۆکی "میهرەبان"ە دواجار هەمان "من" نییە کە خۆی بگێڕەوەی چیرۆکی "میهرەبان"ە؟ "لە باڵندەکانی دەم با"دا تەمهیدی گێڕانەوە لە نێو گێڕانەوەدا تەنیا بۆ ئەوە بەکار نەهاتووە کە بە شێوەیەکی کلێشەیی یەکێک لە مەرجەکانی ڕۆمانی پۆست مۆدێرنیستی ڕەچاو بکرێت، بەڵکو لەو سۆنگەیەوە لە نێو تانوپۆی ڕۆمانەکەدا تواوەتەوە کە سروشتی کەسایەتی و فەزا و گرێچنی ڕۆمانەکە ئەم تەمهیدە دەخوازێت. لێرەدایە کە دەکرێت بڵێین ڕۆمان ئەوەندەی کە بۆی نییە بەبێ کەسایەتی ببێتە ڕۆمان، ئەوەندەش بەبێ تەمهید و تەکنیکی داستانی ناشێت ببێت بە ڕۆمان.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- نظریەی رمان. رمان پست مدرنیستی، دیوید لاج ترجمەی حسین پاینده، نشر نظر، ١٣٧٤ ص٢٠٠ .

٢- نقل قول از رامون فرناندز، مجموعە مقالات "پیامها" از کتاب: ساخت رمان، ادوین میور، ترجمەی فریدون بدرەای، انتشارات علمی و فرهنگی ١٣٧٣ ص ٨٧-٨

٣- سەرچاوەی یەکەم، ص ١٥٤ .

# كەرنەڤاڵی بەفر، جەنگە جوانەكانی شیعر

## خوێندنەوەی شیعری «شەڕێک شیرنتر لە ئاشتی»ی قوبادی جەلی زادە

ئەكرەم میهرداد
(سلێمانی)

لەبەر ئەوەی شیعر دەتوانێ شۆڕشێک لە هەستیاریمان بەرپا بکات، یان هۆیەک بێت بۆ شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان، کە هەمیشە لە ڕەوشی سازبووندان هەر بەو پێیەش دەتوانێ ژیان، یان بەشێک لە بوونمان سەرلەنوێ پەیدا بکاتەوە. شیعر بە شێنەیی، یان بە پڕتاو دەتوانێ دڵیان لە هەستی قووڵمان ئاگادار بکاتەوە، ئەو هەستە بێ ناوانەی کە گەوهەری بوونی ئێمە پێک دەهێنن، گەوهەرێک کە بەدەگمەن دەتوانین بریندار بکەین، یان ڕەخنەی لێ بگرین، چونکە ژیانی ئێمە لە ناچاری پەیوەست بوون، یان پابەندبوون بە جیهانی بەڵگەدار و بینراو ڕزگار دەکات (ت.س. ئیلیەت).(١)

ئەمجارەیان قوبادی جەلی زادە، بە زمانی ڕووت و سادە و خاوەنی وێنای ئاشکرا و هونەرمەندانە لە هەستە شاعیرییەکانی خۆیەوە دەمانباتە نێو مانای جوان و خەباتکارانەی شیعر و بەرەو جیهانی بەفر و سروشت و هێندەی سپێتی لەگەڵمان دێت بۆ نەخشاندنی تابلۆ جوانەکانی بەفر. پاشان بە هەستی شیعری و کارامەیی وێناجوانەکانی ئاشنامان دەکات بە کەشە بزێو و زیندووەکانی بەفر و لە ستایشی ئەو سروشتە جوانەدا ڕەهەندەکانی دۆزینەوە و خەیاڵدان بەدی دەکات و ڕاستییەکی سەروو واقیع و لۆجیک، لە ئێستا و ئێرەدا بەیان دەکات. شیعری قوباد لە ستایشی بەفردا (سروشت) هونەرێکی هەڵقوڵاوە لە دەروونی پڕ ئەزموونی شاعیرانە و بە وتەی (ویلیام وردزوۆرس) شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی: شیعر جۆشانی بێدەسەڵاتی هەستە بەهێزەکانە.(٢)

هونەر دەبێتە جیلوەی غەریزەی ئەفرێنەری مرۆڤ بۆ ئەوەی کە ئەو کەمایەسییەی لەم جیهانەدا هەستی پێدەکات، پڕی بکاتەوە و سەرەنجام سروشت لەلای شیعر، یان هونەر، نەک تەنیا تابلۆ و پەیڤی هەیە، بەڵکو خاوەن گیانێکی زیندووشە. بەم شێوەیە قوباد لە وەسف و وێنا و ستایشی بەفردا دەمانکاتە خاوەن گیانێکی پڕ لە تابلۆ و پەیڤ و خەبات.

بۆ ئەوەی بتوانم باشتر مەبەستی خۆم لە خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا دەربڕم، سەرەتا دەبێت خودی ئەم پێشەکییە باشتر بەیان بکەم و خوێنەر ئاگادار بکەمەوە لەم هەموو بە شان و باڵ هەڵدانەدا. من لە پێشدا باسی بەرپاکردنی شۆڕشێک لە هەستیاریم کرد بۆ شکاندنی شێوە باوەکانی زانین و بەهادان کە هەموو ڕۆژێک پێیان ئاشنا دەبین، ناونیشانی شیعرەکە دەبێتە سەرەتایەکی زۆر باش بۆ سەلماندنی بەرپاکردنی گۆڕان لە هەستیاریمان. (شەڕێک شیرنتر لە ئاشتی) هەر لە یەکەم ساتەوە پێمان دەڵێ کە ئاشتییەک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پەیدا نابێ و


قوبادی جەلی زادە

خەڵکیش ساڵیانی ساڵە چاوەڕوانی ئەو ئاشتییە نەبووەن، چاکتر وایە شەڕێک بکەین کە شیرنتر بێت لە ئاشتی، بەڵام ئەمجارەیان شەڕ نییە بە چەک، پارە و دەسەڵات، بەڵکو دەبێتە جوانترین جەنگەکانی شیعر بەهۆی تابلۆ ڕەنگینەکانی بەفرەوە. ئەوەی لە زانین و بەهاکانی تا ئێستاماندا باوە ئەوەیە کە شەڕ و ئاشتی لەلایەن خودی دەسەڵاتدارانەوە بەسەر خەڵکدا سەپاوە. کە جەنگیش بەرپا دەبێ بەهۆی چەک و پارە و دەسەڵاتەوە دەبێ و هەر بۆ خاتری ئەو شتانەش جەنگ بەرێ دەخرێ، بەڵام بەهۆی هونەر و شیعرەوە دەتوانین ئەو شێوە باوانەی زانین و بوون، کە هەمیشە بەسەرماندا سەپاون، بشکێنین و هەر بەو پێیەش ژیان، یان بەشێک لە بوونمان سەرلەنوێ سازبدەینەوە. خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگ و هەستیارە و شاعیریش زۆرباش وێنا و مانای کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئایا دەتوانین بە کەرەسە سادەکان و ژیان و هەستە شیعرییەکان جەنگێکی شیرنتر (لە ئاشتی نەبوو!) بەرپابکەین؟ ئایا دەبێ دوور لە چەک، لە پارە و دەسەڵات، خەباتێکی نوێ و هونەرمەندانە ئافەرین بکەین؟ پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە، کە بێگومان قوباد بەو شیعرە جوانە زۆر چاک وەڵامی داونەتەوە، دەمەوێ دوو نموونە لە ئەدەب و فیکری جیهانی باس بکەم بۆ ئەوەی زیاتر ئەو وێناجوانە بۆ خەبات مانادار بکەم. (بوزورگی عەلەوی) نووسەری گەورەی ئێرانی لە ڕۆمانی (چاوەکانی)دا پێمان دەڵێ: دیکتاتۆری کە هۆکاری دەستی دەسەڵاتە ملهوڕەکانە، خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە ڕێگای قوربانیدانی قارەمانەکان، ئەدەب و هونەر و فیکر کە چەکی نوخبە و کەسانی هەڵکەوتووە و سەرئەنجام عەشق و خۆشەویستی کە بەشێکە لە هەستی هەڵقوڵاوی هەموان، ئەگەرچی ئەو کەسە عاشق و ئەویندارانەش کەسانی زۆر سادە بن. سەرەنجام لە ڕوانگەی عەشقی (فەرەنگیس)ی زۆر سادە و سەرنەکەوتوو لە هونەر و خەباتدا، سێ لایەنەکەی دیکەی دیکتاتۆری (شای ئێران)، خەبات و تێکۆشانی سیاسی قارەمانە گەورە و ناودارەکان و هونەر و فیکری (ماکان)ی نوخبە و تێکۆشەر دادگایی دەکات و هەموو ئەوانە هەریەکە لەبەر هۆیەک و لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە زوڵم لە عەشقە سادە و هەستە جوانەکانی فەرەنگیسی عاشق و بریندار دەکەن، بەڵام فەرەنگیس تا دوایی قوربانی دەدات و تەنانەت جوانی و جەستە شەنگەکەشی دەکاتە پێناوی (ماکان)ی ئەڤینداری، بوزورگی عەلەوی لەم ڕۆمانەدا پێمان دەڵێ مەرج نییە ئێمە خاوەنی دەسەڵات و لایەنە دیار و بەهێزەکانی ژیان بین بۆ خەبات کردن، بەڵکو ئێمە بە بوون و هەستە سادەکانیشەوە تێکۆشەر و جەنگاوەر بین، کە نموونەکەی هەست و ئەوینی قوربانیدەری فەرەنگیسە.

(جولیا کریستیڤا) ژنە نووسەری ناوداری فێمینیزم، دەڵێ ئەگەر ئافرەت جگە لە جەستەی خۆی شتێکی دیکەی نەبێ، دەتوانێ ئەو جەستەیە بکاتە سەنگەرێک بۆ خەبات و بەرخۆدان و داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییەکانی. لە کاتێکدا کە پیاوانی دەسەڵاتدار هەموو لایەنە گشتی و ڕەسمییەکانی ژیانیان داگیرکردووە، بەڵام خۆ ناتوانن تەواوی بوون، دەروون و جەستەی ژنان داگیر بکەن! ئافرەتان تەنانەت دەتوانن بەهۆی جەستەیانەوە سەرەتای خەباتی داکۆکی کردن لە خۆیان دەست پێ بکەن. ڕوانگەی (بوزورگی عەلەوی) و (جولیا کریستیڤا) بە بڕوای من ڕوانگەیەکی زۆر ڕادیکاڵ و ئەوپەڕی شۆڕشگێڕییە، چونکە لە سادەیی و شتە سادەکانی ژیانەوە دەتوانین خەبات و تێکۆشان و جەنگی شیرین بەرپا بکەین، لەکاتێکدا کە بەم شێوەیە بیردەکەینەوە و بەم جۆرە خەڵک هان دەدەین بۆ خەبات،

مانای وایە لە پانتاییەکی زۆر فراوانتر و جەماوەریتردا پرسی تێکۆشان دەخەینە ڕوو، کەسانی زیاتر خودان دەبن لە ماناکانی بەرگری کردن لە ماف و ئازادییەکانیان.

لەم شیعرەدا قوباد بە پەیڤ، وێنا و شێوە تایبەتییەکانی خۆی لە سرووداندنی شیعردا پێمان دەڵێ کە دەتوانین بە شتە زۆر سادەکان جەنگی شیرین و ڕەوا بەرپا بکەین، تەنانەت ئەگەر ئەو هۆکارانەی جەنگ خودی سروشت، یان هەستە سادەکانی ژیانیش بێت. پاشان هەر لە ڕوانگەی سادەیی ژیان و هەستی ناخمانەوە پەلمان دەگرێت و یەکە یەکە دەمانبات بۆ (کۆنەکە) و لەوێ کەوشی کۆنەی زستانی، گۆرەوی بەن و پاڵتۆی خوری و ملپێچی نەرممان بۆ دەکڕێ و بەرەو شاخی ئەزمڕمان دەبات. هەر لەسەرەتاوە لە هەستەکانی لاواز و هەژارەکانەوە بە بەفر ئاشنامان دەکات و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە، یان لەگەڵ ئەوان دەمانباتە لووتکەی ئەزمڕی بەفراوی و ئەمجارەیان لە بەفری ئەزمڕدا، وەکو جاران تەنیا پێشمەرگە (قارەمان) و سەرباز (دەسەڵات) نابینرێ، بەڵکو کوڕ و کچە ئەویندار و لاوەکان کە بە بەرگی کۆنە، خۆیان پۆشیوە ئەزمڕ دەکەنە مەیدانی جەنگی شیرین و چیدیکە چاوەڕوانی ئاشتی پەیدانەبووی قارەمانە درۆزنەکان نابن، چیدیکە چاوەڕوان نابین!

ئەوکاتەی شاعیرێک، هونەرمەندێک، یان بیریارێک دەیەوێ کە ڕەنگ و ڕووی ئەفراندن بە سادەیی و سروشتی ژیان ببەخشێت و خەڵکانی لاواز و پەراوێزیش، کە خۆیان بەشێکن لە سادەیی و سروشتی بوون، دەکەنە خاوەن هەستی داهێنەر و لە هەڵوێستی خەبات و گشتیدا بەشداری دەکەن. پاشان هەر ئەو شاعیر و هونەرمەندانە پێمان دەڵێن، ئەگەر دەسەڵاتداران، قارەمانەکان و سەپێنراوەکان هەموو شتیان زەوت کردبێ، بەڵام خۆ ناتوانن سادەییمان داگیر بکەن، (ئەگەرچی زۆرجار ناهێڵن لەو سادەییە بەهرەمەند بین و هەستی ساکاری مرۆڤانەمان بریندار دەکەن!) و دەروونمان کۆنترۆڵ بکەن، ئێمەش هەر تەنیا ئەو سەنگەرانەمان هەبێ، بە یارمەتی ئەو داهێنەرانە دەچینە هەڵوێستی ئەفرێنەر و دەبینە خاوەنی هەلومەرجێکی باشتر و ڕەنگ و ڕوویەکی سەروو واقعی سەپێنراو و لۆجیکی دەسەڵاتدار دەدەین بە ژیانی خۆمان، لەم بارەیەوە پاولۆ کۆیلۆی ڕۆمانووسی بەرازیلی دەڵێ: ئاگادار بن، هیچ لەوە گرنگتر نییە کە ڕەنگ و ڕووی داهێنەرانە بە سادەیی ژیان ببەخشین.

داهێنەرانی لە نموونەی قوباد، وێڕای ئەوەی لە شتە سادەکان، دنیایەک جوانی و خەبات دەنەخشێنن، سەرەڕای ئەوەی لاواز و پەراوێزەکان دەکەنە خاوەنی دید و هۆکاری ڕەخنەیی و جوانکاری، هەر لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە تایبەتمەندی بۆ خۆیان دەپارێزن و بەرائەتێکی شیعری، یان جوانکاری بۆ ئێمەش بەیان دەکەن. قوباد دەیەوێ جۆرێک لە باوەڕ، جوانکاری و ڕەخنە بۆ خۆی ئاشکرا بکات و بانگەوازی ئەوەش ناکات کە شێوەیەکی باو و هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گشتی دەسازێنێ، بەڵکو پێمان دەڵێ (دیارە بەزمانی شیعری و ئیستێتیکی) من بەمجۆرە خەبات دەکەم و بەو شێوەیەش ڕەخنە دەگرم و خۆم لە شێوە باوەکانی نەریتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوور خستۆتەوە و تەنانەت لە ڕەوشە باوەکانی ئەدەب و هونەری کوردیش دوورە و سەرئەنجام دەبێتە خاوەنی جۆرێکی تایبەتی لە وتار.

### پەیڤی شیعر لە فەزای تێکستدا

دیاریکردنی جێگای تایبەتی پەیڤی ئەدەبی وەکو بەڵگەیەک بۆ هێما جیاوازەکانی هۆشمەندی لەناو ژانر، یان دەقە جیاوازەکاندا، بەرهەمێکی شاعیرانەیە لە تەوەری هەستیاری زانستی مرۆڤایەتی هاوچەرخ، کە لە یەکانگیربوونی زمان (وەکو ڕووی ڕاستەقینەی ئەندێشە) لەگەڵ فەزادا (کەشێک کە لە دەلالەتی ئەودا و لە ڕێگای کۆمەڵێک لە جیاوازییەکانی خۆی بەیان دەکات) پەیدا دەبێت (جولیا کریستیفا). (٣)

فەزای شیعری (شەڕێک شیرنتر لە ئاشتی) فەزایەکی بێلایەن و سپی و پاک و بێگەردە کە (بەفرە) و لە وێدا زنجیرەیەک لە جیاوازییەکان، لە تابلۆکان و لە جەنگە جیاوازەکانی شیعر خۆیان بەیان دەکەن. بە بڕوای من قوباد زۆر چاکی کردووە کە کەشێکی ئاوا بێلایەن (Neutral)ی هەڵبژاردووە تا لەوێدا بەهۆی زمانی ڕووت و سادەوە، کە زمانێکی لایەنگر و بارگە کراو نییە بە مانا پێشوەختەکان، ئەندێشەی خۆی بەیان بکات و ئەو هەموو وێنا جوانانەش لە مانای بەفردا نەخشێن بکات. بۆ چاکتر ڕۆشن کردنەوەی فەزای شیعری لە کارکردی شیعردا، سەرەتا دەبێ ئاستەکانی فەزای دەق بناسین کە کۆمەڵێک مانا و ڕەهەندی شاعیرانە لەو کەشەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن، کە ئەوانیش: نووسەر (بکەر)، خوێنەر و زەمینەی شیعرییە. کە ئەمانەش، یان بەشێوەی ئاسایی کاریگەری خۆیان دەبێ (واتە پەیڤی شیعری ناو دەق هەم لەگەڵ نووسەردا، یان لەگەڵ

خوێنەردا ئاوێزان دەبێ)، یان بەشێوەی ستوونی پێناسە دەکرێ، کە (پەیڤ لەناو دەقدا دەیەوێت شێوەیەک لە ڕوخساری ئەدەبی، یان زمانی شیعری ئاراستە بکات).(٤)

بەمجۆرە تێکست دەبێ بە نێوانکاری چەند تێکستێ و چەند هۆش و ئەزموونێک و زمانی شاعیرانەش بەلایەنی کەمەوە خوێندنەوەیەکی فرە و زیاتر باس دەکات. پەیڤی ئەدەبی لە ڕێگای هەر سێ ئاستی (نووسەر، خوێنەر، زەمینە) دەبێتە کۆمەڵێک پێکهاتەی پەیڤ و مانایی، یان وەکو کۆمەڵێک لە فرەیی خۆی دەبینێ و سەرئەنجام زمانی شاعیرانە لە فەزای دەروونی دەق، یان تێکستەکاندا دەبێتە زمانێکی فرە ڕەهەند و فرە لایەن.

قوباد هەر لەسەرەتای شیعرەکەوە هەموو ئەم شتانەمان بە ناڕاستەوخۆ و بە دەلالەتی شیعر پێدەڵێت و بەمجۆرە کردنی (بەفر) بە فەزای شیعری وەکو ڕەمزێک بۆ بێلایەنی، بێڕەنگی و ڕەنگدانەوەی هەموو ڕەنگەکان تێیدا، بەکارهێنانی زمانێکی شیعری ڕووت و سادە، دەربڕینی ئەندێشەیەکی زۆر ڕۆشن، بەڵام شاعیرانە و ڕەخنەگرانە، نەخشاندنی تێکست و تابلۆی جیاواز و تەنانەت ناکۆک لەگەڵ یەکدی بۆ گەیاندنی ماناکانی دیکەی پەیامی ئەدەبی و سەرەنجام گوێزانەوەی پەیڤ و وێنای شیعری بۆ نێوانکاری تێکستەکان و بەکارهێنانی زمانی شیعری فرە ڕەهەند و فرە لایەن. خۆشبەختانە پێویست ناکات کە من هەر یەکێک لە تابلۆکان و دەقەکانی شیعری بەفر باس بکەم، چونکە ئەو زۆر بە ڕۆشنی و ئارامی پەیامە گرنگەکانی خۆی لە تابلۆ و دەقەکاندا ئاراستە کردووە.

جولیا کریستیفا لە کتێبی (پەیڤ، ئاخاوتن، ڕۆمان)دا زاراوەی (نێوان تێکستی)، یان (پەیڤی خاوەن چەند بیر و ئاواز) باس دەکات و دەڵێ: میکائیل باختین، نووسەر و لێکۆڵەری فۆرمالیستی ڕووس هەر لە سەرەتای کاریەوە لە جیاتی جێگیرکردنی بەشەکانی تێکست (یان سەپاندنی دەقێکی دیاریکراو بەسەر ئەوانی دیکەدا) نموونەیەک دەخاتە ڕوو کە لەوێدا پێکهاتەی ئەدەبی لە خودی خۆیدا (بوونی نییە) بەڵکو بە پێوەندی و پشتیوانی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا ڕوو دەدات. ئەوەی کە ڕەهەندی جووڵاو، یان گۆڕاو بە تێکست دەبەخشێ لەم وتەیەی باختیندا چاکتر بەیان دەبێ، کە دەڵێ: بەرهەمی ئەدەبی وەکو یەکانگیربوونی ئاستەکانی تێکست، نەک یەک ڕوانگە، یان یەک مانای جێگیر، بەڵکو وەکو گفتوگۆی نێوان فرەیی ئاستەکانی نووسەر، خوێنەر (یان کەسایەتی دیکە) و زەمینەکانی ئێستا و پێشینە، لە ڕاستیدا قوباد هەموو ئەمانەی زۆر چاک لەو شیعرەدا پەیڤ و مانا کردووە.

باختین، بە ناساندنی (ڕۆڵی تێکست) (قوبادیش بە نووسینی دەقێکی شیعری) وەک بەشێکی کەمینە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، تێکست دەخاتە ناو چوارچێوەی کۆمەڵ و مێژوو. کۆمەڵ و مێژوویەک کە لەم ڕووەوە خۆشیان دەبنە چەند دەقێک (لەلای قوباد چەند تابلۆیەک لە بەفر) کە لەلایەن نووسەرەوە دەخوێنرێتەوە و نووسەر بەسەرلەنوێ نووسینەوەی ئەم تێکستانە (کۆمەڵ و مێژوو) نەخشی خۆی دەبینێ لەلای نووسەر، یان شاعیر بونیادێک دەبێتە چەند بونیاد و کات دەبێتە فرە کات و لەم ئاڵوگۆڕەدا لە مێژووی نەریتی، یان تاک ڕەهەند، یان مێژووی دابڕاو فرەتر دەڕۆین و دەربازبوون لەم تاک ڕەهەندی و تاک مانایەی کۆمەڵ و مێژوو، بەهۆی نووسینەوە، یان شیعرەوە ڕوودەدات(٥). دیسان پێویست ناکات هەر یەکێک لەو مانا و ڕەهەندە جیاوازانەی شیعرەکە باس بکەم، چونکە قوباد لەم شیعرەدا لە کۆمەڵ و مێژووی سەپاو ڕزگارمان دەکات و دەمانباتە لای پەراوێز کراوەکان، لای شاعیرەکان، لای کیژ و کوڕە ئەویندارەکانی زانکۆ، لای پێشمەرگەی دێرینیماڵی سارد و سڕ وەک بەفر، لای مەیخۆرە بەفر پەرستەکان... تاد. بە کۆمەڵگا و مێژوویەکی دیکە ئاشنامان دەکات و لە ڕوانگەی نەرێتی و سەپاوی تا ئێستای کۆمەڵگای مێژوویی خۆمان ڕزگارمان دەکات و ئەمجارەیان لە ڕوانگەی ئەوانەوە باسی بەفر و جەنگەکانی بەفر و ئایدیاکانی شیعرمان بۆ بەفر دەکات.

بەم شێوەیە پەیڤی شاعیرانە دەبێتە پەیڤی چەند ئاواز و چەند لایەن و چەند توانا و پشت بە لۆجیکێ دەبەستێ کە لە مەنتیقی گفتوگۆی هێماگەری فراوانتر دەبێ و لە بەرانبەر فەرهەنگی ڕەسمی و باودا بوونی خۆی دەسەلمێنێ. بۆ چاکتر ناسینی ئەم مەنتیقە فرە ئاواز و فرە ڕەهەندە جارێکی دیکە دەچینە لای میکائیل باختین و ئەو یەکەم کەس بوو ئەمەی ناسی و لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا ناوی دەنێ (کەرنەڤاڵ) و وتاری کەرنەڤاڵی لە یاساکانی ڕێزمان و ماناناسی و نەریتی کۆن فراوانتر دەڕوا و لە هەمان کاتدا ناڕەزایی کۆمەڵایەتی و سیاسیش ئافەرین دەکات. گرنگترین تایبەتمەندی کەرنەڤاڵ خەندەیە، بەڵام خەندەی کەرنەڤاڵی خەندەیەکی چەند لایەن و چەند ئاواز و چەند کەسایەتی و

هەلومەرجی تێدایە. لەلای باختین مەنتیقی کەرنەڤاڵی خەندەوار لۆجیکی درۆ و ڕاستی نییە (واتە مەنتیقی چەندایەتی و چۆنایەتی زانست و فەرهەنگی باو) بەڵکو دیدگـــایەکی چۆنایەتی وایە کـــە لەوێدا یاریزان تەماشاکەریشە، ویرانکاری بە سازبوونەوە ئەنجامی دەبێ و مـــەرگ یەکـــســـان دەبێ بە ســـەرلەنوێ لەدایک بوونەوە(٦). کەسانی ناو کەرنەڤاڵ هەم یاریزان و هەم تەماشاوانن، ئەو کەسانە هەم (بکەر) و هەم (بەرکارن)، هەربۆیە خەندەی کەرنەڤاڵ یەکێکە لە شێوە سەرەکیەکانی ڕاستەقینەی جیهان.

لە خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا دروست ئەم شتانەی کە باسم کردن و لە باختین بە قەرز وەرم گرتوون دەبینرێن:

١- فەزای شیعرەکە فەزایەکی کەرنەڤاڵییە، کە لەوێدا هەمووەمان یاریزان و تەماشاوانین.

٢- کۆمەڵ و مێژووی نەریتی کۆمان دەرباز کردووە و هاتووینەتە سەردەمێکی دیکە، یان چەند سەردەمێکی دیکە، لە بەفری شیعری قوبادا چیدیکە چیای ئەزمر مەیدانی پێشمەرگە (قارەمان) و سەرباز (داگیرکەر) نییـە، بەڵکو خەڵکانی سادە و بە کۆنە پۆشراو لەوێدا یاری و ئەوین دەکەن، چیدیکە پێشمەرگە قارەمان و ئازا و لاوە جەربەزەکان نین، ئێستا زۆربەیان پیر و سەرسپی و سینگ سپی و ماڵ سپین و وەکو بەفر بێ کاسە و بێ گەرمین.

لە کاتێکدا کە فەزای ئەم شیعرە بەفرە و لە ڕوانگەی یەکەمدا وا دیارە بەفر پەلمان دەگرێ و بۆ ئەزمرمان دەبا، دەمانباتە لای ماڵی خۆر و ئاسمان، بەتابلۆ جوانەکانی خۆی و ڕمبازێنی ئەویندارا ئاشنامان دەکات، دەمانباتە لای شەڕێکی شیرنتر لە ئاشتی سەرکردە بێوادەکان، دەمانکاتە میوانی پێشمەرگانی جاران جەربەزە و ئێستا ماڵ سـارد و سڕ، بەڵام ئەوەی لە هەمـووی گـرنگتـرە و دەبێتە لووتکەی ئەفراندنی شیعر، ئەویش ئەوەیە کە بەفر بەم هەموو (بکەرێتی) و چالاکیانەوە، دەبێتە بەرکار و بەفری یاریزان ناچار دەبێ ببێتە تەماشاوانی ئەویندارانِ، ئاشـتی پەیدانەبوو، مـاڵی سـارد و سـڕەکـان و دیمەنە جـوانەکـان و ئەویندارەکـانی سلێـمـانی و خـائین و ڕێوییەکانی ناو کۆمەڵ. لەم شیعرەدا قارەمان تا سەر قارەمان نییە و ئێستا زەلیلە و ماڵی سپی دەچێتەوە، سەرکردەکان بە خائین و ڕێوییەکان دەورەدراون و خەریکە ڕێ هەڵە دەکەن بۆ بیابان و نەبەردی جارانیان داوە بە پلەوپایە و مۆنیکاو شەوانی سوور، سەرئەنجام بەفر دەبێتە تەماشاوانێکی بێدەسەڵات و بێگەردی پەیکەری کـاوە و پەیکەری (دوو دەســتـەکـە) کـە یەکناگـرن و بۆنباخی ئارامیش دەست ناکەوێت، چونکە پەیکەرەکەی ئارامیش لەوێ نەماوە و لەم وڵاتەدا هێما و ڕەمزێک بۆ قارەمانەکان بەدی ناکرێت، لەم وڵاتەدا قارەمان باریان پێ کراوە، لەم وڵاتەدا ڕێزێک بۆ قارەمان نەماوە.

وێنا و مانای شیعری قوباد هەر لە شیعری (شەهید بە تەنیـا پیـاسـە دەکـات) وێنا و مـانایەکی پۆزەتیـڤی و نەریتی نییە و لێرەشدا وەکو تا ئێستا شیعری ستایشی کـوردی بۆ قـارەمـان و سـەرکـردە و ڕەمـزە کـۆنەکـانی کوردایەتی ناسرووەدێنێ، بەڵکو پێمان دەڵێ کە ئەوانیش وەکو جاران نەماون و ئێستا قارەمانە ڕەمزەکان خەریکی کـاری دیکەن و قـوباد ئەڵتـەرناتیـڤـێک، یان چەند ئەڵتەرناتیڤێک بۆ خەباتی نەریتی پێشنیار دەکات، کە هەمـووان دەتوانین بەشێـوەی خۆمـان تێیـدا تێکۆشەر و خەباتکاربین. ئێمە دەتوانین بە ڕووت بوونەوەمان لەگەڵ یارەکانماندا جوانترین ماناکانی دیکەی ژیان (نەک هەر تەنیـا مـانای قـارەمـانی و پێشـمـەرگـانە و سـەرکـردانە) بخولقێنین، ئەوکاتەی کە مستێک بەفر دەکەینە پیاڵەی مــەی هەڵبــــژاردنێـک و ڕێگایەکی دیکە بۆ ژیان و ژیاندۆســتی پەیدا دەکـەین و تەنانەت بەهۆی بەفـرەوە باوەشێک پشکۆ دەخەینە خەڵوەتگەی پیری و بە نووری کل چاوی پیرەژن و دیدەی پیرەمێردان دەڕێژن و تەنانەت تابلۆیەکی زۆر جــوان لەژیانی ســادەیی هەمـــوومـــان دەنەخشێنێ کە بۆنی خورما و ڕۆن دەکات بە سەرمانا و ئەم شـاعـیـرە هێندە سەر بە ژیـان و سروشـتی ژیانە کـە سادەیی و خواردنە سادەکانی هەژاران، یان بەشێک لە ژیانی هەمووەمان لەبیر ناکات.

بەلای منەوە لە هەمـووی جوانتر و واڵاتر لەم شیـعـرەدا (هەروەک باخـتین دەڵێ) خـەندەی کـەرنەڤـاڵی شـیـعـری قـوبـادە، قـوباد (هەروەکـو من دەیناسم لەبەر ئەوەی زۆر پابەندی ئافــرەت و ژیانە، کــە ســـەرچاوەی زۆربەی خۆشیـەکانن) چۆن هەمیشە لێو بەخەندەیە، هەر بەو جۆرە لەم شـیـعـرەدا ئەوپەڕی قـوبادێتی خۆی نیـشـان داوە و تاکـۆتایی شـیـعـرەکـە بەردەوام خـەندەوارمـان دەکـات، ئەگـەرچی هەندێک جـار باسی مـەرگـەسـات و لایەنە ناخۆشەکانی ژیانمان بۆ دەکات. دیارە شاعیرێک کە سەر بە ژیان و سـادەیی ژیان و پەراوێزکـراوەکـانی ژیان بێت، دەبێ خـەندەی ژیان لە شـیـعـر و لێـوی نەبڕێت، خـەندەی قوبادیش خەندەیەکی ئارامی ڕەخنەگرە.

**سروودانـدنی شیعر و بیرکردنەوەی شیعری**

دیدگـای پۆل ڤالێری بەرانبـەر بە شـیـعـر و بیرکـردنەوە

بەمجۆرەیە: چەمکی شیعر بە زۆری لە بەرانبەر چەمکی بیرکردنەوەدا (بەتایبەتی بیرکردنەوەی پەتی) پەیدادەبێ. خەڵک هەروەکو چۆن دەڵێن خێرو شەڕ، جوان و ناشیرین، گەرم و سارد هەر بەو شێوەیەش دەڵێن شیعر و بیرکردنەوەی پەتی. زۆربەی خەڵک بەبێ تێرامان وا بیردەکەنەوە کە کاری شیکردنەوەی شیعر هەوڵێکە لەسەر بناغەی ئیرادە و وردبینی پەیدا دەبێ کە بەهۆی هۆشیاری و بە هاوکاری جوانییەکانی ئیلهام و جۆشەکانی هەست و پەیڤ و وێنای خەیاڵەوە کە خۆیان نیشانەکانی شیعرن، هەر لەسەرەتای وشەکانەوە پەیدا دەبن. هەستی داهێنەرانە کە بەهۆی سەرسامی و خۆشییەوە دەبنە خاوەن دەسەڵاتی شیعر، تا هەتایە شیعر لە هەر جۆرە ڕەخنە و نەیارییەک دەپارێزن، وتە کورتەکانی (شیعر) کاری هۆشمەندی درەخشان دەکەن و خۆشیان دەبنە پەیامی شیعر. (٧)

بەرانبەرکێی کلاسیکی نێوان شیعر و بیرکردنەوە کە لە ڕواڵەتدا بەهۆی زمانەوە دەردەکەوێ، زاراوەیەکە زۆر بە سادەیی دێتە سەر زمان و ئێمە خێرا بەرەو ئەو هەستە دەبا کە بە پەیڤی ڕۆشن و تەواو ورد دەچینە ناو زمانەوە و تا ئەو سنوورە دەمانبات کە پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی جارانمان بە سوود وەرگرتن لەم بەرانبەرکێیە (کە سادەیی تێیدا لە هەموو شت گرنگترە) کە دەبێتە بەهانە، بەڵگە یان بناغەی زەمینەی تێگەیشتنمان لە شیعر. کاتێک خوێنەر لە شیعری قوبادا بە مانا و تابلۆکانی بەفر ئاشنا دەبێت و بەو زمانە کورتە شیعرییەی دەبێتە بەشێکی بێ گەڕانەوە لە ئەزموونی شیعری و لە ئەزموونی ژیانی ئاسایی ئازاد دەبێ، تێدەگات کە بیرکردنەوە لەپەیامی شیعری دەبێتە جۆرێک لە هەستیاری بەرانبەر بە هونەر و بەرانبەر بە خودی ژیانی خۆشی و خوێنەر دەتوانێ بە (هەستی ئەدەبی، یان شاعیرانەی خۆی) بەشداری لە بەرهەمی شاعیردا بکات (بەبێ ئەوەی دەستکاری بیروباوەڕی شاعیری بکات) و ئەگەر خوێندنەوەی شیعر بەو جۆرە نەبێ، نە ئەدەب لە کار دەبێ و نە خوێندنەوەی جیاوازیش بۆ تێکستە ئەدەبییەکان دێنە ئاراوە. کاربردی شیعر و ئامانجی ڕەخنە (من پێم باشە بڵێم دووبارە خوێندنەوە، نەک ڕەخنە) بە شێوەیەکی گشتی خاوەن کەشی ئازادن لە یەک و هاوئاهەنگ و جودا لەگەڵ یەک سازگار دەبن و هەربۆیەش ئیلیەت دەڵێ: شیعر دەبێ پێ بەپێی مانا، یان (بیرکردنەوە) خاوەن هەستی خۆی بێ، بەڵام دەبێ مانا لە پێناوی شیعردابێ، نەک شیعر لەپێناوی مانادا. (٨)

زۆربەی شارەزایان و لێکۆڵەرەوەکانی شیعر لەگەڵ دیدگای ئیلیەت هاوڕان و ئەو شیعرانەی کە بەمانایەکی دیاریکراو، یان بۆنەیەکی دیاریکراو سنووردارادەبن، ئەو شیعرانەن کە تەمەنیان کورتە و ناشتوانن ببنە خاوەن پەیامێکی شیعری و سەرئەنجام بیرکردنەوەش دەدۆڕێنن.

بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی مەبەستی خۆم لە سرووداندنی شیعر و پەیامی شیعری، دیسان پەنا دەبەمە بەر لێکۆڵینەوەی ت. س. ئیلیەت و لەساڵی (١٩٥٣)دا لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی «دەنگی سیانەی شیعر» (٩) نووسی و لەوێدا سێ دەنگی تایبەتی و جیاواز بۆ بیرکردنەوەی شیعری باس دەکات:

**یەکەم:** دەنگی شاعیر کە لەگەڵ خۆی دەدوێ.

**دووەم:** دەنگی شاعیر کە لەگەڵ ئێمە دەدوێ.

**سێیەم:** دەنگی شاعیر کاتێک کە کەسایەتییەک، یان کەشێکی نمایشی دەخوڵقێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ شیعردا بدوێ، لەلای قوباد دەنگی سێیەم دەبێتە بەفر.

قوباد بەفر دەکاتە کەشێکی نمایشی و لەوێدا لەگەڵ یادەوەری و ئەزموونەکانی خۆی، لەگەڵ ئێمەی کورددا (ئەویندارن، بازاڕی کۆنە، خەڵوەتگەی پیری، ژنە ڕووتەکان، پێشمەرگە، سەرکردە و قارەمانەکانی وڵات، شاعیر و مەیخۆرەکان...تاد) لەگەڵ تابلۆ جوانەکانی شیعریشدا دەدوێ:

**بەفر ئەو هەموو سەرمایە، لەکوێوە دەهێنێ؟**
**کەماڵی ئەوەتا بە تەنیشت خۆرەوە.**

**دەنگی یەکەم،** شاعیر لە کاری نووسیندا یەک لایەنە دڵبەستەیی خۆی بۆ (شت) یان (بابەت)ێک دەردەبڕێ کە هەر لەگەڵ وتنیان نامێنن و جێگای تایبەتی خۆیان دەدەن بە شیعر. ئەو پیشانمان دەدات کە شیعرێکی لەم بابەتە، هەر شێوەیەکی هەبێت، شیعرێکی تاقانەیە و لە دنیای شیعردا نەمر دەمێنێتەوە. قوباد هێندەی دەیەوێ پەیام و مانای شیعری و ڕەخنەسازی خۆی بگەیەنێ، هەر بەو ڕادەیەش وەفادار دەمێنێتەوە بۆ دنیا تایبەتییەکەی خۆی، کە دنیای جوانی و ڕووتی و ئەڤین کردنە و ئەمجارە لە بەفردا و بەهۆی بەفرەوە ئەزموونی ئەویندارای و عاشقی خۆی جوانتر و سپیتر دەنەخشێنێ:

**جاران بەفری شاخ، هەر شوێن پێی کەو و**
**کەڵەکێوی و شوێن پێی پێشمەرگە بوو.**
**کەچی ئێستا**
**جێ پێی ژن و جێ پێی عەشق و**

**جێ پێی ماچ.**

(منیش دەڵێم جێ پێی ژن و جێ دەستی عەشق و جێ لێوی ماچ)

**بەفر ئەو هەموو جوانییە**
**لە کوێوە دەهێنێ؟**
**کە ئاسمان نەباخچەی تێدایە و**
**نە پۆلێ ژنی ڕووت**

(قوباد لەم زەمینەدا پێشڕەوترین شاعیری کوردە بۆ ئازایەتی سرووداندن لە جوانییەکانی ژنی ڕووتدا).

یان دەڵێ:

**بەفر حەزی لە ڕووتییە** (قوباد مەبەستی لەخۆیەتی)
**بۆیە بەرلەوەی بێتە خوار،**
**کراسەکەی ئەدا بە هونەرمەندێک و**
**ئەتەکەکەی بە ڕەشەبایەک و**
**ستیانەکەی بە هەنار فرۆشێک و**
**دەرپێکەی بە توحفە کرێک.**
(یان بە شاعیرێکی عاشق).

یان دەڵێ:

**کە بەفر کەوت، ڕەق ڕەق**
**بەلوعەکەیان دەیبەستێ،**
**کەچی ژنە خرپنەکە**
**کە دەست دەهێنێ بەسەریا**
**دەر لەحزە**
**بەلوعە فیچقە دەکات و**
**دەر لەحزە**
**خاو دەبێتەوە!**

(کێشەی گەورەی شیعری لەم یەکسەر خاو بوونەوەدایە). ئەوەی وا دەکات کە قوباد تا سەر ڕاستگۆبێت لە شیعردا (کە یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی شیعر و عەشق ڕاستگۆییە، دیارە لەگەڵ ڕەوشی گشتیدا نا، بەڵکو لەگەڵ پابەندی و بڕوا تایبەتییەکانی خودی شاعیر) ئەوەیە کە دەزانێ و دەبێ شیعر بۆ شیعر و پەیامی شیعری بێت، نەک موجامەلە کردن لەگەڵ کۆمەڵ و دنیای باودا. بەم بۆنەیەوە ستیفان سپەندەر لە وتاری (ئەندێشەکانی شیعری ئیلیەت)دا دەڵێ:

بە گومانم لە شیعردا کە لەنێوان توخمەکانی بیریاری و خود ئاگایی و توخمەکانی هوشیاری و غەریزییدا پێوەندییەکی تایبەتی هەبێت کە ئیلیەت زۆر بە گرنگ و کاریگەری دەزانێ. نموونەی ئەم پێوەندییە، پابەندی نێوان توانا داهێنەرەکان و پەیامە ڕەخنەگرەکانە کە لەناو دەقدا دەبینرێت. ئیلیەت زاراوەی (داهێنەر) وەکو هێزی غەریزی و ناخودئاگایی شاعیر و وشەی (ڕەخنە)ش وەکو هەوڵی هۆشیاری تێکۆشەر باس دەکات. ئاوێزان بوونی ئەم دوو توخمە لە شیعر و بەرهەمی ئەدەبیدا کارێکی زۆر گرنگ و چارەنووسسازە بۆ تێکست و پێوەندی نێوان بونیادی فیکری و شێوەی غەریزی کە دەبێتە بناغەیەکی پێویست بۆ دوورنمای شیعر.

**دەنگی دووەم:** خوێنەر دەتوانێ باوەڕ و پەیامی شاعیر بناسێ، ئەگەرچی بەشداریش نەبێ لە ئەفراندنی، خوێنەر دەتوانێ بەڵگەی وا بۆ مەنتیقی دەروونی پەیڤ و شیعر باس بکات و بچێتە هەڵوێستێکەوە کە بەردەوام بەرەو بەیان و بەهاکانی ئەو شیعرە هەنگاو بنێت و هەر بەم بۆنەیەوە ئیلیەت لە بارەی شکسپیر دەڵێ: خواستی ئەو، ئارامی ئێمەیە. (وەهمی واقیعیەتی) پەیدا بوو لە دەروونی شیعر و واقیعیەتی زاڵی فەلسەفەی (کۆمەڵگا!)ی دەرەوەی شیعر. لەلای قوباد و لەم بەفرە ڕەنگینە و پڕ خەندەی کەرنەڤاڵی عەشق، شەڕە بەفر، مەیخواردنەوە، ئەڤینکردن، دیدگامان بۆ جەستە ڕووتەکان، ڕەخنەمان لە هەلومەرجی زاڵ و کۆچی قارەمان و فیداکارەکان و چاوبڕکێی دەسەڵاتداران و سەرکردەکان لەگەڵ لمی بیابان و بەژنی دارخورما، لە یەک جودا دەبنەوە و سەرئەنجام ئەندێشەکانی شیعر نەک تەنیا بەلای خوێنەر، بەڵکو لەسەر خودی شاعیریش کاریگەر دەبێ و لەمەودوا شاعیر و ئێمەش ئەم کەشانە وەکو جۆرێک لە فێربوون و هۆکارێک بۆ بەهرەمەند بوون لە ژیان و ڕەخنەی ژیان دەناسین و دەبنە هۆیەک بۆ بەهێزکردنی هەستی داهێنان و هۆشیاری ڕەخنەکار.

ئایا پێداویستی و فەرهەنگی دەسەڵاتدار ئەوە نییە کە لە خوێندنەوەی شیعردا ئاگاهانە وامان لێ بکات تا هۆشمان لە تەواوی هەست، بیر و ئەندێشەکانی شیعر ڕزگار بکەین و بچینەوە باوەشی فەرهەنگی دەسەڵات، یان شیعریش پێمان دەڵێ (قوبادیش لەم کاروانەدا ڕێوانێکی هەڵکەوتووە) کە بچینە نێو دنیای پەیڤەوە و لەوێدا ببینە بەشێک لە بابەتی تێکست و پەیڤی ئەدەبی، وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای ئیلیەت(١٠) بەمجۆرەیە: دەبێ بچینە لای کەسایەتی شاعیر و ئامانجی شیعر گەیاندنی (بابەت) یان (ستراتیژ) نییە، بەڵکو سرووداندنی شیعر گرنگترە لە بابەت. هەربۆیە شیعر ناتوانێ سنووردار بێ بە بابەتێکی دیاریکراو. واژەی سنووردار لە هەر پەیڤ و بیرێکدا دەبێتە ماکی

نەزۆکی تێکست و پەیڤی ئەدەبی. هەربۆیە ئیلیەت لەگەڵ هەر جۆرێک لە (تیۆری شیعر) تەیار دەبێ و پابەندنابێ بە (سیستەمی کۆمەڵایەتی، یان دینی، یان ئایدیۆلۆژی) و شیعر ناتوانێ و نابێ یاساکانی ئەو سیستەمە بە ڕەسمی بناسێ.

**دەنگی سێیەم،** ئافراندنی کەشێکی نمایشی و قوبادیش لە کەرنەڤاڵی تابلۆ جوانەکانی بەفردا هەستی قووڵمان بێدار دەکاتەوە و غەریزەی داهێنەرانە و هۆشمەندی ڕەخنەگرانەمان دەبزوێنێ و بە خەندەی شیعری خۆی بەرەو جەنگە جوانەکانی پەیڤ و دنیای هونەر ئاراستەمان دەکات و شاعیر لە کەرنەڤاڵی بەفردا شۆڕشی هەستیاریمان دەسازێنێ و دەمانکاتە خاوەنی بیرێک، یان هۆکارێک بۆ شکاندنی شێوە باوەکانی و پێوەرە نەریتییەکانی بەهادانان کە تا ئێستا لەبونیادی کۆمەڵایەتیماندا کاریان کردووە. شیعر دەتوانێ لە هەستی قووڵمان ئاگادار بکاتەوە، ئەو هەستە بێ ناوانەی کە ناوەرۆکی بوونمان پێک دەهێنن و ژیانی ئێمە لە ناچاری پەیوەست بوون بە جیهانی دەسەڵاتدار ڕزگار دەکات.

**پەراوێزەکان:**

١- ارغنون (فصلنامە فلسفی، ادبی، فرهنگی) شمارە ١٤، زمستان (١٣٧٧)، دربارەء شعر.

٢- صالح حسینی، نیلوفر خاموش (نظری بە شعر سهراب سپهری) انتشارات نیلوفر، تهران (١٣٧١).

٣- بە سوی پسامدرن (پسا ساختارگرایی درمطالعات ادبی)، تدوین و ترجمە: پیام یزدانجو، نشرمرکز، تهران (١٣٨١).

٤- هەمان سەرچاوە.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- جان لچت، (پنجاه متفکر بزرگ معاصر از ساختارگرایی تا پسامدرنینە)، ترجمە محسن حکیمی، نشر قطرە، تهران (١٣٧٧).

٧ و ٨ و ٩- ارغنون، شمارە (١٤).

١٠- هەموو وتەکانی ت.س. ئیلیەت لە سەرچاوەی پێشوو، لە وتاری (اندیشەهای شعر ت.س. الیوت)ی (Stephan Spender) وەرگیراون.

# ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرن

**لە ئینگلیزییەوە: کاوە عەبدولکەریم شێروانی**

کاتێک لە سەدەی بیستەم نزیک دەبینەوە، زۆر ئەستەم دەبێ هێڵکارییەکی مێژوویی لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، وەکو ڕاپۆرتێک دەربارەی ڕۆڵ و بەشداری تاکەکان، بکەین. بڵاوبوونەوەی فێربوون و پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی و تەبەنی کردنی ڕەخنەی ئەدەبی وەکو بابەتێکی جیهانی (Universal Subject) بەتایبەتی، بوونە هۆی زیادبوونی چالاکییە ڕەخنەییەکان و جۆراوجۆری ڕێبازەکان. بۆیە ناکرێ و سەختە ڕۆڵی تاکەکان دیاری بکەین. بەشداری ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەمریکی هنی جیمس«١» لە تێگەیشتن و بەهادارکردنی ڕۆمان، وتارە کاریگەر و نایابەکانی تی. ئێس. ئیلیۆت شایەنی بایەخپێدانێکی تایبەتن، بەڵام ئەوانی تر چەند ڕێبازێکی بەرفرە دەیانگرێتە خۆ، بەشێوەیەک لە شێوەکان بە چەند ڕەخنەگرێکی تایبەت بە نوێنەری ئەو ڕێبازانە دانراون.

هەر سێ بیریارە زۆر ڕادیکاڵ و کاریگەرەکانی سەدەی نۆزدەم- داروین و مارکس و فرۆید«٢» ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە تیۆری ڕەخنەیی کردووە. چارلز داروین یەکەم کەس نەبوو بانگەواز بۆ تیۆری بەربژۆچوون (theory of evolution) بکات، بەڵام (بنچینەی چەشنەکان) یەکەمین بەڵگەی زانستی مەزنی بۆ ئەم تیۆرە دەستەبەر کرد، کە لە ڕێسای هەڵبژاردنی سروشتییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەمە شۆکێکی مەزنی دروست کرد. تیۆرە بەراییەکانی بەربژۆچوون لە جەختکردنیاندا مەیلی یۆتۆپیایان هەبوو، تارادەیەک دەتوانرێ بەهاوتای بیرۆکە پاکەکانی لاهوتی بشوبهێندرێن، کە تیایاندا مرۆڤ بەرەو چارەنووسێکی بەرز دەچێت. هەڵبژاردنی سروشتی بە تەواوی خوای لە وێنەکەدا لابرد، هاتن و لەناوچوونی چەشنەکانیشی- بە مرۆڤیشەوە- بە کێشەیەکی پەیوەست بەهێزە ئەخلاقی و بابەتیەکان دادەنا. هەربۆیە داروینیزم بوو بە مەسەلەیەکی گرگرتوو لە ئەدەبدا، بەتایبەتی لە ڕۆمان- بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی تۆماس هاردی«٣» و سامۆیل بەتلەر«٤»، «ڕێگای هەموو گۆشتەکان»- وە لەو کاتانەدا حوکم لەسەر بەرهەمەکان، بە پێوانەی داروینی بوون یان ئەنتی داروینی بوون، دەدرا، چەند ستایلێکی نووسین شان بە شان لەگەڵ تیۆرەکانی داروین پەیدابوون، نازانمکاری (agnostic)«٥» یان ڕێبازی بێ باوەڕی گوایە هەر لەوەوە سەریان هەڵداوە، لە هەموویان دیارتر ناتورالیزم (Naturalism) بوو، ئەم چەمکە لە لایەن ڕۆماننووسی فەرەنسی ئەمیل زۆلاوە (١٨٤٠- ١٨٥٠) دانراوە. (ناتورالیزم)یش لە چەمکێکی پێشترەوە گەشەی کردووە کە (ڕیالیزم)ە، ئەم چەمکەش لە بنچینەدا شان بە شانی چەند ڕۆماننووسێکی وەکو ئۆنۆری دو بەلزاک (١٧٩٩- ١٨٥٠) هاتووە، کە

ویستی بیسەلمێنێ ڕۆمان خۆ دزینەوەیەکی فانتاسی نییە بەڵکو لقێکی ڕەسەن (وە بەسوود)ی ئەدەبە، بەشێوەیەکی بێ وێنە توانای تۆمارکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی لە خولەکێک یان درێژییەکی دیاریکراو هەیە. (ناتورالیزم) لەمەش زیاتر ڕۆیشتووە، کاتێک کە ئاماژە بەوە دەکا کەسێتی مرۆڤ بەشێوەیەکی تەواو بڕیاری لەسەر دراوە (دیاریکراوە) (determined) بە ڕێگای داروینی، بە پشتاوپشتی (بۆماوەیی) و ژینگەی کۆمەڵایەتی، ڕۆماننووسی ناتورالیستی سوور بوو لەسەر وێنەکێشان و وەسفکردنی ئەمە لەگەڵ هەموو وردەکاری و درێژییە گشتگیرییەکەی زانای بایۆلۆژی (زۆرجاران لەگەڵ ئەوەی کە ڤیکتۆرییەکان بە پلەیەکی نا بەجێی ڕاشکاوانەی ئەرکە خۆراکی و سێکسییەکانی مرۆڤیان دادەنا). (ڕەوشەکانی ڕیالیزم و ناتورالیزم بیرۆکەیەکی گشتییان لە بارەی زاراوەناسی ڕەخنەیی مۆدێرن هێنایەکایەوە، هەروەک لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە، لەسەرەتادا دەستەواژەی وەسفی تەواو بێگەرد بوون، چەند ڕێگەیەکی هەوڵدان بۆ جیاکردنەوەی دوو شێوازی نووسین، بەڵام لە کۆتاییدا ڕەوتی تریان داهێنا، ڕەوتی وا کە تەنیا لە شێوازی تێکستەکەیان نەدەپێچایەوە بەڵکو لە ناوەرۆک و هەڵوێست و فەلسەفەی نووسەر و هەتا سۆز و لایەنگری سیاسیشی. ئەمە بۆ زۆربەی هەرە زۆری (یزم-ism)«٦»ەکان ڕاستە، کە لە سەدەی ڕابردوو (مەبەستی سەدەی نۆزدەیەمە-و-) پەیدابوون و گەشەیان کردووە بۆ وەسفکردنی جۆرەکانی ئەدەب، بۆ نموونە: ئیماجیزم، سیمبولیزم، مۆدێرنیزم. لەبەر ئەوە ڕەخنەگر دەبێ زۆر ئاگادار بێ کاتێک ئەم دەستەواژانە بەکاردەهێنێت، چونکە ئەو لە حاڵەتێکدایە کە زیاتر ئاماژەی پێدەکا و بەکاری دەهێنێت نەک هی خۆی بێت. لێرەدا فەرهەنگی زاراوە ڕەخنەییەکان لەوانەیە بە سوود بێت).

لە بارەی تیۆری ئەدەبییەوە، بیرۆکەکانی داروین ئارەزووی ئەندێشەی کلاسیکی ئەدەبییان (چەشنەکان) زیندووکردەوە (بە پێکچوواندن Analogy) ئەمە لە ژانرە ئەدەبییەکاندا، هەریەکە و لەگەڵ ئەدگارەکانی خۆی و ڕێساکانی خۆ پێناسەکردن. بە درێژایی مێژووی ئەدەب، چوار ژانری سەرەکی ناسراو هەبوون- درامیانە، پاڵەوانانە، ساتیریانە، لیریکیانە- بەڵام ڕەخنە لە بەکارهێنانیان بەشێوەی ڕاچێتە ئاسا خۆی زۆر بەرتەنگ کردۆتەوە لە هەوڵدان بۆ دانانی چەند یاسایەک دەربارەی ئەوەی نووسەر چ بکات و چ نەکات لە هەر یەکێکیاندا، وە جارجارەش نیگەرانی ئەوەیە کام ژانر بەرزترە یان شکۆدار و بەناو و دەنگترە. ئەم جۆرە گرنگی پێدانە لەلایەن ڕۆمانتیکەکانەوە ڕامالرا، ئەوان تاقەتی ئەوەیان نییە بەم شێوە میکانیکەیە یان هیرارکییە گفتوگۆ دەربارەی داهێنان بکەن، بەڵام چەمکی ژانر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم بە ڕۆحیەتێکی نیمچە زانستییانە زیندوو بۆوە، وەکو شێوازێکی بە سوودی وەسفکردن و پۆلێنکردنی هەموو جۆرە گونجاوەکانی ئەدەب (کە ژانرە تەواو نوێیەکانی- وەکو ڕۆمانیش- دەگرێتەوە).

تەنانەت ڕەخنەگری فەرەنسی فێردیناند برۆنتی (١٨٤٩-١٩٠٦) هەوڵی داوە بەشێوەیەک قسە لەسەر ژانرە ئەدەبییەکان بکات، کە جۆرێکی بایۆلۆژین و ڕەفتار دەکەن؛ لە دایک دەبن، گەشە دەکەن، لە کۆتاییدا دەمرن، ئەمە بە گوێرەی چەند ڕێسایەکی پەیوەست کە بەناچاری دەگەڕێنەوە بۆ ئەوانەی داروین دایناون. کتێبەکەی پێی دەوترا (بەربژوچوونی ژانرەکان لە مێژووی ئەدەبدا)(١٨٩٠). برۆنتی دەستەواژەکانی داروینی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی پێچەوانەی بیروڕاکانی لایەنگرانی ناتورالیزم بسەلمێنێ؛ دەیەویست ئەوە بچەسپێنی کە ئەدەب شتێکی سەربەخۆیە و تەواوکەری خۆیەتی، هەر بەخۆی شتێکی بەهادارە، تەنیا لقێکی سۆسیۆلۆژی یان سۆسیۆبایۆلۆژی نییە، هەروەک ڕۆماننووسە پێشڕەوەکانی وەکو زۆلا پێشنیاریان کردبوو. ئەمە واپێشان دەدا کە دەکرێ زۆر جاران لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەروەکو لە زۆر ڕووبەری تری ململانێدا، هەمان گۆڕۆ«٧» بە شێوەیەکی ماقووڵ لەلایەن بیریارانی ڕکابەرەوە پەسەند بکرێ. تیۆری ژانر بەبێ مشتومڕ هێشتا زیاتر لەگەڵماندایە، خاڵێکی دەستپێکی ڕێک و پێکە لە زۆربەی ڕێبازەکانی ئەدەب؛ سەرەکیترین کاری ئەوەیە کە تێڕوانینە ئەدەبییەکان بەشێوەیەک لەم سەر بۆ ئەوسەر شەن و کەو دەکا، وەکو ئەوەی کاری نووسەرێکی دیاریکراو، یان بەرهەمی سەردەمێکی تایبەت، یان ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی بێت (هەتا بەربەستەکانی زمانیش ڕادەماڵێ). لەوانەیە ئەمە سوودی هەبێ و یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بزانین ئەدەبیەتی تێکستێکی دیاریکراو چییە؟، تایبەتمەندی و ئەدگارە جیهانییەکانی ئەدەب چین؟ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تیۆری ژانر ئامانجدارترە لە ڕێبازەکانی تری ئەدەب، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە کە هیچ ئادگارێکی جیهانی لە ئەدەبدا

بوونی نییە، ئەگەر هەشبێ بە ڕاستی کێشەیە. لەوانەیە گرنگترین و تازەترین بەشداری لەم پرسەدا کارەکەی ڕەخنەگری کەنەدی نۆرترۆپ فرای بێت بەناوی (توێکاری ڕەخنە) ساڵی (١٩٥٧).

ئەگەر گومان هەبێ لەو بەڵگانەی داروین بۆ پشتگیریکردنی قسەکانی هێنایتیەوە، دەبێ ئەوانی کارل مارکس چەندیان ڕاست بێ؟ ئەدەب شتێک نەبوو کە پەیوەست بێ بە بیروڕاکانی مارکس، هەرچەندە جاروبار لە بەرهەمەکانیدا، دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، قسەی لەسەر کردووە. وەکو زۆربەی بیریارە ئەوروپییەکانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، بە زۆری وەکو پاشکۆیەکی یارمەتیدەر بۆ گرنگیدانەکانی بە مێژوو، گرنگی بە ئەدەب دەدا. سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کارە ئەدەبییەکان بەرهەمی ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانن؛ ئەوانیش وەکو هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانی تر داهێنراون.

ئاشکرایە کە میسۆلۆژی گریکەکان تەنیا دەزگای هونەری گریکی دروست نەکردووە، بەڵکو هەتا ئەو خاکەشی پێکهێناوە کە لە سەری گەشە دەکات. ئایا دەکرێ کە هەڵوێست بەرامبەر سروشت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە دڵی ئەندێشەی گریکی و هونەری گریکی پێک دێنن، لە وجودی هێستری بێ سوارو، هێڵی ئاسنین و گەڕۆکەکان و تەلەگرافی ئەلیکترونیدا بوونیان هەبێ؟ ڤۆلکان«٨» چی پێدەکرێ لە بەرامبەر ڕۆبۆتەکان و کۆمپانیاکان؟ جیوپیتەر لە بەرامبەر توولی بروسکەدار.. هەر میسۆلۆژییەک هێزەکانی سروشت، بە یارمەتی خۆی، لە ئەندێشەدا زاڵ دەکاو ملکەچ دەکاو دادەڕێژێ. لە ئەنجامدا لەگەڵ بە کرداریی باڵادەستبوونی ئەم هێزانەی سروشت میسۆلۆژییەکە بزر دەبێ و نامێنێ. (ڕەخنەی ئابووری سیاسی) کارل مارکس (١٨٥٩).

لە سەرووی ئەمەشەوە (بە هەمان شێوە) قسە لەسەر ئەو جۆرە ئەدەبەش دەکات کە لە سەدەی شازدەهەمەوە، بۆ نموونە، لەلایەن شکسپیرەوە نووسراوە، پێی وایە ئەمەش بەرهەمی سیستەمی کۆمەڵایەتی باوی ئەوکاتی و ئەو واقیعە ئابوورییەی کە لەسەر دەسەڵاتی هێشتۆتەوە، بووە.

مارکس ئەوەندە شارەزاییەی هەبووە کە بتوانی شتەکان لێک جیا بکاتەوە و بزانی کە هاوکێشە و هاوسەنگییەکی ئاسان لە نێوان چۆنایەتی کاری ئەدەبی و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی/ ئابووری ئەو شارستانیەتەی کە بەرهەمی هێناوە، نییە: لە ئاماژەکردن بۆ هونەر، ڕوون و ئاشکرایە کە گەشەسەندنە مەزنەکانی سەردەمە دیاریکراوەکان لەگەڵ گەشەسەندنی گشتی کۆمەڵگاو، لە ئەنجامیشدا لەگەڵ گەشەسەندنی بنچینە ماتریالەکانی ئەمەی دوایی ناگونجێ کە پەیکەری ڕێکخراوەکانی پێک دێنێ. بۆ نموونە بەراوردی گریکەکان و شکسپیر لەگەڵ هاوچەرخەکانیان بکە.

کوالیتی هونەری گریکەکان تاڕادەیەک سەربەخۆیە، بەوەی کە لەلایەن خاوەن کۆیلە ئۆلیگەرکیەکان«٩» بەرهەم هاتووە، ئەوەی شکسپیر ئاسان نییە کە بە قۆناغی سەرمایەداری بۆرژوازی بەرایی ڕوون بکرێتەوە، کە خۆی لەو قۆناغە ژیاوە. کەواتە مارکس نایەوێت بڵێت ئەدەب تەنیا لەو سەردەمەی کە لێیوە بەرهەم دێت، بایەخی پێ دەدرێت؛ ئەو پێی وایە کە گەشەکردنی کۆمەڵگا لە گەورەبوون و ڕسکانی تاکی مرۆڤ دەچێت. یارمەتیدانی کارای گریگەکان بۆ منداڵیتەی شارستانی جێگەی خۆشی ئێمەیە، هەرچەندە دەشزانین کە دەکرا لەو سەردەمیدا گۆڕانکاری چاکتر بکرێت. نادیاری لە تەواوی ڕێبازەکەی مارکس ئەوەیە کە ئەدەبی هاوچەرخ و تازەش- بەرهەمی پێویستییەکانی هەمان ڕەوشی کۆمەڵایەتی/ ئابووری خوێنەر و- بە هەمان شێوە جێگای بەکارهێنان و گرنگیپێدانی بیریارانیشن.

کاریگەری نووسینەکانی مارکس لەسەر ڕووداوەکانی جیهان ئەوەندە گەورەن- کە وای لێهاتبوو بیری مارکسی سەبارەت بە ئەدەب زۆر لەوەی تێپەڕاندووە کە بەخۆی نووسیویەتی. دەکرێ ئێمە دوو بواری سەرەکی گفتوگۆ دەستنیشان بکەین کە تیۆرەکانی مارکس وروژاندوویانە:

١- ئەگەر گرنگترین حەقیقەت دەربارەی ئەدەب ئەوە بێ کە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لێی وەدەرکەوتووە، ئایا هیچ بنەمایەک دەمێنێتەوە بۆ قسەکردن (گفتوگۆکردن) لەسەر ئەوەی هیچ پارچەیەکی ئەدەبی باشتر (بەواتایەکی تر، گرنگتر، بەهادارتر، زیاتر دەمێنێتەوە..) لەوەی تر؟

ئایا زۆر ئاستەم نییە، بتوانین بڵێین (لیرپاشا) بە هادارتر نییە لە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ؟ ئەدی ڕۆڵی تایبەتی، یان بەهای هونەرمەندی داهێنەر چییە؟

٢- ئەگەر ئەدەب، بەناچاری، ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگا بێ، ئایا حاڵەتی وا هەیە کە نووسەرە پێشینەکان (ڕابردوو) بنرخێنین لەلایەنی لەوانەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکانی ئەم گەشەسەندنە، یان هەوڵی دواخستنیان دابێ؟

وە ئایا دەبێ نووسەرەکانی ئەمڕۆ ئازادبن لە نووسینی ئەوەی حەزیان لێیە؟ بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەم گەشەسەندنە کۆمەڵایەتییە مافی پێشەیی (Priority) سیاسی بەهێزتر کردووە.

ئەم پرسیارانە زۆر بە توندی ڕووبەڕووی هەندێ لە ڕژێمە مارکسییەکان کراونەتەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو لە رووسیای ستالینی، کە ئەدەبی (ڕیالیزمی سۆشیالیستی) زۆر بەگونجاو دادەنرا بۆ ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و دەستکەوتەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری؛ جۆرەکانی تری ئەدەبیش، بەتایبەتی ئەو شیعرە لیریکانەی کە دەربارەی خۆشەویستی و ئایین بوون، بە ئارەزوو پەرستی و بۆرژوازی و کۆنەپەرستی سەرکۆنەدەکران. ئەم بەڕژێم کردنەی ئەدەب، بە شێوەیەک وای لێبکرێ سوودی بۆ دەوڵەت هەبێ، لە کرۆکدا هیچی لەوە زیاتر نییە کە ئەفلاتون لە کۆمارە نموونەییەکەیدا بەرەڤانی دەکات. هەتا لەو وڵاتانەش کە بەشێوەیەکی سیاسی مارکسیزمییان وەرنەگرتووە، ئەم هێڵەی بیرکردنەوە وای کردووە کە بگەنە ئەو گریمانە بەربڵاوەی کە هەموو هونەرەکان، ئەوانەی بابەتەکانیان بە ڕاشکاوی سیاسین، ئەوانەی واش نین، هەتا ئەگەر کوالیتی تریشیان هەبێ، بەشێوەیەک لە شێوەکان جۆرێکن لە پروپاگەندە. ئەم گریمانەیە مشتومڕێکی درێژخایەنی دروست کرد، بۆ نموونە، لە بارەی بەرهەمەکانی هەندێ نووسەری وەکو تیس«١٠»، لورانس«١١»، و تی-ئێس- ئیلیۆت بە تاوانی هەواداری فاشیست و ڕاسترەوی هێرشیان دەکرایە سەر، هەرچەندە بە ئاشکرایی سروشتی سیاسییانەیان نەبووە.

پێویست ناکات تۆ تەنیا مارکسییەکی پابەند بی بۆ ئەوەی بڕوات وابێ کە بیری مارکسی شتێکی سەبارەت بە ئەدەب پێشکەش کردووە. یەکێک لە ترسناکیە نادیارەکانی تیۆرە ڕۆمانتیکییەکانی ئەدەب مەیلی دەستەبژێری بوو؛ شاعیر تاکێکی بێ هاوتا و بەهرەمەند بوو، هونەرێکی ڕاستگۆیانەی دەهێنا بەرهەم (بۆ خوێنەری دەستەبژێر لە خەڵکی شارەزا و تایبەت، هەروەکو لە سەرەتای سەدەی بیستەم مشتومڕێکی زۆری نایەوە). بە دڵنیاییەوە مارکسیزم لە دژایەتیکردنی ئەم مەیل و ئارەزووانە سوودێکی زۆری گەیاندووە، بوارەکەی فراوان کردووە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن ئەدەبی مانادار، بەتایبەتی لە بابەتی پێوەندار بە ڕۆمان و چەند جۆرێکی دراما (بۆ نموونە ئەوەی بریخت)«١٢»، ژمارەیەک لەوانەی مارکسیەتی خۆیان ئاشکرا کردبوو بوون بە ڕەخنەگری پلە یەک، بەرچاوترینیان گی. لوکاکس«١٣» (ڕۆمانی مێژوویی؛ چەند لێکۆڵینەوەیەک لە ڕیالزمی ئەورووپی) جان پۆل سارتەر«١٤» (ئەدەب چییە؟). شتێکی ئاسایی کە چاکترین ڕەخنەگرەکانیش ئیلهامیان لە تیۆرەکانی مارکسیزم وەرگرتووە، بێ ئەوەی پابەند بن بە هەموو بیروباوەڕەکانی- بەرچاوترینیان لە ئەمریکا؛ ئیدماند وێلسن (١٨٩٥-١٩٧٢) قەڵای ئەکزل (١٩٣١)، بۆ وێستگەی فینلاند (١٩٤٠)...تاد، لە بەریتانیاش جۆرج ئۆروێل (١٩٠٣-١٩٥٠) وتارە کۆکراوەکان (١٩٦٨)، ڕایمۆند ویلیامز (لە دایکبووی ١٩٢١) کولتوور و کۆمەڵگا (١٧٨٠-١٩٥٠، ١٩٥٨) شۆڕشی درێژخایەن (١٩٦١).

سیگمۆند فرۆید زۆر بایەخی بە ئەدەب دەدا، چونکە دەیزانی نووسەرە مەزنەکانی ڕابردوو دەروونناسی زیرەک بوون، زۆرجاران زانیاری قووڵیان بە مێشکی مرۆڤ دەبەخشی، بەتایبەتی بە ڕەهەندە بێ ئاگاییەکانی، کە ئەو لە تیۆرەکەی خۆی، لە بارەی شیکردنەوەی دەروونی، بەشێوەیەکی زۆر ڕێک و پێک و زانستییانە وەدەستی هێنابوو. ئەو نووسەرانەی «کە دان بە کەمێکیان نرابوو... بێ ئەوەی هیچ هەوڵێک بدەن بۆ خۆ ڕزگارکردن لە گێژاوی سۆزەکان کە قووڵترین حەقیقەتە و ئێمە دەمانەوێ بە زۆر ڕێگای خۆمانی تیادا بکەینەوە کەچی بێ ڕاوەستان گومانە ئازاراوییەکان پارچە پارچەمان دەکەن» (شارستانییەت و بێزارییەکانی (١٩٣٠). ئەو پێی وایە کە ئەمە بەهرەیەکە بۆ نووسەر هاتووە، چونکە ئەدەب، داهێنانی ژیانی فانتاسی، دەروازەیەکی بۆ سەرەڕۆیی زایەندی (erotic) دەستەبەر کردووە، لەوانەشە بە پێچەوانەوە ڕێی لێ بگرێ و خەفەی بکات. بۆیە نووسین جۆرێک لە چارەسەری دەستەبەر دەکات بۆ ئەوانەی تووشی هەڵچوون و بارگرژی بوون. لە ڕێی نووسینەوە ئارەزووەکانیان لە هۆشی بێ ئاگاییان دێننە دەرێ، بەڵام بە زۆری بەشێوەیەکی شێواو و خەیاڵ ئامێز و دوورەدەست، لە هەندێ ڕووەوە لە لایەن هۆشی بە ئاگاوە پەسەند دەکرێ، کە هەمیشە بەدوای- ئەو دووپاتی دەکاتەوە- ڕێگەگرتن لەم خۆ خاڵیکردنەوەیە دەگەڕێ. فرۆید قسە لەسەر ئەوە دەکات کە بەهێزترین زایەند کە لە پیاودا هەیە ئەوەیە کە حەز لە دایکی دەکات و باوکیشی دەکوژێ، کاتێک کە لە ڕێگەی دەوەستێ- جۆرێک لە هەڵسوکەوت کە لە شانۆگەرییەکەی سۆفۆکلیس (ئۆدیپاتیرانا) بەرجەستەکراوە و ناوبانگێکی گەورەی دەرکردووە، لەلایەن فرۆیدەوە پێی دەگوترێ گرێی

ئۆدیپ، فرۆید دەڵێ لە ڕاستیدا کارەکتەرەکەی سۆفۆکلیس ئاگای لە بنچینەی نەسەبی خۆی نییە (واتە بە نەزانی ڕەفتار دەکا- و-)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەوشی نەزانی گەنجەکان (Adults) کە ئاگایان لە هەڵچوونی ئۆدیپی نییە، لە کاتێکدا پێشبینییەکەی ئۆرکل سەبارەت بە کردەوەکانی ئاماژە بە حەتمییەتی ڕوودانی هەموو پرۆسەکە دەکات، کە ئارەزوویەکی ڕەگداری هەیە.

فرۆید بایەخی تەنیا بە ناوەڕۆکی ئەدەب دەدا، کاری بەسەر ستایل، ژانر، یان پێکهاتە فۆرماڵەکەی نەبوو هیچیشی دەربارەیان نەگوتراوە. دووپاتی دەکردەوە کە ئەدەب دەمانبزوێنێ و سەرنجمان ڕادەکێشێ، چونکە ئەدەب بەشێوەیەکی سیمبولی مامەڵە لەگەڵ شێوازە جیاجیاکانی کردارەکانی هەڵچوون دەکات، کە لە هەمووماندا هەیە، یان چاکتر بڵێین لە هەموو تاکەکانی هەر ڕەگەزێکدا هەیە. لەبەر ئەوەی پاڵنەری سێکسی (erotic) پیاوان جیاوازە لەوەی ئافرەتان، بۆیە هەر بۆ نموونە گرێی ئێلکترا (Electra) لە ئافرەتان تەواوکەری گرێی ئۆدیپایە لە پیاوان. تیۆرەکانی فرۆید زۆر قەرزاری چەمکی (سمبول)ن کە بەشێوەیەکی فراوان لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لە کۆلێریج وە بۆیتس و تا دەگاتە ئلیۆت، بەتایبەتیش لەلایەن شاعیرە فەرەنسییە سیمبولیستەکانەوە لە ساڵانی (١٨٦٠) وا بەکارهاتووە. ئەم چەمکە بۆ چەندین مانای تایبەت بەکارهاتووە، بەڵام ئاماژەی سەرەکی بە زۆری بۆ زمانە هەروەکو چۆن زمان لەلایەن هونەرمەندانی داهێنەر بەکارهێنراوە، هەرچەندە دەقاو دەق وێنەی واقیع ناکێشێ، بەڵام تاڕادەیەک باوەڕ و بیرۆکە و چەمکە سەرەکییەکان دەربارەی واقیع بە ڕێگەیەکی تایبەت و بارگاوی و کاریگەر بەرجەستە دەکات. جیاکردنەوەکەی فرۆید لەنێوان ڕووبەرە بە ئاگا و بێ ئاگاکانی هۆش ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی چۆنییەتی ئەم کارکردنە پێشکەش دەکەن؛ وشەکانی لێڤلی ئاگایی، پێدەچێ بە ئاسانی بتوانن وەسفی کارەکتەرێک یان وێنەیەک یان ئەزموونێک بکەن، کە لەوانەیە لە لێڤلێکی بێ ئاگایش دەنگ بدەنەوە و هەست و سۆزەکان لەناخدا بجوولێنن و بورووژێنن. ئەم جۆرە تیۆرانە لەوانەیە هانی هەندێ لە نووسەرەکان بدەن بۆ ئەوەی ڕەگەزەکانی وێنەیی/ دنیایی/ بابەتی لە کارەکانیان کەم بکەنەوە و گرنگی بەو لایەنەی ئەدەب بدەن کە دەکارێ ڕاستەوخۆ قسە لەسەر بێ ئاگایی هۆش بکا.

هەندێ لەمانە بە ئاشکرایی لە بەرهەمی ئیماجستەکان و مۆدێرنستەکان، لە سەرەتای سەدەی بیستەم، دیارە، پێویستە بشزانین کە دی. ئێچ. لۆرانس، ئەو نووسەرەی کە زۆربەی بیروڕاکانی فرۆید تیایدا ڕەنگی دابۆوە، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی زۆر گومانی لە تیۆرەکانی فرۆید هەبووە.

فرۆید بە خۆیشی ڕوونکردنەوەی نەداوە سەبارەت بەوەی کە بۆچی هەندێ بەرهەم لە هەندێکی تر چاکتر و بزوێنترن، ئەو دان بەمە دەنێ کە ئەمە نهێنی کاری داهێنانە، هەروەکو چۆن لە بارەی (دیستۆفسکی)«١٥»یەوە، ئەو نووسەرەی کە لەلایەنی ڕۆحییەوە، لە باوەڕەکانی خۆی نزیک بوو، دەڵێ:

(لە بەرامبەر کێشەی هونەرمەندی داهێنەر، پێویستە شیکردنەوە چەکەکانی خۆی دابنێ) (دیستۆفسکی و بکوژی دایک و باوک). شوێنکەوتووانی هەر زوو پازیان دا بۆ ئەو ئەنجامەی کە چاکترین و بەهادارترین ئەدەب ئەوەیە کە گرێی ئۆدیپاو ئلێکترای بە تەواوی و ڕاستگۆیی تیادا ڕەنگدابێتەوە. بەناوبانگترین بەڵگە بۆ ئەم ڕایە (هاملێت و ئۆدیپا)یەکەی ئێرنست جۆنزە (١٨٧٩-١٩٥٨) کە زۆر وروژاندنی هاوشێوە و تەریب لەنێوان شانۆنامەکەی شکسپیر و ئۆدیپاتیرانا وێنە دەکێشێ. تێگەیشتنێکی هەڵەی بەربڵاو لەژێر ئەم کاریگەرییە پەیدا بووە، ئەویش ئەوەیە کە فرۆیدییەکانی وەکو جۆنز هەوڵی ئەوە دەدەن کە شیکردنەوەی دەروونی بۆ کارەکتەرە ئەدەبییەکانی وەکو هاملێت بکەن، هەروەکو ئەوەی خەڵکی ڕاستەقینە بن، بەڵام خۆی ڕەوشەکە وانییە، چونکە هەرچەندە گرێی ئۆدیپا لە کارێکی ئەدەبی ڕەنگ بداتەوە، ئەمە نووسەرەکەیە نەک کارەکتەرەکە، شکسپیرە نەک هاملێت، سۆفۆکلیسە نەک ئۆدیپا.

وەکو ئامرازێکی ڕەخنەیی ئەدەبی، خاڵێکی لاوازی ڕێبازەکەی فرۆید ئەوەیە کە توانای فەرامۆشکردنی بەشێکی زۆری لە درێژدادڕی و تایبەتمەندییەکانی تێکستەکە هەیە. ڕەخنەگرە فرۆیدییەکان زیاتر ئەو شتە پەیوەستە گشتییانەیان دەخستەڕوو کە پەیوەستن بە ڕاستییە سایکۆلۆژییە جیهانییەکان، نەک ئادگارە تایبەتییەکان. ئەمە سەبارەت بەو ڕەخنە ئەدەبییانەش کە لە ڕکابەر و لایەنگرانی فرۆید وەرگیراون ڕاستە. بەتایبەتی دەروونناسی نەمسایی ئالفرێد ئەدلەر (١٨٧٠-١٩٢٧) و دەروونناسی سویدی سی. جەی. جونگ (١٨٧٥-١٩٦١) ئەدلەر جەختکردنی فرۆید تەنیا لەسەر سێکس ڕەتدەکاتەوە، چونکە ململانێ و

کۆششی مرۆڤ بۆ دەسەڵاتیش هێزی هاندەری سەرەکییە لە پێکهاتەی مرۆڤدا، هەروەها گرێی بوونی مرۆڤ لە چینی سەرەوە، یان خوارەوەش لە ئەدەبدا ڕەنگی داوەتەوە بە هەمان شێوەی گرێی ئۆدیپیا- جونگ بیرۆکەی ڕەگەزی (بێ ئاگایی بە کۆمەڵ)ی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەربارەی ئەفسانەکان و خەونەکان وەرگرتووە و کاریگەری زۆریشی لە هەندێ ناوەندی ئەدەبیدا هەبووە و بەکاری ئەنترۆپۆلۆژیستە کۆمەڵایەتییەکان شوبهێندراوە و بەشێوەیەک یارمەتی داوین لە باوەڕپێهێنانی بیرۆکەی هونەرمەندی ئەدەبی، وەکو (شامان)«١٦» قەشە یان قەشەی دوکتۆر، کە تەرخان کراوە و ڕۆڵی تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی تەندروستی ڕۆحیی خێڵەکە یان شارستانییەتەکە.

**پەراوێزەکانی نووسەر و وەرگێڕ:**

١- جیمس (١٨٤٣-١٩١٦) بوو بە هاوڵاتییەکی بەریتانی لەگەڵ بەرپابوونی یەکەمین جەنگی جیهانی و نیشانەی بەهاداری (The order of menit) لە ساڵی مردنیدا پێی بەخشرا.

٢- چارلز داروین (١٨٠٩-١٨٨٢) سروشتناسی ئینگلیزی، دانەری تیۆری بەرێژوچوون.

کارل مارکس (١٨١٨-١٨٨٣) فەیلەسووفی مێژوو، بە ڕەگەز ئەڵمانی، کاریگەرترین کەسایەتی بیری سۆسیالستی.

سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩) بە ڕەگەز نەمساوی دۆزەرەوەی شیکردنەوەی دەروونی (Psychoanalysis).

٣- تۆماس هاردی (١٨٤٠-١٩٢٨) ڕۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی، نووسەری (کێخوای کاستەر برینگ) ١٨٨٦ و چەندین ڕۆمانی تر.

٤- ساموێل بەتلەر (١٨٣٥-١٩٠٢) ساتیرنووس (تەنزنووس) و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئینگلیزی.

٥- نازانمکاری (agnostic) ئەوانەی پێیان وایە بوونی خواو سروشت و بنچینەی گەردوون... نازانرێ و دۆزینەوە و گەیشتن بە حەقیقەت کارێکی بێ هوودەیە -و-

٦- لە ئینگلیزیدا زۆربەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبی و فیکرییەکان بە پاشگری ism- کۆتاییان دێ -و-

٧- گورو (guru): ئەو کەسەی کە تۆ بە پێشڕەوی خۆتی دادەنێی، چ لەلایەنی ڕۆحی یان فکری-و-

٨- ڤۆلکان (Valcan): خوای ئاگر و دروستکردنی ئامرازە کانزاییەکان لەلای ڕۆمانییەکان-و-

٩- ئۆلیگاریکی (oligarchy): ئەو کەمینانەن کە بەشێوەی ناشەرعی، تەفرەدان و زۆرداری، دەسەڵات دەگرنە دەست -و-

١٠- ویلیەم بەتلەر یتس (١٨٦٥-١٩٣٩) شاعیر و دراماننووس و ڕخنەگری ئیرلەندی، بە گەورەترین کارتێکەری ڕێنیسانسی ئیرلەندی دادەنرێت، دامەزرێنەری شانۆی (Abby)یە.

١١- دیڤید هێربێرت لۆرانس (١٨٨٥-١٩٣٠) ڕۆماننووس و شاعیری ئینگلیزی، نووسەری (کوڕەکان و ئاشتەکان) ١٩١٣، (پەلکەزێڕینە) ١٩١٥، (ئافرەتە ئاشقەکان) ١٩٢٠.

١٢- بێرتۆلت برێخت (١٨٩٨-١٩٥٦) شاعیر و دراماننووسی ئەڵمانی، بەتیۆرەکانی لەبارەی پێشکەشکردنی شانۆیی ناسراو بوو.

١٣- گۆرگی لوکاکس (Gyorgy) (١٨٨٥-١٩٧١) ڕەخنەگری ئەدەبی و فەیلەسووفی مارکسی ئەڵمانی، لە ساڵانی (١٩٦٢) و (١٩٦٤) بۆ یەکەمین جار بەرهەمەکانی وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی.

١٤- جان پۆل سارتەر (١٩٠٥-١٩٨٠) فەیلەسووف و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری فەرەنسی؛ لە ساڵی (١٩٤٤) (ئەدەب چییە؟) وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی.

١٥- دیستۆفسکی (١٨٢١-١٨٨١) Fyodor Destoevsky: ڕۆماننووسی ڕووسی، دانەری (تاوان و سزا) ١٨٦٦ و (برایانی کارامازۆڤ) ١٨٧٩-١٨٨٠.

١٦- شامان Shaman: کاهینی ئایینییە سەرەتاییەکانە، بە بەکارهێنانی سحر دەیتوانی نەخۆش چارەسەر بکات و شتی نهێنی و شارراوە ئاشکرا بکات و کۆنترۆڵی ڕووداوەکان بکات-و-

**ژێدەر:**

An Introduction to Lierary Criticism. Richard Dutton.

* وەرگێڕ قوتابی ماستەری زمانی ئینگلیزییە لە کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین.

# ماڵی بەر ئاگر

## خوێندنەوەیەکی چیرۆکی «ماڵی بەربا»ی سولەیمان دڵسۆز

قەرەنی ئەحمەد ئاغایی
(پیرانشار)

بۆ ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی جیددی لەگەڵ ئەدەبیات ڕەفتار دەکەن شتێکی زۆر هەست پێکراو هەیە، ئەویش ئەوەیە: دەقی وا هەیە خوێنەران بەدوای خۆیدا دەکێشێ و ئیزن دەدات بیر لەو شتانە بکەنەوە کە لە دنیای واقیعدا لێیان قەدەغە کراوە. ئەو جۆرە دەقە ڕێگە بە خوێنەرانی دەدا ڕووبەڕووی ئەو بیرەوەرییانە ببنەوە کە ڕاستەوخۆ وەک حەقیقەتێکی گومان لێکراو لە مێشکی مرۆڤدا پاپۆکەیان خواردووە و وایان لێدەکات چێژ لە دەربڕینی حەزە دەروونییەکانیان وەربگرن، واتە ئەو شتانەی لە نەستدان لە ڕێگەی چونیەک سازی (هەمانند سازی) و دوانەبیری (هەمزاد پنداری)یەوە لە تەک نەستی دەقێک جارێکی تر سەر هەڵدەدەنەوە و مرۆڤ تا سنووری ئارامی پەلکێش دەکەن.

بەڵام هەست هەمیشە وەک دۆڵپایەک خەریکی تێکدانی ئەو ڕێگایانە بووە کە مرۆڤ هەر لەوێوە دەیتوانی گرێیانە دەروونییەکانی خۆی بکاتەوە و خۆی لە کێشە دەروونییەکان ڕزگار بکات، ئەو گرێیانە دەروونییانەی هەر لە منداڵییەوە لە ناخی مرۆڤەکاندا شکڵیان گرتووە و لەسەریەک کەڵەکە بوونە.

لە چیرۆکی «ماڵی بەربا»دا کێشەی نێوان هەست و نەستی مرۆڤ و بەتاڵ بوونەوەی گرێیانە دەروونییەکانی خوێنەر، بەهۆی نەستی چیرۆکەکە، کە وەک چیرۆکێکی تر لە پەراوێزدا دەژیت، خاڵێکی بەرچاوە، ئەگەرچی کەمتر نیگای خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەو دوو چیرۆکە هاوکات لەگەڵ یەکتردا دەگێڕدرێنەوە و کۆتاییان دێ کە ئەوەش لە چڕوپڕبوونی دوو هێمای سەرەکیی چیرۆکەکەدا شاراوەیە، «با»چیرۆکی سەرەکی یان ڕووبەر دەگێڕێتەوە و «ئاور» چیرۆکی لاوەکی یان قووڵایی.

بەر لە هەر شتێک ئەوە ڕوون بکەمەوە ئەوەی ئێمە بە چیرۆکی سەرەکی یان ڕووبەر ناوی دەبەین گێڕانەوەی چییە یان بۆچی پێمان وایە چیرۆکێکی ڕووبەرییە؟

«پێرکیرۆ» لە کتێبی «نیشانەناسی Semi-ologie»دا دوو شێوە دەلالەت لێک جیا دەکاتەوە کە دژ بەیەکن.

١- نیشانەی مەنتیقی.

٢- نیشانەی عاتیفی (بەیانی).

نیشانەی مەنتیقی بەشێوەیەکی گرێبەند، عەینی، ئاقلانە و ئینتزاعی، لە ڕووی ئاگاییەوە دەستنیشان دەکرێ و نیشانەی عاتیفی بەشێوەیەکی سروشتی، زەینی و ئیحساسی، تاڕادەیەکی زۆر لە ڕووی نائاگاییەوە هەڵدەبژێردرێ. (١)

بە بڕوای نووسەری ئەم چەند دێڕە هەڵبژاردنی «با» وەک هێمایەک لەم چیرۆکەدا بەشێوەیەکی ئاگایانە بووە، کەوابێ ناتوانێ باس لە ویستە دەروونییە سەرکوتکراوەکان بکات. هەڵبەت «با» جاروبارە ئەو



سولەیمان دڵسۆز

تایبەتمەندییەی خۆی لە دەست دەدات، بەڵام ئەو ساتانەش ناتوانێ بە تەنێ ڕۆڵەکەی خۆی بگێڕێ، بەڵکو وەک ئامرازێک خۆی دەداتە دەست ئاگر تا گڕ و بڵێسەکانی خۆشتر بکات.

«با» لێرەدا سیمبولێکە بەهۆی زانستەوە هەڵبژێردراوە، کەوابوو تایبەتمەندیی سیمبۆل ئاسای خۆی لەدەست دەدات و تا ئاستی تاکە مانایەک دادەبەزێت. با، هێمایەکە وەک داگیرکەر کە ڕەنگە لە ڕووی مەترسییەکەوە هەڵبژێردرابێت، دواتر ئەوە ڕوونتر دەکەمەوە.

با، بۆ گەیاندنی پەیامێک هەڵبژێردراوە و پەیام، چێژێک نییە کە ئەدەبییەت دەیدات بە ئێمە و ئەو شتە نییە کە ئەدەب دەخوڵقێنێ، چونکە ئەو باسە، یان ئەو پەیامە کارەساتێکە کە تەواوی کۆمەڵگا ئاگاداری هەن و دووپات بوونەوەی دەتوانێ لە ڕووی ویستێکی ئایدیۆلۆژیکی بێت. چێژ وەرگرتن و خوڵقانی ئەدەبییەت لەم چیرۆکەدا لە گەورەیی ڕۆڵی ئاگرە کە وەک چیرۆکێکی تر یان وەک نەستی دەقەکە خەریکە لە پەراوێزدا دەژیت.

ڕەنگە لە یەکەم هەنگاودا ئەم پرسیارە لەبەردەممان قوت بێتەوە کە نەستی دەقی ئەدەبی چۆن پێک دێت؟ دواتریش ئەو پرسیارە کە نەستی چیرۆکی ماڵی بەر با لە چی پێکهاتووە؟

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئایدیۆلۆژیا بۆ بەردەوام بوونی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، بێ لادان لەهیچ ڕێسایەک ئەو دژایەتی یان بەرەنگارییەی کە لەنێوان نەست و هەستدا هەیە، لەناو دەبات. بەشێوەیەک کە بۆ تێگەیشتنێکی ساناتر لە شێوە دەربڕینێکی کلێشەیی یارمەتی وەردەگرێت کە بەلای هەستدا دەشکێتەوە، کەچی دەقەکان بۆ هەمیشە ناتوانن پەیڕەوی لەو ویستە ئایدیۆلۆژییە بکەن و سەرەڕای ئەوە ئایدیۆلۆژیاش لە بەدیهێنان و هەماهەنگ کردنی نووسراوەیەکی بەم شێوەیەدا هەمیشە سەرکەوتوو نییە. دەق بیەوێ و نەیەوێ باس لەو کەڵکەڵە دەروونییانە دەکات کە ڕەنگە دژ یان بەرەنگارێک بێت لەوەی ئایدیۆلۆژیا دەیەوێت. من لە پۆلێنکردنێکی لاواز و نازانستیدا خۆتێهەڵقوتاندنی نەست لە دەقدا و لە ئەنجامدا بەدیهاتنی نەستی دەق ئا بەم شێوەیە پێناسە دەکەم:

١- خۆ تێهەڵقوتاندنی نەست لە دەقدا لە ڕێگەی وشەوە.

٢- خۆ تێهەڵقوتاندنی نەست لە دەقدا لە ڕێگەی ڕستە یان دێڕەوە.

٣- خۆ تێهەڵقوتاندنی نەست لە دەقدا لە ڕێگەی چەندین وشە و ڕستە و گوزارەی بەربڵاو لە هەمان کاتیشدا بەیەکەوە هەماهەنگ، یان بە وتەیەکی تر پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی ئەو وێنە بەربڵاوانەی کە وەک پرۆسەیەک لە پەراوێزی دەقدا بتوانین دەستنیشانی بکەین.

خاڵی یەکەم و دووەم خزینی کاتیی زمانن کە ناتوانن جێگیریی پتەوی ئایدیۆلۆژیا تووشی لەرزین و ڕووخان یان تووشی قەیران بکەن، بەڵام خاڵی سێیەم کە تایبەتمەندیی چیرۆکی «ماڵی بەر با»شە دەتوانێ چیرۆکێکی چەند توێژ و چەند لایە بەدی بێنێ. بۆ تێبینی دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە خاڵی سێیەمدا بە کەڵک وەرگرتن لە نیشانەکانی عاتیفیی دەق دەتوانێ بگاتە کامڵبوون و ڕێگە بۆ خوێندنەوەی جۆراوجۆر خۆش بکات، بەڵام ئەم پرسیارە کە لە دەقدا ئەم چەند خاڵە چۆن بەدی دێن، پێویستی ڕوونکردنەوەیەکی دیکە هەیە، چونکە دژ بەوەی ئێمە ڕەنگە بیری لێ بکەینەوە، نەست ڕاستەوخۆ ناتوانێ لەنێو نووسراوەیەکدا خۆی وەدەربخات. نەست کۆمەڵێکی پرشوبڵاوە و بە قەولی «لاکان» لە وێنەکردنی خۆیدا دەورێکی لاواز دەبینێ، ئەوەش بەو هۆیە کە ناوەڕۆکی نەست ناوەڕۆکێکی وێنەییە و لیۆرێژی وێنەیە. کەوابوو نەست بەزمانەوە

بەسراوەتەوە و ئەوە زمانە کە ناوەڕۆکی نەست لە توێکڵی هێما یان لە ڕێگەی دووپات بوونەوەوە بەرجەستە دەکات.

ئێستا پاش ئەو پێشەکییە دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە نەستی چیرۆکی «ماڵی بەر با» لە چی پێکهاتووە و باس لە چی دەکات؟ پێشتر باس لەوە کرا کە ناوەڕۆکی نەست لە ڕێگەی دووپات بوونەوە و لە قاڵبی سیمبۆل لە چوارچێوەی زماندا زەق دەبێتەوە. لە «ماڵی بەر با»دا لە ڕێگەی هێمای ئاگر و دووپات بوونەوەی ئەو باسوخواسانەی کە تاڕادەیەکی زۆر لە پەیوەندی لەگەڵ ئاگردا خۆیان نیشان دەدەن، هاتۆتە بەرهەم. بە ڕوون بوونەوەی ئەوە کە ئاگر سیمبۆلی چییە دووپات بوونەوەی ئەم کەڵکەڵە دەروونییە خۆی بەدەستەوە دەدات و ڕێگە بۆ دۆزینەوەی ئەم حەقیقەتەی کە بەدوایدا دەگەڕێین، خۆشتر دەکات. کەوابوو دەبێ بزانین ئاگر سیبمۆلی چییە؟

«با، ئاگر، ئاو، خاک» چوار ڕەگەزی سەرەکیی سروشتن. چوار ڕەگەز کە هەم ژیان دەبەخشن، هەم گیان دەستێنن. ئاور لە سەرمای سەختی زستاندا گەرمت دەکاتەوە و بووە بەهۆی دروستکردنی ئاسن کە گرینگترین ئامرازێکە لە ژیانی مرۆڤدا، دەتسووتێنێ و دەشتکات بە خۆڵەمێش.

ئاو کە تینوێتی دەشکێنێ، دەبێت بە لافاو و وێرانت دەکات. با، کە بێ ئەو هەناسە ناکێشرێ، دەبێ بە تۆفان و وڵات خاپوور دەکا. هەڵبەت یەکێ لە تایبەتمەندیی سیمبۆلەکان ئەوەیە هاوکات لە ژیان و مەرگ، چاکە و خراپە، تاریکایی و ڕووناکی دەدوێن. جێگەی خۆیەتی پەیوەندی و کۆبوونەوەی دوو دژی ئاوەها لە زەینی سووژەشدا ڕەچاو بکرێ. فرۆید دەڵێ: «تەواوی کردەوەکانی مرۆڤ لە دوو دەستەی غەریزەی ژیان و مەرگ سەرچاوە دەگرن. غەریزەی ژیان مرۆڤ بۆ لای ژیان پەلکێش دەکات کە دەسمایەکەی شەهوەت ژین مایە (زبست مایە)یە و بەشی پتری جەخت لەسەر کردەوەی جنسی دەکاتەوە، غەریزەی مەرگیش مرۆڤ بۆ لای وێرانی و خاپوور بوون پەلکێش دەکات کە بەشی پتری لەسەر کردەوەی توندو تیژی و وێرانکاری چڕ بۆتەوە.» (٢)

باشلار دەڵێ: «ئەو پارادۆکسە، دیالکتیکی تایبەت بە هێمایە بەڵام لەناو هەموو سیمبۆلەکاندا «ئاگر» لە هەموان ڕاشکاوانەتر ئەو دوو دژە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە.» وەک دەڵێت: «لە بەهەشت دەدرەوشێتەوە و لە دۆزەخدا دەسووتێت.» (٣)

ئاگر هەم لە دەروونداية و هەم لە دنیای واقیعدا. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم ئاگرە لە دەرووندا نییە ئەم چەند ڕستەیە کە لە فۆلکلۆر وەرگیراون باس لە چی دەکەن؟

**ئاورێکم بەربۆتە دەروونێ یەک لە دەروونخانێ**
**نە بەبای دەکوژێتەوە نە بە پریشکە پریشکی ڕێژنە بارانێ**
**نە بە پاچان، بە پێمەڕان، نە بە گڵ وەسەر هەڵدانێ(٤)**

سیمبۆلەکانی ئاگر ئەوەندە زۆرن کە ڕەنگە تەنیا و تەنیا نێوبردنیان لاپەڕەیەکی زیاتر پێویست بێ. هەر بۆیە دەگەڕێمەوە سەر باسی چیرۆکەکە و ئەوە کە لەو چیرۆکەدا ئاگر سیمبۆلی چییە؟

ئاگری سۆبە سیمبۆلی ئارامی و دامرکانە. بە وتەی باشلار: پەنا سۆبە شوێنێکی لەبارە بۆ خەیاڵپڵاو کردن و بۆ ئازادکردنی ویستەکان. پەنا سۆبە ئەو شوێنەیە کە «ئاور وەک ویژدان و شعووری ئەم خەڵوەتە دەدرەوشێتەوە.» ئەو ئارامییە لە چیرۆکەکەدا یەکەم هەنگاوێکە کە ژنی شێرزاد هان دەدات باس لە تەنیایی و ئارەزووی پێکەوەبوونی خۆی و شێرزاد بکات:

«ئاگری سۆبەکە کەمێک زیاد کە شێرزاد.. بای دێ.» (٥)

دووپات بوونەوەی ئەو باسە لە چیرۆکەکەدا لە چەند شوێنی تریشدا دەبینرێ، بۆ وێنە ئەوکاتەی شێرزاد شێرەی سۆبەکە بەلای چەپدا بادەدات. مۆمیش لەم چیرۆکەدا هەمان تایبەتمەندی هەیە. پەنا مۆم جوانترین شوێنی خەیاڵپڵاوکردن و داسوکنانە کە هەر کات بەهۆیەک لێک هەڵدەوەشێتەوە.. ئاگرێک کە لە لێکخشانی دوو شت بەدی بێت، سیمبۆلی مەیلی سێکسییە. لە کۆمەڵگای ئێمەشدا کاتێک دەگوترێ «ئاورم بۆی تێبەربوو» بە مانای عاشق بوون و خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر لێک دەدرێتەوە و جێگرەوەی وتەیەکی جنسییە، یان ڕستەی «گەرم داهاتووە» کە جەخت لەسەر بزووتنی مەیلی سێکسی کەسەکانە، گشتی ئەوانە ڕەگیان لەناو مێژووی دەروونناسیی ئەم نەتەوەیەدایە.

گەڕانەوە سەر مێژووی بەدیهاتنی ئاگر ڕەنگە باسەکە ڕوونتر بکاتەوە. «ژان پێر بایار» لە کتێبی «ڕەمز پەردازیی ئاگر»دا سێ شێوەی ئاور هەڵکردن لە ڕێگەی لێکخشانەوە دەستنیشان دەکات کە فریزێر ئاماژەی پێکردوون. لێرەدا تەنیا سادەترین شێوەی و ئەو شێوەیەی کە لە باسەکەمانەوە نیزیکە بە کورتی باس دەکەم.

لە ڕابردوودا بۆ هەڵکردنی ئاور دارێکی تیژ و درێژیان بە شێوەی ئەستوونی لەسەر پارچە دارێک کە دانرابووە سەر زەوی، دەسووڕاند. ئەوەندەیان دەسووڕاند تا دارەکەی ژێروو کون دەبوو، ئەوسا گەرم دادەهات و چەند پزیسکێک و ئاورەکە بە تەواوی دادەگیرسا. (٦) باشلار دەڵێ: «ئەم ئاگرە کە منالی دوو دارە، بەر لە هەموو شتێک سەری دایک و بابی خۆی دەخوات و هەر لێرەوەیە کە باسی گرێی ئۆدیپ دێتە ئاراوە.»

لەنێو کۆمەڵگای ئێمەشدا زۆرجار دێتە بەرچاو کە منداڵ بە ئاور بشوبهێنن، کە پێم وانییە لە باسەکە دوور بێت. بۆ وێنە لە ڕاست منداڵێکی بزۆز دەگوترێ: «دەڵێی ئاوری قودرەتە یان منداڵێکی ئاورتێبەربووە یان دەڵێی ئاگر پارەیە و..تاد.»

ئاشکرایە لەنێو تەواوی ئەو ئامرازانەی کە لە دنیای ئەمڕۆدا ئاگریان پێ هەڵدەکرێت، شەمچە لە هەموویان پتر ئاماژە بە لێکخشان و پتر لە هەموو شێوەکانی تری ئاگر داگیرساندن لە کردەوەی جنسی نێزیکە.

«دەستم لەو شەمچەیە گیرا کە نیوەی دەنکە سووتاوەکانم وێدابوونەوە. بێدەنگیی ژوورەکە وڵۆمی شەمچەکەی ئەوەندە زیاد کردبوو، بە خشەی هەڵبوونی، خەو یان بێداریی کوڕەکەمان لەناو جێگەدا سووڕا. خێرا ئاورێکم... خێرا ئاورێکی دایەوە و من بە پەلە چاوەکانم قووچاندن..» (٧)

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا چەند خاڵێکی بەرچاو دەبینرێ کە پێویستە لێک جیا بکرێنەوە:

١- ئەو منداڵەی کە لە تەواوی چیرۆکەکەدا بێ هیچ وەسف کردنێک خەریکە کەسایەتییەکەی دەخولقێ کوڕەکەیە و هیچ باس لە کچەکە ناکرێ.

٢- بۆ بە پێچەوانەی قسەی خەڵکی ئاپۆرە (بەتایبەت پیاوەکان) دەڵێ کوڕەکەمان و ناڵێ کوڕەکەم؟

٣- بۆ ڕاست لەکاتی هەڵبوونی شەمچەکەدا بگێڕەوە دەگۆڕێ؟

٤- دەنکە سووتاوەکان باس لە کامە ناکامی دەکەن؟

لەدواییدا پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە لە تەواوی ڕووداوەکاندا ژنەکە دەوری هەیە، واتە نەخەوتووە، پێویستە لێرەدا ئەوە بڵێم کە ڕەنگە وەڵامەکانی ئێمەش هەر پرسیار بن؛ پرسیارگەلێک کە پێویستە لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببینەوە تا شوناسی ئەو ئاگرەمان بۆ دەرکەوێ. ئەرێ بڵێی هەڵبوونی شخارتە جێگرەوەی دەربڕینێک نەبووبێ کە باس لە کردەوەیەکی جنسی دەکات؟ تۆ بڵێی بوونی منداڵێکی کوڕ و گێڕانەوە لەزمانی ئەوڕا مەترسیی بەدیهاتنی گرێی ئۆدیپ نەبێ؟

ئەو ڕووداوە جارێکی دیکەش لە چیرۆکەکەدا دووپات دەبێتەوە کە هەست دەکرێ ئەم دووپات بوونەوەیە خەریکە حەقیقەتێک دەدرکێنێ:

«بە خشەخشی کاغەزەکە کە قەڵەمەکەی لێدەخشاند، خەبەرم بۆوە..» (٨)

لێرەدا بگێڕەوە ژنی چیرۆکەکەیە، بەڵام ئەوە تەنیا و تەنیا خۆ دزینەوەیەکی ناشیانەیە و هیچی تر، چونکە ئەگەر بە وردی بڕوانینە چیرۆکەکە دەردەکەوێ لە تەواوی زەمەنی چیرۆکەکە، ژنە بەخەبەرە و ئەو قەڵەمەش لە تەواوی ئەو ساتانەدا هەر لەسەری شەوەوە خشەخشی بووە و بەهیچ شێوەیەک سەرنج ڕاکێش نییە. ئەو خۆ دزینەوەیە وەک گۆڕانی بگێڕەوەکە باشە کە تووشی ئاڵۆزی دەکا دەنا تەواوی بگێڕەوەکان بە یەکەوە هەماهەنگن و سەرەڕای هەبوونی چەند بگێڕەوە، بگێڕەوە هەر کەسێکە و بەس، دەمەوێ ئەوە بڵێم گەر بڕیارە کەسێک خەبەری بێتەوە، ئەوە کوڕەکەیە نەک ژنەکە.

لێرەدا قەڵەم و کاغەز هەردووک سیمبوڵن، بەو تایبەتمەندییەوە کە دوو دارەکەی ئاوریان پێ هەڵدەکرا. لە درێژەی گێڕانەوەکەدا باس لەوە دەکرێ کە وشەکان سپی دەرچوون، وەک ئەو دەنکە شەمچانەی کە چڵە سووتاوەکانی پێدابۆوە.

من تەنیا چەند گوزارەیەکم هەڵبژاردن و باسم کردن کە پێموایە تارادەیەکی زۆر دەتوانن یارمەتیمان بدەن تا ئەو چیرۆکەی کە پێمان وایە لە قوولاییدا دەژی، خۆی بەدەستەوە بدات، بەڵام تێبینی ئەوە پێویستە کە ئاماژەکردن بە تەواوی ئەو ڕستانەی باسی ئاگر دەکەن دەبێتە هۆی ئەوەی لە نەستی چیرۆکەکە نزیکتر ببینەوە، بەڵام ئەو بەدواداچوونە بەخوێنەران دەسپێرم. تەنیا داخم دێتێ ئەگەر ئاماژە بە دوو خاڵی تری ناو چیرۆکەکە نەکەم:

یەکەم: «چاوم لەو قڵفانە نەدەترازاند و بیرم لەوە دەکردەوە بەو نیوەشەوە بەچی لێکیان قایم بکەم.» (٩)

ئەوە گەورەترین داڵغەیەکە کە لەم چیرۆکەدا خەریکە دەگێڕدرێتەوە، ئەوە نەک هەر تەنیا باسی کردەوەیەکی جنسییە، بەڵکو گەیشتن بە ئاوێتەبوون و یەکێتییە، واتە ئاشتی نێوان نەفس و ڕۆح یان ئانیما.

دووەم: خاڵێکی تر لەم چیرۆکەدا دیاردەی «گیانبینی» (جان بینی)یە. «[با] شەوانی پاییز بە بەرچاوی کوێری خانووەکانەوە درەختەکان ڕووت دەکاتەوە، ئاوێزانیان دەبێ و ئاوسیان دەکا.» (١٠)

باشلار پێی وایە: «کیمیاگەر بەشێوەیەکی سیمبۆلیک باس لە کەڵکەڵە دەروونییەکانی خۆی دەکات و ویست و شەهوەتەکان بە زمانی ڕەمز و خوازە دەڵێتەوە. یەک لەو دیاردانەی کیمیاگەر باوەڕی پێیەتی، گیانبینییە، بڕوا بەوە کە هەموو شتێک گیانێکی هەیە، شەهوەت و ئاوێک کە دەتوانێ منداڵێ بخولقێنێ کە ئەم گیانبینییە بەهادانانە و هەر بەهادانانێکیش بۆ دنیای واقیع یان دەرەوە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێت کە بە شێوەیەکی نائاگایانە لە دەروونەوە بۆ ویستە سەرکوتکراوەکان بەها دابنێین.»(١) گیانبینی بۆ دار و با و بەهادانان بۆیان، دەبێ بەهادانان بۆ چ شتێک بێت لە دەرووندا؟ ئەو گوزارەیەش یارمەتی کامڵبوونی نەستی دەقەکە دەدات. کەوابوو دەقی قووڵایی ئەم چیرۆکە دەتوانێ گێڕانەوەی بەیەکەوە نوستنی ژن و پیاوێک بێت کە هەر جارەی بەهۆیەک بە ناکامی دەگات. ئەو ناکامییە نە تەنیا بۆ کردەوەیەکی جنسی، بەڵکو باسی پەیوەندییەکی ڕۆحیشە. ئاگر بەتایبەت ئاگری مۆم بە کوژانەوە و هەڵبوونەوەی بەردەوام و بە پەلکێش کردنی کەسایەتییەکان تا سنووری خەیاڵ و لەیەک دوورخستنەوەیان، ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێنێ. چارەنووسی ئەو دوو کەسایەتییە، چارەنووسی دوو مۆمە کە بەجیا دەسووتێن و گڕەکەیان تێکەڵ نابێت. باشلار بە وردی ئەو بابەتە شی دەکاتەوە و دەگێڕێتەوە: «لە سەدەی هەژدەدا فیزیازانێک سەری دوو مۆمی لە یەک گرێ دا تا ئاگرەکەیان تێکەڵ بکات، بەڵام ئەو تاقیکردنەوەیە بوو بە هۆی گەورەترین چارەڕەشیی مرۆڤ، چونکە ئاگری ئەو دوو مۆمە لە نووکی شۆڵەیاندا سەربەخۆیی خۆیان پاراست»(١٢) باشلار ئەو سووتانە بەم شێوەیە لێک دەداتەوە: «ڕەمزی یەکەم، ژنێکە ئاگری گرتووە و دەسووتێ، بەڵام دەبێ هەر بە تەنیا بمێنێتەوە و هیچ نەڵێ، هەروەها ڕەمزی دووەم، پیاوێکە بێدەنگ و هیچ نەوێژ کە تەنیا دەتوانێ تەنیاییەکەی خۆی بەخت بکات.»(١٣).

ئەمە باسی ئەم ئاگرەیە لە چیرۆکی «ماڵی بەر با»دا کە لە هێمای جنسی بوونەوە بەرەو ئاوس بوون و هەرمان دەچێت. ئاگر لێرەدا ئێمە بەرەو غەریزەی ژیان پەلکێش دەکات، ئەگەرچی بەردەوام ڕووبەڕووی بێدەنگی و مەرگ دەبێتەوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی لەم چیرۆکەدا بەردەوام باسی ئاگر کراوە، خوێنەر بێ ئەوەی هەست پێبکات خۆی لەگەڵ «با»دا ڕووبەڕوو دەبینێتەوە؟ ئەوە بایە کە بەردەوام داگیرسانی ئاگر لە زەینی خوێنەردا خامۆش و چەق سڕینەوە (تمرکز زدایی) دەکات و دەیخاتە پەراوێزەوە. مەگەر ئاگر باس لە چ شتێکی یاساغ دەکات کە بۆ نەستی دەق ڕانراوە؟ تۆ بڵێی تایبەتمەندیی جنسی بوونی ئەم ئاورە لە لایەک و لەلایەکی تریشەوە ویستە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەم جوغرافیا بچووکە- کە ئەم جۆرە باسانە بەکارەساتێک دەزانێ- نەبووە بەهۆی ئەم بە پەراوێزکردنەی ڕۆڵی ئاگر یان هەمان جنس؟

ئێرە شوێنێکە کە ئایدیۆلۆژی بۆ مانەوەی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دژایەتییانە بێدەنگ دەکات، بەڵام هەر ئەو لادان و هاوئاهەنگییە لەتەک ویستە ئایدیۆلۆژییەکان، وەک دوو ویستی دژ بەیەک لە دەقێکدا و کەڵک وەرگرتن لە هێماکان هونەری نووسین دەخولقێنن.

**سەرچاوەکان:**

١- پی ییر کیرو، نشانەشناسی، ترجمە: محمد نبوی، تهران، نشر آگە، چاپ دوم، ص٢٥.

٢- ریتا اتکین سون، ریچارد اتکین سون، ارنست هیگارد، درآمدی بر روانشناسی، ترجمە: دکتر حسن مرندی، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، چاپ اول، ص٣٨٧.

٣- گاستون باشلار، روانکاوی آتش، ترجمە: جلال ستاری، انتشارات توس، تهران، چاپ اول، ص٦٨.

٤- لە فۆلکلۆر وەرگیراوە.

٥- سولەیمان دڵسۆز، چیرۆکی ماڵی بەربا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٩٢)، ل١٤٥.

٦- ژان پیر بایار، رمز پردازی آتش، ترجمە: جلال ستاری، نشر مرکز، تهران، چاپ اول، ص١٨٠.

٧- سەرچاوەی ژمارە(٥).

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- هەمان سەرچاوە.

١١- پێشەکی جەلال ستاری بۆ سەرچاوەی ژمارە(٣).

١٢- گاستون باشلار، شعلە شمع، ترجمە: جلال ستاری، انتشارات توس، تهران، چاپ اول، ص٤٠.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

# مردنی ڕۆژهەڵاتییەکی تەوباوی

## خوێندنەوەیەک بۆ قەسیدەی «تونێلەکانی گومان»

ئیسماعیل حەمەئەمین
(ئەڵمانیا)

تووننێلەکانی گومان

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)

دەستێک، ئەکێشێت بە شانما،
لێوێک، بە گوێما ئەخوێنێت:
ئەو ڕێبوارەی چەشنی هەواڵێکی خێرا
بە تەنیشتتا گوزەری کرد
ڕەنگە ئێستا خۆزگەیەک لە کەللەی دابێت
لە بێزاریی و تاریکی سەفەرێکی درێژدا،
لۆکەی تەنیایی بۆ یەکتر، شی کەنەوە و
چراوگی نوکتەی خۆش.. خۆش بۆ یەک هەڵکەن
یان بیری بۆ ئەوە چووبێت
لە سووچی کافتریایەکا
بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە
وردە.. وردە لە شەکری پرسیاری تاڵدا سپیت بکات:
– تۆ خەڵکی کوێیت؟
– چەند ساڵە کەوتوویتە ئێرە؟
– ئەی بۆ ئەوەندە مەلوولیت؟
– کە بینیمیت لەبەر خۆتەوە ئەدوایت،
ئەوە کێچی چ خەمێک کەوتبووە کەوڵت؟

* * *

ئەو پێم ئەڵێ:
ئەو کیژۆڵەیەی پێش کەمێک
بە مەکرەوە سەرتاپای
لە ئارەزوویەکی عیشوەدار هەڵکێشایت
دوورنییە حەز بکات ئەمشەو
لە باخەڵی هاوسەرەکەت بتفرێنێت و
هەرچی پشکۆی حەشەریی بوونی خۆیەتی
بچزێنێت بە جەستەتا،
کێ چووزانێت، لەوانەشە بە نازەوە وتبێتی...
ئەم سەر ڕەشە هەر بۆ ئەوە چاکە
بالوولێک بێت،
پووش و پەڵاشی ساتی جارزبوونمان...
بە پەڕەی گوڵی پێکەنینێک پێ داپۆشێت
هەر ئەڕێسێت و پێم ئەڵێ:
ئەو پیرەمێردەی لە میترۆکەدا
بۆ ئەوەی پەنجە لەرزۆکەکانی
هەمیشە بەر ژیان بکەون...
خۆی بە لاسکی ناسکی یادێکییەوە ڕاگرتبوو،
من وای بۆ ئەچم،
خەیاڵی ئاوا فریبێت:
تۆ ئێستاکە لەنێو ماڵەکەی ئەوایت و

جلەکانی بۆ چاک ئەکەیت،
گۆچانەکەی ئەدەیتە دەست،
تا تەوالێتەکەی ئەبەیت و
تەپوتۆزی سەر مێزەکەی بۆ ئەسڕیت و
پێلاوەکانی بۆ ئەکەیت بە ئاوێنە،
هەندێ جاریش وای بینیبیت...
تۆ کابرایەکی بێ مەئواو
غەریبێکی خاکەسار و
ڕاونراوێکی بێ چارەیت،
ڕەنگە وتبێتیشی ئەم دەعبا عەنتیکانە
بۆچی ولاتەکەی منیان....
کردووەتە باخچەی ئاژەڵان!.
گوناهم چییە ڕۆژانە....
ژەنگ و ژاری هەناسەی ئەمانە....
بنیشێتە سەر بەفری تەمەن و
هەنگوینی ئەندێشەکانم؟
*   *   *
بە گوێچکەما ئەچرپێنێت:
تۆ ئەو پیرێژنەت بینی
لە سوپەرمارکێتەکەدا
چۆن هەوری خەستی تەماشای
بەسەرتا ڕەهێڵەی ئەکرد؟
چۆن وەک سەراب...
نەی ئەزانی لە کوێوە بینت پێوە نێت!
من ئەڵێم ئەو داپیرەیە وای زانیوە
تۆ سێبەری تەڕ و بڕی....
نیگاکانی کوڕە تاقانەکەی ئەویت
کە جەنگەکان لە شیرین خەوا لێیان شاردەوە و
بە قەیتانی پێلاوەکەشی شاد نەبووەوە،
تۆ ئەو کوتە گۆشتە نازدارەیت
کە لە سنگیان دەرهێنا و
تاکو ئێستاش جێی خاڵییە؛
دوورنییە وتبیشێتی:
ئێی زەمانە،
کردەی ئێمە و بردەی ئەم کەللە پووتانە
خوێنی ئێمە و فڕک و وڕی
ئەم دەست و پێ سپییانە
*   *   *
لە ناخەوە هەر بە گوێمان ئەخوێنێت و واز ناهێنێت:
ئەو منداڵەی تۆپەکەی لە دەست بەربووەوە و
کەوتە بەر پێت:

ڕەنگە لای ئەو،
چریسکەیەک لە میهرەبانی باوکی...
لە تەوێڵتەوە هەستابێت،
یان خەیاڵ وای هەڵگرتبێت
تۆی ڕەنگ پەڕیو
وەک دڕندەیەکی کێوی
پڕ ئەکەیت بە پەلی خۆی و یارییەکانیان و
ئیتر ناهێڵیت جارێ تر
ئاڵتوونی زەردەخەنەکانی هەڵڕێژێت؛
ئەو پێم ئەڵێ و ئەڵێ و ئەڵێ....
هەتا قووڵایی وەڕس بوون لێم ناگەڕێت؛
منیش بە چرپەیەک ئەڕژێم:
سەبرکە، کەمێک ئارامی،
ڕەنگە ئەمانە توێکڵی قسەیەکی نەستەق بن،
یان قاوغی خەونێکی بەتاڵ،
یاخود دەستنوێژێکی لە ئەزەلەوە شکاو،
کێ ئەڵێ ئەوانە هەرگیز
سروەیەک لە هەستی داون ناوی «من» بێت؟
ڕەنگە تارماییش نەبووبم؛
هیچ دوورنییە لە تەنکە هەڵمێکیش چووبم
تەنکە هەڵمێک،
نە، ئاوێنەیەکی پێ لێڵ بێت و
نە، توانای لیخن کردنی ڕوانینێکی هەبێت
نا، هیچ بە دووری نازانم،
بۆگنێکیش نەبووبم، تا هەراسانیان کەم،
گۆرانی نەشازی سەرخۆشێکیش نەبووبم
ناچاریان کەم، لێم مۆڕ ببنەوە
یان فیکەیەک، تا ئاوڕێکیان پێ بەمەوە؛
سەختە هیچیان نەبێت، هیچ
گرانە، کتێبێکی تووڕدراوی نێو گۆلاو و
جانتایەکی بەجێماوی
وێستگەی شەمەندەفەرێک و
نامەیەکی فەرامۆشکراوی بێ ئەدرێس و
زەنگی شکاوی سەر دەرگایەک بیت،
سەختە، سەخت،
گرانە، گرانە، گران.........!

مایسی/ ٢٠٠٥

-١-

بەرزان لەم قەسیدەیەدا پەنجە دەخاتە سەر برینێکی مەنفا کە لەنێوان ئیرۆسی ڕۆژهەڵاتیانە و وێنەکانی و ئیرۆسی ڕۆژئاواو وێنەکانیدا، گەمەیەکی گێڕانەوە دەکات، گەمەیەک بە زمانێکی شیعری کە لەنێوان تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆکئامێزانەوە و ڕیتمی ناوەکی قەسیدەدا بیرۆکە شیعرییەکانی خۆی تەونباز دەکات، بە کۆمەڵێک مۆزیکی ناوەوە کە بە هەموویان دەمانبەنەوە بۆ کەشیگەرایی تاراوگەیەک کە خەونەکانی ڕۆژهەڵاتییەکی خەوبینەری تێدا بەر ئاوێنەکانی گومان دەکەوێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەیەوێت لە ڕێگەی ژنێکی پڕ ئاڵۆشی ئەورووپییەوە کە خەیاڵی پڕێتی لەو سولتانە بەئاڵۆشانەی تێر نابن، ئەو پێستە ئەسمەرانەی تەنیا بۆ سەر جێگا ڕادەکەن و لەدواییدا لە پەراوێزی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا وەک کرێکارێکی بێ کولتوور، بێ شارستانیەت، بێ مەدا و دووری و تەنانەت بێ بوونی ڕوانینێک بۆ داهاتوو، خۆیان دووبارە دەکەنەوە. لە ڕێگەی ئەو فیگۆرە و پاڵەوانە نیمچە ئیرۆتیکییە زەلیلەدا وێنەیەکی دیکە پێک بهێنێت لەمەڕ ڕۆژهەڵات کە پڕێتی لە سیحر و جادوو و فەرشی فڕیوی سیندبادییەت و خەونی چل دزە و کردنەوەی توونێلە زەبەلاحەکانی ئەشکەوتی دزەکان بە وشە سیحرییەکان: دەی بکرێوە سمسم.. با ڕۆژهەڵاتییەکی خەوبینەر لەبەر قاچی ئەو نازدارە ئەوروپاییە لەنێو هەڵمی سیحردا پەیدا بێت.

ئەمانەی باسم کردن ئەو وێنانەی خەیاڵی ئەو کیژە بەئالگۆشەن کە لە بەرامبەر (منی شیعری) قەسیدەکەدا ڕووبەڕوودەبێتەوە، دەیەوێت دنیای ناوەوەی لەو سیحرە بەتاڵ بکاتەوە، لەو سیحرەی کە ڕۆژهەڵات خاوەنی نییە، بەڵام ڕۆژئاوا لە خەیاڵزەدەی خۆیەوە بۆی دروست دەکات.. ئیدی ئەو بەرەنگاربوونەوەی لەنێوان هەستکردن بە جوداوازی و سەرنجڕاکێشییە هۆکارێکە بۆ هەڵسووڕانی ڕق و سەرسوڕمان و گفتوگۆیەک کە پڕێتی لە ناماقوڵیەتکردنی ماقوڵ و بێتامکردنی لۆجیک لە هەموو مانا نەرمونیانەکانی تێگەیشتن، ئەو کیژە بەئاڵۆشە بە خۆی و خەیاڵمەزندەیی خۆیەوە دەیەوێت سیحری ئەو (منە شیعرییە) لە بەها ڕۆژهەڵاتییەکانی بەتاڵ بکاتەوە، ئەو بەرگەی لەبەر بکات کە خۆی دەیەوێت. بۆ هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی سیحری ئەوی دیکە و بەها کەسییەکانی دووبارە کۆلۆنیزە بکاتەوە لەسەر ڕێگەی خۆی. دووبارە کۆلۆنیزەی ڕۆژهەڵات ئەو هەستە قووڵ و ترسناکەیە کە قەسیدەکە لە سەرەتاوە بە هەموو پرسیارەکانی خەون و مەنفا و سێکسوالییەت گرێ دەدات.

ئەم قەسیدەیە یەکێکە لەو ترسە قووڵەی کە (بەرزان) دەیەوێت لێی نیزیک بێتەوە، لەنێوان ڕۆژهەڵات کە ماڵەکەیەتی و لەنێوان دنیای ئەو پیرەژنانەی ڕاسیست (ڕەگەزپەرستی) پەروەردەی کردوون بەوەی کە ئەوانی دیکەی بێگانە (قارچکی ژەهراوین) وەک لە دەفتەرە کۆنەکانی نازیبیەتدا هاتووە.. کیژێک کە دەوێت لەگەڵ فیگۆرە شیعرییەکەدا بخەوێت، بۆ ئەوە نییە کە ئەو پاڵەوانێکی جوانی ڕۆژەکانی خۆیەتی، یاخود دۆن جوانێکی سەر پێخەفێکی پەمەییە و نازدارە چاوشینەکان ڕادەکەنە باوەشی، نەخێر، بەڵکو تەنیا حەزێکە بۆ کردنی پیاوێکی بێگانە لە هاوسەرەکەی، لە ماڵەکەی، داگیرکردنەوەیەکی دیکەی تاکە بستە خاکە کە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، گەر باشتر لە مەبەستەکەم نیزیک ببەمەوە دەتوانم بڵێم : دووبارە کۆلۆنیزەکردنەوەی نیشتمانێکی دیکەیە.

-٢-

قەسیدەکە زۆر گرێی قووڵی ترسناکی دەروونی لە خۆدا شاردۆتەوە، هەستکردنێک بە وەستان لە لێواری بەربوونەوەیەک بۆ ناو هیچێک، کە دووبارەبوونەوەی ژیان و تاڕادەیەکیش پەراوێزبوونە لە ژیانێکی ڕاستەقینەیی نێو کۆمەڵگە، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، لە پشتییەوە وەستاوە. ئاخر تاراوگەکراو دوا کەسە لە تاراوگەی خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت، یاخود گەر بەرجەستە و قەوارەش بوونی هەبێت وەک دەرکەوتنێکی کۆمەڵایەتی، ئەوا هەمیشە ڕۆحێکی هەیە کە هەست بە هەڵواسین دەکات بە لێواری کۆمەڵگەوە، تاوەکو مردنیش خەونێک بە ژیانێک لە نێو کۆمەڵگەیەدا حەسرەتێک دەبێت بەدوویەوە.. سەیر لەوەدایە لە کاتی گەڕانەوەش بۆ نێو کۆمەڵگەی خۆی، چیدی ناتوانێت ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە بێت، کە خۆی مەزندەی دەکات. دەشتوانم بڵێم ئەوە ژیانی ڕۆشنبیرە خەوبینەرەکاندا کە تاراوگەی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن بۆ نێو تاراوگەیەکی دیکەی، فراوانتر و ساردتر و دڕەندەتر.

ئەم قەسیدەیە پرسیارێکە لە خود، ئاوڕدانەوەیەکە لە تەمەن و خێزان و نیشتمان و شوێنی مرۆکان لە ژیاندا، بەهەمان شێوەش بیرکردنەوەیەکە لە بوونێکی ترسناک کە

بەدوای لێرەبوونێکدا دەگەڕێت لە نێو ئیرۆسێکی پابەند بە خەونێکی ئاشقانە، لە زەمەنێکدا ئەشق تەنیا لە سووچەکانی شیعری کلاسیکدا نەبێت، بوونی نییە.

-٣-

دنیای ئەم شیعرە زۆر تاڵ و قورس و ساردە، بە جۆرێک هەست دەکەی کە چیدی وشەکانی وەک عیشوە و ناز و ماچ و پێکەنین ئاماژەیەک نین بۆ ئاماژەبۆکراوێکی ئەشق و موحیبەت و پاکی، بەڵکو پڕێتی لە مەکرێکی جادووگەرانەی ئەو پیرەژنانەی لە دوای ئەوەی خۆیان لە پێستی شۆخێکدا نیشان دەدەن، دەیانەوێت لە ڕێگەی پێخەفەکە پرشەبەقییەکانییەوە، دوا دڵۆپی پاکێتی ڕۆژهەڵاتیانەت لێ بچۆڕێنن، بۆ ئەوەی بە پێستێکی دیکەوە بگونجێت لە نێو ئەو کارگە گەورەیەی کە ناوی ڕۆژئاوایە.

دیارە لە هەمان کاتیشدا دیلبوونی ڕۆژهەڵاتی بە وێنەی بەهەشتێکی ئیرۆتیکانەی ڕۆژئاوا، سەرئاوکەوتنی وێنە ئیستشراقییەکانە، کە ڕۆژهەڵاتی جارێکی دیکە لە ڕێگەی خەونی پۆرنۆگرافیانەوە دووبارە بەرهەمی دێنێتەوە.. لە سەرێکی دیکەوە گەڕانەوەیەکە بۆ خەونی بەهەشتێکی ئیسلامیانە کە پڕێتی لە حۆری ڕووت و بەئالۆش، کە دەشێت وێنەکەی لە شوێنێکی ئەم دنیایە، لە ڕۆژئاوا بوونی هەبێت.. چاکتر وایە بڵێم گەڕانەوەیەکە بۆ خەونەکانی هەرزەیەکی ڕۆژهەڵاتیانە کە بە تۆبزی بە ئەکتی چەپاندن و وێنەکانییەوە پابەندن.

-٤-

لەم قەسیدەیەدا گوناه و هەستکردن بە تاوان و زمانی گێڕانەوە و پەلاماردانی شوێنەکانی ڕۆژئاوا تێکەڵی یەکتر دەبن.. ئیدی لە زمانێکی شیعری پڕ گێڕانەوەدا بەرزان هەستیار پەلاماری ڕاسیستییەک دەدا، کە ئەز بە ڕاسیستی شاراوەی ئەڵمانی، ناوی دەبەم، بەو سیفەتەی، کە شاعیر لەنێو کەشوهەوایەکی ئەڵمانیدا ژیان بەسەر دەبات، ئەو ڕەگەزپەرستییەی کە لە نیگای پڕ ڕق و ئەو تێڕوانینە بیرۆکراتیانەی فەرمانبەرەکان و لە نێوان گوتە مۆدێرنیزەکراوەکانیاندا، بە ئەدەبەوە سەرەتاتکێ دەکەن، ئاوێتەبوونێکی ئەو ڕەگەزپەرستییە پەردەپۆشەن.. لە قەسیدەکەدا ئەو پرسیارە بێ تامە لە شێوەی پرسیاردا خۆیان فۆرمۆلە کردووە کە دیوێکی دیکەی لە خۆیدا شاردۆتەوە: تۆ لە کەیەکەوە لێرەیت؟ هەر وەک ئەوەی بیەوێت پێت بڵێت تۆ کەی دەڕۆیتەوە.

- ٥ -

هەموو دەقێکی داهێنەرانە خاوەنی مێژوویەکی خۆیەتی، خاوەنی ئاوتۆبیۆگرافیایەکی خۆیەتی،کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕابردووی ناکرێت هەڵبسەنگێنین، زنجیرەیەکن لە ئەزموون و تێڕامان و بیرکردنەوە، درێژ دەبنەوە تاوەکو دوا هەناسەی نووسەر. بە هەمان شێوەش پرۆسەی خوێندنەوەی تێکستەکانیش هەمان بیۆگرافی خۆی هەیە، هەندێک تێکست هەیە سەرەتا سەرنجمان ڕاناکێشێت، بەڵام کاتێک لە ئەزموونێکی ژیانماندا و لە تەمەن و زەمەنێکی دیکەدا هەمان تێکست دەخوێنینەوە، زۆر مانا و وێنە و بیرۆکە و بیرکردنەوەی دیکە دەدۆزینەوە، کە لە خوێندنەوەی یەکەمدا تێپەڕمان کردووە، هەروەک ئەوەی ئێمە گەورە بووبێتین، یا وەکو لە پڕ کەوتبینەتە نێو چاڵێکی دیکەی ئەزموون، کە لەوەوپێش بە سەریدا لامسەلایی بەلایدا تێپەڕبووین.

ئیدی تێکستەکان لە دوای لەدایکبوونیان بە جودا لە هێلانەی نووسەرەوە باڵەفڕە دەکەن بۆ نێو ئاسمانێکی بەرینتر و بێ ئامانتر، بەڵام ئەمانە هەمووی لە چرکەساتی داهێنانداندا لەدایک دەبنەوە و تێک دەشکێن و دیسانەوە لە نێو پرۆسەی خوێندنەوەدا خۆیان فۆرمولە دەکەنەوە و لەدایک دەبنەوە.. وەک خانەی زیندوو ئاوەهان کە تێکشکان و دووبارە لەدایکبوونەوە لەخۆ دەگرن، خۆیان زیندوو دەکەنەوە لەنێو مانای نوێدا و مانای دیکە بەرهەم دێننەوە. لێرەوە چرکەساتی داهێنان چرکەساتی (پێچێکی مەعریفی)یە، کە تێدا خۆی دادەبڕێنێت لە شێوازی ئەو دەقانەی لەوەوبەر بەرهەم هاتوون، جۆرێکە لە کۆدێتایەکی مەعریفی بەسەر هەموو ئەو سوستێم و شێوازەی لەوەوبەر دەقی بەرهەم هێناوە.

دیارە قەسیدەی نوێ کە بە (پەخشانە چامە) ناودەبرێت، گەردوونێکی کراوەترە لەبەردەم نەوەی شیعری کوردی بەتایبەت (نەوەی جەنگ)، کە بەرزان یەکێکە لەوان، بێگومان قەسیدەی نوێ لەخۆڕاوە نەهاتووە، وەک هەندێک بە هەڵە مەزندەی ئەوە دەکەن کە پەخشانە چامە پێوەندی نەماوە بە کلاسیک و پرەنسیپە کلاسیکییەکانی شیعری پێشەخۆی، بەپێچەوانەوە دابڕانە مەعریفییەکان لەخۆڕا نایەن و ڕەگەکانیان لەنێو ئەزموونێکی دوورودرێژدا داکوتاوە، ئەزموونێکی خوێندنەوە و ژیان و داهێنانن، هەموو ڕستە درێژەکانی قەسیدەی نوێ دەبێت لە پشتییەوە شاعیرێک وەستابێت کە کلاسیکییەتی شیعری لە ئەزموونی خوێندنەوەی خۆیدا خەملاندبێت، لە پشت قەسیدەی نوێ بنەماکانی

کلاسیکییەت ئامادەبوونێکی هەمیشەیی هەیە و ئەوانەی خاوەنی بنەماکانی کلاسیکییەتی شیعری نەبن ناتوانن قەسیدەی نوێ بەرهەم بهێنن. لێرەوە دەمەوێت بچمەوە سەر پێچە مەعریفییەکانی شیعر و مەعریفەی شیعری و ئەو ئەزموونی بیرکردنەوە شیعرییە پێناسە بکەم کە لە بەرامبەر جیهاندا وەستاوە. ئەم پێچە و دابڕانە بەردەوامییەکی دیکە لە داهێنان بە شێوازێکی دیکە.

بەرزان ماوەیەکی زۆرە دەنووسێت، ئەزموونێکی دیاری هەیە و لەم ساڵانەی دواییدا زۆر ئەزموونی شیعری نوێی ئەومان خوێندۆتەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە کە زۆر جار قەسیدەیەک، چیرۆکێک، یان هەر دەقێکی داهێنانی دیکە بێت، لەپڕ بە شێوازێکی دیکەوە خۆی دەکات بە کۆڵانێکی دیکەدا و ڕێگەیەکی جیاوازتر دەگرێتەبەر وەک لە ڕێگەی جارانی، بە هەمان شێوە ئەزموونەکانی ئەم دواییەی بەرزان لەسەر ڕیتمێک و ڕێگایەکی داهێنانی دیار و ئاشکرابوون، زیاتر خودێکی شیعری بوو کە ئازار، ئەشقی پلاتۆنی، حەسرەت، تێرامانی ڕۆمانسیانە، سۆزدارییەکان قەسیدەی ئەویان شێوەزا کردبوو بەشێوەکانی خۆیان، بەڵام لەم تێکستەدا بەرزان هەموو ئەوانە بەجێ دەهێڵێت، ئیقاعی شیعری دەرەکی بەجێ دەهێڵێت، دیسپلینە کۆنەکانی خۆی جێ دێڵێت، بە جۆرێک تەواو جیاواز خۆی لەبەردەم ڕێگەیەکی نوێ دەدۆزێتەوە کە پێدەشتەکانی نەزانراو و نەدۆزراوەن، ئیدی لێرەوە دابڕانی مەعریفی شیعری هەست پێدەکەین، زمانی گێڕانەوە و ڕستەی درێژ، دەرچوون لە ڕیتمێکی دێرینەی خۆی، گفتوگۆ و بوونی فیگۆری بەرجەستە و ڕایەڵکردنی بیرکردنەوە لەنێو دەقە شیعرییەکەدا، کاراکتەری جیاوازی قەسیدەکەن. ئیدی قەسیدەکە لە خودێکی سۆزدارەوە باز هەڵدەداتەوە نێو خودێکی بیرکەرەوەی شیعری، کە ئیدی بیرکردنەوە بەشێک بێت لە لۆجیکی ناوەوەی قەسیدە.

– ٦ –

بەرزان لەم قەسیدەیەدا لە مەنفا و گفتوگۆی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات نێزیک دەبێتەوە، هەر وەک ئەوەی تازە هەستی بەوە کردبێت کە ڕۆژئاوا کاری بەردەوامی ئەوەیە، هەموو ڕۆحە ڕۆژهەڵاتییەکان دووبارە کۆلۆنیالیزە بکاتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو دەیەوێت شوێنای شاعیرێکی پڕ خەونی ڕۆژهەڵاتی لەنێو میترۆ و ژیانی قەرەباڵغ و بێ کاتی و تێپەڕبوونی زەمەن بەپێی ئەو سوستێمە خێرایەی پابەندن بە پرۆدۆکت و بەرهەمهێنانی خێراو قازانج و دەستەکەوتەکان، لەنێو ئەم قەرەباڵغییە ڕۆژئاوا تێروتەسەلە بە هیلاکی خۆی لەنێو خوماربوون بە بەرهەمهێنانی شتومەک و کڕینی شتومەک و پڕوپاگەندەی مۆدێل و ڕیکلامی خواردنی خێراو بۆدرەیەک کە زەمەنی گەنجێتی پێست دەگەڕێنێتەوە بۆ جوانترین بریقەی خۆی، لەنێو ئەم هەرایەدا کە پڕێتی لەو درزی مەمکە ڕووتانە و تەنوورە کورت و لاقە درێژانەی ئەو مێیانەی کە دوور لە پەردەپۆشی مێینەیی خۆیان قووڵتر و قووڵتر دەکەنەوە لە بەرامبەر شەهوەتێکی ئیسلامیانەی چەپێندراو، لەنێوان ئەو کوتانەی سەر پێست کە تۆزێک لە سەروو سمتەوە خواردەبێتەوە و دەردەخرێت بۆ ئەوەی بە تەماشا بڵێت من بەشێکی دیارم لە شاردنەوەیەکی بەچێژ.. لەنێو ئەم گەمەی چێژ و کڕین و خێرایەدا، (منی شاعیر) خاوە و تەماشاکار و نابەشدار و پەراوێزە و دەیەوێت شتێک بڵێت بە کیژێک کە کۆرپەیی بوونی ڕۆژئاوایە و لە سووچێکی کافتیرایەک لەگەڵیدا دانیشتووە، نەک لەبەر ئەوەی ئەو شاعیرە و هێزی ڕاکێشانی مێینەیی هەیە بۆ ئەوەی وەک زەمەنی ڕۆمانسییەت پێکەوە لەگەڵ خەونە شیعرییەکاندا بچنە سەر جێگای ئالۆشەوە.. بەپێچەوانەی هەموو ئەمانەوە کیژەکە نەهاتووە بۆ ئەوەی گوێ بگرێت، بەڵکو هاتووە بۆ ئەوەی ئەو دووبارەکردنەوەی وێنەکانی خۆی بەسەر ئەوی تەوباویدا هاوکێشەساز بکات، ئەوێکی تەوباوی لە یۆتۆپیاکانی بکات و جارێکی دیکە لەسەر ئەو شێوازە پێکهاتەکانی پێکەوە نێت کە خۆی دەیەوێت، نەک ئەوەی کە خۆی هەیە و وەک ڕیالێک بە گۆشت و خوێنەوە لەبەردەمیدا دانیشتووە.

ئیدی کۆرپەیی بوونی مۆدێرنە لە بەرامبەر خەون و یۆتۆپیا و پرسیاری ڕۆژهەڵات و لامسەلایی بەلەزەتی ڕۆژهەڵاتیانەی ژیان و بوونی قەرەباڵغییەکی دوور لە ماتماتیزەبوونی ژیانی مۆدێرن، هەردوو جیهانبینییەکان تێک دەئالێنێت و سەرجەم ماناکانی دیکەی قەسیدەکە بەرهەم دێنن، ئیدی لەقەسیدەکەدا مۆدێرنە، مێیینەکەی بەئالگۆشە و لەژێر ناوی مۆدێرن بوون هەموو شتێک دووبارە دادەڕێژێتەوە، دارشتنێک، (هابرماز) لە گوتارێکیدا بە ئەقڵانییەتێکی ترسناک ناوی بردووە.

**٢٥ مایسی ٢٠٠٥**



# نامەکانی مەسعود محەمەد

**ئا: حەکیم کاکەوەیس**
**(سوێد)**

**(٣ – ٣)**

ئەگەر نووسەر بمرێ دەمرێ، ئەگەر لە نووسین کەوت دەمرێ، ئەگەر خۆی سووک کرد دەمرێ، ئەگەر ڕای خۆی بفرۆشێ دەمرێ، ئەگەر دووڕوویی کرد دەمرێ و ئەگەر جنێوفرۆش بێ دەمرێ. خۆ ئەگەر لە یەکێ لەمانەدا، جگە لە حاڵەتی یەکەم، نەمرد، دەبێ خوێنەران بیمرێنن، دەنا بەخۆیان دەمرن.

**«مەسعود محەمەد»**

ماموستای گەورە و خۆشەویست، بەڕێز کاک مەسعود
دوای عەرزی سڵاو، هیوای لەشساغی و خۆشیتان دەخوازم.

چەند ڕۆژێ لەمەوبەر، نامەی ١٩ / ١١ / ١٩٩٤تان سەهۆڵبەندانی شاری (یێڤلە Gävle)ی کردمە گوڵزار و بەهار. وەڵامەکەیم نووسی و چاوەڕێی دەرفەتێ بووم بەشی دووەمی قەواڵەکانی هەورامان کۆپی بکەم و بیکەمە هاوڕێی. ئەمڕۆش نامەی ٢٥ / ١١ / ١٩٩٤تان گەیشت و گەلێ لە ناوەڕۆکی نامەکەمی پووچاندەوە، بۆیە وا پەنا بە خوا ئەم نامەیەی لە جێدا دەنێرم.

کە باسی کۆمەدینەی لای چەپی قەرەوێڵەکەتان کردووە – نامەکەی منی لە سەر بووە – ئەو فیلمە دۆکیومێنتەم بیر کەوتەوە کە جەنابتی پێشان دەدا: ماموستای گەورە، کلێتەیەکی لە سەر بوو، بە ڕۆبێکەوە لە سەر قەرەوێڵەکە، چوارمشقی دانیشتبوو و دەوروبەری کتێب و دەفتەر و شتی تر بوو. پێم وایە لە (شخصیات عراقیە)دا ئەوەم دیت... وەک دیمەن، ئەوەم بە لاوە زۆر جوان بوو بۆیە بیرم ناچێتەوە.

ئەو (عەقد) و شایەدی و مەرج و مەرجکارییانەی کە لە قەواڵە کۆنەکاندا هاتوون، بە بێ دوودڵی دەڵێم لەم (هەیبەڵێ)یەی ئەمڕۆ چەندین جار چاکترن. دەستوور و سنوور و مەرج هی هەرکێ بن، پێم وایە لە بزووتنەوەی عەشوائی ئەمیبەیی بێ سەر و بەر چاکترە، بە تایبەتی کەس نەزانێ کامە تاشەبەرد ئەنجام و ئامانجی خۆپێداکێشانێتی. خەڵکانێک ئەو دەمە، ئەوەندە بە دەستوور و سەلیقە بن، بۆ دەبێ لە بری بەرەوپێشچوون سەد فەرسەخ دوابکەون؟.

نازانم مێژووەکەی (مەردوخی)تان دیوە یا نە. لە لاپەڕە (٩٣)ی ئەو کتێبەدا شیعرێک هاتووە، لە ناخەوە هەژاندمی هەرچەندە لە سەر باوەڕی نەیارەکانیشیانم. پێم خۆشە بۆ دڵنیایی دەقەکەیتان بۆ بنووسم:

**هورمزگان ڕەمان ئاتیران کوژان**
**وێشان شاردەوە گۆرە گۆرەکان**
**زۆرکار ئارەب کرتە خاپوور**
**گەنا و پاڵە هەتا شارەزوور**
**شینۆ کێنگان وەدیل بشینیا**
**مێرد ئازا تای ژە هوێنیان**
**ڕەوشت زەردەشت مانەوە بێ کەس**
**بەز بیکار نیکا هورمز و هویچکەس**

من بڵێم چی کە خەڵکی بەر لە هەزار ساڵ توانیویانە ڕاستەوخۆ دەردی خۆیان دەربڕن کەچی (بلیمەت)ی ئەمڕۆمان باسی کۆریا و دیوی ئەودیوی کێوی قاف بکات، کەچی بن پێی بە سووتماککراوی خۆی فەرق نەکات.

ماموستا گیان: من گلەییم لە نووسینی وردتان نییە و زۆر چاکم پێ دەخوێندرێتەوە. گلەیی من لەو کارگەیەیە کە قاقەزەکانی دروست کردووە... خەتی کاغەزەکە لە یەکەوە زیاد لە پێویست نزیکن و خۆزگەی ئەوە دەخوازم ئەو خەتانە کەمێ خۆیان لە یەک دوور بخەنەوە. جگە لەو گلەییە، گلەیی هەرە زۆری من لە چاوی خۆمە... مەگەر هەر مام هێمن زانیبێتی باسی کەمحوکمیی چاو بکات!.

هیوادارم خودا پشتوپەناتان بێ و زوو بتوانی ئەو هەڵانە ڕاست بکەنەوە کە پەڕیونەتە توێی (گەشتی ژیانم) و مەودای ئەوەش هەبێ هێندێ مەتەڵی لێ ئاشکرا بکرێ و بکەونە بەر دەست.

لەگەڵ ئەم نامەیەدا، بەشی دووەمی (قەواڵە کۆنەکان...)تان بە جیا بۆ دەنێرم و ژمارەیەکی تری (سروە)ش. نازانم (سروە)کەی دی گەیشت یا خێر... لە نامەکاندا باسیان نەهاتووە.

پێم خۆشە ماموستا مەسعوود هەر وەک قوتابییەکی خۆی تەماشام نەکات، بەڵکو لایەکی باوکانەشم لێ بە لادا بکاتەوە و پێم بڵێ چ پێویستییەکی هەیە. زۆر مافی باوکی خۆمم لە سەرەو بێ هوودە هەوڵ دەدەم تۆڵەیان بکەمەوە. ئەی مافی ئێوەم بە سەرەوە نییە؟.

زنجیرە گوتارەکانی (العراق)م خستوونەتە دەفتەرێکی تایبەتییەوە و داخەکەم یەک دوو کەلێنیان تێ کەوتووە. ئەهلی چاپیش، جار و بار بە کەیفی خۆیان کردووە...

هیوای لەشساغی و سەرکەوتنتان دووبارە دەکەمەوە و خودا یار و یاوەرتان بێت..

**برابچووکتان**
**حەکیم**
**٨ / ١٢ / ١٩٩٤**

کاکە حەکیم
لە ئێستاوە ساڵی نوێی دوای چەند ڕۆژێکت لێ موبارەک بێت، مانیع نییە لە منیش موبارەک.

ئەمڕۆکە نامەی ٨ / ١٢ / ١٩٩٤ت گەیشت هەروەها گۆڤاری سروە.. هەرچی پێشتریش ناردووتە و ناویانت بردووە لە نامەکانت هەمووی گەیشتووە: لە بارەی قەبالەکانی هەورامانەوە و ئەو برە شیعرەی

تێچینی نامەی تازەت کردبوو بیروڕای جودا و لێک دوور هەن. ئەو قەبالآنە بە ئاسانی ناکرێنە ماڵی کورد. زمانێ پێی نووسراوە خراوەتە بەر نیگای گەورەترین کۆنەخوێن و نامەکانی جیهانەوە.. کوردیش لەو دەمەی ئەشکانییەکان فەرمانڕەوا بوون نە دەسەلاتی لە دەستدا بووە نە هیچی لێ بەجێ ماوە لە نووسین و کەلەپووری وەک نەقشی زەق و ئارایشتی دەوری جام و قاپ و نگێن و نازانم چی. پێی ناوێ بڵێم لە خۆوە دیارە نووسینی سەربەخۆی نەبووە هەر نەشیبوو هەتا سەردەمە تازەکانی خۆناسینی ئەویش بە پیتی عەرەبی یان لاتینی. ئەوەی بەهاراوی ئەو قەبالآنەوە ڕۆشتووە گۆیە زمانەکەی کە بە کوردی لەقەڵەم بدرێت پەهلەوییە کە زمانی پارثەکان - ئەشکانییەکان بوو خۆت دەزانیت (پەرثەوی) بۆتە (پەهلەوی) وەک من لە کتێبانم خوێندۆتەوە.. شیعرەکانیش لە گوماندان چونکە چ نموونەی دیکەی متمانەبەخش لە کوردی بەر لە ١٣٧٠ ساڵ لە دەستدا نییە ئەم شیعرەی پێ بگیرێت: هەتا دەتوانین بڵێین ئامرازی ناساندن (تعریف)ی ئەوسا هەمان (ەکە - ەکان)ی ئەم سەردەمە ناسراوانەی ئەمڕۆکە بوو لێکۆڵینەوەیەکی خەستوخۆڵی دەوێت.. بۆ دەبێ شێوەی کوردی ئەو سەردەمە کۆنە چ وێچوونی نەبێ لەگەڵ شێوەی بابان، سۆران، موکریان، کرمانجی سەروو تەنها خزمی شێوەی هەورامی بێت؟ زۆریشم بیستووە هەورامی لە پەهلەوییەوە نزیکە تەنانەت قوتابی کوردی هەورامانی زمان لە هەوەڵ خوێندنی دەرسی سەر بە زمانی پەهلەوی [لە زانکۆیەکی ئەمەریکا] بە ڕەهایی ئەغڵەب وشەکانی نێو کتێبی ئەو دەرسەی زانیبوو - بە هەرحاڵ، جارێ بڕیاردان لە سەر ئەو مەسەلانە [بە پێی ئارەزۆی کورد] کاتی پێ دەوێت..

پێداچوونەوەی گەشتی ژیانم ماوەی هەرە زۆری بریوە.. ئێستا خەریکم لە سەر تەکلیفی مامۆستا شاکەلی و هەڤالآنی (من هموم الحیاة) وەردەگێڕمە سەر کوردی.. ئەمما های گرانە و نە گەمە، بەلآم پێی دەوێرم. لەو دوو سێ ڕۆژەی ڕابردوودا ٧ - ٨ لاپەڕەیەکم تەرجەمە کردووە ڕازیم لێی. ویستم تەکلیف لە یەکێکی شارەزای عەرەبی و کوردی بێت بکەم ئیشەکە بە ملەوە بگرێت چونکە لەو بەینانەدا مەشغەڵەتی سەر بە نووسین و سەقافەت و نامەنووسین و شتی ئەوتۆیی مەیلەو بێ وەقتی کردووم بەلآم وەرام هەر ئەوە بوو کە دەیانگوت: بە خۆت نەبێ بە کەس ناکرێ.. ڕەنگە ڕاستیشیان کردبێ. تۆ بڵێ ئەم عیبارەتە (و من تحصیل حاصل القول ان الشرق الاول والاجل للابوه هو تحقیق مقتضاها من زیادة الایمان بمطلق الرحمة و مضاعفة الکره لمطلق العدوان) چ قاڵبێکی کوردی بە خۆیەوە دەگرێت؟. یان ئەم دێڕە: (تمتلئ الجوانح بالطمانینة والرضا و تنبسط ملکوت الحق والجمال الى مدى تنقطع دونه قابلیة انبساط الذات على مقاسه) ئەممانە نموونە بوون لە هەوەڵ بابەتی لە سێ بابەتی ناو کتێبەکەیە لە ژێر سەرناوی (حوار غیر متکافئ مع الحرب) پەنا بە خوا! دەزانم ماندووم دەکا بەلآم کۆڵم پێ نادات.

ئەوەی بە (شخصیات عراقیة) دێتەوە یادت پێی دەگوترا (سیرة و ذکریات). ڕێکخەر و بەرپرسی بەرنامەکە لە هەوەڵ سەردانی لێم گوتی دوو ساڵە ناوی تۆم لایە.. ئەم جارەیان لە هەورازەوە سەفارش کرا کە لەگەڵت بدوێم و هەرچی دەشێلێی قەبووڵە.. بەرنامەکە یەک سەعاتی بوو، وتوویژمان ٣٥ دەقیقەی لە سەعاتێک پتر خایاند بەلآم هەر سەعاتێکی لێ بلآو کرایەوە.. سەیر ئەوە بوو ٧ مانگ و ڕۆژێکی پێ چوو ئنجا بلآو کرایەوە.. شەوی بەرنامەکە هەر ئەوەندەی بەرنامەکە کۆتایی هات تەلەفۆنات دەستی پێ کرد بۆ ماڵەوەم لە بەغدا و دەرەوەی بەغداش.. سەرۆک کۆمار ئەمری بە وەزیری ئیعلام کرد بێتە لام لە وەکالەتی ئەو، چ ئیشێکی هەمبێت بە تایبەتی لە لایەن نووسین و چاپکردن و ئەو شتانەوە.. ئەو دەمە دوو کتێبم لە ژێر چاپ بوو ٥ - ٦ هەزار دیناریان مەسرەف بوو وەزارەتی ئیعلام بە خۆیەوە گرت. بەر لە چەند ڕۆژێک لە لایەن تەلەڤزیۆن پەیوەندیم پێوە کرا بۆ دیدەنییەکی ئەدەبی لەگەڵم بدوێن.. ڕۆژی وەعدە نەختێک ناساغیم هەبوو نەمتوانی بۆی بچم ڕەنگە بەم نزیکانە بە سۆراغییەوە بێنەوە [وەک کە پێم گوتراوە]ناوێکی باوک و ئەولادەتیت هێنابوو: من هەتا ئێستاش کە کوڕی دووەمم سیی ساڵییە مووچانەی دەدەمێ، ئەو لە هەولێر من لە بەغدا بەخێر ئەگەر پەڕوباڵت لێ ڕوا و پەڕەوازە بوویت چ قەیدی هەیە وەکو چۆلەکە دەنکە تۆوێک، دانە گەنمێک بخەیتە دەممەوە.. شوکرێ ئێستا لە بەغدا نەفەرێک کەباب گەیشتە ٣٥٠ دینار. سوالکەر بە ٢٥ دینار ڕازی نییە. مانگانە حکومەت بژێوێکی مناسب دەدات وەک خۆراییی بێت ١ / ١٠٠ی نرخەکەی وەردەگرێت یان کەمتریش خەڵقەکە بەوەوە دەژیت.. نەوت و گاز زۆر هەرزانە.. کارەبا لە چاو حاڵ مەیلەو بەلاشە. ئاخر قەسیمەی کارەبا مەسرەفی ٥٨ ڕۆژی هاوینە ٣٤,٥ دینارە. دەڵێن نەختێک گرانتر بووە. ئەمما هێلکەی تەرەس تەبەقی ٣٠ هێلکەیی بە ١٣٠٠ دینارە یان پتر.. گۆشت لە کەبابەکەوە دیارە زۆر گرانە. تەلەفۆن ئەگەر

لەگەڵ دەرەوە قسە نەکرێ هەرزانە. مەعاشی تەقاعودیم دەوری ٢٨٠ دیناری مانگانەیە. نووسین بە نرخیڕا دیارە بێ حورمەتە. لەگەڵ من تێبینی دەکەن. جەریدەی (العراق) بۆ ئەو چوار کورتە نووسینەم ١٥٠٠ دیناری مانگانەی داناوە کە بە لای کەمەوە دوو هێندەی مزەی نووسەری دیکەیە کە کاتی خۆی ١٥٠٠ داندرا بە لای کەمەوە ٤٥٠٠ دیناری ئێستاکەی دەگرتەوە. خولاسە دەیگوزەرێنین. برادەرانی ئەوروپا لە پاداشتی نووسینم یارمەتیم بۆ دەنێرن بێ ئەوەی من لە سەرەتاوە داوای شتێکم کردبێت.. . ئێستا باری گوزەران گۆڕاوە: نووسینێکی ناچارم بکات دوو مانگ و سێ مانگ پێوە خەریک بم، بێ یارمەتی، پەکی بەشێکی بژێو و مەشغەڵەتم دەیەخێت چونکە کاری دیکەم پێ ناکرێت لەگەڵ ئەو مەشغەڵەتە... نەکەی ئەم قسانەم بە ئاه و نزا وەربگریت: حەقیقەتێکە و مناسەبە هێنایە ناو نووسینەوە.

خەتەکەم و مەودا تەسکی نێوان دێرەکانم لێم بوون بە شەقڵ. ساڵە و ساڵ بە پێی قووڵ داگرتنی بیرکردنەوە و وردتربوونەوە خەتیشم ورد دەبێت. بڕوا بکە ئەگەر زۆر لە خۆم بکەم بۆ درشتکردنی پیتەکان نووسینەکەم زۆر ناقۆڵا [لە لایەن واتا و داڕشتنەوە] دەردەچێت. جاران وەها نەبووم: هەندێ نوسخەی کۆنە نووسینم ماون دەڵێی بە قەڵغەت باوکی نووسینی ئێستاکەمن. بە هەمەحاڵ دەروەستی تەبیاتی خۆم نایەم.

قسە درێژی خایاند. لە بەر مەشغەڵەتی تەرجەمە و نووسینی دیکەی ناچاری، لە سەرەتاوە نیازم بوو بە کورتی وەرامت بدەمەوە. قەیدی نییە تەحەممولم بکە.
ئەو شارەی Gävle کە تۆ بە حینجەی خۆمان (یێڤلە)ت لێ کردووە بە ناو من هەر بە (گاڤل)م دەخوێندەوە. پێم بڵێ Norrköping و Nyköping چۆن دەخوێندرێنەوە. من زۆر حەز لە سەیری خەریتەی ڕێکوپێک بە تەفصیل و نفووسی شارەکان و ڕێویان و هەموو سەروبەرێکی دەکەم. ئەتڵەسی Britanica م لایە جگە لە یەکێکی کۆنتر کە فەرقی نفووسی ئەو دوو دەمی خەریتەکان بە دەستەوە دەدەن. گەلێک وردە حیسابی لێ هەڵدێنجم [لە بەریتانیکا] تەنانەت لە تێبینی ئەو ڕێگە شەمەندەفەرانەی کە لە زۆر شاری ئەفریقادا بە ناتەواوی ماونەتەوە ئاشکرایە کە ناتەواویەکە هی استقلالی ئەو وڵاتانەیە هەتا ئەوروپایی لێ بوون ئەو پرۆژانە لە پێشکەوتندا بوون.. شارێکی وەکو کەلکەتەی هند ١٦ خەتی شەمەندەفەری لێوە دەڕوات هیچ نەبێ ١٢ی هی زەمانی ئینگلیزە ئەگەر هەمووی هی ئەوان نەبێت.. خولاسە.. !

با لێرەدا مالاوایيت لێ بکەم شەوم گەیاندە ١,١٥ی دوای نیوەشەو دەبێ خەریکی چوونە ناو نوێن و موتاڵای شەوانە ببم.. لەو بەینە زۆر شەوان هەتا مەلابانگدانی سبەینە بەخەبەرم نان دەخۆم ئنجا دەنووم.. دیارە نانی ئەو دەمە کەسی دیم لەگەڵدا نییە بە شەریک بێت، لەزەتیش لە پێوە خەریکبوونی دەبەم کە هەمووی بە ئارەزۆم دەبێت نەک ئارەزۆی غەیر. ئیتر بە خەیاڵی هێلکەی کوڵاو و ماستی (البان) و شیرەمەنی دیکە و نەختێک گۆشت (ڕەنگە شفتە بێت) وێڕای کوپە چایەکی خۆماڵی کە لە هاوینی پارەوە هێندەم لەگەڵ خۆم لە هەولێرەوە هێنا، هەمووشی تۆچای پەسند، تا ئێستاش بە دەم حصەی حکومەتەوە دەوام دەکات.. بەو خەیاڵەوە سلاوی دوایینم تێکەڵ بە ملچەملچی خواردنی کوردانەم دەکەم بەڵکو تامەکەی لە مەلاشووی تۆش بگەڕێ.. عافیەتت بێت.

**لە براتەوە**
**مسعود محمد**
**٢٦ / ١٢ / ١٩٩٤**

مامۆستای گەورە و خۆشەویست، بەڕێز کاک مەسعود.

ساڵی نوێ لە ئێوەش پیرۆز و هیوادارم ساڵی خۆشی بێ. نامەی (٢٦ / ١٢)ی پارتان حەڤدە ڕۆژی لە ساڵی نوێ تێپەڕاندبوو ئەوسا گەورەی کردم و بە گەشکەوە پێشوازیم لێی کرد. هێندێ فەرموودەتان بزەیان دەخستە سەر ئەو لێوانەم کە بە دەگمەن بزە دەکەن. هێندێکیان خەمبارانیان کردم و سەرجەمیشیان وەک هەمیشە زانیاری دەگمەنیان پێ بەخشیم. بزەم بۆ ئەوە بوو کە ویستووتانە تامی نانخواردنی بەیانیتان بە مەلاشووی منیش بگات و عافیەتم بێ.. یا خوا لە گیانتان خۆش بێ و عافیەتتان بێ. هەرچەندە شەش حەوت ساڵێک دەبێ تەرکی چایەخواردنەوەم کردووە و لە ڕوو دانەمێنم بە لایدا ناچم، بەڵام بۆنی ئەو چایەی کە دەستتان کەوتووە ئارەزووی چاخواردنەوەم دەبزوێنێ. خەمم بۆ ئەوە بوو کە مەعاشی خانەنشینیی مانگێک یەک نان و کەبابی پێ نەیەت. دیارە دەبێ هەر کەبابچی کەبابی پێ بخورێت!. لە شام، کابرا دەیگوت: مانگی هەشت سەد لیرە مووچەکەمە و هەزار بە کرێی خانوو دەدەم. (حەمە شێت گوتەنی) ئەڵڵا بەرەکەتدا دووسەدی دەمێنێ. حەمە شێت هێلکەیەکی بە شەش فلس دەکڕی و دەیدایەوە بە عانەیەک و دەیگوت: ئەڵڵا بەرەکەتدا دوو فلوثی تێدایە.

سەری لە (طرح و جمع) دەردەچوو بەڵام قازانج و زەرەری لێک جودا نەدەکردەوە.

گەلێ جار لەگەڵ برادەرانی ئێرەدا باسی وەرگێڕانی بەرهەمە عارەبییەکانتان دەکرێ. من چۆن ڕام وا بووە و ئێستاش وایە کە قورعان و شیعری نالی تەرجەمە ناکرێن بەڵکو شەرح دەکرێن، ڕام لە سەر وەرگێڕانی بەرهەمە عارەبییەکانی ئێوەش وەهایە. تەرجەمە ناکرێن... شەرحیش بکرێن هەر بە خۆتان دەکرێ. ئەمما بەرهەمە کوردییەکانتان، کەسێ کە کوردی و عارەبی بە ڕەوانیی بزانێ ڕەنگە کوردییە چاکەکەی ئێوەی پێ بکرێتە عارەبییەکی مەیلەو باش یا مەعقوول و مەقبوول. (من هموم الحیاة) هی وەرگێڕان نییە، بە تایبەتی باسەکەی لە مەڕ مەلای خەتێ. بەڵام یاخوا بەخۆتان، بە کوردی دایبڕێژنەوە و دارشتنەوە دەڵێم و حەزیش دەکەم ناوی وەرگێڕانی لێ نەنرێ. بە میزاجی من وشەی (تجسید)ی عارەبی ئەگەر بشکرێتە بەرجەستە، پڕ بە پێستی نابێ... دەوجا وەرە ئەو دوو ڕستەیە وەرگێڕە کە لە نامەکەتاندا هاتووە!. بایەخی پێداچوونەوەی (گەشتی ژیانم) هەر تەواو نابێ، بە تایبەتی هێندێ لە مەتەڵەکان ئاشکرا بکرێن و کەلێنە چاپییەکان پڕ بکرێنەوە و هەڵەی چاپ ڕاست بکرێنەوە.

بەڵێ ئەوەی من بە شریتی ڤیدیۆ دیتم (سیرە و ذکریات) بوو. شەش حەوت ساڵ لەمەوبەر لە ڕێی ئەو شاعیرەوە چنگم کەوت کە لە چاوپێکەوتنەکەدا بە چاکە ناویتان هێناوە. ئێدی دوای ئەوە مەودای نێوان من و ئەو شاعیرە کشا و لێک دابڕاین و چاوپێکەوتنەکەم نەدیتەوە.

لە نامەکەتان و هەموو هەواڵ و سەرچاوەکانەوە تێگەیشتووم کە چەند باری گوزەرانی گرانە و بۆ کەسێکی وەکو ئێوەش گرانتر. دیارە مێوانداریشن و بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر ڕێم بکەوێتە بەغدا و زیارەتی جەنابتان نەکەم دەبم بە (حاجی بەغدای نەدیوە)ی سلێمانی. خۆم بە سەربەرزیش دەزانم کە جگە لە پەیوەندی مامۆستا و قوتابی، باوک و ئەولادیش لە نێوان بەرێزتان و بەندەدا هەبێ. هەر دەرفەتێ بڕەخسێ - چونکە ئێستا قوریان بە چاوی خۆیان و دەرفەتدا داوە - لە قەدەر حاڵی ئێستام شتێ دەنێرم. قەتیش قسەکانی جەنابتان بە بارێکدا لێکنادەمەوە گەرد بنیشێتە سەر پەرەگوڵی کەسایەتی مامۆستا. خۆزگە دڵتان نەهاتبا بنووسن: نەکەی ئەم قسانەم بە ئاه و نزا وەرگریت.

چ خەمی وردنووسین و دێڕی لێکنزیکتان نەمێنێ چونکە بە هۆی جووتێ چاویلکەی تازەوە کە دوو هەزار کرۆنی ئێرەیان تێچووە و بەینێ لەمەوبەر دەیکردە بیست هەزاری ئەوێ، عەجایەب پێیان فەرق دەکەم و چاک پێیان حەساوەمەتەوە.

بەڵێ مامۆستا: (Gävle) بە (یێڤلە و (Norrköping) بە (نۆرشۆپینگ) و (Nyköping) بە (نویشۆپینگ) دەخوێندرێنەوە چونکە ئەگەر حەرفی عیللەی سەرەوژێری وەک (i = ئی) و (e = ئێ) و (ö = ئوێ) و (ä = ئێ - (ێ)یەکەی هێند قەڵەوە لە ئا نزیک دەبێتەوە) بە دوای (k)دا بێن دەیکەن بە (ش) و بە دوای (g)دا بێن دەیکەن بە (ی). خۆ کوردیش گۆڕانکاری لەو دوو پیتەدا دەکات و لە کوردیشدا حەرفی عیللەی سەرەوخوار دەنگیان دەگۆڕێ. جگە لەوەش هێندێ قاعیدەی (سماعی)شیان هەیە: (Göteborg) دەبێتە (گوێتەبۆری) نەک (یۆتەبۆرگ) و (borg)یش لە زمانەکانی تردا بە (بۆرگ) دەخوێندرێتەوە.

لە بەر ئەوەوی ئەرکی گەلێ قورسم بە ئەستۆ کەوتوون هێندێ جار نامەم دوا دەکەون. لە لایەکەوە باوکی دوو کوڕی هەرزەکارم و هەرزەکاری ئەم وڵاتەش هەر (یا ستار)ی دەوێ. لە لایەکی ترەوە ڕۆڵی دایکیان بۆ دەبینم و هەمیشەش وەک هاوڕێ دەبێ جێی متمانەیان بم. هەردووکیان وەرزشکاری پێشکەوتەن و لە ترسی لەڕێ لادان نەک هەر پشتگیریان دەکەم بەڵکو هانیشیان دەدەم. (ئومێد) کە تەمەنی ١٧ ساڵە، پار لە (ملاکمە) یەکەمی لاوانی سوید بوو. (دەوەن)یش تازە تێهەڵچووە و لە ناو دەستەی هاوتەمەنی خۆیدا خەریکە پێش دەکەوێ و ئەمیان (١٥) ساڵە. ڕەنگە جێی خۆی بێ بڵێم: کاتی خۆی کاک فریادی ڕەحمەتی پێشنیاری ناوی (دەوەن)ی کرد و منیش زۆرم بە دڵ بوو. ئەرکی ترم ئەوەیە کە لە ماتماتیک و فیزیک و پەروەردەی خۆماڵی و زمانی خۆمان یارمەتییان بدەم جگە لە (کوڵ و کانی) و کاروباری ماڵ و ... و هێندێ جار چاوسوورکردنەوە. ئێدی ئەو کاتانەی کە دەمێنێتەوە دەبێ بۆ خۆفێرکردن و خوێندنەوە و بژێو و خەمی کەسوکار و هەموو دنیا تەرخانی بکەم و باوەڕ بفەرموون یەک دەقیقە نامێنێ بۆ (قلبی) تەرخانی بکەم. هەمووی بۆ (ڕەببی) دەبێ. بەڵام ویژدانم ئاسوودەیە نە گەمە!.

ئیتر بە هیوای خۆشیتان دوعاخوازیی دەکەم

**براتان**

**حەکیم**

**٢٤ / ١ / ١٩٩٥**

کاکە حەکیمی خۆشەویست، سلاوم لێت، ڕێزم بۆت.

نامەی ڕۆژی ٢٤ / ١ / ١٩٩٥ت لە ٢ / ٢ / ٩٥ تەمغەی بەریدی بەغدای لێ دراوە. دەوری دوو هەفتەیەک وەخرا تا گەیشتە دەستم.. لەو بەینەدا بە چڕی و پڕی خەریکی تەواوکردنی تەرجەمەی من همـوم الحـیـاة بووم. بەر لە ٣ - ٤ ڕۆژ [شەوی نیوان ٣ - ٤ ڕۆژ لەمەوبەر] لێی بوومەوە. ئەو تێبینیانەی لە بارەی تەرجەمەیەوە لە نامەکەتدا هاتوون هەرچەندە زێدە مەدحێکی منیان تێدایە بەڵام چونکە بە قەناعەتەوە هاتوون و تا ڕادەیەک لە ئاست بەشێکی بەرچاوی کتێبەکە نیشانیان پێکاوە کۆمە ناکەم لەوەدا بڵێم لە سەر هەقیت بەڵام منیش عوزرم بە دەستەوە بوو و هەیە، کە تەکلیف هەڵگرمەوە: چی کردوومە تەواوێک لەوە بەرەژێرترە کە دەبوو هەبێ. ئەگەر پێیدا بچمەوە لە ماوەی مناسبدا بێ گومان دەتوانم کەمعەیبتری بکەم: ئەوەی دەستی بەستم بەڵێنێک بوو کە دوای دوو مانگ لە سەرەتای تەرجەمەکەوە کارەکە بگەیەنێتە جێگەی مەبەست ئنجا ئەگەر دەستکاری تێدا بکەم دەبێ لە سەرەتاوە پێیدا بچمەوە، ئەویش دوو مانگێکی گەرەکە.. من نەهاتم فکرەی کتێبەکە، جودا لە شێواز و داڕشتنەکەی عەرەبی یەکسەر بدەمە خەیاڵگەی کوردی کە ئەوسا پێوەندایەتی بە ئەسڵەکەوە نەدەما و هێندێکی وەکوو زەوی بەیار و نەکێڵدراوی لێ دەهات کە ڕووتابێتەوە لە ئایەت و شیعر و (محسنات)ی زمانە ئەسڵییەکەی.. شەڕی عیراق و ئێران لایەنی عیراقی پێوە نەمێنێ کە کورد بەشێکیەتی چی تێدا دەمێنێتەوە بۆ کورد؟. من کە لە سەر شەڕم دەنووسی، ئەوسا، هەڕەشەی تورکەکانم لە زەیندا بوو کە ئەگەر ئێران داخڵی عیراق بێت تورک کۆنە ویلایەتی موسڵ داگیر دەکات بە نامەی دەست بەسەرداگرتنی نەفتستانی عیراق.. خولاسە مەسەلەکە لە چەند لایەکەوە فشار بۆ ئیرادەی نووسەر دەهێنێت لە بەرابی هەموانەوە ئارەزۆی خوێنەری کوردە کە خوایشتی لێ کردووم.. کاکە ئومێد و دەوەنت، خوا تەمەنیان بە تەمەنی درێژی باوکیانەوە درێژ و ئاسوودە بکات کە جووجەڵەی بن باڵی خۆتن چەندت دەخەریکێنن؟. وا دیارە تۆش دەکەویتە بەر مەفهوومی بەیتەکەی طاهر بەگ کە دەڵێ:

**سەد شوکری خودا مەرکەزی سەد میحنەت و دەردم**
**وا تێمەگە لەم دائیرەیی چەرخە بیر وونم**

شکرێ کەباب خەریکە بگاتە دوو هێندەی مەعاشی تەقاعودیم: بە سێ مانگ ٨٠٠ و چەند دینارێک وەردەگرم، کەباب بوو بە ٤٥٠ دینار. ڕاستییەکەی نرخ وەها بەرز دەبنەوە منی تێدا سەخی بووم هەتا ئەوەی برادەرێک مزەی یەک دوو کورتە گوتاری بۆ هێنام لە ڕۆژنامەیەکەوە ١٢٥٠ دیناری دەگرتەوە، دامەوە بە خۆی هەر نەبێ بایی جگەرەی حەفتوویەکی دەکات.. ئنجا با حیکایەتێکی خۆشکەڵەی سەر بەم برادەرەمتەوە بۆ بگێڕمەوە: لێی داواکردم تووتنی بۆ پەیدا بکەم. لە هەولێر، لە سلێمانی.. منیش ڕامسپارد لە هەولێر تەلەفۆن بۆ لایەنێک بکەن تووتنم بۆ بنێرێ.. دوای پتر لە ساڵێک نزیکی ٣٠٠ هەزار دیناری بۆ ناردم، نەمزانی هی چییە. کە جارێکی کە داوای تووتنم لێی کردەوە ڕایسپاردبوو تووتنەکە..!! حازرە ئەمما نازانم بە کێیدا بۆ بنێرم.. توومەز جاری یەکەم و ئەمجارەش وەهای زانیبوو مەبەستم پارەیە، بە ڕەمز ناوی تووتنی لێ دەهێنم. ئنجا ئەو ١٢٥٠ دینارە بە زەکاتی ئەو پارەیەش نابێ کە لە سەربنایی تووتنەکەی ئەوەوە بە من گەیشتووە. عەرەب دەڵێ: شر البلیە ما یضحک.. بەر لە تەرجەمەی (همـوم..) پێداچوونەوەی گەشتی ژیانم بە پایان گەیاندبوو. بەش بە حاڵ، ئەو شتانەی دەر نەزەرت گرتبوون بە هەند هەڵگیران.

لای ئێمە ٢٨ی مانگ دەکاتە ٢٨ی ڕەمەزان، ڕەنگە دووسبەی جەژن بێت. من بە عادەتی خۆم لەگەڵ ڕۆژووان ڕێکم چونکە لە هیچ ڕوویەکەوە تینم بۆ ناهێنێ: لەو ٢٨ ڕۆژەی فتارم تێدا کردۆتەوە یەک ڕۆژ نەبووە [نەک برسی، تینوو نەبووبم] ئیشتیهاشم بۆ خواردن نەکراوەتەوە. تەنها پێرێ پاش دوو سەعاتێک مەیلێکی خواردنم بوو تومەز فەقەرەی سەڵاتەیان لەبیر چووبوو بیخەنە سەر مێز. منیش بە خەیاڵمدا نەهاتەوە هەتا دوای بەینێک. ڕەنگە بۆم باس کردبیت ساڵی ١٩٨٥ بە ٢٩ ڕۆژی ڕەمەزانی ئەو ساڵەوە ٢٠١ ڕۆژم لێ گرت. هەرچەند لەوانەیە ڕەمەزان لەو بەفرستانەی لای ئێوە نەوێرێ سەر دەربهێنێ، لە موناسەبەی ڕەمەزانی لای خۆمانەوە جەژنە پیرۆزانەت لێ دەکەم بە خۆشی کوڕەکانت و دۆستەکانتەوە. من لێرە کە دەبێتە جەژنی ڕەمەزان بە تەلەفۆن پیرۆزبایی لەو ناسیاوانەم دەکەم کە بەڕۆژوو نابن. پێیان دەڵێم ئێوە ئەو حەقەتان هەیە چونکە لە دوو سەرەوە سوودمەندن یەکێکیان کە بەڕۆژوو نەبوون و حەسایەوەن، ئەوی تریشیان کەیف و پشووی جەژنەیە..

٥ / ٣ / ١٩٩٥:

لە ٢ / ٣ / ١٩٩٥ بوو بە جەژن. مقدمات و هاتوباتی جەژن و گۆرانی ڕووتینی ڕۆژانەم تەنبەڵییەکی لە نووسین پەیدا کرد تەنانەت نوستنی زێدە درەنگی شەوانەی ڕەمەزانم لە سەعات ٤ی بەیانییەوە دابەزی بۆ

سەعات دوو. ئەو دوو سەعات کورتهێنانەش بە زۆری بەر وەختی نووسینم دەکەوێت - ئیتر وا لەم سبەینەی سەعات ٩ و ١٥ دەقیقەی ڕۆژی پاش جەژن و دەمی دوای ژەمی بەیانی گەڕامەوە بۆ ئەم ڕووپەڕەیە.

لە بارەی قەواڵەکانی هەورامانەوە وا دەزانم مامۆستا سنەیی بەشێکی عاتیفەی کوردایەتی تێدا بەکار هێناوە کە بێ پەروا دان بە کوردی بوونیاندا دەنێت.. ڕاستییەکەی بەڵگەی هەرەبەهێز لەوەدا هەر ئەوەیە کە لە شوێنێکی کوردنشیندا دۆزراونەتەوە.. چەندی لەبارەی ئەو قەواڵانەم خوێندبێتەوە هەر بە پەهلەوی بوونیانم دیتوە. زمانی پەهلەویش وەک کە ڕۆیشتووە خزمی هەورامییە تا ئەوەی قوتابییەکی کوردی ئەو ناوچەیە لە جامعەیەکی USA کە مامۆستا لە هەوڵ دەرسی زمانەوانی دەقی پەهلەوییان بۆ دەخوێنێتەوە ئەو قوتابییە لە بەشی زۆری وشەکان گەیشتبوو تومەز لەگەڵ لەهجەی هەورامی ئەو وشانە جیران بوون. ناو ناوە لە لەهجەی سۆرانیش وشەی ئەوتۆ هەن لەگەڵ هی پەهلەوی نەک فارسی، نزیکن یەک لەوان وشەی (نۆیین - بە واتای مەجرای ژێر ئەرزی، ئاوی پیس) لە پەهلەوی (نکۆیین) بووە.. ئەو دەنگانەی (س) کە لە فارسیدا بوونەتە (ھ) وەک لە (ماسی) بۆتە (ماهی) لە کوردی و پەهلەویدا وەک خۆیان ماونەتەوە.. بە نسبەت هەورامییەوە مانەوەی دەنگی (ث th) تێیدا ئەسەری زێدە کۆنی زمانە ئێرانییەکانە کە ئەو (ث)ە بەرچاو بووە تەنانەت ژمارە (سێ) ثری thri بووە. خولاسە ئیسپاتکردنی ئەو داوایە پتری پێ دەوێ.. ئەگەر کوردی زمانی پێ نووسین بوایە دەبوو نموونەی زۆری لێ بدۆزرێتەوە کە دەزانین هەتا سەرەتاکانی ئەم سەدەیەش کورد بە فارسی یا عەرەبی نووسیویەتی. بە هەمەحاڵ، ئەم مەوزوعە هەویرێکی ئاوخوازە. بە لایەن پیتەکانەوە کە قەواڵەکەیان پێ نووسراوە ناشێ بگوترێ پیتی کوردین چونکە هەرگیز کورد ئەلفوبێی سەربەخۆی نەبووە [وەک کە بزانم]

٩ / ٣ / ١٩٩٥:

کاکە حەکیم: وا دیارە ئەم نامەیە لێی خوێندراوە کە بە تەواوی نەیەتە دەستەوە: ئەمە دە ڕۆژی تەواوە چەندێکی ویستبێتم بە ئەنجامی بگەیەنم لەمپەرێک هاتووە و وەستاندوومی.. بە نەختێک لێ وردبوونەوە بۆم دەردەکەوێ، نەک هەر ئەم نامەیە، بگرە هەر نیازێکی دیکەش هەبووبێ لەو بەینەدا گرێی کەوتۆتێ.. تازیەک بوو دەبوو بۆی بچم. سەیارەکەی خۆمان سەقەت بوو هانام بردە بەر د. کەمال مەزهەر وەعدی دامێ دوای دوو ڕۆژ بچین بۆ پرسە: لە شەوی پێش ڕۆژی وەعدە بە تەلەفۆن تێیگەیاندم سەیارەی ئەویش پەکی کەوتووە. ئیتر وەخرا تا دوێنێ، پاتری لە برادەرێک خواستەوە و بە ترسولەرزی هەڵنەبوونەوەی سەیارەکەی چووین بۆ پرسە.. خەونێکی زێدە ناخۆشم دیت بە هەندێ دۆست و خزمی هەرێم... سێ ڕۆژە گوێم هەڵخستووە بزانم چ خەبەرێک لەوێوە دێت. خولاسە وا بە چاک دەزانم لێرەوە دەست لە نووسین هەڵگرم تا فرسەتێکی دیکە: با چی دیکە بە دەم ئەگەرانەوە نەوەخرێ. هەموو کاتت شاد و بژیت بۆ برات

**مسعود محمد**

**٢٨ / ٢ / ١٩٩٥**

مامۆستای گەورە و خۆشەویست، بەڕێز کاک مەسعود

دوای ڕێز و سلاو، جەژنی ڕەمەزانتان - هەرچەندە دەمێکە ڕابردووە - لێ پیرۆز بێت و نەورۆزیشتان لەوە لێ پیرۆزتر بێت و هەموو ڕۆژێکتان لە هەردوکیان جەژنتر بێت. نامەی ڕۆژانی ٢٨ / ٢ تا ٢٩ / ٣ تان ئەمڕۆ لە ٢٩ / ٣ تەشریفی هێنا و هەموو ئەرک و کار و بارێکی پێ وەلانام و بە تاسەوە، وەک هەموو نامە و نووسینێکی ترتان، چەند جارێک خوێندمەوە و هەستی حەسانەوەم کرد. کە دەڵێم ئەرک، لە ڕاستیدا بێگاری وەرگێڕانی لە عارەبییەوە بۆ کوردی بوو. برادەرێکی نووسەر کە زۆر چاکەی وا بە سەرمەوە، زوو زوو چەند لاپەڕەیەکی خورشیدی ورد و ناشرین نووسراوی عارەبی، لەم سەرچاوە و لەو کتێبەوە دەچنێ و تەق! هەواڵەی منی دەکا تا بۆی وەرگێڕم. سەیر ئەوەیە ئەم جارەیان لەگەڵ ئەو نووسراوانەدا، لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم: تکایە ئەوەی لە لایەن مامۆستا مەسعود محەمەدەوە لە سەر مەلای خەتێ نووسراوە بۆمی بکە بە کوردی و سەرچاوەکەی جوان دەستنیشان بکە و بۆمی بنێرە!. منیش نیوەی نووسراوە چندراوەکانی ترم تەواو کردووە بەڵام هێشتا دەستم بە وەرگێڕانی (تەکاندنی کەتانی ڕوخساری خۆر) نەکردووە(!!) و قەتیش بۆی ناکەم.

ئەم نامەیەتان لە گەلێ ڕووەوە تایبەتمەندە: یاخوا خەڵکی زوو زوو لە باسی تووتندا بە هەڵەدا بچن و زەکاتیشی بەر خەڵکی نەبوو بکەوێ. بە ڕاستی وەک فەرمووتانە (خير البلية ما يضحك). سەیر لەوەدایە تووتن گەلێ مەغزای دی، بە کوردی بە خۆوە دەگرێ و یاخوا هەر بەم لایەنەدا لێیان تێک بچێ. خەونەکەی دەوروبەری ٧ و ٨ی ئەم مانگی سێیەتان زۆر بە سەرسوڕمانەوە هاتە دی و گەلێ نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمانی لە بەردەم هۆش و بیرکردنەوەمدا پێکهێنا.

ئەوەندەی مەودای تێگەیشتنی خەونم بووبێ ڕێبازەکەی فرۆید بووە کە پێوەندی بە داهاتووەوە نییە و بۆم ڕێکنەکەوتووە خەونی (حەزرەتی یوسف)انەی دیاریکردنی پاشەڕۆژ تێبگەم. کەچی ئەم خەونەی ئێوە وا بە ئاشکرا هاتە دی و پێکوڕە تورک هاتن و ئەوەندەی تر خمیان شێواند. جگە لە خەونەکەتان هەر لە نامەکەدا لە باسی بابەتی وەرگێڕاندا ناوی تورک و ویلایەتی موسڵ هاتووە و ویلایەتی موسڵ بووە بە (لاشەی قەڵەوی سەر خوانی قەل و داڵ):

**هوما ئێسکی سوا هێندە گەڕا بۆ لەتە ئێسقانێ**
**کەچی لاشەی قەڵەو دایم لە سەر خوانی قەل و داڵە.**

بە تاسەوە چاوەڕوانی بڵاوبوونەوەی کوردییەکەی (من هموم الحیاة)م. مەزەندەم ئەوەیە لە ئەوروپا لە لایەن ئەو برادەرانەی سویدەوە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە و منیش بە بێ عەزیەت دەستم دەکەوێ.

بەڵێ ماموستا ڕەمەزان دەگاتە ئەم بەفرستانە و ناگات. ڕەنگە مەسەلە لەوەدا بێ کە باکووری ئەم وڵاتە هێندێ ماوە هەرگیز خۆری لێ ئاوا نابێت و هێندێ ماوە خۆری لێ هەڵنایەت هەتا بایی (خیطی ابیض و اسود) بکات. بە نیسبەت منەوە، تاقیبی دەکەم بەلام دڵیم پێ ڕاگیر ناکرێ. ئەوەش لە بەر هیچ نا تەنها لە بەر جگەرە و خۆزگە بە جگەرە ڕۆژوو نەدەشکا. گەلێ جار بۆ ماوەی شەش حەوت سەعات هەر لە بیریشم نییە نانی بەیانیم نەخواردووە کەچی یەک سەعات جگەرەم نەبێ هەر لە خۆڕا دەوروبەری خۆم دەپشکنم بێ ئەوەی بزانم لە چی دەگەڕێم و چی و لە کوێ و کەی لێم ون بووە. برادەرێکی مەلازادەی سەردەمی هەرزەکاریم زۆری حەز لە شکاندنی یاسا و بەزاندنی سنوور بوو. هەموو ڕۆژانی ڕەمەزانی دەگرت بەڵام بە هەر شێوەیەک بوو دەبوو بیانشکێنێ. جارێکیان مەودای شکاندنی ڕۆژووی بۆ نەڕەخسا چوو لە گۆماوێکدا مەلەی کرد. کە دەرچوو، گوتی: لە بن ئاوەکەوە قومێکم خواردەوە. منیش ئەگەر بەڕۆژوو بم بیانووی قومە جگەرەیەک دەدۆزمەوە و باوەڕ ناکەم گرێ لە ڕەمەزان لێ بدەم.

مامۆستا گیان: نووسینی عارەبیتان لەوە گەورەترە بە بۆرە مەدحێکی من جوان بێ. بەخۆی وەک دارشتن تایبەتییە و ئەوجا لە تابلۆی خەیاڵ و (میزاجی زمان)مدا لایەنی فکرەکەی دێ. بەڵێ: پێم وا نییە داڤنشی بەخۆشی مۆنالیزا دروست بکاتەوە. ڕەنگە لە مۆنالیزا چاکتری پێ بکرێ بەڵام خودی تابلۆکە دووبارە نابێتەوە. جا ئەگەر بەخۆی پێی نەکرێ لەبەری بگرێتەوە بە (من) دەکرێ؟. دەشێ هونەرمەندێکی دی بتوانێ وای دروست بکاتەوە کە بناسرێتەوە بەڵام ئەی بزە سەرسوڕهێنەرەکەی؟. ئەی خەمەکەی سەر ڕوخساری؟. ئەی دیاریکردنی زگپڕی لە سیمایدا؟. ئەی و زۆر (ئەی)ی تر؟!. نەخێر مۆنالیزا دووبارە ناکرێتەوە با بیکاسۆش نرخی ئیمزایەکیشی ملیۆنێک بێ. من گومانم لەوە نییە کە کوردییەکەتان دەشێ پێوانە بێ بۆ نووسەرانی دی بەڵام عارەبییەکە خۆتان گوتەنی (ئایەت و شیعر و محسنات)ی هەیە کە هەر ئەم سێ وشەیە بەخۆیان وەرگێڕانیان عەستەمە. لێرەوەڕا گوتوومە هەق وایە ناوی شەرح بێ نەک وەرگێڕان.

هیوادارم پێش گەیشتنی ئەم نامەیە حەمیدی برام بە خۆ و بەو ئەمانەتەوە کە لایەتی بگاتە خزمەتتان و لە ڕێی ئێوەوە هەواڵی ئەو و لە ڕێی ئەویشەوە هەواڵی ئێوە بزانم. ئەم تکایەشم لە مامۆستای بەڕێزی خۆم هەیە: ئەگەر هەر لە جێی خۆتانەوە دەستتان دەگاتە وێنەیەکی خۆتان، زۆر سوپاسگوزار دەبم بۆمی بنێرن. ئەگەر نا، پێم خۆش نییە ماوەی مامۆستا بگرم و ئەرکی تاقیبکردنی بخەمە سەر.

ئێدی دوعاخوازیی دەکەم و هیوای لەشساغی و دڵخۆشی و خەوبینینی خۆش و خۆشیتان بۆ دەخوازم.

**برابچووکتان**
**حەکیم**
**٢٩ / ٣ / ١٩٩٥**

کاکە حەکیمی خۆشەویست
سڵاو و ڕێز

بەر لە دە ڕۆژێک یان نەختێک کەمتر نامەی ڕۆژی ٢٩ / ٣ / ٩٩٥ت گەیشت.. بەر لە نامەکەت بە چەند ڕۆژێک برات لە کەرکووکەوە تەلەفۆنی کرد لە بارەی هەناردەکەتەوە.. بۆ دوو ڕۆژی دیکە هاتە بەغدا.. بە دوامدا نارد و نیوەڕۆ لام بوو "تووتنەکەی" تەسلیم کردم بە زیاد بێت. شەو لە ئوتێل مایەوە و دەبێ بۆ ڕۆژی دواتر چووبێتەوە کەرکووک. دوای ماوەیەکی کورتی ٣ - ٤ ڕۆژی لە لەندەنیشەوە بە سەر کرامەوە: بە ڕێکەوت ئەو یارمەتییانە زۆر لە جێدا بوون *(فریجیدێرێک)* و ئۆتۆمبیلەکەمان دەوری ١٥٠ هەزار دیناریان [بەڵکە زیاتریش] بە قوربانی خۆیان کرد جگە لە کەلوپەلی سووکتر کە هەر یەکە بە قەدەر حاڵی خۆی قەپێک لە قاچوقولی داهات دەگرێ.. خەریکم لەو بەعزە داهاتەی موناسەبەی "تکریم"ی ئەدیب و "مفکر" دەسازێنێ هەر جارە منیش تێیدا دەخوێندرێمەوە، لاتەریک بم چونکە

سەرجوملەی ئەو داهاتە هەر لە ئیمرۆکەوە هەتا بیست ساڵی دیکە کۆ بکرێتەوە بایی ١ / ١٠٠ ی نرخی ئەو مڵکە شەرعی و میراتییەی بە ناوی قانوونی شۆڕشگێڕانە [لە سەرەتای تەمووزی ١٩٥٨ ەوە هەتا ناوەڕاستی ١٩٨٠کان] لێمان داگیر کراوە ناکات. مڵکێک لەو مڵکانەی ولاتی کۆیێ لە لایەن ئەمیری بابانەوە بەخشراوە بە باپیری باپیرم بەر لە [ ١٦٠ ساڵێک] مڵکەکەش هی حکومەت بووە نەک هی خەڵک، بە قانوونی اصلاح زراعی و افساد اخلاقی لە شەستەکانەوە لێمان غەسب کرا بەبێ تعویض.. بستێک ئەرزمان بۆ بەجێ نەهێڵدرا.. خۆزی بشدرابایە پیاوی باش.. ئنجا وا بە چاک و پاک دەزانم خزمەتێکی فکر و ڕۆشنبیری لە منەوە بۆ گەلەکەم [یان دانیشتوانی عیراق] بگات بێ مزە بێ مادام ئەم مزەیە هەر بایی لێڵکردن تێکەڵ بە بژێو دەبێ: من دەرویێش نیم. ١٥٠٠ دینارێکی مانگانەی (ریادە) بە من دەگا [کە تاکە کوردێکم ئەو ناوەی پێ ڕەوا دیتراوە لە نێوان ٢٥ کەسدا] کە ساڵانەی دەبێتە ١٨٠٠٠ دینار: یەک پاداشی نووسینم لە ئەورووپاوە هات بایی ٣٠ ساڵی ئەو تەکریمەی تێدا بوو. مەعاشی تەقاعودم لە ٢٨٠ دینار کەمترە کە دەکاتە نیو نەفەری کەبابی ئەمرۆکە بەڵام چونکە منەتی تێدا نییە نابێتە گرێ لە دڵم. یان مزەی مقالە یان کتێب چەندی هەبێ بێ منەتە چونکە مزەی ئەرکی قەڵەمە... لەو دواییە ساردایی کەوتە نێوان من و جەریدەی (قادسیە) لە بەر بلاوەنەکردنەوەی گوتارێکی دوو ئاڵقەییم منیش پێوەندیم پێیەوە بڕی لەو بەینەشدا کە ساردایی پەیدا بوو چەندێکی پاداشم بۆ هاتبێ داومەتەوە بەو کەسەی بۆمی دەهێنا دواین جار ١٢٥٠ دینار بوو دامەوە بە هەڵگرەکەی (بۆ ئەو تامێکی تێدا بوو) ئیتر نووسینم بۆ بەڕێ نەکردنەوە.

کوردی مەتەڵی هەیە دەڵێ: فەقیر قەرزی کۆن و خزمی دوور بە سەر دەکاتەوە. ڕاستییەکەی من تا ئێستا لەگەڵ زوڵمێکی بێ سامانی لێم کرابێ لە لایەن دەوڵەتی پاش شۆڕشی ١٩٥٨-ەوە حاڵم لەوە باشترە کە دەبوو هەبێ چونکە هیچی ئەوتۆم نەچاندووە بە ئاووهەوای ئەم سەردەمە دروێنەی لێ بکرێ. هەتا بشڵێی دڵم ئارامە و ڕازیم بە حاڵی خۆم: ورتەی ناڕەحەتی بە دڵمدا نایەت لە لایەن چەند و چۆنی هەبوویی و نەبوویییەوە: من خەفەت لە حاڵی دنیا و ولات و عیراق دەخۆم کە دەشیا لەوەی هەیە گەلێک چاکتر بێ.. من پەرۆشم بۆ ئەو (ثێ فلوۆثە)یە کە زەرەرە و بە قازانج حیساب دەکرێ. هەر وەک لە بارەی ڕووداوی کۆنی مێژووەوە [لە بەر تیشکی ئەنجامی ڕووداوەکاندا] دەتوانین ڕادەی گێلی و زیرەکی خەلقی ئەو سەردەمانە ڕەچاو بکەین. هەروەهاش بە نەختێک وردبوونەوەی بێ لایەنانە و بە زیهنێکی کراوەوە دەتوانین هەڵە و دروستیی ڕووداو و هەڵوێست و هەڵمەت و کۆڵدانی ئەم سەردەمە تێبگەین و خەفەتی لێ بخۆین و پێی ببووژێینەوە: لە زۆر مناسەبەدا کە دەبینم هەڵسوکەوتی دەوڵەتان یان حیزبان سەر بە ملهوڕییەوە دەنێ، دەڵێم: ئەگەر من کێشەیەکم لە پێش بێ دووبەختی و دوو ڕێیی بە دەممەوە بێ، دێم لەو دەوڵەت و حیزبە شێت و وێتانە دەپرسم: کام ڕێگە بگرمە بەر، هەرچی پەسندیان کرد، من ئەوی دیکە پەسند دەکەم و لێی دڵنیا دەبم.. با ئەم پروزە و هەنیسکانە لێرە بەجێ بهێڵین.. براله لەوەتەی نامەی ئەمجارەشت گەیشتووە بڕوا بکە بێ وچان سەرقاڵی و مەشغەڵەت دایگرتووم، هەرچەندە (شکرێ) هی ناڕەحەتبوون و ئازوردەیی نییە بەڵام بنیادەم دەخەریکێنێ.. چەندم دەکرد ئەم نامەیەت و هی پێشووتریشت بە وردی بخوێنمەوە و وەک بابەتی گوتار بۆی بچم و لێی ببزرکێنم [لە نووسینی ئەم وشانەدا بووم تەلەفۆن لێی دا بۆ تەعقیبی ئیشی برادەرێکی موصلی کە دەوری چوار مانگ دەبێ تێیدا خەریکم .. بە بەڵێنی هەولێکی تازەوە دوو ڕۆژی دیکە بە تەلەفۆن لێم دەپرسێتەوە].. کوڕی خاڵم هاتووە بۆ عەمەلیەتی چاوی، لە بەر بێ سایقی و دەستنەکەوتنی کەسێک بۆ لای ئەوم بیات دڵەسورکێم هەیە.. شەش ئاڵقەی نوێم ناردووە بۆ جەریدەی (العراق) نازانم جارێ بە جێی خۆی گەیشتووە یان نا. ڕێم نەبووە لەو ڕۆژانەدا بە نووسین وەڵامی چەند پرسیاری ئوستادێکی جامیعەی کوفە، نەجەف بدەمەوە.. ڕێم نییە تەکلیفی کۆمەڵەی مافی مرۆ جێ بە جێ بکەم کە بەڵێنم پێ داوە شکڵ (محاضرە)یەکیان بە سەردا بخوێنم. کاری زەروریم هەیە بە برادەرێک، لە دوێنێوە ٢٠ جاران پتر تەلەفۆن دەکەم مەشغوڵ لێ دەدا.. خولاسە و ناخولاسە مەشغەڵەت هەیە نەیەڵێ بە دڵی خۆم بۆت بنووسم: کە دەستم دایە ئەم نامەیە نووسینێکی ڕۆژنامەییم دەست لێ هەڵگرت لە ژێر سەرناوی (اشهر و اخطر شعرە) کە "شعرە معاویە"یە. لە نیوەی ئاڵقەیەکدا وازم لێ هێنا لە بەر نامەکەی تۆ. دووەم دێڕی ئەو ئاڵقەیە بەم جۆرەیە: (والشعرە هذە تبلغ قمة الخطورة حین تکون وسیلة تواصل بین قمة السلطە و عوام الناس). هەناوی مرۆ کە پڕ دەبێ لە ذکر و فکری بابەتێک حەز دەکات هەمووی هەڵڕێژێت نەک لێی سارد بێتەوە و وشکایی فکری بێت دواتر سەرلەنوێ کارێزی بۆ لێ بدات. بە داخەوە نابەدڵی و نیوەچڵی لێرەدا

دوعاخوازیت لێ دەکەم بۆ دەرفەتێکی لەبارتر. ئیتر ببەخشە و زۆریشت سوپاس دەکەم بۆ زێدە ماندووبوونت پێمەوە.

**برات**
**مسعود محمد**
**٢٤ / ٤ / ١٩٩٥**

برای بەڕێز و خۆشەویست
سڵاو و ئاواتی پڕ بە دڵ بۆ تەنسازی و کامەرانیت
نامەی دواییت کە ڕۆژی نووسینی تێدا نییە پێری گەیشتە دەستم: ڕاستییەکەی مەراقێکی بەرهەستی لە دڵمدا ڕەواندەوە لە ئاکامی بێ دەنگی و بێ خەبەریت لەو ماوەیە دوور و درێژەی نێوان ئیمڕۆکە و ئاخر نامەی لە تۆوەم پێ گەیشتووە.. نەمدەویست لە کاتی بێ دەنگیتدا خۆم لە وەزعی خامۆشیت هەڵقورتێنم چونکە لە بەرنامەمدا نییە برادەر بخەمە ژێر فشاری خۆ بەبیر هێنانەوە و پرسیاری سارد و سڕی: لە بەر چی؟ چ قەوما؟ لەو حاڵانەدا بەیتێک یا نیوە بەیتێکی عەرەبی دەکەمە ڕابەر:
(ستبدی لک الایام ما کنت جاهلا) ڕۆژگار نەزاندراوت بۆ دەردەخات. ئەلحەملا ئەم نامەیەت بوو بە خەمڕەوێنەوە و مەراقچڕێن.
نامەیەکی کە باسی دەکەیت بۆ منت ناردووە پێم نەگەیشتووە..
لە مەسەلەی "نە... نە": من نوسخەی نووسراوەکەی خۆمم لا نییە تا بزانم چیم نووسیوە و چی ماوە بینووسم زەحمەت نەبێ ئەوەی بڵاوت کردۆتەوە دانەیێکم بۆ بنێرە بە ڕێنموونی و چاوساغی بەرەو ئامانج.. هەر نەبێ نوسخەیەکی سروەم بۆ بنێرە ئەگەر هەڵەی چاپی کەم بێ.
لەو بەینەدا نووسینێکی بێ دادم بە ملەوە بوو تێیدا سەغڵەت بووم چونکە پێ ڕانەدەگەیشتم ئنجا بۆ بێ تالحی لە پڕ، بێ مقدمات پشتئێشەیەکی سەختم تووش هات [ئەمە جاری سێیەمە یەکەم جار ١٩٥٠، دووەم جار ١٩٦٦، ئەمەش سێیەمینی حەدیس کوردی گوتەنی] کە بۆ ماوەی دوو حەفتەیەک بە تەواوی دەستی بەستم. ئێستاش دەبێ ئاگام لە خۆ بێت زۆر ماندوو نەبم بە دانیشتنی دوور و درێژ لە سەر کورسی نالەبار و کووڕبوونەوە بۆ قەڵەمگێڕی لە سەر کاغەز. جگە لەم کاغەزەی بۆ تۆی دەنووسم دوو کاغەزی دیکەم بە کورتی نووسیوە لە وەڵامی دوو برادەری [سەر کاغەز] ئەورووپا کە بە خزمەتیان نەگەیشتووم مەگەر بە نامە... بە ناچاری ئەم نامەیەشم بۆ تۆ لە کورتی دەبڕێتەوە هەم لە بەر باری تەنسازی و هەم لە بەر کەڵەکەکردنی نووسینی بەڵێندراو بە سەرمەوە کە یەکێکیان بریتییە لە بەسەرداچوونەوەی شەرحی دیوانی نالی [لە لایەن مەلای مودەڕیس و فاتیحی جوانەمەرگ] بۆ ڕاستکردنەوەی وە یا [خەستکردنەوە و کەلەبەرگرتنی] شەرحی ئەو بەیتانە کە من بە لای خۆمەوە باشتریان تێگەیشتووم.. لە نووسینی ڕووپەڕەی پێنجەمی ئەو کارە بووم کە پشتئێشە دەستی بەستم..
برا گیان بە ناچاری لێرەدا دوعاخوازیت لێ دەکەم و چاوەنۆڕی وەڵامیشت دەبم و بژیت بۆ برات

**مسعود محمد**
**٢٥ / ١٢ / ١٩٩٥**

مامۆستای گەورە و خۆشەویست، بەڕێز کاک مەسعود.
دوای سڵاوی گەرم، هیوای بەختەوەری و سەرکەوتن و لەشساغیتان بۆ دەخوازم.
نامەی ٢٥ / ١٢ / ١٩٩٥تان حەفتەی پێشوو گەورەی کردم. بە دیتنی زەرفەکەی، دڵم کرایەوە و کە چاویشم بە باڵای نامەکە کەوت خورپەم بە دڵدا هات. کە خوێندیشمەوە تێگەیشتم خورپەکەم بەلاش نەبوو و هۆی بێ ڕەنگیی نامەکە ئازاری پشتتان بوو. هەرچەندە نامەکەتان خۆرە و لێم هەڵدێ، بەڵام خۆزگەم دەخواست خۆتان بە نووسینی نامەوە، بە نەخۆشیی، ئازار نەدابا. هیوادارم لێرە بە دواوە زیاتر ئاگاداری تەندروسی خۆتان بن. ئەمەم لە ڕووی ڕێنماییەوە نییە بەڵکو دەمەوێ وەبیرتانی بهێنمەوە کە تەندروستیتان پێوەندی زۆری بە من و زۆر کەسی وەک منەوە هەیە و هەمووو بە تەنگیەوەین.
دەفەرموون: "لە بەرنامەمدا نییە برادەر بخەمە ژێر فشاری خۆ بە بیرهێنانەوە". مامۆستا گیان، ئێوە هی لەبیرچوونەوە نین و هەمیشە بە گەشی بە تەختەی هۆشەوەن. وەلێ کە ماوەیەک بێدەنگ بووم هۆیەکەی تەنها موراعاتی کات و تەندروستی ئێوە بوو دەنا خۆشترین کاتم لەو ڕۆژەدا دەبینم نامەتانم پێ دەگات و هەواڵتان دەزانم. جگە لەوەی کە خۆتان باسی سەرقاڵی و فریانەکەوتن دەکەن لە نامەکانیشتاندا درک بە مەشغەڵەتتان دەکرێ و دەشزانم درەنگ یا زوو، ئەوەی دەینووسن هۆشم ئاوەدان و ڕووناک دەکاتەوە.
بەداخەوە، هەرچەندە دوو جاران (سروە)م ئاگادار کردۆتەوە بەڵام بۆم نانێرن و لێرەش مەگەر لای هێندێ

ناســـیـــاو – هێندێ جـار – چنگ بکەوێ. وەکی دی، دەچمە کتێبخانەی گشتی و لەوێ سروە دەبینم کە نەک هەر ڕێی کڕینی نییە بەڵکو خواستنەوەشی لە سەر نییە. دەبێ هەر لەوێ بخوێندرێتەوە و لە جێی خۆی دانرێتەوە. لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەکەم. گوتارەکەش کە لە مامۆستای کورددا بڵاو کرایەوە، وا کۆپیم کرد و ناردم. هیوادارم ببێتە بناغەی بەرهەمێکی تێروتەسەلی لە ناوەڕۆکی نامە گەورەتر.

هیوادارم لە پێداچوونەوەی دیوانی نالیدا سەرکەوتوو بن. من کاتی خۆی لە دەریای چەپکێکیدا نقوم بووم، هیوادارم ئەمجارە لە سەرجەمی گوڵزارەکەدا بزر بم.
بۆ ئەوەی کاتی زیاترتان لێ نەگرم و زیاترتان عەزێت نەدەم، لەگەڵ هیوای چاکبوونەوە و تەنساغیدا بە خواتان دەسپێرم.

**برابچووکتان**
**حەکیم**
**١٩ / ١ / ١٩٩٦**

زێدە خۆشەویستم کاکە حەکیم
سلاو و ڕێز
نامەی ١٩ / ١ / ١٩٩٦ت ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی شوباط پێم گەیشت.. نە... نە و پوور و ئامۆژنیش گەیشتن. برا گیان: بڕوا بفەرموو ئەو چەندین مانگەی بەر لە پشتئێشەکە و دوای ئەویش تا ئیمڕۆکە و ڕۆژانی داهاتووش، بە جۆرێ سەرقاڵی نووسین بووم تا ئەوەی وەها دەبوو نەمدەزانی دەست بۆ کام بابەت درێژ کەم یان لێی بکێشمەوە. بێ گومان، لێم ڕوونە کە لەو سەرقاڵییەدا وا بووە جۆر و ناجۆر تێکەڵ بوون. لە باری ئێستاکەمدا کورک بم بە سەر مەسەلەی (نە.. نە)وە چونکە چوونەوە بۆ ئەو خاڵانەی بەر لە چەند ساڵ، لێدانەوەی وەک کارێزی دەوێت کە ئاو بکێشێت؛ لە نێوان دەیان و پتر لە دەیان جنجاڵی فکری و نافکری و نووسین و گوتن و کێشەی ژیاندا پنۆک پنۆکی هەرەمەی سەر بە باسێکی نەکوترایەوەی وەک نە... نە لە خۆوە بازرقە نابەستێ بۆ ناو مێشکێکی ئاخناو بە چەندین خولیای بە ڕەگ و ڕەهەدا کەوتووەوەی وەک مێشک شەکەتی من. بە هەمە حاڵ هەمیشە لە گۆشەیەکی زەینمدا باسەکە سەرەتاتکەم لێ دەکات، زۆریش حەز دەکەم بپەرژێمە سەر خۆتەرخانکردن بۆی هەر نەبێ لە بەر پەرۆشێکی تۆی پێوە مەیلەو بەندیت... لە ئینگلیزی or و either بە خستنە سەری n بۆ هەردوان دەبنە ئەو نە... نە ی کوردی کە زۆر ئاوخوازە و وەک شیعری نالی لکی لێ دەبنەوە. بە بۆنەی ناوی نالییەوە: ئەمڕۆکە دوای عەصر گەیشتمە کۆتایی پێداچوونەوەی شەرحی دیوانەکەی کە لەلایەن مەلا کەریمی مودەڕیس و کوڕانی کرابوو. دەوری ٢٠٠ لاپەڕەیەکی [وەک ئەمەی لێی دەنووسم] گرتەوە. دوو سێیەکی کە دەکاتە ١٣٥ لاپەڕە بەر لە دوو مانگێک بۆ سوید بەڕێ کرا. ئاسۆس کەمال خەریکی لەچاپدانی نووسینەکانم دەبێت وەک کە گەشتی ژیانمی بە چاپ گەیاند. ئێستاکە جارێکی کە گەشتەکە، بە ڕوونکردنەوە و وردە کەینوبەینێک، لە چاپ دەدرێتەوە. تەرجەمەی (من هموم الحیاة)یش بە کوردی پێی گەیشتووە، لەگەڵ ئەم پێداچوونەوەیە دەبن بە (٣) مادە. لە چاووزار بە دوور بن، بڵێ ئامین چونکە زۆر کەس هەن کە ناشیانناسم، بە خوێندنەوەی نووسینی من تووشی هەلامەت دەبن، یاخود قرقێنەی ترشاو دەردەکەن.. وەی کە مجێزم لێیە بە بێ زمانگرتن چی دەیزانم لە بارەی ئەم جیهانەوە بڵاو بکەمەوە، ئەشەدوبیللا گەلێکی دوور لە کۆمیۆنیزم و سیاسەتیش بەهەشتی خولیا و خەیاڵیان دەڕمێ یان هەر نەبێ بەلادا دێت. مرۆ لە هەموو زندەوەرێک پتر بە بەریەوە هەیە لە گومڕایی و کوێری ڕۆچێت چونکە زێدە لەو گیانلەبەرانە هۆشی هەیە، وێڕای غەریزە، کە هۆشەکەی بە هەڵەدا چوو، شتی ئەوتۆ دەکات هەرگیز ناکەوێتە بەر حوکمی غەریزەوە. باوەڕی وەها پووچەڵیش دەپەرستێت کەر و حوشتر ڕێی بۆ دەرناکەن هەتا تێوەی بگلێن. هێندێکم لەو کەسانەی ڕقهەڵگری کۆنم بوون، پاش هەرەسی سۆڤیەت هۆشیان هاتەوە بەر، بە دڵ دەستەملانم بوون خۆزی هەموو بە هەڵەداچوویێک وەها بانایە تا ئەگەر خۆشم هەڵەتە بم هەمان دوعا بۆ خۆم دەکەم، خۆ من لە زردایک نەبووم.. ڕۆژی ٩ی مارت، بەر لە ٥ ڕۆژ بەرپرسێکی جەریدەی (الجمهوریە) داوای کرد چ بە نووسین چ بە زمان شتێکیان پێ ڕابگەیەنم بە بۆنەی ١١ی ئازار.. بە درێژی قسەم لەگەڵدا کرد، لە زەمانی پێغەمبەرەوە بۆی هاتمە خوارێ نموونەی وێرانکاری، قسەی چەوت و بیری هەڵەم بۆ شەرح کرد کە چی بە موسوڵمانەتی کردووە.. هەتا هێندێ پێم گوت: تۆ ئەو صەدان هەزار کوردەی دوای ١١ی ئازار کوژران بۆم بژێنەوە ئۆتۆنۆمی و بەولاوەتریش لە خۆت موبارەک بێ.. کابرا تا بڵێی مەمنوونم بوو چونکە هۆشی لای خۆی بوو، گوتیشی هەموو شتێکتم خوێندۆتەوە. گوتم: قەت دیوتە لەو ماوەیەی ٣٠ ساڵیدا یەک وشەی خۆمم لستبێتەوە.. یەک هەنگاوم چەوت بووبێ.. یەک ڕیاکاریم کردبێ؟.

پێم گوت ڕۆژی فەتحی مەککە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ، کە پێغەمبەر ماڵی ئەبو سوفیانی بردە ڕیزی کەعبە، ئا لەو ڕۆژەوە عەلی و حوسێن کوژران.. الملك المعضوض بڕیاری بۆ درا.. موسوڵمانەتی کەرتک بوو بە چەندین پارچە.. پێم گوت من کە ئەم جورئەتە دەکەم هەر لە تەجرەبەی پێغەمبەر خۆی نموونە و بەڵگەی ڕاستبوونی باوەڕەکەم دەهێنمەوە: لە غەزای بەدر کە پێغەمبەر جێگەیەکی ڕەچاو کرد بۆ ئوردووی موسوڵمانەکان، یەکێک لە صحابەکان گوتی: ئەم جێگەیەت بە ڕەئی خۆت یان بە وەحی خودا ڕەچاو کرد؟ گوتی بە ڕەئی خۆم. گوتی کەواتە ڕەئیەکەت هەڵەیە چونکە ئەتۆ چەندین بیری ئاوی خواردنەوەت لەو چۆلە بێ خاوەن کردووە کافرەکان پێی تێرئاو دەبن. دەبێ ئەو بیرانە بخەینە دوای خۆمانەوە. پێغەمبەر قسەکەی پەسەند کرد.. جا ئەگەر لە فەتحی مەککەش صحابەیەکی ئەوتۆ ڕەخسابایە ڕەخنەی لە ڕایەکەی پێغەمبەر گرتبایە دەربارەی ئەبوو سوفیان دوارۆژ و چارەنووسی موسوڵمانان شتێکی دیکە دەبوو من ئەمانەت بۆ دەنووسم لەو ڕووەوە کە زەرەریان تێدا نییە، شتێکیش لە وەزعی خۆم ڕوون دەکەنەوە، ڕێشی تێدەچێ کە بۆ بەر نیگای خوێشت تیکێکی چەندیش تەسک بێ، بکاتەوە بە سەر نازانم چییەوە؛ لە تەجرەبەی خۆمم دیتوە، یەک تێبینی بچووک لە لایەن ئاخێوەرێکی بێ مەبەستەوە زەینمی بۆ لایەنی ئەوتۆ بردووە و بە سەر ڕوانگەی ئەوتۆیدا ڕاشکاندووم کە دەشیا هەر بیریان لێ نەکەمەوە یاخود بە درەنگەوە بۆیان بچم.

کاکە حەکیم: دوو بێگاری مام ناوەنجیم هەیە بۆم جێ بە جێ بکەیت: لە مامۆستا ئاسۆس بپرسە ئایە ئەو بەشەی سەر بە شیعری نالییەوە کە بۆم ناردووە پێی گەیشتووە یان نەء!. لە د. عەلی سەروەتیش بگەیەنە کە چوار کتێبەکەی بۆمی ناردبوو و بە نامە تێمگەیاند کە پێم نەگەیشتوون، دوای حەفتەیەک لەو نامەیە پێم گەیشتن. ئێستا برالە کاغەزێک بۆ ئەوروپا بەڕێ بکرێت مەعاشی یەک مانگی تەقاعودیم هەڵدەلووشێ.. جاران وەها نەبوو بەم دواییە هەم مزەی پۆستە چەندین جار زیادی کرد هەم نرخی دیناریش چەندین جار هەڵکشی، بەو پێیە چوار کاغەزی ئێستا ١٠٠٠٠ دیناری دەوێ کە پتر لە ٦٠٠٠ دیناری بەر لە چەند مانگێک دەگرێتەوە.. گوتەی کۆنە دەڵێ (قەرزی کۆن و خزمی دووری بە بیردا دێت) دەشزانم تەکلیفەکەم ئێسکقورسە ئەمما کوردی گوتەنی لە پیاوان دەقەومێ چ تۆ بیت و چ من.

ساڵەکەی ئەمساڵمان شێتوێت بوو: کانوونی دووەم گەرمتر بوو لەم ڕۆژانەی ناوەڕاستی مارت.. هەندێ درەخت پەلکی ساڵی کۆنی پێوە ما.. زۆر بە سەیری هەنجیری باغچۆکەی پشتەوەی ماڵمان لە کۆتایی پایزدا پەلکی نوێ و باقۆی تازەی هەڵچنی تومەز وەرزی لێ گۆڕابوو وای دەزانی مایسە.. لەوەش سەیرتر نەمامە هەنجیری سێ ساڵی پەلکی ساڵی کۆنی نەوەراندبوو، کە من پەلکەکانم لێ کردەوە وایزانی پایزەکە بەهارە بە تەواوی پشکووت. لە نێوان تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم، کوردی دەڵێ: سەیر هەر سەیرە قالۆچەش تەیرە.. لە بیرم کرد بڵێم بە مامۆستا ئاسۆس بڵێ نامەم بۆ بنووسێ لە بارەی گەیشتن و نەگەیشتنی نووسینەکەم. تا خێراییش بکا بۆ من چاکترە بەڵکو سەرەدەری دەکەم لە چۆنیەتی گەیاندنی ئەو پێداچوونەوەم بۆ لای ئەو: نوسخەی دووەمم بە پەڕەک هەڵگرتووە نەکا چی دەنێرم لە هەوەڵ جاردا پێی نەگات.. ئنجا دەبێ بزانیت چەندم عەزاب خواردووە بە مسۆگەرکردنی ئەو نوسخەیە: دوو صەد جاران زێتر کاغەزی کۆپیم خستۆتە نێوان دوو پەڕەوە و بە دەرزی لێکم گرێ داون و وەهاش دەبوو کاغەزی ژێرەوەی کۆپیەکە دەبزووت و سەرلەنوێ یەکێکی تازەم دەخستە جێیەوە. ئنجا دەبێ کاغەزی سەرەوە خیت خیت کرابێ تا دێڕەکان خوار نەڕۆن.. ڕێک دەکەوت کۆپیەم بە بەرەواژ دادەنا، کاغەزی دووەم سپی دەمایەوە و نووسینەکە بە ڕووی دووەمی کاغەزە خیت خیت کراوەکە نەقشی دەبەست، بە پێچەوانەیی. سەرت نەیەشێنم عەزابی گۆڕەوشارم لە چەنگی چەشتووە... من حاڵم ئەم حاڵە بووە بۆ ماوەی چەندەها مانگ، جگە لە نووسینی دیکەی ناچاری و ڕووتینی و وەرامی نامە و پرسیاران و سپاسی خاوەن موجامەلان و گوتاری داواکراو.. و.. هتد. لەو میانەشدا مامە پشت ئێشە بە سەری کردمەوە ئەمما زۆر بە جیددی.. ئێستا ئارامم بەڵام ئاگاداری خۆمم دژی سەرما و ماندووبوون و دەقگرتن بە دانیشتنی بیندرێژی سەر چشتی نەرم و.. و.. با لێرەدا نەعلەت لە نەساغی بکەم و دەسکێک لە وشەی قەشەنگ کە جێی نووسینی نەماوە، پێشکەش بکەم لە برای قەدرزانتەوە

**مسعود محمد**

**١٤ / ٣ / ١٩٩٦**

کاکە حەکیمی خۆشەویست و بەڕێز

سڵاو و ئاواتی پڕ بە دڵ.

لەوپەڕی تەنگەتاوبوونم بە دەست نووسینی ناچاری و بێ کۆتایی و لە باری نالەباری کە تێیدا دەژیم لە ڕووی

نارێکی ژوورەکەم و ئەو کتێب و نووسراوانەی پێویستمن و نایاندۆزمەوە و زەحمەتی گەیاندنی نووسین بۆ شوێنی مــەبەست، وا بەم دوو سێ دێرە قــوت و قــرتاوە هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ بڵێم: لە ڕۆژی ٢٣ / ٧ی کـارتێکم وەرگرت کە لە هەولێرەوە لە ٣ / ٧ بۆم نووسـرابوو ئەو دیارییــەی تێــدا بوو کــە لە نامــەی پێــشــتــرم باسی نەگەیشتنی هاتبوو. زۆر سپاس بۆ خەمخۆریت کە تکام هەیە سواری شانی خۆتی نەکەیت کە پێ دەچێ بارەکەی قورس بێت: فیلمێکی لۆری و هاردیم دیت، لە بەر بێ مایەیی بوون بە ڕێگر. کابرایەکی لادێیی ڕێبواریان گرت ڕووتی بکەنەوە، ئەویش پاڕایەوە کە هیچی نییە و ماڵ و منداڵی چاویان لە دەستــیەتی تا شــتێکیان بۆ پەیدا بکات. لۆریل و هاردی هەردوویان دایانە گریان و چی لە باخەڵیاندا هەبوو ئەویشیان دا بە کابرا.. لوبنانی دەڵێن: الحال من بعضه. حاڵەکەی هەموان هەر یەکە خوا باشتری بکات.. وا من پرۆژەیەکم ساز داوە، بە خەیاڵ، خەریکم بیتاقەی یانەسیب بکڕم، خۆ دەریشنەچێت وەک مەلای مەشوور کە شتی بە گران دەکڕی و بە هەرزان دەیفرۆشت دەیگوت: خۆ چ نەبێ دەڵێن مـامـلـەتان دەکـات. منیش هەر وەها. لێـرەدا مـەتەڵێکی کـوردی زۆر نەسـتــەقم بە بیــردا دێت بەڵام بێ سـوودە چونکە نایەتە گـوتن. بەڵکو ڕۆژێکی لە ڕۆژانی خــوا و تـەبیــعـەت هەلی پێ داین و پەندەکە جێی خۆی کردەوە.. بەڵکو.. بلێ ئینشالڵا..

تا هەل و نامەیەکی دیکە ئاواتی خۆشی و سەلامەتیت

**لە براتەوە**

**مسعود محمد**

**٢٨ / ٧ / ١٩٩٦**

ماموستای گەورە و خۆشەویست، بەڕێز کاک مەسعود

هیوادارم تەندروست و بە کەیف و بە سەلیـقە و گەش بن.

مـاوەیەک لەمـەوبەر (پەرژینی بێدەنگی)ی جەنابتـانم پێ گـەیشت. دوو جـارانم خـوێندەوە و گـەلێ جـاریش هێندێ برگەی دیاریکراوی نیشانەکراوم لێی خوێندەوە. پێم وایە ناوەکەی لە داهێنانی کاک فەرهادە و بە مجێزی من لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا ڕێک نەبوو. ئەو پێشەکییەش هەق نەبوو بە مـەبەسـتی ڕوونکردنەوە بۆی بنووسـرێ. جگە لەوەش دەبوو پرسـیــــارەکــان دارێژرێنەوە. بەڵام گەوهەر لە هەر کوێ بێ هەر گەوهەرە. ئەمە یەکەم جارە پاتەوپات و بێ سـڵـەمـینەوە، مـەبەسـتی بێ تەحلیل و تەئویل لە بەرهەمـتـاندا گـیـانم پاراو دەکا. دەتگوت بە دوای شتێکی نەزاندراودا وێڵم و بۆم نادۆزرێتەوە. ئەوا دۆزیمەوە. من هەرگــیــز زاتی ئەوەم نەکـردووە ئەو بابەتە پرسـیـارانەتان ئاراسـتـە بکەم نەبادا بە هۆی قەڵەمشریی منەوە خوانەخواستە دووچاری پرسیار و لێپرسینەوە بن. بەڵام (هەڵۆ) ئەو زاتەی کرد و منیشی بە مراد گەیاند و مـاڵی ئاوەدان بێت. من لە جیـاتی هەڵۆ پرسـیـارێک ئاراسـتەی جەنابتـان دەکەم کە ئەو بە سەریدا گـوزەری کردووە: هەڵۆ بە خۆی و دەیان و سەدانی وەک من و ئەو کە سەرچاوەی بیر و بۆچوونمان یەکێکە و لە یەک هەتاو دەڕوانین و زادەی هۆشـمـان بەرهەمـەکـانی (مـامـۆسـتـا مـەسـعـود مـحـمـد)ە، چۆنە وا دابڕ و دۆبڕ دەبین و یەکێکمان لەگەڵ ئەوی تردا هەڵناکات و تا ڕقدان دەگرێ پڕین لە ڕق و شەیدای میللەتی خۆمانین کەچی ڕقمان لە تاکـەکـانیـتی؟. کـە دەمـانەوێ جـێی (خـراپ) بگرین و (چاک) لە جێیـدا دامەزرێنین کـوا کەرەسـەی (چاک)؟. من خــۆم بـۆیە دەخــەمــە ناو بـاســەوە تا بە بێ ویژدان نەخوێندرێمەوە دەنا مادام کەرامەتم بپارێزرێ گەورەیی خـەڵکم پەسـەندە و بەرەو جـێی باڵا مل نانێـمـە ملی کەسەوە. ئەم برایانە کە سەردەمێ منیش یەکێکیان بووم، لە ڕۆژگارێکدا کەرتوپەرت بوون و وەک گۆڕەوی دەستچن بە پەلە هەڵوەشانەوە کە دەبوو بوونیـان هەبێ. ئێـستـاش، لە هەمـوو قارەکانەوە بانگیـان دەکرێ: کـوڕینە ڕۆژ ڕۆژی ئێوەیە!. کەچی نەخێر!. کە ڕووم بەرەو چەپ وەرچەرخاند و غـەنزلێم، چ قـودرەتێ هەیە بە لای ڕاسـتـدا ملم پێ بادا!. بە قـەولی جـۆرج ئۆروێل: لەو ڕۆژەدا کــە دەکـرا بەخـتــەوەری ســاز بکرێ، تێکدرا!. کــاک (س) کــە قـەڵەمی بەرەو ڕسـتـەی جوان گلۆر بووەوە ئێـدی خـانەی خۆی و بەرانبەرەکەی بیر دەچێتەوە و هەر پێشی بگوترێ لەل، لایەنە دەروونییەکەی لە (واقواق)یش خۆی ناگرێ. مادام فلان ڕۆژێ لە ڕۆژان ئیـمام بووە، دەبێ هەر ئیـمام بێ. لە مەیدانی عەمەلیدا پێی وا نییە مامۆستای باش ئەوە بێ قـوتابی ژێری هەبێ. دەبێ قـوتابییـەکـانی هەر دەبەنـگ بن تـا خـــۆی گـــەش گـــەش دیـار بێ و بچـروسکێـتـەوە. ئاوی ئەم پەتایە (ص) ڕشـتـوویەتی و وەک هەڵامــەت هەمـــوانی گـــرتۆتەوە، ســەرلەبەری هەمــوشــیــان خــەڵکانی بێگەرد و پاک و ڕاسـتـگۆ و دڵســۆزن... مــخــابن!. دەڵێی نەگـونجـان کـەوتۆتە کرۆمۆسۆمەکانمانەوە و مشتێ نموونەی خەرمانەکەمانە. یەکێ (الحاد) دەکاتە بناغەی خۆی و ئەوی تر (ئیمان). ئێــدی لە ســەر ٩٩ خــاڵی دی پێک بێن، بە هۆی بناغـەکـەوە پێکنایەن. واش ڕێک دەکـەوێ لە سەر ئەو بناغەیە پێک بێن بەڵام لە سەر چاک و خراپی کەسێکی

وەک (ص) یا یەکێکی تر دەیکەنە ئەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تێدا کوژرا.. ئیدی هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی و ئەوەی هەیە دەبێتەوە بە ئەمری واقیع.

مامۆستا: داوای لێبوردنتان لێ دەکەم کە دیاریەکە کەم بووبێ. دەزانم ئەوە نەبوو شیاوی ئەوە بێ ناوی هیچی لێ بندرێ. چ بکەم؟. کەسوکاری دەربەدەر یەک و دوو نین و توانای منیش هەر ئەوەیە لە مەیلەو هیچ پاشەکەوت دەکەم. خەڵک هەن خەمی گوزەرانی ئێوەیان بێ بەڵام دەترسم بە باسکردنی گەرد بکەوێتە سەر پەڕەی گوڵی ناوتان و بە تەبیعەتتان خۆش نەیا. جارێکی تریش دەیڵێمەوە: هیوادارم هەر وەک قوتابی خۆتان سەیرم نەکەن ... جاروبارێ وەک کوڕی خۆتانیش لێم بڕوانن تا غیرەتی ئەوەم هەبێ تەسەڕوف بکەم.

(لە پەرۆشەکانی ژیان) و ( دەستەودامنی نالی)، بە پێی ڕاگەیاندنی گۆڤاری (گزینگ) بێ لە ژێر چاپدان. نازانم کەی تەواو دەکرێن.

هیوای بەختەوەریتان بۆ دەخوازم و خوا ئاگادارتان بێ.

**برای گچکەتان**

**حەکیم**

**١١ / ١٠ / ١٩٩٦**

کاکە حەکیمی خۆشەویست و برا و برادەر، ڕۆژت باش، شەوت شاد:

بەر لە نیو سەعاتێک یان شتێک کەمتر پۆستەچی لە دەرگە و جەرەسی دا: دیمان و پێ و قەدەمی بەخێر، نامەکەی تۆی پێ بوو.. بە عادەت کاڵە کوڕانە دەدەینە خزمەتگوزاری ئەوتۆبی، وەک مقیاس خوێنی ئاو و کارەبا و ڕاگەیەنی خەرجیی تەلەفۆن.. لێی نۆش بێ کە موژدەی نامەکەی تۆی پێ بوو.. گورجێک خوێندمەوە و بێ پشوودان کەوتمە سەر وەرامدانەوە. ئەمما نامەکەی تۆش وەکو هەندێ پرسیارەکانی هەڵۆ بە بەربەوە هەیە بمخەریکێنێ بە تایبەتی پرسیارەکەت کە خۆت گوتەنی هەڵۆ بە سەریدا گوزەری کردووە.. بەڵام دەبێ بڵێم ئەو کەرتکەرت و بڕبڕبوونەی باسی دەکەیت و ڕقدانی ئاوس بە ڕق لە پۆرگی هەناوی برادەرانی یەک شەقامەڕێ خەبەرێکی نوێیە بۆ من، پێشتر نەمبیستووە و خەیاڵیشم بۆی نەچووە هەرچەند لە دەفتەرخانەی "توقعات"م چی قەباحەتێکی خەیاڵ نایگرێ لە بەشێکی [زۆر یان کەم] مرۆڤ، بە تایبەتی هی دواکەوتوو، ڕەچاو دەکرێ، نزیکترین بەڵگەش ئەوەیە کە چەکدارانی هەرێم، لەگەڵ هەڕەشەی کوشندەی بە دوویانەوەیە، فەرقێک ناکەن لە نێوان بەرازکوشتن و پێشمەرگەکوشتن کە لە مەعنادا دەبێتەوە خۆکوشتن. لە بارەی کاکە (س)ەوە من هەر ئەوەندە دەزانم کە نامەکانی دەبنە پێناسەی! چ لە قاڵب و چ لە ناوەڕۆک، ئەو نامانە دڵپەسەندن تا ئەوەی د. کەمال مەزهەر، کە یەکەم نامەی کوردۆم نیشان دا پێوەی گەشایەوە.. لە سنووری ئەدەبی (نامەکێشەکی)دا، کوردۆ پەراوێزی موجامەلەکانی لەگەڵ مندا لێک کێشاوەتەوە و بە دڵ، خەریکی دڵڕاگرتنمە کە ئیتر بۆ من نامەکانی دەبنە عەمارەی سەنگینی و کەڵەگەتی و لە هیچ لایەکیشەوە سەروسەودایەکی سەر بەو مرۆڤەوەم نەبیستووە تا هاتنی نامەی ئەمڕۆکەت.. بەینۆلکێکە نامە لە نێوانماندا نەسووڕاوەتەوە، ئیتر نازانم چی دی بهاومە سەر ئەم قسانەم.. بە هەمە حاڵ، واقیع وەک هەیە بە ملەوەیە، مرۆش خۆی لە دەست خۆیدایە و نابێ دڵنیگەرانی سەربکێشێتەوە بۆ ورەبەردان یان ڕەشبینی "لا یکلف الله نفسا الا وسعها" بایی توانا قەرزی ئەدەبی و ئەخلاقی و دینی و دنیاییمان لێ داوا دەکرێ، ئیتر بە پێی قەناعەت و بە دڵنیاییەوە چی بە چاک بزانین دەبێ بۆی خەریک بین. کە هەر هات و واقیع خۆی وەتەنگ هێنا دژی چاکە و پەکی کردار و گفتاری چاک کەوت ڕێگەی گۆشەگیریی دەمێنێتەوە مرۆی دڵسۆز بیگرێتە بەر..

پرسیارەکەت پتر ڕوو لە خۆت و هاوڕێکانت دەکاتەوە تا ئەوەی من لە دووردەنیای بێ ئاگایی خۆمەوە ڕەچەتەی پزشکی بۆ دەردی کەرتوپەرتبوونی برادەران بنووسم. من لە واقیعی تێکڕای ئەو مێرخاسانە شارەزام نە تاکتاکیان دەناسم نە هیچ سەروبەرێکی بزوێنەری دڵ و دەروونیان دەزانم تا ڕێم هەبێ خۆمیان تێ هەڵقورتێنم. ئەوپەڕی توانای من هەر ئەوەیە بە نووسین ڕاگەینی بیروڕای خۆم بم خۆشت دەزانیت چەندین دەیان ساڵە خەریکی ئەو کارەم... دەشێ وەرامێکت بدەمەوە لە دواکەوتوویی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵی میللەتی کورد، وەکو دەرمان، گیرابێتەوە کە هەر خۆی تەفسیری براکوژی خەباتکەرانی دەکات.. بەڵام ئەم تەرزە وەرامە شیفای دەردت نادات: تۆ دەتەوێ لە واقیعی سەردەم کاریگەرە هەمەچەشنەکانییەوە کە بە زیندوویی وەشار بۆ ئیرادەی تاک و کۆمەڵ دەهێنن دەرمانی مارانگازت بۆ ساز بدەم نەک لە گۆڕستانی میدیاوە، بە دەم نەهامەتیی ئەزەلیمانەوە، ڤایرۆسی شەپڕەی مێژوویمان بە ساردوسڕی دەستنیشان بکەم بۆ بەر دڵی بێ ئۆقرە و دیدەی پڕ چاوەچاوت... ئەوساش و هەموو کاتێکیش ڕابردووی ڕەجاڵ باوەش بە زۆربەی هۆیەکانی لەتوپەت و

کەرتبووندا دەگرێت.. دەشیا ئەگەر لە نزیکەوە وتووێژمان کردبایە بۆ ماوەی پێویست، بتوانم دەروونم بۆ پرسیارەکەت بکەمەوە و، کەم و زۆر، بە لای قەناعەتێکدا بچینەوە.

بچینەوە بۆ لای (پەرژینی بێدەنگی): بەر لە دوو هەفتەیەک دانەیەکم لەو بەرهەمە، بە نامەیەکەوە لە مامۆستا شاکەلی پێ گەیشت. وا خەریکم لیستەی هەڵەکانی بنووسمەوە بۆ شاکەلی بنێرمەوە چونکە وا هەیە هەندێ هەڵە خەلەل بە مەبەست بگەیەنێ.. دەشبوو دەقی پرسیارەکان بنووسرێن.. لە هێندێ شوێن، وەک بزانم، ڕستە پەڕیوە.. شاکەلی لە نامەکەیدا دەڵێ هێندێ شوێنی نووسینەکەی بۆ نەخوێندراوەتەوە، هەقیشیەتی چونکە بە وردی و بە پەلە نووسیومە.. منیش نازانم بۆچی (پەرژینی بێدەنگی) کراوە بە سەرناوی سیپارەکە.. هەڵۆ سیی پرسیاری دیکەی لێ کردبووم منیش وەرامی هەموانم دایەوە بەر لە دوو مانگێک بۆی ڕەوان کرا. ئەمیان هێند و نیوی (پەرژین..)ی خایاندووە، شەڵڵا نووسینەکەی پێ گەیشتبێ. نامەی نەهاتووە خەبەری ئەو نووسینەی بە بوون و نەبوون تێدا بێ. دەستی ئەمین نووسینەکەی گەیاندۆتە ئەورووپا ئیتر خواوڕاستان..

نەمزانی گلەییت لە پێشەکییەکەی هەڵۆ بە سەر پەرژینەوە چەند لایەن یا چ لایەنێکی دەگرێتەوە: من کە ڕازی بووم بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، کە هێندێکیان ڕەنگە جێی پرسیار نەبن، خەیاڵم ناڕوا بۆ ڕەخنەگرتن لە پێشەکییەکەی. من بەرپرسی بیروڕای خۆمم.. خۆت گوتەنی ماڵی ئاوا بێ، ڕۆشنەیەکی کردووە بۆ تیشکێکی ڕوونکەرەوە بچێتە سەر هێندێ بابەتی سەر بە کۆمەڵایەتی و سیاسی.. من دڵم لای ئەو سیی پرسیار و وەرامەیە کە بۆم باس کردی هەرووەهاش دەبم تا خەبەری گەیشتنی وەردەگرم..

مەسەلەی خۆ بە زلزانینی ئەم و ئەو: بەشێکی بریتییە لە نەساغی " megalomania .. جنون العظمة" [چەند سوارچاکی لۆقاوبلاوی کوردمان هەن لەم بابەتە، فەرخە خوان] بەشی زۆریشی بریتییە لە تێکەڵبوونی "نەفسی نەگەیشتوو+ وشیاری واقیع" کە ڕێم نییە لێرەدا شەرحی بدەم. بە تەجرەبە ئەگەر مومکین بێ برادەرە لێکداپراوەکان ببن بە شریکی بەرژەوەندێکی خەستوخۆڵ و بەرهەمدار، بێ گومان هۆشی عەتار و بەقاڵێکیان تێ دەگەڕێ.. ئنجا ئەگەر لە جیهانی سەقافەت و کوردایەتیشدا [کە هەمووی جارێ هەر وتە و نووسینە] لایەنی عەمەلی ئەوتۆ هەبایە سەر بە قازانج و زەرەری شەخسییەوە بنێ، لەوێشدا ڕەفتاری ساوایانە زۆر کز دەبوو.. باسی دیارییەکەت دەکەیت بە ترسی کەمبوونەوە: من ئەو دیارییەی بۆم هات لە ناو کاغەزێکی کاک ئەمجەدی ئامۆزام بوو لە ٣ / ٧ / ٩٩٦ نووسرابوو، واتە بەر لە چوار مانگێک.. من کاتی خۆی وەرام و سپاسی ئەو نامە و دیارییەم بۆت نووسی ئیتر نازانم ، یا بڵێم لە بیرم نەماوە ئایە جوابی تۆم پێ گەیشتۆتەوە پاش ئەو سپاسنامەیەم؟. هەرچۆنێ بێ نامە هاتبێ یا نەهاتبێ واقیع ناگۆڕێ لزوومیش نابینم بچمەوە بۆ فایلی نامەکانی تۆ ڕاوە نامە بکەم..

زەحمەت نەبێ نامەیەک بۆ هەڵۆ بنووسە لە بابەت گەیشتنی وەرامی سیی پرسیارەکە.. من نامەی بۆ دەنووسم بەڵام دەترسم لە پۆستە تێبچێ. ئەمەش ئەدرەسیەتی:

(.......................)

ئیتر خۆشی و سەلامەتیت ئاواتمە

**لە براتەوە**
**مسعود محمد**
**بەغدا ٣ / ١١ / ١٩٩٦**

مامۆستا گیان...

هەموو کاتێکتان شادی و بەختەوەریی بێ. هەشت نۆ ڕۆژێ لەمەوبەر نامەی ٣ / ١١ / ١٩٩٦تان گەیشت. من لە باروودۆخێکی لە ڕادەبەدەر ناخۆشدا بووم و ماوەیەکی زۆر نەبوو هەواڵی مەرگی جووتێ برام پێ گەیشتبوو کە کراونەتە پێشباری قەیامەتی ئەو دوو بەرەیەی کە تەڕ و وشکیان - ئەوەی مابۆوە - سووتاند. بەو هەواڵە، دوو شەبەقی گەورە و کوشندە لە جەرگم کرانەوە و هەر کاتێ دەورم چۆڵ بووبێ وەک گورگی بەچکەخوراو دەملووراند. باش بوو نامەکەی ئێوە کزەبایەکی فێنک بوو و بە سەر قەفرای ژیانمدا هەڵیکرد و زۆر سوکناییم هات. هەر بە گەیشتنی نامەکەتان نامەیەکم بۆ هەڵۆ نووسی و کەوتمە چاوەڕوانیی وەڵامەکەی تا ئەمڕۆ گەیشت. بەڵێ ئەو وەڵامەی کە بە دەستێکی ئەمیندا بۆتان ناردووە پێی گەیشتووە و دیاریشە نامە و کارتیشی بۆ ڕەوانە کردوون بەڵام نەگەیشتوون. ئەویش لە پەرۆشدا مابۆوە و بە گوێرەی نامەکەی، دڵی لاتان بووە. وا بە هۆی پرسیارکردنی ئەو بابەتەوە کە نووسیوتانە و بۆتان ناردووە، دوای ٧ - ٨

ساڵ، نامە لە نێوان من و کاک هەڵۆدا چوو و هات.
لە نامەی پێشوومدا کە باسی دابڕانی خەڵکی سەر بە یەک ڕێبازم کردووە، بۆی بە خەمەوەم و مەبەستم (س) یا (ص) نییە... بەڵکو سەرلەبەریانە. زۆر سەیرە کە خەڵک بۆ ڕاپەڕاندنی کاری پۆخڵ یەک بگرن و یەکڕا بن ئەگەر دزی و ڕێگریش بێ، کەچی تەنانەت وا باوە کە حەجحاج لە ڕێی حەجدا لێیان دەبێتە هەرا و کە دەگەڕێنەوە لێک زویر و لالوتن. دەڵێی چارەنووس وای دەوێ بەد سەرکەوێ. وا نەبوایە بۆ لەو کاولەسارە بە سووتماک کراوەی ئێمەدا هەر بەد دەسەڵاتی هەرە ڕەهای هەبێ؟. بۆ دەبێ کەسێکی وەک (ش) وشەی خۆی بکاتە پشکۆ و بە دڵی خەڵکیدا بچزێنێ و هەرا لە (کوڕە ئازاکان) بکا تا ئانیشکیان سوور بکەن نەک هەر دەست و پەنجەیان؟. بۆ دەبێ (گۆرانی) بۆ بکوژەکان بڵێ؟. ئەم کوڕە بە ڕاستی دەگمەنە کەچی بزانە دەگمەنیی خۆی لە چ بوارێکدا دەخاتە کار؟. ئەوەی سەدان ساڵە لە ناوماندا دووبارە و دەبارە دەبێتەوە بەڵگەی بۆچوونی دۆنادۆن نییە؟. لە پرسەی جووتێ برامدا خەڵک هەبوون بە هۆشی لەجێچووەوە دەیانویست بۆ تۆڵە بەرەو لای خۆیان ڕامکێشن. منیش یەک دوو جاران دەرمبڕی: فلانە لایەن دەست و قاچی براکانی منیان گرت و ئەوەکەی تریش چەقۆی بە ملیاندا هێنا. خەتای کامیانە؟. تۆڵە لە کامەیان بکەمەوە؟. لەوەی زیاتر کە لە سەریانم نووسیوە چی تریان پێ بڵێم؟. سێزدە ساڵە لەم وڵاتی غەریبییەم تاکە یەک کەس بە تۆمەتی خیانەتکاری دادگایی کراوە و حوکمی ئەبەدی بە سەردا درا و دوایی، دوای ٥ - ٦ ساڵ بەرەڵایان کرد. ئەدی لە وڵاتی ئێمەدا؟. نیوەی، نیوەکەی تری بە خیانەتکار ناو دەبا!. ئەگەر وابێ، ئەوە میللەتە؟. لێرە لە هەشت ملیۆندا یەک و لەوێ، لە چوار ملیۆندا دوو ملیۆن. مەبەستم لەم بەراوردە بێگەردیی ئەمان نییە کە هیچ نەماوە تاقی نەکەنەوە و نزیکەی پێنج یەکی کچان لە ڕێی باوکی خۆیانەوە لە کچێنی دەکەون و چارەکێکیان، چ کوڕ و چ کچ، لە لایەن دایک و باوکەوە (استغلال) دەکرێن و کار گەیشتۆتە ئەوە کە سەگ و پشیلەش بەشداریی لەو خم شێوان و شیرازە پچڕانەدا بکەن. یەکێ کە زۆر لێمەوە نێزیکە گوتی: پشیلە نێرەکەی دەنکەکەم خۆی بە قاچوقولمدا دەسوێ. منیش وای بۆچووم: پشیلە بە عادەت شەرمنە و لە کاتی جووتبووندا خۆی دەشارێتەوە و ڕێ نادا کەس بیبینێ.. دیارە ئەوە فێر کراوە. زۆری پێ ناخۆش بوو کە ئەوەم گوت. بە هەرحاڵ، ئەوەی پێی بڵێن ڕووناکایی مەگەر لای ئێوەوە بەدی بکەم. خوا مامۆستا مەسعود بپارێزێ.

ئەوەی لە پێشەکی و پرسیارەکاندا - لە پەرژینی بێدەنگی - بە دڵم نەبوو ئەوە بوو کە ئەو پێشەکییە، هەر لە بنەڕەتدا پێویست نەبوو و نەدەبوو مامۆستا مەسعود وا پێشان بدا کە ئەرکی سەرەکی بەربەرەکانێکردنی مارکسیزم بێ. کاک هەڵۆ مامۆستا مەسعود بە خوێنەر دەناسێنێ!. پرسیارەکانیش دارشتنیان باش نییە. خۆ ئەوەم زانیوە بەرهەمی ئێوە لە هەر کوێ بێ جەوهەری خۆی لە دەست نادا بەڵام کەس ناچێ تابلۆی پیکاسۆ بخاتە چوارچێوەیەکی هەرزانبەهاوە. دیارە کاک فەرهاد زۆری لە پێشەکییەکە گۆڕیوە ئەوجا ئەوە دەرچووە کە هەیە. یەکەم دوو دێڕی، ئێستاش نەمزانی چ دەڵێ... وا بزانم (جوملە موفیدە) نییە.
ئیتر خۆشیتان ئاواتی هەرە لەپێشەوەمە.

**براگچکەتان**
**حەکیم**
**٢٧ / ١١ / ١٩٩٦**

کاکە حەکیمی خۆشەویست
ڕێز و ئارەزووی دیدارت وێڕای ئاواتی بەختەوەریت:
نامەی ڕۆژمێژووی ٧ / ٤ / ١٩٩٧ت دوێنێ، ٢١ / ٤ گەیشت، لە هەلی خۆیدا دیمانەی بە خێر هات، چونکە من بەینێک لەمەوبەر نامەم بۆت نووسیبوو، چاوەچاوی وەڵامت بووم. وا دیارە کاغەزەکەی من لە ڕێگەی هاتونەهات تێچووە.. چی لە بارەی (مەحبووبە چنگ بە خوێنەکەی «ش») ت نووسیوە بۆ من ڕوون نییە، هیچم لە بارەیەوە نەزانیوە، ئەوینی نامرۆڤانەش هەروەها مەتەڵێکە..
لە بارەی بەیتەکەی لاپەڕە ٥٨٨ی دیوانی نالی: بە لای منەوە بەیتی دووەم، لە سەرەتای لاپەڕە ٥٨٩ پتر جێی ئیشکالە چونکە یەکەمیان ڕاستە واتایەکی شاعیرانەی پێوەیە بایی دڵنیایی بکات هەرچەند دەشێ ووردیاتی نهێنتری تێدا بێت. بەیتی دووەم؛ دەستەواژەی (لە قاصی دا نییە) هەڵدەگرێ بنووسرێ (لە قاصیدا نییە - لە قاصی دانییە - لە قاسیدا نییە) چونکە وشەی (قاصی) بە سەر زمانی کوردەوە دەبێتە (قاسی). لە نیوە بەیتی یەکەمیش دەشێ بگوترێ (هەم قاسییە، هەم قاصیدیە - هەم قاصییە، هەم عاصییە، هەم عاسییە"بە واتای عاسێ").
لە بارەی نووسینەکانمەوە: بە پێی نامەی مامۆستا ئاسۆس قەول بوو "لە پەرۆشەکانی ژیان" دەوروبەری نەورۆز لە چاپ دەرچووبێت و بە دوا ئەوەدا پێداچوونەوەم

به سـەر شـەرحی دیوانی نالی بخرێتـە ژێر چاپ.. لێـرە بەشی سێیـەمی مرۆڤ و دەوروبەر مانگێک دەبێ بەڵکو پتریش، لێی بوومەتەوە.. ئێستا خەریکی ئەو بەشە بووم کۆمەڵە پرسیارێکی تازەی هەڵۆ گەیشت.. دوێنێ لێیان بوومـەوە. بە خێـر لە دەرفـەتدا بەڕێ بکرێن بۆ شـوێنی مەبەست.

لەو دوو سێ مـانگەی دوایین نووسـینێکی زۆرم بە ملەوە بوو.. وێڕای مرۆڤ... و پرسیارەکانی هەڵۆ لێم داوا کرا لە سەر شێخ ڕەضا شەبیبی و عبدالناصر و فاضل الجمالی و احمد مختار بابان بنووسم وەک پێشەکییەکی ڕیسالەی ماجستێر و نازانم چی.. لە ئاهەنگی تەکریمی د. کەمال مەزهەریش گوتارێکم خوێندەوە بە تەمام نوسخەیەکی لەگەڵ وەڵامەکان بۆ هەڵۆ بنێرم، ئیتر ئەویش نوسخەی لێ بگرێتەوە و پێتانی ڕابگەیەنێ: حەز دەکەم چی لە بارەی د. کەمال مەزهەرەوەم نووسیوە بگاتە بەر زەین و دڵی کوردی ئاوارە..

وا لەم دەمەدا کەڵەشێری نزیک بەیانی [دوای سەعات چواری وەختی هاوینەی پاش نیوەشەو] لە ماڵی جیرانمان دەقووقێنێ.. تا ئێستا لەم شەوەدا، نەنووستووم ناشزانم کەی خەو دەمباتەوە..

تا هەلێکی دیکەی پاش هاتنەوەی وەڵامت بۆم:

پێم نەکرا خۆم بێم نامەم بۆ ناردی، لەگەڵ گۆشەیەکی دڵی

**برات**
**مسعود محمد**
**بەغدا ٢٢ / ٤ / ١٩٩٧**

کاکە حەکیمی وەفاکار و قەدردار و قەردزان، سڵاوت لێ بێ لەگەڵ ڕێز و ئاواتی زاڵبوونت بە سەر نەساغی و مەینەت و شکستەییدا کە لە دێڕی دوادێڕی نامەی ئەمجارەت، نووسراوی ٦ / ١٢ / ١٩٩٧، وەکو ژیلەمۆ یان ئاوی کوڵاو بە ڕوومدا هەڵدەپرژی ئاودیوی هەناوم دەبوو.. بە ڕاستی سکاڵا و نزات بە قووڵی چووە دڵمەوە کە من پێشتر خەبەرداری ئەم حاڵەتەی ئێستاکەت نەبووم.. من لە هەولێرەوە، بەر لە ١٥ ڕۆژێک گەڕامەوە بۆ بەغدا، کاغەزەکەت لێم لە کەمین بوو. دەستی خۆی وەشاند تا ئەوەی (بریا)م کێشا کە خۆزی لە هەولێر مابامایەوە.. باوەڕ بفەرموو چەند ڕۆژێک مامەوە بێ جورئەتی وەرامدانەوە، نەخێر! بیرم لە وەرامدانەوە نەکرد چونکە مەزرای کاغەزم لە بەر چاوان لێڵ و هەڵەتاوی خۆی دەنواند قەڵەمی لە سەر نەدەگەڕا.. نەمدەزانی چ بنووسم!. لە کوێوە بۆ کوێ لێخوڕم.. بەر لە ٣ ڕۆژ هاتمە سەر هێندێ کە دەبێ دەنگمت بگاتێ. دوێنێ دەستم برد بۆ کاغەز.. چەند دێڕێکم نووسی، وەستام لە بەر هەڵەی ڕێنووس و وشکبوونی قەریحە: وەی کە زەحمەتە لە باری وەها خزدا پیتۆڵی و شارەزایی لە تەختکردنی شەقامی بەرداوی و هەڵەتاوی ڕێگە دەربکات بۆ.. کوێ؟. بۆ لای تۆ یان بۆ دەروونی خۆم کە ڕوح پەڕەی دوو دڵۆپ ئاوی سارد یان فرمێسکی گەرمە لە منەوە بە تۆ بگات.. کاکە حەکیم: بڕوا بفەرموو زێدە پەرۆشدارم بۆت. سەرەتاتکەمە لەگەڵ هێوربوونەوەیەکم لە بارەی تۆوە، بەڵکو نامەکەم کەڵکێکی پێوە دەبێ.. هێندە دەزانم وا گەیشتمە ٢٠ی ڕەمەزان و نەمتوانی هیچ بە هیچ بکەم. ناشزانم چ بڵێم و چ بکەم ئەوە نەبێ: (١) کە نامە بە کۆتایی بگەیەنم بێ ئەوەی لێی ڕازی بم. (٢) چەندی خەیاڵ بکەیت بە خەیاڵتەوە خەریکم.. ئیتر باوەشی دڵی خورپەدارم بۆت کراوەتەوە و ئاوات و هیوای سەلامەتیت لێوەی بۆت هەڵدەڕژێت. چاوەچاوی نامەی ئایندەتم کە مژدەی ڕەهابوونت لە چنگاڵی تەنگانەیی دڵ و هۆش و سێبووریم بگەشێنێتەوە.. بە چاوی تەڕ و پەنجەی لەرزۆکەوە دەستی دوعاخوازیت بۆ هەڵدەبڕم..

**دڵسۆزت**
**مسعود محمد**
**دەوری ٢٠ی ڕەمەزانی بەغدایە**
**نازانم چەندی کانوونی دووەمە (ئەمە نامەی ١٩٩٨)ە**

برای زێدە شیرینم کاکەوەیس

ڕێز و سڵاو و ئاواتی هەرە چاک لە دڵمەوە بۆت هەڵدەڕژێت.. بەر لە چەند ڕۆژێک نامەی چاوەڕوانکراوت لە بەغداوە بۆم هاتە هەولێر پێوەی شاگەشکە بووم.. بەشێکی دڵسووتێن لە ئاه و نزای نامەی پێشووت سڕایەوە هەرچەند پاشماوەی، جارێ، گەشاییم تێکەڵ بە کزە و سۆز دەکات و دەستی دوعام پێ هەڵدەبڕێ بۆ گێڕانەوەی ئازارت بۆ تەنسازی و ئاسوودەییت لە هەموو بارێکەوە و بە هەموو رووکاردا وەک بڵێیت دوعا بۆ خۆم دەکەم چونکە باوەڕت هەبێت بە تەنیشت دڵمەوەیت. وەی کاشکێ دەشیا لە دەرفەتێکدا و بە تەمای خواکەی خۆت و دەرماناتی پزیشکە جادووەکان بە سەر باڵی فڕۆکەوە، لە پێیانت کردبایە دەنگ و لە هەولێر نیشتبایتەوە بە خۆشی و بێ ئازار.. لێرەدا دوو بەیتی عەرەبیم بە دڵدا دێت هیوای شاعیرەکە

بە گەیشتنی دڵدارەکەی دەردەبڕێت و دەڵێت:

**سألت الله يجمعني بليلى**
**اليس الله يفعل ما يشاء**
**ويطرحها و يطرحني عليها**
**ويدخل مايشا فيما يشاء**

کوردییەکەی: داوام لە خوایە بمگەیەنێ بە لەیلا.. ئەدی خوا چی بیەوێت نایکات؟. ئنجا لەیلا درێژ کات و منیش بە سەریدا درێژکات و چی خۆی مەبەستییەتی بیخاتە ئەو شوێنەی مەبەستیەتی!. ئەگەر شاعیرەکە بێ ئەدەبییەکی کردبێت لەو نیازە بەرانبەر خوای جیهان، ئێمەی دۆستانت لێت بە نیاز دەگرین بۆ کوردستانی بەرین و دڵی کرایەوەی قەدرناسەکانت ئەسپاردەی خوا بیت.. من هەوڵێکم دا بۆ سەردانێکی لای ئێوە لە پایزی ڕابردوو، بەداخەوە وەکو باقۆ هەنجیری ئاخەلێوە وشک هەڵات بەڵام باری ئێستاکەم لە هەولێر قەرزداری ئەو وشکبوونەی هەنجیرەکەیە کە ئەگەر سەفەرەکەم کردبایە نیشتەجێی هەولێر نەدەبووم. وا ئێستا چەشنی لەکلەک و کۆترەباریکە لە نێوان هەولێر و بەغدا هاتوچۆی هاوینە و زستانە دەکەم، خوا بە خێری بگێڕێ، ناوناوەیەکیش سەر لە دۆستان و خزمانی کۆیە و برایانی دیموکراتی کوردی ئێران هەر لە کۆیە لار دەکەمەوە: تێکڕای حاڵوبارەکەش، وەک قاوەی شەکرلی، تاڵ و شیرین تێکەڵن.. بە دەست داخوازی وەرامدانەوەی پرسیاری دژوار، لەم و لەو.. تاک و کۆمەڵ تا ڕادەیەک دادەمێنم لە بەر دوو هۆی سەرەکی: یەکیان ئەوەیە کەوا من ڕاڕەوێکی تایبەت بە خۆمم هەیە نە هی چەپە نە هی نێوەند نە هی ڕاست: لەگەڵ هیچ کامێکیان ناتوانم ماوەیەکی ئەوتۆ ببڕم لە هاوباوەڕی بایی ئەوە بکات دوو چینە بەردی وشکەکەڵەک بەیەکەوە هەڵنێین. دووەمیان ئەوەیە خەڵکە سیاسییە چالاکەکە بە گیانی دەروێشایەتی و نوێژ و حەج پەنجە لە ئایدۆلۆجیای دەقگرتوو گیر دەکات.. نەمدیت تاکێک لەو "ڕۆشنبیر"انە بە جۆرێکی ڕوونبین [نەک گەشبین] زانیبێتی دیموکراسی .. اشتراکیە.. کۆمۆنیزم.. هەتا سەرمایەداریش کە گوایە کۆرپەی سروشتیی مێژوو و کۆمەڵایەتییە، هیچیان کاری مجێز و قەناعەت و باوەڕی ڕووت نین.. نازانن دیموکراسی بەندە بە پلەی تێهەڵکشیوی بورجوازییەتی کە بریتییە لە شارستانەتی و زانست و هونەر و یاسا و پاشخانی چەندین سەدساڵی سەقافی بە هەموو لایەنەکانییەوە.. اشتراکیەت یاری فوتبۆڵ نییە بۆ کەیف و مجێز و ئایدۆلۆجیا بکرێتە "دستور العمل، دستور الحیاة": دەبێ سەرمایەداری گەندەڵ بێت.. بە کەڵکی حەزارەتی زانست و تەکنیک نەیەت.. جموجوڵی باڵەفڕەی ئاسمانگەردی و گیان وەبەرهێنان و پێچانەوەی "زمان" بەرەو ڕابردوو.. تێپەڕین لە خێرایی تیشک سنووری سەرمایەداری بەجێ بهێڵن و فلتەفلتی "نەکەی بقەیە.." کپ بێت وەک هەناسەی مردوو.. لە پلەی دواتر، کۆمۆنیزم [بێ شۆڕش و کوشتن و بەستن] لە خۆوە وەک هاتنی بەهار بە دوا زستاندا دێتە کایەوە و لە ئەنجامدا سەر دەگەیەنێ بە ئەنارکیزم کە حکوومەت تێیدا بێ لزووم دەبێت چ جای (ملکیە)ی تایبەت بە تاک کەوا لەو سەردەمەی ئایندەدا (مڵکایەتی شت) دەبێتە هەڵگرتنی قورسایی بێ لزووم مادەم (مڵکایەتی گشتی) ئەرکی هەموو شتێک بە خۆیەوە دەگرێت.. خولاسە ئەو قسە خۆشکەڵەی خەولێخەرەی کۆمۆنیزمی سەرەتای ئەم صەدەیە کە دەیگوت لە پلەی کۆمۆنیزم "تناقض" نامێنێ و یەخەی سروشت دەگیرێ بۆ داهێنان و بەرەوپێش چوون دە جاران و بیست جاران بە ڕاست دەگەڕێ لەو پێشکەوتنەی بێ کوشتن و برین و سووتاندن و بە حوکمی بەرەوپێش چوونی تەکنیکی و زانستی و مرۆڤایەتی دەگەشێتەوە.. وا لێت بووم بە پەندیار ببەخشە.. ئەم دێرانە دەنووسم دوای مەلابانگدانی سبەینە کە من بەر لەو، سەعات چواری بەیانی ، فراڤینم خواردووە [فراڤین بە نانی بەیانی دەزانم] لە تۆش نۆش بێت.. لە بەر شەوقی لالە دەنووسم کارەبامان لە ١٢ی نیوەشەو کوژاوەتەوە.

**لە براتەوە**
**مسعود محمد**
**هەولێر ١٦ / ٣ / ١٩٩٨**



# د. عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان: کە ئازادی ڕاست هەبوو هەموو شت گوڵ دەکا.. دەبێ فێریش بین یەکترمان خۆشبوێ و لەگەڵ یەکتر پاک بین

د. عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان نووسەر و کەلەپوورناس و زمانزان و سیاسەتوان، پیاوێکی تا سەر ئێسقان کوردپەروەر، هەر لە کۆماری کوردستانەوە لە مەهاباد بەهۆی باوک و برا گەورەکەیەوە تێکەڵی ئەو بزاڤە کوردانەیە بووە، تا بە ئەمڕۆ دەگا دەسبەرداری شێواز و ستایلی تایبەتی خۆی نەبووە لەکاری سیاسی و نووسیندا.

ئەو کەسایەتییە زۆرتر کەسانی وەک (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)مان بیردەخەنەوە کە لەناو بزاڤی ڕووناکبیری و سیاسی و کوردایەتیدا هەیبووە، ئێستاش بەو تەمەنی (٧٨)ساڵییەی خۆیەوە بیگوشی چۆڕچۆڕ کوردایەتی لێ دەچۆڕێ.

شێوازی قسەکردنی، یادەوەری گورج و گۆڵ و تەنانەت شێوەی جلوبەرگەکەشی هەر تایبەتمەندیی خۆی پێوە دیاربوو، بەو تەمەنەوە لە (مەهاباد)ەوە هاتبوو تا چاوی بەو ئاڵایە بکەوێتەوە کە لە (خۆیبوون) و (مەهاباد) نەوی کرا، ئێستاش بە شەکاوەیی جارێکی دی ببینێتەوە،، بۆیە ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا زۆرمان پێ چاک بوو دەمەتەقێیەکی لەگەڵدا بکەین، چونکە پێشتر کە چەند ساڵێک لەمەوبەر چووینە کرماشان و سنە و مەهاباد، هەرچەند لە خزمەتیدا بووین، بەڵام ڕێ نەکەوت ئەو گفتوگۆیە ئەنجام بدەین.

**ڕامان:** سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین، تکایە کورتەیەک لە ژیانی خۆتمان بۆ باس بکە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ڕۆژی یەکەمی بەهار کە دەبێتە یەکەم ڕۆژی نەورۆ [نەورۆز]ی ساڵی (١٣٠٧)ی هەتاوی (١٩٢٨ز) لە شاری سابلاغ کە ئەورۆ مەهابادی پێدەڵێین لە دایک بووم. جەنگەی ئاشتی بەینی مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕ، مەزنی مەنگوڕان کە شەڕیان لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەبووە. شێخەلئیسلام و قازییەکان و پیاوی گەورەی سابلاغێ لەگەڵ عەلی بەگی حاجی کە نوێنەری دەوڵەتی ئێران بوو، لە ماڵی ئێمە بوون و قسە لە ئاشتی کراوە لە بەینی مەلا خەلیل و دەوڵەت، ئەو ڕۆژە من لە دایک بوومە. ئێمە ساداتین و ڕەگەزیشمان دەچێتەوە سەر ساداتی دیاربەکر و جزیرێ. ئەو تیرەیە (٢٥٠) ساڵ پێش لە جزیر و دیاربەکرێڕا بەرەو مەڵبەندی موکریان وەڕێ کەوتوون. عێلی دێبۆکریش هەر لەگەڵ ئەوانە بوون. ئەوانە «دۆملی»ین و ئێستا پێیان عەیبە پێیان بڵێین «دۆم». لە دیاربەکرێ ئێستاش عەشیرەتی دۆم هەر ماون و بە زاراوەی تورکی پێیان دەگوترێ «دۆملی». ئەوانە هاتوون، هێندێکیان لە ئاکرێ و ئامێدی بڕێک ڕاوەستاون، هێندێکیان ماونەوە و هێندێکیشیان چوونەتە چەند گوندێکی وەک: «سەرکەپکان» و «ڕەژێکەران» کە لە لێرەوار دا بوون، لەوێ گیرساونەوە. بەرەی سەید ئەیووبی بڕێکی هاتوون بۆ کوردستانی موکری و میوانی نەوەکانی بوداغ سوڵتان دەبن کە لەوێ حوکم دەکەن. من سەید عوبەیدوڵڵای کوڕی سەید عەبدوڵڵا کوڕی سەید تەها کوڕی سەید ئەیووب کوڕی کاک حوسێن کوڕی سەید یوونس کوڕی کاکە سەلاح-م.

**ڕامان:** بەڕێز ئەیووبیان ئێوەش خۆ ناچنەوە سەر درەختی عەرەب نەسەب؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** زنجیرەی ماڵی ئێمە قسەی زۆر لەسەرە، شۆرەتی ئێمە «ئەیووبیان»ە، هەندێ کەسانی ئەهلی قەڵەمیش ئێمە دەبەنەوە سەر خانەوادەی سەلاحەدینی ئەیووبی. بەڵام ئەوە چەند گرێپووچکەیەکی پس پسن کە ئێمە نابێ هەروا لە خۆڕا خۆ هەڵپەسپێرین. ئەوە حەل نەبووە.

**ڕامان:** ئەی شتێک کە لە مەهاباد و لەسەردەمی منداڵیتدا سەرنجی ڕاکێشابی؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ئێمە جحێڵ بووین، تازە دەگەیشتینێ، وەزعێک لە ئێران و کوردستاندا ڕووی دا. هاوپەیمانەکان (ڕووس و ئینگلیز و ئەمریکا) هاتنە ناو ئێران، ڕەزاشای پەهلەوی حکومەتی لێ تێکچوو.



د. عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان - ئازاد عەبدولواحید

لەوکاتەدا مەهاباد چونکە شارێکی کوردییە، بەڵام وەک دابەشکردنی جوگرافیی وڵات خراوەتە سەر ئازەربایجان، ئازەربایجان کەوتە دەست ڕووسەکان و کوردستانیش کەوتە دەست لەشکری ئینگلیزەکان، مەهاباد لەشکری هیچیانی لێنەبوو. تەنیا جارجارە ئینگلیزەکان دەهاتن و ڕووسەکانیش نوێنەریان هەبوو، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا مەهاباد ئازاد بوو، کوردایەتیش کە ڕیشەی کۆنی هەبوو. ماڵی ئێمە یەکێک لەو شوێنانە بوو کە ڕەگوڕیشەی کوردایەتی تێدا بەهێزبوو. شێخانی نەهری، شێخ عەبدولقادری نەهری کە لەسەر کوردایەتی ئیعدام کرا، ئەو خانەوادە کاریگەرییەکی مەعنەویان لەسەر خانەوادەی ئێمە هەبووە. باپیری من سەید تەها زۆر موریدو دۆستی شێخ عەبدولقادر بووە. موریدی ئەو خانەوادەیە یەکجار کورد پەرستن. ئێستاش کە شیعرێکی کوردییان بۆ دەخوێنییەوە، دەگرین. زۆر پاک و سادەن. کوردایەتییەکی زۆر پاک و قەدیس لەناویاندا بووە، کوردایەتیی وەک پیرەمێردی سلێمانی و حوسێن حوزنی کە دۆستی بابم بووە.

حەزرەتی سەید عەبدوڵڵای گەیلانی تاقە کوڕی حەزرەتی غەوسی سانی (سەید عەبدولقادر) کە تورکان بابیان کوشت لە هەریر و باتاس بەشێوەیەکی نهێنی دەژیا. کە هاوپەیمانەکان هاتنە ئێران، ئەویش هاتە شنۆ و بۆ جێژنی نەورۆ (نەورۆز)ی ١٣٢١ (١٩٤٢) هاتە مەهاباد و یەکسەر چوو میوانی قازی محەمەد بوو. ئەو پێشوازییەی لەو کرا لە وڵاتی ئێمەدا نموونەی نەبووە. دەڵێن شێخ مەحموود پێشوازییەکی ئاوای لە سمکۆی شکاک کردووە. بە بۆنەی هاتنی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی، پێشەوای ڕۆحانی میللەتی کورد، ئەوانەی ڕووناکبیر بوون وەک: کاکی گەورەی من، سەید

محەمەدی ئەیووبیان، ئەوانە شانۆنامەیەکیان نووسی و لەکاتی هاتنی سەید عەبدوڵڵا شانۆکەیان پێشکەش کرد، بەناوی «سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی». شانۆیەکە بریتی بوو لە ئۆپێرایەکی حاجی قادری کۆیی و بیرەوەرییەک لە بارەی عەدالەت و هەقپەروەری و ئینسانیەت و ئیسلامیەتی سوڵتان سەلاحەدین ئەیووبی، پێشان درا. هەر ئەو شانۆیە بوو کە بیری منی رائەنگاوت بۆ نووسینی شانۆیی «دایکی نیشتمان» کە دواتر باسی دەکەین. هاتنی سەید عوبەیدوڵڵای نەهری و پێشاندانی ئەو شانۆیە مەهابادی راچڵەکاند. خەڵک بەخۆ هاتنەوە. ئەوکاتیش عەشایر دەیانویست بێنە سابلاغ حکومەت بکەن و ببنە حاکم. هەرکەسیش دەستی دەڕۆیی حکومەتی ئێران حوکمێکی بۆ دەنووسی و دەینارد، بەڵام قازی محەمەد کە لەخانەوادەیەکی گەورە بوو بواری ئەوەی پێنەدان. لەوکاتەدا کۆمەڵەی ژێکاف دروست بوو. ئەوانەی ڕووناکبیر لێک خڕبوونەوە. یەک لەوان براکەی من سەید محەمەدی ئەیووبی بوو دۆستێکی زۆر نزیک و خۆشەویستی خۆی بەناوی «میرزا حوسێن فرۆهێر» (یان میرزا حوسێنی زێڕینگەران، فرۆهێر نێوێکی کۆنی زەردەشتییەکانە و پێم سەیرە ئەوکات ئەو ناوەی هەبووە) کە لەعێلی «سویسنی» بووە. ئەوانە پازدە- بیست کەس دەبوون، ڕێک کەوتبوون و کۆمەڵەی «ژێکاف» یان دروست کرد. دیارە لە سەرەتاوە سێ کەس بوون.

ئەندامی ژمارە یەک ئەو میرزا حوسێن فرۆهێر-ە بوو، ئەندامی ژمارە دوو «عەبدولڕەحمان زەبیحی» بوو و ئەندامی ژمارە سێ-ش «میر حاج» بووە کە ئەوکات ئەندامی کۆمەڵەی هیوا (لە کوردستانی عێراق) بووە و هاتۆتە سابلاغ. یەکەم کۆبوونەوەی «ژێکاف» ئەو سێ کەسە بوون و لە ماڵی میرزا حوسێن بووە. میرحاج، مستەفا خۆشناو و هەمزە عەبدوڵڵای بۆ مەهاباد لەگەڵ بوون. میرحاج، پێوەندی نێوان کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی «ژێکاف» بووە و وا وێدەچێ میرحاج، لە دروستکردنی «کۆمەڵەی هیوا»شدا دەوری هەبووبێ. میرحاج ئینسانێکی بێوێنە و گەورە و پاک و ڕووناک و دۆستی هەرە گەورەی مەلا مستەفای بارزانی بوو. زۆر ئازا و نەترس و خاکەڕا بوو. مەبەستی ماڵی دنیا و لە بیری خۆراکی خۆشدا نەبوو. عادەتی بە ئەلکۆل و سیغار و شتی دنیایی نەبوو. من ئینسانی ئەوەندە چاک و پاکم لە دنیایەدا نەدیوە. کاریگەری لە ڕۆحم کردووە. من کە منداڵ بووم عاشقی ئەخلاقی ئەوانە بووم، بۆیە وا تێکەوتووم. ئینجا کەسێکی دیکە کە دۆستی باوکم بوو

بەناوی «میرزا عەلی ڕیحانی» کە لەگەڵ بابم سەفەری گەرمێنییان کردبوو و میوانی حوزنی موکریانی و حەمە ئاغای کۆیە و نەقیبی بەغدایە بوون، لەماڵی ئەو ژمارەیەک خەڵکی دیکەش ڕەگەڵ «ژێکاف» دەکەون، لەوانە: میرزا عەلی ڕیحانی و عەبدولڕەحمانی ئیمامی (کە ئەویش شاگردی حوسێن حوزنی بوو) و...تاد. ئەوکاتە من منداڵ بووم. من شیعرم دەنووسی. کاکیشم شیعری دەگوت. هێمن-یش شیعری دەگوت و لەماڵی ئێمە دەیخوێندەوە، زۆریان شیعرەکانی من بەدڵ بوو. بابیشم قلیان (نێرگەلە)ی دەکێشا و گوێی دەدایە. ئەوکاتە من زۆرم شەڕە سەگ و ڕاوە بەراز پێخۆش بوو. موعەلیمەکانمان هەموو ڕاوکەر بوون. ئەودەم قوتابی لەکن موعەلیم ڕوحیان پێنەدەما، بەڵام من لەبەر ئەوەی سەگم هەبوون لەگەڵ موعەلیمەکانم ببوومە دۆست و لەگەڵیان دەچوومە ڕاوە بەراز. شیعر و شاعیری و ڕاوە بەراز لەگەڵ موعەلیمان منی کردە مرۆیەکی کۆمەڵایەتی. ئەو دەمە دەستە شیعرێکم گوتبوو، یەکجار زۆر حیماسی و نەتەوەیی بوون و پێشوازییان لێکرا. ئەندامی هەرە بەرزی کۆمەڵەی ژێکاف «عەبدولڕەحمان زەبیحی» گوتی: بێنە ئەو شیعرەت بۆ چاپ دەکەم، بەڵام ئەگەر عەجەمان بێنەوە و شتێکمان پێنەکرێ، دەپێشدا تۆ دەکوژن. شیعرەکە لە ژمارە (٢)ی ساڵی (١٣٢٢)ی هەتاوی لە ئۆرگانی ڕەسمی کۆمەڵەی ژێکاف کۆواری «نیشتمان»دا چاپ کرا. ئەوەندەی لەبیرم مابێ ئەو بەندانەن:

**تاکەی لاوەکانی کوردستان**
**وا بەدیلی بژین لەژێر دەستان**
**ئێمە هەروا بنووین لە گوێی گادا**
**میللەتی دی هەموو لە خەو هەستان**
**کاری خۆیان دەکەن بەگیان و بەدڵ**
**ئێمە گێژین ئەوێستا وەک مەستان**
**هیچ دەزانن کە نیشتمانی مە**
**چۆن لە دەست چوو وڵاتی کوردستان**
**باعیسی بێسەری و نەزانین بوو**
**چوو لە دەست ئێمە خاکی کوردستان**
**حەیفە ژێردەستی حزبی حیزەب بێ**
**نەتەوەی پاکی ڕۆستەمی دەستان**
**«هێدی»یا گەرچی ئێستە منداڵی**
**جوان دەهۆنێوە بەند و هەڵبەستان**

من بەناوی «هێدی» شیعرەکەم گوتبوو، بەڵام دیتم بەناوی «قومری» چاپ کرابوو. گوتم کاکە گیان ئەو نێوە چییە بەسەر منتاندا بڕیوە؟ من بەناوی قومری شیعری

فـوکـاهی (هی پێکەنین)م دەگـوت و بۆ ڕۆژنامـەی «تۆفـیق»م دەنارد. گـوتی: ڕاسـتـیـەکـەی یاریکاری کۆمەڵەی ژێکاف کە میرزا ئیبراهیم ئیبراهیمی-یە ناوی ئەو لەکۆمەڵەدا «هێدی»یە، ئینجا با تۆش نەناسرێی ئەو نێوەمان لێنای. لەو لاپەڕەیەدا کە شیعرەکەی من چاپ کـراوە لـەلای سـەرەوە لە کـادرێکدا نووسـرابوو، شـەڕ و هەڵلای عـێـراق کـە مـەلا مـسـتـەفـای بارزانی هەڵیئایساندووە ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی کوردە. دواتر کە لەنزیکەوە مەلا مستەفام ناسی فـەخـرم بەوە دەکرد کە شیعرەکەم لەگەڵ ناوی بارزانی لە لاپەڕەیەکدا چاپ ببوو.

بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرانە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵک لەناو بازاڕ بە یەکترم نیشان بدەن.

## لە ئێران تا ئێستاش جوان نووسین (خۆشنووس) دەرسێکە قوتابییان دەیخوێنن، لێرە ئەوە لەبیر کراوە

**ڕامـان:** ئەی بیرۆکەی نووسینی شانۆنامەی «دایکی نیشتمان چۆن لای ئێوە دروست بوو؟

**عـوبەیدوڵلا ئـەیووبیـان:** ئەو شیعـرە منی زۆر زۆر هان دا بۆ کـوردایەتی و حەزم دەکـرد بچـمـە نێـو کـۆمـەڵەی ژێکافەوە، بەڵام گوتیان ئێوە منداڵن. بیرم لەوە کردەوە چ بکەم تا بیسەلمێنم ئەمن بوومە پیاو و منداڵ نیم. ئەوە بوو هانی دام شـانۆیی «دایکی نیـشـتـمـان» بنووسم بۆ ئەوەی نیشان بدەم کاری پیاوانم لەدەست دێ. ئەو دەمە تەمەنم ١٤ ساڵ بوو. پیەسی ئەو شانۆیە من نووسیم و ئەوانەی لەگەڵ من شانۆکەیان نمایش کرد هەموویان پۆلی یەکەمی دەبیرستان (متوسطة- دواناوەندی) بوون. تەنیا کـەسێکی کـە یاریکاری ئێـمـە بوو، عـەبدولڕەحـمـانی زەبیحی بوو. مستەفای موئمینی-شمان لەگەڵ بوو. ئەو شانۆییە بوو بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵەی ژێکاف ئاشکرا بێ، چونکە ئێمە دروشممان دەدا و نەخشەی کوردستانمان هەڵاوەسیبوو. تابلۆی شێخ عەبدولقادر و حاجی سەید مـحـەمـەد و ئیـحـسـان نووری پاشـا و مـەلیـک مەحـمـوود-مـان لەوێ هەڵاوەسیـبـوو. ئینجـا کـۆمـەڵە مـوافـەقـەتی کـرد کـە ئەوانەی لەگـەڵ ئێـمـە بوون ببنە دەستەی لاوانی کۆمەڵە. پاشان سەدیق حەیدەری بوو بە بەرپرسی دەستـەی لاوانی کـۆمـەڵە و بۆ خـۆشی ئەندامی ژمارە (١٠)ەی کـۆمـەڵەی ژێکاف بوو، نێوی نهێنیشی «لاو» بوو. ئەو شـانۆیە دەنگی دایەوە و تەئسـیـرێکی زۆری لەسەر خەڵک هەبوو.

**ڕامـــان:** ئەی وەک دەڵێن ئێـوە دەورتان لە هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا هەبووە، تکایە ئەوەمان بۆ بگێڕەوە؟

**عوبەیدوڵلا ئەیووبیان:** خۆشترین ڕۆژی ژیانم ئەو ڕۆژە بوو کـە ئاڵای کـوردسـتـانمان هەڵدا. ڕۆژی پێشـتـر کـاک حوسێنی فرۆهێر، سەرۆکی کۆمەڵە، بە منی گوت سبەینێ وەرە. پێش ئەویش میرحاج هاتبوو، گوتی کاک عوبەید مزگێنیم دەیە. گوتم: هەرچی دەڵێی پێشکەشە. گوتی: پێت دەڵێم بەو شـەرتەی تا سێ ڕۆژ دەنگ نەکـەی. منیش بەڵێنم دایە. گـوتی: مـزگـێنی، سێ ڕۆژی دیکە ئاڵای کوردستان هەڵدەکەین. چوومە نێو بازاڕ کابرایەکی لێبوو شتی دەفرۆشت. گوتم: کاکە ئەتۆ دەهۆڵ و زوڕنا ژەنەکـان پێـدەزانی؟ گـوتم، با پاش سێ ڕۆژی دی بێن دەسـخـۆشـانەیەکی باشـیـان دەدەمێ. هەتا ئێـمـە گـەیشـتـینەوە مـاڵێ تەواوی شـاری سـابلاغێ بوو بە چراخان. بوو بە هەڵپـەڕکێ و پێکەنین و شادی. ئەو دەم لە سێ جێگا دەرسی کوردیمان دەگوت، باوکم خانوویەکی دابووینێ لەوێدا کلاسێکمان هەبوو بەنێوی ڕووناکی. من و کـاک «ئەنوەر دڵسـۆز» کـلاسێکمـان کـردەوە بەنێـوی گـەلاوێژ و کـلاسـێکی دیکەشـمـان هەبوو بەنێـوی پێشکەوتن. کلاسەکانمان قوتابیی پیریشی- تێدابوو، منداڵیشی تێدابوو. قوتابی ئەو کلاسانە و قوتابییە کچەکان، کە چووین میرزا حوسێنی فرۆهێر چاوەڕێمان بوو. من و میـرزا حوسێن و عـوسمـان دانش و محـەمەد یاهوو، بەنی ئاڵاکەمان کێشا و ئاڵاکە هەڵدرا. ئینجـا هەڵیانهێنام و چوومە سەربانێک و دروشمی کوردایەتیم دا. بژی کـوردستـان و بژی کۆمـەڵە، ئینجا هاتمە خوارێ و بە پێش بارزانی و پێشـەوا قـازی مـحـەمـەد و حـاجی بابەشێخ-دا هاتم، دەستـیـان هەڵێنابوو، بە پێشـیـاندا ڕێژەم دا و لەوبەری مـامم و بابم دانیـشـتـبـوون، چووم دەستم مـاچ کـردن، لە خـۆشیـان دەگریان. ئەوە (٢٦)ی مانگی سەرماوەز بوو.

**ڕامان:** پێوەندیت لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستان چۆن بوو؟

**عوبەیدوڵلا ئەیووبیان:** کوردستـان (١١٢) ژمارەی لێ چاپ کـرا، ناوی کۆمەڵەی ژێکافی تێدا نییە. کۆمەڵەی ژێکاف بە ناحەق تێکدرا، ئەوە تراژیدییەک بوو کە ناوی کۆمەڵەی ژێکاف-یان لابرد.

**ڕامان:** ئەی بەرهەمی خۆت تێدا بڵاونەکردەوە؟

**عوبەیدوڵلا ئەیووبیان:** نەخێر، شیعرم دەنووسی، بەڵام بڵاوم نەدەکردەوە. هەر بەدەسنووس دەمدا بە خەڵک.

**ڕامان:** باسی ئەوەمان بۆ بکە دکتۆرات لەسەرچی وەرگرتووە و ئەو پرۆفیسۆرییەت لە کوێ هێناوە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** من یەکەم جار لە تاران نێوم بۆ لیسانس نووسی. ئەوکاتە «فوق لیسانس/ ماجستێر» نەبوو تەنیا لیسانس (بەکالۆریۆس) هەبوو. لە تاران لە دەورەی دکتۆراش دەرچووم، بەڵگەشم هەیە. لەوکاتەدا شای ئێران ویستی بچمە لای و زیارەتی بکەم. من نەچووم. لەسەر ئەوە خوێندنەکەیان لێ تێکدام. پاشان لە تەورێز جێژنێک گیرا، جێژنی دامەزراندنی زانکۆی تەورێز، لەوێ من کۆنفرانسێکم دا، ئەوەم گێڕایەوە کە پێشەوەری لە پارڵمانی تاران هەڵبژێردرابوو، بەڵام حوکمی ئەندامەتییەکەی هەڵوەشێنرایەوە، پێشەوەریان دەرکرد، گوتی مەجلیسێک (پەرلەمان) دادەمەزرێنم چاوی پەرلەمانی تاران کوێر بکات. منیش گوتم دکتۆرایەک وەردەگرم چاوی دکتۆرای تارانێ کوێر بکات. لەسەر ئەوە هەر سبەینێ ساواک حوکمێکیان دەرکرد و لەزانکۆ دەریان کردم کە شەش مانگ بوو لە زانکۆ کارم دەکرد. لە کونکوور قەبووڵ بووم، ئەوکاتە زۆر غروور بووم. دەسەڵاتم هەبوو، دەوڵەمەند بووم. دەردێکم بە سەرۆکی زانکۆ و کۆلێژ و سەرۆکی دایرەی تەئمینات کرد کە ڕاپۆرتیان لەمن دابوو، درۆیەکیشیان کردبوو کە ئەوکاتەی شا هەڵاتبوو من کۆنفرانسم دابێ کە وا نەبوو. ڕۆژی هەڵاتنی شا من قسەم نەکردبوو. لەوێ ستاندار (پارێزگار)یش کابرایەکی کورد بوو، پشتگیری لێکردم و گەڕامەوە سەر کارەکەم، بەڵام پارەی ئەو چەند مانگەیان لێ خواردم، پاش بەینێک بۆ ئیسفەهان دووریان خستمەوە. دەمویست لە تەورێز ئەنیستیتۆی کوردی دروست بکەم و لیسانسی کوردی بدرێ، کوردی بخوێندرێ، چونکە یاسا نەیگوتبوو زمانی کوردی مەمنووعە، بەڵام کەس داوای نەکردبوو کوردی بخوێندرێ، لەتورکیا یاسا هەبوو کە کوردی گوتنیش قەدەغەیە، بەڵام لە ئێران ئەو قانوونە نەبوو. من ئەو کتێبانەی نووسیومن زۆریان لە زانکۆی تەورێز بڵاوکرانەوە. چەند وتارێکیشم بڵاوکردەوە، یەک لەوان لە بارەی کتێبێک بوو لەسەر شا ئیسماعیلی سەفەوی کە کورد بووە، بەڵام بە تورکی قسەی کردووە. لە زانکۆی ئیسفەهانیش منیان دەرکرد. چوومە تاران لە دەبیرستانی «دارەلفنوون» کە یەکەم زانکۆی ئێران بوو لەوێ بووم، پاشان لەوێش دەریان کردم، ئینجا چوومە ئەورووپا، لە فەرەنسا چوومە زانکۆی سۆربۆن، دکتۆر کامەران بەدرخانیش لەوێ بوو. پرۆفیسۆرێکیشم دیتەوە بەنێوی «ژاک توورویێ» کە چاودێری تیزەکەم بکا.

**ڕامان:** تێزەکەت لەسەرچی بوو؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** لەبارەی «کاریگەریی ماد لەسەر شارستانییەتی ئێرانی کۆن و تەئسیری ئێرانییەکانی کۆن لەسەر ماد و پەیوەندیی کورد و ماد» بوو. من ئەو تێزەم تەواو کرد و دامە «ژاک توورویێ». لەوکاتەدا نەقاشێک بەناوی «جەمال بەختیار» پیشانگایەکی کردبۆوە. دکتۆر کامەران داوای لێ کردم کە گەڵیدا بچم بۆ پێشانگەکە و لەوێ جەمال تابلۆیەکیشی پێشکەش کردم. من و دکتۆر کامەران بڕیارمان دا بێینە خزمەت مەلا مستەفا. مەلا مستەفا فەرمووی پێم خۆشە تۆ بچی بۆ ئەمریکا. هەژاریش خۆی دەگەڵ من دەخست بۆ لای مەلا مستەفا. من عەرزم کرد دەبێ بگەڕێمەوە فەرەنسا، چونکە پرۆفیسۆر گوتی دەبێ بێیەوە ئیمتحانەکەت دەدەی و دکتۆراکەت وەردەگری و جێژنێکت بۆ دەگرین. بارزانی گوتی: باشە تۆ بڕۆ. من چوومەوە لە ئێران گیرام. لە تاران لە زیندندا بووم کە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا هات بۆ کەرەج. دوو سێ جاریش پاشی ئەوە چوومەوە بۆ ئەورووپا، پرۆفیسۆرەکەمم نەدیت. دوایە زانیم پرۆفیسۆر مردووە. ئەو تێزەی من نووسیومە لە دنیادا بێ وێنەیە.

**ڕامان:** پەسەند کرا لەوێ؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** پەسەند کراوە، بەڵام خۆم نەمدیتووە. ئێستا تێزەکەم نییە و لە دەستم چووە، بەڵام تەواوی ئەو یادداشتانەی کە تێزەکەم لەسەر نووسی هەموویم ماوە و کۆم کردوونەتەوە.

**ڕامان:** بە چ زمانێکە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** تێزەکە بە زمانی فەرەنسەیە. جگە لە دکتۆر کامەران کە هەندێکی یارمەتی داوم و لاوێکی کوردی تورکیە، ئەوی دی هەمووی خۆم نووسیومە. بەزمانی کوردی و فارسیش وەرمگێڕاوە و کورتەیەکی ئەو دووانەشی لەگەڵدایە.

**ڕامان:** ئەی پرۆفیسۆرییەکە لە چییەوە هاتووە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** من دەرسم گوتۆتەوە، لە زانکۆی تەورێز و زانکۆی ئیسفەهان.

**ڕامان:** با بێینەوە سەر نووسینەکانت؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** نووسینەکانم ئەوەندە زۆرە ناتوانم باسی بکەم. با بێژم بە تۆ. من پرۆفیسۆر سەید کەریم ئەیووبی کە لەمۆسکۆ هاتەوە، لەبەر خاتری ئەو سەرجەمی بەرهەمی خۆمم کۆکردەوە، (٤٧٠) وتار و نووسین و پارچە شیعرم هەیە. لانی کەم نزیکەی (٥٠) کتێب بووە. هێندێک چاپ کراون و زۆربشیان چاپ نەکراون.

چاپکراوەکانم ئەوانەن:

* چریکەی خەج و سیامەند، زانکۆی تەوریز چاپی کردووە.

* چریکەی مەم و زین، زانکۆی تەوریز چاپی کردووە.

* چریکەی لاس و کەژاڵ، زانکۆی ئیسفەهان چاپی کردووە.

* نقش قهرمان شرق سلطان صلاح الدین ایوبی در پیشگاه تاریخ، بە زمانی فارسی، کتێبفرۆشییەک لە تەوریز چاپی کردووە. ساڵی (١٣٤١)ی هەتاوی.

* تقویم محلی کردی. (نێوی مانگی کوردی و جێژن و دابونەریتی کوردان)

* نێوی کوڕان و کچان بەکوردی، سێ جار چاپ کراوە، بە دزیم چاپ کردووە، چاپچییەک لەگەڵم دۆست بوو، پارەم دەدا بە شاگردەکەی بۆی چاپ دەکرد. نێوی خۆشم لەسەر نەنووسیوە. ساڵی (١٣٣٩)ی هەتاوی.

* میری نەورۆزی ساڵی (١٣٤١) یان (١٣٤٢)ی هەتاوی.

* «ئا» و «بێ»ی کوردی، لەتاران چاپم کرد. بە لاتینی و پیتی عەرەبی، ساڵی (١٣٥٥)ی هەتاوی.

**ڕامان:** چریکەکانت هەر دەقە فۆلکلۆرییەکانە کۆتکردوونەتەوە یان خۆت ئیشت لەسەر کردوون؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** من ئەو دەمەی کە لیسانسم وەرگرت ویستم «خەج و سیامەند» چاپ بکەم. دیتم فۆلکلۆرە خرم کردۆتەوە، بەڵام کە تەمەنم زیاد بوو لە تەوریز زانیاریم زیاتر بوو، من ویستم شاکارێک بەرهەم بێنم. چریکەی خەج و سیامەندم بە نەسرێکی پاک و خاوێن داڕشت. نەسری وا چاک لە ئەدەبی کوردیدا نییە. ئێستا لە شاری هەولێر، گۆڤاری ڕامان کە ئێوە دەری دەکەن گەورەترین گۆڤاری کوردییە، گرنگی بە ئەدەبیات نادەن، بەڵام مەتنێک کە زۆر جوان و ڕەوان و پاک بێ، نییە. لە ئەدەبی فارسیدا «گوڵستان»ی سەعدی نەسرێکی بێوێنەیە.

**ڕامان:** لەباتی «نەسر» وشەی «پەخشان»ت قبووڵە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** واژەی «پەخشان» زۆر غەڵەتە. لەباتی نەسر واژەی «بڵاوە» دروستە. بڵاوە کوردییە، بەڵام پەخشان، پەخش فارسییە. «پخش کردن» یانی بڵاوکردنەوە.

تات (دەق)ی چریکەی «کەژان و سیاوەندۆ»، جوانترین تاتی کوردی لە دنیادایە، هیچ کەس تا ئێستا نەسری وا سادە و پاکیزەی کوردی نەنووسیوە. ئەو نەسرەی لە چریکەی «کەژان و سیاوەندۆ»ی من نووسیومە لەگەڵ تاتی هەژار لە شەرفنامە دا هەڵیسەنگێنن، لەکن یەکی دابنێن. ئەو نەسرە پاکەی کوردی لەگەڵ ئەو نەسرەی هەژار کە واژەی سەیر سەیری بۆ خۆی دروست کردووە، هێناویەتە نێو نەسرەکەی. ئی من واژەی نا کوردی تێدا نییە. من واژە دروست ناکەم، بەڵام دەبینمەوە. واژەی لە بیرچوو دەبینمەوە. واژەی مردوو، زیندوو دەکەمەوە.

## لە نووسینەکانمدا من واژەی لەبیرچوو دەبینمەوە، بەڵام دروستی ناکەم

**ڕامان:** باشە پێت وا نییە زمانەکان دەتوانن وشە لە یەکتر وەربگرن و هیچ زمانێک نییە بە تەواوی هەموو وشەکانی هی خۆی بن؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** زۆر کەس پێی وایە چریکەی «کەژان و سیاوەندۆ» هەر هاتووم ئاسایی لە زبان چرگەرانەوە نووسیومەتەوە و فۆلکلۆرە، نەء، تەواوی واژە و ڕستەکانی لە تاتە ئەسڵییەکەدا بوون هەمووم گرتووە، دوایە بە کوردییەکی ئەدەبی، هەر ئەو واژانەشی تێدابێ، نووسیومەتەوە. واتە بە تەواوی ئەمانەتداریم کردووە، ڕێکوپێکی و جوان کردنیشم. هونەرێکی کە ئی خۆم بووە لە خزمەتی چریکەکەدا بەکارم بردووە. لە گۆوارە کوردییەکان کە ئێستا دەردەچن هیچ سەرنج نادرێتە تاتی ئەدەبی. نەسرێکی جوان نانووسن. جگە لەوە حوسنی خەت (خۆشنووسی) نەماوە. لە ئێران تائێستاش جوان نووسین، دەرسێکە قوتابی دەیخوێنن، لێرە ئەوە لەبیر چۆتەوە.

**ڕامان:** تۆ گلەییت لە زمانی مام هەژار هەبێ، مانای وایە نووسینی نووسەرانی ئێستامانت هەر بەدڵ نییە. پێت وایە چ بکەین باشە بۆ ئەوەی ئەو زمانە لەو پاشاگەردانییە ڕزگار بکەین؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ئەوە دوو پرسیاری زۆر جوانت کرد. ئەوانە شت وەبیر دێننەوە. ئێمە ئەگەر پێمان زانی دەردمان هەیە و دە فکری چارەی کەوتین بێچارە نین. تۆ دەفەرمووی چ بکەین. بەڵکم قسەکەم ڕاست بێ بەڵکەم ناڕاست بێ. چارە ئەوەیە دابنیشین، بیری لێ بکەینەوە. ئێستا هەموو کار لە دەست ئێوەدایە. کۆوارێکی

سەنگینت هەیە، کۆڕێکی هەڵاوێژی دروست بکە..

**ڕامـــــان:** ئەوە ئیشی ئێمە نییە، ئێمە بەرهەمی نووســـەرانمان بۆ دێ و جـــاری وایە زۆر بە حـــەزەرەوە دەسکاریی واژەیەک دەکەین. ئەوە ئیشی کۆڕی زانیاریی کوردە، کۆڕی زانیاری بۆ ئەوە دانراوە و ملیۆنەها دۆلاری لێ سەرف کراوە بۆ ئەوەی دانیشێ زمانەکەمان بۆ پاک بکاتەوە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ئافەریم، حەڵاڵزادەی، قسەیەک کە دەمویست بیلێیم پێش من گوتت. پێش ئێوە لەگەڵ یای دکتۆر کوردستان مرکریانی باسم کرد، گوتم ئەوە ئەرکی ئێوەیە. یانی چی «مۆزەخانە»؟ خانە فارسییە. ناوی ئەو تابلۆیانە هەموو نادروستە، زبانێک کە ئەوڕۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکـان قسـەی پێدەکـەن، زمـانێکی دەسکردە، سروشتی نییـە. کوردێکی لادێیی زۆر جوان قسان دەکا. تەنانەت کورمانجی لە لەهجەی ئێمە ساغتر ماوە.

ڕاستییەکەت پێ بڵێم تێکدەری زمانی کوردی حزبە کوردییەکان بوون. حزبییەکان سەواد و زانیارییان نەبوو، واژەیان زۆر دروست کـــــردووە. وردە وردە بۆتە باو و زمانەکەی ئێمەی تێکداوە. ئێستا دەڵێ: «شاندێکیان ناردووە». کاکە «شاند» چ زمانێکە؟ خەڵکی کوێ دەڵێ شاند؟ وەڵڵاهی لە کورەی ئەرزی بەشەرێک ناڵێ شاند! بەهرام وەلەدبەگی شـاند شـاندی بۆ دروست کـردووم! «دەسـتـە» دروسـتـە. دەسـتـەیەکـمـان مـیـوان هاتووە. زمانەکەمان هەیە، لە خۆڕا دەچین وشە دروست دەکەین.

**ڕامـــــان:** بەڕێزم، ئەو هاتن و چوونەی نووســـەر و ڕۆشنبـیـرانەی لێـرە دێنە ئەوێ و لەوێوە دێنە ئێـرە، کوێندەرێی باشە و کوێندەرێی خراپ؟

**عـوبـەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسـمـانی بگرە تا دەگاتە بن بنی عەرزی چاکە، هیچ زەرەری نییە. ئێستا کە دەوڵەتی کوردی دروست بووە، کاک مەسعوود بارزانی لەگـەڵ ئێـران هەمـاهەنگیـیـەک بکا، بەڵام نووسـەری باش دەعـوەت بکرێن و تێکەڵ نەکـرێ. من قسـەم هەیە، دەردم هەیە، کـاک مـەسـعـوود بە دەوڵەتی ئێران بڵێ، ئێمە بۆ کوردی ئێوە سووتاوین، ئێوەش دەبێ بۆ کوردی ئێمە بسووتێن. بەسە هەتا کەنگێ ئەو پەردە؟ تورکـیـا و باکـۆ داوای تەوریز دەکـەن، ئێـران بۆیـان دادەنوێنێ.

**ڕامـــان:** ئەی جەنابت بۆ خزمەت بەزمانەکەمان چیت کردووە؟

**عـــوبەیدوڵڵا ئەیووبیـــان:** بیـــست هەزار وشـــەم کـۆکـردۆتەوە، وەک فـەرهەنگ. بیـست فـەرهەنگی چکۆڵووکەم هەن. کوردی بە فەڕەنسا، کوردی بە ترکی، کوردی بە عەرەبی.

**ڕامـان:** بەڵام ئەوانە چونکە چاپ نەکراون، ئەئسیریان داناوە؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** بۆ چاپ کـردنی فـەرهەنگی گیوی مـوکریانی من کردمە هەڵڵا و جەنابی نێچیرڤان بارزانی، مـاڵی ئاوەدان بێ زەحـمـەتی کێشـاو بۆی چاپ کرد. زەبیـحی-ش بەشێک لە قامـووسەکەی چاپ کرد. زەبیـحی هەمـوو ڕۆژێ لە هۆتێل «مسـتـەفـا» بوو لێی دەپارامـەوە، تکام لێکرد، گـوتم حـەیفـە ئەتۆ خـەریکی سیاسەتی، دەبێ بگەڕێییەوە خەریکی فەرهەنگی کوردی بی. دەیگوت پێم خۆشە، بەڵام بارێکە هەڵم گرتووە و پێم داناندرێ. زەبیحی زۆر بەهیممەت بوو.

بەڵام هەڵەیەکی خۆشمت با بۆ بگێڕمەوە. من تا دەمرم شـەرمـەزاری «برایم ئەحـمـەد»م. لە بەغـدا لە هوتێل مستەفا بووین. تا دەمویست بچمە دەرێ، برایم ئەحمەد هەموو جاری لەبەرم هەڵدەستا. ئەمنی کە مەلا مستەفام خۆش دەویست، هێندە کەللەڕەق بووم جوابی سلاوی برایم ئەحمەدم نەدەدایەوە. هەتا دەمرم ئەو شەرمەزارییەم هەیە. لەکوێ منی دەناسی نازانم.

**ڕامان:** ئەی بۆ مێژووی کورد چیت کردووە؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** تێزی ماسـتەری من لە بارەی مێژووی کورد و کوردستانە، بە دوور و درێژی نووسیومە و لە کۆتاییەکەیدا مێژووی شاعیرانی کوردیشم لێ زیاد کردووە. ئەو لە چوار نوسخەدا چاپ کراوە، خۆم ئێـستـا نوسخەیەکم ماوە. چاپ نەکراوە. (١٢٠٠) لاپەڕەیە.

**ڕامـان:** تۆ کە دەهاتیە کوردستانی ئازاد هەندێ لەو دەسنووسانەی خۆت بهێنایا، بۆ ئەوەی لێرە دەزگاکـانی چاپ بۆت بڵاو بکەنەوە؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** نەمـوێرا بیـانهێـنم، گـوتم لە ڕێگایە لێم دەسـتـێنن. خـۆیان دەهیچ شـتـێکی منیش نەگەیاند. کتێبێکی دیکەشم هەیە، فەلسەفەی شۆڕشی کوردی، کورتە مێژوولکەیەکی شۆڕشی میللەتی کوردە. لە تاران ئەو وتارەم خـوێندەوە (٧٠٠) کـەسی لێبـوون. نەیاندەهێشت کەس قسە بکا. دەستم هەڵێنا گوتم: بژی کورد. گـوتم ئێوە پێشەوا بارزانی ناناسن، کەسێکە کە (٤٠) سـاڵە خـەریکی بەربەرەکـانیـیـە. ئەوەی ئەو کـردوویەتی بەهیچ کەس نەکراوە. تازە لە ئێران شۆڕش کرابوو کە من لەو ڕێوڕەسمەدا قسەم کرد. دوایە گرتیانم، جمهووری ئیسلامی (٧٧) ڕۆژ منی زیندانی کرد. زۆر کەس بە خۆڕایی کوژرا. سەیر بوو کە منیان نەکوشت.

**ڕامـان:** ئەی لە خانەوادەی ئێوە کەسی تر هەیە خزمەتی

بواری ڕۆشنبیریی کوردی بکا؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** بەڵێ، برایەکی لە خۆم گەورەتر هەیە بەناوی سەید ساڵحی ئەیوبیان، دوو بەرهەمی زۆر گرنگی نووسیوە، یەکێک پەندی کوردی، ١٢٠٠٠ پەندە کە چاپ نەکراوە. ئەوەی تر واژەنامەی فارسی «عەمید»ی بە کوردی وەرگێڕاوە.

**ڕامان:** ئەی خۆت جگە لەو چەند بوارەی باست کرد؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** منیش واژەنامەیەکم هەیە کە ئەو واژانەی کە دەگۆڕێن و ئیراد دەگرم، ئەوانەیە. بۆ نموونە واژەی «بەیت» کە عەرەبییە و هاتۆتە نێو زمانی کوردی.

**ڕامان:** تۆ لە جیاتی «بەیت» واژەی «چریکە»ت بەکارهێناوە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ئێستاش لە کرماشانێ دەڵێن: «بچڕە». «تێی چریکاند»، لە شاری ئیلامێ پیاوێکی پیر کە واژەکانم لێدەپرسی، گوتی ئێمە بەو داستانە کۆنانەمان دەگوت چریکە.

**ڕامان:** لەودیو زمانی فارسی کاریگەریی زۆر لەسەر زمانی کوردی و لێرەش عارەب ئەو تەئسیرەی لەسەر کورد هەیە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** تەئسیری فەرهەنگ و زمانی فارسی لەسەر کورد یەگجار زۆرە. واژەی نەورۆز، فارسییە کە ئەوڕۆ هەموو بەکاری دەبەن، پیرەمێرد سیمبۆلێکی کوردی نوێی ئێمەیە و ئەویش وای بەکار هێناوە، «نەوڕۆ» کوردییە. واژەی دیکەش یەکجار زۆرە.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر بمانەوێ لەو تەئسیرە ڕزگارمان بێ؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** خۆ تۆ پێشتر جوانت باس کرد. کۆڕی زانیاریی کورد دەبێ جوابی ئەوە بداتەوە. جارێ با ئەوە بڵێم نێوی «کۆڕی زانیاری» هەڵەیە، نە «کۆڕ» بۆ ئەو واژەیە دەبێ، نە «زانیاری». من مەجمەعێکم هەیە بەناوی «کۆمای کۆزانی کوردی».

**ڕامان:** ئەوە لە ڕووی زمانەوە، ئەی لە ڕووی فیکر و فەلسەفەوە بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی فەلسەفەیەکی کوردانە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە کە منیش وەک تۆ بیری لێدەکەمەوە. ئێمە لە هەموو شتێک زیاتر، دەبێ دوو شت تەکمیل بکەین، یەکەم واژەنامەیەکی گەورە بنووسین. واژەنامەی گیوی موکریانی و مەردۆخ و شێخ محەمەدی خاڵ و..تاد، هەموویان کۆ بکەینەوە و بە سیستەمێک کە لە ئێرانی دکتۆر «محەمەد موعین» لەسەر فەرهەنگێکی کۆنی فارسی بەناوی «بورهانی قاتیع» کاری کردووە. کارەکەی دکتۆر موعین ساغترین کاری فەرهەنگییە، کە لەسەر فەرهەنگی فارسی کرابێ. کۆڕی زانیاری بەرپرسی ئەو کارەیە.

**ڕامان:** ئەی بەلای تۆوە کوردایەتی فەلسەفەی هەیە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** کەسێک ئەگەر ئەو پەندە کوردییانە بخوێنێتەوە، چاک تووشی فەلسەفەی کوردی دەبێ. پەندێک هەیە دەڵێ: «ئەگەر پیاو بەزۆری بێ... لەشی پیس نابێ». فەلسەفەی ئەو پەندە دەڵێ: مرۆڤ مەزڵوومە. ئینسان لە بەرامبەر زوڵمدا، بەرگری نییە. ئەو بەرگرییە سنوورێکی هەیە، لە سنووری خۆیدا جێی گلەیی نییە. زۆری هێمای دەسەڵاتە. کاتێ میللەتێک پەندێکی ئاوا دروست دەکا، دەیەوێ تێتبگەیەنێ کە کاتێ لە بارەی میللەتێکی زوڵم لێکراو قەزاوەت دەکەی، عەیبی لێمەگرە. کارێکی وا بکە زوڵمی لێنەکرێ.

یان پەندێکی تر دەڵێ: «چاوی شین و شایی گەورەیە.» ئەوە هەموو فەلسەفەی ژیانە.

**ڕامان:** ڕاستە حیکمەتی میللی دەبێتە فەلسەفە.. جەنابت گوتت چەند زمانێک دەزانی و هێندێکیشت لەبیرچووەتەوە. بڕوات بەوە هەیە بەرهەمی زمانەکانی دی وەربگێڕین؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** کارێکی زۆر گرنگە.

**ڕامان:** ئەی خۆت بۆ هیچت نەکردووە؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** من خەریک بوو بێژم بەتۆ ئەو کارەشم کردووە. من زۆر نووسینم لە فەڕانسەوە تەرجەمە کردووە. ئەو کتێبەی بازیل نیکیتین بەناوی «کورد و کوردستان» کە محەممەد قازی تەرجەمەی زمانی فارسی کرد، من سی ساڵ پێش ئەو بازیل نیکیتین مابوو بۆی ناردم. بازیل نیکیتین گەورەترین ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی کوردپەروەر بووە. ئەویش و مینۆرسکی-ش پەیوەندییان لەگەڵ من هەبوو و نووسراوەکانی خۆیان بۆ من دەنارد. من خەریکی وەرگێڕانی ئەو کتێبە بووم، (٦٠) لاپەڕەم لێ وەرگێڕا، بەڵام چونکە نیکیتین قونسوولی ڕووسەکان بوو، پیر بوو، فەڕانسەی (٦٠) ساڵ لەوە پێشی دەزانی. زمانی فەڕانسە لەو مابەینەدا هێندێک گۆڕابوو، من فەڕانسەی تازە فێر ببووم، بەڵام محەممەدی قازی چونکە زۆر شتی کۆنی تەرجەمە دەکرد چاکی دەزانی. کاغەزێکم بۆ محەمەدی قازی نووسی کە زۆر تووشی گرفت بووم. پاشان کوڕێک بەنێوی «فەیزنەژاد» هاتە لام شەوێکی منی دەعوەت کردە ماڵی ئەحمەدی قازی، گوتی ئاغای محەمەدی قازی داوامان لێکردووە ئەو کتێبەی بازیل نیکیتین تەرجەمە بکا. گوتی محەممەدی قازی گوتوویەتی تا کاک عوبەید ئیجازەم نەدا ناتوانم ئەوە بکەم ئەو

خەریکی ئەو کارە بووە، گوتم کاکە من بۆم ناکرێ.

**رامـــان:** ئەی لەگەڵ دنیای دەنگخۆش و گۆرانیبێژان بەینت چۆنە؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** ئەتۆ گلەیی ئەوە لەمن دەکەی کە بۆ ئەو هەموو بیرەت نانووسی و چاپی ناکەی. من لە ماڵە خۆم دانیشـتووم، محەمەدی مامڵێ لێم وەژوور دەکەوێ. پێشوازی لێدەکەم، میوانداری لێدەکەم، هەتا نیوەشەوێ میـوانم دێ، ئەویش گۆرانیمـان بۆ دەڵێ. لە رۆحی خۆم خۆشتر دەوێ. دەنگیانم پێخۆشە. خانەوادەی مـامڵێ هەمـووی پەروەردەکـراوی دەسـتی باوکـمـە. دارەتووەکی گـەورەمـان مـاوە، من و تۆ دەسـتـمـان تێـوەناسـوورێ، ١٥٠ سـاڵە ئەو دارە مـاوە، بابی مـحـەمـەدی مـامڵێ (سـەعـیـد مـامڵێ) لەبن ئەو دارە شـۆراوە. کـە پیـر بووە و نەخـۆش و بێکار بووە باوکم بەخێوی دەکرد. بابم تاڕادەیەک دەوڵەمەند بوو، کاری ئەوەبوو، ئەوی کۆنە ئازادیخواز و لێقەوماو و قاچاخچی بوو، دەبن باڵی گـرتوون. ئەوی وەدووی کـوردایەتی کەوتبێ لەسەرچاوی خۆی داناوە.

**رامان:** کێی دی؟ عەزیزی شارۆخ-ت بەدڵ نییە؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ئۆ.. و، ئەو نانەجیبە شاگردی من بووە [بەپێکەنینەوە] وەک بێچـووە پشـیلە لە پەنام دادەنیـشـت! پۆلی سـاوایان بوو. من «کـودەکـسـتـان» (باخچەی ساوایان)ێکم دروست کردبوو بە کوردی فێری شتم دەکردن. ئەوانە پێش ئەوەی فارسی بخوێنن فێری کـوردی کـراون عـەزیز-یش یەک لەوان بوو، بەڵام زۆر بێوەفایە!

**رامـــــان:** ئەی لە نووسـەرانی ئەمـدیو و ئەودیوی کوردستان. دۆستایەتیت لەگەڵ کامیان خۆش بوو؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** من بە راسـتی «گـۆران»م زۆر خۆش دەوێ، بەڵام نەمدیت! سەعید ناکام کە دۆستی منە و دۆسـتی گـۆرانیش بوو، ئارەزوومـە بیـبـینم، بیستوومە زۆر پیرە.

**رامان:** مامۆستای «هێمن موکریانی»ش بووە؟

**عـــوبەیدوڵڵا ئەیـووبیـــان:** هێـمن لە مـاڵی ئێـمـەی خـوێندووە، تا کـلاسی چوار. کە بەبێ ئیـجـازەی باوکم خـوێندنی تەرخ کـرد و چۆوە گـوندەکـەیان، بابی دەری کـردووە و نەیدواندووە. لەسـەر ئەوە کـە لە بابی منی ئیجازە وەرنەگرتووە و قوتابخانەی جێ هێشتووە.

کـەسـێکی دی کـە زۆرم خـۆش دەوێ «خـاڵەمـینی بەرزەنجی» کـە ئوسـتـادی هەژار و هێـمن و منیش بوو، سـەیفـولقـوزات-یش شـاعـیـرێکی بەرجـەسـتـەیە، «پیرەمێرد»ی سلێمانی بەڕاستی پیاو دەبێ بیپەرستێ، شـاکاری یەکجـار جـوانی هەن. لە ڕووی ئەدەبیشـەوە لە شاعیران، نالی گەورەترین ئەدیبی کوردە.

من سێ جار لە دانیشـتنی گشـتیدا کۆنفـرانسم داوە، هەمـوو جارێ کە دەستم بە قسە کردووە، ئەو شیـعرانەی نالیم خوێندۆتەوە:

**بۆچی نەگریم سەد کەرەتم دڵ دەشکێنی**
**بۆ مەی نەڕژێ شووشە لەسەد لاوە شکاوە**

هیچ کەس ناگاتە نالی، هیچ کەس، حافزی کوردانە.

**رامـان:** ئێستا دوای تەمەنێک ئەزموون ئەگەر بتهەوێ رێنوێنی نەوەی نوێمـان بکەی، بۆ ئەوەی لە رێگایەکی کورتەوە سوود لە تەجرەبەی تۆ وەربگرن؟

**عـوبەیدوڵڵا ئەیووبیـان:** کاکەگیـان، لە هەمـوو شت بۆ ئێمە گرنگتر و جوانتر، خۆشەویستییە. فێر بن یەکترمان خـۆش بوێ، فـێـربن لەگـەڵ یەکـتـر پاک بن. پێکەوە هەڵسووڕێن. فێری کاری دەستەجەمعی بن.

لەنێـو مـیـللەتانی رۆژهەڵاتدا ئەو کـایە و وەرزشـانەی بەتەنێ دەکـرێن، وەک زۆرەوانی، رۆژهەڵاتی دەیبـەنەوە، بەڵام کـاری دەسـتـەجـەمـعی نازانن. لەتۆپێن و فـووتباڵ دەیدۆڕێنن! کاری دەستەجەمعی موحیبەت و خۆشەویستی دروست دەکا.

من بە پێچەوانەی حزبە کوردییەکان، فکرێکی دیکەم هەیە. زۆر دەسـتـەی لاوان دروست کـردن و دەسـتـەی قوتابیـان دروست کردن و یەکێتی سەندیکای کرێکاران دروست کردن [لەلایەن حزبەوە] بەرهەمی باشی نابێ. با ئازادی بدرێ بە لاوان بۆ خـۆیان دەسـتـە دروست بکەن. وەک ئێـمـە حـەولمان دەدا کـۆمـەڵەی ژێکاف بە رەسـمی بمانناسێ. نەک ئەوەی کـۆمـەڵەی ژێکاف لەفکری ئەوە بکەوێ دەسـتـەی لاوان دروست بکا. جیـاوازی ئەو دوو شتە زۆرە. ئێمە بۆ ئەوەی نیشان بدەین کە گەورەبووین و کارمان لە دەست دێ خۆمان دەستەی لاوانمان دامەزراند و شانۆیی «دایکی نیشتمان»مان پێشکەش کرد کە چاوی دوژمنی کـوێر کـرد و کـوردسـتـانی ڕاچڵـەکـاند. هەر لەو مـەراسـیـمـەدا زۆر ئەندامی کۆمـەڵەی ژێکاف سوێندیان خوارد.

کە ئازادی راستی هەبوو هەمـوو شت گوڵ دەکا. نەسلی لاو بۆ خـۆی دەپشکوێ، بۆ خـۆی کاری خۆی دەکـا، بەڵام کـە حـزب و دەوڵەت ویـسـتـی ئەو کـارانە بکا، درۆ و فروفێڵی تێدا دەبێ، هەو نابێ، بەڵام ئەگەر خەڵک خۆی کردی فێڵی لێ ناکرێ.

**رامـان:** ئەی ئەو ئەنجوومەنە ئەدەبییانەی لەودیو هەن پێت وایە خزمەت دەکەن؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** بەڵێ چون خەڵکەکە تینوویە، دەوڵەتیش لێیان تێکدەدا هەر دروستی دەکەنەوە. ئێستا ئەوە دروست نییە حزب لە دووی شاعیران بنێرێ بڵێ وەرن لێک کۆبنەوە. یان سەندیکای مامۆستایان دابمەزرێنێ. ئەگەر چەند مامۆستایەکی بۆ خۆیان لێکخڕ بوونەوە کارەکەیان سەرکەوتوو دەبێ، دەوڵەتی کوردی ئێستا دەبێ لەفکری ئەوەدا بێ خەڵک تێر بێ و شار و وڵات ئاوەدان بکرێ، ئەگەر خەڵک فکری ئاسوودە بوو، ئازادی هەبوو، خەڵک ڕازی بوو، خەڵک ڕوفاهییەتی هەبێ، دەفکری جوانپەرستی دەکەوێ، دەفکری جوان کردنی وڵاتی خۆی دەکەوێ. تۆ کە نان نەبوو و برسی بووی، باخچەت بۆ چییە؟ ئازادی لە هەموو شتی دنیایە پیرۆزترە، ئینجا ئابووری.

**ڕامان:** لە پێشکەوتنی دنیای کوردەواری مەسەلەی ئافرەت گرنگە، دەوری ئافرەت ئەوسا چۆن بوو و ئێستا چۆنی دەبینی؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** ژنی کورد هەمیشە ئازاد بووە. لە چاو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی و موسڵمان ژنی کورد لە ئی هەموو میللەتان ئازادتر بووە. قەت ڕووی خۆی دانەپۆشیوە. باسکی هەڵکردووە و سۆرانی (فەقیانە)ی بە ملیاندا دەکەن. دایکی من هەمیشە لە باتی بابم میوانداری لە میوانان کردووە، وابووە بابم لەماڵ نەبووە، دە میوانی پیاومان هەبووە، دەگەڵیان دانیشتووە، قسەی لەگەڵ کردوون، بەڵام سەرەڕای ئەو ئازادییەش، بەقەد مێردەکەیان مافیان نەبووە. مێرد زۆر زاڵم بوون. خودا ئەو هەقەی بەنێری داوە بە مێشی داوە. ئەو هەقەی بە باب و کاکی ئێمەی داوە بە دایک و خوشکی ئێمەشی داوە.

**ڕامان:** لە سەردەمی کۆماری کوردستان چەند جار بەخزمەتی بارزانی گەیشتی؟

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** من هەمیشە لەخزمەتیاندا بووم. ئاغڵەبی ڕۆژان دەمدی. من دوو سێ بیرەوەریم لە بارزانی هەیە، نووسیومن بەڵام چاپ نەبوون. مەلا مستەفا ئینسانێکی گەورە بوو.

تازە دەوڵەتی کوردی دروست ببوو، بەرگی ژەنەڕاڵی و نیزامییان دروست دەکرد، بەرگی ژەنەڕاڵیشیان بۆ ژەنەڕاڵ بارزانی دروست کردبوو. ژەنەڕاڵ حەمەحوسێن خان و حەمە ڕەشید خان بەرگی ژەنەڕاڵیان دەبەرکردبوو، بەڵام بۆ ڕۆژی جێژنەکە مەلا مستەفا بەرگەکەی دەبەر نەکردبوو. کاکم بۆ منی گێڕاوە، کاکم یاریکاری قازی بوو، حاجی بابە شێخ سەرەک وەزیر بوو. قازی بە حاجی بابەشێخ دەڵێ: مەلا مستەفا بەرگی ژەنەڕاڵی دەبەر نەکردووە.

قازی محەمەد بۆ خۆی پێی عەیب بووە لەدوای مەلا مستەفا بنێرێ، بە حاجی بابە شێخی گوتووە.حاجی بابەشێخیش پیاوێکی پیری بەڕێز بوو، لە دووی کاک محەمەد، کاکی منی ناردبوو، کاکیشم دەچێتە خزمەت مەلا مستەفا. دەڵێ قوربان ئەوڕۆ جێژنەمانە و پێمان خۆشە خەڵک بە بەرگی ژەنەڕاڵییەوە تۆ ببینێ. منیش بەرگی ئەفسەریم لەبەر کردووە. چۆنە تۆ لەبەرت نەکردووە؟ بارزانی دەڵێ کاک محەمەد وەرە با بڕۆین. دەڵێ قوربان بۆ کوێ؟ جەعفەری کەریمی لەوێ دەبێ. بارزانی دەڵێ کاک جەعفەر ئەتۆش وەرە. کاکم و جەعفەری کەریمی لەگەڵ خۆی دەبا، لەپشت ماڵی شێخ ئەحمەد دوو-سێ ماڵی بارزانی هەژاریش لە کەلاوەیەکدا دەژیان. کاکم و جەعفەری کەریمی کە سەرۆکی ستادی ئەرتەشی کوردستان بوو لەگەڵ بارزانی دەچنە ژوور ئەو ماڵەوە. بارزانی دەڵێ: کاک سەید محەمەد، کاک جەعفەر، من بابی ئەو منداڵە رووتانەم، بەو پایزە ئەوان ئاوا ڕووت بن و منیش بەرگی ژەنەڕاڵی لەبەر بکەم؟

کە ئەو قسەیە دەگێڕنەوە و کاکیشم کە جێگری پێشەوا بوو کاری لەدەست دەهات، سەرۆکی کۆمپانیای «تەرەقی» کە هی ڕووسەکان بوو و ناوی «ئەسەدۆف» بوو، کۆمپانیاکەیان قوماشی دەفرۆشت، دەچنە لای ئەسەدۆف بۆ تەواوی بارزانییەکان، چ نێر و چ مێ، بەرگی دەکڕن. من ئەو دەمە گەنج بووم، لەو بەزمەدا گەیشتمێ، ئەو کاتەش لە قوتابخانەی گەلاوێژ، هەموو کوڕە فەقیریان خڕ کردبۆوە، من و عوسمان دانش و ئەنوەر دڵسۆز دەرسمان دەگوت، بۆ قوتابییەکانی قوتابخانەی گەلاوێژ داوام کرد بەرگ بۆ هەموویان بکڕن. بۆ مامۆستاکانیش کرا. ئینجا گوتیان هەر کارمەندێکی فەقیر بێ و بەرگی نەبێ بۆی بکرێ. لە سایەی ئەوەی بارزانی بەرگی ژەنەڕاڵی لەبەر نەکرد، دە هەزار کەس بوو بە خاوەنی جلوبەرگ.

**ڕامان:** بەڕێز ئەیووبیان زۆر سوپاست دەکەین.

**عوبەیدوڵڵا ئەیووبیان:** زۆر سوپاس، ئەو ڕۆژە خۆشەم قەت لەبیر ناچێ.

**هەڤپەیڤین:**
**ئازاد عەبدولواحید - سلێمان دڵسۆز**



# خالید جووتیار: تا ئێستا وەک پێویست ڕەخنەی ئەدەبی فۆلکلۆریم بەرچاو نەکەوتووە

**تاسەر ئێسک شەیدای هەموو شتێکی ڕەسەن و جوانە. حەیران و لاوکی سەردەمانە دەنووسێتەوە لە کارەساتە درامییەکان دەدوێ، عەودالی دێهاتە و سەوداسەرێکی شارستانی و بەرچاو ڕوونیشە. هاوڕازی شیعر و تەنز نووسینە.**

**لیتۆژینەوەکانی مایەی سەرنجە. دانیشتنەکانی هێمن و پڕ لە نوکتەیە، کەچی کە تووڕە دەبێ ئەوا کوردە و سەرلە نوێ دەبێتەوە کورد..!**

**خۆ کە دڵ و سەریشی گەرم دادێ، ئەوا بەسینە سۆزەیەکەوە حەیران «ئەمن دەرێم» دەچڕێ و بەستەیەکی بەچێژیشی بەسەردا دەکا.. هەگبەکەی پڕە، دەی دەبا بزانین چی تێدایە؟**

* کەی مێژوو و ئەفسانە تێکەڵ یەکتری دەبن؟

– کێشەکان لەوکاتەوە دەستی پێکرد کە مرۆڤ لەو گەردوونە پەیدا بوو، ئەو گاڤەی لەگەڵ خودی خۆی کەوتە کێشە و لە پاشان لەگەڵ دەوروبەری.. مێژوو بە بەڵگەنامەکان بوونی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵام ئەفسانە بەرزکردنەوە و بڵند ڕاگرتنی ڕووداو و کەس و کێشەکانە لە بینایی خەیاڵ. ئەفسانە هەندێ جار کەرەستەکانی خۆی لە ڕیشاڵەکانی مێژوو وەردەگرێ، بەڵام بە پیرۆزی و بە ڕووتی دەیپێچێتەوە و لە خودی مێژوو کاریگەرتر و بەرگەدارتر دەبێ. هەموو بابەتێکی مێژوویی ناچێتە بینایی ئەفسانە تەنیا ئەوانەی ڕووداو و کارەساتی زۆر مەزن و کەڵەمرۆڤی لە ڕادەبەدەر شیاوبن. ئەفسانە هەمیشە ترسە گەورەکەی وجوود بڵند و باڵاتر دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستی پیرۆزی و لەگەڵ چەمکی نادیاری دواڕۆژ شیرازەی دەکا، بۆیە شوونەوارەکان هەردەما لە دنیای خەیاڵی بنیادەم سەربردەیەک تۆمار دەکەن لە ژیان بەسام و ترستر بێ. هەر ئەفسانەش ترسێکە مرۆڤ بۆ خۆی سازاندووە، تا لە پێکهاتەی ڕستە و وشە

گرێیەکانی باڵابوون بشارێتەوە و چەمکی کێشە مرۆییەکان لە بەراییەکانی ڕووت بکاتەوە.

ئەفسانە کە ڕەگ و ئاکارەکانی مێژوو وەردەگرێ، فۆرمالیستانە دەیخاتەوە ڕوو، بۆیە دەگوترێ: ئەفسانە وشەیە، وشەکان ڕووتن لە سۆز و لە زۆر پێدا هەڵگوتن و درێژدادڕی، وشەکان ئەو واتایانە هەڵدەگرن کە مێژوو جێی هێشتوون.

* ئەی ئاوێتە بوونی داستان و ئەفسانە و خورافاتی دینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات؟

– پێویستە ئەم پرسیارە زۆر بەوردی وەڵام بدرێتەوە، چونکە ماوەیەکی درێژە تێکەڵ دەکرێ و کاریگەرییەکی ناجۆری کردۆتە سەر لێکۆڵینەوەش. بۆ جوانتر و قووڵتر تێگەیشتن و ڕوانینە ئەو بابەتانە، دەبێ زاراوەکان دەستنیشان و پێناسە بکرێن و مەودای لێکدانەوەیان دیاری بکرێ.

بەڕای من ئەو لایەنانە وەک تێکەڵاوبوون تێکەڵ نابن، بەڵام مۆتیڤەکانیان دەخزێنە نێو یەکدی، ئەویش بۆ تەونکردنی مەبەستەکان. دینە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات هەمیشە ڕەگی خۆیان لە داستان و ئەفسانە کۆنەکان وەرگرتووە بۆ لێک نزیکی دین و ئەفسانە و قایلکردنی مرۆڤ بە ئایندەیەک کە بە خەیاڵ چنراو بێ. لە ڕابردوودا ئەو دینە کۆنانە بە خەستی نەهاتوونەتە دنیای پەرستن، بۆیە لە زۆربەی ناوچەکان ئایینی ناوچەیی و خوارتریش هەبووە. سرووتی خواپەرستی تەنیا هەر دینداری نەبووە، بگرە لە سێکسەوە چەندان چەند پیرۆزی و پیت و بەرەکەتی زەوی و زاوزێ هەبووە لە ئاستێکی زۆر باڵای لێکدانەوەدا، بۆیە پەرستگاکان زۆربوون، سرووتی پەرستن و خواوەندەکانیش زۆر و بۆ هەر مەبەستەش خواوەندێک. ئایینی کۆن وەک پەرشوبڵاوی مرۆڤ و لێکدانەوەکەی بوو، مۆتیڤی داستان و ئەفسانە و دین لەو حاڵەتانە یەک دەگرنەوە، کە بەپێی پێڕەوی ئەرک و کار هەمان دەوری یەک دەبینن بۆ لە خشتە بردنی مرۆڤ.

* باشە، ئەی لەبەرچی دیاردەی ئیرۆتیک لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ئەوەندە مشەیە؟

– مێژووی نەتەوەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا و تا دەگاتە سەروبەندی سۆمەرستان، مێژوویەکی زۆر دەوڵەمەند و پیرۆز بەرامبەر سێکس، لە زۆر شوێن و ناوچە و حاڵەتانیش تێکەڵی باری پەرستن بووە..!

سرووشی پێکهاتەی میللەتان لە ڕووی دەروونییەوە هەر تەنیا پابەندی جوگرافیا نییە، بەڵکو لایەنە ڕووحیەکانیش پلەی باڵا وەردەگرن.. کورد وەک لە مێژوودا دیارە، ئایینی تایبەتی خۆی نەبووە، بەڵکو خواپەرستییەکانی لە ڕێی ئایینی نەتەوەکانی ترەوە بۆ ماوەتەوە، ئەو وەرگرتنەیشی هەموو پێداویستییەکانی پڕ نەکردۆتەوە.. کەلێنەکانی ئەندێشە و لێکدانەوەی هەر بەشاشی ماوەتەوە و ڕابردوویەکی هەڵایساوی پڕ لە ژانوژووری کردۆتەوە چەمکی کێشە، لەگەڵ باوەڕی نوێدا..! ئەگەر نموونە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری نەتەوەکەمان وەربگرین، ڕێژەیەکی یەکجار مشەی باس لە ئیرۆتیک دەکات بە هەموو شێوەکانی: دواندن، ڕووتبوونەوە، ورووژاندن، سۆز، کە ئەو حاڵەتانە شێوە گشتییەکەی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، هەندەجار وا هەست دەکەی دیاردەی فۆلکلۆری سێکس بەسەر هەموو لایەنەکانی دی زاڵە.. مرۆڤی کورد دوای گۆڕانکارییەکانی ئایین لەگەڵ سێکسدا لەبارێکی بێبەشی و سەرکوتکردن و بەمراز نەگەیشتوودایە، بۆیە بۆ دابینکردن و حەسانەوە و دامرکاندنەوەی هەستە ورووژاوەکان، پەنای بۆ زۆر حاڵەت بردووە.

ڕەنگە نەلوێ لێرە باسیان بکەین، لە فۆلکلۆر ڕا دیارە کە مرۆڤی کورد، ئافەریدێکی دنیاییە، بۆیە لەکاتی گوتن و بیستنی شیعر و گۆرانییە فۆلکلۆرییە سێکسییەکان هیچ ترس و نیگەرانییەکی نییە و بە ستایش و دڵنەواییەوە گوێی بۆ ڕادەدێرێ و بە ڕاشکاوییەوە دەڵێ:

(سی ڕۆژی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئوومەتێ، لە دنیایێم لۆ نەبووی چت لێبکەم لە قیامەتێ...) ئەو ڕچەشکاندن و ناوان بەزاندنە، لە نێوان پەرستن و سێکسدا کارێکە لە قووڵایی ڕابردوویەکی دوور هاتۆتەوە، دنیای دوای ڕۆژووگرتن و بەدنیایی بوونی مرۆڤی کورد لە بەرامبەر گەڵاڕێزانی چەمکی دینداریدا، ئەو کە گوێ لە گوتنە پڕ لە ئیرۆتیکەکان دەگرێ، بە هەستی ورووژاوی پڕ سۆز و کەفوکوڵی نێرینە و مێیینەتی دوور لە باوەڕ، هاوخەم و هاوڕاز دەبن و چەند ساتێکی دوور لە پێوەند و خۆبەستنەوە بە نەریتی بە ساڵان کەوتوو، دێتەوە باری ڕەهابوون و لە فەزای ئازادیی تاک، کە بەشێوە کۆمەڵایەتییەکەی ئەنجام دەدرێ، لەززەت و چێژ لە باڵابوونی هەستە کپبووەکانی سێکس وەردەگرێ. ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بێ پەردە و بەشێوەیەکی هونەری جوان، باس لە ئیرۆتیک دەکا، ئەوا هونەری دەربڕین، کاریگەریی تایبەتی خۆی هەیە و هەمووی ڕووەو ئەو پەرستگایانە دەباتەوە کە سرووتی

سێکسی لێ ئەنجام دراوە. کوردەواری لەمەوداکانی جوانی و چێژدا هەمیشە لەگەڵ لەززەت بووە، سەرباری گرفتەکانیشی وەختی تایبەتی بۆ بیرکردنەوە لە ئیرۆتیک تەرخان کردووە..

نموونەکانی حەیران یەکێکە لە هاوارە خەفەبووەکانی دەروون، بێبەشبوون لە کرداری سێکس نالەبارییەکی توندی بۆ تاکی کورد خوڵقاندوە و کەسانی چین و توێژەکانی کوردەواری، بەتاسەوە گوێی بۆ دەگرن و حەزەکانیان دەخاتەوە حاڵەتی ورووژاو تا لە ئەنجامدا بە کردەیەک دابمرکێ..!

✱ ئەی چۆن و بەچ پێوانەیەک بە کولتوور و فۆلکلۆری خۆماندا بچینەوە؟

– ڕابردوو وەک کولتووری نەتەوە، بە مانا فراوانەکەی، ژیانە. بۆیە من هەموو لایەنەکان بۆ مرۆڤ بە پێویست دەزانم، چونکە ژیان هەر لایەنی شۆڕشگێڕی نییە و بەس. بگرە هەموو ماناکان لە خۆ دەگرێ. بۆیە لە کولتووردا هەموو دەنگەکان هەن. ئەوەی ژیان بەرجەستەی دەکاتەوە و مرۆی وەک بوونەوەرێکی زیندوو و بەهەست داناوە، جا بۆ ئەوەی بە کەلەپووری خۆماندا بچینەوە دەبێ: شارەزایی و پسپۆڕی لە گشت بوارەکانی لێکۆڵینەوە بەکار بێنین و قوتابخانە و ڕێباز و ڕێچکەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرینە بەر، تا بینابیمان لەسەر کەلەپووری خۆمان فراوانتر و بڵندتر بێ.. کولتووری کوردی بە پێچەوانەی ڕابردووی نەتەوایەتی، ڕەشبین و دەمارگرژ و دژی هیچ نەتەوەیەک نەبووە، ئەگەرچی لە ڕابردووی دوور و نزیکیش تووشی ناخۆشترین نەهامەتی و کارەسات بووین. بۆ لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری نەتەوەکەمان لە زانکۆ و ئامۆژگاکان و لە ئاستێکی بەرز، دەبێ لە ڕووی زانستییەوە بخوێندرێ. نرخ و بەهای ڕابردوو لە کرداری تێپەڕ نییە، بگرە لە ڕەخساندنی لێکۆڵینەوەیە لە بوارە جیاجیاکانی کرداری ڕانەبردوو. لە کەلەپووردا ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەو فۆلکلۆرە دەباتە ئاستێکی بەرز و ئیستێتیکا و لۆژیکی خۆی پێدەبەخشێ. من زۆر دژی ئەو جۆرە لێکۆڵینەوەیەم کە ساکار و رووکەشانە دەڕوانێتە کردەوەکانی مرۆڤ و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان.

ناکرێ لە لێکۆڵینەوەدا لایەنی شۆڕشگێڕی و هەر بەرهەڵستکاری فەرز بکرێتە سەر لایەنی ئیستێتیکی، چونکە ئەو جۆرە قۆناغ و لێکدانەوەیە، لەگەڵ ئارامبوونەوەی ژیان، دەچێتە پەراوێز. بۆیە پێویستە بەگیان و دیدی سەردەم و شارستانیانە بڕوانینە بەرهەمەکان، نەک وەک بابەتێکی پیرۆز و نەگۆڕ و بێ گیان. ڕامان و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی کەلەپوور، بە بینایی سەردەم، لە ئاکامدا دەمانباتەوە بەر عەقڵی بەرایی کورد و دەبێ لەوێوە ڕێچکە زانستانەکەی لێکۆڵینەوە بگرینە بەر.

✱ چ دەقێکی بە نرخی کوردی لەنێو کەلەپووردا بۆ فیلمێکی شایستەی سینەمایی هەڵدەبژێری؟ بۆ؟

– لە کەلەپووری کوردیدا گەلێ دەق هەیە شایستەی ئەوەبێ وەک فیلمێکی سینەمایی کاری لەسەر بکرێ. لە ڕووی نەتەوایەتییەوە داستانی «قەڵای دمدم» بە بابەتێکی زۆر لێوەشاوەو سەرکەوتوو دەزانم، نەک لەبارە نەتەوایەتییەکەی، بگرە لە «دمدم»دا ئەڤین و جوانی و بوێری ژن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و بێهوودەیی و مۆژدە هەیە، دەکرێ لە بینایی ژیان بچینەوە دنیای بەرفراوانی بوون، سیمبولە بۆ دەسەڵات و دڵنیایی.

لە ڕووی ئەڤینداری چێژ و جوانیش دەقی بەیتی «لاس و خەزاڵ» شیاوترین دەقە، لەوێ مەودای ئیستێتیکی بەرز و چێژ و قووڵایی لێکدانەوەی مرۆڤی کورد بەرامبەر ژیان و کارە دەروونییەکان و خەیاڵ و حەزەکان هەستی پێدەکرێ.

✱ ئەی دێهات و گەڕەکی میللی و فۆلکلۆر و گۆرانی میللی، چ کاری کردۆتە سەر ئەزموونی شاعیران و هەروا خۆت؟

– لە ڕابردوودا ئەم کاریگەرییە هەبووە، شاعیرانی پێشترێ تا کۆتایی حەفتاکانیش لەم ڕێچکەیە کەم تا زۆر کاریان کردووە، بەڵام لە هەشتاکاندا بەرەو سەر، شیعر بۆ مەودایەکی تر چووە پێش، شاعیران تا ڕووناکبیرتر و شارستانیتر هەڵدەکەون، بابەتە میللییەکان لە شوێن و پێگەی خۆیان نامێنن.

دێهات و گەڕەکەکانمان لە شاریشدا پێوەندییە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونییەکان سادەن، شیعریش لەکاری سادە ڕیشاڵ وەرناگرێ. گۆرانییە میللییەکان لە زۆر لاوە پتەوتر و پڕ گرێترن، بابەتەکانی هونەری و جوانن، چونکە لەکاتی خۆیاندا شاعیرێکی وریا دایهێناون. بۆیە کە سەرنج دەدەینە لاوک و حەیران و هۆرە و بەیت، هەست دەکەین دنیای جوانی فانتازیای دەربڕین، کۆڵەگەیەکی حوکمی کاری هونەرین، لەوێ شاعیران توانیویانە پێوەندییەکان بدۆزنەوە. تەونکاری بابەتی ناو ڕووداو و حەزەکان بکەن. ڕابردووش هەر

بەرائەتی منداڵی نییە. شاعیران کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی منداڵی، وای پیشان دەدەن کە ڕابردوو و کۆتر و کۆلارە و کۆش و باوەشی دایک و گوڵ و گوڵزار بێ. ئەمە سەرباری فێڵ لەخۆکردن تەنیا ڕۆمانسییەت دەبەخشێتە شیعر، بۆیە کە شاعیرێک لەم کەوەیە دەردەچێ و دوور لە سۆز و هەندێ توند دەبێ و لەگەڵ ڕابردوو کاری هونەریی شیاوتر دەبەخشێ... کاریگەری دێهات و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بۆ ئەزموونی من لە بواری شیعردا، زۆر لە نزیکەوە لەگەڵم ژیاون، بەڵام هەوڵم داوە لە سەرەتاکان بگەم، بۆیە زۆر خۆم خەریکی لاوک و حەیران کرد، چونکە ژیان لە ڕیتمی لاوک دەچێ.

لەو ڕۆژان و ئارامیدا ئەو چەند شیعرەی کاتی خۆی بڵاوم کردنەوە، سەرچاوەکانیان کەلەپوور بوو، بەڵام دوای تێگەیشتن و شیکردنەوە، ئەوجا بۆ جارێکی دی دروستکردنەوەیان بەشێوازێکی تر، بۆیە تیکەڵبوونەوە لەگەڵ ڕابردوو تەنیا لەو مەودایە دەبێ، کە بینایی جوان و ئایندەی زیندوو لەشیعردا پڕ گیان و زیندوو بکەیتەوە..!

* ئەی دەوری گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و TV لە بووژاندنەوەی گیانی فۆلکلۆرخوازیدا؟

– دەوری گۆڤار و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن، دەورێکی زۆر شایستە نییە، ئەگەر بەراورد بکرێتەوە بە مەزنیی بەرهەمی فۆلکلۆری. بەبیرمانە ڕژێم چەند دژایەتی کەلەپووری کوردی کرد، نەیدەهێشت کۆمەڵەیەکی تایبەت بە فۆلکلۆر دامەزرێ، گوندەکان بە سامانی فۆلکلۆرەوە خاپوورکران. کەچی دەبوا دوای ڕاپەڕین فۆلکلۆر لە ڕیزی پێشەوەی برەودان و پاراستن و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی هەموو بابەتەکان و دانانی مۆزەخانە و گرووپی موزیک و شایی بێ، کەچی سەرنج بدە بزانە تەلەفزیۆنەکان چەند خاون، تەنیا گۆڤارێکی وەرزی هەیە و کەچی بایەخی پێویستی پێنەدراوە..!

* کە حەیران و لاوکی نوێ دەنووسیتەوە؟ چ هانت دەدا؟ چۆن و بە چەند تەواوی دەکەی؟

– ئەگەر زەین بدەینە ڕابردوو، دەبینین هەمیشە لاوک و حەیرانی نوێ هەبووە و بەپێی سەردەمی خۆیان گۆڕانکاریان لێکردووە. حەیران و لاوک دوو دنیای هەندێ جیاوازن، بۆیە دەکرێ بڵێین: حەیران ساتەوەختی بێبەشی و دووری و غەریبایەتییە بۆ شوێن و ئەڤین. حەیران غەمی مرۆڤە، بۆیە دەگەڕێم غەمەکانی خۆم لە حەیراندا دەربڕم. ناکرێ هەر دەقەکانی پێشترێ دووبارە بکەینەوە. هەموو ئەو حەیرانانەی ناوی کەس و شوێنیان تێدا نییە، جوانتر و بەربڵاوتر و کاریگەرترن، چونکە لە ژان و ئازارەکانی هەموو کەسێک دەگات. ئەوکاتەی حەیرانێک دەنووسمەوە هەر تەنیا قەراج و کەندێناوەم لە خەیاڵ نییە. مادامەکی حەیران دەربڕی هەستە ناسکەکانی مرۆڤە بەرامبەر خۆشەویستەکەی، بۆیە پێویستە لە هەڵبژاردنی وشەکان وشیار و ناسک بین. لاوک کارەسات و ئەڤیندارییە، لەیەک دەقدا ڕووداو، بە مانا فراوانەکەی ژیانە، بۆیە کە لاوکێکی نوێ دەنووسم، سەرەتا ڕووداوەکە لە چەند لاوە هەڵدەسەنگێنم و سەرچاوەی تایبەتی و جۆراوجۆر دەخوێنمەوە و ماوەیەکی زۆریش لەگەڵی دەژیم و دەبمە بەشێک لە ڕووداوەکە، دەزانم لە کوێوە دەکرێ دەنگەکان بە ڕیتمێکی تایبەتی بنووسمەوە، کارەسات لە ڕابردوودا چۆن و لە بینایی نوێدا چیان لێدێ. ناکرێ لاوک وەک ڕابردووی خۆی بنووسرێتەوە، چونکە کاری ئەفراندنەکەی شایستە نابێ. من بە هەست و ئاگاییەوە، بینایی و ڕامانی نوێ دەبەخشمە لاوک تا مرۆڤی ئەمڕۆ هەست بکا کارەساتەکە ڕەگی لەگەڵ ئایندەش هەیە. ساڵی (١٩٨٧) لاوکی «قەڵای دمدم»م نووسی و دوای دوو ساڵ بڵاوم کردەوە. هەوڵێکی دیکەم هەیە بە تێکەڵکردنی لەگەڵ شانۆی لیریکی، بەڵام جارێ بڵاونەکراوەتەوە. لاوک هەیە لە ساڵێک زیاتر خەریکی دەبم، بۆ چەند برادەرێکی پڕ چێژ و ڕووناکبیری دەخوێنمەوە، ئەوە لاوکی «ڕۆژ لە ئاراسێ هەڵات» دوای سێ ساڵان ئەوجا تەواوبوو.

* ئەی ئەدەبیاتی دێهاتی کوردیمان لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا هەیە، چۆن؟

– بەڵێ ئەدەبیاتێک هەیە تایبەتە بە دێهاتەکان و لە پێکهاتەی ڕستە و ناوی شوێن و بیرۆکە باس لە غەمەکانیان دەکا و دنیای ئەوان دەخاتە بەرباری لێکدانەوە. ئەوانەی کە بە چەند زنجیرەیەک دەگێڕدرێتەوە لە ڕۆمانی میللی نزیک دەبێتەوە و هەر لەو واقیعەوەش بابەتەکان هەڵدەبژێرێ و تایبەتمەندی دەداتێ. جا بۆ ئەوەی دەسنیشانی بوونی ئەدەبیاتی دێهات بکەین دەبێ بگەڕێینەوە سەر سەدان پەندی پێشینان و گۆرانی و بەستە و شیعر و ئەوجا حەکایەتی درێژ کە هەندێ لە ڕۆمان نزیک دەبێتەوە. چیرۆکەکانیشمان سەربردەی مرۆڤی سادە دەگێڕنەوە بۆیە زوو لەگەڵ چیرۆک و ڕۆمان جیا دەکرێنەوە و دەخزێنە بواری میلیانە.

* ئامێرە ڕەسەنەکانی ژەنین لەلای تۆدا؟ ئەی چۆن

بیانپارێزین؟
– لە کوردەواریدا ئامێری فوودار زیاتر و کاریگەرترە لە ئامێری ژێدار، ئەوەش ڕەنگە پێوەندی بە باری ڕووحی مرۆڤی کوردەوە هەبێ، چونکە هەناسەکەی لە ناخی ڕووحەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبێتە بنەتانی گوتن و سۆز و سیحر. ئەوەی ژێداریشە ڕەنگە هۆیە دەرەکییەکان کار لە پەنجە و جووڵانەوەی بکەن.
بۆ ناسینەوەشیان پێویستە ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە لە ناوچە جیاجیاکاندا سۆراغیان بکەین و وێنەیان بگرین و تۆماریان بکەین. ئەوجا لە ڕووی زانستەوە کەسانی شارەزا تۆماریان بکات. ئەو ئامێرانەی لە قوڕگی کورد نزیکن و سەلیقەی کوردەواریان پێڕا هاتووە: «دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، باڵەبان، دەف، پیک و دوزەلە، تەپڵ، کەڕەنا و... تاد.»
* ئەی بۆ مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی– نەک ناوچەیی– چی بکەین باشە؟
– من لەو باوەڕەدام تا مۆزەخانەی ناوچەییمان نەبێ، ناتوانین کار بۆ ئەنجامدان و دەوڵەمەندکردنی مۆزەخانەیەکی نەتەوەیی بکەین. سەرەتا دەبێ لە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بانگەواز بکرێ بۆ هەموو شارو شارۆچکە و گوندەکان، لە پاشا تیمی تایبەت بچنە ئەو شوێنانەو مەبەستی کۆکردنەوەی بابەت و ئامێرەکان لە خەڵک بگەیەنن. وا چاکیشە لەسەر ئاستی شارەکان ئەوکارە بکرێ، دوایی لیژنەی پسپۆڕ ئەو بابەتانەی کە مۆرکی نەتەوایەتییان هەبێ جیا بکرێنەوە و لە پایتەختی هەرێم مۆزەخانەیەکی فراوانی نەتەوەیی دروست بکرێ و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی دەنگ و ڕەنگ و کتێبە فۆلکلۆرییەکان پۆلێن بکرێ و ڕێوڕەسمەکانی دینداری و دنیاداری لێ بپارێزن.
* ئەی سەر و سۆراغی سەما و هەڵپەڕکێی کوردی؟
– سەما و هەڵپەڕکێ، یەکێکە لە زیندووترین جموجووڵی مرۆڤ لە دنیای پڕ خۆشی و ناخۆشیدا، چەندان بیرەوەری و ورووژان و سیمبۆل و هێمای تێدایە، یا هەر بۆ خۆی هێمایە، بەڵام پێویستە سەما و هەڵپەڕکێ لێک جیا بکرێنەوە و هەریەکە و لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەلی بۆ بکرێ.
وا خەریکە هەندێ جۆری شایی نامێنێ، کە لە سەردەمی خۆیدا دیار و شیاوترین جۆربوون. بە چاکی دەزانم دیسان وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەم ئەرکە پیرۆزەی نەتەوایەتییە بگرێتە ئەستۆ و مەڵبەندێکی مەشق و ڕاهێنانی لە ئاستی قوتابخانەی باڵێ دورست بکا و شارەزایانی ئەم بوارە لە هەموو شارەکانی کوردستان بەشداری تێدا بکەن و چەند تیمێکی شایی و سەماکار پەروەردە بکرێن و وەک فەرمانبەر دابمەزرێن، تا ڕیتمە جوانەکانی شایی بپارێزن و بۆ دەرەوەی کوردستانیش هەر ئەو تیمانە بەشداری بکەن.. هەروا بە فیلمی ڤیدیۆ وێنەی سەما و هەڵپەڕکێکان بگیرێن تا ڕیتم و جووڵەکان بزر نەبن.
* ئەرێ دەکرێ تازەترین حەیرانێکی خۆت هەر لێرە تۆمار بکەی؟
– حەیرانێکە لەگەڵ لاوکم تێکەڵ کردووە و بۆ کارەساتی شوباتی پارم نووسیوە.. مەخابن گۆرانیبێژێکی هەولێری لە (ڕۆژ TV) حەیرانەکەی گوت و ناوی منی قووت دا، ئەوە فۆلکلۆر نییە و زادەی بیری خۆمە کە دەڵێم:

**حەیران**
**ئەمن نازانم لۆ دیسان شارەکەی پیرە هەولێرێ**
**لەمە هەر بەدەردە دەردە**
**مەخابن بەوێ ڕۆژێ جەژنی قوربانێ**
**بووە خەزان و گوڵوەرینی**
**لە بنەو بارەگای کەسک و زەردە**
**ئەوە هەر سوارەی داکی شەهیدانە**
**لۆ کوڕە تیلاک خوارەکانی هەولێرێ**
**لۆ بەژنێ ژەنگار و خۆشناوان**
**لۆ قامەتی دەشتی هەولێرێ**
**لۆ ئەوان پێشمەرگە و ڕەندان**
**وەکی دەستیان لە دنیایێ بەردا**
**وەرن بە عام بچینەوە سەر گۆڕێ شەهیدان**
**سوندەکی بخۆین بە کوردستانی**
**یەکبین تەبابین**
**لۆ ئەوان پێشمەرگە و سەرکردە**

* ئەی چ پێوانەیەکی زانستانە و بەرنامە، هەموو ئەو سامانە بەپێزەی کورد کە فارس بەتایبەتی ئینجا تورک و عەرەب تاڵانیان کردووە بگرینە بەر؟
– سامانی نەتەوایەتی ئێمە لەبەر باری نەتەوەکەمان پەرتوبڵاو بووە، بە درێژایی مێژوو دەسەڵاتی نێوەندی نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ دەبێ دەسەڵاتی کورد بنکە و مەڵبەندی ڕووناکبیریی لەسەر ئاستی بابەتەکان و لە کەسانی شارەزا بێتەدی و دارایی و بودجەی شیاوی بۆ

تەرخان بکرێ، بانگاشە و بانگەوازی بەرنامەدار بکرێ، نەوەی ئەم سەردەمە ئاشنا بکرێتەوە و کەسانی پسپۆڕ لە هەمـوو بوارەکـاندا کـاری پێـویست و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر ئەنجام بدەن.

✱ بانەختێ لادەین، باشە زەمەنی شیعر لەلای تۆ لە کوێوە دەست پێدەکا؟

– شیعر لە بونیادیدا وەک ئەفسانە لە نازەمەن کردندا، بینایی هونەری وەردەگـرێ، ئەو زەمـەنەی لە نەسـتـەوە ڕووناکی دادەگیرسێنێ و تەونی پێکهاتەکان دەباتەوە، ئەو سەردەمانەی نازانرێ لە کوێوە دێن.

لە شیعردا زەمەنی پێوانەیی نییە مەوداکانی لێک بدرێتەوە و بەرجەستەبێ. لە خوێندنەوەی شیـعـردا سـاتەکـان چڕ دەکـرێنەوە و ڕووداو و هەسـتی ناوەوە تێکەڵی ڕامـان و ئایندەی نادیار دەبن. وەک دەگـوترێ: مەزنترین شت لە هونەردا شتیک بڵێی ژیان نەیگوتبێ، ئەوە کاسبوون و نەستی مرۆڤە لەساتی نووسیندا، لە بینینی دنیا لەو ڕووداو و کارەساتە گەورانەی لە شیعردا دەبنەوە سـاتێکی نائارام و لە زەمـەنی پڕ ئاشـووب و بەهێمنی ڕەت دەبن. شیـعر نابێ ئەرکی مێـژوو ببینێ، پاڵەوان و کەس و شوێن و ڕووداو بخاتە مەودای کاری ئاسایی، شیـعـر لە باڵابوون و دەسەڵاتی ڕووناکبیـریی دێتـەوە دیدی کرداری ڕانەبردوو، ئەوکـاتەی زەمـەنەکـان تێکەڵ و تواوە دەبن. شیعر بەزەمەنی هەموو زەمەنەکان دەچێ، کەس و کارەسات دەوری تاکی مێژووی نابینێ و ڕووداو پەرت دەبێتە سەر بونیادی شیعر و ئەرکەکانی دەگۆڕێ.

✱ حەز بە خوێندنەوەی کامە شاعیـر- کلاسیک و هاوچەرخ و نوێ- دەکەی، لەبەرچی؟

– ئێستاشی لەگەڵدابێ دەگەڕێمەوە سەر دیوانی نالی و شێخ ڕەزا، بەڵام وەک خوێندنەوەی بەردەوام هەمیشە شیـعری نوێ دەخوێنمـەوە، بەتایبـەتی ئەو شیـعرانەی ئاسـتـێکی بەرزیان هەبێ.. ئەوەی زیاتر ڕامـدەگـرێ و تووشی ڕامان و گەڕانم دەکا: «دڵشاد عەبدوڵڵا و کەریم دەشـتی و چنوور نامـیق حـەسـەن»ن. من لە شـیـعـردا شتێکی جوانتر دەبینم ئەویش تارماییە.. لە خوێندنەوەی شیعریشدا هەر لەسەرەتاوە حەزناکەم بزانم ئەو شیعرە هی کێیە، گرینگ ئەوەیە شیعرەکەی لەچ ئاستێکدایە، من هەر لە ڕێی شیعرەوەش شاعیرەکەم خۆش دەوێ..!

✱ ئەی ڕەخنەی ئەدەبی فۆلکلۆری بەرەو کوێ؟

– تا ئێستا ڕەخنەی ئەدەبی فۆلکلۆریم وەک پێویست بەرچاو نەکەوتووە.

ڕەنگ لای هەندێک کاری ڕەخنەگرتن لە دنیا و بەشە جیاجیاکـانی فـۆلکلۆر کـارێکی شـایان نەبێ. جـارێ نووسـەری بە توانامـان نییـە ئەرکی ئەو ڕەخنەیە بگرێتـە ئەستۆ.

✱ ئەی منداڵانی کـــورد و چەرخی ئینتـــەرنێت و فۆلکلۆر؟

– منداڵانی کورد وەک پێـشـتـر بێـبـەش و بێناز بوون، ئەمرۆش زۆر بەختـەوەر نین، چونکە سیسـتـەمی خوێندن هێـشـتـان نالەبارو بێ بەرنامـەیە. خـوێندنگاکـان زۆر شـارسـتـانی نین، بەڵام تارمـایی سـەرەتایەکی چاک دەبینرێ، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئامێرەکانی پێوەندی وا دەگـاتە دەسـتی منداڵانیش.. دیارە گـەمـە فـۆلکلۆرییـەکـانیش بەپێی سـەردەم دەگـۆڕێن، بەڵام مەسەلەی گۆڕان لە کوردەواریدا سستە و هەنگاوەکانی خاوە و هەروا بەزوویی کـاریگەریی لەسـەر نەوەی نوێ- بەشێوە زانستییەکەی بەدیار ناکەوێ پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن منداڵان فێری ئامێرەکانی سەردەم بکرێن.

✱ ئەی تۆ و بزاڤی فیمینیزم و مافی ئافرەت؟

– من لە گـوندان ژیاوم، گـەورەیی و شـایسـتـەیی ژنی کـوردم زۆر لەبەرچاوە. بۆیە من هەمـیـشـە لەگـەڵ فـیـمـینیـزم-دام و پێم وایە دەبێ ئافـرەت بیـر لە بوون و مـافی خـۆیان بکەنەوە و بوێربن و ئەوەندەش ناز بەسـەر پیـاوان نەکـەن، چونکە مـێـینەن..! ئازادی هەمـوو بوارەکـانی ژیان جـوان دەکـا، بەمـەرجـێک نەبێـتـە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان.

✱ (٥) کـتـێـبی شـاکـاری لێـتـوێژینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریی- بەڕای تۆ- تا بکرێنە کوردی؟

– چەند بەرهەمـێک زۆر بەپێـویست دەزانم بکرێنە کوردی:

١- الفولكلور في العهد القديم، بەشی یەکـەم و دووەم.

٢- الغصن الذهبي، فریزەر.

٣- علم الفولكلور، ئەلگزاندگراب.

٤- اساطير الحب والجمال عند اليونان.

٥- ملحمة گلگامش.

✱ ئەمانە بە یەک دێڕ:

**کامکاران:** چێژێکی نوێیان بەخشییە گۆرانی و ئاوازی کوردی.

**ئەسغەری کوردستانی:** بانگی ئەوانە دەکاتەوە کە زۆر لێمان دوور کەوتوون.

**بیتهۆڤن:** هێمنی و دڵنیابوون لە زەمەنی بەد.

**حەسەن گەرمیانی:** ڕەسەنایەتی قەرەجەکانی ئیسپانیا.

**ئۆپێرا:** وەبیرهێنانەوەی مرۆڤی سەرەتایی کە لە خۆشەویستی ئازیزێکیان پێکەوە شەرابی ژەهراویان دەنۆشت و بەدەم گۆرانییەوە لە سرووتێکی تایبەتیدا دەمردن.

**مشکۆ:** ڕاچەنینی گوتنی ڕەسەنی هەولێرییان دوای داگیرکردنی عوسمانلی.

**شڤانپەروەر:** مایسترۆی شۆڕشی سروودی کوردی.

**حەسەن زیرەک:** ڤیاگرای زیندووکردنەوە و وورووژاندنی ختووکەی سێکس لای نێر و مێ.

**د. نەبیلە ئیبراهیم:** د. شوکریە ڕەسوڵی کورد.

**تۆفیق وردی:** ناسیۆنالیستێکی بێ نیشتمان.

**هۆرە:** سەدای گریانی زەردەشتییان لە دەوری ئاگردانێکی خامۆشدا.

**عەلی مەردان:** کەرکووک لە تەنیایی و ئاوارەییدا.

**بێوەفایی:** بەدڕەوشتی ئەوکاتەی مرۆڤ دەڕووخێ.

**خوێت:** هەناسە ساردێکی ئەو ڕێبازەی نەمتوانی ببمە مورید و خزمەتی بکەم.

*** دەی دەبا هەر لە دەسپێکتەوە دەسپێبکەین؟**

– بەرەودان بە بابەتی فۆلکلۆری مەرج نییە کەسەکە هەر گوند نشین بێ، چونکە شاریش فۆلکلۆر و کولتووری خۆی هەیە. سەرەتای پێوەندی و خولیام لەگەڵ فۆلکلۆر بۆ ساڵی (١٩٦٨) دەگەڕێتەوە.

پلکم یەکێک بوو لە حەکایەتخوانە زۆر بەتواناکان و بەسەدان حەکایەت و داستان و بەیتی لەبەربوو، لە زاری ئەو فێری «ناسرو مارمارو لاس و خەزار و دمدم و زەمبیل فرۆش و بەردەشانی...» و حەکایەتی دێوو درنج بووم. کەندیناوە بە ئەفسانە و خەرافات تەون کرابوو، ئەوێ گوێبەندێکی سەیری ژیان بوو. ساڵی (١٩٦٩) کۆمەڵێک بەرهەمی فۆلکلۆریم کۆکردەوە، تا ساڵی (١٩٧٢) پێشکەشی دوکتۆر عیزەدین مستەفام کرد. زۆر بایەخم بە لێکۆڵینەوەی زانستی فۆلکلۆر دەدا و گۆڤاری (التراث الشعبي)م زۆر دەخوێندەوە.. دانیشتنەکانی مامۆستا «مەحموود زامدار»یش فێریان کردم چۆن شتە ناسک و بە ئاگاکان بخوێنمەوە و زیتە و وریابم، هەر لەویش فێربووم نووسینی ساکار و سادە لەسەر فۆلکلۆر نەنووسم و سەرەتاکان بۆ گرێیە دەروونییەکان بگەڕێنمەوە.

**ژیاننامە**

* خالید جووتیار (١٩٥٣) گوندی کەنداره قەت– ناحیەی کەندیناوە.

* (١٩٥٧) لە گوندی قازیخانە و لە حوجرە و لای باوکی.

* قۆناغی سەرەتایی لە گوندی لهێبهان و ناوەندی و دواناوەندی لە هەولێر.

* (١٩٧٤) لە بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا دەرچووە.

* (١٩٧٨) بووەتە فەرمانبەری بانکی هەولێر.

* ساڵی (١٩٧١) یەکەم بەرهەمی شیعری لە گۆڤاری (بیری نوێ) بڵاوکردۆتەوە.

* (١٩٨٣) خۆی و برایان عەباس عەبدوڵڵا و سەدرەدین خۆشناو یەکەم گۆڤاری فۆلکلۆریان چاپ کردووە و (٣) ژمارەیان لێ بڵاو کردۆتەوە.

* (١٩٩٧) لەگەڵ کاک سمکۆ دزەیی بەردی بناغەی یەکەم ڕۆژنامەی (هاموون)ی لە کۆیە داناوە و تا ئێستا (٥١) ژمارەی لێ دەرچووە.

* (١٩٩٥) لەگەڵ برایان ئامانج غازی و مەحموود زامدار گرووپی سترانی کوردی داناوە.

* سەرباری دەیان وتار و لێکۆڵینەوە، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە:

١– بەرەو فۆلکلۆر.

٢– (٣) ژمارەی گۆڤاری فۆلکلۆر.

٣– حەیران و مەرگی غەریبان.

٤– داستانی قەڵای دمدم.

٥– تارمایی ئەفسانەی کوردی.

٦– سەمای ئەجندان.

٧– تراژیدیای کەرایەتی.

٨– دەشتی هەولێر/ پەند و زاری شیرین.

* ژنی هێناوە و (٥) منداڵی هەیە.

**ئا: ڕامان**

# لە زانینی زیرەکی هەمکی ئاکارەوە بەرەو زانینی فەلسەفەیی

**ئیمانۆییل کانت**
**و/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیجی ئاداب)**

لە سەرانسەری جیهان و لە دەرەوەشیدا شتێک نییە بەبێ چەند و چۆن و بێ سنوور بە چاکە دابنرێت لەیەک شت بەولاوە ئەویش: خواستی چاکە خوازیی(۱). تێگەیشتن، زیرەکی، هێزی بڕیار (حوکمدان) و بەهرەکانی تری ژیر و گیان ئیتر هەر ناوێکیان لێبنرێت، یاخود ئازایەتی و بڕیاردان و سوور بوون و پێداگرتن لەسەر ئاوات و ئامانجدا وەک خەسڵەتەکانی سروشتی مرۆڤ(۲)، ئەمانە هەموویان بەبێ هیچ ئەگەرێک، لە چەند بۆچوونێکەوە چاکە و پەسەندن، بەڵام دەشکرێ ببن بەوپەڕی بەدکاری و زیان بەخش بن ئەگەر ئەو خواستەی ئەم بەهرانە بەکاردەخات و لەبەر ئەم هۆیە، خەسڵەتە تایبەتییەکەی بە کەسایەتی ناودەبرێت، خواستێکی چاکەخواز نەبێت. هەمان شت بەهرەکانی بەخت دەگرێتەوە، هێز، سامان، ئابڕوو، لەش ساخی لەخۆیدا، دڵخۆشی، ڕەزامەندی بە ڕەوشەکانیەوە کە بەناوی بەختەوەری ناسراوە، ئازایەتی دەبەخشێ و دەکرێ ئەمە ببێ بە لە خۆبایی بوون ئەگەر خواستی چاکەخوازی لە ئارادا نەبێ و بە باشیی کار لە ویژدان نەکات و تێکڕای بنەمای ڕەفتار ڕاست نەکاتەوە و بەرەو مەبەستی دروستی نەبات، پێویست ناکات ئەوە بڵێین، کە بینەری ژیری بێلایەن، بڕواناکات بوونەوەرێک کە خواستی چاکەخوازی نەبێ لەخێر و خۆشیدا دەژیا. بەم پێیە وا دەردەکەوێ کە خواستی چاکەخوازی مەرجی ناچارەکی بەختەوەری شایستەی مرۆڤە.

چەند خەسڵەتێک هەن کە ئەم خواستە چاکەخوازە پێویستی پێیانە و دەتوانن ئیش و کارەکانی ئاسان بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەدا لەخۆیاندا هیچ بایەخێکی لە ڕادەبەدەریان نییە، بگرە هەمیشە بوونی خواستێکی خێرخواز پێویست دەکەن کە لە پێشیانەوەبێت و ئەو ڕێزلێنانەی مرۆڤ لێیان دەنێ سنووردار دەکەن و ناکرێ هیچی تر وەک خواستێکی چاکە خواز تەماشا بکرێن. میانڕەویی سۆز و هەست و هەڵچوونەکان، دەسەڵات شکان بەسەر خۆداو وردبوونەوەی وردوگرد نەک هەر تەنیا لە چەند بۆچوونێکەوە چاکەن، بەڵکو واپێدەچێ، کە بەشێک لە بایەخی ناخ و ناوەکی کەس و مرۆڤ پێک بهێنن، بەڵام لەوەیان زۆر کەمە کە بشێ بێ سنوور بۆ دانان بە چاکە دابنرێت (ئەگەرچی پێشینان بێ سێ و دوو لێکردن ستایشیان کردوون). ئەوان بەبێ بنەڕەتەکانی خواستێکی چاکەخواز دەکرێ ببن بەوپەڕی بەدکاری، خوێن ساردیی بەدکارێک نەک تەنیا هەر خاوەنەکەی دەکاتە ئەوپەڕی ترس هێنەر، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەبەرچاوماندا بە ڕادەیەک دزێوی دەکات زۆر پتر لەوەی ئەگەر ئەمەی نەبوایە ئەم جۆرە بڕیارەمان بەسەردا دابایە.

خواستی چاکەخوازی بەوە چاکەیە کە دەیکات یاخود بەوەی کە بەدی دەهێنێ و بەوەش نییە کە بۆ گەیشتنە ئامانجێکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراو بە کەڵکە، بەڵکو تەنیا



کانت

بەهۆی کاری خواستنەوە چاکەیە واتە لەخۆیدا، باشە و ئەگەر بۆ خۆی سەرنج بدرێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەراوردێک بکرێت، بەوپەڕی بەرزیی دەنرخێنرێت پتر لە هەموو ئەوانەی بەهۆیەوە بۆ سوود و قازانجی مەیل و ئارەزوویەک تەواو دەبن یاخود بە سوود و قازانجی تێکڕای هەموو مەیل و ئارەزووەکان پێکەوە دەکەوێتەوە.

خۆ ئەگەر بەهۆی چارەنووسێکی نالەبارەوە یاخود بەهۆی کەموکوڕی پێداویستی سروشتی خەسوو ئاسا خواست لە تێکڕای ئەو توانایەی بێبەش بکرێت کە بەهۆیەوە ئامانجی خۆی بسەپێنێ و ئەگەر، سەرەڕای ئەو کۆششەی دەیکات، نەتوانێ پەی بەهیچ شتێک بەرێت و تەنیا لە خواستی چاکەخوازی بەولاوە نەمێنێ (نەک تەنیا وەک ئارەزوویەکی ڕووت، بەڵکو کۆیەکی هەموو ئەو ئامرازانەی لە توانای ئێمەدا هەن) ئەوا لەخۆیدا وەک گەوهەر هەر دەدرەوشێتەوە، وەک شتێک کە هەموو بایەخێکی خۆی لە خۆیدا هەبێ. نە سوود و قازانج و نە نەزۆکی و بێبەری دەتوانن ئەم بایەخە پتر یاخود کەمتر بکەنەوە، ئەمانە دەکرێ وەک چوارچێوەیەک وابن ببێتە مایەی ئەوەی ئەم گەوهەرە باشتر لەنێواندا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت یاخود کەمتر بکەنەوە، ئەمانە دەکرێ وەک چوارچێوەیەک وابن ببێتە مایەی ئەوەی ئەم گەوهەرە باشتر لەنێواندا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت یاخود سەرنجی ئەوانەی بە تەواوەتی شتناسی نین، بۆ لای دابکێشێ، بەڵام نەک بۆ ئەوەی شارەزایان ڕاسپاردەی لە بارەوە بکەن و بایەخەکەی هەڵبسەنگێنن.

لە بیرۆکەی بایەخی ڕەهای خواستی ڕووتدا، بە بێگوێدانە ئەو سوود و قازانجەی ئێمە لەودا بەدی دەکەین، جۆرە سەیر و نامۆییەکی تێدایە کە ناچارەکی، سەرەڕای ئەو تەباییەی لەگەڵ هەستی ناوکۆییدا هەیەتی، جۆرە گومانێک دەورووژێنێ کە مرۆڤ باوەڕ بکات ئەم بیرۆکەیە بنچینەکەی وەهم و ئەندێشەیەکی بەرزە و سروشت لەو مەبەستەیدا، بۆچی دەبێ خواستمان پابەندی ژیر بێ بە هەڵە تێگەیشتووە. بۆیە دەمانەوێ ئەم بیرۆکەیە و لەم ڕوانگەیەوە تاقی بکەینەوە.

کاتێک سەرنجی پێکهاتەی سروشتی بوونەوەرێکی ئۆرگانی دەدەین، واتە بوونەوەرێک مەبەست ئاسا بۆ ژین داهێنرابێ، وەک بنەمایەکی جەوهەریی وای دادەنێین، کە هەر ئەندامێکی بۆ ئامانجێکی تایبەتی دانراوە و گونجاوترین ئەندامە و شیاوی تەواوەتی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەیە. ئەگەر سروشت خواستبی مانەوە و خێروخۆشی و بەگشتی بەختەوەری بۆ بوونەوەری ژیر و خاوەن خواست دابین بکات ئەوا بە هەڵە بڕیاری داوە ئەگەر ژیری ئەو داهێنراوەی کردبایە بە ئامرازی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەی، چونکە هەموو ڕەفتار و کردارێک کە مەبەستی بووبێ بیکات و هەموو بنەماکانی پێوەندی و کردارەکانی لەلایەن هۆکاری پاڵنەری زگماکەوە (غەریزە- In-stinkt) ڕاهی دەکرێن. ئەو ئامانجە باشتر بە دەست دێت لە چاو ئەوەی ئەگەر ژیر هۆی ڕوودان و بەدەستهێنانی بوایە. ئەگەر ئەم بوونەوەرە داهێنراوە ژیری پێ بەخشرابێ، ئەوا ئەم ژیرە تەنیا سوودی ئەوەی دەبوو کە سەرنجی ئەو توانا سروشتییانەی پێ بدرێت کە بەخت پێی بەخشیوە و پەسندیان بکات و دڵی خۆی بەو خێرو خۆشییە خۆش بکات کە لێیان بەهرە دارە و سوپاسی هۆکارەکانیان بکات، نەک توانای ئارەزووی خۆی ملکەچی ئەو سەرکردە لاوازە سەرلێشێوێنەرە بکات و سروشت لە مەبەست و مەرامەکەی لا بدات، بەواتایەک، بە پارێزەوە مشووری ئەوەی خواردووە کە ڕێگا نەدات ژیر ڕێگای بەکارهێنانی کردەکی بگرێتەبەر و ئەو ئازایەتیەی لەبەردا نەبێ هەوڵی بدات، بە بیرو توانا لاوازەکەی نەخشەی بەختەوەری و ئامراز و ڕێگای بەدەستهێنان ڕەنگ بڕێژێ، بەڵکو سروشت نەک هەر تەنیا ئامانجی هەڵبژاردووە و دیاری کردووە، بەڵکو ئامرازی بەدیهێنانەکەشی لەگەڵیدا دانایانە و بەمشوورەوە تەنیا بە هۆکاری پاڵنەری زگماک (غەریزە) سپاردووە.

ئەوی ڕاست بێت، چەندە ژیری ڕۆشنا چێژوەرگرتنی لە ژیان و بەختەوەری مەبەست بێت، ئەوەندە مرۆڤ لە

ڕەزامەندی ڕاستەقینە دوور دەکەوێتەوە. هەر بۆیە ئەوانەی تارادەیەکی زۆر لە بەکارهێنانی ژیردا شارەزان و جۆرە ڕاستی و دڵ سافییەکیان تێیدایە، دانی پیادا دەنێن کە لەم دۆخەدا، جۆرە میسۆلۆجییەک، واتە ڕق بوونەوە لە ژیر دەکەوێتەوە. ئەوان پاش ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان لە هەموو ئەو چاکی و دەسکەوتانە دەکەن کە بەدەستیان هاتوون، ناڵێم ئەو دۆزینەوانەی لە هەموو هونەرەکانی لۆکسۆسەوە دەستگیریان بوون، بەڵکو بگرە لە زانستەکان خۆیانەوە (دووریش نییە لە کۆتاییدا ئەمەش بە لۆکسۆسێکی فام دابنێن) دەبینین کە لە جیاتی ئەوەی بەختەوەربن، باری سەرشانی خۆیانیان قورس و سەختتر کردووە. ئەوان بە چاوی حەسوودی بردن، پتر لە بەکەم دانان و تەماشای ئەو کەسانە دەکەن کە هۆکاری پاڵنەری سروشتیان کردووە بەسەر پشک ڕێگا نادەن ژیر کارێکی گەورە لە ئیش و کارەکانیاندا بکات. پێویستە پێی لێ بنێین ئەوانەی ستایش و پیادا هەڵدانی ڕۆڵی ژیر لەوەدا کە دەبێتە مایەی بەختەوەری و ڕەزامەندی لەژیاندا، کەم دەکەنەوە و بگرە ئەوپەڕی بەکەمی دادەنێن لەوەدا نییە کە بەرامبەر چالاکی و بەهرەی هێزی بەڕێوەبردنی جیهان سوپاسگوزارنین و پێنازانن، بەڵکو لەم بڕیارەیاندا پشت بە ڕاستی بیرۆکەیەک دەبەستن کە بریتییە لەوەی مەبەستی بوونیان شتێکی شکۆمەند و بەرزەو ئەوی ڕاست بێت هەر ئەم ئامانجەیە مەبەستی ژیر خۆی نەک وەدیهێنانی بەختەوەری، بۆیە پێویستە مرۆڤ بەشی زۆری مەبەستە تایبەتییەکانی خۆی پابەند و ملکەچی ئەم بنەما بەرزە بکات کە مەرجێکی باڵایە.

لەبەر ئەوەی ژیر وەک پێویست کەڵکی ئەوەی نییە لە بابەتەکانیدا و لەوەدیهێنانی پێداویستی و داخوازییەکانماندا ڕابەریی خواست بکات (ئەگەرچی ئەو پێداویستییەکانمان پتر دەکات) و هۆکاری پاڵنەری سروشتی خۆی بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەو بەتواناترە و لەبەر ئەوەی ئەو ژیرەی بە ئێمە دراوە هێزێکی کردەکییە واتە هێزێکی پێویستە کار لە خواست بکات ئەوا بەشی ژیر ئەمەیە:

خواستی چاکە خوازی بەرپا بکات و ئامرازێک نەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک بگرە دەبێ لە خۆیدا خواستی چاکەخواز بێت.

لەبەر ئەم هۆیە بوونی ژیر شتێکە ناچارەکی ڕەهاو بێ سنوور پێداویستی دەکات، بەڵام سروشت لە هەموو بوارێکدا بەپێی ئەو ئامانجانەی هەوڵی بەدیهێنانیان دەدات، چەندین توانا و هێزی زگماکی پێبەخشراوە. ئەم خواستە دەکرێ تاکە چاکەخواز و هەموو چاکەیەک نەبێت، بەڵام دەبێ ناچارەکی چاکەی بەرز و باڵا و مەرج و بنەمای چاکەیەکی تر بێت کە سەرگەرمی گەیشتنە بەختەوەرین. لەم بارەدا لەگەڵ دانانی سروشتی تەباو گونجاوە ئەگەر مرۆڤ هەست پێبکات کە ڕۆشنایی ژیر کە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ڕەهای یەکەم پێویست بێت ئەوا لە زۆر لاوە بەدیهێنانی ئامانجی دووەم کە هەمیشە سنووردارە، ئەویش بەختەوەرییە بەلای کەمەوە لەم ژیانەدا ڕادە و سنووردار دەکات، بگرە دەگاتە ئەو ڕادەیەی بیکات بە هیچ، سروشت بەبێ مەبەست و ئامانج شت ناکات، چونکە ژیر ئامانجی بەرزی کردەکی خۆی لە پێکهێنانی خواستێکی چاکەخوازدا دەبینێ لەگەڵ گەیشتنی بە ئامانجە هەست بە ڕەزامەندییەکی تایبەتی جۆری خۆی دەکات، ئەمەش جۆرە ڕەزامەندییەکە لە بەدیهێنانی ئامانجێک دەکەوێتەوە کە تەنیا ژیر خۆی دەستنیشان دەکات، ئەگەرچی ئەمە جۆرە زیانێکی لەگەڵدابێ کە لە مەبەست و ئامانجی مەیل و ئارەزوو دەکەوێت.

بۆ ئەوەی چەمک و بۆچوونی خواستی چاکەخوازیی، کە شایستەی ئەوپەڕی ڕێزلێنانە کە بەو جۆرەی لە تێگەیشتنی ساخی سروشتیدا هەیە و بەبێ گوێدانە هیچ مەبەست و ئامانجێک چاکەیە و پێویست ناکات کەس لێی فێر بکرێت بەڵکو پتر دەبێ ڕۆشن بکرێت و بایەخێکی زەبەندەیی بۆ کردارەکانمان هەیە مەرج و بنەمای هەموو شتێکی ترە، پەرە پێ بدەین، دەمانەوێ لە پێشدا چەمکی ئەرک بکەینە بابەتی لێکۆڵینەوە ئەگەرچی بۆچوونی خواستی چاکەخوازی بەجۆرە دیاریکردن و سنوور بۆ دانێکی خۆیەتی و تەگەرە لێدانەوە تێیدایە، بەڵام هەڵەیە بوترێ ئەو ئەم دەشارێتەوە یاخود وای لێدەکات نەناسرێ، بەڵکو پتر دەرفەتی بۆ دابین دەکات دەرکەوێ و ڕۆشنتر دەربکەوێ و دیاربدات.

لێرەدا من دەستبەرداری هەموو ئەو کردارانە دەبم کە بە پێچەوانەی ئەرک و فرمان ناسراون، ئەگەرچی دەکرێ لە ڕوانگەی ئەم بۆچوونەوەیان لە هی یەکێکی ترەوە بە سوودبەخش دابنرێن، چونکە ئێمە ناتوانین بپرسین ئایا ئەمانە لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشانەوە کەوتوونەتەوە، چونکە خۆیان بە پێچەوانەوەن. هەروەها من ئەو کردارانەش دەخەمە لاوە کە بە پێی ئەرک و فەرمانن، بەڵام مرۆڤ ڕاستەوخۆ هیچ جۆرە مەیلێکی لەگەڵیاندا نییە ئەگەرچی دەیانکەن، چونکە مەیلێکی تر هانی ئەمەیان دەدات. لەم بارەیەوە بە ئاسان دەکرێت بزانرێت

ئایا کردارە ئەرکییەکان لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان یاخود لە هەستی سوودی خۆیەتیەوە کەوتوونەتەوە، بەڵام سەخت و گرانە ئەم جیاوازییە بزانرێ کاتێک کردارەکان بەپێی ئەرکی سەرشان دەبن و مرۆڤ مەیلێکی ڕاستەوخۆی بۆ کردنی هەبێت. بۆ نموونە ئەوی بەپێی ئەرکی سەرشانە ئەوەیە نابێ بازرگان گرانتر شت بە کەسی ناشارەزا بفرۆشێ، بەڵکو دەبێ بە هەموو کەس بەیەک نرخ بفرۆشێ بۆ ئەوەی زارۆو وەک هەر کەسێکی تر بتوانێ بەهەمان نرخ شتەکەی لێبکڕێت. کەوابوو لێرەدا مرۆڤ بە پاکییەوە کاردەکات: بەڵام ئەمە بە تەنیا بەس نییە وامان لێ بکات بڵێین ئەم بازرگانە بە پێی ئەرکی سەرشانی و بنەماکانی دەست پاکییەوە جووڵاوەتەوە. بەڵکو سوود و قازانجەکەی بۆتە مایەی ئەم کردەوەیەی، هەروەها ناکرێ مرۆڤ وایدابنێ کە ئەم بازرگانە جۆرە مەیل و سۆزێکی ڕاستەوخۆی بەرامبەر مشتەرییەکانی هەبووە و ئەم سۆزەی وای لێکردووە لە فرۆشتنەکەدا جیاوازی لەنێوانیاندا نەکات، کەوابوو ئەم کارە نە لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان و نە لە مەیلی ڕاستەوخۆوە کەوتۆتەوە، بەڵکو هاندەرەکەی تەنیا سوود و قازانجی خۆیەتی بووە.

بەپێچەوانەوە پاراستنی ژیانەکەی ئەرکی سەرشانە، هەروەها سەرەڕای ئەمە هەموو کەسێک مەیلێکی ڕاستەوخۆی لەبارەیەوە هەیە، بەڵام مشورخواردنی پەشێو کە لە زۆرترین کەسدا هەیە، هیچ بایەخێکی ناوەکی و خۆیەتی نییە و بنەماکەشی هیچ جۆرە ناوەرۆکێکی ئاکاری نییە. ڕاستە ئەوان بەپێی ئەرک و فرمانی سەرشانیان ژیانیان دەپارێزن، بەڵام ئەم کارەیان لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشانەوە نەکەوتۆتەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە کاتێک ناخۆشی و بێ هیوایی تام و چێژ لەژیان دەبڕن، کاتێک مرۆڤی کلۆڵی نەفس بەهێز هەست بە توورە بوون دەکات لەو چارەنووسەی دووچاری بووە پتر لە هەستکردن بە بەزین و کۆڵدان هیوای مردنی خۆی دەخوازێ کەچی لەگەڵ ئەمەدا ژیانی خۆی دەپارێزێ بەبێ ئەوەی ژیانەکەی خۆش بوێ، ئەمەش نە بەهۆی مەیلەوەیە و نە لە ترسەوەیە، بەڵکو بەهۆی ئەرکی سەرشانەوەیە: لێرەدا بنەماکەی ناوەرۆکێکی ئاکاریی دەبێت.

خێر و چاکەکردن، لە هەرکات و جێگایەک لە دەست مرۆڤ بێت، ئەرک و فەرمانە سەرەڕای ئەمە کەسانێک هەن، بەبێ ئەوەی هۆکاری لە خۆبایی بوون یاخود سوودی تایبەتی خۆیانیان هانیان بدات شادمان دەبن، وەک کارێک کە خۆیان کردبیان، کە لە دەوروبەری خۆیاندا دڵخۆشی و خۆشی بڵاوبووبێتەوە و خەڵکەکە ڕەزامەند بن، بەڵام من وا لاف لێدەدەم کە ئەم جۆرە کردارە ئەگەرچی بەپێی ئەرک و فرمان کراوە و شایستەی ستایش کردنە، بەڵام بایەخێکی ڕاستەقینەی ئاکاریی نییە، بەڵکو شان بەشانی مەیلەکانی تر کەوتۆتەوە وەک مەیلی شەرەف کە ئەگەر بۆی ڕەخساو لەگەڵ سوود و قازانجی گشتی و ئەرک تەبا و گونجاو بوو ببێتە مایەی شەرەفمەندیی، ئەوا شایستەی ڕێزلێنان و هاندان دەبێ ئەگەرچی شایستەی بە بڵند و بەرزدانان نابێت، چونکە بنەمایەکە ناوەرۆکێکی ئاکارییانەی نییە بە تایبەتی ئەم جۆرە کردەوانە نابێ لە مەیل و ئارەزووەوە، بەڵکو دەبێ لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشانەوە بکەونەوە. ئەگەر وای دابنێین ویژدانی ئەم مرۆڤ دۆستە تەمومژی خۆ پەسەندی و خۆشەویستی داپۆشیبوو بە جۆرێک لە چارەنووسی کەسانی تر بەشداری نەکات و کەمتەرخەم نەبێت، هەر لەتوانایدا دەبێت چاکە لەگەڵ کەسانی تری لێقەوماودا بکات، بەڵام خەریک بوونی بەشتی تایبەتی خودی خۆیەوە وای لێدەکات نەپرژێتە سەر لێقەوماني کەسانی تر، ئیتر لێرەوە، لەبەر ئەوەی هیچ جۆرە ئارەزوومەندێک پاڵی پێوەنانێ خۆی لەم دۆخە بێهەستیە مردووەی دەرباز بکات و ئینجا تەنیا کارەکە بەهۆی هەستکردن بە ئەرکی سەرشانی بکات بەبێ ئەوەی هیچ مەیلێک هاندەری بووبێت، تەنیا ئەوکاتە ئەم کارە بایەخێکی ڕەسەنی ئاکاریی دەبێت. لەمەش پتر، ئەگەر سروشت کەم هەست و سۆز و بەزەیی خستبێتە دڵی ئەم مرۆڤە یاخود دڵی مرۆڤێکی ترەوە و ئەگەر ئەو (ئەگەرچی مرۆڤێکی سەرڕاستیش بێت) سارد و سڕ و لە ئاقار ئێش و ئازاری کەسانی تردا کەمتەرخەم بێ، لەبەر ئەوەی دوور نییە خۆی لە بەرامبەر ئێش و ئازارەکانی خۆیدا بەسەبر و پشوو درێژ بێت و وای دابنێ کەسانی تریش وەک خۆی لەم بارەیەوە پشوو درێژن یاخود داوا بکات ئەوانیش وەک خۆی پشوو درێژ و بەسەبربن، ئەگەر سروشت مرۆڤێکی ئاوەها (ئەگەر بەدترین بەرهەمی خۆی نەبێت) نەکردبێ بە ئاشنایەکی مرۆڤ دۆست، ئایا ئەو مرۆڤە لەناخی خۆیدا سەرچاوەیەک نادۆزینەوە کە ببێتە مایەی ئەوەی بایەخ و نرخێک بەخۆی بدات زۆر لەو بایەخ و نرخە پتر بێت کە سروشتێکی چاکە و خێرخواز (میزاج) لە خۆیدا هەیبێ؟ با، ئەو بایەخ و نرخەی کەسایەتی هەیەتی، بایەخ و نرخی ئاکاریی بەبێ هیچ بەراوردکردنێک، لەم بوارەدا بەرزترین نرخێکە، واتە بەتایبەتی کە مرۆڤ نەک بەهۆی مەیل و ئارەزووەوە، بەڵکو بەپێی هەستکردن بە ئەرک و فرمانی سەرشان

چاکە بکات.

دابینکردنی بەختەوەریی خۆیی ئەرکی سەرشانە (هەر نەبێ ناڕاستەوخۆ) چونکە ڕازینەبوونی مرۆڤ بە بەشی خۆی و لەنێو کۆڵێک پێداویستی ژیان کە دابین نەکرابن و لەنێو پەژارەیەکی زۆردا دەکرێ ئەمانە ببنە مایەی پێشێلکردنی ئەرکی سەرشان. خۆ ئەگەر لێرەدا چاو لە ئەرکی سەرشان بپۆشرێ، ئەوا هەر دەبینرێ کە هەموو کەسێک مەیل و ئارەزوویەکی بەهێزی ناوەکییان بۆ بەختەوەری هەیە، چونکە لەم بیرۆکەیەدا هەموو مەیل و ئارەزووەکان وەک کۆیەک یەک دەگرن، بەڵام ڕێوشوێنی بەختەوەری لە زۆرترین لایەنیدا بە جۆرێکە زیان بە هەندێک مەیل و ئارەزوو دەگەیەنێ تاڕادەیەک لە توانای مرۆڤدا نابێت بۆچوونێک لە بارەی کۆی بەدیهێنانی ئەوانەی بە تێکڕایی لەژێر ناوی بەختەوەریدا کۆ دەبنەوە گەڵاڵە بکات، هەر بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئارەزوویەکی دیاریکراو و بێ وێنە و ئەو بەڵێنەی دەیدات هەست پێبکرێت و ئەوکاتەی هاتنەدییەکەی دەیخایەنێ، ملکەچی بیرۆکەیەکی ڕاڕابێت، ئینجا بۆ نموونە مرۆڤێکی نەوسن ببینین، بە خواست و ئارەزووی خۆی بیەوێ جۆرە خۆراکێک بخوات و بشزانێ چ ئێش و ئازارێک لەم خواردنەوە دەکەوێتەوە، چونکە وای داناوە کە نەیویستووە تام و چێژەیەکی ئەم ساتە لەدەست بدات و بەو هیوایەی لە بەختەوەرییەکی زڕی بێ بنەما کە لە لەشساخیدا دەستی دەکەوێ چاوەڕێی کردووە، بەڵام هەر لەم ڕەوشەدا ئەگەر ئارەزووی گشتی بەختەوەریی خواستەکەی خۆی دیار و دەستنیشان نەکات و ئەگەر بابەتی تەندروستی و لەشساخییەکە لەلای زۆر گرنگ نەبێت، ئەوا لەم ڕەوشە و لە هەموو دۆخەکانی تردا قانوونێک هەر دەمێنێتەوە فرمانی پێدەکات هەوڵی بەدەستهێنانی بەختەوەرییەکەی بدات، نەک وەک ئەنجامێکی مەیل کردن و بە ئارەزوو، بەڵکو وەک ئەرکی سەرشانی و تەنیا لێرەوە کردارەکەی بایەخێکی ڕاستەقینەی ئاکاریی دەبێت.

هەردەبێ بەم پێیە لەو شوێنانەی کتێبەکە(٣) بگەین کە تێیدا ئامۆژگاری کراوە دراوسێ و دوژمنی خۆمانمان خۆش بوێ، چونکە خۆشەویستی ناکرێ وەک مەیل ڕابسپێردرێ و مەبەست بووبێ، بەڵام چاکە و خێرکردن وەک کارێکی خۆشەویستی ئەگەر هیچ جۆرە مەیل و تۆبزییەکی ناچاریی هۆکاری کەوتنەوەکەی نەبووبن، ئەوا خۆشەویستییەکی کردەکییە و بەخواستەوە بەندە و هەڵچوون و پاتۆلۆجی نییە بە مەیل و ئارەزووی هەستەکییەوە بەند بێت و بە بنەماکانی کردار نەک بە سۆزی زیادڕەو پشت دەبەستێ، ئەو خۆشەویستییەیە کە تەنیا خۆی دەکرێ وەک مەبەست ڕابسپێردرێ.

بنەمای دووەم ئەمەیە: کردارێک کە لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان کەوتبێتەوە بایەخە ئاکارییەکەی لەو ئامانجەدا نابینرێ کە دەیەوێ بیگاتێ، بەڵکو لەو بنەمایەدا کە بەهۆیەوە بڕیاردراوە بکرێت واتە بە ڕاستەقینێتی بابەتی کردارەکەوە بەند نییە، بەڵکو بەبنەمای خواستنەوەکەوە بەندە بە بێگوێدانە گشت بابەتەکانی هێز و توانای مەیل و ئارەزووی ڕوودانەکەیەوە. لەوەی لەمەوبەر گوترا دەردەکەوێ ئەو مەبەست و ئامانجانەی دەکرێ ئێمە لە کردارەکانماندا هەمانبێ و ئەو کارانەی دەیکەن وەک ئەوەی ئامانج و هۆکاری خواست بن، ناتوانن هیچ بایەخێکی بێقەید و مەرج و ئاکاریی بەو کردارانە ببەخشن. کەوابوو ئەم بایەخە ئەگەر لە خواستەکەدا نەبێ لە چ دایە بەپێی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ ئەو ئامانجەدا هەیەتی کە لە کردارەکان دەکەوێتەوە؟ ئەم بایەخ و نرخە تەنیا لە بنەمای خواست (ئیرادە)دا دەبێت. بە بێگوێدانە ئەو ئامانجانەی لەو کردارانە دەکەونەوە، چونکە خواست دەکەوێتە ناوەندی نێوان بنەماکەی کە پێشیانەیە و ڕوخسارەکییە و، هۆکارە هاندەرەکەی کە پاشیانەیە و ماددییە، هەروەک لەبەردەم دووڕیانێکدا بێت و، لەبەر ئەوەی دەبێ ئەو لەلایەن شتێکەوە دیار و دەستنیشان بکرێت، ئەوا دەبێ بەهۆی بنەمای ڕوخسارەکی خواستەوە بە گشتی دەستنیشان بکرێت. کاتێک کردارێک لە هەستی ئەرکی سەرشانەوە دەکەوێتەوە، هەموو بنەمایەکی ماددی لێدەکەوێتەوە.

بنەمای سێیەم وەک ئەنجامێک لە دوو بنەماکەی پێشتر دەکەوێتەوە، دەتوانم بەم شێوەیە دەری ببڕم: ئەرکی سەرشان ئەوەیە کردارێک ناچارەکی لە ڕێزگرتنی قانوونەوە بکەوێتەوە. ڕاستە دەکرێ من ئارەزووی بابەتێک بکەم کە لە کردارێکم دەکەوێتەوە ویستوومە بیکەم، بەڵام ڕێزی لێنانێم، چونکە ئەم کردارە ئەنجامێکە، نەک چالاکییەکە لە خواست کەوتۆتەوە. بەهەمان شێوە ناتوانم ڕێز لە مەیل و ئارەزوو بنێم جا ئەمە هی من بێت، یان هی کەسانی تر، دەتوانم یەکەمیان پەسەند بکەم و هی دووەمیان خوشم بووێت، واتە وایان دەبینم کە بە سوود و قازانجی تایبەتی من دەگەڕێنەوە ئەوی تەنیا وەک بنچینە، بەڵام نەک وەک ئەنجام بە خواستمەوە بەندە، خزمەتی ئارەزووەکەم ناکات، بەڵکو بەسەریدا زاڵ دەبێت یاخود لەکاتی هەڵبژاردندا لەخۆی دوور دەگرێت، کەوابوو قانوونی ڕووت لەخۆیدا دەکرێت بە تەنیا بابەتی ڕێزلێنان بێت و وەک ئامۆژگارییەک

دابنرێت. ئەگەر کردارێک کە لە ئەرکەوە پەیدا بوویێت، ئەنجامی ئارەزوو هەموو بابەتێکی خواستەکە دووربخاتەوە، ئەوا هیچ شتێک نامینێتەوە خواست دیاری و دەستنیشان بکات بابەتیانە لە قانوون بەولاوە و خۆیەکییانە لە ڕێزلێنانی ئەم قانوونە کردەکییە بەولاوە، ئینجا لەو بنەمایە(٤) بەولاوە نامینێتەوە کە هانم دەدات پەیڕەوی ئەم قانوونە بکەم تەنانەت ئەگەر ئەمە ببێتە مایەی ئەوەی دەستبەرداری هەموو مەیل و ئارەزووەکانم ببم.

بەم پێیە بایەخی ئاکارەکی کردار نە لەو ئەنجامەدا دەبێ کە لێی دەکەوێتەوە و نە لە بنەمای کارەکەدا دەبێ کە هۆکاری کەوتنەوەی ئەنجامەکەی دەبێ، چونکە ئەو ئەنجامانە هەموویان کە لە کردارەکەوە پەیدا دەبن (وەک لە بارو گونجاوی ڕەوش و دۆخێک یاخود بە تەنگەوە بوونی ڕەزامەندی کەسانی تر) دەکرێ لە چەند هۆکارێکی ترەوە بکەونەوە، بە جۆرێک پێویست بە خواستی بوونەوەرێکی زیندووی ژیر نەبێت و تێیاندا بەرزترین خێر و چاکەی بێقەید و مەرج هەبێت. لە پێناوی ئەمەدا دەکرێ بۆچوونی قانوونێک لە خۆیدا، ئەمەش تەنیا لە جەوهەرێکی ژیردا پەیدا دەبێ، نەک ئەو ئەنجامانەی دەکەونەوە و خواستەکە دەستنیشان دەکەن، ئەم بۆچوونە خۆی ئەو خێر و چاکە باڵایە پێک دەهێنێ کە ئێمە بە ئاکارەکی ناوی دەبەین و کە ئێمە بە کردەکی لەو کەسەدا دەیبینین کە بەپێی ئەو کار دەکات و ناکرێ لە ئەنجامی ئەو کردارەی دەیکات چاوەڕێی بین.

ئایا دەبێ ئەو قانوونە چی بێت کە بۆچوونەکەی بە بێگوێدانە ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە، خواست دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی ئەم خواستە بەبێ سڵ و پارێز و قەید و مەرج بەخێر و چاکە دابنرێت؟ لەبەر ئەوە من هەموو هۆکار و پاڵنەرێکم کە دەکرێ بەهۆی پابەندبوون بە قانوونەوە کەوتبنەوە، لە خواست داماڵی، بۆیە لەوە بەولاوە کە کردارەکان بە پێی قانوونی گشتی دەکەونەوە شتێکی تر نامێنێتەوە، ئەمەش دەبێ ببێ بە بنچینەی خواست، واتە پێویستە لەسەرم هەمیشە ئەو کردارە بکەم کە وام لێدەکات بمەوێ ئەم بنچینەیەم ببێ بە قانوونێکی گشتی، لێرەدا تەنیا کەوتنەوە بەپێی قانوون (بەبێ ئەوەی بە قانوونێک کە کردارەکان دەستنیشان بکات پشت ببەسترێت) ئەو بنچینەیەیە کە خواست دیاری دەکات، هەر دەبێ ئەمە بنەماکەی بێت بۆ ئەوەی ئەرک نەبێت بە ئەندێشە و خەیاڵێکی پووچ و بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی. ژیری هەمەکی مرۆڤ لە بڕیاردان و حوکمە کردەکییەکانیدا بە تەواوەتی لەگەڵ ئەوەدا هەماهەنگ و تەبایە کە پێشتر گوترا و هەمیشە ئەو بنەمایەی لەبەر چاوە کە لە باسکردنی بووینەوە.

پرسیارەکە، بۆ نموونە، ئەمەیە: ئایا بۆم نییە لە کاتی لێقەوماندا بەڵێن بدەم و بەڵێنەکەش نەهێنمەدی؟ من لێرەدا دوو واتا کە لە پرسیارەکەدا هاتوون، لێک جیادەکەمەوە، ئایا ئەمە زیرەکییە یاخود شتێکە لەگەڵ ئەرک و فەرماندا دەگونجێ من بەڵێنێکی درۆ بدەم؟ یەکەمیان دەکرێ بەبێ هیچ گومانکردنێک پتر ڕووبدات، بەڵام من لەگەڵ ئەمەدا دەبینم کە تەنیا ئەمە بەس نییە بەم ڕێگایە خۆم لە تەنگژەیەکی هەنووکەیی قوتار بکەم، بەڵکو دەبێ بە وردی بیر بکەمەوە، ئایا ئەو درۆیەی دەیکەم دووچاری تەنگژە و کێشە و بەرەیەکی زۆر گەورەترم ناکات لەوەی کە دەمەوێ لێی ڕزگاربم، هەروەها، چونکە ئەو ئەنجامانەی لە زیرەکییە لاف لێدراوەکەم دەکەونەوە پێشبینی ناکرێن و ئەگەر مرۆڤێک بڕوای پێم نەمێنێ زیانێکم لێدەکەوێ لە هەموو ئەو بەدکارییە گەورەتر دەبێت کە من دەمەوێ خۆمیان لێدەرباز بکەم، ئایا زرنگی لەوەدانییە کە بەپێی بنەمایەکی گشتی ڕەفتار بکەم و خۆم وا ڕابهێنم هیچ بەڵێنێک نەدەم کە مەبەستم نەبێ بیهێنمە سەر؟ بەڵام دەستبەجێ بۆم ڕوون دەبێتەوە کە ئەم بنەمایە بە چەند ئەنجامێکی پەشێو و ترسهێنەرەوە بەندە، ئەو ڕاستییەی لە هەستکردن بە ئەرکی سەرشان دەکەوێتەوە بە تەواوەتی لەو ڕاستییە جیاوازە کە لە ترسی ئەنجامی زیانبەخش پەیدادەبێ. لە یەکەمیاندا چەمکی کردار لەخۆیدا قانوونێکی بۆمن تێدایە و لە دووەمیاندا پێویستە من چاوبگێڕم لەم لاو ئەولا بۆ ئەوەی بۆ دەربکەوێ سەبارەت بە من چ ئەنجامێک بەکارەکەوە بەندە. خۆ ئەگەر لە بنەمای ئەرک لابدەم ئەوا ئەمە بێ سێ و دوو کردن بەدکارییە: خۆ ئەگەر دەستبەرداری بنەمای زرنگیەکەم ببم دوور نییە هەندێ جار لەمەدا سوودمەندیم ئەگەر چی پەیڕەوکردن و پابەندبوونیەکەی پتر دڵنیابوونی لێ دەکەوێتەوە. باشترین ڕێگای خۆپاراستن لە هەڵە و خۆم فێرکردن لە بارەی وەڵامی ئەم پرسیارەوە: ئایا بەڵێنی درۆ لەگەڵ ئەرک و فرماندا دەگونجێ؟

ئەوەیە هی ئاسوودەیی و ڕەزامەندی بە دەست دەهێنم ئەگەر بێتو بنەماکەم بکەم بە قانوونێکی گشتی (ئەو بنەمایەی من بە بەڵێنێکی درۆ لە تەنگژە و قەیرانێک ڕزگار دەکات) و (ئەمەش من و کەسانی تریش دەگرێتەوە) ئایا دەکرێ بەخۆم بڵێم:

هەموو کەسێک دەتوانێ بەڵێنی درۆ بدات کاتێک پێوە دەبێ و ڕێگای ڕزگاربوون سەرەودەر ناکات؟

ئەگەر من ئەمەم کرد، دەستبەجێ بۆم ڕوون دەبێتەوە کە من دەمەوێ درۆ بکەم، بەڵام هەرگیز ناتوانم قانوونێکی گشتی بۆ درۆ کردن بخوازمەوە، بەڵام بوونی ئەم جۆرە قانوونە، بە ڕاستی، ڕێگای هیچ جۆرە بەڵێندانێک نادات، چونکە ئەوکاتە بێهوودە دەبێ بۆ کەسانی تر کە باوەڕ بە قسەکانم ناکەن باسی خواستی کردارەکانی ئایندەمیان بۆ بکەم، یاخود ئەوانەی بە پەلە ئەوە باوەڕ بکەن، بە هەمان پووڵ و دراو لە دوارۆژدا سەوداو پرسینەوەم لەگەڵ دەکەن، لە ئەنجامیشدا ئەم بنەمایەم هەر بەوەی بیکەم بە قانوونێکی گشتی ناچارەکی بۆخۆی خۆی لەناو دەبات.

ئیتر دەبێ چی بکەم بۆ ئەوەی خواستەکەم ئاکارییانە چاکە و خێرخواز بێت، پێویستی بە وەڵامێکی زیرەکی دووربینانە نییە. وەک نەشارەزایەک لە پرۆسەی گەردوون و بێتوانا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوانەی تێیدا دەقەومێن تەنیا دەپرسم:

ئایا دەتەوێ بنەمایەکەت ببێ بە قانوونێکی گشتی (هەمەکی)؟ ئەگەر وەڵامەکەت نابکرێت، دەبێ بنەماکە بخرێتە لاوە، نەک لەبەر ئەوەی زیانێک بە تۆ یاخود بە یەکێکی تر بگەیەنێ، بەڵکو چونکە ناکرێ ببێ بە بنچینەیەک لەنێو قانووندا نانێکی شیاوەکی گشتیدا، بەڵام ژیر ناچارم دەکات ڕاستەوخۆ ڕێز لەم جۆرە قانوونانە بنێم، ڕێزلێنانێک تێناگەم ، ئێستاکە، پشت بە چی دەبەستێ (ئەو بابەتەی دەبێ فەیلەسووف لێ بکۆڵێتەوە، بەڵام بە لای کەمەوە، ئەوەندە تێدەگەم کە ئەمە بایەخدانە بەو بەهایەی کە زۆر لەو بەهایە کە مەیل ستایشی دەکات بەرزترە و ناچارەکی کردارەکانم کە لە ڕێزگرتنی قانوونی پراکتیکیەوە دەکەوێتەوە، ئەرکی سەرشان پێکدەهێنێ، ئەمە دەبێ لە هەموو هۆکارە پاڵنەرەکانی تر بەلاوە بێت، چونکە خۆی مەرجی خواستێکە کە لە خۆیدا چاکە و خێرخوازە و بەهاکەی لەسەر هەموو شتێکەوەیە.

بەم جۆرە لە زانینی ئاکارەکی ژیری ناوکۆیی مرۆڤدا گەیشتینە بنج و بناوانی، ئەمە بنەمایەکە خۆی وەک فۆرمێکی گشتی بەجیا نابینێ ئەگەرچی ژیر هەموو کاتێک لەبەرچاویەتی و وەک پێودانگێک لە بڕیار دانەکانیدا پێویستی پێیەتی. ئاسانە لێرەدا نیشانی بدەین کە ئەو بەو نیشاندەرە(٥) کە بە دەستیەوەیە، دەتوانێ لە هەموو بارودۆخێکدا بە تەواوەتی چاکە کاریی و بەدکاریی، ئەوی لەگەڵ ئەرکدا دەگونجێ لەوێ لەگەڵیدا ناتەبایە لە یەکتری، جیابکاتەوە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، بەبێ ئەوەی شتێکی تری نوێ فێر بکات، ئەوا- سوکرات کردەنی- سەرنج بۆ لای بنەماکەی ڕابکێشێ هەروەها هیچ پێویستی بە زانست و فەلسەفە ناکات بۆ ئەوەی بزانرێت چی پێویستە بیکات تاوەکو دەستپاک و چاکە و خێر خوازبێت، بگرە بۆ ئەوەی دانا و پیاو چاک بێت.

مرۆڤ دەتوانێ پێشەکییانە وایدابنێ کە زانینی ئەوەی پێویستە بکرێت و بزانرێت، هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە تەنانەت ئەوانەی ئەوپەڕی سادە و ساکاریش بن. لێرەوە مرۆڤ خۆی پێناگیرێ ئەگەر لەلایەوە سەیربێ و ڕامێنێ کە دەبینێ توانای کردەکی بڕیار و حوکمدان لە تێگەیشتنی ناوکۆیی مرۆڤدا لە پێش توانای تیۆریی بڕیاردانەوەیە تێیدا. کاتێک ژیری گشتی (هەمەکی) لە بەکارهێنانی هێزی بڕیاردانی تیۆریدا سنوور دەبەزێنێ و خۆی لە قانوونەکانی ئەزموون و ڕێ پێبردنەکانی هەستەکان دوور دەخاتەوە دووچاری تێنەگەیشتن و سەرەودەرنەکردن و لەگەڵ خۆدا ناتەبایی دەبێ و بەلای کەمەوە دەکەوێتە چاڵی بێسەر و پایی و ئاژاوە و تاریکی و تەمومژاوی و شێواوییەوە، بەڵام لەلایەنە پراکتیکییەکەدا هێزی بڕیار و حوکمدان دەست پێدەکات کە خۆی بە ڕاستی وەک سوودبەخش نیشان بدات کاتێک تێگەیشتنی ناوکۆیی (گشتی) هەموو هۆکارێکی بزوێنەری هەستەکی لە قانوونە پراکتیکیەکان دوور دەخاتەوە، بگرە ئەوکاتە سەر گەرمی ئەوە دەبێ لە بڕیارەکانیدا وردبێت، جا یان بۆ ئەوەیەتی بیەوێ لێپرسینەوە لەگەڵ ویژدان و هەندێ داواکاریەکانیدا بکات و لەوەدا کە بە چاکەخوازی دادەنرێت زیادەڕۆییەک دەکات، یاخود لەبەر ئەوەی دەیەوێ بە تەواوەتی بایەخی کردەوەکانی بە جۆرێک دەستنیشان بکات کە سوود بە خۆی دەگەیەنێ و لە هەموو ئەمەش گرنگتر ئەو دەتوانێ لەوەی دواییدا ئەو هیوایە بخاتە بەر خۆی کە دەگاتە ئەوەی فەیلەسووف بەڵێنی دەدات و بەهیوای پێگەیشتنیەتی، بگرە دڵنیاییەکەی لەم بارەیەوە لە دڵنیایی ئەو پتر دەبێ، چونکە ئەمەی دوایی لەو بنەمایە کە هەیەتی هیچی تر شک نابات، بەڵام دوور نییە بە ئاسانی بەهۆی چەند بیرکردنەوەیەکی بیانییەوە کە پێوەندییان بە باتەکەوە نییە بڕیار و حوکمەکەی خۆی بشێوێنێ و لە ڕێگای ڕاست و دروستی خۆی لای بدات. کەوابوو ئایا لە جێگای خۆیدا نییە و ڕەوا نییە لە کاروباری ئاکاردا لە پاوانی بڕیاری ژیری ناوکۆیی گشتیدا بمێنینەوە و لە کاتی ئەوپەڕی پێویستیدا نەبێ پەنا نەبەینە بەر فەلسەفە بۆ ئەوەی سیستەمی ئاکار تەواو ڕوون و ڕەوان بکەین و بنەماکانی بۆ بەکارهێنانی

ئاسوودە و ئاسان باشتر بخەینە بەرچاو (پتریش بۆ توێژینەوەی)، نەک بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ناوکۆیی مرۆڤ لە بواری مەبەستی کردەکیدا، لە سادە و ساکارییە خۆشبەختییەکەی لابدەین، ئینجا بەهۆی فەلسەفەوە بیخەینە سەر ڕێگایەکی نوێی توێژینەوە و فێرکردن؟

دەستپاکی شتێکی جوان و شیرینە، بەڵام ئەوی جێگای داخە، ئەو لە توانایدا نییە خۆی بپارێزێ و بە ئاسانی بە تەفرە دەچێ. بۆیە دانایی خۆیشی- ئەمەش لە کاروکرداری مرۆڤدا هەیە پتر لەوەی لە زانیندا بێت- پێویستی بە زانست هەیە، نەک بۆ ئەوەی لێوەی فێربێت، بەڵکو بۆ ئەوەی تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە و بەردەوامییەکەی ڕێوشوێنەکانی دابین بکات. مرۆڤ کاتێک ڕووبەڕووی فرمانی ئەرکی سەرشانی دەبێتەوە کە ژێر بەوپەڕی ڕێزەوە دەیخاتە بەردەمی، لە بەرامبەریدا هەست بە بەربەرەکانییەکی لە ڕادەبەدەر بەهێز لە ناخیدا دەکات ئەو بەربەرەکانییە لە پێداویستی و ئارەزووەکانی کە بەدیهێنانیان بە بەختەوەریی ناو دەبرێت، پێک دێت. ژێر بەپێی داگرتن و بەبێ ئەوەی هیچ لە مەیل و ئارەزووەکان بکات فرمانی خۆی دەدات، لە هەمانکاتدا کە بە کەمزانین و ڕیسواکردنی لاف و گەزافی ئەم ئارەزووە توند و سەرکێشانەی تێدا دەردەکەوێ ئەگەرچی ئەمانە لە ڕوخساردا وەک شتێکی ڕەوا بێنەبەرچاو (کەچی هیچ فرمانێک ناتوانێ لایان بەرێت).

لەمەوە دیالێکتیکی سروشتی دەکەوێتەوە، واتە هەڵدێری چەواشەکردنی قانوونەکانی ئەرک دڵکرمێ کردن لە کەڵک و گونجاوییەکەیان و تێکدانی ڕوونی و ڕەوانییەکانیان ئینجا ئەوەندەی لە توانادایە وابکرێت لەگەڵ ئارەزوو و مەیلماندا بگونجێنرێن، واتە تێکدانی لە بنەڕەتەوە و لە ناوبردنی شایستییەکەی، کارێک کە ژێری ناوکۆیی پراکتیکییانە لەکۆتاییدا پەسەندی ناکات.

بەم پێیە ژێری ناوکۆیی مرۆڤ، نەک چونکە پێویستی بە وردبوونەوەی تیوریی هەیە (ئەوەندە خۆی پێبەسبێت، تەنیا ژێرێکی ساخ بێت، گۆڕانی بەسەردا نایەت)، بەڵکو لەبەر ئەوەی هۆکاری کردەکی پاڵیدەنێن لە تەنگژە و قەیرانەکەی دەربازی ببێ بەرەو پاوانی فەلسەفەی پراکتیکی هەنگاو بنێ بۆ ئەوەی لەوێ لەبارەی سەرچاوەی بنەماکەی و دەستنیشانکردنی ڕاست و دروستی ئەم بنەمایە و بەربەرەکانی کردنی ئەو بنچینانەی بە پێویستی و مەیل و ئارەزووەوە بەندن زانیاری دەستگیربێ تاوەکو بۆی بلوێ خۆی لەو داواکارییە دژ بە یەکترییە قوتار بکات کە لە هەردوو لاوە ڕوو بەڕووی دەبنەوە و دوو چاری قیروسیا کردن نەبێت بنەماکانی ڕەسەنی ئاکاریی بەهۆی جووت (دوو) واتاییەوە کە دوور نییە بە سووک و ئاسانی تێی بکەوێ، لەدەست بدات. بەم پێیە ژێری ناوکۆیی پراکتییانە ئەگەر خۆی مشت و ماڵ بکات، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، دیالێکتیکێک پەیدا دەبێ، ناچاری دەکات لە فەلسەفەدا بەدوای یارمەتیدا بگەڕێت، لەکاتی بەکارهێنانی ژێری تیوریی ناوکۆیشیدا ڕووبەڕووی ئەمە دەبێتەوە، بەڵام زۆر بە کەمی لە ڕەوشی یەکەم و زۆر بە کەمی لەڕەوشی دووەمدا ئاسوودەیی دەستگیر دەبێ، بەڵکو تەنیا لە ڕەخنەگرتنێکی تێروتەسەلی ژێرماندا ئەم ئاسوودەییە بەدەست دەهێنێ.

**پەراوێزەکان:**

١- وشە ئەڵمانییەکە بەم جۆرەیە: (guter Wille) واتە ئیرادەی چاکە و خێرخواز.

٢- نووسەر وشەی (Tempera ment)ی بەکارهێناوە کە بە عەرەبی «مزاج»ە.

٣- وەک من بۆی بچم لێرەدا کانت مەبەستی لە کتێبی ئینجیلە.

٤- بنەما لێرەدا مەبەست لە بنچینەی خۆیەکی خواستە، بنچینەی بابەتییانە (واتە ئەو بنچینەیەی دەکرێ لە لایەنی خۆیەکییەوە بنچینەیەکی کردەکی هەموو جەوهەرێکی ژێر بێت ئەگەر بۆ ژێر بلوێ بە تەواوەتی دەسەڵاتی بەسەر هێزی ئارەزوو دابشکێ) قانوونی کردەکییە.

٥- کانت لێرەدا وشەی (Kompass)ی بەکارهێناوە، ئەم وشەیە بەرامبەر بە وشەی قیبلە نومای کوردییە. ئەم ئامێرە قیبلە (باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) نیشان دەدات.

**سەرچاوە:**

Kant, I., Grund Legung Zur Metaphysik der Sitten. Riga. 1785. P. 393-406.

# جیهانگەرایی وەک هۆکارێک بۆ بڵاوبوونەوەی تێکچوونە سایکۆسۆماتییەکان

سەعید محەمەد نووری

**چەند وشەیەکی پێویست**

بڕوای کاریگەری هۆکارە ژینگەییەکان لەسەر لایەنە ژیری و دەروونی و فسیۆلۆژیەکانی مرۆڤ، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و زیاتر لە بیرمەند و زانایەکی سایکۆلۆژیش ئاماژەیان بۆ کردوە، لە ئەمرۆشدا زۆربەی سایکۆلۆژیستەکان لایەنگیری ئەم بڕوایە دەکەن و هاوکۆکیەکی باش لەنێوانیاندا لە مەڕ ئەم پەیوەندیە لە ئارادایە.

مرۆڤ بوونەوەرێکە لە جەستە و دەروونی پێک دێت، هەر یەکێک لەم لایەنانە کار لەوی تر دەکات.

مرۆڤ بەهۆی ئەو ناسکە ڕێژەییەی کە هەیەتی لەنێوان بوونەوەرەکانی تردا چاوەڕوانی زیاترین وەڵامدانەوەی لێی دەکرێت، لە بەرامبەر ڕووداو و دیاردە و بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بۆیە زۆر ئاساییە کە بچووکترین گیروگرفت ببێتە کۆسپ لە بەرامبەر بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژە جۆراوجۆرەکانی. جەنجاڵ بوونی ژیان و زیاتربوونی هەست کردن بە بزربوون و ترسی لە دەستدانی کاروباری کۆچی بەردەوام و لە دەستدانی سەروەری خێزان و خۆنەگرتنی لە بەرامبەر لێشاوە بەردەوامەکانی بیروباوەڕە جیاوازەکان، لە ڕەهەندە دیارەکانی جیهانگەرایی؛ هەڕەشەیەکی ترسناکن بۆ سەر ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگا لە داهاتوودا.

تاک لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا کە (کۆمەڵگای ئێمەش هەتا پلەیەکی باش سەر بە ئەوانە) ، زۆربەی کاتەکان لە ئارامیەکی بەسەردا سەپێنراودا دەژی، کە لە ناخیدا بورکانێکی تووڕەیی و ڕک و حەز و ئارەزوو بۆ گۆڕان و کرانەوە خۆی مەڵاس داوە. بۆ بە تاکی کۆمەڵگا داخراوەکان لەم ڕۆژگارەدا لە بەرامبەر گەورەترین سەرلێشێواوی دایە، بەهۆی پەی نەبردنی بە ئالیەتی تەندروست بۆ خۆ گونجاندن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە جیهانگەرایی لە ناواخنیدا حەشاری داوە.

زیاتربوونی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و ترس و تێکچوون و هەڵچوونە دەروونییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر کار بۆ زیاتر تەشەنەکردنی تێکچوونە جەستەییە دەروونییەکان دەکاتەوە.

ئەم بارەش ئەوە نەبێ تەنیا لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا هەبێ و بەس، بەڵکو بەشی کۆمەڵگا کراوەکانیش زۆر زیاترە لەم دیاردەیە! بۆ نموونە لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە ئەمریکا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمەڵگای ئەمریکیی، کە ڕێژەی ناوەندی تەمەن تێدا دەگاتە (٧٧) ساڵ و ڕێژەی ناوەندی و مردنیش (٧/١٠٠٠) کەسە لەنێوانی منداڵاندا، لە

دوای ڕووداوەکـــــانی (١١) ئەیلوول و بڵاوبـوونـەوەی میکرۆبی (انتـراکس)، ڕێژەی نەخۆشیە دەروونییـەکان بەرەو زیـادبوون هەڵکشـاوە و چاوەڕوانی زیاتربوونی ئەو کەسانەش دەکرێت کە سەردانی پزیشکە دەروونییـەکان دەکـەن بەهۆی سکاڵایان لەدەست تێکچوونە دەروونی و سایکۆسۆماتیەکان. (مۆنتیکارلۆ، ٢٠٠١).

**تێکچوونە جەستەییە دەروونییەکان و جیهانگەرایی**

جیهـانگەرایی وەک سیسـتـەمێکی تازەی ئەم ڕۆژگـارە بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری تایبـەتی خۆی هەیە لەسـەر هەریەکـە لە بوارەکـانی ئابووری و ڕامـیـاری و تەکنۆلۆژی و کـۆمـەڵایەتی... تاد. جیـا لە هەمـوو ئەو بوارانەش جیهانگەرایی ئەمڕۆ لەو ئاستەدا نەوەستاوە لە تەنیـا سیسـتـەمێکی ئابووری و ڕامیـاری بێت، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی لەسەر تاکـەکانی هەموو کۆمـەڵگاکان بە دیارخسـتووە، ئەویش لە ئەنجامی دەست گرتنی بەسەر گرنگترین هۆکارە پەیوەندیدارەکـان بە مـرۆڤـەوە وەک بـواری ئابووری و گـەیاندن و ڕامیـاری و هەتا ئاسـتـێکی زۆریش دەست ڕۆیشتووە بەسەر کۆمەڵگادا کە بەشێوەیەک لەشێوەکان ئاراستە و جۆری گۆڕانکارییەکانی دیاری دەکات.

جیهـانگەرایی پاڵەپەستۆیەکی زۆری بۆ مرۆڤ دروست کـردووە و چارەنووسی خسـتـۆتە بەرامـبـەر ترسناکـترین دێوەزمـــە لە لایەک و بێ کـــارکـــردنی و ســـەپاندنی ڕۆشـەنبیریەکی نامۆ بەسەریدا لەلایەکی ترەوە، مـرۆڤی زیاتر بەرەو هیلاک بوون و سەر لێشێوان و نامۆ بوون و هەست بە بزربوون دەبات، لە ڕێگای برسی کردنی تاک و بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ بەوەی کە ئەگەر ئەمڕۆ کارنەکەی سبەی لە برسان دەمریت!

مرۆڤی ئەمڕۆ ناتوانێ خۆی لە گرێ و گەواڵی دەروونی ڕزگاربکات، لە ئەنجامی ئەو هەموو ململانێیە توندانە و زیادبوونی پلەی (طمـــاع) و بڵاوبوونەوەی هەژاری و دەستکورتی و ئەو هەمـوو جەنگە ماددی و دەروونیـانە و هەڕەشـەی بەردەوام بە بەکـارهێنانی چەکی کـۆکـوژ و ئەو هەمـوو دەرئەنجـامـانەی کە لێوە بەرجـەسـتـە دەبێت وەک هەستکردن بە نـامۆیی و کزی هەستکردن بە ئینتیما و لە دەسـتدانی هەست بە ئارامی و سـەلامـەتی و ئاسـایش و هێمنی و بڵاوبوونەوەی خۆپەرستی و ڕاوە ڕووت و تاڵان و چاوچنۆکی و بڵاوبـوونەوەی تـێـــزی مـــاددی بە دوو هەندێک فــەلســەفــەی دژ بە مـــرۆڤـــایەتی و لێکـتـــر هەڵوەشـاندنەوەی خێـزان و کـەمـبـوونەوەی سـەروەری و گرانی بەدیهێنانی حەزەکان لە ڕووی زانستییەوە لەلای زۆرینەی لاوان و کۆچی کاتی و بەردەوامی لاوان و زیاتر بوونی ڕێژەی سەرنەکەوتنی لە خوێندن و کەمی هۆشیاری سـایکۆلۆژی و پەروەردەیی و بڵاوبوونەوەی تاکـێـتـی و تەنیـایی کە ئەمڕۆ لە سیـما زەقەکـانی ژیانە لە سایەی جیهانگەراییەوە!

ئەو بارە ناجـێـگیـــرەی کـــە تاکی تێـــدا دەژیێ لەم ڕۆژگارەدا وای لێ دەکات کە زۆربەی کاتەکان لە بارێکی هەڵچـووندا بێت و بەردەوامـبـوونی تاک لەســەر باری هەڵچـوون کـاریگەری لەسـەر هەندێک لە ئەندامـەکـانی جـەسـتــە دەبێت و گـۆڕانکاریان بەسـەردادێ بۆ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ فرمانەکانی دەزگای سەمپەساوی و پارە سەمـپـەساوی و گـونجـان لەگـەڵ هۆرمـۆناتی تایبـەت بە وروژاندن.

هەڵچـــوونی بەردەوامی مـــرۆڤ بۆ مـــاوەیەکی درێژ، ئەگەری تووشبوونی بە یەکێک یان زیاتر لە نەخۆشیـەک لە نەخۆشیە سایکۆسوماتییەکان دەبێت. (العیـسـوي، ١٩٩٧، ل٣٥) ئەو هەمـوو پاڵەپەستـۆ بەردەوامـەی کە تاکـەکـان دووچاری دەبنەوە لە سـایەی سـیـسـتـەمی بەجیـهـانی کـردنی (Globalization) بە پـلـەیـەکی باش کـــاریگەری هەیە لەســـەر زیاتر بڵاوبوونەوەی تێکچـوونە سـایکۆسـومـاتیـەکـان بە تایبـەت لە وڵاتە هەژارەکاندا (لەگەڵ بڵاوی لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان)، کە زیاترین هۆکارەکانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەسانێکی کەمە بۆ سەروەتی جیهانی بۆ نموونە» (٣٥٨) ملیاردێر لە جیـهـاندا هەندەی (٢،٥) ملیـار کـەس لە جیـهـاندا سـەروەتیـان هەیە. لە (٢٠٪) لە وڵاتان دەست بەسـەر (٨٥٪)ی بەرهەمی جیهـانیدا دەگرن و لە (٨٤٪)یش لە بازرگـانی جـیـهـانی و تاکـەکـانی ئەو وڵاتانە لە (٨٥٪)ی کۆی هەموو دەستهاتەکانی جیهانیان هەیە. هەر ئەم جـیـــاوازیە گـــەورەیەش لەنێـــوان وڵاتاندا جیـاوازیەکی تر هاوشـانیـەتی کـە ئەویش جیـاوازییـە لەنێوان خودی یەک وڵاتدا. بەشێوەیەک کە کەمینەیەکی کـەم لە دانیشـتوان زیاترین بەشی بەرهەم و دەسـتهـاتی نیشتمانی بەدەستیان دەکەوێت لە کاتێکدا زۆرینەش لە پەراوێزدا دەژین. هەر ئەم جیاوازییە زۆرە لە دەستهات و بەرهەم چ لەسـەر ئاستی جیـهـانی یاخود لەسـەر ئاسـتی ناوخۆ، ئێستا وەک هۆکارێکی بێزارکەر تەماشا ناکرێت، بەڵکو زۆرێک لە تیـۆرسـتـانی بەجـیـهـانی کـردن بە

پێویستی دەزانن لە مەیدانی ململانیەکانی جیهانی ئێستادا.» (مارتین و شومان، ١٩٩٨، ل١١-١٢).

بچووکبوونەوەی جیهان و نزیک بوونەوەی لە یەکتر و کارکردن بۆ بە (گوند) کردنی لەو هۆکارانەیە کە دەبێتە هۆی زیاترکردنی پاڵەپەستۆی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەسەر تاکەکان و بەتایبەت لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا، ئەویش لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری نامۆ و بروای جیاواز لە ئاینە ئاسمانیەکان و جۆرێکی زۆر لە پاشماوەی ژیارە جیاوازەکانی جیهان، بەشێوەیەک کە لە توانستی مرۆڤ دانییە بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵیدا و قبوڵی بکات بەشێوەیەکی خێرا. جیا لە دزین و تاڵان کردنی بەردەوامی سەروەتی وڵات و نەتەوە هەژارەکان لەلایەن «هەشت» وڵاتە پیشەسازییە گەورەکەوە کە هۆکارێکە بۆ دروست بوونی گیروگرفتی ئابووری و ڕامیاری و هۆکارێکیشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا بە گشتی و خێزان بە تایبەتی بەهۆی کەمتربوونەوەی پێوەندییە گەرمەکان لەنێوان تاکەکان لەخۆشەویستی و دەست پاکی و هاوڕێیەتی.... تاد.

لەزمانی سایکۆلۆژیدا پاڵەپەستۆ ئەوکاتە ڕوودەدات کە ڕاڕایی (التوترات)ی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و خودیەکان کاریگەریان دەبێت لەسەر توانستی مرۆڤ بۆ بەرەنگاری و هەرەشە لە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی فیزیکی و دەروونی. (هانت و هیلتن، ١٩٨٨، ل٣٣٣).

پاڵەپەستۆی بەردەوام بۆی هەیە ببێتە هۆی خۆگونجاندنی درێژخایەن کە دەناسرێت بە (نیشانە درێژخایەنەکانی خۆگونجاندنی گشتی) کە هۆکارێکە بۆ ڕاگرتنی هەندێک لەکار و فرمانەکانی جەستە کە تایبەتن بە گەشە و منداڵبوون و بەرگریکردن لە بەرامبەر نەخۆشی. هەروەک چۆن ئەم جێکارانەی پاڵەپەستۆ زۆرێک لە تاکەکان دەخاتە بەرامبەر مەترسی بەردەوامی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەماری (عصبي).

سەرنەکەوتنی تاک لەسەر خۆگونجاندن (التكيف) لەگرنگترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی ئەم تێکچوونانەیە. لە هەندێ کاتدا «هەندێک لە چالاکیەکانی تاک بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ داواکارییەکانی ژینگە و کۆمەڵگادا بەزیان بەسەریدا دەشکێتەوە وەک تووشبوونی سەرکارەکانی بە برینداربوونی گەدە یان ڕەق بوونی دەمارەکان و نەخۆشیەکانی دڵ بەهۆی تێکۆشانی بەردەوامیان بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە بواری کارەکانیاندا کە سەرپەرشتی دەکەن» (هانت و هیلتن، ١٩٨٨، ل٥٢).

هەروەها هەندێک ڕووداوی دیاریکراو هەیە لە ژیانی تاکدا کە تووشی مەترسی دەکات وەک سەرنەکەوتنی لە بواری خۆشەویستی و لەدەستدانی کار و کەمبوونەوە یان نەمانی بەهای کۆمەڵایەتی، زۆربەی کات ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ تووشبوون بە نەخۆشی دڵ بە پلەیەک کە لە ڕێژەی ڕێکەوت بەدەرە. (هانت وهیلتن، ١٩٨٨).

خۆشەویستی وەک «فرۆید» دەیبینێ لە گرنگترین یارمەتیدەرەکانی خۆگونجاندنە ئەویش لەو وتەی کە دەڵێت: «خۆشەویستی و کار نموونەی دوو پێویستی ژیانێکی تەواوی خۆگونجاندنە» واتا خۆشەویستی بەبڕوای فرۆید لە هۆکارە سەرەکیەکانی یارمەتیدانی تاکە بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکاندا.

خۆگونجاندن لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییە تازانەی کە جیهانی پێدا تێپەڕدەبێت، کە لە سیماکانی خێرایی و بەردەوامیە لەم ڕۆژگارەدا هەتا ڕێژەیەکی زۆر گرانە، کە دەتوانین وەک هۆکارێکی گەورەی تێکچوونە دەروونیە جەستەییەکان تەماشای بکەین، چونکە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی خێرایی جیهان کە هۆکاری سەرەکی زیاتر بوونی بێ کاری بەشێکی زۆری دەستی کارە لەم ڕۆژگارەدا، کە بۆی هەیە ببێتە هۆی زیاتربوونی ڕێژەی ترس لەلای تاکەکان کە داهاتوویەکی پڕ لە هەژاری و باڵادەستی ئامێر لە خۆی دەگرێت، لە ڕیزی هۆکارە سەرەکییەکانی دادەنرێت بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی تێکچوونە سایکۆسۆماتیەکان هەروەک «ئەوەی لە (ئوسکتلندا) ڕووی دا لە نێوان سالانی (١٩٣١-١٩٣٦) کە تێیدا ڕێژەی بێ کاری گەیشتە لووتکە و ڕێژەی نەخۆشی وەک برینداربوونی گەدە و هەوکردنی گەدە و قۆڵۆن و وەهنی دەماری، ڕووی لە زیادی کرد» (ابو النيل، ١٩٨٤، ل٣٢).

بێ توانایی مرۆڤ لە هەڵکردن لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکارییە خێرایانەی ژیان و هەژاری مرۆڤ بۆ هۆکارەکانی خۆگونجاندن لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەست کردنە بە بزربوون و بێ هوودەیی لەم ژیانە کە خەریکە ببێتە سیمای سەرەکی ئەم ڕۆژگارە و لە پشتی هۆکارەکانی تەشەنەکردنی تێکچوونە سایکۆسوماتیەکانە، هەست بە بزربوون وەک (ولیم جیمس) ئاماژەی بۆ دەکات لە گرنگترین جۆرەکانی سزایە کە تاک دووچاری دەبێتەوە هەربۆیە دەڵێت: «هیچ

سزایەک نییە هاوتابێت لەگەڵ ئەو ئازارەی کە لە ئەنجامی هەست کردنی مرۆڤ بە بزربوون و بێ هوودەیی لە کۆمەڵگادا دووچاری دەبێتەوە» (هانت و هیلتن، ١٩٨٨، لا٢٧٧).

خێزان وەک یەکەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکانی ئێستاماندا کە بە کۆمەڵێ بارودۆخی ترسناکدا تێدەپەڕێ بەهۆی گۆڕانکارییە خێراکانی جیهان و کرانەوەی ژیاری و زیادبوونی ڕێژەی کۆچ کردن، کە بۆی هەیە گۆڕانکاری لە جۆری پێوەندییە باوەکان دروست بکات لەنێوان تاکەکاندا بەتایبەتی لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا و کۆی هەموو ئەمانەش بۆی هەیە یارمەتیدەری زیاتر تەشەنەکردنی تێکچوون بێت لە ژیانی دەروونی، کە بە خراپ دەشکێتەوە لەسەر جەستە. هەر ئەم ڕاستیەش زۆرێک لە بیرمەندان و فەیلەسووفان جەختیان لەسەر کردۆتەوە کە ئەویش پێوەندی جەستە و دەروونە. ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر بوونەوەر ئەنجام دراون بە دیاریان خستووە، کە ئەگەر بوونەوەر بۆ ماوەیەکی زۆر بکەوێتە ژێر هۆکارەکانی پاڵەپەستۆ و ناخۆشی و هیلاکی، ئەوا ئەگەری خێراکردنی تووشبوونی نەخۆشی کوشندەی لێ چاوەڕوان دەکرێت. (کمال، ١٩٨٨، لا٤٠٦).

توێژینەوەکانی بواری زیادەڕۆیی (المبالغة) یان کەمی لە وروژاندن (الأثارة)، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەم دوو حاڵەتە هۆکاری تێکچوونی هاوسەنگین لەلای بوونەوەر. کەمی وروژاندن دەبێتە هۆی بە دیارکەوتنی نیشانەکانی لەدەستدانی ڕەفتاری خۆگونجاندن و گەشەکردنی نیشانەکانی نەخۆشی (الهلاوس) لە گەورەکاندا، بەڵام لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ پاڵەپەستۆیەکی زۆر ئەوا نیشانەکانی گونجاندنی گشتی بەدیاردەکەوێت، کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی (العیسوي، ١٩٩٧، لا١٧٤). جیا لەوەی کە دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و پاڵەپەستۆ کاریگەری زۆریان لەسەر تاک هەیە بە ڕێژەیەک زۆر زیاتر کاریگەریان لەسەر دایکی دووگیان هەیە. هەر بۆیە لەم لایەنەوە بڕوا وایە کە ئەگەری گواستنەوەی جێکارەکانی هەڵچوون لە دایکەوە بۆ کۆرپەلە لە ئارادایە ئەویش لە ڕێگای ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە لە حاڵەتی فسیولۆژییەکەیدا دەیهێنێتە. ئاراوە.. وە هەندێک لە بڕواکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پاڵەپەستۆکانی هەڵچوون لە کاتی دووگیانیدا دەبێتە هۆی زیادکردنی جووڵە و دابەزینی ڕێژەی کێشی کۆرپەلە کە. هەروەها بڕوایەکی تر لە گۆڕێدا هەیە کە ئەو کۆرپەڵەیەی جووڵەی زۆرە ئەوا لە دوای لە دایکبوون دووچاری کۆمەڵی کێشەی وەک تێکچوونی گەدە و نائارامی و خێرایی هەڵچوون دەبێتەوە (هانت و هیلتن، ١٩٨٨). زیادبوونی چالاکی کۆرپەلە دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی چالاکی دایک لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە تێدا دەژی و هەستی پێ دەکات لە هیلاکی و دڵەڕاوکێی بەردەوام، کە ئەوانیش هۆکاری گۆڕینی پلەی دووەم ئوکسیدی کاربۆن و ترشەکانن لە خوێنی کۆرپەلەدا. هەروەها دۆزرایەوە کە ترس و تووڕەیی دایکی دووگیان کرداری لێدانی ترپەکانی دڵ زیاد دەکەن بە ڕێژەیەکی زۆر لەلای کۆرپەلە، کە هەندێک لە زانایان لەو باوەڕەدان بەهۆی ڕژانی هۆرمۆنی (ادرینالین)ەوەیە لە خوێندا.

هەروەها بڕوایەکی تر هەیە بەوەی کە بەردەوامبوونی گرژی دەمارەکی و زیادبوونی دڵەڕاوکێ، دەبێتە هۆی تێکچوونی تۆڕی دەمارەکی و تێکچوونی گەدە لەلای کۆرپەلە، لەوەش زیاتر نەخۆشیەکانی دڵ و تێکچوونیە سۆزییەکان لەپاش لە دایکبوون (هانت و هیلتن، ١٩٨٨). لە ئەنجامی ئەوەی کە جیهانگەرایی هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆیەتی لەزیاتر کرانەوەی ژیاری و برسی بوونی تاک و نامۆبوونی هەندێکی تر و لە دەست دانی ئارامی لەلای زۆرینەی تاکەکان و زیاتر بە فیرۆچوونی سەروەتی ئابووری و مرۆڤی، ئەوا چاوەڕوانی زیاتر بوونی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی دەکرێت چ لەلای ئافرەت و چ لەلای پیاو.

مرۆڤ ئەگەر بۆ ماوەیەک بکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆ و ڕاڕایی و توندی دەروونی، ئەوا سیستەمی هاوسەنگی لەلای تووشی تێکچوون دەبێت لە کارکردن بەشێوەیەکی ئاسایی و ئەگەر پاڵەپەستۆکە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشی، ئەوا گیانلەبەری زیندوو خۆی ئازار دەدات لە ڕێگای هەوڵدانی بۆ بەرانگاربوونەوەی ئەو پاڵەپەستۆیە و سەرکەوتنی بەسەریدا.

هەر لەم ڕوانگەیەوە (هالدای) لەو بڕوایەدایە کە هۆکاری گۆڕینی دەربڕینی ناواخنە دەروونیەکان بۆ دەربڕین بە نیشانەکانی تێکچوونە سایکۆسۆماتیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانی کەشی دەروونی بەهۆی جیاوازی لە هەڵسوکەوت یان پێوەندی لەنێوان باوان و منداڵ، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ زیادترکردنی ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ

(العیسوی، ١٩٩٧، ل٥٨٦) خاتوو (كارین هۆرنێ) لەو بڕوایەدایە كە گرنگترین هۆكارەكانی دڵەڕاوكێی تاك (منداڵ) دەگەڕێتەوە بۆ هەستكردن بە بزربوون (الضیاع)، لە ئەنجامی پشت بەستنی تاك (منداڵ) بە باوانی لەپێناو مانەوە، جا بۆیە لەسەر باوان پێویست دەكات كە خۆشەویستییەكی بێ مەرجیان هەبێ بۆی، ئەگەر نا ئەوا تاك (منداڵ) هەست بە ترس و تۆقین دەكات لێیان كە وای لێ دەكات لە بارێكی پڕ لە دڵەڕاوكێ دابێت. ئەم دڵەڕاوكێیە (بەبڕوای هۆرنێ) دەبێتە هۆی هەندێک دەرئەنجامی خراپ وەک سەرنەكەوتنی لە بەكارهێنانی توانستەكانی لەبەرەنگاربوونەوەی گۆڕانكارییە خێراكانی سەردەمی جیهانگەرایی و كەم بوونەوەی ڕێزی بۆ خودی خۆی، هەر ئەم تاكە (منداڵ) هەست بە قینە دەكات بەرامبەر بە باوانی، بەڵام توانستی دەربڕینی ئازادی بۆ هەستەكانی نابێت، لەبەرترسی لێ جودابوونەوەیان لێیی. هەر ئەمەش وای لێ دەكات لە تەمەنێكی گەورەتردا هەست بەوە بكات كە دنیا و مرۆڤەكان ڕۆڵی هەڕەشەكەر دەبینن و نموونەیەک نین كە پشتیان پێ ببەسترێت (هانت و هیلتن، ١٩٨٨، ل١٠٦) هەر لەم بوارەدا دكتۆر (هانس سیلانی Hans Selye) كە مامۆستایە لە زانكۆی (مۆنتریال) گرنگی دا بەو بارەی كە بەسەر مرۆڤدا دێت لەكاتی دووچاربوونەوەیان لەگەڵ پاڵەپستۆیەكی درێژ و بەردەوام.

بۆیە گریمانەی جۆرێک لە دژە ڕەفتاری بۆ پاڵەپەستۆی ڕێكخراو پێشنیاركرد و ناوی لێ نا (كۆی نیشانەكانی خۆ گونجاندن General Adaptation Syndrome) سیلانی لەو باوەڕەدابوو كە ئەم جۆرە نیشانانە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- وەڵامدانەوەیەكی ئاگاداریانە، كە تێیدا بوونەوەرەكە هێشتا توانای خۆ گونجاندنی نییە. لەم قۆناغەدا پلەی چالاكییەكانی بوونەوەرەكەدا دادەبەزێ وەک ئەوەی دووچاری هێدمەیەک (صدمە) بووبێ، كە بەدوایدا حاڵەتێكی زۆر لە جووڵانەوەی هێزی ناوەكی بەدیاردەكەوێت لە بوونەوەری دووچاربوو بە هەڕەشە، واتا ئەویش دژە هێدمە «الصدمة المضادة» ئەنجام دەدات.

٢- قۆناغی بەرگریكردن كە تێیدا خۆ گونجاندن بۆ هەڕەشە گونجاو دەبێت.

٣- قۆناغی هیلاكبوون یان كەفتبوون كە تێیدا بوونەوەر حاڵەتی گونجاندنی خۆی لەدەست دەدات كە لەوەوبەر بەدەستی هێناوە.

**سەرچاوەكان:**


- أبو النيل، محمود السيد و مصطفى زبور (١٩٨٤) الأمراض السيكوسوماتية. القاهرة: مطبعة المدني، مكتبة الخانجي، الطبعة الأولى.
- العيسوي، عبدالرحمن (١٩٩٧) سيكولوجية الجسم و النفس، بيروت: دارالراتب الجامعية.
- كمال، علي (١٩٨٩) النفس- انفعالاتها وامراضها و علاجها. بغداد: الجزء الأول، الطبعة الرابعة.
- هانت، سونيا و جنيفرهيلتن (١٩٨٨) نمو شخصية الفرد و الخبرة الأجتماعية. ترجمة و تقديم د. قيس النوري، بغداد: دارالشؤون الثقافة العامة.
- مارتين، هانس- بتر و هارالد شومان (١٩٩٨) فنح العولمة ترجمة: د. عدنان عباس علي، مراجعة أ.د. رمزي زكي، الكويت: سلسلة عالم المعرفة، مطبعة الرسالة.
- راديو مونتيكارلو (٢٠٠١) تقرير صحفي.


**تێبینی:**

ئەم بابەتە بریتییە لە تەنیا گرنگی و پێشەكی توێژینەوەیەک كە لە بەشی دەروونزانی/ زانكۆی سەلاحەدین لە ساڵی خوێندنی (٢٠٠١- ٢٠٠٢) لەدوای هەندێک دەستكاری پێشكەش كرا.

# ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێناس و سەرهەڵدان و ئامانجەکانی

و/ سالار محەمەد گەلالی

**پێناسە**

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بریتییە لە توێژینەوەی ئەو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییانەی کە خۆیان لە شێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی وەکو: بنەماڵە، خزمایەتی، ڕێکخراوە سیاسییەکان، کردارە یاساییەکان، پەرستنە دینییەکان و شتی دیکەدا دەنوێنن، هەروەها پێوەندی نێوان ئەوان سیستەمیش دەتۆژێتەوە، جا لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بێ یا لەو کۆمەڵگە مێژووییانە بێ کە زانیاری گونجاومان لە بارەیانەوە هەیە و بەهۆیانەوە دەتوانین توێژینەوەیان لەسەر ئەنجام بدەین.

بۆیە پێویستە لەو توێژینەوانەی سەبارەت بە ئینسان و کردارەکانی ئەنجام دەدرێن، زاراوەی (کولتوور) و (کۆمەڵگە) لە یەکتری جیابکرێنەوە. دیارە کولتوور بریتییە لە ڕێگای ژیانی گەلێک، بەڵام کۆمەڵگە گرۆبوونی تاکانێک ڕێکخراو دەگرێتەوە، کە تاکەکان لە نێو خۆدا کارلێک دەکەن و پەیڕەو لە ڕێگایەکی دیاریکراوی ژیان دەکەن. بە دەستەواژەیەکی ساناتر: کۆمەڵگە لە خەڵکانێک پێک دێت و کولتووریش بریتییە لە ڕێگای هەڵسوکەوتیان.

لێرەدا پۆلێنکردنە دامەزراوەیی (مؤسساتی)یەکان و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامرازگەلێکی سوودبەخش دەژمێردرێن لە دیاریکردنی مەبەستە وەسفییەکاندا، هەروەها ئەو پێوەندییە گشتییە تێکپەڕیو و بە ئاڵوگۆڕانەی لە نێوان نموونە (نموذج) و دامەزراوەکاندا هەیە یارمەتی ئەوە دەدەن کە لە نێو ڕەوشە لێڵ و ناڕوونەکانی کۆمەڵگەدا بگەن بەجۆرە سیستەمێک و چەمکی ڕاستەقینەی کردارە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕوونتر دەرکەوێ. لە هەمان کاتدا چەمکەکە دەوەستێتە سەر توێژینەوەی ئەو نەشمە (النسق) گشتییەی کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە بەشێکی لێ پێکدێنێ. نەشمەکەش سێ ڕەگەزی تایبەتی دەگرێتە خۆ، یەکەم: کەسایەتی ئەو تاکانەی کۆمەڵگە پێکدێنن، دووەم: ئەو دەوروبەرە سروشتییەی کە لەسەر کۆمەڵگە پێویست دەکا ژیان و کولتووری خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ، سێیەم: سەرجەم ئامرازە تەکنیکییەکان کە پێویستن بۆ ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە، کە بەهۆی گواستنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەبێتە مایەی مانەوەی کۆمەڵگە.

بەڵام ئایا دەکرێ بەهەمان جۆر جیاوازی لە نێوان ئینسان وەک ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی و ئینسان وەک بوونەوەرێکی خاوەن کولتوور بکەین! مەگەر هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیش هەڵسوکەوتی کولتووری نین! مەگەر ڕاستترین هەقیقەت لە توێژینەوەی ئینساندا پتر خودی ئینسان ناگرێتەوە تا بەها و سیستەمەکانی یا تەنانەت ئەو شتە ماددیانەش کە لە ئەنجامی گرۆ گرۆ بوون

(تكتل)ی ئەودا پێكدێن و ناومان ناون (كۆمەڵگاكان)!
كەواتە سیستەمی كۆمەڵایەتی بریتییە لەو دەربڕە تەكنیكییە ئەنترۆپۆلۆژییەی كە دیمەنە بنچینەییەكانی ژیانی كۆمەڵەی ئینسانی نیشان دەدات، هەروەها ئەو سیستەمانەش دەگرێتەوە كە چوارچێوەیەك پێكدێنن بۆ تەواوی هەڵسوكەوتە جۆراوجۆرەكان جا تاكی بن یا كۆمەڵی.
زمان و ژیانی كۆمەڵایەتی ڕێكخراو، چەندین ئامرازیان بە ئینسان بەخشی بۆ گواستنەوەی كولتوورەكان، ئەگەرچی بە ئاڵۆزی یان بەشێوەیەكی نا پۆزەتیڤانەش بووبێ لە پێناو پاراستنی كەلەپوورەكەیدا. هەروەها ژیانی كۆمەڵایەتی وای لە ئینسان كرد كە ئاتاجی بە كەلەپوورێكی كۆمەڵایەتییانە وا بێ كە لەو ئەندازەیە هەورازتر بێ كە گیانلەبەران پێویستییانە، بەمجۆرە بەهۆی مەشق پێكردنی نەوە لە دوای نەوە، كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكان پارێزران... هەر بۆیەشە خودی كۆمەڵگەكان بریتین لە بەرەنجامی كولتوور.
بەم پێیە توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی ئامانجی ئەوەیە كە پێوەندییە ئاڵوگۆڕاوەكانی نێوان ئەم سیستەمانە دیاری بكات، جا لە كۆمەڵگە كۆنەكان بێ كە لە ڕێی شوێنەوارە ماددی و هزرییەكانەوە دەتوێژرێنەوە یا لە كۆمەڵگە نوێ و هاوچەرخەكان بێ كە ڕاستەوخۆ لە ڕێی تێبینی كردنی داهێنان و كارلێكە تایبەتی و گشتییەكاندا دەتوێژرێنەوە.

### سەرهەڵدان

ئەنترۆپۆلۆژیا بە گشتی و ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتیش بە تایبەتی لەسەر هەموو ئاستە ژیارییەكان و بە پێی بنچینە و ئامانجەكانی فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە گرنگی بەتوێژینەوەی كۆمەڵگە ئینسانییەكان دەدەن، بە تایبەتی توێژینەوەی شێوازەكانی ژیانی كۆمەڵگە لۆكاڵییەكان و لە پاڵ ئەمیشدا توێژینەوەكانی بەر لە مێژوو و توێژینەوەكانی زمان و زاراوە لۆكاڵییەكان.
ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی زانستێكی تازەیە و لە زۆربەی زانستە كۆمەڵایەتییەكانی دیكە نوێترە. زاراوەی ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی بۆ یەكەمجار لە ساڵی ١٩٨٠ بەكار هات، لەو كاتەی كە زانكۆی لیڤەرپول لە بەریتانیا ڕێزی لە (جیمس فریز) نا و نازناوی (ئوستاد)ی پێبەخشی.
بەڵگەیەكی دیكە لەسەر تازەیی ئەم زانستە - كە لە لایەنی سروشتی/ پراكتیكی نێو بونیادە كۆمەڵایەتییەكان دەتوێژێتەوە - ئەو كۆڕا نەبوون و ناكۆكییەیە كە تا ئێستا زاناكان لەسەر زاراوەی ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی كۆك نین. جا هەرچەندە زانستێكی تازە و نوێیە، بەڵام لە سەدەی هەژدەیەمەوە تا ئەمڕۆ چەندین قۆناغی جیاجیای بڕیوە كە تا ڕاددەیەكی زۆر بووەتە مایەی پێشخستن و پەرەسەندن و كامڵ كردنی زانستەكە.

### ١- سەدەی هەژدەیەم:

ئەو توێژینەوانەی كە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە بارەی بونیادە كۆمەڵایەتییەكان و نەشمی بەها بەربڵاوەكانی ئەوسا كراون، وەك سەرەتایەكی ڕێخۆشكەر بەگرنگترین توێژینەوە دەژمێردرێن بۆ سەرهەڵدانی ئەم زانستە، لە پێشی هەمووشیانەوە كتێبی (ڕۆحی یاساكان)ی كۆمەڵناسی فەرەنسی (مۆنتسكیو). كە ئەوەی تێدا دووپات كردۆتەوە كە كۆمەڵگەی مرۆڤ و دەوروبەرەكەی لە كۆمەڵێك سیستەمی بەیەكەوە گرێدراوی وا پێكهاتووە كە ناكرێ لە یاساكانی هیچ گەلێك بگەین ئەگەر لەو پێوەندییانە نەكۆڵینەوە كە حوكم بەسەر ئەم سیستەم یا ئەو سیستەمدا دەكەن بە دەوروبەر و ژیانی ئابووری و دانیشتوان و بیروبڕوا و خووڕەوشتە باوەكانیشییەوە. مۆنتسكیو بونیادی كۆمەڵایەتی لە سیستەمی بەهایی جوێ كردەوە لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەكی تۆكمە و تێكچڕژاویان لە نێواندا هەیە، ئەوەشی ڕوون كردەوە كە خودی كۆمەڵگە و دەوروبەرەكەی لە كۆمەڵێك سیستەم پێكدێ كە بە شێوەیەكی ئەركەوەری (وظیفی) بەیەكەوە بەستراون، بەم پێودانە ناكرێ لە یاسا گشتییەكەی هیچ گەلێك بگەین تا لە پێوەندییەكانی نێوان هەموو ئەم یاسایانە و پێوەندی یاساكانیش بە دەوروبەری سروشتی و ژیانی ئابووری و ژمارەی دانیشتوان و باو و نەریتە بەربڵاوەكانی نەكۆڵینەوە.
بەڵام سان سیمۆن كە ئەویش زانایەكی فەرەنسی كۆمەڵناسە بە یەكەم كەس دەژمێردرێت كە سەرهەڵدانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی بە زەروری زانیوە و پێشنیاری ئەوەی كردووە كە زانستێكی دانراوەیی (وضعي) لەبارەی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە بێتە ئاراوە. پێی وا بوو كە ئەركی زانایانی كۆمەڵناسی تەنیا لەسەر توێژینەوەی چەمك و تێڕوانینە كۆمەڵایەتییەكان كورت هەڵنایە، بەڵكو شیكاركردنی ئەو واقیع و هەقیقەتانەش دەگرێتەوە كە یارمەتی توێژینەوەكە دەدەن.

سیمۆن بە تەواوی ئەوەی مەبەست نەبووە کە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بێنێتە ئاراوە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە زانستێکی تایبەت بێتەدی کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییەکانیان بخاتە بەر توێژینەوەیەکی بابەتیانەوە. دواتر بە کرد و کۆشی قوتابییەکەی (ئۆگەست کۆنت) مەبەستەکەی هاتەدی.

ئەمە لە فەرەنسا.. لە ئینگلتەراش گەلێک توێژینەوەی ڕێخۆشکەرانە بۆ زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سەریان هەڵدا، بە تایبەتی توێژینەوەکانی (دێڤد هیوم) و (ئادەم سمیث)، ئەوان وایان لە کۆمەڵگەی ئینسانی دەڕوانی کە نەشمێکی سروشتی بێ و لە سروشتی مرۆییەوە سەرهەڵبدەن نەک لە ڕێی گرێبەستن (التعاقد). بەهۆی ئەمەوە چەندین چەمکی نوێی وەکو: خووڕەوشتی سروشتی، دینی سروشتی هاتنە گۆڕێ. کۆمەڵگە (هەر کۆمەڵگەیەک) بە دیاردەیەکی سروشتی درایە قەڵەم و بۆ لێتوێژینەوەشی بە پێویست زانرا پەنا ببرێتە بەر پێڕەوە ئەزموونی و سۆراخکارییەکان نەک پێڕەوە عەقڵی/ فەلسەفییەکان.

لەم قۆناغە سەرەتاییەدا چەند تیشکێک خرانە سەر گرنگیدان بە کۆمەڵگە بەراییەکان بە متمانەکردن لەسەر گەڕان و سووڕان بەنێو مۆزەخانان و دۆزینەوەی شوێنەوار و سەرچاوە جۆراوجۆرەکان، وا سەیری ئینسانە سەرەتاییەکان دەکرا کە لە نێو کۆمەڵگەکەیدا دڕندە و وەحشیگەر بووبن و لە هەڵسوکەوتەکانیاندا تەواو پێچەوانەی ئینسانی کۆمەڵگەی شارستان و پێشکەوتوو بوو بن. باشترین نموونە نووسینەکەی (جۆن لۆک)ە لەبارەی هیندییە سوورەکانی ئەمریکا، کە گەلێک حوکمی گشتی و ناوردی بەسەر ئەو کۆمەڵگە بەراییانەدا بریوە.

کورت و پوختی، زانایان و فەیلەسووفانی سەدەی هەژدەیەم، جا ڕایان بە هەر جۆرێک بووبێ، بە شێوەیەکی بنچینەیی ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی زانستی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە ئەنجامی گرنگیدانیان بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە حسێبکردنی کۆمەڵگە ئینسانییەکان بە نەشمێکی سروشتییانەی نێو چوارچێوەی (سروشتی مرۆییانە)ی ئەوتۆدا کە پێویست بێ لە ڕێی پێڕەوە ئەزموونییەکانەوە توێژینەوەیان لەبارەیەوە بکرێ، هەرچەندە توێژینەوەی ئەوانیش کە پێوەی خەریک بوون، زۆر دوور بوو لە سروشتی ئەو پێڕەوە و متمانەی دەکردە سەر شیکردنەوە وێنەیی(شێوەیی)یەکان.

**٢- سەدەی نۆزدەیەم:**

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بە ماوەی سەرهەڵدانی ئەنترۆپۆلۆژیا وەک زانستێکی دانپێدانراو لەقەڵەم دەدرێ. لەم ماوەیەدا گەلێک توێژینەوە و کتێب بڵاوبوونەوە کە لەم زانستە و دیاریکردنی سیما بنچینەییەکانی دەکۆڵییەوە، بە تایبەتی کتێبەکانی (تایلۆر) و (ماکلینان) لە ئینگلتەرا و (باخۆفین) لە سویسرا، ئەوانە گرنگییان بە کۆکردنەوەی زانیاری دا لە بارەی کۆمەڵگە بەراییەکانەوە و لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیان کۆڵییەوە، بابەتەکانیان بەشێوەیەکی پێڕەو (میتۆد)یانەی ڕێکوپێک و لە چوارچێوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایانەوە نەک لە چوارچێوەی فەلسەفە و دەروونناسیدا دەخستە ڕوو، بەمجۆرە بنچینەکانی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییان دارشت.

بە نموونە ماکلینان حەرامکردنی خواستنی دایک و خوشک و کچانی (سیستەمی ژنخوازی ئەکسۆگامی) وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یا چەند بیروباوەڕێکی تایبەت بەو کۆمەڵگایانە شرۆڤە کرد و پاساوە بایۆلۆژی دەروونییەکانی ڕەت کردەوە. ژن هەڵگرتنیشی بە هەمان شێوە بۆ ئەو نەریتە دێرین و کەڵەکەبووەی سەردەمانی زوو گەڕاندەوە کە ژن و منداڵ بە تاڵان براون و ئەتک کراون، نەک بۆ تێڕوانینە دەروونی و فەلسەفییەکان.

ڕێبەرانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا توێژینەوەی مەیدانییان بەکار نەدەهێنا، بەڵکو تەنیا متمانەیان دەکردە سەر قسەی گەڕیدە و دۆزەرەوان و پیاوانی بواری بەڕێوەبەری، بۆیە ئەم ماوەیە بە قۆناغی سەرهەڵدانی ئەم زانستە دەژمێردرێ نەک بە قۆناغی پێگەیین و کامڵبوونی، چونکە توێژینەوە مەیدانییەکان یەکێکە لە کۆڵەگە هەرە بنچینەییەکانی ئەم زانستە، هەم لە ڕووی سروشت و هەمیش لە ڕووی پێڕەوەکەیەوە.

لەم قۆناغەدا دوو قوتابخانەی تێکەڵ سەریان هەڵدا کە: پەیدابوون و پەرەسەندن بوون، تێکەڵییەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو لا پێیان وایە ئەگەر زانایەکی ئەنترۆپۆلۆژی یا زانایەکی کۆمەڵناسی بیەوێ هەر کردارێکی پەرەسەندوو لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ڕابردوو و ئێستاییدا شرۆڤە بکا، چاری نییە دەبێ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو سیستەمە دەسنیشان بکات،

ئەویش بە توێژینەوەی کۆمەڵگە بەراییەکان و دیاریکردنی ئاکار و پێوەندییەکانیان، چونکە ئەوان سپێدەی مێژووی مرۆڤایەتین. بۆ نموونە کرداری (پەیدابوون و پەرەسەندنی خێزان) هەر لە سەرەتای سێکسکاری بەرهەڵداوەڕا تا فرەژنی و تا یەکژنی، یا بۆ نموونە ڕچە ناساندن بە دایک و دواتر گۆڕانی بە باوک. وەنەبێ هەر ئەنترۆپۆلۆژیا، بەڵکو تەواوی لقە مەعریفییەکانی تریش کە تایبەتن بە زانستە ئینسانییەکان پەنا وەبەر توێژینەوەی کۆمەڵگە بەراییەکان دەبەن.

ڕێبەرانی ئەم قوتابخانەیە، لە پێشی هەمووشیانەوە (ئیدوارد تایلۆر)، بە تیۆرەکەی داروین کە لە بارەی پەرەسەندنی ژیانی سروشتی بوونەوەرە مرۆییەکان بوو: کارتێکراو بوون، بەپێی تیۆرەکە ڕەگەزە پێکنەرەکانی ژیاری مرۆڤایەتی بەردەوام لە شتی سادەوە بەرەو شتی ئاڵۆز پەرە دەستێنن، هەمان شت لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیش جێبەجێ دەبێ.

لە مێشکی سەرجەم ڕۆشنبیرانی دنیادا داروین ئەو کەسەیە کە تیۆری پەرەسەندنی داناوە و بەرەنگاری بیروباوەڕی خەڵقکردن بۆتەوە و لەو باوەڕە دایە کە مرۆڤ لە مەیموونی بالا کەوتۆتەوە، بەڵام (کریستۆفەر بۆکێر) گوتەنی هەقیقەتەکە لەمە ئاڵۆزترە و داروینیش دامەزرێنەری ئەو تیۆرە نەبووە، چونکە ژمارەیەک لە زانایانی سروشتناسی لەپێشی ئەودا پێیان وا بووە کە شێوە جۆربەجۆرەکانی ژیان لە یەک تاقە شێوەی سادەوە پەرەیان سەندووە، واتە ئەو شێوە جیاوازانە سەربەخۆ و جیا جیا خەڵق نەکراون.

ئەم بیرۆکانە بە حەفتا ساڵ پێش دەرچوونی کتێبەکەی داروین (بنەڕەتی جۆرەکان) بڵاوەیان سەندبوو، بەڵام داروین هەڵسا هەموو ئەو بیروبۆچوونە پەرتوبڵاوانەی کۆکردەوە و بە ڕێگایەکی پێڕەویانە شرۆڤەی کردن و فام و قووڵبوونەوەیەکی زۆری تێدا نواند. ئا لێرەدا کتێبی (بنەڕەتی جۆرەکان) توانی کۆمەک بە تۆکمەکردن و ڕەگاژۆکردنی بیرۆکەی پەرەسەندن بکات، بەڵام لەوەش گرنگتر کتێبەکە توانی تیۆرێکی یەکانگیر لە بارەی چۆنیەتی ڕوودانی پەرەسەندنەوە لە نێو دوو توێی پرەنسیپە بەنێوبانگەکەی (هەڵبژاردنی سروشتی)دا پێشکەش بکات، لەم پرەنسیپەدا شرۆڤەی ئەوە دەکا کە چۆن هەندێ لە جۆرەکانی نێو ژیان لە ئەنجامی شەڕ و ململانێ لە پێناو ژیاندا دەمێننەوە یا لەناودەچن.

هەرچەندە پرەنسیپەکە لە بنەڕەتدا پرەنسیپێکی بایۆلۆژییە، بەڵام سوودبەخشیش بوو بۆ ئەنترۆپۆلۆژییەکان، ئەلفرێد کرۆبەر کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای ئەم سەردەمە لەم بارەیەوە دەڵێ: شتێکی ناجۆرە کە دەبینین داروین بەشداربوونێکی سنوورداری خستۆتە سەر زانست، ئەویش پرەنسیپی (هەڵبژاردنی سروشتی)یە، کەچی ئەم هەموو کاریگەرە زەبەللاحەی لەسەر تەواوی زانستی جێهێشتووە!. ئەم پرەنسیپە زاناکانی هان دا لە بنەڕەتی شتەکان بکۆڵنەوە و بەهۆیەوە کتێبگەلێ لە بارەی بنەڕەتی زمان و بنەڕەتی ژیار و بنەڕەتی کۆمەڵگە و خێزان و دیندا، بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە داروین تاوتوێی کێشەی بنەڕەتی جۆرەکانی کردبوو، نووسران و بڵاوبوونەوە.

بەم جۆرە ئەو زانایانەی بڕوایان بە پەرەسەندن هەبوو جەختیان لەسەر چەندین مەسەلەی وەک دین و بنەماڵە و ڕەچەڵەک کردەوە و پێیان وا بوو ژیارە بەراییەکانی سەردەم بەڵگەن لەسەر قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی ژیارە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆمان.

بەڵام بۆ توێژینەوەی پەرەسەندن لە چەرخە دێرینەکاندا چەند ئاستەنگێک ڕووی تێکردن بە تایبەتی چەرخەکانی بەر لە مێژوو، بۆیە پەنایان بردە بەر توێژینەوەی شوێنەوارناسی و مەزندە و گریمانەکاری تا بتوانن تیۆرەکەیان بسەلمێنن.

لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەنترۆپۆلۆژیستەکان توانیان ڕەگەزە بنچینەییەکانی ئەم زانستە کامڵ بکەن کاتێک کە هەندێکیان کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتییان لەسەر بنەمای بونیادە کۆمەڵایەتییەکان نەک تەنیا لەسەر بنچینە کولتوورییەکان پۆلێن کرد. ئەمەش بووە مایەی جیابوونەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە جۆرەکانی تر و ئیتر بابەتەکانیشی تایبەت بوون بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەک دیاردە کولتوورییەکان.

بەم پێودانە پێڕەوی توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆژیا پەلی کێشا بۆ توێژینەوە مەیدانییەکان و ئەو توێژینەوەیەی کە زانای ئینگلیزی (هادۆن) لەگەڵ نێردەیەکی زانستی لەسەر ناوچەکانی دەربەندی (تۆرلیس) بە ئەنجامی گەیاند، وەرچەرخانێکی بنچینەیی خستە نێو مێژووی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و دوو خاڵی سەرەکیشی چەسپاند:

یەکەم: ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی پێویستی بە پسپۆڕییەکی تەواو هەیە.

دووەم: ئەم زانستە دەبێ وەک پێڕەوێکی سەرەکی متمانە بکاتە سەر توێژینەوە مەیدانییەکان.

هەرچەندە (مۆرگان) و (بواز) پێشی (هادۆن) توێژینەوەیان لەسەر چەند هۆزێکی هیندییە سوورەکان و هەندێ لە هۆزەکانی ئەسکیمۆ ئەنجام دابوو، بەڵام هادۆن توانی بنچینەکانی پێڕەوی ئەم زانستە ڕەنگرێژ بکا و سەرنجی زانایان بەرەو ئەو مەیدانە ڕابکێشێ و وایان لێبکا دەسبەرداری تایبەتمەندێتی خۆیان بن و ببنە پێشەنگ لە زانستەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیستەمدا. بۆ نموونە وەک: (ڕیفیر) کە لە بواری دەروونزانی تایبەتمەند بوو، لیگمان کە زانایەکی تایبەتمەندی نەخۆشیزانی بوو، تەنانەت هادۆن خۆی وازی لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەی خۆی هێنا و ڕووی کردە ئەم زانستە.

بەمجۆرە سەدەی نۆزدەیەم بریتی بوو لە سەدەی پێشوەچوونی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، هەرچەندە وێنەکەی کامڵ نەبوو و ماوەیەکی درێژی خایاند و زاناکانیش کردو کۆشێکی زۆریان کێشا تا ڕەگەزەکانی وێنەکەی لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هێدی هێدی پەرەیان سەند و بەرەو کامڵی چوون.

**٣- سەدەی بیستەم:**

ئەنترۆپۆلۆژیا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتە قۆناغی تایبەتمەندێتی و توێژینەوەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتی بونیادی کۆمەڵگا کۆنەکان. توێژینەوە مەیدانییەکان برەویان سەند، لە دەسپێکی هەمووشیانەوە توێژینەوەکەی زانای ئینگلیز (رادکیف براون) بوو کە لە کەنداوی بەنگاڵ ئەنجامی دا و بە یەکەم هەوڵ دەژمێردرێ کە لە پێناو پشکنینی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان پەنای بردبێتە بەر کۆمەڵگە بەراییەکان. (مالینۆوسکی)یش توێژینەوەیەکی چوار ساڵەی لەسەر دانیشتوانی دوورگەکانی (تروبریاند) ئەنجام دا و زمانی خەڵکانی ئەو دوورگانەی لە توێژینەوەکەدا بەکار هێنا، بە هۆی ئەم کارەی بووە یەکەمین ئەنترۆپۆلۆژیست کە لەرێی دابونەریتەکان و شیکردنەوەی واتا کۆمەڵایەتییەکانیان لە ژیانی خەڵک و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بگات.

توێژەرانی ئەنترۆپۆلۆژیا لە چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا هەر خەریکی کۆکردنەوەی ئەو دۆکیومێنتانە بوون کە دیاردەی لێکوەرگرتن (ظاهرة الاقتباس)یان دەسەلماند لە بەینی کولتوورە جیاوازەکاندا، تێبینی ئەوە دەکرێ کە فاکتەری مێژوویی- لە سۆنگەی مێژووی ڕێگای ئەنترۆپۆلۆژییەوە- ڕیزی پێشەوەی لە توێژینەوەی کۆمەڵگاکان و تەنانەت لەو کرد و کۆشانەش بەرکەوتبوو کە هەوڵیان دەدا دیاردەی بڵاوبوونەوەی کولتووریی بسەلمێنن کە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و لێکخشاندنی (احتکاک)ی گەلانەوە دێتە ئاراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توێژەران درکیان بە گرنگی زانیارییە مێژووییەکان کردووە کە چ ڕۆڵێک دەگێڕن لە تێگەیشتنی فاکتەرە کولتوورییە دینامیکییەکان.

بەڵام لە چارەگی دووەمی سەدەی بیستەمدا زانکۆ ئەوروپاییەکان چەندین بەشی سەربەخۆیان بۆ زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کردەوە بە تایبەتی زانکۆکانی بەریتانیا، پراکتیزەکردنی پێڕەوی توێژینەوەی مەیدانیش بە سای زانستەکەی مالینۆوسکی بڵاوبووەوە کە لە ساڵی ١٩٢٤وەڕا دەستی کرد بەمەشقپێکردنی ئەنترۆپۆلۆژییەکان لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوە مەیدانییەکان.

لە ساڵی ١٩٧٣ (براون) دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی پەیمانگەی ئەنترۆپۆلۆژیا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد و پێڕەوی خوێندنەکەی بەرەو پێش برد، بە سای (مالینۆوسکی) و (براون) و قوتابییەکانیان کە خاوەنی ئەزموون بوون لە بواری توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژیا مەیدانییەکان، چەندین توێژینەوەی جۆراوجۆر (توێژینەوەی سیستەمی خزمایەتی و سرووت و سیاسەت) لەسەر کۆمەڵگە بچووکەکانی ئەفریقیا ئەنجام دران. پەیمانگەی نێودەوڵەتی ئەفریقاییش لە زانکۆی ئۆکسفۆرد کرایەوە و گۆڤارێکی تایبەتیش بەم زانستە دەردەکات.

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە ئەنجامدانی توێژینەوە پێشکەوتووەکانیدا بەردەوام بوو، کە لە ئاکامدا بووە هۆی فراوان بوون و پەرەسەندنی ئەم زانستە و دواتریش بووە مایەی لە یەک نزیکبوونەوەی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری. سەرەڕای ئەمانە پراکتیزەکردنی پێڕەوی ئەزموونی لە جیاتی پێڕەوی بەراوردکاری، بە جۆرێک کە هەر باسناسێکی ئەنترۆپۆلۆژی - لە پراکتیزەکردنی پێڕەوە ئەزموونییەکەیدا- پشت بەو ئەنجامانە ببەستێ کە باسناسێکی تر توێژینەوەی لەسەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ئەنجام داوە، پاشان لەلای خۆیەوە لە میانەی

توێژینەوەکانی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی دیکەدا لە ڕاستیتی ئەنجامەکان بکۆڵێتەوە. بەمجۆرە ئەو گریمانانەی کە هەردوولا لەسەری کۆڕان لە ئاکامدا دەبنە پرەنسیپ یا دەبنە چەند زانیارییەکی بەکارهاتوو لە بواری ئەم زانستەدا..ئەمە بووە هۆی بەهێزبوونی ئەم زانستە لە سەردەمی نوێدا.

**ئامانجەکان**

ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی چەند ئامانجێکی هەیە کە دەیەوێ لە توێژینەوەکانیدا پێیان بگات:

**١- دیاریکردنی نموونە باڵاکانی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان:**

گەیشتن بە جۆرێک لە پۆلێن و نموونان بۆ بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بە کارێکی سەخت دەژمێردرێت، چونکە لە لایەکەوە زاناکان هیچ کۆڕا بوونێکیان نییە لەسەر ئەم نموونانەدا لە لایەکی دیکەشەوە زاراوەی جیهانیی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیمان نییە. سەرەڕای ئەم گرفتە بنچینەییەی کە توێژینەوەیەکی مەیدانی هەمەلایەنەمان نییە لەبارەی سەرجەم کۆمەڵگە ئینسانییەکان ئەنجام درابێ. ئەگەرچی زاناکان هەوڵێکی زۆریشیان لەم پێناوە داوە.

لە نێو سەرکۆی بوونەوەراندا تەنیا مرۆڤ توانای هەیە پەرە بە هەڵسوکەوتە وەدەستهاتووەکانی (مكتسب) بدات و لە ڕێی فێرکردندا بیانگوازێتەوە، هەروەها سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیشی ئەوەندە جۆربەجۆر و ئاڵۆزن کە شێوە کۆمەڵایەتییەکانی هیچ جۆرە بوونەوەرێکی تر وەک هی ئەو نەبن.

بۆیە پێمانوایە جێڕەوی لۆژیکی (المنطلق المنطقي) لە هەر توێژینەوەیەک کە لەسەر کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێ، دەبێ بریتی بێ لە توێژینەوەی چەند سیستەمێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و هەر یەکەشیان بە یەکەیەکی کامڵ و تەواو بژمێردرێن. شتێکی دیکەش کە دەبێتە مایەی ئاسانترکردنی گرفتەکە ئەوەیە کە سیستەمەکان بەچەند قەوارەیەکی جیا لە کۆمەڵگە بژمێردرێن، ئەمە وا دەکا جیاوازە تاکییەکان بەلاوەبنرێن کە هەریەکەیان بە مەودای جیا جیا دەبنە دەربڕی نموونەی سیستەمەکە، هەروەها جەخت لە سەر خودی نموونەکان و پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکان بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمانە پەیڕەو نەکرێن ئەوا گرفتەکە هەر بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە. یەکەم کارئەرکی (مهمة) باسناسیش ئەوەیە کە لە نموونەکان و سروشتەکانیان بکۆڵێتەوە.

ئەو وێنەیەی کە باسناسێکی کۆمەڵایەتی ڕەسمی دەکا، یەکەم لەو ڕەگەزانە پێکدێ کە یەک یەک کۆیان دەکاتەوە واتە لەو نموونانەی کە لەناو پێکهاتەی سیستەمەکەدا هەن، دووەم لە ئەنجامی ئەو تێبینییانەی کە لە بارەی چۆنێتی خۆگونجاندن و پێوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی ڕەگەزەکانەوە لەلایدا گەڵاڵە دەبن، سێیەم بە هۆی ئەو ڕوونبوونەوانەی کە بەهۆی مومارەسەکردنی خەڵکەوە دەردەکەون. تاکی ئاسایی لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا ناتوانێ یارمەتی کاری باسناسان بدات، چونکە هیچیان درک بەوە ناکەن کە ئەو نموونانەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخەن شێوەی سیستەمیان وەرگرتووە، مەگەر لەو کۆمەڵگایانەی کە گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرزی ئاڵۆزی و وشک و گرژی، وەکو کۆمەڵگەکانی چین و وڵاتانی ئیغریقی چەرخە کۆنەکان و ئەوروپای نوێ.

جا مادەم ئینسان دەتوانێ بە هۆی شێوەکانی زمانی ڕەمزی و چەمکەکانەوە لە ئینسانی تر بگات کەواتە هەر تەنیا خۆشی دەتوانێ جۆرەها بونیادی بێشوماری بنچینەیی کۆمەڵایەتی - بۆ نموونە وەک خێزان - بێنێتە دی. ئەگەر تەماشای ژیانی کۆمەڵییانەی هەر جۆرە بوونەوەرێکی تری جیا لە ئینسان بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە بونیادە کۆمەڵایەتییەکانیان لە هی ئینسان ڕێکوپێکترە، چونکە ئەوان نەوە بە نەوە هەڵسوکەوتەکان لە یەکتر فێردەبن و وەریدەگرنەوە، بەڵام هەرچی ئینسانە لەسەر بنەمای ئەزموونی نەوەکانی پێشترێ شتێکی تر بینا دەکا.

زانا (ڕادکلیف براون) (٣٠) ساڵ خەریکی توێژینەوە بوو تا توانی بگاتە چەند نموونەیەکی گشتی لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا. بە هۆی هەوڵی ئەم زانایە و چەندین زانای دیکەوە نیمچە کۆڕابوونێک لەسەر دیاریکردنی چەند نموونەیەکی بنچینەیی لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا وەکو: (عەشیرەت، هۆز، دەوڵەت، ئوممەت، کۆمەڵگە)، هاتە ئاراوە.

ئەم زانایانە توانییان شێوە سەرەکییەکانی بنەماڵەیی دیاری بکەن، ئەمەش بە هەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ گەیشتن بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان، ئەو یاسایانەی بوونەتە مایەی پەیدابوونی فرەجۆرێتی بونیادە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان، کە لەم بارەیەوەش زاراوەی (توێژینەوەی مۆرفۆلۆجی)یان بۆ داناوە.

**٢- دیاریکردنی دیاردە تێکهەڵکێش و لێکبەستراوەکانی نێوان سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان:**

گرنگی پراکتیزەکردنی پێڕەوی کاملی هەمەلایەنە لە توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا ئەوەیە کە دەتوانێ ئامانجی دیاریکردنی کاریگەری ئاڵوگۆڕکراوی نێوان سیستەمە کۆمەلایەتییەکان بێنێتە دی کە لە نێو چوارچێوەی یەک بونیادی کۆمەلایەتیدان. ئەمڕۆ زاناکان گرنگی بە وەدیهێنانی ئەم ئامانجە دەدەن و بەوە ڕازی نین کە توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان تەنیا لایەنی وەسفی لە خۆی بگرێ بەڵکو شیکار و شرۆڤەکاریش بۆ دەرخستنی وەزیفە کۆمەلایەتییەکانی سیستەمە کۆمەلایەتییەکان بە پێویست دەزانن، ئەویش لە ڕێی دیاریکردنی کاریگەرە ئاڵوگۆڕەکانی نێوانیان.

زانا (براون) زاراوەی (توێژینەوەی فزیۆلۆژی) بۆ ئەو توێژینەوانە داناوە کە هەوڵ دەدەن ئەم ئامانجە بێننە دی، تا لە توێژینەوە مۆرفۆلۆژییەکان جیا بکرێنەوە.

گرفتی هەقیقەتی سیستەمە کۆمەلایەتییەکان گرفتێکی فەلسەفییە پتر لەوەی گرفتێکی زانستی بێ، لێرەدا خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە پێکهێنەری ئەو نموونە کۆمەلایەتییانەی کە ئاڵوگۆڕانە لەگەڵ یەکتردا خۆ دەگونجێنن - کە هەر ئەمەشە پێی دەڵێن سیستەمی کۆمەلایەتی- بە پەیوەندبوونێکی بەردەوامی لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی کولتووردا کاردەکات و پەرەدەستێنێ. نموونەکانیش دەبێ بە تەواوی لەگەڵ ئەم نەشمەدا خۆ بگونجێنن وەک چۆن خۆ بە خۆ لەگەڵ یەکدا خۆ دەگونجێنن، سەرجەم کولتووریش بەشبەحاڵی خۆی پێویستە خۆی لەگەڵ دەوروبەری سروشتی کۆمەڵگەدا بگونجێنێ، چونکە مرۆڤ ڕەنگە گەلێک ئامرازی جۆراوجۆر بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی دەوروبەر و کەڵک لێوەرگرتنی پێش بخات، بەڵام ناتوانێ لە شوێنەوارەکەی دەرباز ببێ.

بەم پێیە دەکرێ بگوترێ کە هەر سیستەمێکی کۆمەلایەتی بریتییە لە بەشێکی (یەکە)یەکی کامڵ و هەماهەنگدا، مەودایەکی فرەوانی ئەوتۆشی هەیە کە زۆر لە مەودای خودی سیستەمەکە فراوانترە.

ئەو ڕەگەزانەی (یەکە)کەشی لێ پێکدێ تێکچڕژاو و لێکئالاون. تەنیا ئەو وەختەش لە سیستەمی کۆمەلایەتی دەگەین کە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەندییەوە بیتوێژینەوە کە لەگەڵ (یەکە) گەورەکەدا هەیەتی، ئەو یەکەیەی کە ڕەگەزی تری وا لە ئامێز دەگرێ کە هەمیشە سنوور لە بەردەم گەشە و ئیشیدا فەرز بکەن.

بەمجۆرە باسناس- لە سۆنگەیەکی ئەرکەوەرییەوە- دەبێ دوو فاکتەری بنچینەیی لەبەرچاو بگرێ کە لە هەر سیستەمێکی کۆمەلایەتیدا ڕۆڵی کاریگەر و ئاڵوگۆڕانە دەگێڕن، یەکەمیان بریتییە لەو نموونەی کە تاکەکان دەیناسن و کار لە هەڵسوکەوتیان دەکا، دووەمیان ئەو کولتوورەیە کە تاکەکانی لەسەر پەروەردە دەبن و گرنگی بە وەدیهێنانی پێویستییە گشتییەکانی کۆمەڵگە دەدا. ئەمەش چونکە سیستەمە کۆمەلایەتییەکان وەک بەشێک لە سەرکۆی گشتی کولتووردا نەبێ ناتوانن وەزیفەی خۆیان وەدی بێنن.

**٣- دیاریکردنی کردارەکانی گۆڕینی کۆمەلایەتی:**

یەک لە ئامانجەکانی توێژینەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵناسی بریتییە لە دیاریکردنی خاسیەت و کردارەکانی گۆڕینی کۆمەلایەتی کە لە بونیادی کۆمەلایەتیدا ڕوودەدەن، جا گۆڕانەکە بە تێکڕاییێکی (معدل) خێرا بێ یان مامناوەندی و هێواش.

براون ئەوەی تێبینی کرد کە ئەو توێژینەوانەی لە پێناو ئەم ئامانجەدا ئەنجام دراون گرنگیان بە توێژینەوەی کاریگەرییەکانی جەنگی ئیستیعماری داوە لەسەر سیستەمی هۆزایەتی لە ئەفریقیا و ئاسیادا. کەچی گۆڕانی کۆمەلایەتی کردارێکی ئاڵۆزە و چەندین لایەن و فاکتەری جۆراوجۆری هەیە و توێژینەوەیەکی قووڵتری گەرەکە ئەگەر ڕەگەزەکانی دوو ژیاری جیاواز بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە. کرداری گۆڕین یا پەرەسەندن پێویستییان بە پەیدابوونی شێوەی نوێی ستایل و بونیادی کۆمەلایەتی هەیە. هەروەها پێویستی بە گواستنەوە هەیە لە شێوە سادەکانەوە بەرەو شێوە ئاوێتەکان.

هەر کۆمەڵگەیەک ڕێگایەکی تایبەتی هەیە لە ژیاندا، زانا ئەنترۆپۆلۆژییەکان ناویان ناوە (کولتوور). چەمکی کولتوور یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی کە باسناسی ئەنترۆپۆلۆژی مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. بەهەمان چەشنی باسە زانستییەکانی تر یەکەم هەنگاو بریتییە لە کۆکردنەوەی هەقیقەتەکان کە لە بارەی ستایلە کولتوورییە جیاجیاکاندا لە ئارادا هەیە، لەم پێناوەدا زانای ئەنترۆپۆلۆژیست پێویستە چەند توێژینەوەیەکی مەیدانی لە ناوچە دوورەکان و لەسەر چەندین کۆمەڵگەی جۆراوجۆر ئەنجام بدات.

جا لەبەرئەوەی کە ئینسان بوونەوەرێکە و لە کۆمەڵگاکان ژیان بەسەر دەبات و بەردەوام پەرە بە ڕێگای تایبەتی ژیانی دەدا تا لەگەڵ ڕەوشە تایبەتی و گشتییەکانیدا بگونجێ، بۆیە لەم ناوەدا کولتوور ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییەکان لە ڕووی

هزر و هەڵسوکەوتەوە.

لێرەدا لەسەر توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان پێویستە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی دۆزینەوەی ستایل و بونیادە نوێیە کۆمەڵایەتییەکانەوە دیاری بکات، هەروەها ئەوەش دیاری بکات ئاخۆ چۆن چۆنی دیاردە سادە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو دیاردەی ئاوێتەی کۆمەڵایەتی پەرەدەستێن، کە ئەمانەش پێویستییان بە توێژینەوەی خەست و قووڵی مەیدانی هەیە.

**سەرچاوە و ژێدەرەکان:**


- أبو زيد، حامد (٢٠٠١) الطريق الى المعرفة، كتاب العربي ٤٦، مجلة العربي، الكويت.
- بريتشارد، إدوارد (١٩٧٥) الأنثربولوجيا الاجتماعية، ط ٥، ترجمة: أحمد أبو زيد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الاسكندرية.
- الجباوي، علي (١٩٩٦/ ١٩٩٧) الأنثروبولوجيا
- علم الإناسة، جامعة دمشق.
- لطفي، عبد الحميد، (١٩٧٩) الأنثروبولوجيا الاجتماعية، دار المعارف بمصر، القاهرة.
- لينتون، رالف (١٩٦٤) دراسة الإنسان، ترجمة: عبد الملك الناشف، المكتبة العصرية، بيروت.
- لينتون، رالف (١٩٦٧) الأنثروبولوجيا وأزمة العالم الحديث، ترجمة: عبد الملك الناشف، المكتبة العصرية، بيروت.
- هرسكوفيتز، ميليفل. ج (١٩٧٤) أسس الأنثروبولوجيا الاجتماعية، ترجمة: رباح النفاخ، وزارة الثقافة، دمشق.
- وصفي، عاطف (١٩٧٧) الثقافة والشخصية، دار المعارف بمصر.
- Nigholson, C (1968) Anthropology and personality, 2nd Ed, New York, Harper.


**تێبینی:** ئەم بابەتە پاژێکە لە کتێبی (مدخل الى علم الانسان) ی د. عیسى الشماس، ٢٠٠٤، دمشق.

# تەلارسازیی نوێ

**دارا محەمەد عەلی**

گومان لەوەدانییە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەر دەبێ بەرەو هەوراز هەڵکشێ، نەک بەپێچەوانەوە، چونکە ئەوەیان حەتمیەتێکی مێژووییە وەکو قۆناخە جیاجیاکانی مرۆڤایەتی. ئینجا بەهاو سەروەریەتی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ «مرۆڤ» کە ئەویش لە ئاکامی کۆمەڵێ بەهای گۆڕانکاری لەسەر ئەم بوونەوەرەو پێشکەوتنی هەمەلایەنی «فەسلەجی و هزر و بیر و بۆچوون و لێکدانەوەی جیاجیا.. تاد»

پاشدان ڕوانین و دید و ڕوئیای ئەم مرۆڤە وەک (خود-زات) بەشێوەیەکی تایبەتی بەرامبەر بەکۆمەڵگەی خۆی و سەرجەم کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دەربڕینی خزمەتگوزاری و خزمەت بەخشینی ئەم زاتە لە هەر بوارێکی بەها جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا خۆی دەبینێتەوە.

ئینجا لێرەدا سەرجەم بوارەکانی داهێنان لە «زانست و مەعریفە و فیکر و بیر و بۆچوون تا دەگاتە هونەر و ئەدەب بەهەموو لقوپۆپ و شێوازە جۆراوجۆرەکانی خۆی لە «دەربڕین و ستێتیکا»ی دوێنێ و ئەمڕۆدا هەر هەمووی ئەمانە تێکەڵ بەژان و ژوون و ژیانی مرۆڤ و خەونە ئالۆ والاکانی ئەم بوونەوەرە بووەو تا دێ پتر ڕووەو قووڵایی و نهێنییە نادیارییەکانی دەچێ و پەیتا پەیتا ئاشکرایان دەکا، ئەم «دیاردە مرۆڤایەتییەش» هەرگیز لەبن نایێ و ئاوەکەی چک ناکا. یەکێ لە توخمە گرنگەکانی هونەری شێوەکاری بەگشتی و وێنە بەتایبەتی، توخمی «هێڵ»ە بۆ سەرجەم پلان و نەخشە و دانانی هەر کار و بابەتێکی هونەری و غەیرە هونەریش بێت لە ژیانی مرۆڤدا بەکارهێنراوە.

بگرە هەر «لە هێڵکاری»یە سادەو پڕ ماناکانی مرۆڤی چاخە جیاجیاکانی نێو ئەشکەوتەکان تا دەگاتە ئەوپەڕی پێشکەوتنی «تەکنۆلۆژیا»ی سەردەم. توخمی «هێڵ و هێڵکاری و قەڵەمکێشی» دەورێکی سەرەکی گرنگ و بالای خۆی تێدا بینیوە بۆ ڕێکو پێک خستنی ژیانی مرۆڤ.

هونەری «بیناسازی» بەبێ هێڵکاری و دانانی نەخشەیەک نایەتە ئەنجام کەوابوو «توخمی هێڵ-LINE» ؟

کەچی ڕۆحی هونەری شێوەکارییە بەشێوەیەکی گشتی و ڕەسم بەتایبەتی» ئاوەهاش لەکاری «هونەری تەلارسازی ئەم گیان و ڕۆحە دووبارە دەبێتەوە»

وەستایەکی کۆنی بیناکاری لەمەڕ کوردەواری لای خۆمان، بۆ ژوورێک یا خانوویەکی هاکەزایی گەر نەخشەیەکیشی لەسەر قاقەزدا نەڕشتبێ ئەوە دوور نەبووە هەر بەشێوەیەکی ڕەمەکی بە قامکی دەستی لەسەر زەوی و گڵەکەوە وەکو بیرۆکە نەخشەیەکی سادەو ساکار هێڵەکانی کێشاوەو پاشان بە «داو یاخود بەن یا تەناف»



**باڵاخانەیەکی زەبەلاح لە ئەڵمانیا**

دەهات لەسەر پانتایی زەوییە ئامادە کراوەکە دووبارەی دەکردەوە.. بەڵێ «بست یاخود درێژی پێ یا شاقاو بەکارهێنان» لە پێوەرە هەرە دیارو باوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بووە بۆ مەبەستی جیاجیا لەوانەش بۆ «کاری پێوەری نەخشەو بیناکاری» کەوابوو ئێستا «ئەندازیارێکی تەلارسازی» ناتوانێ پەنا بۆ ئەو توخمە گرنگە کە «هێڵ»ە نەبات، بەڵام ئەویش بەجۆرەها ستایل و کەرەستە و ئامێر و عەقڵێکی سەردەمانە پێشوازی لێدەکا!!

**هونەری بیناسازی نوێ**

بەشێوەیەکی ساکار ئێمە دەتوانین مۆرک و خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی هونەری «تەلار سازی» لە مێژوودا دەستنیشان بکەین و کەڵکی هونەری بیناسازی لێ وەرگرین. ئەوەتا وەکو شارستانیەتە کۆنەکانی «میسری، فیرعەونی، ئیغریقی، ڕۆمانی، ئیسلامی، مەسیحی، چەرخی بووژانەوە، ڕێنیسانس» و سەدەی هەژدەو نۆزدە تا دەگاتە سەدەی بیست. هەریەکێک لەمانە هەڵگری جۆرێکی تایبەت بە هونەری تەلارسازی بوونە.

وا هاتووە کە هونەری میسری- فیرعەونی بە «تەلارسازی قەبروگۆڕەوە» ناوی دەرکردووە لەوانە وەکو دروستکردنی «هەرەمەکان- أهرامات». ئیغریقیەکانیش بە «تەلارسازی پەرستگا» شۆرەتی دەرکردووەو ڕۆمانیەکانیش بە «تەلارسازی گەرماو و شانۆ» و زۆریش شانازییان پێوە کردووە، ئینجا «تەلارسازی ئیسلام»یش بە بیناسازی مزگەوت و منارە بەناوبانگ بووە، تا دەگاتە مەسیحییەکان کە بە بیناسازی «کڵێسەو خانووبەرەی جوانەوە» خەریک بوونە.

لە پاشدا چەرخی بووژانەوە- ڕێنسانس بە «کۆشک و تەلار و کاتدرائیات» کە بەوپەڕی هونەرییەوە دروست و ساز دەکرا..

سەدەی هەژدەمیش بەو تەلارسازییە هاتووە کە لە بەرژەوەندی چینی بۆرژوا بووەو ئینجا سەدەی نۆزدەش بەو جۆرە تەلارسازییە خەریک بووە کە بتوانێ وەکو «پێویستی پێوەندی لەنێو خەڵکدا دروست بکات.»

هەروەها سەدەی بیستەمیش بەهونەری (تەلارسازی نوێ) لە «باڵەخانەی زەبەللاح- ناطحات السحاب) و کارگە و وێستگە و باڵەخانەی هاوبەش)دا خۆی دەبینێتەوە...

ئینجا بۆ تەلارسازی سەدەی بیستەم کەرەستەی نوێ بەکارهێندراوە کە بە بنەمای ئەم مەسەلەیە دادەندرێ و ئاسانکارییەکی تەواوی بەکرداری دروستکردن و تەلارسازی بەخشیوە.

هەروا بەپێ و بۆچوونی شێوازە هونەرییەکانی ئەمڕۆکە «مەدەنیەتی نوێ و هونەری نوێ» پێویستی پێیەتی و قبووڵی دەکا.

**گرنگترین ئەو کەرەستانەش لەبەکارهێناندا ئەمانەن:**

١- کانزا ٢- چیمەنتۆی کۆنکرێت ٣- شووشە.

هەروەکو دروستکردنی چەند باڵەخانەیەک لەم کەرەستانە، لەوانە باڵەخانەی «کریستاڵ پالاس» لە لەندەن و باڵەخانەی «پێشانگەی ئامێرەکان» لە پاریس، بەڵام پاشان ڕووخێندران!! تەنیا بۆ تەلارسازی ئەم دوانەش کەرەستەی «ئاسن و شووشە» بەکارهێندرابوو.

بەڵام تاوەری ئیڤل لە ئاسن دروست کراوەو



دوو شێوە تەلارسازیی ڕۆژئاوایی – ئەورووپا

بەرزییەکەی (٣٠٠) مەترە.

کەرەستەی «چیمەنتۆی کۆنکریت» ساڵی ١٨٦٨ لە لایەن «مۆنێ»ی فەرەنسی دۆزرایەوە و لە ئەڵمانیا بە «چیمەنتۆی کۆنکرێت- Monnier beton» ناوزەد کرا.

بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٨٩٠ لەشاری پاریس و لەندەن ئەم کەرەستەیە بەکارهێندرا..

ئێستاش لە کەرەستە بنەڕەتییەکانی ئەم سەردەمە دەژمێردرێن بۆ دروستکردن و دامەزراندنی تەلارسازی و باڵەخانەی زەبەللاح و فرە بڵند کە بە (ناطحات السحاب) ناودەبردرێ.

**خەسڵەتە گرنگ و باشەکانی ئەم کەرەستانەش ئەمانەن:**

١- توندو بەهێزی کەرەستەکە.

٢- توانایی لەسەر لێڕاهاتن و بەردەوامی.

٣- تۆکمەو پتەوی.

٤- نرخ کەمییەکەی.

**گرنگترین توخمە بەرچاوەکانی تەلارسازیی نوێ:**

١- کۆڵەگەو ستوونە بەتاڵ و بۆشەکان (Lespilotis) ئەو کۆڵەگانەن کە لە چیمەنتۆی کۆنکرێت ئەنجام دەدرێن و باڵەخانەکانیش لەسەریەوە دروست دەکرێن، ژێر باڵەخانەکانیش بۆ باخچە و شوێنی تایبەتی ئۆتۆمۆبێل بەکاردەهێندرێن.

٢- بانەکان، بۆ زۆر مەبەست بەکارهێندراوە لەوانە وەکو مەلەوانگە. فڕۆکەخانە.. تاد.

٣- گشت پەنجەرەیی.. بە پەنجەرەکردنی سەرجەم ڕووبەری ڕووی باڵەخانەکان هەر لەژێرەوە تا تەوقی سەرەوەی باڵەخانەکە و لە هەمان کاتدا پێشوازی کردنیان لە تیشکی خۆر.

٤- هۆیەکانی کارەبا، تەواوی ئەو باڵەخانانە کارەبا ڕێژ کراون بۆ مەبەستی (ڕۆناکی- ساردی- گەرمی- نوێکردنەوەی با.. تاد)

٥- پشوودانی ناوەوە.. بۆ ئەم مەبەستەش کارێکی هێجگار ڕێکوپێک کراوە کەوا بگونجێ لەگەڵ ژیانی ناوەوەی ئەم باڵەخانانەدا وەکو جوانکردن و دامەزراندنی هەمیشەیی.

**بەناوبانگترین تەلارسازە نوێیەکان**

– ئەنتۆنیۆ گۆدی (١٨٥٢ – ١٩٦٢) ئیسپانی بووە ئەو کارانەی کە ئەنجامی داون هەر هەمووی لەشاری «بەرشلۆنە»دان.

– ڤیولیێ لۆ دوک (١٨١٤ – ١٨٧٩) لە هونەرمەندە بەراییەکانی فەرەنسی دەژمێردرێ کە بەرەنگاری و دژ بە (تەلارسازی کلاسیک) وەستا، بەڵام هونەری تەلارسازی «گووتی- غوطی» کاری خۆی لەسەر ئەم هونەرمەندە کردبوو و تاکو لەسەر ژیان بوو مۆرک و خەسڵەتی هونەری ڕۆمانی پاراست.

– ولیەم مۆریس-ی ئینگلیزی ئەم زاتە حەزی لە «شێوازی ساکار» بوو لە هونەری تەلارسازیدا بەپێچەوانەی «شێوازی فیکتۆری» کە ئەوسا باوبوو..

– هەروەها لە بەلژیک ڤان دۆفیلد- «١٨٦٢- ١٩٥٧» ئاڵای بەرزی «تەلارسازی نوێی» هەڵگرتبوو.

– ئۆتۆ ڤاگنەر- «١٨٤١- ١٩١٨»ی نەمسایی

شۆرەتی تەلارسازی بە بەرۆکیەوە خرا..

– هنری سۆڤاج- «١٨٧٣- ١٩٣٢»ی فەرەنسیش یەکێک بوو لەسوارچاکانی بواری تەلارسازی.

– ئینجا «لوبارون جینی-» ئەمریکی کە لە شیکاگۆ مەزنترین ساختمانی دروست کرد..

– لویس سولیڤان- ئەو تەلارسازە بەناوبانگە بوو کە لە شارەکانی شیکاگۆو نیویۆرک.

دەستپێشخەری لە دروستکردنی یەکەم ساختمانی جۆری زەبەللاحی باڵابەرز «ناطحات السحاب» کرد..

**تەلارسازی هاودەم**

هونەری تەلارسازی لە سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی زۆر خێرا پێش کەوت، پاڵنەری ئەم پێشکەوتنەش ناگەڕێتەوە تەنیا بۆ لایەنی «وەزیفی یاخود سوودمەندی» تەلارسازییەکە، بەڵکو پتر بۆ لایەنی «شێوە هونەری»یەکە دەگەڕێتەوە، کە هاودەم بوو لەگەڵ ئەو ڕێچکەو قوتابخانە هونەرییە نوێیانەی کە یەک لە دوای یەکدا لەدایک دەبوون بەحەق «تەلارسازی هاودەم- معاصر» بەو قۆناخانەدا تێپەڕی کە زۆر جیاوازی نەبووە لەگەڵ قۆناخە هونەرییە نوێیەکان وەکو «هونەری شێوەکاری» هەر بۆیە ماڵرۆ دەڵێ: «هونەرمەند سیزان بەخەیاڵ پێشبینی تەلارسازی سەدەی بیستەمی دەکرد!!»

لەبەر ئەوە کارتێکردنی قوتابخانەکانی هونەری شێوەکاری لەسەر بوارەکانی هونەری تەلارسازی بە ئاشکرا دیارە بەتایبەت لە سیماو ڕوخساری هونەری «شەش پاڵوویی- کوبیزم- تەکعیبی» هەروا هونەری «داماڵین- ڕووتەڵەکی- ئەبستراکت» کە زۆر لە هونەری تەلارسازی هاودەم بڵاوەی سەندووە، لەوانە تەلارسازی بەنێو دەنگ «لۆکوربیزێ» کە «هونەری کوبیزم» زۆر کاری تێکردبوو!! هەروا کارتێکردنی هونەرمەند «مۆندریان» بەشێوەیەکی زەق و ئاشکراو ڕوونە لە دیتنەوەی «تەلارسازی ئەبستراکت»دا..

پاشان زێتر و پتر لەسەر دەستی «قوتابخانەی- باوهاوس» نەشونمای کرد کە پێشەنگەکەی «گروبیوس»ی تەلارساز بوو.

**بەناوبانگترین تەلارسازانی سەدەی بیستەم**

– ڕایت تەلارسازی ئەمریکی «١٨٦٩-؟» ئەم هونەرمەندە لە داهێنان و شێواز و گۆڕانکاری بەردەوام بوو.



**تەلارسازیی – ژاپۆن**

بۆ ماوەی «٦٠» شەست ساڵ کاری خۆی لە هونەری تەلارسازی چکۆلەی ئەمەریکی کردبوو.

– پیرێ-ی فەرەنسی «١٨٧٤ – ١٩٥٤» یەکەم کەس بوو «چیمەنتۆی کۆنکرێت»ی لە تەلارسازی نوێدا بەکارهێناوە.

– گروپیوس «١٨٨٣- ؟»ی ئەڵەمانی کە بە دامەزرێنەری «قوتابخانەی باوهاوس» دادەنرێ و ئامانجی سەرەکی ئەم زاتە «تێخزاندنی هونەر بۆ تەلارسازی بوو» هەروا بۆ هونەرە دەستییەکانیش بوو بەشێوەیەکی گشتی.

– لوکۆربیزێ-ی سویسری فەرەنسی «١٨٨٧- ؟».

ناوی ڕاستی جانرێ بوو. کە بە بەناوبانگترین هونەرمەندی تەلارسازی هاودەم لە قەڵەم دەدرێ.. لاباڵی سوێسری لەشاری زانکۆی پاریسدا بە بەهاترین نموونەی تەلارسازی نوێیە کە لوکۆر بیزێ نەخشەی بۆ داناوە، هەر ئەم زاتە وێنەگریش بووە.

پەیکەرتاش و ڕێکخەری شار و نووسەر و مێژوونووس بووە، لە کتێبە زۆرینەکانیدا گەلێ تۆژینەوەو تیۆری تەلارسازی بڵاوکردۆتەوە بەپلەی یەکەمیش لە هونەری تەلارسازیدا پشت بە «جوانی- ستاتیک و خۆشی» دەبەستێت، بەر لە سوود و قازانج.. ئەو بیردۆز و توێژینەوانەشی هەر هەمووی لە پرۆژە و یەکەیەکی نیشتەجێی لەشاری «مەرسیلیا» و شوێنانی تر ئەنجام و بەرجەستەی کردوون.

–/ نیوترا «١٨٩٢- ؟»ی نەمسایی ئەوەیان پسپۆڕ بووە لە خانووبەرەی تاکەکەسی، لەکارە هەرە دیارەکانی تەلارسازی ئەم زاتە «خانووی هەڵواسراو»ی دروست

کردووە بۆ شارەکانی لۆس ئەنجلۆس- کالیفۆرنیا.

**بۆ هونەری تەلارسازی کوردیش دەبێ چی بکرێ**

نکوولّی لەوە ناکرێ تەکنۆلۆژیای سەردەم خزاوەتە نێو کاروبارو ڕۆح و گیان و عەقڵ و هەستمان، زۆرینەی پێداویستیەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ لەسەر ئاستی سەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤدا لە ئان و ساتە پێویستیەکاندا بەهانای مرۆڤەوە هاتووەو ئەم جیهانە پان و بەرینەشی بۆ ئێمەی مرۆڤ کردۆتە نەک گوندێک، بەڵکو ماڵێک، باخچەیەکی شەنگ!!

کەوابوو بۆ ئێمە دەبێ نەکرێ «تەکنۆلۆژیای سەردەم» بە هەشتەمین سەر سوڕهێنەرە جیهانییەکان لە قەڵەم نەدەین.

گرنگ لەوەدایە ئێمەی کورد چۆن پێشوازی لەم دیاردە شارستانییە گرنگ و بە بەهایە بکەین و وەڵامی سەردەمانەی ئێمە لە بەرامبەریدا دەبێ چۆن و چی بێت؟!!

قەڵەمکێشی ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ یەکەوسەر پەیوەستە بەو ئەفراندن و داهێنانە گرنگانە و تا ئێمەش بتوانین داهێنانی تری لێ هەڵێنجین و خەڵکانی تریش لە چاومان بکەنەوە!!

چونکە هەروا بووە، پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەندە بە «وەرگرتن و بەخشین لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بە مەبەستی گەیشتن بە «لووتکە» ئەوەتا گەر بێت و ئاوڕێکی وردبینانە بۆ مێژووی دێرینی بیناسازی سەرجەم پارچە و شار و شارۆچکە و دێهاتەکانی کوردستان بدەینەوە، دەبینین ئەم میللەتەش دەست و پەنجە و قامکی زێڕ نەخش و بەخشینی لەسەر خاکی زێدی باب و باپیران لە ئەمارات و کۆشک و تەلار و ڕێگاو بان و پرد و خانوو بەرەو دیوەخان و سەکۆ و قەڵای هەمەجۆری هونەری تەلارسازی دەوری کارامەی هەبووە، بگرە هەر لە داڕشتنی نەخشەسازی سەرەتاوە تا دەگاتە هونەری «ورد و درشتکاری» ڕازاندنەوە لە نەخش و نووسین و نیگار و زەخرەفەی سەر تاق و دیوار و بنمیچ و دەلاقە و کوڵەگە و ستوون و دەرگا و پەنجەرەکان.

ئەوەتا پاشماوە دێرینەکانی کوردستان لە موزەخانەکانی کوردستان و موزەخانەکانی جیهانیدا لەسەر ئاستی هونەری تەلارسازی و پاشکۆکانی ئەم کارانە کە هەر پەیوەستن بەو هونەرە گەواهی بۆچوونەکانمان دەدەن.. ڕای زۆربەمان ئەوەیە پێش هەموو شتێک شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستان لە فەوتان و نەمان بپارێزین، چونکە ئەوەیان بەشێکی هەرە گەورەی ڕووی گەشی ڕۆشنبیری تەلارسازی ئەم میللەتە دێرینە وەدیار دەخا. هەروا چارەسەری مان و بەردەوامیتی بۆ بدۆزرێتەوە..

کەوابوو شارستانیەتی کوردیش لە پێکهاتەکانی سەرجەم شارستانییەتی مرۆڤ دەژمێردرێ وەکو قۆناخە جیاجیاکانی مێژوو، مەگەر ئێمەش دەبێ بیرێکی وردی هونەری تەلارسازی کوردی ئەمڕۆ و سبەینێی بۆ بکەین و بزانین تەنیا بۆ تاقە نەخشەو موفرەدەیەکی ئەندازەیی لە مێژووی تەلارسازی کوردیدا، بۆ تەلارو ساختمانێکی مۆدێرنی ئەم سەردەمە «کرداری تەوزیف» کردنەکە چۆن دەبێ و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ!!

بێگومان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەش پەنا دەبردرێتە بەر لایەنەکانی پێوەندار، لەپێش هەمووشیانەوە «ئەندازیاری تەلارسازی» دێت، هەڵبەتە ئەم ئەندازیارە بەڕێزەش دەبێ هەگبە و خەرواری ئەم هونەرەی پڕ بێ لە ڕەهەندی جوانی و داهێنان و ڕۆشنبیری هەمە چەشنی «کۆن و نوێ»، چونکە ئەم باکگراوندە ڕۆشنبیرییە بیناسازییە بۆ هەموو وەختێک پێویستە بەتایبەت بۆ ئەم قۆناخەی ئێستامان کە دەور دەوری ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی ڕەنگینەو هەر دەشبێ چەمکەکانی ئایدیای ئەم دیاردە شارستانیەتە بەرەو پێشڤە بروا....

**هەولێر/ ٢٠٠٥**

**سەرچاوە:**

١- الفن عبر التاريخ، عفيف بهمنسي، الناشر: الفن الحديث العالمي، طبع في مطبعة الجمهورية بدمشق،

عفيف بهمنسي/ مدير الفنون التشكيلية و التطبيقية.

# زمان و پێوەندیی بە ماناوە

زەیتۆ شێخانی

لەم کاتەی باسی مانای وشەکان و ڕستەکان دەکەین، وا تێدەگەین بابەتەکە تێگەیشتووین و پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕستانەی کە باسی مانا دەکەن، بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستیمان بە دیراسەیەکی قووڵ هەیە، ڕستەکانیش ئەمانەن:

- بۆ گەڕان بەدوای مانای وشەیەک پێویستە بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگی زمان.
- مەبەست لەم ڕستانە گەیاندنی مانایە بە تۆ.
- ئایا گوێت لە برووسک و گەواڵە بووە، ئەمە مانای ئەوەیە باران دەبارێت.
- بزوێنی کورت و کاف و بزوێنی درێژ و نون مانای کۆ دەگەیەنێت لە زمانی کوردی..
- وشەکان مانایان نییە، بەڵام ماناکان لای خەڵکییە.
- ئەم کارە لای من هیچ مانایەک ناگەیەنێت.

ئەگەر سەرنجێکی ئەو ڕستانە بدەین کە لە پێشەوە باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێت کە مانای وشەی مانا لە هەریەک لە ڕستەکان جیاوازە. جارێک پێوەندیی نێوان وشەکان دەردەخات و جارێکی تر پێوەندیی نێوان ڕووداوەکان. جارێکی تر هەڵچوونە و دواجاریش بە کردارێکی ئەقڵی ناوخۆیی دادەنرێت.

ئەم بابەتە زۆر لە مێژەوە زانا و فەیلەسووفانی خەریک کردووە، زانایانی ئیسلامیش لەسەر ئەم بابەتەوە دواون. بۆ نموونە ئیمام فەخرەدین و شوێنکەوتووانی دەڵێن وشەکان بەپێی گۆڕانی وێنە لە ئەقڵدا دەگۆڕێن، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دەربڕینە دەڵێن ئەگەر کەسێک تارماییەکی لە دوورەوە بینی وایزانی بەردە ناوی لێ دەنێ بەرد، لە پاشان لێی نزیک بۆوە وایزانی درەختە ناوی لێدەنێ درەخت، ئەگەر زیاتر لێی نزیک بۆوە وایزانی ئەسپە ناوی لێدەنێ ئەسپ، ئەگەر لە کۆتاییدا بۆی دەرکەوت مرۆڤە ناوی لێدەنێ مرۆڤ. کەواتە ناو لێنانی شتەکان بەپێی مانا ئەقڵییەکانە نەک بەپێی شێوەی ڕاستەقینەی دەرەوەی. (جرجاتی) دەڵێت زانینی شوێنی ماناکان لەدەروون زانینی شوێنی ئەو وشانەیە کە بەڵگەی قسەکردنە...تاد.

ئەم دوو نموونەیە بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەم کێشەیە هەر لە مێژەوە گرنگی پێدراوە. بە سەیرکردنێکی خێرا بۆ تەوەرەکانی ئەم بابەتە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم بابەتە ئاڵۆزە، دەروونزانیش بەرپرسە لە شیکردنەوەی، بۆیە کێشەکە هەرچەندە ئاڵۆز بێت ناتوانێت وازی لێبهێنێت.

## وشەکان وەک ڕەمز و ئیشارەت

لەم تەوەرەدا باسی ڕەمزەکان و پێوەندی بە وشەکان

دەکەین. مرۆڤ ژمارەیەکی زۆری لە ڕەمز و ئیشارەتی داهێناوە. بۆ نموونە جوولاندنی شان بەڵگەیە لەسەر گوێ نەدان. لێدانی تەپڵ لای هەندێک تیرەی ئەفریقی بەڵگەیە لەسەر ئاگادارکردنەوەی خێرا. هەروەها ئیشارەتی دەستی لەکاتی قسەکردن و ئیشارەتی ڕووناکی لە ئوتۆمۆبیلەکان... تاد. دەتوانین لە تاقیگەی دەروونزانی ڕەمز دروست بکەین، وەک ئەوەی زانای دەروونزانی (پاڤلۆڤ) دروستی کرد و لەسەر سەگەکانی جێبەجێی کرد.

زمان تەنیا وشە نییە، بەڵام با بەشێوەیەکی کاتی بۆ مەبەستی دراسەکردن وای دابنێین. لەسەر ئەم بۆچوونە هەر وشەیەک بە ئاگادارکردنەوەیەک دادەنێین کە ئیشارەتە، یان ڕەمزە بۆ زانیارییەک یان گفتوگۆیەکی دیاریکراو بەهۆی پەیوەستییان بەیەکەوە. ئەوەی زمان لە ڕەمز و ئیشارەتە سروشتییەکان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە توانایەکی زۆری هەیە بۆ دروستکردنی ڕەمز و ئیشارەت، دەتوانێت بە ئاسانی لێکی جیابکاتەوە، بەڵام هەرچەندە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە توانای دروستکردن و وەرگرتنی ڕەمز و ئیشارەتی هەبێت سوودی نییە ئەگەر نەتوانێت ڕووداو و شتەکان لە سروشت جیابکاتەوە و پۆلینیان بکات وەک ماڵ و درەخت و باڵندە... تاد. هەروەها مرۆڤ توانای هەیە هەزاران شت و ڕووداو لە یەکتر جیابکاتەوە، توانای هەیە وشەکانی زمان لە یەکتر جیابکاتەوە، بەڵام بێگومان فێربوونی ئەم هەموو جیاکردنەوە زۆرە ماوەیەکی دووردرێژی دەوێت.

لەوکاتەی مرۆڤ گەورە دەبێت و گەشە دەکات زانیاری زیاد دەبێت و کۆمەڵێکی زۆر فرەوان لە ڕەفتاری فێربوو وەردەگرێت، بە تووشبوونی زیاتر بۆ کرداری فێربوونی نوێ، تاک خۆی دەبینێتەوە تووشی کرداری تر دەبێت لەگەڵ کردارە کۆنەکە لێک دەچێت، بەواتایەکی تر ئەو کردارانەی کە لە پێشەوە فێربووە یارمەتی دەدات بۆ فێربوونی کرداری تر. بۆیە دەتوانین بڵێین کرداری واتادار کرداری فێرکردنن یان بیرکردنەوەی نوێن، ئەم کردارەی فێربوونی ئاسانە پێکهاتووە لەڕێنمایی کۆن. ئەگەر مانا بەم شێوەیە تێبگەین. دەتوانین بڵێین بارێکی تایبەتە لە بارەکانی گواستنەوەی کاریگەری مەشق (انتقال أثر التدریب). بەم شێوەیە مانای وشە زیاتر ڕوون دەبێت بە زیادبوونی ژمارە پەیوەستییەکانی. کەواتە هەرچەندە مانا ڕوون و ئاشکرا بێت فێربوونی ئاسانتر و خێراتر دەبێت.

لە پێشەوە باسی زاراوەی پەیوەستییەکانمان کرد بۆیە پێویستە لەسەری بدوێین. بۆ ڕوونکردنەوەشی ئەزموونەکەی زانای دەروونزانی ناسراو (پاڤلۆڤ) دەهێنینەوە یادی خۆمان کە لەسەر پەیوەستی سەگ ئەنجامی دا.

لەم ئەزموونەدا گوێ لێبوونی زەنگ دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی لیک. واتە سەگ وەڵامدانەوەیەک پێشکەش دەکات بەهۆی دووبارەبوونەوەی گوێ لێبوونی لە دەنگی زەنگ و هاتنی خواردن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگی زەنگ ئاگادارکردنەوەیەکی بێ مەرجە و بەستراوەتەوە بە ڕژانی لیک.. پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان وەڵامدانەوەی سەگ بۆ خواردن و وەڵامدانەوەی بۆ دەنگی زەنگ واتە سەگ کە خواردنی بۆ دێت دەیخوات، بەڵام تەنیا لیک دەڕژێت کە گوێی لە دەنگی زەنگ دەبێت. بە وتەیەکی تر ئاگادارکردنەوەی مەرجی تەنیا بەشێکە لە وەڵامدانەوە، پێویست بە وەڵامدانەوەی بێ مەرجی ناکات، ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویستە، چونکە سەگ ناتوانێت خواردن بخوات ئەگەر لەپێشی نەبێت. سەگ ناتوانێت لەگەڵ گوێ لێبوونی دەنگی زەنگ ئەم جۆرە کارە ئەنجام بدات کە پێوەندی بەخواردن هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەستییەکان کرداری میکانیکی نین. ئێمە دەتوانین وەڵامدانەوە بە پێوەر دیاری بکەین، بەڵام ناتوانین بەهۆی پێوەرەوە، وەڵامدانەوەکە لە بارێکی فێرکردنی ئیدراکی بپێوین، چونکە وەڵامدانەوە دوو ئاگادارکردنەوە بەیەک دەبەستێتەوە بەبێ بوونی وەڵاندانەوەیەکی ئاشکرا، بەڵام لە ڕووی ئەزموونییەوە دەتوانین لە بوونی ئەم پەیوەستییە دڵنیابین لەوکاتەی کەوا لە مرۆڤێک دەکەین کارێک بکات کە ناتوانێت ئەنجامی بدات.

ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد دەتوانین بەم شێوەیە پوختی بکەین:

١- پەیوەستی کارێکە لە ناخی گیانلەبەرێک ڕوودەدات بەشێوەیەک کە ئاگادارکردنەوەکە بە بەشێک لە وەڵامدانەوە دەبەستێت.

٢- بەیەکەوە بەستنەوە یان کرداری دەروونی لەوانەیە تەنیا بەشێکی بچووک لە وەڵامدانەوەی بنەڕەتی پێک بهێنێت کە ناتوانین تێبینی بکەین.

٣- کرداری دەروونی هەمان شتە کە پێی دەوترێت مانای ئاگادارکردنەوەی زمانی.

**کرداره ناوەندییەکان**

مانا لەوانەیە تەنیا مانابێت و هیچ شتی تر نەبێت، ڕەمزیش لەوانەیە مانا بێت و بەبێ ئەوەی شتی تر ڕوو‌بدات، بۆ نموونە کە دەڵێین (ماڵ) ئەم وشەیە مانایەکمان دێنێتەوە یاد، بەڵام کرداره ناوخۆییەکە تا ئێره کۆتایی دێت و پێویستی بە زانیاری زیاتر نییە، بەڵام لە بارەکانی تر بەتایبەتی لەکاتی بیرکردنەوە، مانا بۆ شتی ترمان ڕادەکێشێت، واتە مانا پەیوەستە بەوەڵامدانەوە یان مانای تر. بۆ نموونە ئەگەر داوا لە کەسێک بکەین لەکاتی بیستنی وشەی (ماڵ) ئەو وشانە بڵێت کە بە خەیاڵیدا دێت، ئەویش لەوانەیە بڵێت (دایک، باوک، منداڵ، قوتابخانە، کتێب...تاد) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاک لەلایەک پەیوەستییەکانی وەڵامدانەوە پێشکەش دەکات، لەلایەکی تر پەیوەستییەکانی وشەی (ماڵ) بەمانایەکی تر پێشکەش دەکات. کەواتە لێرەدا مانا دەبێتە کرداره ناوەندییەکان. بە وتەیەکی تر مانا دەبێتە ناوەند لەنێوان ڕووداوەکان و کرداره دەروونییەکان کە بەیەکەوە بەستراون. ئەوەی شایانی باسە ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەم کردارانە نەک تەنیا لای مرۆڤ، بەڵکو لای گیانلەبەرانیش بەدی دەکرێت. کێشەی مەرجەکان و مانا زۆر بەفرەوانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی سۆڤیەت دیراسەکراوە، لەم دیراسانەدا زانایان هەڵسان بە پێشکەشکردنی وشەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداربوون لە ئەزموونەکە. لە پاشان وشەی دووەمیان پێشکەش کردن کە لە ڕووی مانا یان شێوە یان گوفتار بەیەک دەچوون. ئینجا هەڵسان بە پێوانی (بە گشتیکردن) بەهۆی ڕادەی هێزی وەڵامدانەوە بۆ وشەی دووەم. بینیان بەگشتیکردن بەهۆی مانا بەهێزترین جۆری بەگشتیکردنە.

**مانای دەلالی و مانای ویژدانی**

توێژەران جیاوازییان لەنێوان دوو لایەنی مانا کردووە ئەویش مانای دەلالی و مانای ویژدانییە. مانای دەلالی بریتییە لەوەی کە وشە ئاماژەی بۆ دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لە کەسێک بپرسی (کورسی چییە؟) ئەوا ئاماژە بۆ ئەو کورسییە دەکات کە لە ژوورەکەدایە. لە زانستەکان زانایان هەڵدەستن بە داهێنانی وشەکان بۆ ئاماژەکردن بە شتێکی دیاریکراو، بەشێوەیەک مانای ناگۆڕێت و ناوەرۆکی هەڵچوونیش ناوروژێنێت، بەڵام مانای دەلالی دەگۆڕێت و مانایەکی نوێ دەبەخشێت. بۆ نموونە کە وشەی (خانە) لە زیندەوەرزانی دەخوێنینەوە دەزانین مەبەستی شتێکی دیاریکراوە و جێگا و وەزیفەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام وشەی (خانە) پێشینانمان بۆ ئەو شوێنەیان بەکارهێناوە کە ڕەشەوڵاخی تێدا حەواوەتەوە. لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە هەر وشەیەک مانایەکی ویژدانی هەیە و مەودایەکی فرەوان لە هەڵچوون و بۆچوونەکان داگیر دەکات.

لەوانەیە دوو وشە یەک مانای دەلالی هەبێت، بەڵام دوو مانای ویژدانی جیاوازی هەبێت، بۆ نموونە هەردوو وشە (بەکرێ گیراو، کرێکار) لە زمانی کوردی یەک مانای دەلالیان هەیە، چونکە هەردووکیان باسی کەسێک دەکەن کە بەکرێ کار بکات، بەڵام ئەو هەڵچوونانەی کە هەردوو وشەکە دەیوروژێنن جیاوازە، واتە هەریەک لە وشەکان مانایەکی ویژدانی جیاوازی هەیە (بەکرێ گیراو بە کەسێک دەوترێت کە بەکرێ کاری خراپە بکات، جا ئەو کارە دژ بە تاکە کەسێک بێت یان دژ بەکۆمەڵ، بەڵام کرێکار بە کەسێک دەوترێت کە بەهۆی کار و ماندووبوونییەوە کرێ وەردەگرێت).

زۆر لە وشەکان مانای ویژدانییان گرنگترە لە مانای دەلالییان. بۆیە شاعیر و ئەدیب و چیرۆکنووسەکان پشت بە مانای ویژدانی دەبەستن، بەڵام زانایان هەوڵ دەدەن بە ڕادەیەکی زۆر پشت بەمانای دەلالی ببەستن.

**پێوانی مانا**

لەوانەیە بەکارهێنانی پێوانی مانا زۆر گونجاو نەبێت لە زمانی کوردی، چونکە وشەی پێوان زیاتر بۆ پێوانی شتی تر بەکاردێت، درێژی... تاد، بەڵام دوای بەدواداچوونی وشەی (القیاس) لە عەرەبی و وشەی (Measure) لە ئینگلیزی دەرکەوت کە ئەوانیش بۆ پێوانی شتی تر و مانا بەکاردەهێنن، بۆیە ئێمەش لێرەدا وشەی پێوان بەکاردەهێنین.

ئەو شیکردنەوەی دەربارەی وەرگرتنی مانا خستمانە ڕوو جەخت لەسەر ئەو زانیارییانە دەکات کە تاک فێری دەبێت. ئەو زانیارییانەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن، بۆیە ماناکانیش لە ڕووی دەلالی و ویژدانییەوە جیاواز دەبن. ئەم بۆچوونە چۆنیەتی پێوانی مانای بۆ زانایانی دەروونزانی دەرخست. ئەوانیش بەم ڕێگایانە وەڵامیان دایەوە:

١- وەڵامدانەوەی ئازاد: ئاسانترین ڕێگا بۆ زانینی

مانای وشەیەک سەبارەت بە کەسێکی دیاریکراو ئەوەیە کە لێی بپرسین، ئەم وشەیە لای تۆ چی دەگەیەنێت؟ بۆ نموونە دەتوانین داوا لە منداڵێک بکەین وەسفی (کۆتر)مان بۆ بکات. ئەگەر منداڵەکە خۆی دوورخستەوە لە وەسفکردنەکە یان باسی بابەتێکی تری کرد پێوەندی بە وەسفکردنەکە نەبوو ئەوا وەرناگیرێت، تەنیا ئەو مانایە وەردەگیرێت کە منداڵان بەشێوەیەکی گشتی لەسەری کۆکن. پێشی دەوترێت پێناسە.

هەر لە هەمان ڕێگا دەتوانین شێوازێکی تر بەکاربهێنین، ئەویش ئەوەیە داوا لەتاک بکرێت وێنەی ئەو وشەیە بکێشێت کە دەمانەوێت ماناکەی بپێوین. وەک داواکردن لە منداڵ وێنەی سێگۆشەیەک بکێشێت، یان داواکردن لە قوتابییەکی زانکۆ وێنەی خانەیەکی ئەندامی بکێشێت. ئەم شێوازە لە پێوان توانای تاک بۆ دەربڕین و وێنەکێشان و تێگەیشتنی بیرۆکەکە کاری لێدەکات.

٢- جیاکردنەوە: ئەگەر بمانەوێت وەڵامدانەوەیەکی بابەتیمان دەست بکەوێت و پێوانیشی ئاسانتر بێت دەتوانین ئەم ڕێگایە بەکاربهێنین، لەم ڕێگایەدا کۆمەڵێک شت دەدرێتە تاک و پێی دەوترێت کام شت لەمانە مانای وشەکە دەدات جیای بکەرەوە.

زانای دەروونزانی (کۆخر) گۆڕانکارییەکی گرنگی بەسەر ئەم ڕێگایەدا هێناو ناوی نا ڕێگای (گۆڕاو) لەم ڕێگایەدا سێ ڕەگەز یان زیاتر دەدرێتە تاک و داوای لێ دەکرێت ئەو ڕەگەزە هەڵبژێرێت کە پێوەندی بە چەمکەکە یان وشەکە نییە. لە سوودەکانی ئەم ڕێگایە پێویست ناکات، توێژەر باسی هیچ چەمکێک بکات. هەروەها دەتوانێت زیاتر لە چەمکێک لە یەک کاتدا بپێوێت. دەتوانێت هەر تێکەڵاویەک هەبێت لەنێوان چەمکەکان جیای بکاتەوە، لەم نموونەیەدا:

قوتابخانە، پەرستگا، مزگەوت، نوێژ

داوا لە تاک دەکرێت ئەو وشەیە جیابکاتەوە کە پێوەندی بە وشەکانی تر نییە یان جیاوازە.. لە ڕاستیدا نموونەکە دوو وشەی تێدایە پێوەندی بە وشەکانی تر نییە. ئەگەر تاک بۆچوونی ئایینی هەبێت ئەوا وشەی (قوتابخانە) جیادەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بیر لە بیناسازی بکاتەوە وشەی (نوێژ) جیادەکاتەوە.

٣- لێگەڕانی ئازاد: ئەم ڕێگایە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی تاک. هەروەها ئەم ڕێگایە ئەوەش دیاری دەکات ئەگەر تاک بۆچوونێکی جیاوازی هەبێت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەی زمانەوانی یەک نەگرێتەوە لەم ڕێگایەدا داوا لە تاک دەکرێت لە کاتی بیستنی وشەیەک بەخێرایی هەر وشەیەک بەبیریدا دێت بیڵێت. ئەویش بەزۆری ئەو وشانە دەڵێت کە یەک پۆلین لەگەڵ وشەی بیستراو. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین (دایک)، لە وەڵامدا لەوانەیە ئەم وشانەمان گوێ لێ بێت (باوک، کوڕ، کچ..تاد)، بەڵام ئەگەر وشەیەکی وەک (پێنووس)مان گوێ لێبوو، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچوونی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەی زمانەوانی یەک ناگرێتەوە. شایانی باسە ئەم ڕێگایە بەکار دەهێندرێت، بۆ شیکردنەوەی دەروونی و دیاریکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان، بەڵام پێوەندی بە بابەتەکەمانەوە نییە. بۆیە باسی ناکەین.

٤- جیاکراوەی دەلالی: (وزکۆد) و هاوڕێکانی ئەم ڕێگایەیان داهێنا بۆ پێوانی بیروبۆچوونەکان. بۆ نموونە گریمان دەمانەوێت مانای ویژدانی وشەی (دایک و باوک) لای ژمارەیەک لە قوتابی دیاری بکەین، کۆمەڵێک قادرمەی دژ بەیەکیان پێشکەش دەکەین و داوایان لێ دەکەین نیشانەی (×) لەم شوێنە دابنێن کە خۆیان هەست دەکەن پێوەندی بە هەردوو وشەکەی سەرەوە هەیە. نموونەکەش لە حەوت قادرمە پێک هاتووە بەم شێوەیە:

دڵخۆش - - - - - - دڵتەنگ
خێرا - - - - - - لەسەرخۆ
بەهێز - - - - - - بێ هێز
توندوتیژ - - - - - - نەرمونیان
باش - - - - - - خراپ

دوای وەڵامدانەوەی قوتابیان (ناوەندە ژمێری) جووتە دژ بە یەکەکان دەردەهێنین و هێڵکارییەکی بەیانی بۆ دەکێشین. ئەمە بە بۆچوونی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەی زمانەوانی دەبێتە پرۆفیلی تەواو بۆ ئەم چەمکە.

لە کەموکورییەکانی ئەم ڕێگایە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە وەڵامدانەوەمان لابێت لە کاتی بەکارهێنانی شێوازەکانی ئامار جیاوازییەکانی بیروبۆچوون دەشاردرێنەوە و بە تەواوی بەدیار ناکەون. هەروەها

شێوەیەکی تەواو ڕاستمان دەربارەی مانا لەیەک شارستانی ناداتێ.

**کارلێکردنی مانا**

زانایانی پەروەردە بۆ ڕوونکردنەوەی مانای دەلالی لە پرۆگرامەکانی خوێندن ئەم کارلێکردنەی مانا بەشێوەی پێناسە یان نموونە یان ناوەرۆک..تاد بەکاردەهێنن. بۆ نموونە دەتوانین مانای وشەیەکی بێگانە تێبگەین لەناو چەند ڕستەیەک، بەم شێوەیە:

- کاوە لە کارگەی دروستکردنی شووز کار دەکات.
- شووزی ئەم ساڵی ئافرەتان جیاوازە لەگەڵ پار.
- ئایا شووزەکەی تۆ لە پێستەیە یان شتی تر؟
- شووزەکەم بەهۆی باران تەڕ بوو.
- شووزی کوڕەکەم بێ قەیتانە.
- ئافرەتی دووگیان شووزی پاش پانی نزم لەبەر دەکات.

دوای خوێندنەوەی ڕستەی یەکەم خوێنەر شتێک تێدەگات دەربارەی وشەکە. لە ڕستەکانی دواتر ماناکەی زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە ڕستەی کۆتایی بە تەواوی ماناکەی تێدەگات. هەروەها بەهۆی ڕستەکان کار و وەزیفە و بەشێک لە شێوەی...تاد ڕوون دەبێتەوە.

دوای خستنەڕووی گرنگترین تەوەرەکانی بابەتەکە بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەکە زۆر ئاڵۆزە و تا ئێستاش پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە نەدیوە.

**سەرچاوەکان**

١- د. الحمداني، موفق، اللغة وعلم النفس، دار الكتب للطباعة و النشر، جامعة الموصل، (١٩٨٢).

٢- د. هـ. روبنز (ترجمة: د. احمد عوض) موجز تاريخ علم اللغة في الغرب، عالم المعرفة، الكويت (١٩٩٧).

٣- ڕێزمانی کوردی، پۆلی یەکەم و دووەم و سێیەمی ناوەندی.

# ڕۆڵی کورد لە شەڕی مەلازگرددا

د. نیشتمان بەشیر محەمەد
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلیژی ئاداب)

ڕۆڵی کورد لە پارێزگاریکردن لە سنووری دەوڵەتی ئیسلامی، بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە وەک ئاشکرایە وڵاتی کورد لە ناوچە چیاییەکان پێک دەهات لە باکووری دەوڵەتی ئیسلامی وەک (ئازەربایجان و ئەرمینیا و ناوچەی جەزیرەو ئاران) ئەم ناوچانەش سنووریان هاوبەش بوو لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، لەبەر ئەوە زۆر کات ئەم دەوڵەتە پەلاماری ناوچە کوردیەکانی دەدا.

وەک ئاشکرایە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دوژمنێکی سەرسەختی خەلافەتی ئیسلامی بوو، لەبەر ئەوەی بیزەنتیەکان زۆرێک لە ناوچەکانی نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دا لە کاتی شەڕی ڕزگاریخوازی موسڵمانان لە جەزیرەو وڵاتی شام، چونکە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو کە بیزەنتیەکان زۆربەی هێرش و پەلامارەکانیان ئاراستەی سنوورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بکەن چ لە سەردەمی ئەمەوی و چ لەسەردەمی عەباسیەکاندا.

دەسەڵاتی ناوەندی ئیسلامی، بایەخێکی زۆری دەدا بە ناوچە سنووریەکان و بەتایبەتی قایم کردنی شارەکانی ئەم ناوچانە و بەهێزکردنیان و تاسەردەمی خیلافەتی سێیەمی عەباسی ئەم هەرێمانە لە ژێر کۆنترۆڵی خەلافەتدا بوون، بەڵام دواتر ئەم دۆخە گۆڕا و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی کزولاواز بوو، لەبەر ئەوە کورد ڕۆڵێکی گەورەو گرنگی بینی لە پارێزگاریکردنی ناوچە سنووریەکان و بەرگری لێکردنی و بەرپەرچدانەوەی مەترسیە دەرەکیەکان لەلایەن میرنشینە کوردیەکان وەک میرنشینی ڕەوادی و شەدادی.

گرنگترین ئەو هێزانەی هاوسنوور و نزیکە خاکی کوردبوون بریتی بوون لە (ئەرمەن- کەرج- خەزر) لەبەشی باکوور و ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاواشەوە دەوڵەتی بیزەنتی، کەواتە وڵاتی کورد بەردەوام لەلایەن ئەم هێزانەوە ڕووبەڕووی مەترسی دەبووەوە بۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە کورد ئەرکی پاراستن و بەرگریکردن لە خاک و زێدی خۆی لە ئەستۆ بگرێت. سەبارەت بە میرنشینە کوردیەکانی ئەم ناوچە سنووریانەش دەتوانین ئاماژە بەسێ میرنشین بکەین کە بارودۆخیان لە مەترسیدا بوو، میرنشینی شەدادی لە ئاران، میرنشینی ڕەوادی لە ئازەربەیجان، میرنشینی مەڕوانی لە جەزیرە و ئەرمینیا.

هێرش و پەلامارەکانی بیزەنتیەکان بۆسەر سنوورەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەردەوامی هەبوو تا دەرکەوتنی سەلجوقیەکان لە ناوچەکەدا وەک هێزێکی نوێ، لەگەڵ هاتنی شەپۆلی ئەم هێزە نوێیە تەرازووی هێز لەم ناوچانەدا گۆڕا و بەمەش هەڵوێستی بیزەنتیەکان لە ڕووی سەربازیەوە لاسەنگ بوو، نەیانتوانی بەردەوام بن

لەهێرشکردن، چونکە سەلجوقیەکان لەگەڵ دەستپێکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز و تۆکمە، توانیان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە گوشارێکی زۆر بخەنە سەر بەرەی بێزەنتی ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجگەلێکی زۆر لە پێشەوەی ئەم ئامانجانە دەستگرتن بەسەر ناوچە کوردیەکاندا، چونکە ناوچەو هەرێمە کوردیەکان بەشێکی گرنگیان پێک دەهێنا لەستراتیجیەتی سەلجوقیەکان و مەیدانی سەرەکی بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزو پەلاماری بێزەنتیەکان تا لێیەوە بتوانن بەرپەرچی هێرشەکان بدەنەوە.

لە ساڵی ٤٦٣ھ/ ١٠٧١ز میرنشینی مەڕوانی ڕووبەڕووی هێرشێکی سەربازی بێزەنتیەکان بووەوە بەتایبەتی شارەکانی (مەلازگرد- ئەرجیش- ئەخلاط) لە هەمان ساڵدا ئیمپراتۆری بێزەنتی ڕۆمانوسی چوارەم دیوجینوس romanus (diogenes) بەهێزێکی گەورەوە بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر ناوچەی ئەرمینیا کە لە چەند گرووپێکی ئەتنیکی جیاواز پێک دەهات وەک (روم- روس- خەزەر- قفجاق- کەرج- ئەرمەن... تاد) بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان سوپای بێزەنتی نزیکەی (٢٦٠) هەزار سەرباز بوون لە کاتێکدا سەلجوقیەکان کە لەناوچە کوردیەکاندا بوون، ژمارەیان تەنیا (٢٠) هەزار کەس بووە، کاتێک هەواڵی پەلامارە سەربازییەکەی ئیمپراتۆری بێزەنتی ڕۆمانوس بۆسەر شاری مەلازگرد کە دەکاتە ناوچەکانی باکووری دەریاچەی وان (کوردستانی باکوور/ تورکیا) گەیشتە سوڵتانی سەلجوقی (ئەلب ئەرسەلان) کە لە شاری (خوی) بوو لە ئازەربیجان، هەرچەندە ژمارەی سەربازەکانیشی کەم بوون، بەڵام بڕیاری ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپراتۆری بێزەنتی دا.

لێرەدا ڕۆڵی کورد ئاشکرا دەبێت لە بەرگریکردن و پاراستنی خاکەکەی بەرامبەر دەستدرێژی بێگانە، تەنانەت هەردوو مێژوونووسی بەناوبانگ (ابن الجوزي داوداري) ئاماژە بۆ ئەو ڕاستییە دەکەن کە (١٠) هەزار سەربازی کورد لە خەڵکی ناوچەکە بەشێوەیەکی خێراو بوێرانە خۆیان ئامادە کرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی پەلاماری بێزەنتیەکان و شەڕێکی زۆر سەخت و بەناوبانگ لە هەرێمە شاخاوییەکانی کوردستانی سەروو (تورکیا) ڕووی دا بەناوی شەڕی (مەلازگرد) کە ئەگەر بەشداری چالاک و چاونەترسانەی کورد نەبوایە لەم شەڕەدا، دەتوانین بڵێین ئەنجامەکەی لەبەرژەوەندی بێزەنتیەکان دەبوو سەربازانی کورد لە دوو بەرەوە توانیان ڕووبەڕووی بێزەنتیەکان ببنەوە، چونکە بێزەنتیەکان هێزەکانیان دابەش کردبوو بۆ دوو بەش، بەشی یەکەم بەسەرکردایەتی (طرخانیوس) کە هێرشی کردە سەر شاری خەلات (کە دەکەوێتە کەنارەکانی دەریاچەی وان) بەشی دووەمیش بەسەرکردایەتی (ڕۆمانوس) و هێرشی کردە سەر شاری مەلازگرد. لە ئاکامدا هەردوو شارە کوردیەکە تووشی کوشتارێکی زۆر هاتن، لەولاشەوە میری میرنشینی مەڕوانی (نظام الدین) میری دیاربەکر بە پاڵنانی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی کۆمەک و یارمەتی سەربازی زۆری نارد بۆ ئەم ناوچانە.

لە دوای شەڕێکی زۆر توندو قورس بێزەنتیەکان شکستیان هێناو هێزی کوردی ئیسلامیش سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ خۆیان تۆمار کرد، تەنانەت ئیمپراتۆری بێزەنتی (ڕۆمانوس) لەم جەنگەدا لەلایەن کوردەکانەوە بەدیل گیرا، سەرچاوەکان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی بەدیل گرتنی ڕۆمانوسەوە، بەڵام (ئیبن العبري) مێژوونووس لە کتێبەکەی خۆیدا (تاریخ الزمان) دەڵێ کابرایەکی کورد بەناوی شادی توانی ئیمپراتۆری بێزەنتی ڕۆمانوسی چوارەم بەدیل بگرێت بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، دەتوانین بڵێین کە وشەی (شادی) وشەیەکی کوردییە بەواتای (السعادة) دێت، تەنانەت باپیری سەرکردەی کورد (صلاح الدین الایوبي) ناوی (شادی)یە. (ابن العبري: تاریخ الزمان، ص ١١١-١١٢).

هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بێزەنتیەکان لە شەڕی مەلازگرد زۆرە کە ناکرێ لێرەدا باس لە هەموویان بکرێ، بەڵام گرنگترینیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی ئاکتڤانەی هێزەکانی کوردی لە بەرگریکردن و پاراستنی خاکەکەیان لە دەستدرێژی بێگانە، هەروەها کۆششی سەلجوقیەکان لە قایم کردنی پێگەو دەسەڵاتیان لە ناوچە و هەرێمە کوردیەکاندا یارمەتیدەر بوو بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنێکی لەم جۆرە.

سەبارەت بە ئاکامەکانی شەڕی مەلازگرد سەبارەت بەکورد، ئەوا لە هەموو بارێکدا لە بەرژەوەندی کورد نەبووە، ئەگەر چی کوردەکان توانیان بەرپەرچی مەترسیەکی گەورە بدەنەوە، لە هەمان کاتدا سەرەتای دروستبوونی مەترسییەکی نوێ بوو بۆ کورد کە خۆی لە بوون و هەژموونی سەلجوقیەکاندا دەبینیەوە لە ناوچەکەدا، هەرچەندە کورد ڕۆڵێکی مەزن و پڕ بایەخی هەبوو لە شەڕەکەدا و دانیشتوانی کورد بەرگریەکی بێ وێنەیان نیشان دا و میر و سەرکردە کوردیەکانیش

کۆمەک و یارمەتیەکی باشیان پێشکەش کرد،بەڵام سەلجوقیەکان هەوڵەکانیان لەبەرچاو نەگرتن و پاداشتی ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی کوردیان نەدایەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردستان ئاوەڵابوو بەرامبەر شەپۆلی تورکەکان و گرتنی هەرێمە کوردیەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کوردستان بووە بنکەیەکی سەرەکی سەلجوقیەکان، بەڵام ڕووداني ئەم شەڕەو بەشداری کوردەکان تێیدا بایەخ و گرنگیەکی زۆری هەیە لە دیرۆکی کورددا لە سەردەمی ئیسلامی، چونکە بە گەواهی مێژوونووسان، کوردەکان بوونە قەڵغانی پارێزگاری لە سنووری دەوڵەتی ئیسلامی.

**سەرچاوەکان:**


١- الحسيني: (زبدة التواريخ في اخبار الامراء والملوك السلجوقية)
(اخبار الدولة السلجوقية)، تحقيق محمد نورالدين، بيروت، ١٩٨٦م.

٢- ابن الاثير: (الكامل في التاريخ)، بيروت، ١٩٧٨م.

٣- البغدادي: تاريخ دولة أل سلجوق، بغداد، ١٩٦٤م.

٤- سبط ابن الجوزي (مرآة الزمان في تاريخ الاعيان)، انقرة، ١٩٦٨م.

٥- الداوداري: كنز الدرر و جامع الغرر، تحقيق صلاح الدين المنجد، القاهرة ١٩٦١م.

٦- ابن العبري: تاريخ الزمان، ترجمة الاب اسحق ارملة، بيروت، ١٩٩١م.

٧- حسن حبشي: الحرب الصليبية الاولى، القاهرة، ١٩٥٨م.

٨- رنسيمان: تاريخ الحروب الصليبية، ترجمة الباز العريني، بيروت، ١٩٦٧م.

٩- الفارقي: (تاريخا امد و ميافارقين) القاهرة، ١٩٥٩م.

١٠- عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كوردستان الوسطى، بغداد، ١٩٧٢م.

11- MINORSKY: V (STUDIES IN CHUCASIAN HISTORY) PRINTED IN GREAT BRITAIN, LONDON, 1953

# پاکانە

ڕۆبن ناڤاریت
و/ لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
(سلێمانی)

پرسیار: لە جیهانێکدا کە پڕە لە ئەگەری تازەو چاوەڕوانی و هێڤدارییەکی بێ شومار، ئاخۆ دەبێت کەسێکی مەکسیک- ئەمریکی کە تازە لە زانکۆی «هارڤارد» دەرچووە چ بەخت و ژیانێک چاوەڕێی بکات؟

وەڵام: نائومێدی و دڵساردی.

سەرباری ئەوەش کورتەی حەکایەتەکە لەوەدایە کە چەندە قورسە، چەندە جیاواز و درێژخایەنە بۆ کەسێک لە تەمەنی سی و یەکساڵی دەست پێبکاتەوە. من هەمیشە زۆر دەترسام کە بەردەوام دایک و باوکم نائومێد دەکەم.

ئەوان هەردووکیان نەیانتوانیبوو لەژیانی خۆیاندا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن، چونکە لەناو هەژارییەکی کوشندە ژیانیان گوزەراندبوو، سەرباری چەشتنی تاڵاوی دەمارگیری و جیاوازی ڕەگەزی لەسەر دەستی سپی پێستەکان، دیارە لەم دۆخەدا سەرکەوتنی من و براو خوشکەم بەجۆرێک لە جۆرەکان قەرەبووی نوشوستی ئەوان بوو.

سەبارەت بە منیش.. خوێندن و دەرچوون لە ناودارترین زانکۆی وڵاتدا سەرەتایەکی زۆر مژدەبەخش بوو. گرفتی گەورە لەوەوە دەستی پێکرد کە من ڕێگایەکی جیاوازم هەڵبژارد لەوەی کە دایک و باوکم چاوەڕێی بوون، هەڵبژاردنی پیشەو کارێک کە ئاراستەیەکی تەواو جیاوازی هەبوو لەوەی ئەوان بۆیان هەڵبژاردبووم. زۆر بەسادەیی ئەوان چاوەڕێ بوون کە من ببم بە پارێزەر، ئەوەیان هەڵبژاردنێک بوو کە ئەمڕۆکە وای دەبینم بۆ کەسێکی وەک من تا ئەوپەڕی بێزەوەر بوو؛ شتێک کە خەیاڵم بۆی نەدەچوو. باوکم، زۆر بەتایبەتی، لەنێو ڕیزی کار و پیشەکاندا، پلەو پایەی پارێزەرانی بەسەرتۆپی هەر هەموو پیشەکان دەزانی و شوێنێکی زۆر بڵندی بۆ دادەنا، هەمیشە بەو ئاراستەیەشدا منی هان دەدا. باوکە خەون و حەزەکانی خۆی دەرخوارد دەدام هەروەک ئەوەی بە زۆر لەگەنێک شیوم دەرخوار بدات، شیوێک کە لە جۆرەها سەوزە لێندرابێت.

بەڵام ئێستاکە، لە دوای ساڵانێکی زۆر من گەیشتوومەتە شوێنێک کە هەرگیز خەونم نەدەدی بەوەی کە پێیدەگم، لەو گەشتەمدا دژ بە خولیاو مەیلی دایک و باوکمەوە هاتم، دژ بە تەماعە زۆر شکۆدار و گەورەکەیان.

من هەنووکە نووسەرم.

ڕێگای ئەو گەشتەم، هەندێک جار، پڕ بوو لە کۆسپ و ناڕەحەتی، گومان و دڵەڕاوکێ. زۆرجاران خەیاڵی ئەوە دایدەگرتم کە بگەڕێمەوە. تەنیا هۆیەک کە وای لەمن کرد نەگەڕێمەوە دواوە، ئەوەبوو کە بەدرێژایی ئەو گەشتەم دەرکم کرد کە هەر لەسەرەتاوە هیچ شتێک بە هەڵبژاردنی خۆم نەبووە، بەڵکو ئەو گەشتەم، هەرچەندە سەخت و دژوار بووبێت، پێشتر چارەنووسێک منی خستە سەر ئەو ڕێگەیە.

ساتەوەختی ڕاستەقینەی ئازادیی من لەو خاڵەدا چڕ بۆوە کە لەناو خۆمدا دانم بەوەدانا، سەرباری ئەو

ڕوانینەی لە کولتووری ئێمەدا بۆ سەرکەوتن هەیە و منی لەسەر پەروەردە کرابووم، من پێم باشتر بوو نووسەرێکی پڕ کۆشش و ماندوو بم لەوەی کە پارێزەرێکی سەرکەوتوو بم. ئێستاش کە ڕێگاکە لەبەرچاوم جوان دیارە و تەختە، دڵم پڕە لە ڕەزامەندی و خۆشنوودی بەوەی کە دەزانم من دواجار بە چنگە کرێ توانیم ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆم بسازێنم، بەوەی کە من ئەو شتەم کرد کە زۆر لەلام خۆشەویستە، دەشزانم کە ئەرکێکم لەسەرەو مەرجە جێبەجێی بکەم.

بەڵام پڕ بوو لە ڕۆژگارێکی وا کە زۆر بەزەقی لەسەر یادەوەری ئاسەواری ناخۆشی بەجێهێشتووە، ڕۆژگاری پەشێوی و دوور لە دڵنیایی و بێ ئۆقرەیی، ڕۆژگارێک کە بوو بە ڕابردوو، بەڵام ئەوەندەش لێمەوە دوور نین.

هەر بۆ نموونە: من دەمەتەقێیەکی خۆم و باوکم لەیادە کە چەند ناخۆش و دژوار بوو، دووساڵ لەمەوبەر، کە بەتایبەتی هەردوو لامان شەڕانگێز بووین. هاوارکردن، نەفرەت باران، هەردوولامان لەسەر هێڵی تەلەفوونەکە ئاگرمان دەکردەوە، هەر یەکەمان دەیویست لەو شەڕە دەمەدا ئەوی دیکەمان تاوانبار بکەین و قسەی خۆی زاڵ بکات. ئەم درامایە- کە دەبوو بە شوێنێک بگات و تەواو نمایش بکرێت، هەر کەسە و ڕۆڵی خۆی ببینێت، ساڵی دووسێ جار- هەر دەبوو بە دەیەها خەمخۆری و بایەخی باوکانە کۆتایی پێبێت. ئەو پیرەمێردە زۆر بە وردی گفتەکانی خۆی هەڵدەبژارد و دواجار دەبوو لە دوای ئەو سەرکوتانەوەیە نەرمونیانتر خۆ بنوێنێت و بەجۆرێکی دیکە کۆتایی بەو وانەیەی خۆی بهێنێت.

«ئێمە خەمی تۆمانە، من و دایکت. ئێمە دەزانین چەند گران بۆ تۆ دەگوزەرێت.»

بەڵێ.. گران گوزەرا. هەر لە سەرەتاوە گران و زەحمەت بوو- گرانتر لەوەی کە خەیاڵم بۆی چووبێت، ساڵانێک لەمەوبەر، کە بۆ یەکەمجار بڕیارم دا خۆم بدەمە دەست پیشەیەک، بە پڕاوپڕی، بۆی بژیم، پیشەیەک کە زۆربەی نووسەرانی دیکە، کە لەوانەشە حوکمەکەیان دروستتر بوو بێت، کە تەنیا وەک حەز و خولیایەک سەرگەرمی ئەو گەمەیە بووبن.

خۆ بەخێوکردن و گوزەران لە ڕێی نووسینەوە تا بڵێی ئازار بەخش بوو. وەک نووسەرێکی سەربەخۆ وای لێهاتبوو هەموو ڕۆژێک بنووسم، بە فاکس چەندەها وتار و نووسینی جۆر بەجۆرم دەنارد کە مەرج نەبوو سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێت، دەمناردن بۆ چەندەها ڕۆژنامەو گۆڤار. هەندێک جار لە ڕێی پۆستەوە چەکم بۆ دەهاتەوە. بەڵام هەرگیز وەک پارەکە خۆ مسۆگەر نەبوو. هەر لەبەر ئەوە گەڕامەوە شوێنی دێرینم کە پێشتر تیایدا ژیابووم، سان جۆئانکوین ڤالی کە کەوتبووە ناوەڕاستی کالیفۆرنیا. من ماڵی دڵخوازێکی خۆم کرد بە پەناگا کە کچێکی میهرەبان بوو، زۆربەی کات ئیشم دەکرد، لە ڕۆژێکدا حەفتاو پێنج دۆلارم وەردەگرت لە بەرامبەر ئەوەی مامۆستایەکی یارمەتیدەر بووم لە قوتابخانە سەرەتایی و دوا ناوەندییەکان، تەنیا ئاواهی دەمتوانی لەسەر خولیاو حەزی خۆم بۆ نووسین بەردەوام بم. هەر کاتێک بلوایە و لە کۆلێژێکدا وەک وانەبێژ بانگهێشت کرابام؛ دەچووم، هەڵبەت لە بری قسەکانم پارەم وەردەگرت. جارێکیان لە ڕادیۆ و لە «لۆس ئانجلز» بانگیان کردم بۆ بەرنامەی «تۆک شۆ» کە بابەتی جیاوازی دەخستە بەر گوێی خەڵکی بۆ دەمەتەقێ، ئیتر وای لێهات ڕادیۆکان وەک کەسایەتییەکی ئەدەبی ناودار لەو شارەدا بانگیان دەکردم. هەر هەمووشی بۆ ئەوە بوو کە دەرەقەتی ئەوە بێم لەسەر نووسین بەردەوام بم.

جیا لەوەی کە من بە چنگە کرێ نانی خۆم پەیدا دەکرد، لە هەمان کاتدا هەوڵم دەدا، گەر بوارم بۆ بڕەخسایە، کە سەرگەرمی هەندێک پرۆژەی دیکە بم و خۆم تەرخان دەکرد کە ستراتیژێکم هەبێت بۆ نووسینی کتێب. هەر لەوکاتەدا کە تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو توانیم کتێبێک دەربکەم، لە هەفتەیەکدا چەند سەعاتێکم تەرخان دەکرد تاوەکو هەندێک بیرۆکەی تازە بدۆزمەوە و پرۆژەی چەند کتێبێک بخەمە سەر کاغەز بەو نیازەی بتوانم شاکارێک بەرهەم بێنم. پاشان هەر دەبوو چاوەڕێ بم.. چاوەڕێ.. چاوەڕێ. پاشان چاوەڕوانییەکە بە زنجیرەیەک نامە کۆتایی دەهات کە هەر هەموویان نامەی ڕەتکردنەوەی کتێبەکانم بوون کە لەلایەن دەزگا چاپەمەنییەکانەوە دەگەیشتنە دەستم و بە پرۆژەکانم قایل نەبوون. کەواتە جارێکی دیکە تێهەڵدەچمەوە و قرتە قرت من و کۆمپیوتەرەکەم دەست پێدەکەینەوە.

«تۆ بە نیازیت تا کەی ئاواهی بەردەوام بیت؟

ئەوەتا ناگەیتە هیچ. هەر لە هەوڵ و تەقەللا دایت.

من و دایکت حەز دەکەین سەرکەوتوو بتبینین.»

منیش حەزم دەکرد کە دایک و باوکم بۆ جارێکی تر وایان لێبێت شانازی بەمنەوە بکەن. دوای نۆ ساڵ خۆ خەریک کردن بە نووسین بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ، سەرباری وانە وتنەوە، بەشداریم لە نووسین بۆ ڕۆژنامە سەرەکی و گۆڤارە ناوخۆییەکان، جگە لەوەی کە لە بەرنامەی «تۆک شۆ»دا لە ڕادیۆ هەمیشە میوان دەبووم، لەولاوەش بەشێکی وەختەکەم لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و دواناوەندیدا مامۆستا بووم. کەچی هێشتا هیلاکی ئەوە بووم دەرەقەت بێم پارەی ناو لیستەو پسوولەی حیسابەکانی سەر ئەستۆم بدەم و ئامادەی

ئەرکەکانی خۆم بم.

دواجار، لەبەهاری ساڵی پاردا، هەستم کرد ئیدی من تەواو پڕ بووم و قەڵسم. نەک لە خودی نووسین خۆی، بەڵکو مەسەلەکە ئەو شوێنە بوو کە تیایدا نیشتەجێ بووم. هەڵبەت من وەک بڕیارم دابوو کە ببمە نووسەر، بەهەمان دڵگەرمییەوە مەبەستم بوو کە لەو شارەی خۆمدا نووسەر بم، بەڵام خەون و ئامانجەکانم دژ بەیەک دەوەستانەوە. هەمیشە لە خۆمدا ئەو ئارەزووەم گەرم دەکرد کە نزیک بەو مەڵبەندە بم کە ڕەگ و ڕیشەمی لێ داکوتراوە، بەڵام وەک هەستکردن بوو بە گوناهێک کە جێهێشتنی هەواری خۆت دروستی دەکات، کەچی وەک گەنجێکی تەماعکار و پڕ خەون من هەواری خۆم جێهێشت، بەڵام چوونم بۆ ئەو شارە چکۆلانەی کە دەبوو بەختی خۆمی تێدا تاقی بکەمەوە جۆرێک بوو لە عەقڵ بەخساردان، چونکە ئەو هەل و بوارانەی لەو شارۆچکانەدا هەبوون زۆر بەرتەسک و سنووردار بوون. گرفتی من لەوێوە دەستی پێکرد کە من دواجار گەیشتمە ئەو ڕاستییە سادەیەی کە شوێنێکی وەک «سان جۆ ئاکوین ڤالی» دەتوانێت بە چەند کار و پیشەیەکی زۆر کەم کۆمەکم بکات، بە ئاشکراش دەرکەوت، کە ئەو دۆخە بە کەڵکی من نەدەهات.

لە ناکاو، من زانیم کە من ناتوانم هەردوو ئامانجەکەم لە هەمان کاتدا بێنمە دی؛ یان خۆ بەستنەوە بە ڕەگ و ڕیشە یان نووسین. دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرم. دواجار نووسینم هەڵبژارد.

ئێ کەواتە، غەمگین و نابەدڵ، کەوتمەوە خەیاڵی ئەوەی لەودیو سنوورەکانەوە بۆ شتێکی دیکە بگەڕێم، نامەم بۆ چەندەها سەرنووسەری ڕۆژنامەکان نارد کە من ئامادەم ئەو «دۆڵ»ەی خۆمان جێبهێڵم گەر یەکێکیان شتێکم پێشکەش بکات. لە ماوەی دە ڕۆژدا تکیتی فڕۆکە و خەرجی مانەوەم بۆ دوو ڕۆژ پێگەیشت لە فێنکس تاوەکو لەتەک «ئەریزۆنا ریپەبلیک» گفتوگۆیەک ساز بدەین. دوای دوو مانگ پێشنیارێکی زۆر پڕ قازانجم بەدەست گەیشت، هەتا پارەی هاتو چۆ و هەموو خەرجییەکیان خستە بەر دەمم. لە هەمووی گرنگتر ئەوەبوو کە دوو ئەرکیان پێ سپاردم: یەکێکیان بەشداریم وەک ستوونونووسێک، ئەوی دیکەیان کارکردنم بوو وەک هەواڵنێر و ناردنی ڕاپۆرت بوو، گرنگیبیەکەشی لەوەدابوو کە ئەوانەی منیان بە کرێ گرتبوو لە یاساو ڕێسای ڕۆژنامەی تەقلیدی و باو هەڵگەڕابوونەوە و لێدەگەڕان بە ئازادی ئەوە بکەم کە ڕۆژنامەکانی لێی دەتەکینەوە و حەزیان پێنەدەکرد ئەوەش یارمەتی دام کە خاوەنی دەنگی خۆم بم.

من دەقاودەق ئەو ڕۆژەم لەیادە کە ئەو هەلەی کارکردنەم بۆ ڕەخسا. خەیاڵ و زەینم بۆ ئەو نۆ ساڵە دەگەڕایەوە کە من لەو زەمەنەدا بەرگەی زۆر شتم گرت- هەر هەموو هەڵەو کەموکوورییەکان، ئەو هەموو نووسینە پڕ لە هیلاکییە، ئەو هەموو نامە زۆرەی ڕەتکردنەوە؛ ڕەتکردنەوەی بەرهەمەکانم، ئەو ژمارە زۆرە لە سەرنج و نامەی ئاگادار کردنەوە، دواجار هەستم بە شانازی کرد، تا ڕادەیەک، کە من بایی ئەوەندە بەهێز و ئازا بووم کە ئەو بڕوایەم بەخۆم هەبێت و بەردەوام بووم. پاشان لەنێو گەرمەی ئاسوودەگی و شکۆ و ئارامیدا فرمێسک بەسەر ڕوومەتمدا جۆگەلەی بەست. نوقمی هەڵچوون و داچوونێکی سەیر بووم.

ئێستاکە من ڕۆژانی خۆم لە ژووری هەواڵدا بەسەر دەبەم، کەسانێک دەوریان داوم کە لەگەڵ وشەی نووسراودا لە گەرمەی ململانێدان. خاوەنی خەرجی زۆر و کارمەند و چەندەها سێلی تەلیفۆن. مووچەکەم بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار پێنج ئەوەندە زیادی کردووە. وازم لە مامۆستایی هێناوە- سەردەمی هاتوچۆم بە پاس بەسەرچوو. بەڵام هێشتا میوانداری ڕادیۆکان ڕەت ناکەمەوەو جاروبار کۆڕ و موحازەرەم دەبێت.

بەڵام هیچ کام لەو شتانە بەقەد ئەو ڕەزامەندییەی دایک و باوکم لەلا خۆش نییەو دڵنیام کە ئاسوودەترن و باشتر دەخەون لەم ڕۆژانەدا، ئەوان وایان لێهاتووە کە سەرلەنوێ شانازی بە منەوە بکەن.

هەتا گەر سەرکەوتن بۆ خۆی باشترین تۆڵەش بێت، هەرگیز بەقەد ئەو وشانەی باوکم شیرین نابن کە لەم دواییەدا و لە پاش نیوەڕۆیەکدا لە زاری هاتە دەرێ. بەیەکەوە بووین و لەناو شاخان دەگەڕاینەوە، ڕێک لەو شوێنەی کە بەمنداڵی ماسیمان تێدا ڕاو دەکرد. لەبەردەم کۆگایەکی گەورە و کۆندا وەستاین، باوکم دۆستانە لەگەڵ پیرەمێردێکدا کەوتە دەمەتەقێ کە قوتووی خۆراکی لە پشت کاونتەرەکەوە ڕیز دەکرد.

باوکم بە پیرەمێردەکەی وت:

«ئەم پاش نیوەڕۆیە هاتینە ئێرە بەو ئومێدەی کە خۆمان ببینین ئاوەکە چۆن هەڵساوە، بەڵکو دواتر بتوانین چەند ماسییەک بگرین.»

پاشان ئاماژەی بۆ من کردو وتی: «ئەوەیان کوڕی منە کە هۆ لەوێ وەستاوە. نووسەریش»ە.

**سەرچاوە:**

The New York Times chicken Soup
For the Writers, Soul

# گەردوخول بەناو هەمەدانی بابا تاهیر-دا

**قەیس حوسێن ڕەسووڵ**

ناڕەوا نییە ئەگەر بڵێین سەفەرکردن دەرگایەکی فراوان لە زانست و زانیاری و هەستکردن و درک کردنێکی هەمەلایەن و فرەخاس و یادەوەرییەکی بەرفرە لەناخی مرۆڤدا دەکاتەوە و چێدەکا و دەورووژێنێ. هاوکات ژمارەیەک لە دید و بۆچوون و وێنەگەلێک لە دڵ و دیدەدا جێدێڵێ بەتایبەتی سەفەرکردنێک بۆ شوێنێک کە نیشتەجێکانی تاڕادەیەکی زۆر جیاوازبن لە ڕووی پێشکەوتنی ماددی و مەعنەوی و هەنگاوێکی چاکیشیان بڕیبێ لە خۆناسین و کۆمەڵگەناسین، لەوەش زیاتر ئەو شوێنە لانکی شارستانیەتێکی گەورە و کاریگەر بێ، بۆیە چەند بتوانی خوێندنەوەی قووڵ و فراوان و ڕەگاژۆیی بۆ بکەی هێشتان هیچت نەکردووە و هەروا بە ئاسانیش ناتوانی هەموو خەسڵەت و سیفەتە جیاکەرەوەکانی دەستبخەی. هەموو شوێنێک جۆرە جوانییەک لەخۆوە دەگرێ. لە خانوو بەرەو کوخ و کاخەکانییەوە بگرە تا دەگەیتە ئەو خەڵکەی کە لەو شوێنانەدا دەژین. ڕەنگە یەکەمین جار هەست بە شتانێک بکەی کە تا دوێنێ لێی بێبەش بووی. بۆیە حەز دەکەی کاتێکی زۆر لەناویاندا بمێنیتەوە و هەر ئەو شتانەش توخمی سەرەکی پێکهێنەری تەواوی سیما و ئەدگاریانە و ڕەهەندەکانی ئەو شوێنە پێکدەهێنن.

لەوەش زیاتر زۆرجاران بۆنی گوڵێک، وتەی زارێک، ڕەنگی خاکێک، سەدای بولبولێک بەرەو شوێنکاتێکت ببات کە تۆ بۆی دۆشدا دەمێنیی و بەدوای نهێنی ئەو سەرسوڕمانەت دەگەڕێی بەتایبەتی ئەو کەسانەی قەدەرێکی زۆر لەناو خەم و مەراقێکی گەورەدا شەویان شەو نەبووە و ڕۆژیشیان ڕۆژ. بۆیە هەر زوو بەزوویی دەکەونە بەر کاریگەریی ئەو شوێنە و سۆزەی گریان دایاندەگرێتەوە و جار جارەیش لە کانگەی دڵیانەوە پێدەکەنن و لەو نێوانەشدا ئاخێکی سارد هەڵدەکێشن و بەدەم ڕۆژانێک کە زۆر بە سەختی گوزەریان کردووە دەکەونە ناو باهۆزی برک و ژوان و دیسانەوە گریان ئەوکیان دەگرێ چونکە لەلایەن ناحەزەکانیانەوە گرازەریان لێکێشراوە و لە خۆڕایی مجرۆ و مافنگ و سەوداسەربوونە.

## ئەندازیاریی دەروونی لە شوێندا دڵشاد عەبدوڵڵا وەک نموونە

دەقی شیعریی «هەمەدان» کە لەلایەن شاعیر (دڵشاد عەبدوڵڵا)وە نووسراوە ئەوە هەڵدەگرێ کە ئەندازیاریی دەرەوەی شوێن چەندین کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نێوکۆی بیردا هەیە. بۆیە هەر شوێنێک تۆ دەچیەناوی جۆرە بیروبۆچوونێکت لاچێدەبێ. بەلای «کوخ»ێکدا تێپەڕی جیاوازی هەیە لەگەڵ «کاخێک»دا.



دڵشاد عەبدوڵڵا

بەڵکو لەڕێی ئەندازیاری ئەو شوێنە دەتوانی بزانی خەڵکەکەی ناوی چۆن بیردەکەنەوە و لایەنی دەروونییان بخوێنیەوە و چەند کاریگەری جوانی لەسەر خانووبەرە و دروستکراوە جۆراوجۆرەکانیانەوە هەیە و هاوکات واشت لێبکەن دابمێنی و بچیەوە ناو مێژوو و لاپەڕە پڕشنگدارەکانی یەکەیەکە هەڵدەیتەوە:

**لە یەکەم سەفەردا:**
**هەمەدان لە هێلکەیەک هاتە دەرێ.. من نەم شکاند**
**فاڵگرەوە لە بابل هاتن و وتیان:**
**باڵندەکە چی بەسەرهات؟**
**ئەندازیار لە یۆنان و**
**نەقار لە میسر و وەستا لە عەدەن**
**دارتاش لە چین و دیوانە لە نیشابوور**
**کەس سەری لەو هەموو**
**جوانییە دەرنەچوو**

ل: ١٣٦

لەوەش بترازێ کاتێ شوێنێک، وڵاتێک، شارێک دەبێتە ئەفسانە کاتێ جۆرە جوانییەک لەخۆوە دەگرێ. مەگەر ئەفسانە بتوانێ جوانییەکەی ڕوون بکاتەوە و شیکاری بکات و تا وای لێدێ کە مەلەکووتی سروشت بێتە ناو ئەو بابەتە و ڕادە و ڕێژەی جوانییەکانی ئەو شوێنە بۆ لای خۆی ببا و کێبەرکێ بکات لە ڕوونکردنەوەی ئەو نەخش و نیگارەی ئەو مەملەکەتەی ڕازاندۆتەوە. دواتریش بەهۆی زۆری وتنی (ئەو وتی)، (ئەم وتی) جۆرێک لە واتەوات چێدەبێ و خەڵکان ناتوانن بە تەواوی وەک ئەوەی شاعیر لە شیعری «خۆرگیران»دا دەڵێ:

**کچی گەورە**
**پرچی زەردی فڕێ داوەتە سەر پشتی**
**بەو جوانییە**
**گەردووناس و کیمیاگەر و جواناسی**
**شێت کردووە**
**گوێ لەوەی دادێ لە خوارەوە نەگرن:**
**ئاو دەیووت لە شێوەی ڕووبارێکمە**
**هەور دەیووت کتومت بارانمە**
**خۆر هەمان قسەی دەوت و**
**قومری دەیووت و**
**سێسنەی خەت خەت دەیووت و**
**برووسکە و هێشووەترێ و**
**نارنجێک دەیووت و**

ل: ١٧٩

تافی منداڵی تافێکی ناسک و جوان و خۆشە ئەگەر پێداویستییەکانی بۆ ئامادەکرا، منداڵ هەست بە خۆشی و خۆشنوودی دەکات. پێچەوانەکەشی ئەوەیە کە هەر کاتێک منداڵ بێبەش بوو لەو کامەرانییە، هەست دەکات جەوهەرێکی گرانبەهای ونکردووە و بەدوایدا دەگەڕێ تا دەیدۆزێتەوە، بەڵام بەهۆی زوڵم و زۆردارییەک کە زۆرجاران لە منداڵ دەکرێ لە لایەن ئەوانەی خۆیان بە کرچوکاڵی بە بەرپرس دەزانن، ئەم کەشوهەوایە چاکە چێنابێت. بەهۆی ئەوەوە دووبارە منداڵ هەست بە بۆشاییەکی گەورە دەکات لەژیانیدا. هەوڵدەدات ئەو بۆشاییە بە هەر جۆرێک بێ پڕی بکاتەوە. بۆیە دەکرێ لە سەفەرێک، شوێنێک، دێیەک ئەو ناسکییەی منداڵی، خۆشییەی منداڵی بدۆزێتەوە. ئەوساتەش ئەو شوێنە، سەفەرە، ڕێیەی بەهیچ شتێک ناگۆڕێتەوە و یەکبەدەنگی زوڵاڵی خۆی هاوار دەکات و بە شانازییەوە دەڵێت:

**لە یەکەم سەفەردا:**
**پەپوولەی منداڵیم دیتەوە**

ل: ١٣٧

ئەگەر منداڵی بدرێتەوە گوڵ. دەبێ گوڵ چۆن لەگەڵ ئەم تافە جوانییە پڕ ڕەونەقدارە هەڵسوکەوت دەکات و بە چ بۆنێک بۆنداری دەکات و چۆنیش دەیپارێزێ. منداڵی ئێمە بریندارکراوە و ڕووشێنراوە و پارچە پارچە کراوە و هەر پارچەیەکیشی بەلایەکدا چووە و گەرداوی هەست بریندارکردن و کفن و دفن کردنی لەگەڵ خۆی ڕاپێچی کردووە بۆیە زۆر مژدەیەکی بە بایەخە کە شاعیر پڕ بەدەمی پێمان بڵێت:

**منداڵی دامەوە بە گوڵێک**

ل:١٣٨

مرۆڤ هەر بە خوارسکییەوە حەز دەکات دۆستایەتی لەگەڵ دار و بەردو خاک و خەڵکی ئەو شوێنە بکات کە سەردانی دەکات. غوربەتی ئەوکاتەیە کە تۆ مرۆڤێک لە جیهانی خۆت نەدۆزیەوە کە ئامادەیی دۆستایەتی تۆی هەبێ، یان باڵندەیەک خۆیایەتیت بکات. مرۆڤ ئەو هێز و تینەی تێدایە کە ئاشنایەتی هەموو شتێ بکات. دەی لێرەدا چ ئاوازێکی غەمگین دەچڕێ کە تۆ هەست بەتەنیایی بکەیت، هەست بکەیت کەس ناتخوێنێتەوە و لەگەڵت ناسازێ لەکاتێکدا تۆ هەموو ئامادەباشییەکت بۆ ئاشنایەتیکردن تێدایە. لەم ساتە پڕ ناخۆشییەدا ئەگەر یەکێ بێ و لەگەڵ دۆستە کۆنەکانت ئاشنات بکاتەوە، دەبێ ئەتۆ هەست بکەی کە شادمانی و خۆشنوودی دڵت دادەگرێتەوە و چەندیش بەخەمگینی بە دەنگێکی نزم نەشئەی ئەو ئاوازە دەدەی بەگوێماندا:

**لە شارێکدا:**

**نە پیاوێکم دۆست بوو نە باڵندەیەک**

ل١٣٨

باباتاهیری هەمەدان ڕێز و حورمەتی هێندەی هەیە کە خوا هەمەدانی بۆ دروست بکات و ئەمیش چاکی مەردایەتی لێهەڵبماڵێ و ڕێز لەو دیارییە جوانە بگرێ:

**یەکەمجار**

**خوا هەمەدانی بۆ باباتاهیر دروست کرد**

**ئەویش کردی بە پەیڤ و**

**بەعەشق و**

**چل چرای چوارینە**

ل١٣٨

* * *

١- تاقیکردنەوەی شیعرییەت لەم شیعرەدا جێی تێرامان و لێوردبوونەوەیە.

٢- زمانێکی ساکار لە کۆی ئەم شیعرەدا بەکارهێنراوە.

٣- تارادەیەکی زۆر کەڵک لە مەلەکووتی گوڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە وەرگیراوە.

٤- ئەفسانەش جێگەیەکی باشی لە پانتایی ئەم شیعرەدا گرتۆتەوە.

٥- تارادەیەکیش زمانی ژمارە کە هەوەڵێن ژمارەیە بەکار براوە، ئەمەش قووڵییەکی دەروونی دەبەخشێتە جەستەی شیعرەکە.

٦- تافی منداڵی کە زۆربەمان وەک پێویستە نەمانگوزەراندووە لە ڕێی پرۆسەی فلاشباک کە هونەرێکی سینەماییە بەشێکی لە کۆی جەستەی شیعرەکە پێکهێناوە.

٧- جۆرە کەسایەتییەک بە گیانی ئەم شیعرەدا دراوە کە دەتوانین بڵێین بەیەکێک لە شیعرە جوانەکانی ئەدەبی کوردی دابنێین. دەشکرێ خودی ئەم شیعرە پەنجەرەیەک بە ڕووی شیعری کوردی بۆ جیهانی دەرەوە بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەزیەت و ئازار لەنێو کۆی گشتی شیعرەکە بەدی دەکەین.

٨- کەڵک لە کولتووری ئایینی وەرگیراوە کاتێ شاعیر دەڵێ:

**یەکەم جار**

**خوا هەمەدانی بۆ باباتاهیر دروست کرد**

هەمان قسەش کە لەناو خەڵکدا وەک کولتوور باوە «لولاک لولاک لما خلقت الأفلاک». گوایە خوای گەورە بە پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (دروودی خوای لەسەربێ)ی فەرمووە.

**٢٥ی ئاداری ٢٠٠٥ هەولێر**

**سەرچاوە:**

دڵشاد عەبدوڵلا، بەفرنووس و ئەوانی تر، (٢٠٠٤) هەولێر، دەقی (هەمەدان)، ل(١٣٦-١٣٨).

# شیعر و سینتاکس و سیمانتیک

هاشم سەڕاج

(بەهرە) یا ئەو هێزە و وزە/ مەستکەر و نەشئەبەخش و ئیکسیرییەی کە تێکەڵە بە دورجەکانی ڕۆح و دڵ و دەروون و زەینی شاعیرەوە، هاوکات کاریگەرترین هۆکار و بەرجەستەکەری دارڕژانی فۆرمی نوێ و فەزای ئەفسوونی و زمانی مەجازی و دنیایەکی فرە ڕەهەند و شەپۆلداری بوارەکانی داهێنانە.

ئاخاوتنی ئاوێتە بەهرەش هەمیشە و هەردەم سەرمەست و سەرشێت و لێوانلێوە لە سۆزەکانی بێهودەیی و حەشیشەکانی بزرکاندن «شطحات»، هەروەها زمان پێڕەوە «پێڕەوی دەنگ بە پێڕەوی واتا» (کۆمەڵە ڕستەیەکە کە ڕێزمان دەریان دەکات)، «چۆمسکی» زمان ڕەمزە- ئەم دەنگانە شتێک دەنوێنن کە خۆیان نین و پێوەندی نێوان شتەکە و ئەو دەنگەی دەینوێنێ پێوەندییەکی لەخۆوەیە زمان دەنگە «قسە لە نووسین لە پێشترە» مۆرفیمیش خۆی بەهۆی فۆنیمەوە دەنوێنرێت بڕوانە «زمانەوانی - د. محەمەد مەعرووف فەتاح» ئەی بەهرەی شاعیرێکی ئەڤیندار و مەعریفی دەبێ چۆن بێ؟ کاتێ «سوقرات» لە نوورەکانی جوانی و ئەڤین دەدوێ ئێژێ [ئەڤینداریێک هەستی مەستترە لە کەسێک کە ئەڤیندار نەبووە] لێرەوە «غەریزەی ئارەزوو بەدوای لەززەتدا دەگەڕێ، ئەو ئارەزووەی کە ڕووبەڕووی ئاوەز دەبێتەوە، چێژ وەرگرتنە لە جوانی، بەتایبەتی چێژی جوانی جەستە، کە پێی دەگوترێ ئیرۆس» بۆیە «ئەڤین هەمیشە دەستی هەستێکی چێژبەخشی ڕۆحە و ئەڤینداریش دەبێ دێوانەبێ». ئەو چرکە ساتەی بەهرەی شیعری کە ئیکسیری ڕۆحە بە تیشکە نادیارەکانی جوانی سەرمەست و حەیرانە ئەمە کردەی ئەفسوونکارانەی ئیرۆسە، چونکە «ئیرۆس هێزێکە بۆ جوانی و دڵکێشکردنی بەرانبەر» یاخۆ سپاردنی بەهرەیە بە چرکە خەتەرناکەکانی شێتێتی ئەڤین و بەنیازی دەسگیربوونی ئەو توحفەی جوانییەی کە شەپۆل دەدا و عەتری گوڵە ئاڵتووناوییەکانی ڕەها دەپژێنێ و لاسای جوانی پیرۆزی ئەبەدی و ڕاستینەیە کە هەرگیزاو هەرگیز دەسگیرنابێ، کەچی زۆرجار ڕستەی میونحەریفی شیعری لە ڕێساکانی سەڵتەنەتی عەقڵ و مۆراڵ و ترادیسۆن لادەدا و دەیەوێ لە ئەمارەتی گەمەی سیاق و بنیادی ڕستەدا چەشنی کاهینێکی ئەنارشیزمی ئەفسوونکار و جادووگەر کۆدە ئەفسانەیی و تەلیسماوییەکانی ڕاڤەبکرێن، یا وەک شۆخ و شەنگێکی لاواز و بنێسی کەناڵەکانی ئیرۆتیک. بەلارولانجە و هانکەهانک و ئاوازە و زەمزەمەکانی ئیرۆسی لەفەزای تێکستدا دەلەنجێ و نقێمی ئاڵی خشڵەکانی جەستە و دەلالە ناوازە و شاراوەکانی دەروونی دەتروسکێنێ و گەمەی ئاگرینی سێکسی لەگەڵ پیت و مۆرفیم و واژە و بێژە و فۆنیمەکان ئەنجام دەدا و گوزارشت لە چەمکی پووچێتی چارەنووسە خاڵی و بەتاڵەکانی بوون و گەردوون دەکا،

ڕستەیەک کە هەڵگری مۆرک و خەسڵەتە بارگاوییەکانی وشەی سەرمەست و هەستی دیۆنیزۆسیە تارادەیەک لە جیهانی ڕێساکانی داڕشتن و ئامرازە ئەقڵانییەکانی «زانستی پێکهاتەی پەیڤ» و کۆمەڵە کورتکراوەکانی هێما و وێرگوڵ و ئاماژە و دەلالە و کەوانەکانی «سینتاکس» دوورکەوتۆتەوە و بۆتە خاوەندی داڕشتنێکی جیاوازی سیاقی، ئەمەیش بەهۆی دەنگی جادوویی وشە و داڕژانەکانی ترپە و ئیقاعەکانی دڵ و دەروون و حەشیشی بەهرەوە کە ڕستە و دەستەواژە و فریزەکان بە هەست و ئیحساسی غەریب غەریب هەڵدەدرێن و ماوە و مەودا و دەرفەتێک بۆ کردەکانی ڕاڤە و لێکدانەوە دەرەخسێنن. «نیچە» ئێژێ «چەترەکەم ونکرد» نە کات دیارە نە شوێن.. نووسین چالاکی زەینی کۆجیتۆی بەهرەیەکی ئاگرینی ئەڤینداریێکی دێوانەزەدەیە کە هەڵگری باکگراوندە جیاواز جیاوازەکانی خودە، ئەو خودە مەعریفییەی کە هەمیشە باکگراوندەکەی بەشێوەیەکی بەردەوام لە گۆڕان و دەوڵەمەنکردنی لەززەتەکانی ڕۆحدایە و ئەو شارەزا و بەڵەدە بە ئازادییەکانی کردەی نووسین و هەستی کۆتاهاتنی وجوودە و مۆڵەت و مەودا ناوادەکانی مەرگ و هەستی ئاتەشینی ئەڤین و جوانی و چرکە بێهوودەیییەکانی سۆز! ئیتر کاتێ تێکست دەبێتە توحفە و موڵکی زەمەن دەکەوێتە بەردەستی جۆرەها ڕەخنەکاری خاوەن [زەین]ی دۆگمایی و سەلەفی و ئوسوڵی..تاد، کەچی ڕەخنەکاری هونەرمەند کە خاوەن ڕۆحێکی کراوەی ڕەنگاوڕەنگی گەردوونی و دید و بۆچوون و جیهانبینی مەعریفییە، بەتایبەتی مەعریفەی ئیستێتیکی دەتوانێ بەپێی هەڵچوون و هەستیاری و چێژی جوانناسی و نەهلستی گەشەی پێبداو رووە و زەماوەند و کەرنەڤاڵەکانی هەڵوەشانەوەگەری ڕاییماڵێ و دەلالەتە نازپەروەرەکانی بدوێنێ. نەک لەسەر مێزی کۆنینەی نەشتەرگەریدا چەشنی تەرمێکی بێ گیان هەڵیخا و بە چەقۆ دەمکولەکانی دوور لە عیشق و ئەڤین و ڕۆح و مەحەبەت و بەهرەکانی سۆفیگەری جەستەی عیشوەگەری تێکست پارە پارە بکرێ! هەروەها دەقی ئەڤیندار کە خودان جەستەیەکی زمانی شیعرییە ناکرێ و نابێ خاڵی بێ لە توخمە مەلعوناوییەکانی ئیرۆتیک و شەپۆلە حەشیشییەکانی ئیرۆس! چونکە هەمیشە و هەردەم چەند خاڵێکی هاوبەشی هەستی و نائاگایی و گیانی و ژوانبەندی هەس لە نێوان تێکستی کراوەی فرە ڕەهەندی زیندووی شیعری کە هەڵگری توخم و ڕەگەزە شاراوەکانی زمان و مەعریفەی ئیستێتیکییە لەگەڵ گیانی نەسرەوت و نیگەرانی ڕەخنەکاری هونەرمەند و سۆفیزم کە بەهۆی میتۆدی مەعریفی لە فەزای «سیمانتیک»ی دەقدا دەکەوێتە کارکردن و سەرەتا بە ئاواز و لەرەو زایەڵەی زەمزەمەکانی مەملەکەتی کەرنەڤاڵەکانی سیحری وشە و بنیادی رووکەش، سەرمەست و نەشئەدار و جەزبەدار و شەیدا و موبتەلایە... ئەو بەدوای سێبەر و شەبەنگی زناکێکی ئەڤینیدا سەرگەردانە کە لەنێو دورج و دالانەکانی گیانی خۆیدا ونیکردووە و نایدۆزێتەوە، هەروەها بەدوای واتا و دەلالەی نیشانە و هێماو ئاماژەکاندا دەگەڕێ و یا لە کردەی تێکشکاندنەکانی لۆگۆسێنتەریزمەوە بەرەو فۆنۆسێنتەریزم هەنگاو دەهاوێژێ، یا لەنێو تێکستێکی خەیالاویدا ئەودیوی دەلالەی خەیاڵە دەگمەنەکانی خۆی دەدۆزێتەوە و گیانی دەنگەکان دەدوێنێ، چونکە دەنگ ڕۆحە و هەمیشە دەسەڵاتەکانی ئیستاتیک دەورووژێنێ.. لەمیان فەزاو فۆرمی پیت و مۆرفیم و جوولەو لەرەو وێرگوڵ و برگە و ئاواز و مۆسیقا و زرنگانەکانەوە بەرەو بنیادی قووڵی جیهانی دەلالە... تا بتوانێ لە ئاستەکانی «واتا» بدوێ و هەڵیانبوەشێنێ. بەدوای تێکستی «غائیب»دا دەگەڕێ.. یا ئەو نەگوتراوانەی کە بە ڕاشکاوی نەدرکێنراون و لە جیهان و پێوەندییە ئاڵۆز و جوانەکانی ڕستە و دەستەواژەدا بەشاراوەیی حەشاردراون... بەڵام ئەو ڕەخنەکارە هەستیار و دادپەروەر و گەردوونیە کێیە؟ بتوانێ لە نوا و زاخۆن و دالان و حەشارگە چینچینەکانی بنیادی قووڵی زماندا دەلالەی دەگمەن و ناوازە و دەلال بدوێنێ ئەی «ئیرۆنیەتی زمان» زمان کە کردە تەهەکومییەکان ئەنجام دەدا، وتنی شتێک مەبەستبوونی شتێکی ترە، یا کە «سوسێر» ئاماژەی بۆ دەدا «زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی هێمایی تاریک و لەخۆوەیە» روونیی هێما بە چەند ڕێگایەک دێتەکایەوە لە تاریکییەوە بەرەو ڕوونیی، یان «ئەقنوم»مەکانی زمان بۆ پێناسەی شتێ کە ماددە نەبێ، هەروەها «فارماکۆن»ی ئاخاوتن لای «ئەفلاتوون» کە هەم ژەهرە و هەم دەرمانە، بەڵام دەق» «وەک لایەنی شیعرگەرایی و فەلسەفە و زمانەوانی- «کە چۆن شیعر زمانێکی تایبەتە و فۆرمی وەرگرتووە - جان کۆهین»... ئەی تێکەڵبوونی زمان بە خەیاڵ و زەوق و جوانی و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکانی فەلسەفی و ڕەهەندە ڕۆحییەکان و نائومێدی و تراژیدیا و کەرنەڤاڵەکانی عیشق و سۆفیزم و گومان و دڕدۆنگی و هەستە

نەهلیستییەکان.
جا ڕەخنەکاری هونەرمەند چلۆن واتا فرە ئاستە. جیاوازەکان بە پەیڤین دێنێ و ڕاڤە و پۆلینیان دەکا وەک واتای هۆشەکی، لاوەکی، ویژدانی، شێوازی، دەروونی، هزری، واتای تێکەڵی.. کە وابەستەی چەمکی «سیمانتیک» و لێوانلێوە لەبەهای ئیستێتیکی و دەلالی.. ئەی دەنگی زمان و کردەی دووبارەبوونەوەی پیت و مۆرفیم و پاژ و لەتکردنی وشە لە کردەی ڕۆناندا، یا سەمای جەزبەداری ئیکسیرییانەی پاشگر و پێشگرەکانی واژە لە زەماوەند و کۆنسێرتی ئەڤینداریێتی فراوانکردنی سێنتاکسی ڕستە و گەیاندنی شەبەنگی ڕۆحی مەزاداری شیعر بە خوێنەری زرنگ و لەززەتمەند، یا کێشی برگە و زەنگ و لەرەو سیحر و ئەفسوونی واژە و تاقە وشە و هالاّوی وزەی داڕشتن و بنیادی دەق و زمانی مەجازی و خەیاڵ و فەزاو وێنە و زناک و جیهانبینی و لێکسیکی شاعیر و ئیحا و ئاماژە و فرە مانایی و حاڵەتی ڕۆحی وڕێنە و شێوازی دەربڕین و کەرستەی شیعری و کە لە فۆرمێکی تایبەت و جیاوازدا دەکەوێتە بەر دەسەڵاتی ڕەخنەکاری هونەرمەند کەواتە هەموو هەوڵ و کۆشش و بەخششی شیعر بۆ خوێنەرە! کام هەوڵ [کاتێ مەعشوق لە دڵی شاعیر دەردەکەوێ، ئەمە وا دەگەیەنێ کە شاعیر تووشی درەوشانەوە هاتووە، واتە ئیشراقی بەرکەوتووە] بەلاّم [لەم گەردوونە وەهمە کە وجوودێکی ڕاستەقینەی نییە] بە گوتەی «ابن عربي» [عیشق دەبێتە مورادیفی مەعریفە و مەعریفەش دەبێتە مورادیفی عیشق کەواتە «منی شیعر» بەشێوەیەکی بەردەوام و لە ڕێگەی وەهم و خەیاڵ و هالاّوەکانی جوانییەوە خەفەت و مەینەت و ئازارەکانی عیشق دەنووسێتەوە، نووسینێک کە ئاوێتەی چەمکەکانی سیمۆلۆژی و ئیستێتیک و ئیرۆتیک... دەبێ، پڕیەتی لە لەززەت و غەمگینی و ئازارەکانی وەجد دەبێ ئەوەش بدرکێنرێ کە «ڕستە واتابەخشەکان لە هەموو زمانەکانی دنیادا» لە [بکەر و فرمان و تەواوکەر] پێکدێن و هەموو پێکهاتە زمانییەکانی جیهانیش لە ڕاژە و خزمەتی «ناو»دایە ناو.

٢٠٠٥/١/١٨

# میتۆلۆژیا، شیعر و فانتازیا

ڕۆسێت جیان
و/ لە ئینگلیزییەوە: ئازاد خدر

چۆن بزانین هۆی چییە کە میتۆلۆژیاکانی سەردەمانی دێرین زۆربەیان لە ڕووی مانا و دەلالەتەوە بەیەک دەچن؟ «لیڤی شتراوس» و «دومیزیل» لەسەر ئەوە کۆکن کە میتۆلۆژیا پێش هەموو شتێک یەکێکە لە بوارەکانی زمان و ئاخاوتن «Logos»، چونکە ئێمە لە ڕێگای ئاخاوتنەوە ئاشنای دەبین و بەشێکە لە گوتار.

هەتا ئەگەر بڵێین میتۆلۆژیا پێش ئەرکە ئەدەبییەکەی کەوتووە، دەبێت دان بەوەدا بنێین کە میتۆلۆژیا پێش هەموو شتێک ئاخاوتنە. ئێمە میتۆلۆژیا بەڕێگای دەقەکانییەوە دەناسین.

میتۆلۆژیا دەکەوێتە بەرامبەر شیعر، بەپێچەوانەی میتۆلۆژیا شیعر کاتێ وەردەگێڕدرێت بۆ زمانێکی تر، بەهاوهەندێ لە ماناکەی ون دەکات، بەڵام دەبینین بەهاومانای میتۆلۆژیا- لە خەراپترین وەرگێڕانیدا- هەر دەمێننەوە، چونکە پێناسەی میتۆلۆژیا لە فۆرمەکەی و لەشێوەی گێڕانەوەی نییە، بەڵکو لە دەقی گێڕاوەکە و لە بونیاتە بەردەوامەکەیەتی لە هەمان کاتدا، لە ڕابردوو و ئێستا و لە داهاتوو دامان دەنێت.

واتە دەتوانین بڵێین، مانای میتۆلۆژیا خۆی لەخۆیدا فرە زەمەنی و فرە ڕەهەندییە یاخود کرۆنۆلۆژییە بە مانا لاتینییەکەی- کە «کارل گۆستاف یۆنگ» ناوی لێدەنێ ئارکیتایپ (شێوەی کۆن). «فرۆید» و «یۆنگ» بەم جۆرە پێناسەی «ئارکیتایپ» دەکەن: شیرازەیەکی گشتییە کە ئەزموونی تاک و مرۆڤایەتی وەریدەگرن، ئارکیتایپ لە قووڵایی نائاگاییمان چێندراوە، واتە لەنێو ڕۆحی مرۆڤایەتی و لە ئاگایی جەمعی دەردەبڕێ، لە ڕێگای سیمبۆلە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی، میتۆلۆژیا گواستنەوەیەکی دراماتیکی ئەم سیمبۆل و ئارکیتایپە و داستانەکانە «مێرسیا ئەلیاد» دەڵێ: «میتۆلۆژیا نموونەی شتی دەروونی و هزریی و جەستەییەکانە.

ئەرکی سەرەکی میتۆلۆژیا، چەسپاندنی تایپە ئایدیالییەکانی سەرجەم کارەکانی مرۆڤایەتییە کە مانا دەبەخشن، بۆ نموونە ئەو بایەخدانە و ڕێز لێگرتنە کە لە سەرومێزەری قەشەیەک دەنرێت لە چەرخی ناوەڕاستدا، ئەم سیمبۆلە میتۆلۆژی و ئەبستراکتە ڕوخسارێک بە فیگەری ئەم پیاوە پیرە دەبەخشێت کە تەنیا لە تابلۆکاندا دەیبینین و لەواقیعدا وا نییە، هەروەها لە چیرۆکی کۆنە (فیرعەونەکە) ئەوەی بەسەرهاتی «دووبرایەکە» دەگێڕێتەوە و کە سەرچاوەی چیرۆکی «یوسف»ە، هەمان شت بەدی دەکرێ». لە میتۆلۆژیادا، ناتوانین دال و مەدلوول و فۆرم و مانا لێک جیا بکەینەوە، چونکە لە میتۆلۆژیادا، هەڵگری مانا نین، خۆیان مانان، لە میتۆلۆژیادا هەموو شتێک دەشێ ڕووبدات، لەبەر ئەوە هەڵگری مانا نییە، بۆ نموونە «شەهرەزاد» بەگێڕانەوەی چیرۆکەکانیەوە توانی لە مردن ڕزگاری بێت. «دیوارانت گێلبرت»، لە لێکۆڵینەوەکەی

دەربارەی چۆنیەتی لە دایکبوونی ڕۆمان لە میتۆلۆژیا دەڵێ: «ڕۆمان پاش نەمانی میتۆلۆژیا دەخولْقێت، لەوکاتەدا ڕۆمان لەگەڵ پاشماوەکانی میتۆلۆژیا موتوربە دەکرێت، یانیش ڕۆمان خۆی بە تارماییە میتۆلۆژیاکانەوە دەبەستێتەوە».

شکستی میتۆلۆژیا، لە هەمان کاتدا، سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی گێڕانەوەییە، چونکە هێشتا هەندێ نەفەسی میتۆلۆژی لەناویدا ماوەتەوە. ئانتا گۆنیستی (Antagonist) قارەمانی ڕۆمان وەک ئانتا گۆنیستی داستانە میتۆلۆژییەکان لە جوانی هەمیشەیی و نەمری و هێمای بەرزی ڕۆحیی دەگەڕێت، بەڵام لە واقیعێکی ناشیرین و ناتەواو و چەپکراودا بە پێچەوانەی واقیعی جیهانی میتۆلۆژیا، لەبەر ئەوە کاراکتەرەکانی ڕۆمان هەردەم نشوستی و شکست دێنن و هەردەم ڕووخاون.

هەر لە ڕۆمانی «دۆن کیشۆت»ەوە تا ڕۆمانی «دادگایی» کافکا، ئەوە دەسەلمێنێت کە «ئانتا گۆنیست» بە مردنەکەی دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ڕێگایەکی داخراوی گرتە بەر.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی گەشەکردنی میتۆلۆژیا لە داستانەوە بۆ ڕۆمان، دەبینین زۆربەی لێکۆڵینەوە کۆنەکان، لە شاعیری لاتینی «ئۆڤێد» وەرگیراون، نووسینی ئەم شاعیرە بریتییە لە کورتەیەکی میتۆلۆژیا و زۆربەی مەتەڵەکانیش لە ڕێگای ئەوەوە پێمان گەیشتوون. پێشهاتەکان بەم شێوەیە بوون: پاش «هۆمیرۆس» کە خاوەن «ئەلیادە» و «ئۆدیسە»، «ڤیرگل» هات و ویستی داستانێک پێشکەشی ڕۆما بکات بەشێوەی «گریکی» و «ئەنیادە»ی نووسی کە چیرۆکی دامەزراندنی «ڕۆما» دەگێڕێتەوە، «هزیۆد» هات و «کارەکان و ڕۆژەکانی» نووسیوە، دواتر «بێندار» لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش زایین هات، پاش ئەو ئەم شاعیرانە هاتن «سۆفۆکلیس»، «یۆرپیدس» و تراژیدیای گریکییان نووسی، دواییش نووسەرە شانۆییەکان هاتن و ئەدەبەکەیان لەمانەی پێشوو وەرگرت، وەک «ڕاسین»، «کۆرنیس» و هەتا نووسەرە مۆدێرنەکانی شانۆش شتیان لە ئەدەبی میتۆلۆژیی وەرگرت، لەوانە «ئانوی» و «سارتر» و زۆرانی تر، بەڵام داستان و میتۆلۆژیا ئەوروپییەکانی چەرخی ناوەڕاست پتر شیعری ناراتیڤ بوون نەک میتۆلۆژیا بە مانا کۆنەکەی، بۆ نموونە «بەهەشتی ونبوو»ی «میلتۆن»، چیرۆکەکانی «ڕۆلان» و «پاشا ئارتەر». لە سەدەی ١٧ و ١٨ واتە لەسەردەمی کلاسیک و ڕووناکبیری دا میتۆلۆژیا بوو بە خورافات، تا سەدەی ١٩ هات و بایەخی بە میتۆلۆژیادا. نووسەرە ڕۆمانتیکییەکانی ئەڵمانیا ڕۆڵی گرنگیان لەم بایەخدانە بە میتۆلۆژیا هەبوو، دووپاتیان کردەوە کە میتۆلۆژیا وەک شیعرە. ئینجا نووسەرە گەورەکانی ئەو سەردەمە دەستیان کرد بە نووسینی چیرۆکی نامۆ (غەرائیبی) کە شوێنی میتۆلۆژیای گرتەوە، لەوانە گۆتە و بەلزاک و گۆگۆل و پۆ و مۆپاسان و نێرڤال و هۆگۆ و کارۆل. باشە لەبەرچی ئەدەبی سەیر و «غەرائیبی» ئیمڕۆ نەماوە؟ ئەم پرسیارە «تودۆرۆڤ» دەیکات و وەڵامیشی دەداتەوە و دەڵێ: «سایکلۆژیا و توێژینەوەکانی فرۆید و ڕانگ و یۆنگ» شوێنی ئەدەبی سەیر و «غەرائیبی»یيان گرتەوە یاخود شوێنی ئەدەبی فانتازییان گرتەوە، نووسەر پێویستی بە نووسینی ئەدەبی خەیاڵی و فانتازیا نەما بۆ ئەوەی کێشە دەروونییەکانی خۆی دەربڕێت، وەک ئەوەی میتۆلۆژیا بەهەمان کاری دەکرد. ئەدەبی فانتازی، واقیعی ڕاستەقینە و واقیعی ناڕاستەقینە لێک جیا ناکاتەوە، بۆ نموونە چیرۆکەکەی کافکا، ئەوەی تودۆرۆڤ لێی کۆڵییەوە، هەر لەیەکەم ڕستەوە فانتازییە: «کاتێ گریگۆر سامسا لە خەو هەڵسا پاش خەونێکی ناخۆش بینی بۆتە جانەوەریکی پیس». تودۆرۆڤ دەڵێ: «بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە سەیرە جێگای سەرسوڕمان نەبوو و زۆر بە ئاسانی و ئاسایی بەسەرچوو».

داستانی «ئۆدیسیۆس» و «دیکامیرۆن» و «دۆن کیشۆت» و «هەزار شەو و شەوێک».... تاد، ئەوانە هەمووی فانتازیان و لەهەمانکاتیشدا گرنگترین چیرۆکەکانی ڕابردوون. پێشان ئەدەبی فانتازی لە واقیعەوە دەردەچوو و لە دواییشدا بە ناواقیع کۆتایی دەهات، بەڵام لەسەدەی بیستەم، شتەکە پێچەوانە بوو: ڕۆمانەکەی «کافکا» بەشێوەیەکی فانتازیی دەست پێدەکات و دواییش بە شێوەیەکی زۆر واقیعیانە کۆتایی دێت. لێرە چیرۆکە خەیاڵییەکە ڕاڤەکردن و دەربڕینێکی زۆر ئاسایی و باوە، وەک ئەوەیە بڵێی ئەم پیاوە باز دەجەنگێت، یان وەک گورگە، وەک ڕێوییە. خەیاڵ دەست پێدەکات کاتێ ئێمە لە وشەکانەوە بۆ شتەکان دەچین، فانتازیەت لە شتەکان نییە، بەڵکو لە وشەکانە، لە سەیرکردنمانە بۆ شتەکان. گەر سەرنج بدەینە تیۆری ئەدەبی لە سەدەی بیستەم دەبینین، ڕەگەزە گرنگەکانی ئەمانەن: فیگەر، دیمەن، کۆمەڵ، میتافیزیک، گێڕانەوە، پۆست گێڕانەوە، مەقوولە، هەڵوەشاندنەوەی هەلومەرج و هەڵوێست، فۆرم، هەڵوەشاندنەوەی کات و شوێن... تاد. ئەم ڕەگەزانە جیهانگیری و گەردوونی و گشتین. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیری میتۆلۆژیا بکەین دەبینین هەمان ئەو ڕەگەز و چەمکانە بەکار دێنێت. کەواتە ئەم وێنە و ڕەگەزانە هی ئەدەبی مۆدێرنی سەدەی بیستەم نین، بەڵکو

لە میتۆلۆژیا وەرگیراون و گەر بێتو نەمێنن ئەدەبەکەمان پەکی دەکەوێت.

«گی. دۆران» بە ڕێگای ڕۆمانەوە لە میتۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە و دەڵێ «ڕۆمان دوو سیستەمی ئەندێشەیی هەیە: داستانیی کە پەیوەستە بە سیمبۆل و تایپ و مەقوولاتەکان دووەمیان، ڕۆحی سۆفستایی کە پەیوەستە بە سیمبۆلە دەروونییەکان و ئەو شتانەی کە لە ناخەوە دەردەچن، واتە شتە داستانییەکان (میتۆلۆژییەکان) بە ڕۆژ هەن و ڕۆحییەکانیش (سۆفستانییەکانیش) بەشەو دەبن و ڕۆمانیش هەوڵ دەدا ئەم دوو سیستەمە هاوسەنگ بکات». لەم بارەوە، نموونە زۆرە لەوانە ڕۆمانی «سوور و ڕەش»ی «ستاندال»، لێرەدا «گولیان سۆرێل» کارەکتەری «ڕۆژی»یە بەرەنگاری تاریکی و «شەوی» و گەندەڵی سەردەمی گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ فەرەنسا دەبێتەوە و تووشی دوژمنێکی تر دەبێت: ئەویش زێڕی پیاوکوژە واتە سامان، هەست دەکات ڕقی لە کۆمەڵگای «لووسی» بۆرژوا دەبێتەوە، کە توانی بچێتە ناوی، کاتێ خاتو «دورینال» بە ڕەزیلی تاوانباری دەکات، «تاوانەکەی» ئەنجام دەدات، چونکە سووکایەتی پێ کراوە. دوژمنی سێیەمیشی «سیرسیە». ئیمڕۆ لە هەزارەی نوێدا هەست دەکەین، توێژینەوەکانی ئەدەبی لە بارەی میتۆلۆژیا و چیرۆک و چیرۆکی ئەندێشەیی، لە شیکاریی دەقی ئەدەبییەوە وەرچەرخاوە بۆ شیکاریی خوێنەر، هەروەک «مانۆنی» دەڵێ: «ئەوەی دەبێ شیتەڵ بکرێتەوە، خوێنەرە»، بەڵام بۆچی، بۆچی و چۆن بزانین خوێنەر بیر لەچی دەکاتەوە؟

بە وتەیەکی دیکە، بۆچی میتۆلۆژیا تا ئێستا لەناو هەستماندا دەژی؟ میتۆلۆژیا مرد و نەما، بەڵام تا ئێستاش مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە!. ئەفلاتوونی مەزن زۆرباش دەیزانی کاریگەری میتۆلۆژیا زۆرە بەسەر دەروونی و ناخی مرۆڤ و کاری پسپۆری گرنگ بە مرۆڤایەتی دەبەخشێت، لەبەر ئەوە هەردەم ئامۆژگاری قوتابییەکانی دەکرد لە جیاتی خوێندنەوەی لۆژیکی عەقڵی میتۆلۆژیاکان بگێڕنەوە.

«ئەرەستوو»ش خاوەن عەقڵی ئەبستراکت، دەیگوت: «هاوڕێی فەلسەفە هاوڕێی میتۆلۆژیاشە». ئیمڕۆ هزرمەندان لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفە لە میتۆلۆژیا و چیرۆکە میللییەکانیان کۆڵییەوە و بەهەمان ئەنجام گەیشتن، «چاتلین پروس» دەڵێ: «میتۆلۆژیا و مەتەڵە کۆنەکان، نموونەکانی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتین و ماناو هێما و بەها بەژیان دەبەخشن. ئانتا گۆنیست «قارەمان»ی میتۆلۆژیی لە مرۆڤەکانی دیکە جیاوازەو پێشوەخت چارەنووسی نووسراوە و هەر دەبێت کارە بلیمەتەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەمەش هۆشێکی زیندووی باوەڕ بەخۆ و بەهێزە، دەربڕینێکە لە نائاگای جەمعیدا، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕۆمانی نوێیە، لێرە ئانتا گۆنیست، ئانتا گۆنیست نییە، بەڵکو ئانتا گۆنیستی قەڵپە و پێشوەخت چارەنووسی نووسراوە کە دۆڕاوە. واقیعی ئەدەبی مۆدێرن دەیەوێ وەک میتۆلۆژیا ببێت بە خەون، واتە پێچەوانەی واقیع، بەڵام خەونیش دەیەوێت ببێتە واقیع، واتە ببێتە پێچەوانەی خۆی، ئەمەیە تراژیدیای ئەدەبی پۆست میتۆلۆژیا: تراژیدیای تاکەکەس و خودگەرایی و تاکڕەویی و عەقڵانی «پیکۆن» و «دیکارت» و ڕیالیزمی جینۆسایدی «میکیاڤیلی» و «هۆبز» و ڕێجیمی (پارێزی) ڕێبازی «لۆتەر» و «گالڤن» و دۆزینەوەی ڕاستییە زانستییەکانی «کوپەر نیکۆس» و «گالیلۆ» و خەون و هوڕێنەکانی «سێرڤانتس» و (مۆر) و بوێری «کۆلۆمپس» و کەشتیەوانانی تر و سوپەرمانەکان.

میتۆلۆژیا وەک خەون پێچەوانەی واقیعە (واقیعی ئەوسا) بەڵام کاتێ ئەدەبی (نامیتۆلۆژی لاسایی بکاتەوە و بیکا بە واقیع (واقیعی ئەدەبی ئێستا) واتە خەون بکا بە واقیع (بۆ نموونە لە یوتۆپیاکان) دەبێتە ئابڕووچوون جگە لەمەش، توێژینەوەکانی کۆمەڵناس «لیڤی شتراوس» دەری خست کە میتۆلۆژیا دیاردەیەکی زمانەوانییە و میتیمەکانی چەند یەکەیەکن لە ڕستە و گەر بێتو ئێمە میتۆلۆژیا بەسەر چەند بڕگەیەکی ڕستە دابەش بکەین و هەر یەکێکیان لەسەر کارتێک دابنێین، دەبینین هەر یەک لەمانە ئەرکی تایبەتی هەیە، ئەم ئەرکانە بریتین لە شتە ماتریالی و ڕۆحییەکانی کۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ بەبێ کەم و زیاد دەپێکن، ئەمەش لە ئەدەبی پۆست میتۆلۆژیی نییە، چونکە ناتوانێت گشت لایەنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ بپێکێ، لەبەر ئەوەی دەبینین، ئەدەبی پۆست میتۆلۆژیی (بۆ نموونە ڕۆمانی نوێ) بەتایبەتی، یان دەبێتە گاڵتەجاڕی و پێڕابواردن بە واقیع و یان دەبێتە کۆمیدیا گەر بێتو گواستنەوە بێت لە واقیعەوە بۆ میتۆلۆژیا ئایدیالییەکان، یانیش دەبێتە تراژیدیا گەر بێتو گواستنەوە بێت لە میتۆلۆژیا و شتە ئایدیالییەکانەوە بۆ واقیع.

**سەرچاوە:**

Form and signification
by: Rousset Jean
Newyork, 1998

# سەمەدی بێهرەنگی وێڵێک بەدوای خەونەکانی منداڵاندا

ئەنوەر حوسێن
(ئـ. بازگر)

**خـەڵکی ئێـران دەڵێن: «دەریای خـەزەر، زۆر لەوە بچووکترە کە سەمەد بخنکێنێت».**
**«ئەو سیـستـمانەی کە فـەیلەسـووفـەکـان دایدەنێن، دەربڕی سروشت و خودی ئەوانە»**
**– نیچە–**

گەر ئەم بۆچوونەی نیچە سەبارەت بە فەیلەسووفەکان ڕاست بێت. دەبێ چ ناکۆکییـەک لە سەپاندنی هەمـان بۆچوون بەسەر نووسینەکـانی سـەمـەدی بێـهـرەنگیـدا هەبێت.

سروشتی سەمەد و خودی ژیانی ئەو، ئەو دوو واقیعەن کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیان و بەرهەمەکـانی ئەو هەبووە و ڕەنگدانەوەی هیـومـانیـسـتیـان لە ئەفراندنەکانی ئەودا داناوە.

بێگومـان سروشتی ئازربایجـانی ئێـران و کـولتـوور و فـەرهەنگ و فـۆلکلۆری ئەم ناوچەیە و ژیان و گـوزەرانی سەمـەدی بەش مـەینەت. داینەمـۆی ئەو خـولقـاندنە بێ وێنەیەیە کە لەبەرهەمەکانی سەمـەددا ڕەنگی داوەتەوە. «تاری وردی– پاڵەوانی کورێژگەی چەوەنەر فرۆش، قۆچ عـەلی – پاڵەوانی ئەفـسـانەی خـۆشـەویسـتـی، یولدز – پاڵەوانی یولدز و قـەلان، کـەچەڵی کـۆترباز، مـەحـمـوود پاڵەوانی بیست و چوار سەعات لە خەون و بێداریدا..»

ئەوانەی سـەرەوە، لەو پاڵەوانانەی چیـرۆکـەکـانی سەمـەدن، مرۆڤ هەست دەکات ئەمانە خودی سەمەدن، یان دەیان منداڵی ئێـران و ئازەرین، کـە بەدەسـتـی نەهامـەتی و چەوسـاندنەوەی چینایەتی و مـەزهەبی و نەتەوەییـەوە گـیـرۆدەبوون. بۆ ئەوەی مـانایەکی تر بدا بەژیان و ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ستەم و بێ مافی و بێ عـەدالەتیـە دەرخـات، کە ئادەمـیـزادی کـردۆتە کۆیلە. لە جیهانی منداڵەوە ئەم مانایەی دا بە ژیان.

منداڵ لە نووسینەکانی سەمەددا، ئاوێنەی واقیعیەتی کۆمەڵگا و سیستمی سەرمایەداری و گەندەڵی پاشایەتیە لە ئێـراندا، ئاوێنەی ئەو نایەکسـانی و کۆیلەیەتیـەیە کە منداڵانی دەسـتـەنگ و هەژار لە کـوچە و کـۆڵانەکـانی جیـهـاندا، بێ سەرپەنا ڕۆژ بەڕێ دەکەن و ناتوانن قـووتی ڕۆژانەیان دەستەبەر بکەن و هەمیـشە لەگەڵ ژیانێکی بێ بەها لە ململانێدان لە پێناو دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر.

مـنـداڵ پاکـــتـــریـن بـوونـەوەری ســـەرزەمـین، بێ بەهرەمـەندترین زیندەوەری جـیــهـان و نووسـینەکـانی سەمـەدە. کۆیلەترین ئادەمـیـزادی سـەدەی بیسـت و بێ مافترین ئادەمیزادی جیهانی سەرمایە و پاشایەتیە. کەوا دەکات چەندین پاڵەوانی وەک (تاری وردی) بخولقێنێت و لەوێشەوە مـانایەکی تر بە منداڵ بدات بەگژداچوونەوەی ئەو سوننەت و بێ مافییە.



سەمەدی بێهرەنگی

ئەگەر جیهانی ئەدەب بۆ خۆی مانایەکی گەورە بدا و هەریەکە لە ڕەهەندێکەوە سەیری بکات، بەڵام ئەدەبی منداڵان زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا لە ڕەهەندێکەوە سەیری بکەین، بەڵام ئەوەی کە سەمەد کردی لە ماوەیەکی کورتی تەمەن و نووسینەکانیدا، سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە. کە بەحەق سەمەد بۆ نووسینەوەی ئەدەبی منداڵان و هەستکردن بە ئازارەکانیان خوڵقابوو.

ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت کە (نووسەر مرۆڤێکە لەسەر ڕۆخی ڕاستی دەژی) یان «ڕۆماننووسی سەرکەوتوو پیاوێکە بەڕاستگۆییەکی سەیرەوە درۆ دەکات» یان «درۆزنێکە و ڕاستییەکان دەڵێ»

ئەوا ئەم دوو ڕستەیە، کاڵایەکە بەباڵای گەورەیی سەمەدی ئادەمیزاد و ئەدەبە گەورەکەیدا دەبڕێت.

ئەوە سەمەدە لەسەر ڕۆخی ڕاستی دەروونی پاکی منداڵاندا دەژی، ئەوە چۆن لەگەڵ (کلوە بەفر، ماسیەکی ڕەشی بچکۆلە..) دەدوێت و هەرکامیان دەهێنێتەگۆ و مەنەلۆگێکی وادێنێتە بەرهەم. کە خەریکە قورگی ئادەمیزاد دەهەژێنێ و پڕ بە گەروو هاوار دەکات. با بەس بێت چەوساندنەوە...

ئەگەر بەپێی فۆرمی ئەدەبی بێت، نووسینەکانی سەمەد ناچنە قاڵبی ڕۆمانەوە، بەڵام کەس ناتوانێ لە ئاست (کات)ی ڕووداوەکانی سەمەد یۆتۆپیانە بڕوانێ، لە ئاست (شوێن) خۆ لەوە بدزێتەوە کە ئێران و کوردستان و ئازربایجان جەهەندەمێکن بۆ منداڵان و ئادەمیزادی ئێران خوڵقاون، لە ئاست (کەس)ەکانی ناو نووسینەکانیدا، ئینسان ناتوانێ دڵی لە قوڵپی گریان ڕاگرێت و ئەو وێنە تراژیدیەی ئینسان گیرۆدەیەتی، ئەو منداڵەی هیچی لە (زۆربا و حەمە دۆک) کەمتر نییە کە دەتوانێ سەرنجی خوێنەرەکەی تا ئەو ڕادەیە ڕاکێشێ کە هەست بکەین چ فانتازیایەک لە نووسینە واقیعییەکانی سەمەددا کراوە، ئەوە کامە پاڵەوانی چیرۆکەکانی سەمەدە، نامانخاتە ناو جیهانی ئەفسووناوییەوە و دێڕ بەدێڕ ڕامان ناکێشێتە ناو ئەو دیالۆگەوە کە سەمەد بەرهەمی هێناوە.

ئەگەر ئەمە سیفاتی ڕۆمانی سەرکەوتووبێ، بێگومان هەموو ئەم فۆرم و چەمکانە لە ناواخنی نووسینەکانی سەمەددا، وجودیان هەیە، بەڵام تەنیا جیاوازیەکە ئەوەیە یەکەم لە زمانی منداڵەوە قسەدەکات و پاڵەوانی هەموو ڕۆمانەکانی ئەم منداڵانە و دەرهەم بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراون کە هەموو کەس وەک منداڵ تێی بگات و هەست بە ئازاری منداڵان بکرێت.

جیهانی نووسینەکانی سەمەد، چەندە سادەیە، سەد هێندە مانادار و پڕ لە ئەفراندنە، چەندە بێ تەکنیکە بەپێی نووسینەکانی و پێوانەکانی نووسینی ئێستا، سەد هێندە پڕە لە وێنەی جوان و فانتازیای بێ وێنە.

جیهانی ریالیزم و واقیعیەت ئەو فۆرمە ئەدەبییە گەورەیە کە سەمەد لە کارەکانیدا گرنگی پێداوە و واقیعیەتی ئەو سەدان منداڵەی ئازربایجانی وا دارشتووە. کە تەنیا سەمەد دەتوانێ لە مانا و ناواخنی ئەو بەرهەمانە بگات.

دیالۆگ و مەنەلۆگ. دوو فۆرمی ناو نووسینەکانی سەمەدن کە بۆ خۆی ئەم دوو فۆرمە لە نووسیندا چەندە گرنگن، هێندەش قورسن، بەڵام گوزەران لەناو واقیعیەتی ژیانی منداڵان و مامۆستایی لەناو منداڵانی گوندە دوورە دەستەکان. ئەم دوو فۆرمەی گەیاندۆتە لووتکە لە نووسینەکانی سەمەددا.

ئەحلام مستەغانمی قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: «لەوە زەحمەتتر نییە لە تەمەنێکدا دەست بە نووسین بکەیت، خەڵکی دی تێیدا لە وتنی هەموو شتێک بووبێتنەوە..!»

سەمەدی بەهرەنگی لە (٢ی تیرەماه ١٣١٨) هەتاوی (١٩٣٩ز)ی لە کۆڵانی ئەسکویی گەڕەکی چەرنداب لە

شاری تەوریز چاوی بۆ ژیان هەڵهێنا.

عزتی کارگەی باوکی و سارا بیگمدایکی، خاوەنی شەش منداڵ بوون (زەرین تاج، ئەسەد، فاتمە، سەمەد، ڕوقیە و جەعفەر) ساڵی (١٣٢٥-١٩٤٦ز)ی دەچێتە خوێندنگا.

پێناچێت سەمەدی بەهرەنگی هەر بە ڕێکەوت بووبێتە مامۆستا، بەڵکو ئەوە خولیایەکی تایبەت بووە. تا لەو ڕێگایەوە بتوانێت خزمەتی زیاتر بە منداڵان بکات.

ئەوە حەقیقەتە کە پیشەی مامۆستایی، سەرەتایترین دیالۆگی نێوان دوو ئادەمیزاد و دوو توانای جیاوازە. لەنێوان مامۆستا و قوتابی منداڵدا.

جگە لەوەی سەمەد کەسێکی چەپ و مارکسی بوو. خاوەنی ئیدیۆلۆژیەکی هیومانیستایانەش بوو. ئەمەش ئەوەندەی تر پاڵی پێوەنا بۆ خزمەتکردنی منداڵانی بەش مەینەت و چەوساوە.

سەمەد پێشتر و دواتر هاوڕێیانی (کازم و بهرۆز و دهقانی و نابدل) لەپاش مەرگی سەمەد ڕێکخراوی (چریکانی فیدائی خەڵکی ئێرانییان دروست کرد.

لەم بارەیەوە دەکرێت سەمەد و جیهانی سیاسی و بیروباوەڕەکانی، بەشێکی سەرەکی بن لە داینەمۆی بەرهەمی منداڵانەی ئەو، کاتێکیشی لەساڵی (؟ - ١٣٣٤)(١٩٥٥ز) خوێندنی مامۆستایی تەواو دەکات، لەسەر داوای خۆی ڕەوانەی گوندە دوورە دەستەکانی ئازربایجان دەکرێ نزیکەی یازدە ساڵ لە (مەمقان، قەد جیهان، ئازەرشار، گۆگان، ئەخیرجان) وانەی دەوتەوە.

سەمەد، چونکە خۆیشی لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت بوو. هەمیشە ئەمە هانی دەدا کە بەرگری لە منداڵانی چەوساوە و بەش مەینەت بکات.

هەموومان باش دەزانین، سایکۆلۆژیەتی منداڵ چەندە ناسک و تایبەتمەندە و هەموو نووسەرێک ناتوانێ کاری بۆ بکات، بەڵام سەمەد پێی وابوو (ئەدەب، تەنیا لەزامەوە، سەرهەڵدەدا..!..)

زامێک کە سەمەد و هاوڕەنجەکانی تووش کردبوو، سەرئەنجام ئەو ئەدەب و داهێنانەی لێکەوتەوە کە خزمەتی منداڵانی پێ کرد.

(تاری وردی) پاڵەوانی کوڕێژگەی چەوندەر فرۆش، ئەو منداڵە بێ بەش و چەوساوەیە، کە هەموو بوونی پڕە لە زام و دەردەسەری.

(مەحموود، یولدز، قوچ عەلی) ئەو منداڵە پاڵەوانانەی ناو چیرۆکەکانی سەمەدن کە پڕاوپڕن لە هەژاری و بێ لانەیی و ستەم و نا یەکسانی، ئەمە ئەو زامەیە کە سەمەدی والێکرد، ئەدەب بدۆزێتەوە.

زۆر کەس وا هەست دەکەن، نووسین بۆ منداڵان، یان بڵێین ئەدەبی منداڵان کارێکی هەروا ئاسانە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، بەڵکو دنیای منداڵ و سۆز و خۆشەویستی ئەوان و خوێندنەوەی ناخی منداڵان و تێگەیشتن لە خەم و ئازارەکانیان و داڕشتنیان بە شێوازێکی ئەدەبی. کارێکی گەلێک قورسە.

بۆیە دیالۆگ بەزمانی منداڵان و خوڵقاندنی فانتازیای جۆراوجۆر. بە شێوەیەک کە منداڵان تێ بگەن، ڕەنگە کارێکی قورس بێت.

بەڵام خاڵێک، کە گرنگە ئەوەیە، نووسەری ئەم بوارە لەجیهانی منداڵان و خۆزگە و خولیاکانیان شارەزاییەکی باشی هەبێت و بەزمانی ئەوان بدوێت.

زۆربەی ئەوانەی خەریکی کاری منداڵانن، پێیان وایە پێویستە، بۆ تێکەڵکردنی خەیاڵ و واقیع، دەبێ پاڵەوانی چیرۆکەکان منداڵ بێت.

بەم پێناسەی سەرەوە بێت. سەمەد هەموو ئەو خاڵانەی تێدایە، چ جای ئەوەی سەمەد شارەزایی دنیای منداڵانە. بێگومان هەموو پاڵەوانەکانی سەمەد منداڵن. بۆ ڕاستی ئەم قسەیە، خوێنەر دەتوانێ بۆ چیرۆکەکانی (ئەفسانەی خۆشەویستی، کەچەڵی کۆترباز، کوڕێژگەی چەوندەر فرۆش...! بگەڕێتەوە.

ڕەنگە عەشق چەمکێکی سەرەکی بێت لە کارەکانی سەمەددا. لەم بارەیەوە لە چیرۆکی (کەچەڵی کۆترباز و ئەفسانەی خۆشەویستی و یولدز و قەلان).

ئەم عەشقە بە جوانی هەستی پێدەکرێت، بەڵام بە فۆرمێک کە پڕە لە جوانی و قوربانیدان.

سەمەد لە شوێنێکدا دەڵێ: «ئەگەر نان هەبێ، پێویستە هەمووان بیخۆین، ئەگەر نەبێ پێویستە هەمووان برسی بین، پێویستە هەمووان تێ بکۆشین تا نان وەدەست بێنین». ئەگەر ئاسایش و خۆشبەختی هەبێ، دەبێ بۆ هەمووان بێت، ئەگەرنا بۆ هیچ کەس نابێت.

سەمەد هەمیشە دەیگوت «مەرگ زۆر بە ئاسانی ئێستا دەتوانێ بێ بۆ لای من، بەڵام تا بتوانم بژیم، بە پێشوازی مەرگەوە ناچم، ئەڵبەتە ئەگەر لە کاتێکیشدا بە ناچاری ڕووبەڕووی بووم. کە دەشبم، گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە، کە ژیان یان مەرگی من چ کارێک بکاتە سەر ژیانی کەسانی دی»

بێگومان مەرگی سەمەد کارەساتێکی گەورە بوو بۆ

منداڵانی ئێران و جیهان، گەلانی ئێران بە مەرگی سەمەد، منداڵانی ئێران یەکێک لە خۆشەویستانی خۆیان لە دەست دا کە تا ئێستاش جێگای خاڵیە.

سەمەد بە ئاشکرا دژی ستەم و چەوساندنەوەی ڕژێمی پاشایەتی بوو لە ئێران، تا دواجار (شا) پیلانی دانا کە بیکوژن و لە پیلانێکدا سەمەدیان لە دەریای خەزەر خنکاند، گوایە مەلەی نەزانیوە.

ئەگەرچی هاوڕێکانیان دەڵێن سەمەد زۆر باش مەلەی زانیوە.

خەڵکی ئێران دەڵێن: «دەریای خەزەر زۆر لەوە بچووکترە کە بەهرەنگی بخنکێنێت...»

**بەرهەمەکانی سەمەدی بەهرەنگی:**

١- تێڕوانین لە کێشەی پەروەردەیی ئێران.

٢- ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە.

ئەم کتێبە خەڵاتی نمایشگای (پۆڵۆن)ی ئیتاڵیایی ساڵی (١٩٦٩)، خەڵاتی (بینای برالیسلاڤا)ی چیکۆسلۆڤاکی ساڵی (١٩٦٩) وەرگرتووە.

٣- قۆخێک و هەزار قۆخ.

٤- ئەفسانەی خۆشەویستی.

٥- قەلەڕەش.

٦- یولدز و قەلان.

٧- کوێر ئوغلورهەندە کەچەڵ.

٨- بەسەرهاتی کلۆی بەفر.

٩- کەچەڵی کۆترباز.

١٠- بیست و چوار سەعات لەخەون و بێداریدا.

١١- کوڕێژگەی چەوەندەر فرۆش.

١٢- داستانی ڕفاندنی قیرات.

**سەرچاوەکان:**

١- یادمان صمد بهرنگی- علی اشرف درویشیان- کتاب و فرهنگ (١٣٧٩).

٢- سمات البطل في الحكايات الاذربايجانية، يوسف ايوب مجلة بارش، ژمارە«١٥» ئابی (٢٠٠٤).

٣- مجموعه مقالەها، صمد بهرنگی، چاپی چهارم (١٣٥٩)- تهران.

٤- کتێبەکانی (سەمەد بهرەنگی).

# بنەماکانی پێکهاتەی ڕۆمان لەنێوان تازەگەری و لاساییکردنەوەدا

عەلی لفتە سەعید
و/ محەمەد کەساس
(سلێمانی)

لەبارەی ڕۆمان وتراوە (ڕۆمان تورەکەیەکی فوودراوە هەموو شتێک لەخۆ دەگرێ)، لەبەر ئەوەی ڕۆمان دەتوانێ هەموو جۆرە ڕووداوێک، کاریگەرییەک، لێکۆڵینەوەک لەخۆ بگرێت، جگە لەوە هەموو جۆرە ململانێیەکی تێدایە و لە ڕێی گێڕانەوەوە دەخرێنە ڕوو، سەبارەت بە ڕۆمانی نوێش وتراوە (هیچ یاسایەکی نییە و دەرگاو پەنجەرەکانی کراوەن بۆ هەموو جۆرە ڕووداو و ململانێیەک کە نووسەری ڕۆمان پێی باش بێت) واتە بەو شێوەیەی نووسەر دەیەوێت، دەتوانێت ڕیزبەندی ڕووداو و ململانێکان بکات.

کەواتە: ڕۆمان توانای لەخۆگرتنی هەموو ئەو ڕووداو و بابەتانەی هەیە کە بە ناخ و مێشکی نووسەردا گوزەر دەکەن، بۆ بەرهەمهێنان یان دارشتنی ڕۆمان بە شێوازێک کە سەرنجی خوێنەر و وزە و توانای خوێندنەوەی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و بتوانێت لە مەبەست و مانا و ناوەڕۆک بگات و لە هێڵی فەلسەفی ڕۆمانەکە شارەزابێت، نەک بۆ کات کوشتن و پڕکردنەوەی بۆشایی بێت، لەبەر ئەوەی ڕۆمان بەپێی پێناسەکەی کە لە کتێبی (پیشەی ڕۆمان)دا هاتووە دەڵێت: ڕۆمان هونەری پەخشانی خەیاڵییە، یان گێڕانەوەیە بە شێوەیەکی درێژی دیاریکراو کە وێنەی کەسایەتییەکان و هەڵسوکەوتیان لە ڕوانگەی واقیعی ژیانی ڕابردوو، یان ئێستا لە شێوەی گرێدا بەرجەستە بکات کە جۆریک لە ئاڵۆزی لەخۆ بگرێ، لێرەوە پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە ئایا جیاوازی چییە لەنێوان بنەماکانی پێکهێنانی دوو ڕۆمان لە ڕووی ئیلهام و ڕۆحەوە یان جەوهەری پێناسە لەلایەک و ئەوەی خوێنەریش دەیەوێت لەلایەکی دیکەوە، ئەو بنەما جیاوازانە لەچیدان؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە وامان لێدەکات بە وردی و هێمنی چاوێک بە بەرنامەکەماندا بگێڕینەوە، دەبینین بنەماکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا یان گواستنەوەی پێکهێنەرەکانی ڕۆمان، دەکرێت یەکبن، بەڵام لە ڕووی شوێن و کات و کەسایەتییەکان و وێنەکان و ململانێکان و گفتوگۆ و جۆری شیکردنەوەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا هەن، دەکرێن جیاوازبن و بەش بەش کرابن بۆئەوەی خوێنەر بە جیهانبینی نووسەر و ڕۆمانەکە و هێڵە فەلسەفییەکەی ئاشنابێت، کەواتە جیاوازییەکان لە کوێدان، لەنێوان ئەوەی کە (ڕۆمان توورەکەیەکی فودراوە و هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت) و (ڕۆمان هیچ یاسایەکی نییە و ڕیزبەندی لۆژیکی لەخۆناگرێت)؟، پرسیارەکە ئاراستەی خوێنەر کراوە و وەڵامەکەش کە بەدوایدا دەگەڕێت ئەوەیە: کە تازەگەری لەلای ڕۆمان جیاوازە لەو تازەگەرییەی لەلای ڕەخنەگران هەیە کە چەمکی تازەگەرییان (مۆدێرن) پەرەپێدا بۆ (پۆست مۆدێرن) بە دەربڕینێک کە بەشەکانی دیاری ناکات، لەبەر ئەوەی ڕوونکردنەوە و تازەکردنەوە هەردووکیان گەورەترین کێشەی (مۆدێرنێتە)ن و هەردووکیان پێکەوە لەسەر دوو هێڵی هاوتەریب گەشە دەکەن لەنێوان سەردەمی (کتێب) و سەردەمی (خوێنەر)

کە هەردووکیشیان لە یەک زەمەندا دەژین، لەبەر ئەوە دەبینین سەردەمی پێشوو بۆ خوێنەر، واتە (سەردەمی نووسین) هەمیشە لەژێر کاریگەری و شیکردنەوەی بەردەوامدا بووە بە گوڕوتین و هێزێک کە چەندان هێندەی سەردەمی (خوێنەر) بووە کە هاوکات (سەردەمی نووسین)یش بووە، لەبەر ئەوە چەمکی تازەگەری کە ڕەخنەگران باسی دەکەن، چەمکێکی ڕەخنەئامێز یان هزرییە و بۆ دەربازکردنی ئینسانە لە ئەندێشەکانی و ڕزگارکردنیەتی لە کۆت و پێوەندەکان و شیکردنەوەی بۆ گەردوون شیکردنەوەیەکی هۆشمەندانەی هوشیار و بە ئاگابێت، ئەمەش ئامانجێکی بنەڕەتییە و دوو ئاراستەی جیاوازن و ناگەنە ئەنجام ئەگەر ئینسان پێوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی بە ڕابردووە نەپچڕێ و گرنگی نەدات بە ساتە هەنووکەییە ڕاگوزەرییەکان، واتە بە ئەزموونە ئینسانییەکانی ئێستا و داهاتوو.

لە تێڕوانین بۆ ئەم چەمکە و گرێدانی بە بەرهەمهێنانی ڕۆمان بەو پێناسەیەی پێشوو و پوختەکردنی واتا و مانا ئەوە دەگەیەنێت کە بنەمایەکی جێگری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆمان، لە تێڕوانینێکی دیکەدا بۆ ئەم چەمکە دەبینین بانگەشەی جێگیرنەبوونی مانا و ناوەڕۆک و سادەیی فۆرم دەکات، لێرەوە دەپرسین، ئایا ڕۆمانی نوێ لەگەڵ ئەم بۆچوون و تێڕوانینە یەکانگیر دەبێتەوە، بەوەی کە ڕۆمانی مۆدێرنە، یان سەر بە ڕۆمانی تازەیە کە گرنگی نادات بە قووڵبوونەوە و جێگیرنەبوونی مانا کە لە بنەڕەتدا ڕۆمانی لەسەر پێکهاتووە!؟

لە سەرەتادا، ئەم ڕۆمانە کە پێشتر نووسەرەکەی نووسیویەتی و دایڕشتووە خوازیار بووە شێوەی دارشتنەکە لەگەڵ ئەم بۆچوونە یەکانگیربێتەوە، یان لەگەڵ بۆچوونی دووەمدا یەکانگیربێتەوە کە هەندێکیان لەسەر شێوەی تەقلیدی یان کلاسیکی دایانڕشتووە کە دەچێتە خانەی فەرامۆشکردنەوە، لەبەر ئەوەی وشە سواوە زۆر بەکارهاتووەکان تیایدا بەکارهێنراونەتەوە، ئەمەش پرۆسەیەکە ڕۆمانی تێدا زیندەبەچاڵ دەکرێ، چونکە خوێنەر نائومێد دەکات لە ڕێی بابەت و مەبەست و ئامانجەوە، لەبەر ئەوەی چەمکی خوێنەر لەوە تێناپەڕێت کە تازەگەری بە یاریکردن لە فۆرم و قۆرخکردنی تێکچوونی ڕیزبەندی ژێربێژی دابنرێ، هەروەکو ئەوەی لە ڕۆمانەکانی سەردەمی پێشوودا هەبووە، ئەگەر ڕۆمانەکانی سەرەتا وەربگرین دەبینین بۆ ئەوە نووسراون پێداویستییە بنەڕەتیەکانی (خود) جێبەجێ بکات، ئەگەر سەیری قۆناغی دوای ئەویش بکەین ڕۆمانی نوێتر دەبینین. لەسەردەم و مێژووی دوای سەرهەڵدانی ڕۆمان و لەدایکبوونی ڕۆمان، ڕۆمانی نوێ هاتەکایەوە، ئەوەی ئێستا پێی دەوترێ (میتاڕۆمان) لەبەر ئەوەی بە ئاسانی هاتە بوون و هۆکارەکانی ئەزموون و لادانە کۆمەڵایەتییەکانی لەخۆگرتبوو بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆمان بەرز بکاتەوە و لە قۆناغی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی (خود)ەوە بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی سوود وەرگرتن، یان سوود وەرگرتن و دواتر بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی کۆمەڵایەتی چینایەتی و پەروەردەیی، تاگەیشتن بە قۆناغی پوختەکردن و بژارکردنی هێڵی فەلسەفی و سەرقاڵکردنی ئەقڵ بەهێنانەئارای تێرامانێکی نوێ کە دواتر داهێنانی لێ هاتە بەرهەم، هەروەکو (ناتالی ساروت) دەڵێت: هەر شتێک دەوترێ لە واقعێکی زیندوو وەردەگیرێ، بەڵام دوورە لە تێرامانی خوێنەرەوە.

ئەو جیاوازییانەی نووسەر دەیانبینێ بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی تازەگەری لەخۆ بگرێ، لە چوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتەی ڕۆمان تێناپەڕێت، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کرداری دروستکردن و داڕشتنی ڕۆمان یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆمان، ئەمەش نووسەر وەکو بەردەبازێک بەکاری دێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێگەیەی دەچێتەوە سەر سەرقاڵکردنی هۆشمەندیی کە لە ڕێی دەقێکی نووسراوەوە تەعبیری لێدەکرێت و بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕۆحی سەردەم دادەڕێژرێت و شیکردنەوەکەشی شیکردنەوەیەکی هۆشمەندانە و بە سوود دەبێت لە ئەزموونی مرۆڤایەتی، هەموو ئەوانە شیاون لەبەر ئەوەی خوێنەر وا لێدەکات سەرلەنوێ بەشداری لە دووبارە نووسینەوەی ڕۆماندا بکات هەروەکو ڕەخنەگران دەڵێن لەچەمکی وەرگر یان خوێنەردا.

ڕاستتر وایە بڵێین، خوێنەر لە مەبەست و ناوەڕۆک و مانای ئەو کارە بگات کە نووسەر دەیەوێت، هەتا مەبەستە پەرشوبڵاوەکانیش، لەبەر ئەوەی ئەو پەرت بوون و بڵاوییە هاندەر دەبێت بۆ پرۆسەی داهێنان و کارەکەش پانتایی و ڕووبەرێکی فراوان لە (بیرکردنەوە و گفتوگۆ و شیکردنەوە) لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست و مانا پەنهانەکانی نووسەر دوور لە هەموو ئەو دەستەواژانەی ڕەخنەگران بە کاریان دێنن.

**سەرچاوە:**

ڕۆژنامەی الصباح ژمارە(٤٩٢)، ڕۆژی (٦)ی ئازاری (٢٠٠٥).

# تازە درەنگە بۆ ژوان

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)

تازە درەنگە بۆ نمەنمی باران
لەسەر پێڵووم هاوڕێ
ڕابە و پەلی دوا خەونەکانی نیشتمان بگرەو
بکەوە ڕێ
شەو نییە نەتکێشمەوە و
خۆمت تیا وردو خاش نەبم
چ لە شکانی شەرمنی ئەستەمترە
کە نەتتوانی
پەلی ڕۆژەکان ئەگرم و
خۆم و مێژووم لە ئاقاری ماڵئاوایی
وردوخاش ئەبین و ئەمرین
تازە درەنگە بۆ جێمان
لەژێر سایەی تامەزرۆییم
ڕابە
شەو نییە پەنا بۆ چۆڕاوگەی
ژوان نەبەم
چ لە تنۆکەکانی خۆشی بەلێوتەوە
ئەتوانێ مەستترم کا لە نەتوانین
تازە درەنگە
بۆ شکانی شەرمنیت لە سایەمدا
گشت شەوێ ئەتکێشمەوە
وەلێ هەر جارەو چاوێکت لەبیر ئەکەم
دووبارە ئەتکەمەوە بە پەیکەری مۆزەخانەی
بیرچوونەوەیەکی تێپەڕیو
ئیدی کونجی ژوورەکانی ویقار
هەموو قاقام بۆ لێئەدەن
پێ ڕاناگەم
ئاوڕ لە نۆتە ڕژاوەکانی ئەو دەنگانە بدەمەوە
نەخشەیەکی مەیلەو مەنفا
لەسەر ڕووت بەکێشم ئەکا
سەر بەگشت ماڵەکانی ئەکەم
وەلێ وڵاتی منی تیا نییە و
تۆ لەوێ نیت
هێڵەکانی ئەمبەنەوە لای تەنیایی
باخچەکانی جۆلانەکانی تەمەنم دێن و ئەبەن
جۆلانە بەتاڵەکانی ژیان
هەر جارێ ئەتکێشمەوە
پرشی نازێکی پەژموردە ئاوێتەی ڕوخسارت ئەبێ
هەر جارەو گۆرانییەکت لە پەنجەکانم ئەچۆڕێ و



ڕەنگەکانم تێکەڵ ئەکا
هەر جارەو شەرمێکی بەسالاچووت ئەمشکێنێ
چ لەم تابلۆ بێ ڕۆح و سەرقاڵەت بکەم
هەر جارێ ئەتکێشمەوە
تۆ سەرقاڵی مێژوویەکی
چاوێکت لەڕێی جارانە و
چاوەکەی ترت نەزری من...
تازە درەنگ هاتییەوەو
ڕێ شک نابەم
دەستەکانت لە سورمەی ڕووم بتەکێنە
چاوەکانت بە دیداری ڕوحلەبەرەکانی ژوان
تێر بڕێژە
دوور لە دەلەسەکانی ئەم مەملەکەتە جەنجاڵە دامگیرسێنە
ئەی قەقنەس
دوور لە هەرای دەلاڵخانەکانی عەشق
هەڕاجم کە
لەناو لانەی ڕەهێڵەکانی جورئەتێ
ئارامم کە
ئەی شیوەنی شکست بوونێ
کوێوەم بلند ئەکەیتەوە
ئەی قەقنەس
تازە درەنگە بۆ
هەڵفڕینی بەڵێنەکانی ڕوحیانەت
کە ڕۆشنتر ئەمگیرێنێ
بەر لە سووتان من شاهنشای وڵاتی گەرمەسێران بووم
من زێوانی گۆڕستانی زیندووە لەخۆچۆکان بووم
ئەی جوانکیلەترین قەدیسی مەعبەدەکانی دیار ڕۆژگار
لە زیکرمدا، پەنا بۆ جوانێکان مەبە
وەرەو بەرانبەر ڕوخسارم لێزمە بدەو
بمکێشەوە
تامی ماچەکانم بکەو
بەبۆنی غوربەتم مەست بە
وەرەو هەواڵی نوێژە بەتاڵەکانم ببە بۆ خاک و خۆڵ
وەرەو
یەک جار وەکو ڕۆحم هەڵم بکە
وەرەو
یەک جار زیندوو بوونەوەم حەشر کە
تەنها جارێ
گوێ بۆ سەمای کەنیزەکانی بوونم شل کە
خۆ هەموویان خشپەی گوناهی من
لە پێیەکانیانەوە دێ
تازە درەنگە بۆ نوستن

ڕابەو
پەلی خەونەکانی نیشتمان بگرەو
بکەوە ڕێ
ئەمجارەیان بەتیلەی ناز ئەتکێشمەوە
بەڵام پرسیاری نەورەسەکانی گومان مەکە
ئەی قەقنەس
ئەی تاقە موتاڵاکەری ڕوخسارم
وەرەو برژانگەکانم هەڵبێنە
دنیایەک پرووشە گومان
ڕوخسارم ئەکاتە زستان
وەرەو
دەمامکەکانی ڕووم داماڵە
بەدەستە سورماوێکانت بیسڕەوە
بیسڕەوەو بیسڕەوە
تا دەگەیتە پێستی نیاندرتاڵترین حوزنم
وەرەو
ژمارەی ئەو ئەستێرانەم پێ بڵێ
کە بەدیار دیدارەکانمەوە ڕژان
وەرەو
دە پەنجەی قرتاوی پایزانێکم بۆ بێنە
ئەی حەسرەت
شەوێک بەنهێنی وەرەو
دزە بکە ناو ڕاڕایی تەمەنمەوە
هەر بە ئەوە بمناسەوە
بۆنی ڕۆژە دوورەکانم لە ناخمدا هەڵگرتووە
ئەی حەسرەت بۆ چەند ساتێ بڕۆ و
تاقی جەهەننمەکانی ژیان تاقی کەوە
هەموو قوژبنەکانی تەمەنیشم سەح کەوە
چاو بەدوا کونجەکانی وێرانبوونیشم بگێڕە
لە خواوەندە بێدەسەلاتەکانی عەرشی زەویش بپرسە
کەینێ دێنەوە بۆ وڵات
ڕابە و بڕۆ
تازە درەنگە بۆ لەخەو جێمان
لەژێر سایەی کۆنە ژوان
ئەمێستا ئاسمانیش وەکو من بینایی لێڵە و
لە هێلانەی سورمەچنی تاریکی پرچم ئەگەڕێ
دە پشوویەک لەم مەحشەرە و
تێرامانێک لە ئاسمان
ساتێک بەدیار توانەوە
تازە درەنگە بۆ دیدار
پەلی خەونەکانی من و نیشتمان بگرەو
بکەوە ڕێ

# من پێش خواردنی پرتەقاڵێک دەکوژرێم

تەرزە جاف

ئێوارەیەک
من بەر لە خواردنی پرتەقاڵێک..
دەکوژرێم
یاخود دەشێ
«بە هەڵگرتنی شانەیەک بۆ کەزییە تەنکەکانم»
تاوانبار
ئەنجن ئەنجن بکرێم

شەڕ کە دێت..
بە بۆن من دەناسێتەوە
لە دوورەوە هاوار دەکات
ئەوەتا ئەو کچۆڵە سپیکەلانەی
لە ناو ئاگردا گاڵتەی بە عەقڵی من دەکرد
شەڕ دەنگی لە قریوەی من زوڵاڵترە
شەڕ باڵای لە باڵای قەشمەرجاڕیەکانی من بەرزترە
شەڕ لە ئاو دەچێت و لە ئاو ناچێت
شەڕ ڕەنگی هەیە و بۆنی نییە
شەڕ بۆنی هەیە و ڕەنگی نییە

شەڕ نەرم و لووس.
نوورانی و عەیار
بە هەموو کونێک و هەموو درز و دەرگایەکدا بە وێنەی
تیشک تێدەپەڕێت
شەڕ لە ناو تەلەڤزیۆنەوە
لەناو ڕۆژنامە
تەنانەت لە بەرنامەی منداڵانیشدا
دەچەقێتە یادگارییەکانم

ئەو ڕۆژەی کە شەڕ دێت
من هێشتا تەنانەت ڕێگەی بەهەشتیش پێنازانم

شەڕ گاڵتە بە بەتانیە تەڕەکانی من و ژوورە
کەبسکراوەکەم دەکات
شەڕ لە گرمەی شپرزەیی من بە ئاوپرژاندنی دیوار و
پەنجەرەکان
بە شیعرە شەیتانیەکانی گوێچکەی خۆشەویستەکەم
دەدزێت و دەیکاتە ملوانکە و لە ملی خۆی دەکات
شەڕ لە جەرگەی کلۆڵی من بە داخستنی کون و
کەلەبەرەکان بە لەچک و کراس و دەرپێ
مەمکە بۆنسێویە ژەهراویەکانی خۆی پیشانی منداڵەکانم
دەدات و دەیانخاتە پێکەنین



شەڕ بە چرپە داوای هەناسەکانم لێ دەکاتەوە و بە
گرمەیەکی تۆقێنەر لێم دەستێنێت..

بۆنا!
خۆ دوور نییە ئاودانی گوڵێک سەرم بخوات
یاخود لاواندنەوەی خاڵخاڵۆکەیەک جوانە مەرگم بکات
شەڕ لە بۆنی گوڵەوە لە لووتمەوە ڕۆحم دەکێشێ
شەڕ لە باڵی خاڵخاڵۆکەوە دەچەقێتە نیگام
شەڕ زەندەقم دەبات تەنانەت لەو سەیارانەی منداڵانی
جەژن دەگوازنەوە
شەڕ شایەتمانم لێ قەدەغە دەکات و کوشتنی من دەکاتە
جیهاد
شەڕ کەللەسەرم دەدزێت و پێم پێدەکەنێت

ئەو ڕۆژەی من دەمرم هەموو پرتەقاڵەکان دوورە دەستم
دەمێننەوە بێ ناز
هەموو گوڵەکان
دوورەدەستم دەمێننەوە بێ ناز
هەموو خاڵخاڵۆکەکان
دوورەدەستم دەمێننەوە بێ ناز.

شەڕ دیارە و دیار نییە
شەڕ لە هەموو جێگایەکە و لە هیچ کوێش نییە
شەڕ هەموو جۆرە کراسێک لەبەر دەکات و دواتر لە
کراسی خواوەندا من دەکوژێ
شەڕ لەگەڵ لاڵانەوەی من
لەگەڵ شیوەنی من..
بە ئاسپایی
وردە تەوقەکانی کچۆڵەکەم لەسەری خۆی دەدات
شەڕ لە گەرمەی سەرقاڵیی من بە لەئاو هەڵکێشانی
بەتانییەکان
بە پەنجە ژەهراویەکانی.
یاری بەقژی کچۆڵەکەم دەکات و
عەینەکی کوڕە بچکۆلەکەم دەدزێت
شەڕ زمانم دەبەستێت و تۆبەم لەو گوناهانە پێ دەکات کە
هەرگیز نەمکردوون
شەڕ دەمباتە لای فاڵچییەکان
شەڕ باوەش بۆ من دەکاتەوە و لەگەڵ دەرکەوتنی
لە دوورەوە سوجدەم پێ دەبات
شەڕ پێش ئەوەی ڕۆح بسپێرم بە چرپەیەکی بۆگەن پێم
دەڵێ:
بە سەهو نەچیت
بیر لە بەهەشت نەکەیتەوە..
هەموو باغات و میوەجاتەکانی بەناوی منن

# هیران

ئازاد دڵزار

ڕیزێک سپینداری شل و مل
گەردن هەڵکشاو و چاوسەوز
وەک تەشی ڕێس نەرم نەرم
وا کزەی بایەک دەڕێسن
وەک ڕیسی ئارمووش و قەنەوز
چاوگەی تەقیوی بن بەرد و
توترکەڵان و گەڵامێو
بە ناو چیمەنی بارێزە و سێپەڕەدا
وەک توولەمار
بە ژێر تەیان و چیلەدا
خۆی هەڵدەکوتێتە باغی سێو.
تاوڵی سەوزی هەڵدراوی
سوورە چنار و بنەگوێز
تەواو مزگەوتیان خستۆتە
بەر سێبەرێکی کەسکوونی
خەیاڵ ئامێز
خرتە خرتی دار کونێرەی
دەنووک تەوشووی هەوری لە کۆڵ
ئاوەدانی خستۆتە ناو
دارستانی سەر قەبرانی
خامۆش و چۆڵ
باق و بریقی
کراس پوولەکە و سیم چنی
گەڕی شایی کچ و کاڵان
ورد ورد دەشێلن پونگجاڕی
گیا بە گوڵینگەی
پلیشاوەی بن هەناران
ڕێگای نسرمی بەگەوە و
خز و هەڵدێر
بە ناو دار خۆخ و چواڵەدا
پێچ پێچ دەتبا تا ڕۆخ چەمی
بە هەرێزی تەڕ و زەنوێر
فیتە فیتی وردە مەلی
ناو زەمەند و سەر گاتووان
مووچڕک دەخەنە هەناوی
زەردەبی قاچ و قول ڕووتی
کەنار ئاو و قامیشەڵان
دووکەڵی شینی پەنگخواردووی
ژێر کەپری زارکی دۆڵی تەنگ
وا جەرگ و دڵی سیخ دراو
دەبرژێنێ
کچە سەیرانچی شۆخ و شەنگ
منیش ڕێبوار و ڕەفتەنی
لە – هیران –یێ
هەر بە پێوە خەومەبینی
نەشئەیەک لە سەری دابووم
ئێستاکەش تێی نەگەیشتم
شادی بوو یان دڵ غەمینی؟!

هەولێر – ٢٠٠٥/٥/١٦

# رزا تۆپال.. شاعر و هونەرمەند

بەرهەڤکرن: س. زروەیی
(دهۆک)

هوزانڤان و هونەرمەندێ شێوەکارێ کورد رزا تۆپال، ل سالا (١٩٣٤)ێ ل گوندێ هۆلمان ل دەڤەرا دێرسم ژ دایک بوویە. بوویە مامۆستاو، ل سالا (١٩٦٨)ێ ژ تورکیا دەرکەفتیە و ل ئەلمانیا بنەجهـ بوویە. خواندنا ئەکادیمی ل وێرێ ل باژێرێ میونخ ب داوی ئینایە.

چەندین پیشانگەهـ یێن بەرهەمێ خویێ شیوەکاری ڤەکرینە و نێزیکی (٥٠٠٠)هەزار کەڤالان هەنە. ژ رەنگێن ئاڤی و زەیتی. ژ ئەوانا (١٠٠٠) روونی نەو (٣٠٠٠) گرافیکن.

ل سالا (٢٠٠٠)ێ ب سەرەدان هاتە کوردستانێ و ب دیدارا بەرپرسێن هەرێمێ ل هەولێر شاد بوویە.

هەتا نوکە سێ ڤۆلدەرێن بەرهەمی وی چاپ بووینە کو ژ هوزان و کەڤالان پێک دهێن. نێزیکی (٣٠) پێشانگە و گالیری ڤەکرینە.

**دەربدەر** **١٩٨٨**

**بچم کودەر، بکم گەڕ**
**عالەما من ناڤهەڤ کەتی**
**وەک چووک تەیرێن پەڕ شکەستی**
**دائیما حالێ من دەربدەر**

**بچم، دێ بچم دووری دەر**
**بەلکی ژێ خلاس بکم کا**
**بێ فایدەیە و دبێژیت نا**
**ئەو ژی من را تم تەڤ دگەڕ**

**ڕەشتاری ژ من نا دەرکەڤ**
**ئەو تێدا کوور گرێیەک کۆرە**
**بێ گیاس حکومدارەک زۆرە**
**ژێ خلاس نابم ژ هاردەڤ**

**دخوازم ببم هایا ژهێش**
**بیر بکم کولا کوردستان**
**قەت ناپیر بە خوینا کوردان**
**تەڤی هوومە بێ حال و هەش**

**برەڤم ژڤر و هەر وێدا**
**قەت خوە ناگەهینم چ باهەڤ**
**جارەک کەتمە ناڤ وی دەڤ**
**ئەو من نابەردە دەر، قەت نا**

**بەلاڤ بوومە پاری و پار**
**وەک ئەینکا هەزار جوپار**
**نابە یێک قار جهـ دا ئەوجار**
**خان و خرابە ب تارومار**
**بپ ٥٢**

**هۆلمان** **١٩٨٨**

**هۆلمان بر خاتر ئانینێن کەمد**
**ئەو تێن و جار دن دبن تازە**
**من دا هەلددن ئەو ژیین خەمد**
**نووبن، ئەوێن دخوەزە.**

**گوندێ هۆلمان، گوندێ باڤکالان**
**کەڤرن، دارن دەرجهـ گشت ناس**
**وردا چێبووم، بن ستێرکێن ئاسمان**

باورتن ئەو خوەستی ژینا بێ قیاس.

وەک با سەرا چوو، بۆ تەڤ دەرباز
ئەو گشت خانزاییێن من دا رازن
ئەو رزق خوەرنێن خێربێر نیاز
وەک دەربازی رۆژێن دو ویێرن

ئەو مالێن کەرپێچ، دیوارێن بەر
هەر مالەک تەڤ زارۆک دێ و باڤ
ژییانەک کوور دەرباز بوو، چوو وەر
تەڤی مال، نەوال و جۆکێن رژاڤ

زەڤی ییێن بەرەکەت سەر هلددن
ب بار، بۆستان جۆرە جۆر خوەرن
زارۆک بوون گەنج، قەنج بوون تەڤ کالان
برەک و هاتن، یێ دن بار کرن

دەم دادوەرت وەک چەمێن ئاڤ
چ نە دما، دیسان ئاژتازە دهات سەر
کالان باردکرن ب وەستی گاڤ
دیسان ژینێ هلددا ل بن بەر

چ بوو بوو دەوا دائیمی و دائێم
خلاس نەدبوو ئاڤ ژییان لەیستیک
لەیستکەک کەونە پیس قەویم
وەک لەیست لایستکا چاڤگرتیک

هۆلمان مێژوو یا من دا دگەر
تەڤگەر ب پێ مەلەڤانان
وەک ستێرکێن والا دا تەڤ دگەڕ
من دا لەبتن ئەو کەونا مێهڤان.
بپ/٥٣.

ژیانەک

مە هەبوونا ژییانەک
ژیانەک وەکی مەرڤان
مینا هەموو ملەتان
نە وەکی پەز و هۆڤان
خوەستنەک
ب سەرفەرازی
ب خێرخوەزی
ب دل خوەزی

هەبوونا مە ژیانەک
ب خوە ناسی
نە بەلەنگازی
نە ڕووت و تازی
و لنگێ خاسی

ژیانەک
وەکهەڤی
تەڤهەڤی
دەست هەڤی
پێش کەتی
سەرکەتی
ب براتی.

ژیانەک
پارڤێ هەقی
دژ نەهەقی
دورستی
دلخوەستی..
ژیانەک
ب سەرخوە بوون
ب پێشڤەچوون
ب خەنی بوون
و مال هەبوون

ژیانەک
خودان مال
نە زکێ تال
جندی هال
ئەمرەکی دەلال
دژ زەول
وبێ هال

ژیانەک هەبوونا مە
ئەم زارۆکێن کوردان
ژێ خەلاس بوونا ژوان
بێ هالی، کول و دەردان.
بپ/ ٥٤-٥٥.
١٩٧٧

فەیلەسوف دبێژە
١٩٨٨

سڕ ئەساسی تشتەک هاریکا
ئەما سڕدا سڕ مەراق پڕ
رێز واری سڕ، شیرینتر سڕ
فازیلەتەک ژینا مەرڤدا
لێکولن، لێگەرن سەر مەراق
ژین ب خوە سڕ و حیکمەت
تێدا تەڤدده ئەو هولقات
مەدا چێکر کوور جھ ئانتاق
بێ ماراق، نەلێگەڕن ژین
ئەو نکانە ببە تێر هەیات

# چەند کورتە شیعرێکی نیچە

و/ لە ئیسپانییەوە: حەمەی ئەحمەد ڕەسووڵ
(هۆڵەندا)

١ - درەختێ ئەدوێ

زۆر بە تەنیایی گەورە بووم و
زۆریش بڵند هەڵچووم،
چاوەڕوانم،
لێ چی ورەی چاوەڕوانیم پێ ئەبەخشێ:
ئەوانەش وا لە منەوە نزیکن
سەر بە هەورن و..
چاوەڕێی یەکەمین برووسکە ئەکەم

٢ - کۆچبەر

چ ڕێگایەک نییە!
دوورییەک وا لە نێوان ئەوەی ڕابوورد و بێدەنگیدا
چ درکێکت پێ نەکردووە!؟
تەواو خۆت داوەتە دەست ئەو ڕێگایە!؟
ئەی کۆچبەر، نیگاکانت بە خاوێنی و ساردی بپارێزە..
گەر وا هەست ئەکەی لە مەترسیدایت، ون ئەبیت!!

٣- ئاشووبی جیهان


لە نێو کێڵگەکەدا بە خەمساردییەوە
پاڵی لێمەدەرەوە ...
هەروەها زۆر بەرەو بەرزیش هەڵمەزنێ
جوانترین لێڕوانینێکی ئەم جیهانە،
وا لە نێو جەرگەی ڕێگادایە....!

٤- ئا ئەوەیە مرۆڤ

بەڵێ، ئەزانم من لە کوێوە هاتووم
بەرپا بووم هەروەکو مەشخەڵێ
ئەسووتێم و فەنا ئەبم
ڕووناکی: هەموو بوونێکم پێ ئەبەخشێ
ژیلەمۆش: هەموو ئەو میراتییەی
لە پاشم جێ ئەمێنێ
ئاه ، کە بە ڕاستی من مەشخەڵێکم....!

٥ - ڤینیسیا

بەسەر پردەکەوە، سەرم شۆڕکردبۆوە و
بە نێو نووتەکی شەودا ڕۆچووبووم



ئەو دەمەی گۆرانییەک لە ناخما سەری هەڵدا
تنۆکەی ئاڵتوون ئەرژێتە سەر
پەڕەیەکی لەرزیو...
بەلەمی – گۆندۆڵەکان**،
ڕووناکی، مۆسیقا
هەموو پێکەوە سەمایان لەگەڵ
سەرمەستی خۆراوابوونا ئەکرد ...
ڕۆحم هەروەکو هارمۆنیای نۆتەی گیتارێ
لە خۆشی ئەو سەما و سەرمەستییە پەنهانییەدا
گۆرانی ئەچڕی ..
سترانێکی نهێنی لە سترانی دەریاوانەکان،
کە لە خۆشنوودی و شادییا،
موچڕکەی لەرزیان پیادا دێ ..
بەڵام ئاخۆ کەسێ هەبوو گوێی بۆ ڕادێرێ!!

٦ - بەختەوەریم

لەو دەمەوەی گومانم لە بەدوادا گەڕاندا هەیە
فێری ئەوەبووم کە ببینمەوە ..
لەو دەمەوەش ( با ) دوژمنایەتیم ئەکا
خۆم کردۆتە چارۆکەیەک و
بەگژ هەموو (با)کاندا ئەچمەوە....!

٧ - بۆ پیاوچاکان

چاکییەکانیشمان، پێویستە هەروا سووکەڵە بن
هەروەکو پەندی نێو هۆنراوەکانی هۆمیرۆس ..
کە جارێک دێن و جارێکیش دەڕۆن ..

٨ - گۆرانی سەرمەستی

وریا بە ئەی مرۆڤ!
بزانە لە شەوانی دووروودرێژەوە
گوێ بیستی چی ئەبێت!؟
«من نووستم.. من نووستم
وا ئەمێستاکەش لەو خەوە دوور و درێژە
ڕاپەڕیوم»
ئەم گەردوونە قووڵە،
قووڵتر لەوەی ڕۆژگار درکی پێ ئەکرد
ئازارت بە ئێش و قووڵە
ئازار و ئێشێ – زێتر لە ژانی دڵێ
ئازار ئەڵێ: تێپەڕێنە، دەرباز بە
هەموو ئازارێ بەرەو نەمریی ئەچێ
نەمریش، بە قووڵی بەرەو ناوجەرگەی
هەتا هەتاییدا ڕۆئەچێ....!

٩- نەبەز

لەهەر کوێیەکیت،
چاڵێ بەرەو قووڵایی هەڵکەنە
کانی، وا لە قووڵاییدایە
با خەڵکی نیشتەجێی قووڵایی
هاواریان لێهەستێ و بڵێن:
لێرە،
لەم قووڵاییەدا هەمیشە دۆزەخە...!

( *) فریدریک نیچە:
– بیریار و مەزنە فەیلەسووفی ئەڵمانی (١٨٤٤ – ١٩٠٠) سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای نووسیندا و هەر لە ساڵی (١٨٧١)ەوە تا دوا ساڵی نووسینی لە (١٨٨٨)دا، شێواز و ستایلی شیعرییانەی لە دووتوێی سەرجەمی کتێبە فەلسەفییەکانیدا (بەتایبەتی لە کتێبی – ئاوا زەردەشت دوا–دا) بە زەقی دیارە و بە کاریگەری ئەندێشە و باکگراوندی شاعیرێتی خۆی سەپاندوونی بەسەر دنیا و جیهانی فەلسەفەدا، لێ نیچە دیوانێکی بچووکی شیعری نووسیوە بە نێوی «ستایشەکانی دیۆنیزۆس»ەوە.

(**) گۆندۆڵ – بەو بەلەمە تایبەتییە دەگوترێ کە تەنیا لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵیادا بەکاردێ.

# ئەوانەی لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد

یووسف عزەدین
(ئوستراليا)

لەسەربانی بەرزی ساختمانێکەوە کە لە شوێنێکی نادیاری سەربانەکەوە کەسێک بە زمانێکی بیانی کۆپلەی گۆرانییەکی سەیرو سەمەرەی دووبارە دەکردەوە، دەمڕوانییە ئاسۆی بێ کۆتای زەردەپەڕ کە لە چەند خاڵێکدا دەستەملانێی دەریاکە دەبوو.

پووشەکایەکی زەرد، چواردەوری بیناکەی گرتبوو. نەک هەر بەری هەردوو دەرگای ساختمانەکەی گرتبوو؛ بەڵکو بە چەشنێک بەرزببۆوە، کە هێندەی بەرزی دوو نهۆمی ساختمانەکە هاتبوو. لە نێوەڕاستی کەنارێکدا، بەتاقی تەنیا بە ئاسماندا چووبوو. ساختمانەکە بە چەشنێک بەرز بوو کە ترس و فۆبیای بەربوونەوەو کەوتنە خوارەوەی تێدا دەبزواندم.

هەستم بە کەمکردنی کێش و گچکە بوونی بارستەو چڕبوونەوەی جەستەم دەکرد کە ئیدی خۆم وەک باڵندەیەکی هەڵلەرزیوی بەرکزەبایەکی توند دەهاتە بەرچاو. پێم وابوو هاکا پێیەکانم لەسەر بانەکە دەبڕێت و بەردەبمەوە!

وام هەست دەکرد، لە دەستپێکی بینینی خەونێکی سەیرو سەمەرەدا بم. بە چواردەوری ساختمانەکەداو هێندی پانتایی بێ بنەوپەی کەنارەکە کەسانێکی ڕەشپۆش، پیاسەیان دەکرد. بێ ئەوەی باران ببارێت یاخود گەرمی خۆرەتاوێک تەپڵە سەر و شان و ملیان بسووتێنێتەوە؛ چەترە ڕەشەکانیان هەڵکردبوو.

هەموو هەوڵ و تەقەللایەکیان شاردنەوەی ڕووکار و دەموچاویان بوو. گەرچی لەجێگە و شوێنێکی زۆر بەرزەوە، دەمڕوانییە هەموو ئەو کەسانە. بەڵام سەیر لەوەدا بوو هەروەک ئەوەی لە نزیکەوە تێیان بڕوانم.. یان هەروەک ئەوەی لە پاڵیاندا بم، یان منیش یەکێک بم لەوانەی کە لە کەنارەکەدا پیاسە دەکەن، لە گۆشە نیگایەکی ترەوە چاوم بە ڕووکاریان دەکەوت و پاش دیتنی هەموویان، بە سەرسامییەوە ئاوڕم لەو کەسە دایەوە کە لە شوێنێکی نادیاری سەربانەکەوە هەمان کۆپلەی گۆرانییە سەیرەکەی دووبارە دەکردەوە. شکڵ و شێوەی هەر بەوانە دەچوو کە لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد.

نەمدەتوانی لەجێی خۆم ببزوێم و بەهیچ لایەکدا هەنگاو بنێم. زۆرجار هەموو پانتایی سەربانەکەم لێ دەبووە بازنەیەکی گچکەی داخراو کە تەنیا جێگەی پێڵاوەکانمی تێدا دەبۆوە.



پاش تاوێک هەستم بە مەحاڵبوونی تێپەڕکردنی ئەو بازنەیە کرد. بێجگە لە نیگا و تێڕوانینم، هیچ شوێنێکی دیکەم نەدەبزوا. هەروەک ئەوەی جەستەم لە پەیکەرە ئێسک و خوێن و گۆشت و ماسولکە و دەمار و

جومگەکان پێک نەهاتبێت.

تەنیا نیگاکانم دەبزوان و لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە پەلیان دەهاویشت. هەروەک بینینی کەسێکی نائاشناو نامۆ، بە بەردەوام خۆمم لە دەرەوەی خۆمەوە دەبینی. هێشتاکە گوێم لە دووبارە بوونەوەی هەمان کۆپلەی گۆرانییەکە بوو.

بۆ جارێکی دی کە ڕوانیمە ئەو کەسانەی کە لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، چەترە ڕەشەکانیان پێ نەبوو. گەرچی دەجوولاّن و بەم لاو ئەولادا هەنگاویان دەنا.

بەلاّم تێکرا دەیانڕوانییە ئەو ئاراستەیەی کە من تێیم دەڕوانین. گەرچی ئاراستەو گۆشە نیگایەکی تایبەت نەبوو، بۆ تێڕوانینم، لە هەموو ئاراستەیەکەوە و لەیەک کاتدا هەموویانم دەبینی؛ تەنانەت پانتایی کەنار و دەریا و ئاسمان و دوو پەڵە هەورە تێکەڵەکە و زەردەپەڕی ئێوارەشم دەبینی.

گەرچی لەسەرەتادا پێم وابوو، لەسەربانی ساختمانەکەدام، بەلاّم دواتر بە تەواوی نەمدەزانی لە کوێدام.

زۆرجار وەک تەماشاکردنی هەر کەسێکی دیکە، لە دەرەوەی خۆم، خۆمم دەبینی.

بەلاّم دواتر دەکەوتمە گومانی ئەوەی، تۆ بڵێی ئەوە من بم؟

پرسیارە جەنجاڵەکان سەرقاڵیان کردبووم. لە کاتێکدا لەپاڵ هەموو ئەوانەدا، کە لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، منیش وەک ئەوان پیاسەم دەکرد.

لە هەر گۆشە نیگایەکەوە کە بمەوێت تێیان بڕوانم، تێیان دەڕوانم.

لە هەمان کاتدا، من لەسەربانی ئەم ساختمانەدام و لەنێو بازنەیەکی گچکەی داخراودا ڕاوەستاوم! دەنگی ئەو کەسەی کە لە شوێنێکی نادیاری سەربانەکەوە گۆرانی دەگوت، گۆڕانی بەسەردا هات کەوتە گوتنی کۆپلەیەکی نوێ و بە ئاوازێکی دی.

هەروەک ئەوەی ئەو زەردەپەڕەی ئێوارەیەت لەو ساتەوەختە تەلیسماوییەدا ڕاوەستاندبێت. گەرچی بە حوکمی گۆڕانی ئاواز و کۆپلەی گۆرانییەکە پێدەچوو زەمەنێک بەڕێ چووبێت، بەلاّم هەمیشە هەمان دیمەنی زەردەپەڕت دەبینی.

جلکی ئەو کەسانەی کە لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد، گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. تەنانەت شێوەو شکڵیشیان پیرتر و ئاغرتر ببوو.... ئەمجارەیان بە ئاراستەیەکی دیکە و جیاواز لە پێشوو هەنگاویان دەنا.

هەروەک ئەوەی بارستە پووش و کاو دیوارەکانی ساختمانێکی زرت و زەلام ڕێگریان نەبێت، بە ئاسانی تێپەڕیان کرد و یەک لە دوای یەک بەرەو شوێنێکی نادیار هەنگاویان نا.

گەرچی نەمدەویست لەگەڵیان بڕۆم، بەلاّم بەدەر لەویستی خۆم، وەدوویان کەوتم. بە دالاّنێکی دوور و درێژدا هەنگاومان نا و بۆچەند جارێک ڕاوەستاین.

گوێم لە کەسیان نەبوو شتێک بڵێت؛ یان ئاوڕ لەوەی دوای خۆی بداتەوە، بەلاّم هەر وەک ئەوەی ئەندێشەو هزری یەکدی بخوێننەوە، پێکەوە ڕاوەستان و لەپڕ دەستیان بۆ دیواری دەستە ڕاستی دالاّنەکە برد.

هێندەی نەبرد یەکێکیان یەک دوو خشتی دیوارەکەی لادا و پاش تاوێک هێندەی قەبارەی دەرگایەکی مامناوەندی، دەرگایەکی کراوە وەدیارکەوت.

یەک لە دوای یەک چوونە نێو هۆدەیەکی فراوان. لەوەدا بوو کە دوویان بکەوم و بەدوویاندا بچمە ژوور. دەرگاکەیان پێکەوە دا. ئیدی نازانم چۆن خۆم لە نزیک کەنارەکەدا بینییەوە.

بەلاّم کات، زەردەپەڕی هەمان ئێوارەبوو.. پێنەدەچوو زەمەن بۆ چەند چرکەیەکیش، گۆڕانی بەسەردا هاتبێت.

لە شوێنێکی نادیاری سەربانێکەوە، کەسێک کۆپلەیەکی نوێی گۆرانییەکی سەیر و سەمەرەی دەگوتەوە. بۆ جارێکی تر ڕوانیمە ئەوانەی کە لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد. کەسم نەدی.

شەپۆلی دەریاکە بەتەواوی چواردەوری ساختمانەکەی داببوو. گەرچی کات، زەردەپەڕی هەمان ئێوارە بوو.

ئەو بازنە گچکەیەی کە تەنیا جێی پێلاّوەکانمی تێدا دەبۆوە، نەمابوو. سەرەتا پێلاّوەکانی خۆم بینی، تا دەهات نیگاکانم هەڵدەکشا. پانتۆڵێکی ڕەشی قەدیفە، کراسێکی سپی، دواتر ئەنگوستەکانم، مەچەک و قۆڵ و شانم، یەکە یەکەی بەشە جیاجیاکانی لەشی خۆم دەبینی. دەستم برد بۆ سەرم؛ دواتر گوێچکە و لووت و دەم و ددانەکان. گەرچی ڕیزی پێشەوەی پێدەچوو بەشەق و لەقەی کەسێک شکێندرابێت. لەلای ڕاستی زارمەوە خوێن قەتماغەی بەستبوو.

بازنەیەک نەمابوو هەنگاوەکانم شەتەک بدات. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نەمدەتوانی هەنگاو بنێم و ببزوێم. گەرچی دەمتوانی خۆم لە ناوەوەڕا ببینم و دیمەنەکانی

دەرەوەش وەک ڕاستییەکی بەدەر لەخۆم ببینم.

هەستم دەکرد جەستەم لە پەیکەرە ئێسکێک و خوێن و گۆشت و ماسولکە و جومگە و دەمار پێک هاتووە. هەر لەو ساتەوە کە ئەو هەستەم تێدا بزوا، نەمدەتوانی لە دەرەوەی خۆم، خۆم ببینم، یان پشتە ملی کەسێک، کە ڕووی لێمە ببینم.

تەنیا لەسەربانی ساختمانەکەوە و بەیەک ئاراستەدا شتەکانم دەبینی. نیگاکانم چەق بەستوو لە خاڵێکدا، پێ دەچوو بۆ دواجار زەردەپەڕی ئێوارەیەک بەسەر بکاتەوە.

کەنارەکەم نەدەبینی. ئاسۆ و زەردەپەڕ و دەریایەکی بێ کۆتا لە خاڵێکدا یەکیان دەگرت و نیگاکانیشم چەق بەستوو، تەنیا لەو خاڵەیان دەڕوانی.

نەدەکرا ببزوێم و هەنگاو بنێم.

لە شوێنێکی نادیاری سەربانەکەوە کەسێک دوا کۆپلەی گۆرانییەک.. پچڕ پچڕ.. بە ئاوازێکی جیاواز.. پەیتا پەیتا.. دەیگوتەوە...

بە چەشنێک کە جارجارە پێم وابوو بڕیارێکی سەربازی دەخوێنێتەوە. گەرچی لە خاڵێکی چەق بەستوو زیاتر هیچی دیکەم نەدەبینی، بەڵام وام هەست دەکرد. هەموو ئەوانەی کە پێشتر، لە کەنارەکەدا پیاسەیان دەکرد.

لە پشتمەوە ڕاوەستابێتن. وەک یەک جاری بینینم، ڕەشپۆش بن و چەترە ڕەشەکانیشیان هەڵکردبێت.

پێم وابوو چاوەڕێی تەواوبوونی شتێکیان دەکرد.

دەمویست دەم هەڵبێنمەوەو شتێک بڵێم.

بەڵام نەدەکرا هیچ بڵێم.

هەروەک ئەوەی لە کۆتاییەکانی بینینی خەونێکی سەیر و سەمەرە نزیک بووبێتمەوە بەشێکی دەسپێکی خەونەکەم وەبیرهاتەوە.

«هاکا پێیەکانم لەسەر بانەکە دەبڕێت و بەردەبمەوە.»

.......................!!؟

# دوو چیرۆکی شان بە شان

شێرکۆ جیهانی
(مەهاباد)

## - چیرۆکی A -

ماسییەکان لە پێش چاوی بوون. ماسییە ڕەنگاوڕەنگەکان؛ بچووک و گەورە، بەڵام کاتێک هەستیان بە بوونی ئەو دەکرد، بە پەلە ڕایان دەکرد و بڵاو دەبوونەوە، بە خێرایی دەخوشی و لە ناو ئاودا بەرەو پێشەوە دەچوو. لە ناکاو جینگڵی دەدا و بە لایەکی دیکەدا مەلەی دەکرد. هێندێک جاران بە توندی خۆی بەرەو ئاسمان هەڵدەهاویشت و چەند میتر لە ئاو وەدەر دەکەوت، پاشان بە قورساییەوە دەکەوتەوە ناو ئاوی دەریا.

لە خۆی وەڕەز بوو. لەوەی کە شەو و ڕۆژ کارەکەی تەنیا گەڕان و خواردنی ماسییەکان بوو. جاری وابوو کاتێک زاری دەکردەوە، هەزاران ماسی قووت دەدا. هێندێک جاران دەڕۆیشتە ژێر ئاوی دەریا و لە ناخی قووڵترین و تاریکترین شوێنەکان لەسەر زەوی ڕادەکشا و هێندێک جاریش دەهاتە سەر ئاو و بەرەو دوور دەیڕوانی. شەوانە بیری لە ئەستێرەکان دەکردەوە و نەیدەزانی ئەوانە چن؟! زۆرتر وەکو ئەستێرەکانی دەریایی دەچوون! لە ئاسماندا چییان دەکرد؟! بە ڕۆژیش خۆرەتاوی وەکو هەشت پێیەکی زێڕین دەهاتە پێش چاو. کەچی ئەو لە هەموو شتێک ماندوو بوو. لە گەڕان، لە

## - چیرۆکی B -

سەری ئاپارتمانەکان لەناو هەورەکاندا ون بووە. شار پڕە لە ئاپارتمان و چیایەک وەبەر چاو ناکەوێت. دووکەڵی ماشێنەکانیش لە داوێنی ئاپارتمانەکان هەڵدەستێ.

مرۆڤ بە تەنیایی لە ژێرەوەی ئاپارتمانێک ڕاوەستاوە. سەیری سەرەوەی دەکات و خۆی لە بەرامبەر ئاپارتماندا بچووک دەبینێت. هەڵبەت ئەو گەورەیە. چونکە ئەو ئاپارتمانانە بەهۆی تواناکاری و پارە و مێشک و پلانەکانی ئەو پێک هاتوون.... جاران کاتێک لەبەر پەنجەرەی نهۆمی ئاخری ئاپارتمان دادەنیشت و لە ڕۆژێکی بێ هەوردا- کە زۆر کەم هەڵدەکەوێت- لە حاڵی نان خواردن سەیری خوارەوەی دەکرد و هەستی خۆشی لە خۆبایی بوون دایدەگرت. کەچی کاتێک ماشێنەکان و مرۆڤەکانی وەک خۆی لەژێرەوە، وەکو مێروولە دەهاتە بەرچاو، هەستی بە بچووکی دەکرد. بەتایبەت کە ئێستا خۆیشی لەژێرەوەی ئاپارتمان ڕاوەستاوە و بەرەو سەرەوە دەڕوانێ، زۆرتر خۆی بچووک دەبینێت. ئەو هەم گەورەیە و هەم بچووک!

خەڵک بە پەنایدا دێن و دەڕۆن، بەبێ ئەوەی سەرنجی بدەنێ، یان ئەو سەرنج بداتە خەڵک. ئەگەر بڵێین لەنێو دەریایەک ئاودا تینوویە، شاعیرانەیە. بەڕاستیش هەر

جینگڵدان، لە خواردن...

ئاخر بۆچی دەژی؟! ئامانج لەو ژیانە چییە؟! هەموو شتێکی پووچ و بێهوودە دەدیت. ئەو ماسییەکانی دەخوارد و دەیزانی کە ڕۆژێکیش بەخۆی دەمرێت. ئینجا ماسییەکان لە دەوری جەژن دەگرن و لەشی کون کون دەکەن. مردن و لەناوچوونی چەند نەهەنگی دیتبوو... ئەو نەهەنگێکی گەورە بوو، بەڵام لە دەریادا خۆی زۆر بچووک دەدیت. هەم گەورە بوو، هەم بچووک! لە هەمووی گرینگتر ئەوەبوو کە نەیدەزانی مانای ژیان چییە؟! شەو و ڕۆژ گەڕان و خواردن و خەوتن و دیسان گەڕان و خۆ هەڵاویشتن و جینگڵدان و خواردن....

لە خۆی و دەریا بێزار بوو. بە تووڕەیی، بیری لە ویشکایی قەراغ دەریا دەکردەوە.

* * *

لە قەراغ ئاوی چەوری دەریا کە نەوت و چڵکاوی کارخانەکانی شار دەڕژایە ناوی، نەهەنگێک ڕاکشاوە. کۆمەڵێک ئینسان کە لە بەرامبەر نەهەنگی گەورەدا، بچووکی ئەوان زیاتر وەدیار دەکەوێ، دەوریان گرتووە و بە کامێرا فیلمی لێ هەڵدەگرنەوە، یان پاڵی پێوە دەنێن. کەشتییەک بە زنجیر هەوڵ دەدات بەرەو دەریا ڕایبکێشێت، بەڵام ئەو کارە فایدەی نییە. ئەوە سێیەمین جارە بەرەو دەریا ڕایدەکێشن و دیسان بۆ ویشکایی گەڕاوەتەوە!

نەهەنگ لە قەراغ دەریا دوا هەناسەکانی هەڵدەکێشێت و لە هەوڵی خۆڕایی کۆمەڵێک گیانلەبەری بچووکی خۆڕایی بۆ ڕزگارکردنی ئەو سەری سووڕماوە!

قەڵەم و کاغەزێک بە دەستەوە، لەناو جەماوەر و بادا، لە پەنای ڕاوەستاوم. منی ڕۆژنامەوان کە دەزانم هەر جۆرە یارمەتییەک بێهوودەیە! بۆ لێناگەڕێن خۆی بکوژێت؟! دە لێیگەڕێن ئاسوودە بێت! نەبوون، ئاسوودە بوونە. هەر بۆیەش تەنیا یەک ڕستە لەسەر کاغەز دەنووسم.

ڕستەیەک کە دەزانم ڕۆژنامە چاپی ناکات: «گەڕانەوە؟! بۆ کام ژیان؟!»

وایە، چونکە لەناو ئەم هەمووە جەماوەرەدا بە تەنیا ماوە. وەڕەزە، وەڕەزە، وەڕەز... وەڕەزە لەو ژیانە دووکەڵاوییە و لەو ژیانەی کە نازانێ بۆ چی دەژی؟! تەنانەت لە دیتنی وێنەی خۆی لە ئاوێنەدا بێزارە. وێنەی جاڵجاڵۆکەیەک کە داوی لە دەوری خۆیدا تەنیوە، لەسەر پشتی کراسەکەیەتی و خۆی لە داوی ماشێنەکان و دووکەڵەکان و ئاپارتمانەکاندا وەکو مێشێک دەبینێت! تەنانەت حەز ناکات سەفەرێک بۆ مانگیش بکات، ئاخر ئەوێش پڕە لەو شتانەی کە لێڕەن. ئەو لە سەردەمی منداڵییەوە ئەویندارانە سەیری مانگی دەکرد، کەچی ئێستا مانگ وەکو گۆڕستانێکی لێ هاتووە. ئاخرین جار مانگێک لەوەپێش سەفەرێکی بۆ مانگ کردبوو، چەپکە گوڵێکی بۆ سەر گۆڕی باوکی بردبوو. بەڵام گوڵەکانی بێچارە هەموویان سیس ببوون. ڕۆحی خۆی وەکو ئەو گوڵانە، ژاکاو دێتە بەر چاو، ئەو گوڵە ژاکاوانەی کە دەبێ بە دەریایان بسپێرێ.

* * *

چەپکە گوڵێکی ژاکاو لەسەر ئاوی دەریا بەرز و نەوی دەبێتەوە. کەشتییەکان بە پەنایدا دەرباز دەبن بەبێ ئەوەی کە بیبینن. تەرمی مرۆڤ لەناو ئاوی دەریادا هێدی هێدی دەڕزێت و دەڕزێت.... ماسییەکان دەوری دەدەن و خەریکی خواردنی دەبن. ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر دەبێتەوە. ڕەنگە بەم زووانە تەنیا کراسێکی دڕاوی لێ بەجێ بمێنێ.

کراسێک کە وێنەی جاڵجاڵۆکەیەکی ژەهراوی تێدایە.

هەشت پێیەکان و ئەستێرەکانی دەریایی دەوریان داوە و چاوەکانی ئاواڵەن، بەڵام ئیتر شەوانە ئەستێرەکان و ڕۆژانەش خۆرەتاو نابینێت...

تەرمی مرۆڤ لەناو لانکی شەپۆلەکانی دەریادا بەرز و نەوی دەبێتەوە. مرۆڤێک کە قەڵەم و کاغەزێکی پێیە و لەسەر کاغەزە تەڕەکەی تەنیا یەک ڕستە نووسراوە؛

"گەڕانەوە؟! بۆ کام ژیان؟!"

**٥ی جوولای ٢٠٠٣**
**زیندانی گشتی مەهاباد**

# ئەوان

فەوزیە سوڵتانبەگی
(بۆکان)

هەموو ئێوارەیەک دەمەو نوێژی شێوان زریکەیەکی سامناک بێدەنگی ماڵەکەمان دەشڵەقێنێ، باوکم لە هەموویان زیاتر دادەچڵەکێ و ڕەنگی دەبزڕکێ. دایکم سەری دەخاتە نێو کۆشیەوە بە بانگ و سەڵا دەگری.. ئێمەش بەدەم قیژە و هاوارەوە هەریەکەی لە قوژبنێک دەخزێین. خەڵک هەر یەکەی قسەیەک دەکا، یەک دەڵێ: ماڵەکەتان ئەوانگەلی تێدایە، یەک دەڵێ گۆڕستانە و حەتمەن جێی قەبری پیاو چاکێکە. یەکی دیکە دەڵێ یا خوا کەس نەکەوێتە بەرچاو و دەمی خەڵک. نووشتەیەکی چاوەزار بنووسن باشە!

دایکم لەکن شێخ نووشتەیەکی نووسی و قورئانە گەورەکەی مزگەوتیشی هێناوە و لەسەر تاقەکەی داناوە، کەچی ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ زریکەکە بەرزترە و سامناکتر دەبێ. وەک هەموو ئێوارەیەک لە دەوری سفرەکە کۆببووینەوە و چاوەڕێ بووین دایکم شێو تێکات، لە پڕ قیژەیەک وەک بوومەلەرزە دایچڵەکاندین و هەموو کەلوپەلی ماڵەکە کەوتن بەسەر یەکدا ورد و خاش بوون.

ئەو ئێوارەیە بە چاوی خۆم دیتم لە پشت دەرگاکە، تا دەست هەڵێنی کەڵەگەت پەلکەکانی دوو بست لە عەرزی دەخشان. پەنجەکانی سوور سوور وەک دندووکی کەو. نازانم خوێن بوو یا لە خەنەی گرتبوون. حەپەسابووم، زارم کردبۆوە و دەمویست هاوار بکەم شیرن، کەچی هەرچیم دەکرد نە دەنگم دەردەهات و نە زمانم دەگەڕا، تا لە دەرگا ڕۆیشتە دەرێ و لە تاریک و حەوشەکەدا ئاوا بوو.

هەرکە لە جێبەکە دابەزی جەرگ و هەناوم بەربۆوە. ناسیمەوە، سەر و قوونی ببووە یەک. گەڵاو گەڵ دەڕۆیی. مامم و کابرایەکی سمێڵ زلی دیکەشی لەگەڵ بوو. بە فەرموو فەرمووی بابم وە ژوور سەرێ کەوتن.

یەکەم جار بوو هاتبوومە شار لەگەڵ منداڵەکانی مامم خۆشاردنەوەمان دەکرد. من خۆم بە حەوشەکەی ئەواندا کرد ویستم لەپشت دەرگاکە خۆم بشارمەوە. بە دەنگێکی بۆڕی زەلام داچڵەکیم: «چەتیو ئەوە ئێرە بۆ هاتووی»!



لە قەراغ شێرە ئاوەکە قوونی دابووە سەر لێواری حەوزەکە، ژێر شاڵوارێک و کراسێکی سپی چڵکنی لەبەردابوو. تەشتێکی پڕ لە خوێن و جەرگ و دڵی لەبەر دەم بوو. بە کێردە زەلامەکەی دەستی، خێرا خێرا لە جەرگ و دڵەکەی دەکردەوە و لە دەمی دەئاخنی. خوێن بەدەم و لەوس و قامکەکان و ئانیشکیدا دەهاتە خوارێ و دەتکایە سەر ژێر شاڵوارەکەی، سەرم لە گێژەوە هات و دڵم

خاو بۆوه، ئیتر نەمزانی چۆن ڕۆیشتمە دەرێ.

– «خــەیاڵاتی بووی، درۆی وا لە کن کــەس باس نەکەی!»

دایکم خـۆی لە دار و بەرددا. گـوتی: نەبووە و نابێ. شیرن کوا بۆ مێرد دەبێ؟ ئەویش بۆ ڕەحمان زگزل.

بابم بەسەریدا گوڕاند: خودا لەونی لێ گۆڕیوی! تاکەی کـۆڵانە و کـۆڵان دەکـەی بە دوایدا!؟ لێی گـەڕێ با بڕوا. ئێمـەش دەحەسێینەوە، ئەویش دادەمـەزرێ. بە ترسـەوە گوتم: دەڵێن ئازاری لەگەڵە، دکتـۆرەکان پێیان گـوتووە جـەرگ و دڵی حـەوت ئافـرەتی سـەرودڵدار بخـوا چاک دەبێتەوە.

مـــامم دەســـتی شـــایەدی بەلاملیـــدا دا و گـــوتی: ئەشهـەدوبیللا درۆیە. من لەو جیـرانەتیـەوە بۆ نەمدیوە کەس بخوات.

کـە دایکم چوو بە دوایدا، هەر دوو لاقی بە لێـواری کانییەکەدا شۆڕ کردبۆوە و هەوری لاری دەگوت. هەر کە چاوی بە دایکم کـەوت دەمـەوڕوو کـەوتە نێـو ئاوەکـە. هەردووک چاوی لە ژێلـڵا هاتبوون و کەفی هەڵدەخڕاند. دایکم توند دەستی نایە سەر چاوی. لەژێر قامکە باریک و ماندووەکانی دایکمدا وەک چۆلەکەی سەر بڕاو هەڵی دەخستەوە. دوای هەڵبەز هەڵبەزێکی زۆر، ئارامی گرت، چاوێکی بە دەوروپشتیدا گێڕا، هەستـاو بە هەوری لار گوتن بەرەو ماڵێ هاتەوە.

لە خۆشیاندا پێی وەعەرزی نەدەکەوت: «شوکور دەچم بۆ شار...»

بەیانی زوو بوو.

دەنگ لە هیچ کەس و لە هیچ شتێکەوە نەدەهات.

دەرگا دارەکەی حەوشە جیڕەیەکی ناخۆشی لێوە هات.

هێشتا شادییەکەی دوێنێ ئێوارێ بەسەر سیمایەوەی دەشنایەوە.

خێـسـەیەکی دواوەی داوە. دیار نەبوو لە چی! بە پەلە هەڵات و لەپشت جێبەکە دانیشت.

سیمای شیرن، لەپشت شووشەی جێبەکەوە جار بەجار لێڵ دەبوو.

لێڵ و لێـڵـتر و... تا بوو بە خـاڵێکی ڕەش و لە دوای ئەویش هێڵێکی درێژ و باریکی لە تەپوتۆز، لەپاش خۆی بەجێ هێشت.

# خوای بۆقەکان

**خالید عەسکەری**
**(بۆکان)**

سالێ لە سالان ئەو زەلە بەنداوێک بوو کۆمەڵێ بۆقی تێدا دەژیان. شەو هەتا ڕۆژ بەکەیف و سەرخۆش بەستەیان دەگوت. هەر کەس ئاوازێکی دەخوێند، یەکی تر گورج بۆی دەسەندەوە. بێدەنگی ڕۆژیشیان هەر بەو نەزمە دەشکاند. تەنانەت ئەو کاتەی هەور بەسەریاندا دەهات یان تیشکی خۆریان لێ نەدیو دەبوو، هێندێکیان کۆڕی گۆرانییان ساز دەدا و بڕێکیان باز بازۆکەی ویشکانی و ئاویان دەکرد. کەس بەرگریان نەبوو. حاکم و حوکماتی ئەو مەڵبەندە بۆ خۆیان بوون.

جار جارەش وچانێکیان دەگرت، لەبەر بەرۆچکان خۆیان هەڵدەخست، ئەو ژیانە ئاساییە کە دووپات و چەند پاتە دەبۆوە ماندووی کردن. بڕێکیان خۆیان کردە دەمڕاست و پرسیاریان لەوانی تر کرد: ئەرێ خوا چییە؟ یەکڕا سەریان سوڕما. گوتیان خوا چییە؟ دەبێ خوا چ بێ؟ دەمڕاستەکان گوتیان: «هەموو هۆزێ خوای هەیە، تەنیا ئێمە نیمانە، دەبێ هەوڵ بدەین خوایەک بۆ خۆمان بدۆزینەوە.» یەکدەنگ بەیەک شۆر گوتیان: «ئێوە وەکیلی ئێمەن خوامان بۆ بدۆزنەوە.» لەسەر ئەو دەنگە نوێنەر لە بەنداو هاتنەدەر، سەیریان کرد بەردێکی سپیی گەورە لە لێواری بەنداوەکەیە گوتیان: «ئەوا خوامان دۆزییەوە!» بەتاو گەڕانەوە ناو ئاوەکە قیڕاندییان: «خوامان دۆزییەوە وەرنەدەرێ». بەدەنگێکی تێکڕایی بەردەکەیان کردە خوای خۆیان. ماوەیەک لەسەر بەردەکە نووچیان دەدا و دەحەسانەوە، لەویش وەڕەزبوون، تێگەیشتن ئەوە خوا نییە، چونکە نە دەبزووت و نە هیچی لەدەست دەهات. بەگەل گوتیان: «ئەو خوایەشمان ناوێ. نوێنەر بڕوا خوایەکی ترمان بۆ بدۆزێتەوە.» لەسەر ویستی گەلی بۆقان نوێنەر کەوتنە دەرودەشتان.

لەوکاتەدا بایەکی توندی دەهات! بۆقەکان گەڕانەوە بۆ لێواری بەنداوەکە، دارێکی بەرز بە زەبری بایەکە لق و چڵ و گەڵاکەی لێک دەدران و هاشەیان دەهات، دەنەوین و بەرز دەبوونەوە. گوتیان: «ئەوە خوای چاکە، دەبزوێ» ئەوجار دارەکەیان کرد بە خوای خۆیان. لەژێر دارەکە پشوویان دەدا و بە یاریکردن بە دەوریدا دەهاتن. سەیریان کرد دارەکەش دەسەڵاتی نییە، هەروەک خواکەی تر وایە. ئەو بەرد بوو ئەمەش دارە، لەوکاتەدا حاجی لەقلەقێ هاتەسەر دارەکە هەڵنیشت! بەفیزێکەوە باڵی فش کرد، بەر بووە تەقە تەق. بۆقەکان بە گەل خۆیان هاویشتەوە ناو ئاوەکە و کۆبوونەوەیان کردەوە. لەسەر ئەوە ساغ بوونەوە ڕەنگە حاجی لەقلەق خوایەکی باش بێ. دەنگی لە ئێمە خۆشترە. قاچەکانی و دەنووکیشی درێژە، بۆ قسان دانامێنێ.



بابچین بزانین خوایەتیمان دەکا؟ نوێنەر بە دروشمێکی تایبەت چوونە خزمەت حاجی لەقلەق کرنۆشیان بۆ برد. ئەوی پێویست بوو گوتیان. لە ئاکامدا پێک هاتن! لەقلەق بوو بە خوا و بۆقەکان خزمەتکار، ئەو ڕۆژە بریارنامە مۆر کرا. حاجی لەقلەق بەسەر گەنجدا کەوت حوکماتی بەنداوی گرتەدەس. هەموو ڕۆژێ دوو سێ ڕاسپاردە دەچوونە خزمەتی و نەدەگەڕانەوە. دەبوون بە سەدەقەی منالەکانی خوای تازە. وردە وردە بۆقەکانی تەنکە کرد. کەمتر قیرەیان دەهات تاقولۆق مابوون. وردە وردە ئاوی بەنداوەکە هەڵچۆڕا.

ئێستا زەلێکە و بۆقەکانیش بە جەگەنەکاندا هەڵدەگەڕێن.

## دڵە تەپەی باڵندەیەک

ئەو دەمەی زۆربەی زیندەوارەکان لە خەو مابوون من لە حاڵەتێکی مەرگ و نەماندا، بیرو خەیاڵم بوو بە میوانی پێدەشتێک، کە وەک جاڕی گەنم و جۆ دەچوو. شێوکێکم کەوتە بەرچاو پڕ بوو لە لاشە و خرکە بەردی زل و بچووک. هەر بەردبژێری زەوییەکە بوو کەڵەکە کرابوو. نازانم بۆچی چوومە سەر ئەو کەڵەکە بەردە. بێئاگا لە ئاستی خۆم دانیشتم.

زۆر پێنەچوو لەوانەیە بلێم چرکە ساتێک پتر ڕانەبردبوو، لەناو بەردەکان وردبوومەوە باڵندەیەکی بچووک لە قەوارەی چۆلەکە، بە درێژیی شوان خەڵەتێنە، لە ڕەنگی جوڕە پۆپنەکی، سەرنجی ڕاکێشام! بە هێمنی دەستم بۆ برد بیگرم، سڵەی نەکرد! بەخەیاڵ گوتم: ڕەنگە کوللە داشت بێ. بەلامەوە زۆر سەیر بوو وەک دەستەمۆ هاتە ناو دەستمەوە، لەویش سەیرتر! وەک مرۆڤ وە قسە هات، گوتی: «یان بۆ خۆت بە خاوەنم کە یان بمدە بە کوڕی سەید بزمارە».

کوڕی سەید بزمارە بەلامەوە ناسیاو بوو. کەمتر لە ساتی چاوپێکەوتنەکە، گەیاندمە مالی کوڕی سەید بزمارە، وادیاربوو ئەویش ئاگاداری کارەساتەکەیە. لەگەڵ منالێکی بچکۆلە هاتن بە پیرمەوە، گوتیان: «ئەو باڵندەیەت لەکوێوە هێناوە؟ ئێمەش بەرە ئەو شوێنە».

گوتم: «ئەو باڵندەیە لە مێژە مردووە».

لەکاتێکدا باڵندەکە بە دەست منەوە بوو، مندالەکە گرووی گرتبوو باڵندەکەی بدەمێ. منیش دەنووکی باڵندەکەم دەنا بە دەم و لێویەوە، دەمگوت: «ئاخر ئەو باڵندە گوناحە، نەماوە، مردووە». منالەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی باڵندەکەم لێ بستێنێ.هەر نیشانم دەدا و نەمدەدا دەستی. دەترسام توند بیگوشێ و بمرێ. هەروا کە لە کەڵەکە بەردەکە نیزیک دەبووینەوە، لە نەکاو ئاسمانی ئەو مەڵبەندە بە هەزاران باڵندە ڕەش داگەڕا. لام وابوو فرندە کۆچەرەکانن بەرەو گەرمێن ڕێژەویانە. بە هەڵە چووبووم، ئەوان کۆچەر نەبوون. نیزیک و نزم بوونەوەیان، بە هاشا و قاو و قیژەیان وایان ئەنواند کە هێرشی ئەو لەشکرە بۆ سەر منە. هاتوون بە هانای فرندەکەی ناو دەستی منەوە. ترس هەڵیگرتم، دەمگوت خۆ من لە ڕکەی ناخەم و یەخسیری ناکەم.

ئەوان بە هەموو هێزێکەوە بەرەنگارم دەبوون، شلەژام، نەمدەزانی چیبکەم. بە قاوو قیژەکەیان لەوانەبوو دڵم داکەوێ. لێبرام هەڵێم و خۆم دەربازکەم. ئەی باڵندەکە چ لێبکەم؟ دەرەتانم نەبوو.

لەوکاتەدا دڵی باڵندەکەی ناو دەستم دەتگوت لەشی سەر براوە پەلە قاژە دەکات. بە دڵەکوتە وێڕای ئەوانی دیکە مەبەستێکی دەدرکاند.

بە هەموویان تەنگیان پێ هەڵچنیم. ویستم هاوار لە کوڕی سەید بزمارە بکەم. لام کردەوە، ئەوانیش بەلامەوە نەمابوون، بۆم دەرکەوت ئەوان بەر لە من ڕایانکردووە، بەلام دوور لە من پۆلێ فرندە گەمارۆی ئەوانیشیان دابوو ئەوەندەی دیکە ترس دایگرتم. بەو قاو و قیژە لەوانەبوو گوێم کەڕ بێ. بە دڵە تەپەی باڵندەکە، ناودەستم جار لە جارێ گەرمتر دەبوو. دەتگوت سکلێ ئاگرم بەدەست گرتووە، بە جارێ وردم بەردا. دەستم ئاوەلاکرد. فرندەکەش خوژەی کرد.

ئاسمان هەروا ڕەش و ناو لەپی دەستی من هەر گەرمە.

# چالاوەکە

ئارتور لوندکڤیست
لە سویدییەوە: فەرهاد شاکەلی
(سوید)

ئەمە دەشێ لە هەر جێیەکی ئەم دنیایە، کە مرۆڤ لە جێگەیەکی چۆڵدا بژی، روو بدات. پیاوێک پارچەزەوییەکی دەست دەکەوێت و چوار دیواری سادە پێکەوە دەنێت و دەیەوێ لەو جێگایەماڵێک دروست بکات. ئێستا لە ناوەڕاستی تەمەندایە و بەشی خۆی دنیا گەڕاوە. سەگێکی هەیە و تفەنگێکی ڕاوی. لە هەموو شتێک زیاتر پێویستی بە ژنێک و چالاوێکە.

لە پێشدا ژنەکە پەیدا دەکات، زۆریش ئاسان بۆی ڕێک دەکەوێت. هەر سەفەرێک دەکات بۆ نزیکترین شار، لەوێ ژنێکی پێشخزمەت دەناسێ لە قاوەخانەیەکدا کاردەکات. پێشتر تاقی کردۆتەوە و وەک گەلێ کەسی دیکە، لەگەڵی نووستووە. پێی خراپ نەبوو. ژنە ئەگەرچی بۆنی ئارەقی لێ دەهات، بەڵام ناخۆشیش نەبوو. دەوەنە تووکێکی چڕی هەم نەرم ـ هەم زبری پێوە بوو، بەسەر گردێکی یەکجار بەرزەوە، ئەمە باش دەگونجا و ئەمیش لەوەوپاش جاروبار بیری لێ دەکردەوە.

وا ئێستا هەمدیس ژنە تاقی دەکاتەوە و بە ناسینەوەی دڵخۆشە. ژنە چی دی گەنج نییە، دەبینێ کە لاقەکانی ڕەگی شینی هەڵپەنماویان پێوەیە. ژنە ناوی ڕۆسایە، ناوێکی هەم جوانە (کە پیاو باش بیری لێ بکاتەوە) و هەم تا ڕادەیەکیش ئاسایی، ئاژەڵێکی ناومالەش دەکرێ ناوی ڕۆسای لێ بنرێ. پێی ناخۆش نییە وە دووی بکەوێ بۆ جێگە چۆڵەوانییەکەی و ببێتە ژنی. ئەو ئیتر لەم کارە ناڕەحەتەی قاوەخانە بێزار بووە ، هەروەهاش لەوەی کە لەسەر یەکە پیاوان بگۆڕێ، ئەمە بۆ کچێکی جوان و جحێڵ باشتر دەست دەدات.

کە دەست بەوە دەکەن لە ماڵە دارینە سادەکەدا پێکەوە بژین، هەر زوو تاقەتی ژنەی نامێنێ، ئەویش تاقەتی لەم دەچێ. ژنە ئەوەتا لەوێیە، جێگەکە دەکاتە ماڵێک، خواردن لێ دەنێت، ئەمە چاکە و هەموو شت ڕێکوپێکە. ئیدی پیاوە پێویست ناکا بیر لە دەوەنەتووکە خۆشەکەی بکاتەوە، هەر کاتێ بیەوێ ئەوەتا لە بەردەستدایە. کە ئێواران دێتەوە بۆ ماڵ و هەموو شت ئامادەیە ئەوەی لێی نزیک دەبێتەوە سەگەکەیە، دەست بە سەروملی سەگەکەدا دێنێ، تۆزێ بە توندوتیژی بەڵام بە خۆشەویستییەوە.

ئەوەی ماوەتەوە چالاوەکەیە، ئەویش دەبێ بەم زووانە لێ بدرێ. جارێ ئێستا دەچن لە جۆگەلەیەک ئاو دەهێنن، ئاوەکەی زۆر سازگار نییە و پاشتامێک لەسەر زمان بە جێ دەهێڵێ. چالاویش بە تەنیا هەڵناکەندرێ و ئەمیش (بیرم نەبوو، ناوی ڤیکتۆرە) بیر لەوە دەکاتەوە کە ئایا ڕۆسا بەسە بۆ یارمەتیدانی. زۆر بیر لە چالاوەکە دەکاتەوە، بەڵام هیچ باسی ناکات و دەستیشی پێ ناکات. جارێ چاوەڕێی دەکرد و وەک بڵێی دەیزانی لە خۆڕایی چاوەڕێ ناکات.

پیاوێک ڕێی دەکەوێتە لایان، پیاوێکی گەنجی بێماڵ و حاڵی بڕکار، خەڵکی ئەو ناوە نابێ. دەڵێ ناوی ئێمیلە و هەر زوو دەبێتە برادەری سەگەکە. ئەمە تۆزێ ڤیکتۆر توورە دەکات، سەگەکە دەبوو بڕێ خۆی ڕاگرتایە و ئاوا زوو خۆی نەدایە بە دەست بێگانەوە. بەڵام بیری لە چاڵاوەکە کردەوە. کە ئێمیل نانەکەی دەخوات، پێش ئەوەی بچێتە سەرەوە تا شەوەکەی لەوێ بباتە سەر، پێشنیازی پێ دەکات ماوەیەک لایان بمێنێتەوە و یارمەتی بدات بیرێک هەڵکەنن.

بیرێک؟ وەک بڵێی کابرای بێگانە شتەکەی تۆزێ پێ سەیر بێ و بزەیەک دەیگرێ، لەوەیە هەرگیز بیری لەوە نەکردبێتەوە کە چاڵاو بەوە دروست دەبێ کە هەڵکەندرێ. ئەو زۆربەی جار کە گەڕاوە داوای ئاوی لە خەڵک کردووە، بەڵام وا دیارە بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ئاو لە چاڵاو دەردەهێنرێت.

بەڵێ، ئاخر ئەو نازانێ کارێکی ئاوا چۆنە و چییە، بەڵام بێگومان شتێکی سەیر و سەمەرە نییە، حەز دەکا هەوڵ بدات. نان و جێگەی دەست دەکەوێ و کرێیەکیش کە لەسەری ڕێک دەکەون و بە کاوەخۆ کارەکە دەکەن، بێ ئەوەی پەلە بکەن و خۆیان ماندوو بکەن. کاتەکەش زۆر لەبارە، هەوایەکی خۆش، کە زۆر گەرم نییە، ترسی ئەوەش نییە باران ببارێت. کە باران ببارێت بیر هەڵکەندن ناخۆش دەبێت، بگرە هەر ناکرێ.

بەیانی ڕۆژی دواتر دەست بە کارەکە دەکەن. جێگەکە هەر زۆر پێشتر دیاری کراوە، کە پێ دەچێ چاکترین جێگای چاڵاو بێت، لە داوێنی سەرەولێژییەک، قەدەرێ لەولای ماڵەکەوە، کە لەوە دەچێ تووشی ڕەقەن و بەردەڵان نەبن، بەڵام تا ڕادەیەکیش ئاشکرایە کە دەگاتە ئاو.

کە بڕێک هەڵدەکەنن ئیتر زەوییەکە وشک نییە و تۆز ناکا، بەڵکە ڕەنگی تاریکترە و کە بیگری بە دەستەوە تۆزێک تەڕ و نماوییە. لەوێدا کرمیش هەن، بەملا و بەولادا دەخشێن و دەجوولێنەوە کە بە دەمەبێڵ لێیان دەدەن. کە تۆزێ قوولتری لێ دەدەن دیسان کرم نامێنێ. دەگەنە چینێک زبرەزیخ و چەو، کە دێتە سەرەوە، بۆ بەر ڕووناکییەکە، بریسکەیەکی زێڕینی لێوە دێت. هەردوو پیاوەکە بیر لەوە دەکەنەوە کە ڕەنگە زێڕەزیخ بێت، بەڵام باوەڕ ناکەن و لەو بارەیەوە هیچیش بە یەکتر ناڵێن.

ڕۆسا لە جاران زیاتر بە خواردنەوە خەریک دەبێت، هەموو جارێ کە بە سیانە لە دەوری مێزەکە دادەنیشن بۆ نان خواردن، دەبێتە جۆرە خۆشی و بەزمێک، سەگەکەش لەسەر زەوییەکە لە نێوان ڤیکتۆر و ئێمیلدا دەکەوێ و بە چاو تەماشایان دەکات چۆن دەخۆن. لەبەر ئەوەی دەمیان بە پاروو جوینەوە خەریکە قسەیەکی ئەوتۆ ناکەن. ڕۆسا دەورییەکانیان بۆ درێژ دەکات، داوایان لێ دەکات خواردنی زیاتر ببەن. ئێمیل و ئەو دۆستانە تەماشای یەکدی دەکەن، نە زۆر بە درێژی، نە زۆر بە کورتی. ڤیکتۆر سەرنج نادات ئەوان هیچ بریسکەیەکی حەز و ئارەزوو لەگەڵ یەکدی بگۆڕنەوە. ڤیکتۆر جاروبار پاروویەک دەداتە سەگەکە و تۆزێ بە توندیش دەستێ دێنێ بە سەریدا. ئێمیلیش دەیەوێ وا بکات، بەڵام ڤیکتۆر نایەوێ و دەڵێ: گوێت لێ بێ، ئێمیل، سەگەکە من خۆم چاودێری دەکەم!

سەیرە، کە چۆن هەستی ناوماڵەکە دەگۆڕێ لەبەر ئەوەی ئێستا لە جیاتی ئەوەی دوو کەس بن، بوون بە سێ کەس. ئاڵۆزییەک دروست دەبێت، گرژییەک دێتە ئاراوە، پێوەندیی نێوان ڤیکتۆر و ڕۆسا کەمۆکێک دەگۆڕێ، ئەگەرچی لە سەرەتادا بەئاستەم سەرنج دەدرێت. ڕۆسا هەوەسێکی تازەی لا دروست دەکات، وەک بڵێی پێشتر پێوەی ڕانەهاتووە و ئەوەی ویستوویەتی دەستی نەکەوتووە. ئێستا لە جاران پتر سەرنجی دەدات، بە دزییەوە تەماشای دەکات و هەست بە ئامادەبوونی دەکات. ئێستا لە جاران زیاتر ئارەزووی دەکات، بەڵام لێیشی توورە دەبێت. بەڕاستی ئەو ئیدی لە خۆی تێ ناگات.

بەرامبەر ئێمیل ناتوانێ هیچ بڵێ. ئەو هەموو هەڵسوکەوتێکی لە جێی خۆیدایە، ئێواران لە کاتێکی لەباردا دەچێت بۆ جێی خەوتنەکەی خۆی لە ژوورە بچووکەکەی سەرێ. بەڵام دیسانیش ئەوە کە بۆتە هۆی گۆڕانەکە، ئەگەرچی ناشکرێ بکرێتە ملی. هەر زوو کار دەگاتە ئەوەی کە ڤیکتۆر کاری بیر هەڵکەندن لە نیوەدا ناوبڕ دەکات، بە بیانووی شتێکەوە ئێمیل بە تەنیا لەو خوارەوە بە جێ دەهێڵێ و دەچێتەوە ماڵێ. بانگی ڕۆسا دەکات یا ڕاست دەچێت بۆ لای و دەستی دەگرێ، لەسەر خەوگاکە یا هەر لە ناوماڵەکە دەیدا بە زەویدا و بە پەلە و توندوتیژی و بە لەزەت لێ بینینێکی لە ئاسایی زۆرترەوە سواری دەبێ. ئەوجا زوو دەچێتەوە سەر کارەکە، بیر لەوە دەکاتەوە تۆ بڵێی ئێمیل گومانی کردبێت یا بە شێوەیەکی تایبەتی تەماشای بکات.

بەڵام کار بەوەشەوە ناوەستێ. ڤیکتۆر وای لێ دێت کە ئیدی خۆی پێ زەوت ناکرێ، ناچار دەبێ لە ڕۆسا بدا. پێشتر هەرگیز لێی نەدابوو، ئێستاش زۆر قایم لێی نادا، لێدانەکەی هەستێکی شاراوەی لە بنەوەیە. ئەمە هەست بە ئیسراحەت کردنێکی تایبەتی دەداتێ، کە ئەمیش لە گانەکان کەمتر نییە. وا پێ دەچێ ڕۆسا لەمە تێ بگات، بە جۆرە هەستێکی ڕێککەوتنەوە بەرگەی لێدانەکان دەگرێ و دەنگ ناکات. تەنانەت لەوەیە پێیشی خۆش

بێت: وەک بڵێی لێدان گەواهی نرخ پێ دانێکی نهێنی، یا حەزێکی زیاترە کە تەنیا ئەوەیە نازانێ لەمە بەولاوە شێوەدەربڕینێکی دیکە بدۆزێتەوە.

پاشان ڤیکتۆر نەک هەر پێویستی بەوە دەبێ لە بەردەم ئێمیلدا قسەی ڕەق بە ڕۆسا بڵێ و ئەمری پێ بکات، بەڵکە بە بەرچاویەوە لێیشی دەدات. ئەمە هەست بە ئیسراحەت کردنێکی گەورەتر دەداتە ڤیکتۆر، دەڵێی بەمە سنوورێکی ئاشکرا لە نێوان خۆی و ئێمیلدا دەکێشێ: ئەم دەتوانێ لە ڕۆسا بدات و ئێمیل ناتوانێ هیچ بکات مەگەر ئەوەی بە بێدەنگی تەماشا بکات. بە شێوەی شەرفرۆشتن تەماشای ئێمیل دەکات، بەڵام ئێمیل خۆی ناکاتە خاوەنی، تەنیا نارەحەتە، بگرە پێی پەستە. ئەمە بە تایبەتی ڤیکتۆر دڵخۆش دەکات. پێی وایە ئێستا هاوسەنگییەکی چاکی لە ماڵەکەدا دروست کردووە.

کاری بیرهەڵکەندنەکە باش دەچێتە پێش، ئەگەرچی ئەو جۆرەی ڤیکتۆر داینابوو بە پەلە ناکرێ. تووشی هەندێ زەحمەتی دەبن، دەگەنە چینێک بەردی گەورە گەورە کە دەبێ هەڵکەندرێن و پاشان ڕابکێشرێنە سەرەوە. لە هەندێ لاوە کەمەئاوێک پەیدا دەبێ و ناچار دەبن دیواری بیرەکە بە پارچە تەختە قایم بکەن، بەڵام ئەمە ئاوی ڕاستەقینە نییە، دەنا وای دەگەیاند کە بۆ قووڵی بیرەکە ئەوەندە بەسە. ڤیکتۆر و ئێمیل بە نۆرە کار دەکەن، هەر جارەی یەکێکیان دەچێتە خوارەوە و چاڵ لێ دەدا و ئەوی دیکەیان لە سەرەوە ڕادەوەستێ و سەتڵە خۆڵەکان کە بە پەت و چەرخ سەریان دەخەن هەڵدەڕێژێ. بیرەکە هێندە قووڵە، ئەوەی کە لە سەرەوەیە دەبێ بە لێواری بیرەکەدا خۆی داچەمێنێتەوە و بقیڕێنێ تا دەنگی بگاتە ئەوەی لە خوارەوەیە یا گوێی لێ بێت ئەو چی دەڵێ.

ڤیکتۆر لە خۆی تێ ناگات، زۆرتر هەڵدەچێ و توورە دەبێ، بە تەواویش نازانێ لە چی: ڕۆسا، ئێمیل، سەگەکە، خۆی، هەمووی ئەوانە پێکەوە. بە هیچ شتێ دڵی ئیسراحەت ناکات: نە بەوەی لەگەڵ ڕۆسا بنوێ، نە بەوەش کە لێی بدا، نە بەوەی لە سەگەکە بدات و دەری بکات، نە بەوەی لەگەڵ ئێمیلدا ئینکاری بکات. دەبێ شتێکی تریش هەبێ، تا نیوەشەو هەر بێدارە و بیری لێ دەکاتەوە، هەوڵ دەدا تێ بگا مەسەلە چییە.

کە چارەسەر دەدۆزێتەوە و نەخشەیەک دادەنێت ئیدی ئارام دەگرێ، کەیفی ساز دەبێ، ڕۆسا و ئێمیلیش و سەگەکەش فەرقی پێ دەکەن. بە ڕۆسا دەڵێ دوو ڕۆژ پشوو بدا و بە پاس بچێ بۆ شار، خوشکێکی هەیە لەوێ سەری لێ بدات، لە هاتنەوەیشیدا هەندێ شت بکڕێ بۆ ئاهەنگی تەواوکردنی چاڵاوەکە. بەڵێ، ئەو لەو باوەڕەدایە کە بەم نزیکانە لە کاری بیرەکە دەبنەوە و ئیدی ئێمیل دەڕوا، دەبێ ئاهەنگێ، شتێکی بۆ سازکەن. پاشانیش دەبنە خاوەن چاڵاوی خۆیان و هەموو شت دەچێتەوە دۆخی جارانی.

ڕۆسا بەم سەردانە چاوەڕوانەنەکراوەی شار دڵخۆش دەبێ، ڤیکتۆر دەست لە کارەکە هەڵدەگرێت و لەگەڵی دەچێ تا لای وەستگەی پاسەکە، کە کەوتۆتە سەر ڕێگە گەورەکە و بە پێیان ڕێییەکە نیوسەعاتە. سەگەکەش وە دوویان دەکەوێ و بە تەنیشت ڤیکتۆرەوە دەڕوات، دیسان کەوتۆتەوە بەر ڕەحمەت و بە ئاشکرا لەزەتی لێ دەبینێ. کە ڤیکتۆر دەگەڕێتەوە هەمدیس دەست دەکەنەوە بە کاری چاڵاوەکە، ئێمیل دەچێتە خوارەوە، وەک هەموو ڕۆژانی دی سەتڵە خۆڵ یەک لە دووی یەک سەردەخرێن، ڤیکتۆر هەڵیاندەڕێژێ و سەرلەنوێ ڕەوانەی خوارەوەیان دەکات.

ئەمجار بڕیار دەدات کە ئەم سەتڵە دوا سەتڵ بێت و نایەنێرێتە خوارەوە. ڕاست دەبێتەوە و بە وردی تەماشای دەوروبەر دەکات: وەک بڵێی چاوەڕوانی کەسێک بێت یا گوێی لە شتێکی نائاسایی بووبێت. بەڵام هیچ نییە، هەموو شت بێدەنگ و ئارامە، تەنیا سەگەکەیە بەو ناوەدا دێت و دەچێ و بۆن بەم شت و بەو شتەوە دەکات. ئەودەم دەست دەداتە خاکەنازەکە کە خۆڵی پێ لە لێواری بیرەکە دوور دەخاتەوە، بەڵام لە باتی ئەوەی خۆڵەکە بۆ دوور فڕێ بدات، ڕۆی دەکاتە خوارەوە بۆ ناو چاڵاوەکە. لەو بنەوە دەنگی هاوار و قیژەی ئێمیل دەبیسترێ،بەڵام بە کزی. لەوەیە وا بزانێ بیرەکە هەرەسی هێناوە. بەڵام سەگەکە گوێقولاخ دەبێت و دێتە پێشەوە، ڤیکتۆر وە دووی دەکەوێ و بە خاکەنازەکە ڕاوی دەنێ.

بە هەموو هێزی لەسەر خۆڵ ڕۆکردنەکە بەردەوام دەبێت، لەشی شەڵاڵی عارەق دەبێ. قیرە و هاواری ناو بیرەکە ورده ورده دادەمرکێتەوە و پاشان بە تەواوی کپ دەبێ. ئێستا ئێمیل هەتا ملی لە خۆڵدا نوقم بووە، لەوەیە هەموو سەریشی. ئێستا خۆڵ دەچێتە دەمیەوە، چاویەوە. ئێستا خەریکە دەخنکێ، هەر ئێستا تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە. ئێستا ئیدی ڕزگار ناکرێ تەنانەت ئەگەر هەوڵی ڕزگارکردنیشی بدەیت.

ڤیکتۆر ئیتر ڕادەوەستێ. بیر لەوە دەکاتەوە کە دەکرا نەخشەکە بە شێوەیەکی دیکەش ئەنجام بدرایەت. لە جێی ئەوەی هەتا هەتایە ئێمیل لە ناو خاکدا بهێڵێتەوە و بیرەکەش پڕ بکاتەوە دەیتوانی لە خۆڵەکەی دەربهێنێ و کارەکە بکاتە مل قەزایەک، هەرەسێکی پێشبینی نەکراو. ئەمەیان باش دیارە، بەڵام لەوەیە ببێتە هۆی

کۆمەڵێ زەحمەت و مەسەلەی ناخۆش، ڤیکتۆر بە تەواوی باوەڕ بە توانستی خۆی ناکات کارێکی وای پێ بکرێ. نەخشە بنەڕەتییەکەی خۆی هێشتا ئاسانتر و سەلامەتترە، بڕیار دەدا هەر ئەوەیان بکات.

ئێستا ئیتر لەسەرخۆ کار دەکات، بیرەکە پڕ دەکاتەوە، لە سەرەوە خۆڵەکە دەپەستێوێ و بۆ سەلامەتی کارەکەی چەند بەردی گەورە گەورەشی لەسەر دادەنێت. شوێنەکە تا ڕادەیەک لە تازەگۆڕێک دەچێ هەندێ بەردی خرابێتە سەر بۆ پاراستن و بۆ یادگار. دەی خۆ بە ڕاستیش هەر وایە، ئەگەرچی نابێ کەس پێی بزانێ. تەنیا سەگەکە دەزانێ، بەڵام ئەویش ناتوانێ هیچ بڵێت و هەر زوویش لە بیری دەچێتەوە. بەڵام حەیف کە چاڵاوەکە بێئەنجام بوو، ئێستا دەبێ بەردەوام بن لەسەر ئەوەی بە بێ ئاوی سازگار بژین. بیر لەوەش ناکاتەوە هەوڵی تر بدات بۆ بیر لێدان. دەچێتە ژوورەوە بۆ نان خواردن، لە جاران زووتر و بە ئیشتیهایەکی باشەوە نانێکی زۆر دەخوات و ئاوی جۆگەلەی دەکا بەسەردا بێ ئەوەی بیر لە پاشتام بکاتەوە. سەگەکە لەگەڵی نایێتە ژوورێ، لە دەرەوە بە دەور بیرە تازە پڕەوەکراوەکەدا بە نیگەرانی و گومانەوە دەسووڕێتەوە. ڤیکتۆر بانگی دەکات، بەڵام سەگە نیوەگوێیەکی دەداتێ، دێتە پێشەوە، بەڵام دیسان دەچێتەوە دواوە. ڤیکتۆر شانێک هەڵدەتەکێنێ، تەماشایەکی تفەنگەڕاوییەکە دەکات کە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە، بێ ئەوەی بیری لە شتێکی تایبەت کردبێتەوە. خۆی دەدا بەسەر نوێنەکەدا، لەسەر پشت بێجووڵە بۆی دەکەوێ و دەڕوانێتە بنمیچەکە. بیر لە هیچی گرنگ ناکاتەوە، هەست بە بۆشاییەکی خۆش و بە ئیسراحەت دەکات. دوای تاوێ خەوی لێ دەکەوێ.

ماوەیەکی زۆر دەخەوێ، حەز ناکا هەڵستێ، درێژە بە خەوتنەکەی دەدا تا دەرەنگانێک. ئەوسا گوێی لە دەنگێکی نائاسایی دەبێ، یەکسەر تێ ناگات چییە. پاشان تێ دەگات سەگەکەیە دەنووزێنێ، نەک بە دەنگی بەرز و بەردەوام، بەڵکە زیاتر نووزەیەکی جاروبارە وەک بڵێی دەکرووزێتەوە یا ئێشی هەیە.

ڤیکتۆر هەڵدەستێ و دەچێتە دەرەوە، ڕادەوەستێ تەماشای سەگەکە دەکات، ئەویش تەماشای ئەم دەکات و بێدەنگ دەبێ. بانگی سەگەکە دەکات و سەگەش نزیک دەبێتەوە، بەڵام نایێتە بەردەمی، دەگەڕێتە دواوە بۆ لای بیرەکە، جێگە گۆڕەکە. ڤیکتۆر دەچێتە پێشەوە و دەیەوێ شەقێ بکێشێ بە سەگەکەدا، بەڵام ئەو تێ دەگات و دوور دەکەوێتەوە.

ڤیکتۆر تۆزێ بە ناو زەوییەکانیدا دەسووڕێتەوە. هەموو شتێکی پێ ئاشنایە بەڵام دیسانیش کەمۆکێک جیاوازە. دەڵێی تەماشا دەکرێ، سەرنج دەدرێ: لەلایەن دارەوە، بەردەوە، زەوییەکان خۆیانەوە. چەند جارێ لادەکاتەوە و لە سەگەکە دەگەڕێ، لە کاتی ئاساییدا هەمیشە وە دووی دەکەوێ، کەچی ئێستا نا، ئەوەتا دیار نییە.

کە ڤیکتۆر دەگەڕێتەوە دەبینێ سەگە لای بیرە بەردپۆشەکەدا هەڵتووتاوە و دەقرووسکێنێ. ڤیکتۆر خڕەڵەبەردێک هەڵدەگرێ و تێی دەگرێ، ئەویش بازدەداتە ئەولاتر، بەڵام هەر لە نزیک چاڵاوەکەوە ڕادەوەستێ. ڤیکتۆر دەچێتە ژوورێ، تاوێ لای مێزەکە دادەنیشێ بێ ئەوەی هیچ بخوا. هەمدیس گوێی لە نووزەی سەگەکە دەبێ، ئێستا تۆزێ بەرزتر و بەردەوامتر. هەڵدەستێتە سەر پێ و بە ناو ماڵەکەدا دێت و دەچێ. ئەمجا لەپڕ تفەنگە ڕاوییەکە دێنێتە خوارەوە، هەندێ فیشەک هەڵدەگرێ و تفەنگە دەخاتە سەر پێ. بڕیاردەرانە دەچێتە دەرێ، چەند هەنگاوێ بەرەو سەگەکە دەڕوا، تفەنگەکە بەرز دەکاتەوە و دەستی پێدا دەنێ، دوو تەقە بە دووی یەکدا. سەگەکە لەسەر لا دەکەوێ، بڕێک لنگەفرتێ دەکات و ئەوجا جووڵەی لێ دەبڕێت.

ڤیکتۆر لاقی سەگەکە دەگرێ، دەیباتە دەرەوە بۆ ناو زەوییەکان و لەوێ دەیخاتە چاڵ و بە قەوزە و چڵەدار دایدەپۆشێ، بەردێکی زل تل دەدات و دەیباتە سەری، کە ئیتر کەس فەرق بە هیچ نەکات و جێگەکە هەڵنەکەنێ، نە ئاژەڵ نە مرۆڤ.

ڤیکتۆر بۆ هێنانەوەی ڕۆسا دادەبەزێ بۆ لای وەستگەی پاسەکە، لە وەختدا دەگاتە ئەوێ و چاوەڕێی دەکات. کە لە پاسەکە دادەبەزێ ڤیکتۆر تۆزێ بە مەعناوە بۆی دەخنێتەوە بێ ئەوەی تەماشای ناوچاوانی بکات. زوو دەست دەداتە پاکەتەکانی و لە باتی ئەو هەڵیاندەگرێ. پرسیاری لێ دەکات سەفەرەکەی چۆن بوو، ئەویش دەڵێ باش بوو، خوشکەکەی سەلامی لێ دەکات و باسی هەندێ شتی تریش دەکات. ئەمجا ئەو پرسیار لەم دەکات وەزعی ماڵ چۆنە، بیرەکە تەواو بووە، ئەی سەگەکە کوا؟

ئەوسا دەبێ ڤیکتۆر بە دەنگێکی نەگۆڕەوە وەرام بداتەوە و ڕاست تەماشا بکات: دەزانی، بیرەکە دیسان هەرەسی هێنایەوە و ئێمەش وازمان لێ هێنا، دیارە لەو جێگەیەدا سوودی نییە. پاشان ئێمیلیش چوو بە ڕێی خۆیەوە، هیچ هۆیەک نەبوو کە لەوە زیاتر بمێنێتەوە.

ڕۆسا ئەمەی پێ سەیرە. هەرەسهێنانی بیرەکەی زۆر پێ سەیر نییە وەک ئەوەی ئێمیل ئەوەندە زوو بە جێی هێشتوون، پێش ئەوەی ئەم بگەڕێتەوە. قسەیەکی ئاوا دەکات، بەڵام ئیتر لە بیری دەچێ پرسیاری سەگەکە

بکات. دوایی ڤیکتۆر خۆی شتەکە باس دەکات: وا دیارە سەگەکە هەڵهاتووە، لەوساوە ئێمیل ڕۆیشتووە چاوی پێ نەکەوتووە، لەوەیە ئێمیل بۆ تاوێ سەگەکەی بە دووی خۆیدا بانگ کردبێت، بەڵام خۆ ئاخری هەر دێتەوە.

ئەمجا دەگەنە ماڵ و هەردوویان تەماشای دەوروبەر دەکەن، ڕۆسا بۆ ناسینەوەی خۆی دوای سەفەرەکەی شار، ڤیکتۆریش بە هەستێکی نادیاری نیگەرانی و ترس و گومانەوە. ڕۆسا دەچێت بۆ لای بیرە پڕەوەکراوەکە، لایدا ڕادەوەستێ وەک بڵێی بیری لێ بکاتەوە، لەوەیە ماڵاوایی لە چاوەڕوانی ئاوی سازگار بکات. خۆ ناشێ گومان لە هیچ بکات، یا بیری خراپ بە مێشکیدا ڕابووڕێ؟ ناشێ ڤیکتۆریش شتێکی لە بیر چووبێ: بە پەلە تەماشایەکی شوێنەکە دەکات.

کە دێنەوە ژوورێ ڕۆسا دەڵێ برسیم نییە، ڤیکتۆر دەڵێ منیش برسیم نییە. تۆزێ بەشەرمەوە تەماشای یەکدی دەکەن، وەک بڵێی میوان بن لە ماڵەکەدا یا کەمێ بۆ یەکتر غەریب بن. ئەوجا هەر یەک شت هەیە ڤیکتۆر بیکا، هەست دەکا گرنگ و پێویستە. لە کاتێکا خۆی لەوە دەدزێتەوە ڕاستەوڕاست تەماشای ڕۆسا بکات، دەچێتە پێشەوە و توند باوەشی پێدا دەکات. ئەو خۆی بۆ باوەشەکەی شل دەکات و ئەمیش دەیبا بۆ ناو جێگەی نووستنەکە، بە دڵگەرمی و هەناسەبڕکێوە تێیدا نوقم دەبن.

ڤیکتۆر زۆری حەز لێیە، بەڵام لەشی لەگەڵی نایکا، بە جۆرێ ڕێی لێ دەگرێ کە پێشتر وای بەسەر نەهاتووە. دەپەشۆکێ، لە ناخەوە دەهەژێ و لە خۆی تووڕە دەبێ، دەیەوێ زۆر لە خۆی بکات بەڵام بۆی ناچێتە سەر. نازانێ چی بە ڕۆسا بڵێ، لەبەردەمیا شەرم دایدەگرێ. ئەو تاوسەندنەکەی خۆی دەشارێتەوە، چاوەڕێی ئەم دەکات. بەڵام هیچ ناکرێ.

وای بە خەیاڵدا دێت کە دەبوو لێی بدات، ڕەنگە ئەمە یارمەتی بدایەت. هەست بە هێزێکی بزوێنەر دەکات بەڵام دیسانیش لە خۆیا ڕانابینێ، کە ئەو تازە لە شار هاتۆتەوە، کە هەمدیس تەنیا خۆیانن، کە ئیتر ئێمیل لەوێ نییە تا ببینێ چۆن ئەم دەستەڵاتی بەسەر ژنەدا هەیە و چۆنی بوێ وا دەکات.

لەپڕ بیری ئێمیل دەکات، هەست بە جێگەی خاڵیی وی دەکات. هەوڵ دەدا بیهێنێ بە خەیاڵی خۆیدا کە ئێمیل دەگەڕێتەوە، بە ڕێگەکەدا بەرەو دواوە دەبێتەوە و دێتەوە و دەست دەکەنەوە بە هەڵکەندنی چاڵاوەکە. بەڵام خەیاڵەکەی نایێتە دی.

# خانزادی میری سۆران

ژیلوان تاهیر

**دیمەنی یەکەم**

(شوێن/ کۆشکی خانزادی میری سۆرانە، کۆمەڵێک ئافرەت لە ناوەڕاستی شانۆ بەشێوەی بازنەیی دانیشتوون، شینی سلێمان بەگی باوکی خانزاد دەگێڕن، خاتوو خانزادیش لە ناوەڕاستیان قژی دەڕنێتەوە. کۆرسی کوڕان لەلای ڕاست و چەپی شانۆ بەدڵتەنگییەوە وەستاون)

**کۆرس:**

**کەسم نەما مارە گیرێ**
**کەسم نەما دەرکە گیرێ**
**کەسم نەما هانی و مانی**
**پەردەم هەر بەستن لە کتانی**

**کەسم نەما ئەوە چ بوو**
**کەسم نەما ئاگرەک هەربوو**
**کەسم نەما تێمان بەربوو**

**کەسم نەما کەسی خۆمان**
**کەسم نەما مەمکەن لۆمان**
**کەسم نەما لە دیوەخان**
**بۆیە دەکەم شین و گریان**

**کۆرسی گۆرانیبێژان:**
**دەلێ لێ دەلۆلۆ**
**سلێمان بەگی سۆران ڕۆ**

(خانزاد بە ڕق و قینەوە سەیری لەشکری دەکات کە لە سووچێکی شانۆکەدا لەگەڵ چەند پیاوێک وەستاوە، بەرەو ڕووی لەشکری دەڕوات)

**خانزاد:** دەبێ بزانم چیرۆکی کوشتنی باوکم چۆن بووە؟ کێ لێی بەرپرسیارە؟ هەموو کۆتاییەک سەرەتای هەیە، ئاخۆ والی بەغدا دەستی لەو تاوانەدا هەبووە یان تۆ؟ یان کەسانی گێرەشێوێن کە دەیانەوێت ئیماراتی سۆران بشێوێنن.

**لەشکری:** شازادە خانم من هیچ شتێک دەربارەی ئەو تاوانە نازانم، هەڵبەتە دوای لێکۆڵینەوە کە خۆت سەرپشکی، هەموو مەسەلەکانت بۆ دەردەکەوێت کە تاوانباری ڕاستەقینە لە ئاست ئەم کارەساتەدا کە هەموومانی خستۆتە خەم و پەژارەوە کێ بوو؟

**خانزاد:** گومانم هەیە کە دەستێکی ناوخۆ پشت ئەستوورە لە پیلان دانانەوەی کوشتنی سلێمان بەگی باوکم بەڵام هەر دەبێ ئاشکرا بکرێت جا بە هەر نرخێک بێت.

(گەڕانەوە بۆ سەر شین گێڕانەکە، حەیرانبێژ لەناویاندا حەیران دەبێژێ)

**حەیرانبێژ:**

**ئەوڕۆ بریندارم برینم کەتنە بەدەنێ**

**لەبۆم بانگی حەکیم و لوقمان و تەبیبان کەن**
**بەچاوانم بڕۆننێ.**
**بەڵام دەستانم نەدەنێ**
**کیژ دەڵێ کوڕە حەیران خەمانم هەڵمەگرە**
**ئەمن ئێواری ئیزنێ**
**دەخوازم لەدایکم ماوەکی دێمە سەرینێ**
**دەستە مەرحەمەکت لەبۆ دەگرمەوە**
**لە تۆزی شەدێ**
**لە ژەنگی گوارێ**
**لە ئارەقەی زەردە مەمکان**
**بەدەستی موبارەک داوێمە سەر**
**برینی کوڕە حەیرانێ شەوی زستانان گەلەک سارد و سەرمایە**
**نەوەکی هەڵبێنێ هەلامە لەگەڵ تەشەنێ.**

(لای چەپی شانۆ سەروەر و شاهۆ چرایان لە دەستەو لەو ناوە ئامادەن)

**سەروەر:** شاهۆ پیلان پیلانی خۆتە.

**شاهۆ:** شتەکە کۆتایی هاتووە، گەیشتینە مەرامی خۆمان.

**سەروەر:** هەرچەندە بەدەستی ئێمە نەبوو، بەڵام بەدڵی ئێمە بوو.

**شاهۆ:** ئەوانە با شینی خۆیان بگێڕن.

**سەروەر:** بابزانن تامی مەرگی ئازیزان چەند تاڵە؟

**شاهۆ:** هەرچییەکی بەسەریان بێت هێشتا دڵم ئۆخەی ناکات.

**سەروەر:** نەخشەکە ئەوەندە ڕێک و پوخت بوو، کەس مەزندەی ئەوەی نەدەکرد بەو شێوە ئاسانە ڕووبدات؟

**شاهۆ:** هەر پیلانگێڕ دەزانێ پیلانی خۆی دابنێ.

**سەروەر:** دەنگ و باس وا بلاوە لە ناو دیوەخانی خانزاد کە ئەوەی ئەو پیلانەی داناوە لە شەیتان شەیتانترە.

**شاهۆ:** جا کەس لەوێ دەیزانی کێ بوو؟

**سەروەر:** نەخێر، هەرچەندی بیریان دەهێنا و دەبرد هەر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات.

**شاهۆ:** باشە جگە لە خۆیان کێی تری بێگانە لەوێ بوو؟

**سەروەر:** ئا هاتەوە بیرم، یەکێک لەوێ بوو هەندێک دەیانگوت نوێنەری شاری بەغدایە.

**شاهۆ:** کەواتە هەموو دەڤەرەکانی دەرەوەی کوردستانی مەزن بەو سەرگوزەشتەیان زانیوە.

**سەروەر:** کەواتە ڕۆژ ڕۆژی خۆمانە.

(دەنگی حەیرانبێژ بەرزدەبێتەوە)

**حەیرانبێژ:**
**حەیران دەرێ لە بناری هەریرێ**
**چەندین مێرخاسان بە چەک و تفاقان**
**کەتنە ناو فیکر و خەیاڵ و تەگبیرێ**
**مەزندێ خۆیان خستە سەر ڕاو تەگبیرێ**
**لۆ سلێمان بەگی سۆراخەکی بکەن**
**داخۆ بەدەستی چ خاینەکی**
**بووە جوانە مەرگ و یەخسیرێ؟**

**سەروەر:** بزانە چەند گێل و نەفامن هەتا کەینێ دەکەن شینێ؟

**شاهۆ:** دەبا هەر بکەن شینێ هەتا دێنە سەر دینێ.

**سەروەر:** واباشە لێک جودا ببینەوە نەوەکا هەست بە بوونمان بکەن لەو ناوە!

**شاهۆ:** منیش دەچمەوە لایان بزانم دەنگ و باسیان چییە؟

**(گۆرانییەکی ئاهەنگسازی)**

**دیمەنی دووەم**

(کۆرس بەشێوەی دوو نیوە بازنەیی سەرشانۆ، هەموویان بەیەکەوە ئەم دیالۆگانە لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقا دەڵێنەوە)

**کۆرس:**
**میر خانزادم نازەنینە**
**زۆر زەریف و شیرینە**
**دەماڵیان کەوتووە شینە**
**بانگ و واوەیلاو گرینە**

**حەیف بۆ میری بنارێ**
**حەیف بۆ گوڵووکی بەهارێ**
**شازادە وا دەنگ هەڵدێنێ**
**زەوی و ئاسمان دەهەژێنێ**
**(لاوکێکی دەڤەری سۆران)**

**دیمەنی سێیەم**

(خانزادو کوێخاژن دێنە ناو کۆشک، کۆرس بەلای چەپ و ڕاستدا بلاوەی لێدەکەن و دەبنە چوار بەشەوە)

**خانزاد:** کوێخاژن؟ بە ڕای تۆ چی بکەین باشە؟

**کوێخاژن:** بەڕای من دەبێت پەلە نەکەین بە وردی بیر لە مەسەلەکان بکەینەوە.

**خانزاد:** ئەگەر خانزاد کچی باوکی خۆی بێت لێناگەڕێت وا بە ئاسانی تاوانبار لە دەستمان ڕزگار

بێت.

**کوێخاژن:** وا باشە هەموو سنوورەکانی دەڤەری سۆران بە سوپاو لەشکر بپارێزین، تاوەکو تاوانبار ئەگەر لەناو خۆمان بێت ڕزگاری نەبێت.

**خـــانزاد:** بێگومانم تاوانبار هەر لەناو خۆماندایە، بەردیش لە نزیکەوە پێمان دەکەوێت.

**کوێخاژن:** پێشینان ڕاستیان گوتووە ئەگەر دار کرمی لە خۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵە.

**خانزاد:** کوێخاژن ڕات چییە بەرامبەر لەشکری؟

**کـوێخـاژن:** ئەو پرسیارە پرسیارێکی قورسە دەبێت کەسێکی هۆشمەند وەڵامی بداتەوە، سەبارەت بەخۆم هەموو بیروهۆشم دەخەمە گەڕ تاوەکو سەرەداوێکمان دەست بکەوێ.

**خانزاد:** لەشکری پیاوێکی ئاڵۆزە، کێ دەتوانێ دڵنیام بکات کە لەشکری دەستی نەبووە لە کوشتنی سلێمان بەگی باوکم؟

**کوێخاژن:** منیش گومانم لێی هەیە!

**کـــــۆرس:** (بەیەکەوە) دواڕۆژ هەموو ڕاستییەک دەردەخات.

**ئەگەر زوو چارەسەرێک نەدۆزینەوە**
**ئەوا یەکە یەکە لەناومان دەبات**
**ئێمە کۆڵ نادەین لە هەوڵ و خەبات.**

**خـانزاد:** ئەوەی جێی ئومێد و دواڕۆژی منە، تەنیا ئەو خەڵکە ڕەشوڕووتەیە. من بەوانەوە پشت ئەستوورم.

**کـوێخـاژن:** خانم لەوە زیاتر نیگەران مەبە. سلێمان بەگ بە تەنیا باوکی تۆ نەبوو باوکی هەموومان بوو.

**خـانزاد:** ئەو نۆکەر و گێل و نەفامانە وادەزانن ئێمە هەستیان پێناکەین وەلێ چاک دەزانن ڕۆژێک دێت دڵی ژەهراوییان تیمار دەکەین.

**کـوێخـاژن:** وا خەڵکی لە داخا خۆیان دەخۆنەوە و خەریکە بتەقنەوە، چاوەڕێی فەرمانی تۆن، ئیتر ئۆقرەیان نەماوە.

**خـانزاد:** بەڵێ ئەوانە وا فێرکراون، ئەوانە پەروەردەی دەستی سلێمان بەگن، دەبێ لێرەوە دەست پێبکەین. بونیاتنانی دواڕۆژ بە یەک هەنگاو دەست پێدەکات.

(خزمەتکاری١/ (دێتە ناو کۆشک، بەسلاوکردن دەچەمێتەوە)/ میر خانزادم وا پەیامنێرێک هاتووە و دەڵێت لە ولاتی عەجەمەوە هاتووم نامەیەکی پێیە بۆ جەنابتان.

**خـانزاد:** با بێتە ژوورەوە. (ڕوو لە کوێخاژن دەکات) کوێخاژن جارێ باسەکەمان هەڵگرە بۆ کاتێکی تر.

**پەیامنێـر:** (دوای سلاوکردن و چەمانەوە) بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە شای گەورەمان هەواڵی مەرگی میر سلێمانی پێگەیشت هەر لەیەکەم ڕۆژی بیستنی ئەم هەواڵە منی بۆ لای ئێوە ڕەوانە کردووە، (دەستی بۆ هەگبەکەی دەبا و لوولەیەک دەردێنێ) فەرمـوو ئەمە نامەی گەورەمانە و بۆ بەڕێزتانی ناردووە.

**خــــانزاد:** (نامەکەی لێ وەردەگرێت و ڕوودەکاتە خزمەتکاری١) خزمەتێکی چاکی ئەم میوانە بکەن. هەرچییەکی پێویستە خزمەتگوزاری بکەن.

**خزمەتکار:** بەڵێ شازادە خان.

**خـانزاد:** (ڕوو لە پەیامنێر دەکات). فەرموو بەیانی چاومان بەیەک دەکەوێتەوە (خزمەتکار و پەیامنێر دەردەچن)

(خـانزاد نامەکە دەداتە کوێخا ژن، ئەویش دەیخوێنێتەوە)

**کوێخاژن:** نووسراوە لە شای گەورەوە بۆ سەرلەشکری میری سۆران، خانزاد خان، هاوبەشی خەمتانین و هیواداریـن ئەمە دوا کارەساتی بنەماڵەکەتان بێت، سلێمان بەگی ڕەحمەتی باوکتان دۆستێکی ئازیزی ئێمە بوو، ئێمە هەر لەسەر پەیمانی خۆمانین هیوادارین تۆش لەسەر ڕێگەی باوکت بیر لە مەسەلەکان بکەیتەوە، بە قسەی ناحەزان هەڵنەخەڵەتێیت لەکاتی تەنگانەدا پشت و پەناتانین، چی دەفەرموون ئامادەین).

**مۆر**
**شاهەنشای ئێران**

**کـوێخاژن:** (نامەکە لوول دەدات) خانم چیم پێ وتی: نەموت کەسێکی وەک شا عەباس بەم هەواڵە نیگەران بووە ئەوەتا بەر لە هەموو کەسێک پیاوەتی خۆی نیشان دا بۆ پتر قایم کردنی میرنشینەکەمان.

**خانزاد:** هەرکەسە و مەبەستێکی خۆی هەیە، هەموویان دەزانن ئێمە بە ئازایەتی و نەبەردی خۆمان پشت ئەستوورین بۆیە مەراییمان بۆ دەکەن.

**کوێخاژن:** هەموویان دەیانزانی تۆ دەبی بە میری سۆران و جێگای سلێمان بەگ دەگریتەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە پێویستە بە هەر نرخێک بێت نەهێڵین دەستی ژەنگاوی ئەو نۆکەر و ئەڵقە لەگوێیانەی دوژمنان لە هەناوماندا بگەڕێن.

**خانزاد:** کوێخاژن ئا بیرم کەوتەوە دەبێ بەیانی وەڵامی ئەم نامەیەی شا عەباس بدەینەوە.

**کوێخاژن:** زۆر چاکە.

**(حەیران و بەستەیەکی ئاهەنگسازی)**

**دیمەنی چوارەم**

(کۆرس بەشێوەیەکی بەرجەستەیی هەندێکیان دانیشتوون و هەندێکیان وەستاون، ئەم هۆنراوەیە دەڵێنەوە).

**ئێمە بالۆرەین، ئێمە داستانین**
**ئێمە ڕازتانین، ئێمە نیازتانین**
**دەبێ میر خانزاد بیر بکاتەوە**
**باری کەوتووی کورد ڕاست بکاتەوە**
**تۆڵە دەستێنین بە عەهد و پەیمان**
**تاکو ڕووناک کەین خاکی بەرپێمان**

**لاوکبێژ:**
**مەترسە لەدەست پیلانی نابەکاران**
**کە بۆت هاتوون لە چوار کەناران**
**لێتان دەکەن گوللە باران**
**نەکەن بکەونە چنگی بەدکاران**
**لێتان تێک بدەن ماڵ و هێلانان**
**خۆیان حەشار دەن لە کون و تەلاران**

**دیمەنی پێنجەم**

(شوێن: بەشی ناوەڕاستی کۆشکی میر خانزادە، شاهۆ و سەروەر بەیەکەوە وەستاون پەرژینێک لە کۆشک جیایان دەکاتەوە)

**سەروەر:** برام دەرد زۆرە، بەڵام دەرمانی کەمە.

**شاهۆ:** تۆ بۆچی واز لەو قسانە ناهێنی؟ حەز دەکەم بێ پێچوپەنا قسە بکەین، دەمەوێ بزانیت بۆچی هاتووم؟

**سەروەر:** عەجەمێکی وەکو تۆ عادەتیانە قسە لە خەڵکی دەربێنن!

**شاهۆ:** تۆ باسی (خانزاد)م بۆ بکە لەگەڵ لەشکری گەیشتنە کوێ؟

**سەروەر:** خانزاد نەخۆشە!

**شاهۆ:** ئەوە بەڕاستتە نەخۆشە!

**سەروەر:** ئا ئا.. بەینی خۆمان بێت نەخۆشی دڵداری هەیە، ئەو جۆرە دڵدارییەش هیچ دەرمانی نییە.

**شاهۆ:** توخوا مەسەلەی خانزاد و لەشکری هی گاڵتە نییە.

**سەروەر:** گاڵتە و گەپی لەخوێن گەوزاندنە، مەسەلەی ئەم دووانە زۆر گرنگن لای.

**شاهۆ:** من تێناگەم مەبەستت چییە؟

**سەروەر:** ئەوە کاری تۆ نییە، من لە شوێنی ترەوە هەواڵی ترم پێدەگات.

**شاهۆ:** بەڕاستی عەجەمەکان لە سەروچاوەی شتەکان دەکۆڵنەوە.

**سەروەر:** هەڵبەت ئەو جۆرە مەسەلانە پێوەندییان بە چارەنووسمانەوە هەیە.

**کوێخاژن:** (دێتە ژوورەوە بە تووڕەیی ڕوویان تێدەکات) حەی حەی دیوەخانتان گەرمە (ڕوو دەکاتە سەروەر) بەو وەختە درەنگە چی دەکەی لێرە؟ ئەمە شوێنی تۆ نییە دیارە بۆ قسە هێنان و بردن دێیتە ئێرە.

**سەروەر:** کوێخاژن،

**کوێخاژن:** (قسەی دەبڕێ) لەبەرچاوم بزربە، لەو ڕۆژەوەی تۆ هاتووی ئاگری نەگبەتی بەربۆتە ئەم کۆشکە (ڕوو لە سەروەر دەکات) تۆش واپێدەچێت لەسەر گوریسی ئەو یاری دەکەیت، پێم بڵێ باسی چیتان دەکرد چیتان دەوت؟

**سەروەر:** (بەترسەوە) شتێکی وانەبوو.

**کوێخاژن:** چۆن؟ ئەی باسی لەشکریتان نەدەکرد؟ لەوە دەچێ ئێوە زۆر شت لە ئێمە بشارنەوە، دەی هەر ئێستا لەبەرچاوم ون بن.

**دیمەنی شەشەم**

**کۆرس١:** خانزادی میری سۆران دەست و پێوەندی خۆی چاک دەناسێ.

**کۆرس٢:** کێیە وادەیەوێ ئاگری دووبەرەکی لەناو لەشکری سۆران خۆش بکات؟

**کۆرس٣:** کێ بوو بابانەکانی کرد بە ناحەزمان؟

**کۆرس٤:** خۆفرۆشان دەستیان داوەتە پیلانی جۆراوجۆر.

**کۆرس١:** لە کۆنەوە ئەوە بەزمیانە ساویلکەکانی خۆشمان خەجەڕۆیانە.

**کۆرس٢:** بۆ هەر دەڤەرێک دەڕۆی هەر ناحەزە دەستی بە خوێنی هەژار سوور کردووە.

**کۆرس٣:** دار کرمی لەخۆی نەبێت تەمەنی هەزار ساڵە، مانگە شەویش سەر لە ئێوارە دیارە.

**کۆرس٤:** ئەو دەستانە دەبێ ببڕڕێن، ئەگەر نەیان بڕین ئازارمان دەدەن.

**کۆرس١:** ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ.

**کۆرس٢:** ئەو یارییە یاریزانی هەڵکەوتووی دەوێ.

**کۆرس٣:** با گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ بکەین.

**کۆرس٤:** با لە دوورەوە سەیریان بکەین.

**(گۆرانییەکی ئاهەنگسازی)**

**دیمەنی حەوتەم**

(شوێن: لایەکی شانۆیە، لەشکری و سەروەر بەیەکەوە

وەستاون، ڕووناکی دەکەوێتە سەریان، سەروەر خەریکە بڕوات)

**سەروەر:** خوا دەزانێ ئەو شاهۆیە لەکوێیە، بە دڵنیاییەوە لەگەڵ خۆمانە، چاوەڕوان بە هەر دێت، بەڵام نازانم کەی، پێویستە بڕۆم.

**لەشکری:** (قۆڵی دەگرێت و ناهێڵێت بڕوات) وەختی ڕۆیشتن نییە، شاهۆم دەوێت، شاهۆ لەکوێیە؟

**سەروەر:** شاهۆ هەزار و یەک کەینوبەینی لەبن سەرە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە هەر دێت.

**لەشکری:** لێرە ناڕۆیت تا شاهۆ دێت.

**سەروەر:** ئەوە شاهۆ هات من خواحافیز. (دەڕوات)

**شاهۆ:** (بەپەلە دەچێتە لای لەشکری) بەڕێز دڵنیات دەکەمەوە کەشوهەوا زۆر ساف و بێگەردە، هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت، کارەکانم دابەش کردووە هەرکەسە و خەریکی سازدانی پرۆگرامی خۆیەتی، گرنگ ئەوەیە هەموو سەروەرییەکانی بۆ تۆ تۆمار دەکرێت.

**لەشکری:** (پێدەکەنێت) دەزانم تۆ کوڕی ڕۆژانی ڕەشی، شادەمارەکانی تۆ بە گوڕ و تینن، بەکەڵکی گورز وەشاندن دێن. ڕۆژ بەڕۆژ مەرامەکانی بەغدا و تەورێز سەردەگرن.

**شاهۆ:** ئەنجامدانی ئەو پیلانە پێویستی بە پیاوی مەحکەم هەیە.

**لەشکری:** بۆیە دەبێت چاوت هەزار چاوبێت ئاگات لە هەموو دەنگ و باسێکی کۆشکی میر خانزاد بێت، چونکە ئەوانیش دەیانەوێت سەری گلۆلەکە بدۆزنەوە، بەڵام مەحاڵە، چونکە کۆشکی میر سلێمانمان ئەوەندە ئاڵۆز نەکردووە، کەس بزانێت.

**شاهۆ:** من کاتم زۆر نییە، بابچینە شوێنێکی تر تاوەکو هەواڵەکانی تەوریزت بەدوور و درێژی بۆ باس بکەم، چونکە ئەوانیش سوورن لەسەر هەڵکردنی پیلان و ئاژاوە گێڕی لەو دەڤەرە، ئەوانە هەرچەندە وڵاتن، وڵات، بەڵام ئەگەر کەسانی لای خۆمانیان لەبەردەست نەبێت هیچیان پێناکرێت.

**لەشکری:** مادەم وایە، بابڕۆین لەوێ هەموو شتێکم بۆ باس بکە.

**کۆرسی گۆرانیبێژان:**

**لێرەو لەوێ هەر کەسە و بەرژەوەندی خۆی دەوێ**
**لێرە و لەوێ هەریەکە و مەرامی خۆی دەوێ**
**ڕۆژان دێت و ڕۆژان دەڕوات**
**بزانین ئەنجام بە چی دەگات**
**(گۆرانییەکی ئاهەنگسازی)**

## دیمەنی هەشتەم

(شوێن: کۆشکی میر خانزادە، میرخانزاد و کوێخاژن و کۆرس و چەند کەسانێک لەناو کۆشکن)

**میر خانزاد:** دەبی بزانین ئەو دەستە تێکدەرانە کێن؟

**کوێخاژن:** چەندی سەر دەینێن و دەبەین ژەهرەکە هەر لەنێو ئێمەدایە، من دڵنیام دوژمنانی گەورەمان هەر بە پیاوانی ئەم دەڤەرە کە بوونەتە دار و دەستەی ئەوان کارە گڵاوەکانیان بەوان ئەنجام دەدەن بۆ تێکدانی میرنشینەکەمان، چونکە عەجەم و ڕۆمەکانیش وەک والی بەغدا چاویان پێمان هەڵنایە.

**کۆرس١:** ئێمە خەڵکی ڕەشوڕووتین گوێمان لە زۆر شت دەبێت.

**کۆرس٢:** ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بیکەن ئاگرێکە هەموومان دەسووتێنێ.

**کۆرس٣:** با هەموومان بە ئاگری چەند کەسانێک نەسووتێین.

**کۆرس٤:** ئەگەر ئەو دەستانە نەبڕین بەرۆکمان بەرنادەن.

**کۆرس١:** کاتی ئەوە هاتووە پەردە لەسەر ڕوخساری خیانەت و دوژمنکاری لابدەین.

**کۆرس٢:** هەرچەند ئەو نۆکەرانە بێ شومارن و بە دوژمنان پشت ئەستوورن، بەڵام ئێمەش گیانمان فیدایە لەپێناو خاک و وڵات.

**خانزاد:** ئێستا ئەوانەی ئێوە باستان کرد هەمووی بیرۆکەی بەجێن، بەڵام چار چییە؟ ئایا دەتوانن دەستنیشانی ئەو کەسانەم بۆ بکەن؟

**کۆرس٣:** خانم خۆ مەسەلەکان زۆر ڕوون و ئاشکران، وادیارە ئەوانە دەمێکە خەریکی پیلان و ئاژاوە نانەوەن، تۆ لات وایە ئەوانە دۆستمانن..

**کوێخاژن:** میرخانزاد نەموت ئێمە بەبێ ئەو خەڵکە هیچمان پێناکرێت، بۆیە دەبێ زیاتر و زووتر و قووڵتر بڕوانینە مەسەلەکان.

**خانزاد:** من دەمێکە ئاگام لە شاهۆیە کە دەستی خۆی تێکەڵ کردووە لەگەڵ دوژمنان.

**کۆرس٤:** ئەو ڕۆژە چاوم لێبوو هەردووکیان بەیەکەوە لەلای باخی سەرکانییەوە بەیەکەوە دانیشتبوون و بەیەکەوە قسەیان دەکرد.

**کۆرس١:** من گومانم لە لەشکرییە کە ئەو سەرکردەی ئەو پیلانانە دەکات لە ڕێگەی چەند کەسانێکی بەکرێگیراوەوە.

**کوێخاژن:** میرخانزاد ئەوانە هەموویان بێ مەبەست قسە ناکەن وا باشە قسەکانیان بە هەند وەربگرین.

**خانزاد:** من دەمێکە بڕوام بە ئێوە هەیە، من هەر لە سەرەتای بوونم بە میرنشین پشتم بە ئێوە بەستووە، پێویستە ئێوە بەشداری بکەن لە ئاشکراکردنی مەرامی گڵاوی ئەو چەپەڵانە.

**کوێخاژن:** مەسەلەکە بەو شێوە ئاڵۆز نییە کە نەتوانین، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە چەند کەسانێکمان دەستنیشان کردووە.

**کۆرس٢:** دەی کەواتە با هەمووومان یەک بگرین.

**کۆرس٣:** دەی با هەموومان میرنشینەکەمان بپارێزین.

**کوێخاژن:** ئەوەی چیرۆکی مێژوو و بەسەرهاتی ئێمەی کورد بخوێنێتەوە ئەوجا دەزانێت ئێمە کێین.

**کۆرس:** ژیانمان هەمووی داستانە، عیشق و خۆڕاگری و بەرخودانە.

**وەک چیا پڕ لە بەفرو تەمە**
**ئاخ لەو ڕۆژگار و سەردەمە**

**کوێخاژن:** بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لەئێوە دەکەین تاکو بتوانین بەپشتیوانی هەمووومان ئەم میرنشینە بەڕێوە ببەین، تاوەکو سەربەخۆیی بەدەست بێنین.

**کۆرس١:** گەر هەمووومان تەبا بین دەتوانین بەیەکەوە کار بکەین.

**کۆرس٢:** دەتوانین بەیەکگرتن بەرهەڵستی هەموو لافاوێک و ڕەشەبایەک بکەین.

**کۆرس٣:** براکانم، ئازیزانم ئێمە نابێ یەکە یەکە و بە تەنیا هەریەک بەجۆرێک بەرهەڵستی ئەو ئەژدیهایانە بکەین ئەوانە وڵاتن وڵات.

**کۆرس٤:** برام، چاوانم، باشتر نییە ئەو پشتەی ئێوە دوو پشتی تری لەگەڵدابێ بۆ ئەوەی ئەستوور و بەهێزترین؟

**کۆرس٣:** دەی چیتر کات بەفیڕۆ مەدەن، دەستەکانتان بکەنە یەک دەست بەیەک دەنگ و ڕا هەوڵ دەن بزانن چۆن دەژین. بۆ ئەوەی چیتر نەهێڵین یاری بە چارەنووسمان بکرێت.

**(لاوکێکی لاواندنەوەی بەسەرهاتی زوڵم و نەهامەتی کوردستان لەگەڵ لاوکەکە چەند ئەکتەرێک جووڵانەوەی تەعبیری ئەنجام دەدەن)**

**دیمەنی نۆیەم**

(ناو کۆشکە، لەشکری و خانزاد بەیەکەوەن)

**لەشکری:** دەمێکە بە ئومێدی ئەو ڕۆژەم خانم، هەر ئەو خۆشەویستییە بوو وای لێکردم بەسەر زۆر کۆسپدا زاڵ بم.

**خانزاد:** تۆش یەکێکی لە ئەندامانی بنەماڵەکەمان، منیش بۆیە دەمێکە لوتفت پێدەدەم.

**لەشکری:** هەرگیز نەدەوێرام گری دەروونی خۆم دەربڕم!

**خانزاد:** ڕاست دەکەی مەسەلەکە یارییەکی منداڵان نییە.

**لەشکری:** بەڵام شێتانە هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووم ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرنجی خانزاد ڕاکێشم.

**خانزاد:** کەوایە تۆ دەمێکە بە ئومێدی!

**لەشکری:** هەر لەو ڕۆژەوەی هاتوومەتە ناو ئەو کۆشکە خۆشەویستیت لە دڵمدا پەنگی خواردۆتەوە.. وادەزانم هەردەم تۆ لە ژوور سەرمای! بڕوا بکە تۆ ئافرەتێکی بەوەجی.

**خانزاد:** لەشکری؟

**لەشکری:** بەڵێ خانم، ئەمرکە.

**خانزاد:** شاهۆ دەناسی؟

**لەشکری:** خانم توخوا ئەمە قسەیە؟ کەس هەیە لە کووچە و بازاڕ و ماڵ و مزگەوت من نەیناسم؟ شاهۆ بەتایفەوە دەناسم.

**خانزاد:** دەزانم بۆیە منیش پرسیم چونکە ئێوە هەردووکتان لە یەک کانی ئاو دەخۆنەوە، ئەو کانییەش سەروچاوەکەی دوورە.

**لەشکری:** (تێک دەچێ) خانم مەبەستت چییە؟ من لە جیاتی چاکە وتم دەیناسم ئایا تۆ دەتەوێ خەڵاتی کەی یا لە ملی بدەی؟

**خانزاد:** جارێ زۆری ماوە.

**لەشکری:** خانم سەرنگوومی کەم؟ من لە پێناو تۆ هەموو شتێک دەکەم.

**خانزاد:** ئەی لەپێناو وڵاتەکەت؟

**لەشکری:** هەر سەرم پێوەنییە، پەیمان بێت، بەڵام خانم ئەوەی ڕاستی بێ ئەو مەبەستەی ئێوە زەحمەتە.

**خانزاد:** بۆچی لەشکری؟

**لەشکری:** دەوروبەر هەر لە شای عەجەم و ڕۆم تا دەگاتە بەغدا هەر هەموویان لەوە دەترسن خانزادی میری سۆران ئاڵای سەربەخۆیی هەڵکاو ڕۆمەکان ناچار بکات بۆی مۆر بکەن، هەروەها میرنشینەکانی تریش یەک بەدوای یەک.

**خانزاد:** ئەوە مەسەلەیەکی کۆنە باوکیشم هەر ئەمەی مەبەست بوو.

**لەشکری:** ئاخر خانم ئەو برینە هێشتا سارێژ نەبووە.

**خانزاد:** لەشکری گرنگ ئەوەیە بە هەر نرخێک بێت دەبێ مەرامەکانی شاهۆم بۆ ئاشکرا بکەیت.

**لەشکری:** (دەشڵەژێ) بۆچی خانم شاهۆ هیچی

کردووە؟

**خانزاد:** لەشکری ئەوە بڕیارمە، دەبێ لەمەولا خوێنی ئێمەش بگاتە شادەماری هەموو ناحەز و تێکدەرێک.

**لەشکری:** (سەر دەلەقێنێ)

**خانزاد:** دەبێ خانزاد لەمەولا خانزادێکی تربێ. لەشکری ئەوە ئەرکتە، دەبێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەی و کەسیش نەزانێ، تێدەگەی مەبەستم چییە؟

**لەشکری:** زۆر چاک تێدەگەم (سەر دەلەقێنێ).

**(لاوکێک بەسەرهاتی کوردستان بگێڕێتەوە)**

**دیمەنی دەیەم**

(کۆرس دێنەوە سەر شانۆ)

**کۆرس:**

**گەر زوو دەستی خۆمان نەوەشێنین کارەساتە**
**هەر چوار دەورمان دوژمن و ژیان مەرگەساتە**
**ئێمە هەموو بە شوێن وەڵامی پرسیارێکدا وێڵێین**
**ساڵانێکە قوربانی دەدەین هەروەک رووباری لێڵێین**
**با لە چنگ ئەم کارەساتە رزگاربین**
**بۆ نەوەی داهاتوومان سەرفراز بین**

(کۆرس هەریەکی دەچێتە لایەک بۆ خۆ شاردنەوەیان)

**(بەردەوامی لاوکەکە بەسەرهاتی کوردستان دەگێڕێتەوە)**

**دیمەنی یازدەم**

(شوێن: لایەکی شانۆکەیە، شاهۆ و سەروەر و لەشکری خەریکی قسەکردنن)

**شاهۆ:** نەدەبوو زووتر پێم بڵێی، تا بزانم ئەو خانزادە لەعنەتاوییە لەژێرەوە بە دوامەوەیە.

**لەشکری:** ئاگات لە چییە خەڵکی هەر چاوێکیان کردۆتە دە چاو.

**سەروەر:** ئەوە مەرامەکەت پووچەڵ کرایەوە، هەر تۆش بەرپرسیاری لە خوێنەکەی!

**شاهۆ:** ئێمە هەرسێکمان بەرپرسیارین.

**سەروەر:** ئەگەر پیاوێکی نۆکەری عەجەمی وەک تۆ نەبووایە، لەبن هەوریش بووایە کەس پەی پێ نەدەبردین.

**شاهۆ:** ئێوە لە من تاوانبارترن من عەجەمم بەڵام ئێوە کوردن کورد، ئێوە خەڵکی ئێرەن.

**لەشکری:** ئەو ڕۆژە نەما هەرچییەکت بوێ بۆت بێتە دی، خانزاد هەر کامێکتانی دەست کەوێ خوێنی دەخواتەوە.

**سەروەر:** بە ڕاستی ریسمان لێ بووەوە خوری، باشە من چیم دابوو لەو کارە ناپاکییەی کە ئێوە هەردووکتان بە منتان کرد؟

**شاهۆ:** (بۆ لەشکری) منیش کردەی دەستی تۆم، ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئەوا من چۆن هەموو کەین و بەینێکی ناو کۆشکم دەزانی؟ ئەگەر تۆش نەبوویتایە من چۆن دەمتوانی خوێنی دەمارەکانی ناو کۆشک بدۆشم؟

**سەروەر:** بەسیەتی! بەسیەتی! سەرتان هێنامە ژان، گرنگ لەمەولایە چی بکەین، چۆن لە گێژاوی ئەو گەرداوە رزگاریمان دەبێت؟

**شاهۆ:** من چارەی دەردی خۆم دەکەم (دەڕوات)

**سەروەر:** لەشکری بۆ وا ماتی؟

**لەشکری:** ئەوەی من دەمویست نەمزانی وا بە ئاسانی بە با دەچێت!

**سەروەر:** ئەوەی من بیزانم هەر لەو ڕۆژەوەی ئەو عەجەمە هاتۆتە ئێرە هەرچی کوشت و کوشتارێک لە نێوانماندا بووە هەمووی لە ئەستۆی شاهۆی عەجەمە.

**لەشکری:** ئەو کردەوەیەی ئێوە پێویستی بە بڕیارێکی وایە پەشیمان بوونەوەی نەبێت، ئەوەش باش بزانە هەر یەک لە ئێوە خۆی بەرپرسیارە لەو کارەی کە ئەنجامی داوە! ئیتر حەز ناکەم کەسێکی وەکو منیش بخەنە نێو ئەو قوڕ و لیتاوە.

(کۆرس هەریەکی لە لایەکەوە چوار دەوریان دەدەن)

**کۆرس:**

**ئەوەی بۆ خراپە چاوی لە وڵاتمان بڕیبێ.. چاوی کوێر کراوە**
**ئەوەی بیەوێ پشتی ئێمە بشکێنێ.. دەستی شکاوە**
**ئێمە هەموو ڕۆڵەی دڵسۆزی وڵاتین**
**ئێمە تێکڕا هەڵۆی سەربەرزی خەباتین**
**(لاوکێکی پاڵەوانیەتی ڕۆڵەی کوردستان)**

**دیمەنی دوازدەم**

(شوێن لایەکی شانۆکەیە، سەروەر بە تەنیا ڕووناکی لەسەرە و بیردەکاتەوە.)

**سەروەر:** نازانم من چۆن تووشی ئەو مرۆڤە لەعنەتاوییانە بووم؟ ئەگەر پیاوی خراپ و بە هەڵخەڵەتاندنی پارە و پوولی زۆر نەبوایە من چیم دابوو لەو کارە نارەوایە؟ من زۆر بە ساویلکەیی ئەو کارەم قۆزتەوە، ڕەوشتی خوێنمژانی وڵاتانی دراوسێ بۆیە ئاوا زوو پەنجەیان لە خوێنمان دەگەوزێنن! من ئێستا هەست بە بوونی خۆم ناکەم چونکە تاوانبارم، تاوانبار. ئێستا بۆم دەرکەوت ناپاکیم دەرهەق بە خەڵک و وڵاتەکەم کردووە؟ نەمزانی دەستم بۆ ئاگرێک بردووە هەموومانی گرتۆتەوە، هەرچەندی بیردەکەمەوە ناتوانم لەمە زیاتر

خیانەت بکەم، تاوانەکانم دەستیان لە قوڕگم ناوە، من موستەهەقی کوشتنم، کوشتنم. (سەری شۆڕ دەکا و لە داخا دەگری).

**(ماوەیەک لاوکێک بەسەر خیانەتکارانەوە)**

**دیمەنی سێزدەم**

(شوێن: کۆشکی میر خانزادە، ئەوەی لە کۆشکدایە هەموو ئامادەن)

(سەروەر، لەژێر پێی خانزاددا کەوتووە خانزاد پێی لەسەر سەری داناوە)

**خانزاد:** دەی چیتر؟ قسە بکە.

**سەروەر:** هەرچییەکم لێدەکەن ڕازیم، بمکوژن، بەڵام هەر خۆم نیم، ئێستا هەموو شتێکتان بۆ ئاشکرا دەکەم، من، شاهۆ، لەشکری، هەموومان تاوانبارین، تێکدەرین، ئێمە پیلانمان دانایەوە و لەشکری بە کوشتنی دا.

**خانزاد:** لەشکری لەگەڵ تۆ گەلێک تەبا بوو، بۆچی تۆ وا بە ئاسانی بە کوشتنی دەدەی؟

**سەروەر:** من و لەشکری و شاهۆ سیخوڕی و نۆکەریمان دەکرد تاوەکو ئەم میرنشینە تێک بدەین و نەهێڵین بگەنە ئامانج و مەبەستی خۆتان.

**کوێخاژن:** باشە چۆن ئێمە بڕوا بەو قسانەی تۆ بکەین؟ کە لەشکری و شاهۆ لەگەڵتان.

**سەروەر:** ئەگەر بڕوام پێناکەن من بەحزووری هەردووکیان ئەو ئیعتیرافە دەکەم.

**کوێخاژن:** باشە چۆنە تۆ ئێستا هاتووی ئیعتیراف بکەی؟

**سەروەر:** ئاخر لەوە زیاتر چیتر نەمتوانی بەردەوام بم لە خیانەتکردن، من دەمێکە لە ناوەوە ڕووخاوم.

**خانزاد:** یەعنی، سلێمان بەگی باوکم بە نەخۆشی نەمرد، بەڵکو بە پیلانی تۆ و لەشکری بە کوشتن چوو.

**سەروەر:** بەڵێ خانم، بریا ئەو دوو دەستانەم بە بڕین بچووایە نەک ئەو جۆرە پیلانەم ئەنجام بدابووایە لەگەڵیان!

کوێخاژن، کەواتە هەرچی ورد و درشتی ئەو ناو کۆشکە هەبووە..

**سەروەر:** بەڵێ کوێخاژن، هەموویمان دەزانی بە یارمەتی لەشکری.

**کوێخاژن:** ئێستا فەرمان فەرمانی خۆتە خانزاد خان.

**خانزاد:** من هیچ بڕیارێک بۆ ئەو مەسەلەیە نادەم، با خەڵکی (مەبەستی کۆرسە)، ئەوان سەرپشکبن بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەو سێ نۆکەر و ئەڵقە لەگوێیانە.

**کۆرس:**
**ئەو نۆکەرانە ئاگرن، ساڵەهای ساڵە گەش دەکرێنەوە**
**ئەو سیخوڕانە ئێش و ئازارن برینمان دەکولێننەوە**
**با لە سێدارە بدرێن و بە ڕوو ڕەشی سەربنێینەوە**
**هەروەکو تەرزەی بەهار بتوێنەوە**

**خانزاد:** (بانگ دەکات) لەشکری و شاهۆ بێننە ژوورەوە.

(کۆرس لەنێو خۆیاندا دەیکەنە غەڵبە غەڵب)

(لەشکری و شاهۆ دێننە ژوورەوە)

**کۆرس١:** هەی بەنەفرەت بن.

**کۆرس٢:** مردن و سەرشۆڕی بۆ سیخوڕان.

**کۆرس٤:** هەی بە قوربانی وشەیەکی زمانەکەتان بن.

**کۆرس٣:** هەی ناپاکی نامەردینە، هەی سەر شۆڕینە!

**خانزاد:** خەڵکینە بەناوی ئێوەوە، من هیچ بڕیارێک نادەم ئێوە سەرپشکن لە سزادانی ئەو تاوانبارانە.

**کۆرس:** (بەیەکەوە).

پێویستە هەر ئێستا بڕیاری سزادانیان دەربکرێ.

**کۆرس١:** هەر ئەمڕۆ لەبەر چاوی خەڵکی ئەو دەڤەرە داوا دەکەین بە سزای گەل و نیشتمان بگەیەنرێن.

**کۆرس٢:** ئێمە هەموومان یەک دەنگین، کەواتە بڕیاری سزادانیان لە سێدارەدانە.

**خانزاد:** ئەو ناپاکانە هەر ببەنە بەندیخانە، تا بڕیاری سزادانیان جێبەجێ دەکرێت.

(هەرسێکیان دەبەنە دەرەوە)

**خانزاد:** خەڵکینە بەناوی هەموو کوردێکەوە من پێتان ڕادەگەیەنم هەر یەکێک لە ئێوە بەرپرسیارە لەخۆی و نەتەوەکەی، ئیتر خوێنی ڕۆڵەی کورد بە خۆڕایی بە فیڕۆ ناچێت، ئەوەی دەستی تاوانی بۆ ئێمە درێژ دەکرد لە بنا بڕا.

**کۆرس:** بژی کورد، بژی کوردستان.

**کوێخاژن:** ئەی خەڵکینە ئێوە سەرچاوەی هەموو هێز و توانایەکی میرنشینەکەن، دەسەڵات و نەخشەکێشانی دواڕۆژ بە دەست خۆتانە، هەر ئەو ناپاکانە بوون دەیانویست ئاڵای بەرز و پیرۆزی کورد و کوردایەتی نەشەکێتەوە، فەرموون.. فەرموون، بە بەرچاوی دوژمنان لەسەر هەموو بەرزاییەک ئاڵای کوردستان هەڵدەن بابشەکێتەوە..

**(ئاڵای کوردستان هەڵدەدرێت، هەموو دەیکەن بە سروود وتنەوە).**

# شارۆ
# تیرۆژە نیگایەک لەسەر گۆرانی و یاری منداڵان و پەندی پیر لە هەوراماندا

جەلیل عەباسی

هۆرامان، یان ڕاستتر بڵێم ئاهوورامان ئەو دەڤەرە سەخت و سەرکەش و شاخاوییە و ئەو ناوچە پیرۆز و لەمێژینەیە کە پانتاییەکی فراوانی جوگرافی لە ڕۆژهەڵات و بەشێکی ڕۆژئاوای کوردستاندا گرتۆتەوەو مێژووی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتر لە پێنج هەزار ساڵ پێشتر. ئەوانەی شارەزای مێژوون و بەتایبەتی ئەوانەی کە زۆرتر ئاوڕیان لە دیرۆکی نەنووسراوی کورد داوەتەوە، دەزانن کە کاتێ دەڵێین هەورامان، مێژوویەکی هەرە دێرینمان دێتەوە یاد بە فەرهەنگ و شارستانییەتێکی پرشنگدار و زمانێکی زیندووی دەوڵەمەند و ئەدەبێکی درەوشاوە و سەنعەت و پیشەسازییەکی هەرە پێشکەوتوو. ئەمڕۆ ناوی هەورامان ستراتیژیی ئابووری و ژیانی شارستانی و زانستی پزیشکی و هزر و فەلسەفەی کراوەو پێشکەوتووی ڕابردووی نەتەوەی کوردمان بیر دەخاتەوە ئەویش لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە ناو زۆربەی گەل و هۆزەکانی دیکەی ئەم جیهانەدا لە سەرەتاییترین قۆناغی نەزانی و ناشارستانیدا دەژیان! ڕاستە هەورامان لەم سەردەمە زێڕینەی ئەمڕۆدا ناوچەیەکی داخراوی دواخراوی بەجێماوی لە بیرکراوە و ئەویش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە کە لە مەجالی ئەم باسەدا ناگونجێت، بەڵام وەک دەڵێن «مزگەوت گەر بڕووخێ میحرابی دەمێنێ» ، فەرهەنگ و شارستانییەت و کولتوور و کەلەپووری دەوڵەمەند و دێرینی هەورامانیش هێشتا نیشانە و ئاسەوارو جێ پەنجەو فاکتەری زۆری لێ بەجێ ماون کە پێشەنگی و سەرقافڵەبوونی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە لەو بوارانە و لە ناو هەموو گەلانی جیهاندا بسەلمێنێت. من بەش بە حاڵی خۆم لە بەدواداگەڕانە مەیدانییەکانمدا بۆ دۆزینەوەی نیشانە ونبووەکانی زیندوویێتی و پێشکەوتوویی هەورامان لە دێر زەماندا، گەلێ سووچ و قوژبن و گۆشە و کەناری ناوچەکەم پشکنیوە و زۆر سیمبول و ڕەمز و نیشانەی زیندووی ئاوەز پەسەندی بڕوا پێکراویشم دۆزیونەتەوە کە بە داخەوە هێشتاش نەکەوتوونەتە ناو مێژووی نووسراوی گەلەکەمانەوە، هەر بۆیە زۆر جاریش هەوڵم داوە تیرۆژەنیگا ئاسا لە سەر لاپەڕەی ئەم گۆڤار و ئەو ڕۆژنامەدا لە سەر خاڵێک لەو دەیان ڕەمز و فاکتەر و نیشانەیە بوەستم و ئەو دیرۆکە پرشنگدارە بخەمەوە بیری ئەم نەتەوە کەمتەرخەم و فەرامۆشکارەمان، تاکو هاندانێک بێت بۆ ورووژاندن و داچڵەکاندنی بیری نوستووی لە خەوی غەفڵەت و خەمساردی بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی و ناسینەوەی خۆی و پشت بەستنی بەو پێشکەوتنە دێرینەیەی بە مەبەستی دەستەمۆ کردنی ئەسپی چەمووشی گەشەو گەیشتنە سەربەستی و بەختیاری لەم جیهانە ئاڵۆزو بریقەدارەی ئێستای مرۆڤایەتیدا. ئێستاش بە هەمان نیگای تیرۆژە ئاساوە لە خەرمانی کولتوورو کەلەپووری هەوراماندا دەکەومە شارۆ و ئاوڕێکی کورت لە سێ نموونەی ئەو دەیان ڕەمز و

نیشانە دەدەمەوە واتە: (گۆرانی) و (یاری منداڵان) و (پەندی پیر) لە هەوراماندا.

**یەکەم: گۆرانی**

زۆر جار و لە زۆر جێگادا لەسەر گۆرانی هەورامانم نووسیوە و ئەو لایەنە هونەری و مێژووییەم شی کردۆتەوە، نامەوێ لێرەشدا دووبارەی بکەمەوە، بەڵکو لەم باسەمدا دەمەوێت لەسەر گۆرانییەک بوەستم و ئاوڕ لە لایەنە مێژووییەکەی بدەمەوە کە ئەویش پێی دەگوترێ (بەزمی – گەردوون چی بکەم). گەردوون چی بکەم هەوایەکی ڕەسەنی کوردی و ئاوازێکی هەرە مێژینەیە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەردەمی سەرهەڵدانی خودی زەردەشت و هۆنینەوەی کۆپلە سەرەتاییەکانی (گاتا)کان، واتە گەلێ پێش ئاڤێستا. ئەم هەوایە لە دەزگای (شوور)دایە و لە خانەبەندیی گۆرانییەکاندا دەکەوێتە خانەی (خاو)، یاخود (گوشی)یەوە، واتە بەزمێکە لە نێوان سیاچەمانە و وردە بەزمدا بە هەوایەکی بەرزە چڕ ئاسای نیمچە سەرکەشەوە. لەم گۆرانییەدا دەبیسین:

**گەردوون چی بکەم چێم دەسەڵاتەن**
**ڕۆحم ئێشکچی دەوری باڵاتەن**
**باڵێ باڵاتەن باڵێ مرمانی**
**وێنەی گەلاوێژ پرشنگ مەشانی**
**هەرکەس کەسێش هەن منیچ تۆم هەنی**
**دڵەکەم دەربارەت بیەن تەوەنی**
**ئامای ویەردی چەم بە ئیشارەت**
**با تازەش کەرمێ مەیلی دووبارە**
**..........تاد**

لەم شیعرەدا دیارە کەسێک گلەیی لە کەسێکی دیکە دەکات، یان باشتر بڵێم شیعرەکە پەیامی گلەیی ئامێزی ئەویندارێکە بۆ دڵبەرەکەی و هەندێ تاوانی بێ وەفایی، یاخود لانەوازی و خەمساردی دەخاتە پاڵ. دوای چەند ساڵ بەدواداگەڕان و نووسینەوەو لێکدانەوەی سەرجەم گۆرانییەکانی هەورامان (کە ئەنجامەکەی بۆتە کتێبێکی سێ بەرگی بە ناونیشانی – هەورامان و هونەر)، دەقی ناوەڕۆکی ئەم گۆرانییەم لە گاتاکانی زەردەشتدا دۆزییەوە و بۆم دەرکەوت کە ناوەڕۆکی ئەم گۆرانییە دەقی ڕاز و نیازێکی گلەیی ئامێز و فەلسەفی زەردەشتە لەگەڵ مەزدا ئەهوورەدا کە بۆمان ماوەتەوە و پاش هەزاران ساڵیش وەکو خۆی پارێزراوە و هەر وەکو خۆی دەوترێتەوە.

دەبینین لە گاتاکاندا هاتووە کە لە – یەسنا – هاتی ٢٩ لە بڕگەکانی (١و ٤ و ٥)دا، ڕەوانی ئافەرینش واتە ڕۆحی خیلقەت، یا بە زمانی ئاڤێستا (گەئوش مەینیو) ڕوو لە ئەهوورا مەزدا دەکات و شکات و گلە و گازندەی خۆی دەردەبڕێت کە بۆچی دروستی کردووە و ئێستاش لێی ناپرسێتەوە، ئەو چ تاوانێکی کردووە کە سزاواری ئەم فەرامۆشکردن و پشت لێکردنە بێت، پاشان داوای لێدەکات و دەڵێ: لایەکم لێبکەوە، ئازارم مەدە، تۆ نەبی ئەمن هیچم لەدەست نایەت و...تاد

لێرەدا بە نموونەی مشتێک لە خەروار بڕگەی یەکەمی هاتی ٢٩ی یەسنا هەر بە زمانی (دین دەبیرە) دێنمەوە کە دەڵێت:

«خشمەئیبیا، گەئوشە، ئوورڤا، گەرەژدا، کەهمائی، مە، تڤەرووژدەم، کا، مە، تەشەت، ئا، مە، ئەئەشمو، هەزەس، چا، رەموو، ئاهیشتایا، دەرەش، چا، تەڤیش، چا، نووئیت، موڤەئی، ڤاستا، خشمەت، ئەنیو، ئەتا، موڤەئی، سانسەتا، ڤەهوو، ڤاسترەیا».

واتە: «ئەی مەزدا ئەهوورە، ڕۆحی خیلقەت گلەییت لێدەکات و دەڵێت: منت بۆچی بەدیهێنا؟ من چیم کردبوو کە ئاوەها خراومەتە ناو درۆ و ستەم و ناسازگاری؟ جگە لە تۆ پشتیوانێکم نییە و چم پێناکرێ، دەسا لایەکم لێبکەرەوە و لەم ناخۆشییە ڕزگارم بکە».

دەبینین کە ناوەڕۆکی شیعرەکە لە گۆرانییەکەدا لەگەڵ گاتاکان یەکێکە و هەردووکیان هەر یەک پەیام و مەبەست دەدەنە دەستەوە. گۆرانییەکە، جگە لە باری مێژوویی ئاوڕ لە دۆخی کۆمەڵایەتیش دەداتەوە و گازندەش دەکات لە بێ وەفایی و نەبوونی عەهد و پەیمان و... پێویستە بڵێم هەر تەنیا گۆرانی گەردوون چی بکەم نییە کە لە گاتاکان ماوەتەوە، بەڵکو گۆرانی دیکەشمان هەنە کە تا ئەندازەیەکی سەرنجڕاکێش ئەو مۆرکەیان پێوە ماوەتەوە و پارێزراون کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بکەینە سەر گۆرانی (یەزن یەزن) و (ئامان ئامانەن) و چەند گۆرانی تری عیرفانی (شێخانە). دەبێ ئەوەش بزانین کە گۆرانی بە گشتی گەلێ لە سەردەمی ئاڤێستا و زەردەشت کۆنترە و ئەوە سیاچەمانە (سیاجامانە)یە کە بە تەواوەتی تایبەتی سەردەمی زەردەشت و چڕینی گاتاکانە بەتایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکاندا. ئەم تاکە شیعرە تارادەیەک قۆناغە مێژووییەکانی مۆسیقای هەورامانمان بۆ دیاری دەکات کە دەڵێ:

**گۆرانی، هۆرە، سیاچەمانە**
**قەدیم یادگار قەوم کوردانە**

واتە، یەکەمجار گۆرانی هەبووە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زەردەشت و پێش ئایینی (میترا)ش و بۆ ئەو کاتەی کە هۆزی (گۆران) سەری هەڵداوە، پاشان (هۆرە)یە کە تایبەتە بە چڕینی گاتاکان و سێیەمیش سیاچەمانەیە کە قۆناغێک دەکەوێتە دوای هۆرە و ئەویش هەر بۆ چڕینی گاتاکان و سروودەکانی ئەشوو زەردەشتە. داکۆکی دەکەمەوە سەر ئەوەی کە گاتاکان وەک شیعر، یاخود دەقێکی هارمۆنی هەر تەنیا بەو لەحن و هەوا تایبەتییانەی هەورامان گوتراونەتەوە و بەس. ئەم دێڕە شیعرە فارسییەش زیندووترین شایەد و بەڵگەی سەلماندنی ڕاستی ئەم بۆچوونەیە:

**لحن اورامان و بیت پهلوی**
**زخمه عود و سماع خسروی**

هەموو ئەمانەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنن کە دەڤەری هەورامان دەڤەرێکی دێرین و خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هونەری شیعر و ئاواز و مۆسیقایە و لەم بوارەدا دەبێتە پێشەنگی هەموو گەلانی جیهان.

**دووەم: یاری منداڵان**

هەورامان لە بواری یاری منداڵاندا وەکو خەرمانێکی بەرین و بە فەڕ و بەرەکەتە، لە چوارچێوەی یارییەکاندا هەوڵی ئەوە دراوە بیر و مێشکی منداڵی کورد زۆرتر بکرێتەوە، ئاسۆی دید و تێگەیشتنی لە ژیان فراوانتر بکرێت و ئاستی بڕست و توانای پەرە پێ بدرێت. یاری دەبێتە ڕاهێنانێکی عەمەلی بۆ فێرکردن و پێگەیاندنی هەست و هزری منداڵی ئەمڕۆ تاکو سەرکەوتووانە بچێتە مەیدانی کار و هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵگەکەی لە ئایندەدا. یەک لەو یارییانەی منداڵانی هەورامان، یارییەکە پێی دەڵێن «قولانی». بۆ دەستپێکردنی ئەم یارییە سەرەتا کۆمەڵێک منداڵ لە شوێنێکی پان و بەریندا کۆ دەبنەوە، لە ناو خۆیاندا و بەشێوەی دەنگدانی گشتی دوو کەس بە پێی شایستەیی و لێهاتوویی و ڕاستگۆیی هەڵدەبژێرن بۆ پۆستی سەرۆکایەتی، دوو سەرکردەی هەڵبژێردراو لە کۆمەڵەکە جیا دەبنەوەو هەر کام لە گۆشەیەکدا ڕووبەڕووی یەکدی ڕادەوەستن و هەرکام بە پێی پێوەری خۆیان بۆ وەرگرتنی ئەندام و بە پێی ڕادەی ناسین و متمانەیان بە لێهاتوویی منداڵەکان، لە ناو کۆمەڵەکەدا هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەم هەڵبژاردنە بە ڕاگەیاندنی ناوی منداڵەکان دەکرێ، واتە هەر سەرۆکێک بە نۆبەی خۆی ناوی یەک لە منداڵەکان ڕادەگەیەنێت و بەو شێوەیە دەریدەخات کە ئەو منداڵەی بۆ ناو ڕیزی دەستەکەی خۆی هەڵبژاردووە، ئەو منداڵەش کە ناوی لە لایەن هەر سەرۆکێکەوە خوێنرایەوە، ئەوا دەچێتە پاڵی و دەبێتە ئەندامی ئەو دەستەیە، ئەم ئەندام وەرگرتنە درێژەی هەیە تا هەموو منداڵەکان بۆ هەردوو دەستەکە و بە یەکسانی هەڵبژێردرێن و هەر دەستە دەبێتە (٦، ٨)، یا زۆرتریش بە پێی کەم و زۆربوونی منداڵەکان. پاشان دوو سەرکردە (تەڕ و وشک) دەکەن بۆ دیاریکردنی ڕێبازی دەستەکەیان و لە ئاکامدا دەستەیەک دەبێتە وڵاتپارێز و دەستەیەکیش دەبێتە بێگانە و هێرشبەر و لێک دوور دەکەونەوە و هەر دەستەیەک دەچێتە شوێنی دیاریکراوی خۆی. دەستەی وڵاتپارێز بە پێشنیاری سەرۆک و بە دەنگی هەموو ئەندامەکانی یەک کەس هەڵدەبژێرن و پێی دەڵێن (وەیوە) واتە بووک، (زۆر جاریش هەر خودی سەرکردە دەکرێتە بووک)، پاشان بووک دەچێتە گۆشەیەکی پشتەوەی ئەوانی ترەوە و ئەوانیش بەردەم و هەر چوار دەوری دەگرن بە مەبەستی پارێزگاری لێکردنی لە هەڕەشەی دوژمن. هەردوو سەرکردە دەستووراتی پێویست دەدەنە ئەندامانی دەستەکەیان، ئەنجا هەر هەموویان قاچی چەپیان دەبەنە پشتەوە و بە دەستی ڕاست دەیگرن بۆ ئەوەی بەرنەبێت و هەموویان بەسەر یەک قاچەوە ڕادەوەستن، دەستەی دوژمن ئامادەی هێرش بردن و دەستەی وڵاتپارێزیش ئامادە و گیان لەسەر دەست بۆ بەرەنگاربوونەوە و پارێزگاری لە وڵاتی خۆی. بە هەڵمەتی دوژمن شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا دەست پێدەکات، هەموو هەوڵی دوژمن ئەوەیە بگاتە گۆشەی بووک (پایتەختی وڵات) و بووک بڕفێنێ، هەموو هەوڵی وڵاتپارێزانیش ئەوەیە کە هێرشبەران تێک بشکێنن و بووک بپارێزن. لەم شەڕەدا هەر کەس دەستی لە لاقی بەردا ئەوە بەزیوە و دەبێ گۆڕەپانی شەڕ بە جێ بهێڵێت، بە تەعبیرێکی دیکە دەبێ هەر جەنگاوەرێک لاقی خۆی توند و سفت و سۆڵ بگرێت و هەر بە یەک قاچ شەڕ بکات، ئەویش تا دوا دڵۆپی خوێن، واتە تا سەرکەوتن، یا شکست هێنان و کوژران. شەڕ درێژەی دەبێت تاوەکو دەستەیەک بە تەواوەتی سەربکەوێت، واتە یا دەستەی بووک هەموو هێزی دوژمن بکوژن و بووک ڕزگار بکەن، یاخود هێزی دوژمن هەموو جەنگاوەرە وڵاتپارێزەکان شەهید بکەن و بگەنە لای بووک، ئەوکاتە بووکیش بە

خۆی تەنیا و بە هەموو توانایەوە بەرەنگاریان دەبێتەوە و هەوڵ دەدات بەهەر جۆرێک هەیە، بە شەڕ و هەڵمەت و هەڵاتن خۆی ڕزگار بکات. لێرەدا بە لەبەرچاوگرتنی زۆربوونی هێزی دوژمن مافی ئەوە بە بووک دراوە کە ئەگەر تەنگیان پێ هەڵچنی بتوانێ دەستی لە قاچی بەر بدات و بە هەردوو دەست شەڕ بکات، بەڵام قاچەکەی هەر دەبێ بەرز بێت و هەر بە هەمان یەک قاچ شەڕ بکات. ئەمەش قۆناغێکی دیکەی شەڕەکەیە (قۆناغێکی هەرە ستراتیژی) کە پێی دەڵێن (هەتلە شەلی) و لە (قولانی) زۆر ئاسانترە. ئەم شەڕە فەلسەفەیەکی هەرە قووڵی تێدایە و قوتابخانەیەکە بۆ ڕاهێنانی منداڵی کورد، منداڵی کورد لەم شەڕەدا فێر دەکرێت کە: یەکەم، هیچ کات نابێ بیر لە شەڕ و ئاژاوە و داگیرکاری بکاتەوە، بەڵکو دەبێ هەمیشە لە بیری خزمەتی وڵات و هاووڵاتیانیدا بێت، بەڵام ئەگەر هاتو ڕووبەڕووی هەڕەشەی دوژمن بووەوە و بە دیالۆگ بۆی چارەسەر نەکرا، ئەوا دەبێ بۆ پاراستنی وڵات و کەرامەت و کەسێتی و سەربەستی و مافەکانی خۆی تا دوایین دڵۆپی خوێنی بەربەرەکانێ بکات و لە ئاستی هێرش و هەڵمەتی دوژمندا بوەستێت و لە خۆی پارێزگاری بکات. دووەم، خۆی هەنگاو باوێ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و بە پرۆسەیەکی دیموکراسییانە ڕێبەر و سەرکردەی خۆی هەڵبژێرێت، ئەویش بە لەبەرچاو گرتنی لێهاتوویی و شارەزایی و شایستەیی ئەو کەسە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات. سێیەم، ڕادێن بۆ خۆ ڕێکخستن و یەکدەنگی و یەکبوون و بەڕێوەبردنی هەرەوەزی کاروباری وڵاتەکەیان و بەدەم یەکەوە بوون و مرۆڤپەروەری لە کاتی تەنگانەدا. ئەمیش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە باپیرانی ئێمە لە هەورامانـدا شارەزای ژیانێکی شارستانی و دیموکراتیک بوونە و گرنگییان بە شایستە سالاری و ڕای گشتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی وڵات داوە و هەرگیز داگیرکاریش نەبوونە و دەستدرێژییان نەکردۆتە سەر هیچ کەس و لایەنێک و خوازیاری ئاشتی و برایی و تەبایی و ئاوەدانی و مرۆڤپەروەری بوونە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەرانبەر هەر چەشنە هەڕەشە و داگیرکارییەکدا ئازا و نەترس و فیداکار بوون و پشتیان بە هێزی خۆیان بەستووە و بۆ هیچ زۆردار و ملهوڕێک سەریان دانەنەواندووە.

**سێیەم: پەندی پیر**

لە پەندی پێشینانی هەورامانـدا هەوڵ دراوە لە ڕستەیەکی کورتدا واتا و فەلسەفەی ژیان بەرجەستە بکرێتەوە و بە وشەیەک واتایەکی قووڵ و فراوان دەرببڕدرێت بە مەبەستی وشیارکردنەوەی مرۆڤ و پێشگری لە هەر چەشنە هەڵە و سەر لێ شێواوییەک. پەندەکان وەکو چرایەکن کە لە شەوەزەنگێکی تاریکدا ڕێگای ژیانی مرۆڤ ڕووناک دەکاتەوە و ڕێبەرێکن کە لە بیابانی سەرگەردانیدا شارێگای ژیانی بەختەوەر و سەربەرزانەمان پیشان دەدەن. ئەگەر لە پەندی پێشینان ورد بینەوە دەبینین لە هەر پەندێکی سادە و ساکاردا فەلسەفەیەکی قووڵ و هەمیشە زیندووی ئینسانی و ئەخلاقی شاردراوەتەوە کە بە ئاشکرا مرۆڤ بەرەو جیهانێکی بەرینتری هزر و تێڕوانین و تێفکرینی ئینسانی ڕێنموونی دەکەن. ئێستاش بە نموونە ئاوڕێکی کورت لە چەند پەندی پیرانی هەورامان دەدەینەوە:

(١) کارێ بدەی بە بێکارا ساڵ و مانگش پەنە و یارا». واتە ئەگەر کارێک بدەیتە دەستی بێکارانەوە، ساڵ و مانگی پێوە دەدەنە سەر. ئەم پەندە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام ئارام و وردبینانە پێمان دەڵێت دەبێ هەموو کاروبارێک بسپێرینە دەستی خاوەنی خۆی، خاوەنی ئەسڵیش لە ڕاستیدا ئەو کەسەیە کە شارەزا و پسپۆڕی بوارەکەیە و بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئیشوکارەکە، ئازا و گورج و گۆڵ و لێوەشاوەیە و هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. بە پێی ئەم پەندە دەبێ بەرنامە و پلانێکی تایبەتمان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانمان هەبێت و تووشی مەجازی گەری و هەڵەشەیی نەبین تا بەو جۆرە کاروبارمان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ببرێن و دوور بین لە زیان و تەگەرە و پەشیمانی، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێسایە لە بەرچاو نەگرین و کارەکان بە کەسێکی ناشارەزا و ناشایست بسپێرین ئەوە خۆی پێوە سەرگەرم دەکات و بیر لە ئەنجامی باشی کارەکە ناکاتەوە و ئاکامیش خیانەت و زەرەر و زیان و پەشیمانییە و هیچیتر. کە وابوو بە پێی پەندەکە ئەمرۆ دەبێ زۆرتر ئاوڕ لە شایستەسالاری بدەینەوە و تەنیا شارەزایی و لێهاتوویی و ڕاستگۆیی لە بەرچاو بگرین بۆ ئەوانەی کە کارێکیان پێ دەسپێرین.

(٢) «ئاوەز تاجێوە تلاینەنە بەڵام نەک سەرەو گرد کەسیۆ». واتە ئەقڵ تاجێکی زێڕینە، بەڵام نەک بە سەری هەموو کەسێکەوە. بەهۆی ئەم پەندەوە تێدەگەین کە ڕاستە هەموو شتێک بە ئەقڵ دەکرێ، بەڵام ئەقڵیش بە تەنیا هیچ بایەخێکی نییە، دەبێ تێفکرین کە ئایا ئەو کەسەی ئەقڵی لە سەردایە بە پێی ئەقڵەکەی دەجووڵێتەوە؟ ئایا ئەقڵ و ئاوەز و هزر و ئەندێشە و

زانین دەخاتە کار بۆ بەرەوپێش بردنی ئیشوکارەکانی؟ ئایا خواستی لەگەڵ ئەقڵیدا یەک دەگرێتەوە؟ دیارە ئەگەر بە پێی ئەقڵ و ئەندێشــە نەجــوولاّیەوە و خــواست و ئیرادەی بە پێچەوانەی ئەقڵەکە بوو، ئەوە هیچ نرخ و بایەخێکی نابێت و سەرناکەوێت، بەڵکو ئەقڵەکەش خەسار دەکات و دەبێتــە مایەی زیان و حەسرەت و پەشیمانی، بۆیە نابێ تەنیا چاو لە ئەقڵی مرۆڤ بکەین و پشتی پێ ببەستین، بەڵکو دەبێ خواست و ئیرادە و کرداریشی هەڵسەنگێنین، ئەنجا متمانەی پێ بکەین و سەرەداوی ژیان و چارەنووسی خۆمانی بدەینە دەستەوە. ئەقڵ زەمانێک دەبێتە تاجی زێڕین بە سەری مرۆڤەوە کە زانست و شارەزایی لەگەڵدا بێت و ڕەفتاری پێ بکرێت و بەڕێوەببرێت، دەنا ئەقڵ بە سەری هەموو کەسەوە تاجی زێڕین نییە، بەڵکو بە خەساریش دەچێت.

(٣) «بەرە زەڕینەکــــە ئەوەجــــێش نەگنو بەرە چوینەکەی». واتە دەرکە زێڕینەکە موحتاجی دەرکە دارینەکە دەبێت. دیارە دەرکەی زێڕین و هی دارین لەم پەندەدا سیمبولێکن بۆ پیشاندانی کۆمەڵگەی چینایەتی و بەتایبەتیش بۆ پیشــاندانی دوو توێژی دەوڵەمەند و هەژار، دیاریشە دەوڵەمەند هەمیشە نازێکی نارەوای هەبووە بە سەر چینی هەژاردا، لەگەڵ ئەمەشدا پەندەکە پێمان دەڵێ ئەو ماڵدارە موحتاج و چاو لەدەستی هەژارەکــە دەبێت، چونکە چاو لە دەســتی هەمــان و تێکشکانی فەزڵ و ناز و سەربەستی هەمان! گەرچی ئەم پەندە خۆی سیمبول ئاسا نواندووە، بەڵام دەبینین کە پەیام و مەبەستەکەی گشتگیرە و بە گشتی پێمان دەڵێت: با بە سەر پێی خۆمانەوە بوەستین، با چاو لە دەســتی ئەم و ئەو نەبین و خــۆمــان کــاری خــۆمــان بەڕێوەبەرین و ژیانی خۆمان دابین بکەین، با پشت بە هێزی کەس نەبەستین و دڵمان هەر بەهێزی خۆمان خۆش بکەین، چونکە گەر چاو لە دەستی خەڵکانی تر بووین ئەوا هێز و بڕستمان تێدا نامێنێت و دەبێ بکەوینە ژێردەستی ئەوانەوە و زەلیل و دەستەمۆیان بین و لە بەرامبەر و لە ژێر منەتبارییاندا چۆک دابدەین، بەڵام ئەگەر خۆمان ئەرکی سەرشانی خۆمان بەڕێوەبەرین و بڕوامان بە خۆمان هەبێت و بە سەر پێی خۆمانەوە بوەستین و بە خۆمان و بۆ خۆمان بژین ئەوا کەرامەت و سەربەرزی و سەربەستیمان هەمیشە پارێزراوە و ملکەچ و منەتباری کەس نابین و کەس ناتوانێ فەخرمان پێ بفرۆشێت و بە ژێردەستە و نانخۆری خۆیمان بزانێت و کەسێتیمان پێشێل بکات. دیاریشە سەرەکیترین و گرنگترین چەک و کەرەستەی ژێردەستە کردن و چەوساندنەوەی گەلان، هەمان چەک و کەرەستەی ئابوورییە کە لە هەموو شت بە بڕشتتر و کاریگەرترە، ئەو نەتەوەیە سەربەست و سەرفرازە کە خۆی چەرخی ئابووریی خۆی هەڵسووڕێنێت و هەوڵ بدات خەڵکی تر دەستی نیازی بۆ ڕابکێشن نەک ئەو دەستی نیاز بۆ لای خەڵکی تر درێژ بکات کە لە ئاکامدا پێی سووک و ڕیسوا دەبێت. باپیرانی ئێمە لە هەورامانداا ئەم ڕاستییەیان باش زانیوە و هەوڵیان بۆ داوە و زۆر جاریش پێی گەیشتوون، بەڵگە و فاکتەریش بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە زۆرن کە باسکردن و پیشاندانیان لە مەجالی ئەم باسەدا نییە و هەر ئەوەندە دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە هاوولاتیانی دەڤەری هەورامان ناویان بە داهێنەر و زەحمەتکێش و کۆڵنەدەر دەرکردووە و هەورامان بە ناوچەیەکی سەربەست ناودەبرێت کە هەموو شتێکی لە خۆیەتی و لە ناو خۆیدا دەتوانێت هەموو پێداویستی ژیانی خۆی دابین بکات بە بێ ئەوەی کە نیازی بە یارمەتی و دەسگرۆیی هیچ کەس و لایەک بێت.

گەر بمانەوێ ئەنجام گیرییەکمان لەسەر ئەو سێ نموونەیە هەبێت کە باسمان کردن دەبێ بڵێم: یەکەم، کورد لە بواری هونەری شیعر و ئاواز و مۆسیقادا نەتەوەیەکی دەوڵەمەندە و خاوەنی مێژینەیەکی هەرە دێرینی درەوشاوەیە و توانیویەتی سەرکەشترین و جوانترین باری مۆسیقایی بۆ خۆی بخولقێنێ، لە مۆسیقای کۆنی ئێمەدا نەک تەنیا سەرگەرمی و حەزێکی کاتی، بەڵکو ژیانی پێشکەوتووی شارستانی و بیرو هزری ورد و تیژی نەتەوەکەمان ڕەنگی داوەتەوە و دەردەکەوێ کە ئێمە لە دێرزەمانەوە سوودی فیکری و فەلسەفی و ئەخلاقی و گەشەی کۆمەڵایەتیمان لە مۆسیقا وەرگرتووە و ئەگەر هونەری مۆسیقا بە هۆیەک بۆ زیندووبوونی نەتەوەیەک دەژمێردرێت، ئەوا ئێمەی کورد هەر لە سەرەتاکانی مێژووەوە زیندووترین نەتەوەی سەر ڕووی زەوی بووینە. دووەم، ئێمەی کورد هۆزێکی نەزان و دڕندە و سەرەتایی نەبووین و پێش هەمووان شارێگای شارستانییەت و مەدەنییەتمان دۆزیوەتەوە و هەر لە سەرەتای مێژووی پڕشنگداریشمانەوە خۆمان ڕاهێناوە بە بیری ولاتپارێزی و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان و فیداکاری و ژیانی سەربەست و بەختیار، هەوڵمان داوە بۆ دابین کردنی ئاشتی و ئاسایش و ئاوەدانی ولاتەکەمان. سێیەم، نەتەوەیەکی خاوەن فیکر و فەلسەفەین و ڕێچکەی ژیانمان نەک هەر بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ خەڵکی تریش

دیاری کـردووه و ڕچه شکێنی بیـرکـردنەوه و تێـڕامـان و لێکدانەوه بووینه و پێشـەنگی گەلانی دیکەی جیـهـانین له دیاریکردنی پەیڕەو و پرۆگـــرام و بەرنامـــەی ژیانی هەرەوەزی و خستنەگەڕی ئامانجه پیرۆزه مرۆڤانەکان بۆ سەربەرزی و سەربەستی هەموو مرۆڤ.

دەی کەوابوو با جارێکی دیکه و به پێی ئەقڵییەت و ڕێساکانی ئەمڕۆ به خۆماندا بچینەوه و ڕابردووی خۆمان به دیدێکی وردبینانەوه بدۆزینەوه و بناغـەی کـۆشکی سەرفـرازی و بەختـیاری ئایندەمـانی لەسەر دامـەزرێنین. دەبا ئەمـرۆ ڕەخنه له خـۆمــان بگرین و لەمـەودوا لەبەر نیئۆنی شەوارەی شەوانی بێگانەدا خۆمان و ڕابردووی پڕ له شـانازی خـۆمـان فـەرامـۆش نەکـەین. من به پەندێکی شیرین و پڕ واتای پیرانی هەورامان کۆتایی به باسەکەم دێنم: باپیرانمان بۆ بەخۆدا هاتنەوه و ڕەخنه له خۆ گرتن و ڕاچەنین و خـۆ دۆزینەوەی ئەوانەی کـه خۆیان بزر کردووه دەڵێـن: «دۆست ئـانـەن گــــــراونـۆت / دوژمـنت ئـانـەن خۆنۆت».

سوپاس بۆ ئاهوورا و هەر بژی ئەشه و ئارمەیتی.

**پەراوێز:**

بۆ ئامـادەکردنی ئەم باسـەم به گشـتی لەم بەرهەمـانەی خوارەوه کەڵکم وەرگرتووه:

(١) اوســتــا کـــهنـتــرین مــتـنـهـــای ایران/ جلیل دوستخواه/ ج ١و٢ چاپ چهارم١٣٧٧ تهران.

(٢) گــاتـهــا ســرودهای زرتشت/مــوبد فــیـــروز ادرگشسب/ ج١و٢/ تهران انتشارات فروهر.

(٣) هەورامــــان و هونەر/ بەرگی دووەم، گـــۆرانـی/ جەلیل عەباسی/ دەستنووس.

(٤) هەڵووره (یاری منداڵانی هەورامـــان)/ جـەلیل عەباسی/ دەستنووس.

(٥) پەندی پیـر ( کـۆکردنەوه و شەرح و لێکدانەوەی پەندی پێـشـینـانی هەورامــان)، جــەلیل عــەباسی/ دەستنووس.



# لەبارەی میللەر و شانۆکانییەوە

د. فازیل جاف
(سوید)

(٢ - ٢)

**مەرگی دێوەرەیەک و خەونی مرۆڤی ئەمریکی**

ئەمریکاییەکانی سالآنی چلەکان نەیاندەتوانی ڕاگوزارانە بڕواننە کارەکتەری ویلی لومان کە پڕاوپڕ گوزارشتی لە نەهامەتی ئەوان و دارِمان و پووچەڵی خەونی ئەمریکی دەکرد. خەونی ئەمریکی چی دەگەیەنێ؟ بەکورتی خەونی ئەمریکی، یانی خەونی دەوڵەمەندبوون و سامان پێکەوەنان، خەونی ئیمکان، خەونی بەرفراوانی جیهانی مەتریاڵی ئەمریکا، خەونی ئەوەی کە ئەمریکییەک دەتوانێ لە ئەوپەڕی هەژارییەوە، لە هیچەوە ببێ بە ملیۆنێر. بینەرانی ئێوارەی یەکەمی نمایشی شانۆنامەکە لە نیویۆرک، وەکو میللەر باسی دەکا گەلێ حەپەسابوون، ئافرەتێکی بە ساڵداچوو پێی دەڵێ(١٨) ئەم شانۆنامەیە بۆمبێکی قورمیش کراوە و لە ژێر کۆمەڵگای سەرمایەداردا دانراوە، هەر هەمان ئێوارە میللەر باسی کاردانەوەی نمایشەکە دەکا لەسەر بێرنارد گیمبیل بەڕێوەبەری گشتی ڕیزە سوپەرمارکێتەکانی ئەمریکا و یەکێ لە سەرمایەدارە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، میللەر دەڵێ: گوێم لێبوو کە بە دەنگێکی نووساو دەیچرپاند بە گوێی پیاوێک کە پێدەچوو سکرتێری، یان یاریدەدەری بێ، فەرمانی دایێ کە نابێ چیدی کەس لە بەر تەمەن گەورەیی لە کار دەربکرێ. (١٩)

لومان یەکێکە لەو کارەکتەرە درامیانەی کە بەڵگەی هونەرمەندی و وەستایەتی میللەر لە ڕەسمکردنی شەخسییەتی زیندوودا دەسەلمێنێ و ئەو ڕاستییەش دووپات دەکاتەوە کە دەڵێ: درامانووسی ڕاستەقینە بەو کەسە دەڵێن کە کەسایەتی نەمر لە زەین و هۆشی بینەر دروست دەکات، ئەو کەسایەتییانەی کە بوونی خۆیان هەیە و لە بیر ناکرێن، ویللی لومان بەڵگەی بلیمەتی میللەرە. خەڵکێکی زۆر پاش بینینی شانۆنامەکە پێیان وابووە کە ویللی لومان کەسێکی ڕاستەقینە بووە و میللەر لە نزیکەوە ناسیویەتی، میللەر خۆی لە دیمانەیەکدا باس لەم کەسایەتییە دەکا «ویللی لومان لە کەسێکەوە وەرگیراوە کە زۆر کەم دەیناسم، کەسێک کە



دێوەرە بوو، چەند ساڵێک پاشتر بۆم دەرکەوت کە من ئەم کابرایەم تێکڕا لە سەرجەمی بیست ساڵدا چوار سەعات بینیوە». (٢٠)

میللەر پاش ئیبسن بە یەکێک لە شۆڕەسوارانی شانۆی خێزان، یان شانۆی ژووری دانیشتن دادەنرێ. شانۆی نوێ لەسەر بنەمای درامای خێزان دروست بوو و زەمینەی بۆ خولقاندن و بەرجەستەکردنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای نوێ دروست کرد. ڕێبەرانی شانۆی نوێ هەر لە ئیبسن و ستریندبێرگ و چیخۆف و شۆ و ئۆنێلەوە و... تاد، دەیان کارەکتەری خاوەن سیمای لە بیرنەکراوی وەکو نورا و هێدا گابلەر و ستۆکمان و مس جۆلیا و ڤانیا و ترێپیلێڤیان خولقاندووە. ویللی لومانیش یەکێکە لەو کارەکتەرانە و بگرە لەوانیش زیندووترە، لە ئێستاماندا کێشەی لومان لە ناو کۆمەڵگادا و لە بواری کاردا تا دێ پتر تەشەنە دەکا و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر جێگەی خۆی لە خەیاڵ و دەروونی مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە. لەم جیهانەی ئێستاماندا، کە بێکاری تێدا تا دێ پەرە دەستێنێ کەسایەتی لومانیش پتر دەناسرێ. نەخش و وێنەی لومان لە تێگەیشتنێکی فیکری بەرفراوانەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرز نرخاندنی تاک و بوونی لە کۆمەڵگادا، دوور لە هەموو جۆرە پەیام و ئامۆژگاری و وەعزی ئەخلاقی ئایدیۆلۆژی. هەر بەم بڕوایەوە کە لەسەر فەلسەفەی بایەخی تاک پایەی لە سەنتەری کۆمەڵگا و جیهاندا بنیات نراوە، میللەر ویللی لومان لە سیاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکا و هەموو جیهانی سەرمایەداریدا پیشان دا.

میللەر نەک تەنیا لە ڕووی ناوەرۆکەوە بگرە لە باری تەکنیکیشەوە گۆڕانکارییەکی گەورەی خستە ناو جەستەی درامای خێزانەوە. ئەمەش لە گۆڕینی سترۆکتۆر و هەیکەلی فەزای واقیعدا دەردەکەوێ. میللەر واقیع تێکەڵ بە ئێکسپرێسیۆنیزم دەکات و جیهانێکمان بۆ دروست دەکات گۆشدراو بە هێماو و خەون. تێکدان و بەزاندنی سنوورەکانی واقیع و خەون لە زۆربەی شانۆنامەکانی میللەردا و بە تایبەتی لە مەرگی دێوەرەیەکدا و لە پاش ڕووخاندا تایبەتمەندییەکی میللەرە و داهێنانێکی دیکەیە لە بواری شانۆی ڕیالیزم و شانۆی خێزان و ناو ماڵ کە لە بنەڕەتدا داهێنانی ئیبسنە. هەنگاوی میللەر لە بواری شانۆی کۆمەڵایەتی کاریگەریی هەیە لەسەر نووسەرانی دوای خۆی.

ڕا و بۆچوونەکانی میللەر لەمەڕ شانۆی کۆمەڵایەتی و شانۆی خێزان و ڕیالیزم سەرچاوەیەکی گەلێ گرنگە نەک تەنیا بۆ تێگەیشتن لە شانۆییەکانی میللەر، بگرە بۆ تێگەیشتن لە تەوژمی پاش میللەر ویلیامزیش، بۆ سەرجەمی درامای هاوچەرخ کە واقیعییەتی شاعیرانە نێوزەد کراوە، کە ئەوەیش بۆ خۆی لەسەر بنەمای خێزان هەڵچنراوە، بە سایکۆلۆژیا گۆش دراوە و لە فەزای شیعردا خۆی دەنوێنێ.

بێ تێگەیشتن لە چەمکی شانۆی کۆمەڵایەتی لای میللەر ئەستەمە پەی بەرینە تێکرای داهێنانی ئەم درامانووسە، چونکە میللەر لەم ڕووەوە خاوەن دیدێکی تایبەتە، کە زۆر لێدوان هەڵدەگرێ. جارێ بەر لە هەموو شتێ میللەر پێی وایە کە شانۆنامەی کۆمەڵایەتی هەر لە شانۆی گریکەوە سەرچاوە دەگرێ و دیاردەیەکی نوێ نییە و مێژووی شانۆنامە هەر لە دێر زەمانەوە مێژووی شانۆنامەی کۆمەڵایەتییە و شاکارەکانی ئەمڕۆی شانۆی ئەمریکی وەکو «مەیموونی تووکنی ئۆنێل و تراموایەک ناوی ئارەزووە»ی ویلیامز لە کرۆکدا شانۆنامەی کۆمەڵایەتین و بە ئێکسپرێسیونیزم (تەعبیرییەت) گۆشدراون، ئێکسپرێسیونیزمیش بۆ خۆی هونەرێکی تازە نییە لە شانۆدا، بگرە ئەسخیلیۆس یەکەم کەس بوو کە بەکاری هێناوە. میللەر پێی وایە «شانۆنامەی کۆمەڵایەتی تەوژمی سەرەکییە و ئەو شانۆنامانەی کە کۆمەڵایەتی نین ڕاگوزارن.» (٢١)

هەر لە ساڵی ١٩٤٩دا مەرگی دێوەرەیەک لە ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا کاتێ کە ڕێژیسێری گەورەی ئەو کاتەی ئەمریکا ئیلیا کازان بە شێوەیەکی سەرکەوتووی ئەوتۆ خستییە سەر شانۆ کە لە هەموو جیهاندا دەنگی دایەوە، ئیدی هەر ئەو سەرکەوتنە بوو کە ڕێگای بۆ بڵاوبوونەوەی شانۆنامەکە لە هەموو جیهاندا خۆش کرد.

هەر لە هەمان ساڵدا لە دراماتن و لە سەر شانۆی شار لە گۆتینبێرگ هاوکات و لە هەمان ئێوارە پێشکەش کرا. ئەم هاوئاهەنگییە لە پێشکەشکردنی شانۆنامەکە لە ستۆکهۆڵم و گۆتینبێرگ لەبەر چارەسەرکردنی کێشەی کۆپی ڕایت و مافی کڕینی شانۆنامەکە بوو.

ئالف شوبیرگ ڕێژیسێری شانۆگەرییەکە بوو، کە لە بواری دەرهێناندا بە باوکی شانۆی سوێدی دادەنرێ. ئینگمار بیرگمان کە ئێستا بە بەتواناترین ڕێژیسێری شانۆی سوێدی دادەنرێ شوبیرگ ئەوەندە بە گەورە دەزانێ دەڵێ تاکو شوبێرگ لە ژیاندا بوو نەمدەویست شانۆنامەکانی شەکسپیر دەربهێنم، چونکە دەمزانی لەو چاکتریان دەرناهێنم. کارامەیی و لێزانی شوبیرگ وەکو ڕێژیسۆرێکی بەتوانا ڕێگای پتر بۆ شانۆنامەکەی میللەر لە شانۆکانی سوێددا خۆش کرد، لەو ساتەوە شانۆنامەکانی میللەر لە سەرووی هەموویانەوە مەرگی دێوەرەیەک زوو زوو لە ڕێپێرتواردا دەبینرێن.

هەر چۆنێ بێ مەرگی دێوەرەیەک بۆ من نۆبەرەی نمایشەکانی میللەر بوو لە ئەوروپا. وابزانم ئەمە بۆ من یەکەم جار بوو بەرهەمی نووسەرێک ببینم کە بەرهەمی خۆی دەرهێنا بێ. ئارەزووی بینینی کارێک کە نووسەر خۆی دەریهێنابێ تا ئەو دەمەی نەگەیشتمە ستۆکهۆڵم گەلێ جار ختووکەی دەدام. بێگومان پێشتر هەندێ بەرهەمی شانۆییم بینیبوو کە ڕێژیسێر خۆی نووسیبووی، بەڵام کەسم لەو ڕێژیسێرانە بە درامانووسی ڕاستەقینە نەدەزانی.

لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن کە پاشان بڵاوکرایەوە گەلێ پرسیار ئاراستەی میللەر کران، لە وەڵامی پرسیارێ کە بۆچی پێی خۆش بوو شانۆنامەکەی لە ستۆکهۆڵم دەربهێنێ، گوتی:

پاش ئەوەی شانۆنامەی مس جولیای ئۆگست ستریندبێرگم بینی، کە شانۆی نەتەوەیی (دراماتن) لە نیویۆرک پێشکەشی کرد، تەواو پێی سەرسام بووم (نمایشەکە لە دەرهێنانی ئینگمار بێرگمان بوو کە هەر لەو ساڵەدا لە نیویۆرک پێشکەش کرا و بە یەکێ لە کارە سەرکەوتووەکانی بێرگمان دادەنرێ/ ف. ج)، ئارەزووی ئەوەم کرد کە مەرگی دێوەرەیەک لەگەڵ ئەکتەرانی شانۆی نەتەوەیی سوێد پێشکەش بکەم. بەم بۆنەوە حەز دەکەم بڵێم کە ئێمە لە ئەمریکا تا ئێستا شانۆی نەتەوەییمان نییە.

پرۆڤەکردن لەسەر شانۆنامەکە نزیکەی دوو مانگی خایاند. لەم ماوەیەدا میللەر دەڵێ: بە هیچ جۆرێ نەمپرژاوەتە سەر گەڕان و گەشت بەناو ستۆکهۆڵمدا. لەبەر کارکردن هیچ شوێنێکی ستۆکهۆڵمم نەدیوە. لە تەمەنی حەفتاو شەش ساڵیدا وەکو کارمەندانی شانۆی دراماتن دەڵێن میللەر گورج و گۆڵ و بە گوڕ بووە.

– تەندروستیم باشە، نازانم بڵێم بەختەوەرم یان نا، بەڵام ڕازیم لەوەی کە هێشتا بەیانیان لە خەو هەڵدەستم. هەرچۆنێ بێ تەمەنت حەفتا و شەش ساڵ بێ چاکترە لەوەی هەر نەبیت(٢٢). لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە نووسین و مەبەست لە نووسین، میللەر زۆر بە کورتی دەڵێ:

– من دەنووسم بۆ ئەوەی بزانم کە هەم، بۆ ئەوەی ئەو شتانە ڕوون بکەمەوە کە بەلامەوە شاراوەن و کە پێم وایە دەتوانم تیشکیان بخەمە سەر، بەلای کەمەوە بۆ خۆم.

میللەریش وەکو ئونێل پێی وایە ئەکتەرە سوێدییەکان باش لە دراماکانی دەگەن و کارکردن لە گەڵیاندا گەلێ ئاسانە. کە لێی دەپرسن بۆچی ئەمجارەیان وەکو ڕێژیسێر سوێدت هەڵبژارد، لە وەڵامدا دەڵێ: جۆرە بەرهەڵستییە(تحدی)یەک دەبینم لەوەی کە شانۆنامەیەک لە کولتوورێکی جیاواز دەربهێنم – ١٩٨٣ ئەم شانۆنامەیەم لە چین دەرهێنا. چینییەکان پێیان وا بوو کە ویللی لومان لەسەر هەق بوو. شانۆگەرییەکەش لەبارەی تاک و بەختەوەری مرۆڤە لە بەدەستهێنانی سامانەدا.

هەروەها چینییەکان پێیان وا بوو کە کورەکە لە ناو جەرگەی شۆڕشی ڕۆشنبیرییەوە هاتووە.

ئاشکرایە کە چینییەکان پاش شۆڕشی ڕۆشنبیری دەیانویست پەنجەرەیەک لە ڕووی شانۆی ڕۆژئاوا و ئەمریکادا بکەنەوە، بە نیازی ئەوەی کە شانۆی باوی چینی نەبێ بە تاکە شانۆ و بگرە شان بە شانی ڕێبازە شانۆییە دێرینەکانی شانۆی خۆماڵی، دەیانویست سوود لە شانۆی مۆدێرنی بێگانە وەرگرن. ئەمەش لە ڕێگای بانگهێشتکردنی تیپە شانۆییەکانی بێگانە و شانۆکارانی دنیا بۆ ئەوێ، هەروەها لە ڕێگای نمایشکردنی بەرهەمی درامانووسانی بێگانە. میللەر لە سەرووی ئەو درامانووسانە بوو کە بەرهەمەکانی لە چیندا پێشکەش کران. نەک هەر ئەوەندە بگرە بانگهێشت کرا بۆ ئەوەی هەر خۆی بەرهەمەکەی خۆی بخاتە سەر شانۆ. شانۆناسی ئاکادیمی سوێدی کریستینا نیوگرێن لە کتێبەکەیدا (میوەی باخی دار هەرمێ – شانۆی چینی)دا سەبارەت بە شێوەی کارکردنی میللەر لەگەڵ ئەکتەرە چینییەکان دەڵێ: چینییەکان کە کار لەسەر شانۆنامەیەکی ڕۆژئاوایی یان ئەمریکایی دەکەن هەوڵ دەدەن بەپێی توانا لاسایی ئەو شێوازە بکەنەوە و تا بۆیان دەکرێ دەقاودەق کۆپی دەکەن. ئەمەش بەلای ئەوانەوە نە عەیبە و نە شوورەییە. بە پێچەوانەی کولتووری ڕۆژئاوایی هونەرمەند تا توانای لاساییکردنەوە و کۆپیکردنی هەبێ چاکترە، چونکە هونەر و تەکنیک هەر لە دێر زەمانەوە لای ئەوان زیاتر نەوە دوای نەوە، لە باوکەوە بۆ منداڵان دەمێنێتەوە کە ئەوانیش لاسایی باوکیان دەکەنەوە. هەمان شێوازیان لەگەڵ شانۆی بێگانەدا بەکار دەهێنا. وەکو نویگرێن دەڵێ، هونەری نمایشکردنی درامای بێگانە لە سەرووی هەمووانەوە شانۆی ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە شانۆکان و لە پەیمانگاکانی شانۆ لە چیندا گەلێ پرسیاری گەرمی ورووژاندووە. زۆربەی هەرە زۆری شانۆکاران هەرگیز دەرەوەی چینیان




نەدیوە، هەموو هێزی خەیاڵ و فەنتازیای خۆیان بەکاردێنن، کە لە ڕێگای وێنە و فیلم و چاودێری تووریستەکان، ڕۆڵەکانیان دەخوڵقێنن. میللەر بە پێچەوانەی نەریتی باو و چەسپاو، داوای لە ئەکتەرەکانی کرد کە هەست و سۆزی خۆیان بخەنە گەڕ و بە هیچ جۆرێک لاسایی ڕۆژئاواییەکان نەکەنەوە، لەجیاتی ئەوە جۆری بیرکردنەوەی چینی و هەڵسوکەوتی چینی بەکاربێنن. میللەر دەڵێ: (ئەگەر چینییەکان لاسایی ئەمریکاییەکان بکەنەوە نمایشەکە ئەوپەڕی دەگاتە ئاستی بەرهەمێکی پلە دووی ئەمریکی)، هەروەها دەڵێ: (هەرگیز باسی ئەوەیان بۆ ناکەم ئەگەر ئەکتەری ئەمریکایی بایە چۆن نمایشی دەکرد. من تەنیا جەوەکەیان بۆ ڕوون دەکەمەوە).

بە ڕای من ئەمە وانەیەکی گرنگە لە کاری دەرهێناندا کە نەزانین و بێ ئاگایی لێی، یان فەرامۆشکردنی دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی هەر شانۆنامەیەکی بێگانە. ئێستا بادەدەمەوە سەر دەرهێنانەکەی جاسم ئەلعەبودی و نهێنی سەرنەکەوتنی، کە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕێژیسیۆر دەیویست ئەکتەرانی بئەمریکێنێ و بە زمانی عەرەبی ستاندار- کە کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم زمانی شانۆی ڕیالیزمدا- زیاتر وردەکاری جیهانی دەرەوەی شانۆنامەکە پیشان بدا. ڕاستی ئەوەی کە دەرهێنەر بتوانێ ئەکتەرێکی عەرەبی عیراقی وا لێبکات کارەکتەرێکی ئەمریکایی نمایش بکات بە هێندەی ئەوە زەحمەتە کە چینییەک ئەو کارە بکات، ئەمە ئەگەر قورستر نەبێ. میللەر بە پێچەوانەی گەلێ درامانووسی دیکە کە کاریان لەگەڵ شانۆکارانی چین کردبوو هەر زوو درکی بەم ڕاستییە کرد، بۆیە هەر لە سەرەتاوە تاکتیکی کارکردنی خۆی بەم شێوەیە دەستنیشان کرد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی میللەر لە هونەری نواندن و دەرهێنان، کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندی میللەر بە ستودیۆی ئەکتەر بە گشتی و بە ئیلیا کازان بە

تایبەتی و کاریگەریتی ئەم ستودیۆیە لە سەر زۆربەی درامانووسانی ئەمریکا.

نمایشی دیوەرە لە دەرهێنانی میللەر خۆی تا ئەمرۆش بە ئەزموونی جیا هەڵکەوتوو دادەنرێ لە شانۆی چینیدا و رای رەخنەگرێک پاش نمایشی یەکەم گەواهی ئەم بۆچوونەیە: هەر نەبێ ئەم شانۆگەرییە ئەوەندەی بەسە کە ئەزموونێکی لەبارە بۆ ریژیسیۆر و ئەکتەرە چینییەکان، بۆ ئەوانە کە مەبەستیانە شتێکی نوێ بخولقێنن و سەرلەنوێ واقیع بلیمەتانە و داهێنەرانە بەرجەستە بکەن.

نمایشی یەکەمی مەرگی دیوەرەیەک لە ڕێکەوتی ١٦ی ئەپریلی ١٩٩٢ بوو. بۆ کەسێ ئاشنای مێژووی شانۆی ئەمریکا بێت و بە وردی سەرنجی وێنەکانی نمایشی دیوەرەی لەسەر شانۆکانی هۆلیوود دا بێت هەر لە سەرەتاوە سینۆگرافیای شانۆگەرییەکە دەناسێتەوە. هەیکەل و بنەمای سینۆگرافیایەکە تەواو لەوەی هۆلیوود دەچوو. تاکە جیاوازییەک کە یەکسەر هەستی پێدەکرا ئەوەبوو کە جیهانی دەرەوی ماڵی ویللی لومان لەم نمایشەدا نەدەبینراو نە هەستیشی پێ دەکرا. هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەدا نووسەر فەزای شانۆنامەکەی زۆر بە وردی وەسف دەکا، لەم وەسفەدا تێدەگەین کە نووسەر




**مارلۆن براندۆ لە شانۆگەریی «ترامواییەک ناوی ئارەزووە»، نووسینی تێنسی ویلیامز، دەرهێنانی ئیلیا کازان**

توانیویەتی فەزایەکی نوێ لە شانۆی هاوچەرخدا بخولقێنێ، فەزایەکی شیعری، نەک بە مانای رۆمانتیک بگرە بەمانای مەجاز و گوزارشت لە دەروون و جیهانی ناوەوەی کەسانی شانۆنامەکە و بە شێوەیەکی گشتی پێوەندییان بە تێکرای جیهانی شانۆنامەکەوە.

میللەر هەر لە سەرەتاوە پێ لەسەر گرنگی بوونی فۆرم و نەخشەکانی پشتەوەی شانۆ دادەگرێ، بیناو ساختمانە بەرزەکانی نیویۆرک و ئاسمانی ئاواڵا، کە میللەر خۆی ئاماژەی بۆ کردووە و مۆرکی شاعیرانەن و لە شانۆنامەکەدا گەلێ گرنگن. تێبینی یەکەمی نووسەر وا دەست پێدەکات: مۆسیقایەکی ناسکی فلوت دەبیسترێ، کە گوزارشت لە تابلۆیەکی گیاو دار و فەزا دەکا. میللەر هەر لە سەرەتاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ماڵی لومان چوار دەوری بە فۆرمی گەورەو بینای زەبەلاح گیراوە. هێمایەکەش روون و ئاشکرایە کە هێمای جیهانی لومانە لەژێر فشاری جیهانی کاپیتالیستی ئەمریکیدا، بەڵام ماڵی لومان وەک میللەر دەیەوێ دەبێ ئاسمانی لێوە دیار بێ، دەبێ هەستی پێ بکرێ کە لە ناو بۆشاییدایە و چواردەوری بە تیشکی زەردێکی تێر تەنرابێ، دەبێ هێدی هێدی هەست بکرێ بە وەی کە بینا بەرزەکانی نیویۆرک دەستیان خستۆتە ئەوکی خانووە رووتەڵەکی لومانەوە و خەریکە بواری لێ دەتەنن. بەداخەوە سینۆگرافیای شانۆگەرییەکە مۆرکی شاعیرانەی نمایشەکەی نەدەگەیاند، ئەمەش بۆخۆی گرفتێکی گەورەی بۆ بەرهەمەکە خولقاندبوو، گرفتی تەسککردنەوەی جیهانی کراوە و شەفافی شانۆنامەکە و لەبری ئەوە پەنابردنە بەر فەزای تەسک و داخراو ناتورالیستانە، کە خزمەتی نمایشەکە و گۆڕان و گواستنەوەی دیمەنەکانی، کە بەشێکی زۆریان لە خەیاڵ و ئەندێشەی لومان دێنە ئەنجام، نەدەکرد.

دەستبژێرێک لە ئەکتەرە بە تواناکانی دراماتن رۆڵەکانیان دەبینی، لە سەرووی هەموویانەوە کەڵە ئەکتەری ئەو سەردەمەی سوید یارل کولە کە رۆڵی ویللی لومانی بەرجەستە دەکرد. یارل کولە کە ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لەگەڵ شانۆی ئەمریکایی، بەتایبەت لەگەڵ شانۆنامەکانی ئۆنیل هەیە، لومانێکی سیما روون و کارەکتەر قووڵ بەرجەستە کرد. ئەگەر لە سەرەتادا هەست بە قورسی و خاوی رەفتاری دەکرا، بەڵام لە نیوەی دووەمی بەشی یەکەمەوە ئیدی ریتمێکی بە جۆش و گەرمی بە رۆڵەکە بەخشی. ئەکتەرانی سوید بە گشتی لە ڕێچکەی نمایشی سایکۆریالیزمدا گەلێ کارامەن، ستریندبێرگ ئۆنیل و میللەر و پنتەر و بەرهەمی درامانووسانی سایکۆلۆژیا باش بەرجەستە دەکەن، هەر

بەم پێیە نمایشی ئەکتەرانی شانۆنامەکە پڕ بە پێستی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە بوو.

مۆرکی نواندن و شێوازی بەرجەستەکردن تا دەهات زیاتر لە وەی هۆلیوود نزیک دەبووەوە. دیاربوو ڕیژیسیۆر دەیویست مۆدێلەکە و پلانی دەرهێنانەکەی هۆلیوود دووبارە بکاتەوە، یان دەکرێ لەو بچێ. دووریش نییە ئەمە داخوازییەکی دراماتن بێ، کە ناوە ناوە دەیانەوێ بەرهەمی لە چەشنی ئەوانەی ویست ئێند (لەندەن) و هۆلیوود پێشکەش بە بینەرانیان بکەن. سوێدییەکان، ئەوانەی کە ئالوودەی شانۆن زۆر سەفەر دەکەن بو ویست ئێند و هۆلیوود و لەوێندەری بەرهەمە شانۆییە بەناوبانگەکانی ئەمریکا و بەریتانیا دەبینن. بۆ ئەم مەبەستە ناوە ناوە ڕیژیسیۆری بەناوبانگ لە هەردوو وڵاتەوە بانگهێشت دەکەن. بۆ نموونە ڕیژیسیۆری بەریتانی جۆن کارید چەند ساڵێ بەر لە ئێستا گەلێ سەرکەوتووانە شانۆنامەی خەونی نیوە شەوێکی هاوینی شەکسپیری بە شێوازی وێست ئێند دەرهێنا.

میللەر وەک نووسەر بەرامبەر بە دەقەکەی خۆی و بەرامبەر بە جیهانی شانۆنامەکە زۆر دەستپاک و ڕاستگۆ بوو، بەڵام چەند سەرکەوتوو بوو لە دووبارەکردنەوەی نمایشەکەی هۆلیوود، کە لە بنەڕەتدا داهێنانی ئیلیا کازان بوو، من پێم وایە میللەر زۆر سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە نمایشەکە سەرەڕای ئەوەی کە پاشان لە چەند شارێکی دیکەی ناو سوێددا پیشان درا، بەڵام لە لایەن ڕەخنەگرانەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێنەکرا.

## دوا گوتە

میللەر لە چاوپێکەوتنێکدا لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی ئەمریکایی، ڕازی دڵی خۆی سەبارەت بە مامەڵەی ڕیژیسیۆرەکان لەگەڵ دراماکانی دەربڕی، ئەوەی درکاند کە ڕیژیسیۆرانی دی لە خۆی چاکتر شانۆنامەکانی بەرجەستە دەکەن و گەلێ لایەنی شاراوەیان لێ کەشف کردووە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- پرۆگرامی نمایشی مەرگی دێوەرەیەک، شانۆی شار، ستۆکهۆڵم ٢٥ ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٠.

٢- بۆ پتر زانیاری لەبارەی سارتەر و میللەر بڕوانە کتێبی:
Sartre - A Life, Annie Cohen - solal, translated by Annie Cohen - Solal, edited by Naman Macafe, Pantheon Books, Newyork 1987.

3- Rosenqvist, C Scenfolk, Carlssons, Stockholm 1994, p 55, 56

4- Ibid, p 56

5- Miller A, The Theater of Arthur Miller, The Viking press, Newyork, 1978, p17.

6- Ibid, p 123

7- The Family in Modern Drama, Ibid, p 70

8- Ibid, p 65 - 68.

9- On Social Plays, Ibid, 51 - 68

10- The Nature of Tragedy, Ibid 8 - 15

11- Ibid, p 27.

12- Trewin J. C. Peter Brook, A biography, Macdonald, London, 1971, p 97-8.

13- Miller A, The Theater of Arthur Miller, On Social Plays, p 65

14 - The American Theater Today, edited by Alan S. Downer, Basic Books, 1976.

١٥- پرۆگرامی نمایشی دێوەرە، شانۆی شار، ستۆکهۆڵم، ٢٥ی ئەپریلی ٢٠٠٠.

16- The Group Theater.

17- Engel P.G. Janzon, Sju decennier, Svenska teater under 1900 - talet Forum, 1974, Stickholm, 116-117.

18- Ibid

19- Ibid, p14.

20- Miller A, An interview, The Theater of Arthur Miller, p268.

21- On Social Plays, Ibid, p57

22- Svenska dagbladet 5-4-1992,
سەرجەمی وتەکانی میللەر پاشتریش هەر لەم کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانییەوە وەرگیراوە.

# محەمەدی ڕۆستەم زادە (نامۆ) لە نێوان شێواز و داهێناندا

**وریا بوداغی**
**(کوردستانی ئێران)**

محەمەدی ڕۆستەم زادە (نامۆ)، هونەرمەنێکی بە توانا و داهێنەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ساڵی ١٩٦٤، لە شاری بۆکان لە دایک بووە و بەکالیریۆسی شێوەکاری ساڵی ١٩٩٣ لە زانکۆی تاران بە دەست هێنا و ساڵی ٢٠٠١، لە زانکۆی ئازادی تاران (هونەرە جوانەکان) ماجستێری پێدرا و ئێستاش مامۆستای بەشی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە لە زانکۆی سلێمانی.

بەرهەمەکانی نامۆ، نیشاندەر و هەڵگری خەمێکی گەورەی نەتەوەیین و پانۆرامای تراژیدی گەلێکن کە کورد تووشی بووە، ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە و ستەمگەلێکی تری دژە مرۆڤی و دژە کورد، بابەتی بەرهەمەکانی نامۆیە و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە هەر کام لە شێواز و قۆناغی بەرهەم هێنانیداو بە هەر تەکنیک و کەرەسەیەک کاری کردبێت، ڕەگەز گەلێکی ئیکسپێرسیۆنیزمی لە بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێ و هەست پێدەکرێ، بەرهەمەکانی نیشان دەدەن کە «نامۆ» بە تەواوی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم کارەساتانەی کە بە سەر کورد هاتووە و هەر ئەمانەش ژیان و بیرکردنەوەی داگیرکردووە.

لە ڕووی تەکنیکی و پراکتیکییەوە، لە کۆمەڵێک کەرەسە و شێواز کەڵکی وەرگرتووە و پابەندی یەک کەرەسە و شێوازی هونەری نییە. هەر لە بەرهەمە هێڵکارییەکانییەوە، تا دەگاتە ڕەنگ و پەیکەرەکانی داهێنانێکی بێ وێنە و بەهێزیان تێدا بەدی دەکرێ و هەر ئەمەش ناو و ناوبانگی پێ بەخشیوە.

لە ڕاستیدا زۆر حەزم دەکرد کە بە باشترین شێوە توانای ئەوەم بوایە کە لانی کەم زۆرینەی بەرهەمەکانی بخەمە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام نەمتوانی و هۆیەکانیشی ئەمانەن کە، یەکەم : نامۆ لەو هونەرمەندانەیە کە بەرهەم گەلێکی زۆری هەن و ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنیان پێویستی بە کات و دەرفەت و توانایەکی زۆر هەیە و دووهەم: ڕاڤەکردن و شرۆڤەکردنی بەرهەم گەلێک کە بە دەیان جۆر و شێوازی هونەری بەرهەم هاتوون و هەر لە کارە ڕیالیستییەکانییەوە تا دەگاتە کارە مۆدێرن و پاش مۆدێرنەکانی، شێواز و قۆناغ و ڕەوتی جیاجیایان بڕیوە و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانم کەسایەتی هونەری نامۆ لەناو بەرهەمەکاندا و لە شوێن و زەمەنێکی هونەریدا بدۆزمەوە و وام هەست کرد کە نامۆ خۆشاردنەوەم لەگەڵ دەکا و هەتا ئێستاش لە پشت هیچ کام لە بەرهەمەکانی نەوەستا و لە ڕاستیشدا لە پشت هەموویانەوەیە.

بەڵام ئەوەندەی لە توانامدابوو، دابەش کردنێکم بۆ بەرهەمەکانی بووە کە زیاتر لە ڕووی لقی هونەری و تاڕادەیەک شێواز و پراکتیکی کردنەوەی بەرهەمەکانیەتی و ئەمەش لە ئەرشیفی نامۆ دەستم کەوت و هیوادارم لەم نووسینەشدا بیانپارێزم و وەک خۆیان باسیان بکەم.

### تایبەتمەندییە هێڵکارییەکانی نامۆ

هێڵ وەک چۆن خۆی چەندین جۆر (هێڵی شکاو،

هێڵی چەماو، هێڵی لوول، هێڵی چەماوی لوول و هێڵی ڕاست و..) و کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی «خێرایی، قورسی و سووکی، توندوتیژی، نەرمونیانی و هێڵی ئەکشین و..تاد» هەیە، هەر کام لەمانە یان بەشێکی زۆریان لە بەرهەمەکانی نامۆدا بەکاربراون و بەرجەستە بوونەتەوە. نامۆ لە هێڵکارییەکانیدا بە هیچ جۆرێک خۆی پابەندی یەک جۆر هێڵ و تەکنیکێکی تایبەت نەکردووە، بەڵکو لەم قەید و بەندە خۆی ئازاد کردووە و بە تەکنیک گەلێکی جۆراوجۆر و کۆمەڵێک کەرەستەی جۆراوجۆر (قەڵەمی ڕەژی، ڕەژی، سۆفت، خودکار، قەڵەمی ئاسن، قەڵەم ڕەنگی و...تاد) و هەرکامیان تایبەتمەندی خۆیان بە بەرهەمەکانی بەخشیوە و تێیدا ئاشکرا دەبێت.

هێڵی لوول و هێڵی چەماوی لوول لەگەڵ ئەوەی کە خۆیان نەرمونیانی بە بەرهەم دەدەن، هونەرمەند، لە زۆر شوێندا بۆ بابەتە تراژیدییەکان کەڵکی لێ وەرگرتوە و بەم جۆرە و بە کەڵک وەرگرتن لەم هێڵە هەستێکی تایبەتی بە بەرهەم بەخشیوە.

لەگەڵ ئەوەی کە هێڵەکان بەشێوەیەکی ئارام و نەرم و لوول لێدراون بە جیا لە چەند شوێنێک نەبێ، وەک چاوی مۆدێلی لای ڕاستی تابلۆ، کە خێراییەکی بەخۆوە گرتووە و ئەمەش هەر لەم جۆرە هێڵە بەدەر نییە، بەڵام ئەوپەڕی ئەکشینی و تراژیدیی بەرهەم دەردەخات و لە ڕەنج و مەینەتی مرۆڤ دەدوێ و نیشانی دەدات و ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە تەنیا بە کەرەسەی زۆر سادە (قەڵەمی ڕەژی لە سەر کاغەز) ئەمەی بەرهەم هێناوە و تەکنیکێکی سادە و هێڵە ئارامەکانی بە جۆرێک بەکارهێناوە کە وزەیەکی سەیر و سەمەرەی بە هێڵ داوە و دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هێزی بەکارهێنان و کارپێکردنی هونەرمەند کە چۆن و بە چ چەشنێک لە کەرەسە کەڵک وەردەگرێ و هەر ئەم لایەن و حاڵەتانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە بەرهەم بە حاڵەتێکی ئێکسپێرسیۆن دەربێت.

هەر ئەم بابەتە (تراژیدی) لە بەرهەمێکی تریدا دەردەکەوێت و لە دوو فیگەری بەرهەم هاتووی ئەم تابلۆیە، کە بە کۆمەڵێک هێڵی سادە و ساکار بەرهەم هاتووە، بەڵام ئەکشین بوونی هێڵەکان و کەوتنە سەر باری خۆیان، بابەتی ئەم بەرهەمەشی بە حاڵەتێکی ئێکسپێرسیۆن گەیاندووە. نامۆ بۆ ئەوەی کە یاریدەی بینەر بدات و بەسەر تابلۆکەدا زاڵ بێت بە سێ یان چوار هێڵی سادەی ئاسۆیی کە لە باکگراوەندی تابلۆی داوە پرسێکێڤێکی ئارام و دووری بۆ بەرهەمەکەی دانا و ئەوەی کە لێرەش گرنگە و چاو ڕادەگرێ دیسان هێڵە سادە و ساکارەکانن کە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.



نامۆ لە دوو پۆرترێتی کچێک و پیاوێکدا بە جۆرێکی تر کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز و سەرنج ڕاکێشتری بە بەرهەم داوە. لە وێنەی 3دا کە پۆرترێتی کچێکە، هێڵەکان بە جۆرێک لێدراون کە ئارامییەک لە وێنەدا بەدی بکرێ و حاڵەتی هێڵەکان جۆرێکە کە شێواوی و ئاڵۆزی تووشی بەرهەم ناکات و تایبەتمەندییە ڕیالیەکانی زیاتر خۆدەنوێنی، بە جۆرێکی تر نیشان دەدرێ و بە جۆرێک ئارامی و سەقامگیری هێڵ دێتە بەرچاو و بە کۆمەڵە هێڵێک کە جووڵەی نەرمیان پێ دراوە و دیارە لە بەردەوامی یەکتریشدان ئەم حاڵەی هێڵ دروست بووە. ئەوەی کە لە هێڵکارییەکانی نامۆدا دەردەکەوێ و بەرچاوە و بەتایبەتی لە بەرهەمە ڕیالەکانیدا، گرنگیدان بە واقیعی مۆدێلەکانە لە بەشێکیاندا و لە بەشێکی تریشدا باس کردن و نیشاندانی کۆمەڵێک بابەتی تراژیدی کۆمەڵایەتی کوردە و ئەوەندەی ئاگادارېم بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی داگیرکردووە و زۆرینەیانی گەیاندۆتە حاڵەتێکی ئێکسپێرسیۆن و ئەمەش بەرچاوترینی شێوازی کار پێکردنی نامۆیە لە هێڵکاریدا.

**سەرەکانی نامۆ**

«سەر» ناوی کۆمەڵێک بەرهەمی هێڵکاری نامۆیە کە ڕاستەوخۆ لە مرۆڤایەتی دەدوێ. لە پەیکەر و لەشی مرۆڤ، نامۆ تەنیا سەری خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گۆڕانی تێدا بەدی هێناوە، دیارە سەر بەشێکی حەساس و ئاستەمە لە لەشی مرۆڤدا، بیرکردنەوە و

تێڕامانی مرۆڤ بۆ بوون لە «سەر»ەوە سەرچاوە دەگرێ، کاتێک نامۆ «سەر»ی وەکو بابەتێکی بەرهەمەکانی هەڵدەبژێرێ کە سەر مێشکی تێدایە و چاو و دەم و گوێ و لووتی پێوەیە. ئەمە زۆر گرنگە کە نامۆ لە سەر بەشێکی لەش کاردەکات کە کۆنترۆڵی لەشی مرۆڤی بە دەستەوەیە. ئەی باشە کە ئەو گۆڕانی تێدا پێک دێنێ لەشی مرۆڤ دەکەوێتە چ دۆخێکەوە؟ هەرچەندە ئەو کەمتر لەشی مۆدێلەکانی تووشی گۆڕان کردووە. لێرەدایە کە ناوەرۆکی سەر دەردەکەوێت و بەم جۆرەی کە بیردەکاتەوە و دەڕوانێتە دەوروبەری خۆی، خۆی ئاشکرا دەکات و بەم جۆرە نامۆ گۆڕانێکی گەورە و بەهێزی لە فەرماندەی لەشی، مرۆڤدا پێک هێناوە.

بۆ ناوی بەرهەم و بابەتی بەرهەمەکان، نامۆ کەڵکی لە دەستەواژە گەلێک وەرگرتووە کە لە دیالۆگی ڕۆژانەی کۆمەڵگەکانی کورد دا دەبیسرێ و لە ڕاستیشدا نامۆ هەر پاش سەرنجدان بەم دەستەواژانە، ئەم بەرهەمانەی دروست کرد و بەرهەمی هێناون. لە کولتووی کوردەواریدا بووە و هەیە کە زۆرجار دایک کە لە منداڵەکەی تووڕە دەبێ، بە منداڵەکەی دەڵێت «سەرزل» یان «سەرپان».

«سەرگوڵ» ناوێکی کوردییە کە بۆ کچانی هەڵدەبژێرن و لە فۆلکلۆری کوردەواریشدا هاتووە و دەڵێ: **«سەرگوڵ باوانم، باوانی باوانم ئەم ڕەنگەت بۆ زەردە هەی ماڵی وێرانم»** و «سەربەرزی»یش دیارە هەر کەسێکمان خۆش ویست، ئاواتی سەربەرزی بۆ دەخوازین. دیارە ئەمانە بەشێکن لە بەرهەمی سەر. بەرهەمی سەر زۆرن و زیاد لە سی بەرهەمی هونەرین: سەرسەران، سەرحەد، سەرهەنگ، سەرشۆڕ، سەرکوتک، سەرمەست، سەرە خۆرە، سەردار، سەرباز، سەرەڕۆ، سەر لێ شێواو، سەرکار، سەرتیپ و سەر گوێلک و.. کە لە هەر کام لەوانەشدا بەپێی ناوی بەرهەم کاری تایبەتی لە سەر کردوون و گشت ئەمانە بەرهەم هاتووی بیروباوەڕێکن کە دیسان لە سەرەوە سەرچاوە دەگرێ.

بەڵام ئایا ئەم کۆمەڵە بەرهەمە حاڵەتێکی تەوس بە خۆیان دەگرن و بۆ سەرکەوتوون؟ هونەرمەند لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵێک کاری مۆدێرن و بەرهەمی جیا لە مۆدێرینی هەیە، بەڵام لە بنەوپاڵەوە، ئاوڕ لە کولتووری کۆمەڵایەتی کورد دەداتەوە و سەرنج دەداتە دیالۆگی ڕۆژانەی خەڵک و ئەم دەستەواژانە، لەناو ئەم قەرەباڵغی و گرمە و هەرایە دەدۆزێتەوە و کاریان لەسەر دەکا. دیارە بەشێک لەمانە هەر لە کاتی بەکارهێناندا مانایەکی تەوس بۆ خۆیان دەگرن و بەشێکیشیان تەوس نین. بۆ نموونە، سەربەرز. تەوس نییە و ئاوات خواستنێکە، بەڵام سەر مازەڵە، سەرزل، هەر لە کاتی بەکارهێناندا حاڵەتێکی



تەوس بەخۆ دەگرن و زۆرجار لە ئەنجامی تووڕەییدان، لەلایەکی ترەوە، سەرهەنگ و سەرکار و سەرباز پەیوەندیدارن بەهێزی چەکداری و پلەی بەرزی و نزمی دەگەیەنێ، بۆیە دەشێت ئەمانە لە مابەینی تەوس و دژە تەوسدا بمێننەوە و هەڵگری گومانێکی گەورە لە خۆ و ویژدانی مرۆیی و بیرکردنەوەی مرۆیی و هەر ئەم گومان خستنە سەر بەرهەمەکانیش تایبەتمەندییەکی بەهێزی بەرهەمی سەرەکانە.

### کاریکاتێرەکانی نامۆ

دیارە بەرهەمی کاریکاتێر بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە دایک دەبێت، ڕەخنەگرتن لە سیاسەت، کولتوور و..تاد، زۆر شت کە شیاوی لێدوان و باس کردن بن، دیارە ئەمە لە زۆر شوێندا ناکرێت بە چەشنێکی تر و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی بکرێ و ڕەخنەی لێ بگیرێ، لەو کاتەدایە کە هونەری کاریکارتێر لە دایک دەبێ و بەشێوەیەکی جیدی ڕەخنە لە بابەت و حاڵەت و دیاردەکانی ژیانی مرۆڤی دەگرێت و ئەمەش تەکنیک و کەرەسەی جیاواز و جۆراوجۆری هەیە کە بە مەیلی هونەرمەند بەکاردێت.

نامۆ ساڵی ٢٠٠٢ کۆمەڵێک بەرهەمی کاریکاتێری بۆ پێشانگایەک ئامادە کرد و هەر ئەم ساڵە ئەم پێشانگایەی لە شاری بۆکان کردەوە، بەرهەم گەلێک کە ڕاستەوخۆ لە سەر ژیانی مرۆڤی و بەتایبەتی مرۆڤی کورد و هەروەها دۆخی کورد دەدوان و نیشاندەری دۆخی نالەباری کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، نامۆ بەم بەرهەمانە نیگەرانییەکانی سەبارەت بە دۆخی کورد خستەڕوو کە پێوەندی بە دیالۆگی شارستانییەتەکانەوە هەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نزیک لە دە ساڵە خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە. لەم وێنەیەدا نامۆ هەوڵی داوە کە کورد و داگیرکەرانی کوردستان نیشان بدات کاتێک کە داگیرکەر خۆی کوردی



بۆ دیالۆگ بانگهێشت کردووە و ئەمەشی بەم هەموو جیاوازیانە نیشان داوە و هەروەها لە پێوەندی بە کارەساتی هەڵەبجەوە بەرهەمێکی تری هەیە عومەری خاوەر کە نیشانەیەک لە کارەساتی هەڵەبجە نیشان دەدا و دەیکێشێتەوە کە کەوتۆتە نێوان چوار بوونەوەری وەحشی و لە بەردەم خۆیان داناوە و بەم جۆرە بابەت گەلێکی تری سەبارەت بە کورد هەیە و لە غەیری مەسەلەی کوردیشدا بەرهەمی تری هەیە کە ئاماژە بە مرۆڤایەتی دەکات. بەتایبەت لەم دوو وێنەیەدا نیگەرانییەکانی نامۆ سەبارەت بە مرۆڤایەتی زیاتر دەبێ و لە چاوپێکەوتن و بینینی ئەم بەرهەمانەدا، بینەر سەبارەت بە ژیانی هاوچەرخ و ژیانی مرۆڤایەتی تووشی ناهومێدی دەبێت.

### بەرهەمە ڕەنگییەکانی نامۆ

ئەمانە بەشێکی ترن لە ئەزموونی هونەریی نامۆ، ئەو بەشەی کە ئەو تێیدا پسپۆڕە و بەشێکی گرنگ و ئاستەمە لە ژیانی هونەریی هونەرمەند. نامۆ لەم بەرهەمانەدا، بە چەندین کەرەسە و شێوازی جۆراوجۆر کاری کردووە و داهێنانی تێدا بەدی هێناون.

بەرهەمە ڕەنگییەکانی نامۆ، لە چەند شێوازی وەک ڕیالیستی و ناتۆرالیستی و سەڵت (ئەبستراکت) و هەروەها کۆمەڵێک بەرهەمی مۆدێرنی تری کە بە سپری ئیشی کردووە خۆ دەنوێنن، ئەو بەسەر ئەم شێوازە هونەرییانەدا تێپەڕیوە و لە هەر کامیاندا، بۆ کات و ساتی تایبەت، کەڵکی لێ وەرگرتوون و ئەو بەرهەمە ڕیالیستییانەی کە ئیشی تێدا کردوون، وەک «شەڕی دمدم» لەودا بەشێک لەم شەڕە نیشان دەدات کە لە ورمێ وەکو شۆڕشێک بە دژی تورکەکان بەرپابوو و ئەم تابلۆیە خانی لەپ زێڕینی تێدا بەدی دەکرێ و هەروەها هێزەکەی لە کاتی شەڕ لەگەڵ تورکە دەسەڵاتدارەکاندا، ئەم تابلۆیە بە ڕەنگی ڕۆن کارکراوە و لە شاکارەکانی نامۆیە. هەروەها بە ڕەنگی ئاو کۆمەڵە تابلۆیەکی تری بەرهەم هێناوە کە بەشێکیان پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە هونەری مۆدێرنەوە هەیە و لە شێوازی سەڵت (ئەبستراکت)دا بەڕێوە چوون، ئەم تابلۆیانە حاڵەتە جیاجیاکانی مرۆڤی بە چەشنێکی سەڵت نیشان دەدات کە لە هەر کام لەم تابلۆیانەدا فۆرم و بابەت بە چەشنێکی مۆدێرن و سەڵت گونجاون و ئەوەی لەم بەرهەمانەشدا دەکەوێتە بەرچاو، بابەتێکی تراژیدییە کە وەک مەبەستێکی سەرەکی بۆ بابەتەکەی کەڵکی لێ وەرگرتووە، جێی ئاماژە پێدانە کە هەر لەم بەرهەمەدا ڕەگەز گەلێکی ئێکسپێرسیۆن بە دیاردەکەون و خۆنیشان دەدەن. لەم بەرهەمانەدا هەوڵ دراوە ڕەنگ بە چەشنێکی زەق و بەرچاو خۆ بنوێنێ و بەکاربێت و لە لایەکی تریشەوە، بە هیچ جۆرێک ڕەنگەکان، چییەتی خۆیان لە دەست نەدەن و ئەم تایبەتمەندیانە لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا پارێزراوە. لە تابلۆیەکی دیکە کە دووڕەنگی سوور و ڕەش ڕەنگی سەرەکی بەکارهاتوو لە تابلۆدان، لەم بەرهەمەدا فۆرمە زاڵ و پۆزەتیڤەکان بە ڕەنگی ڕەش خۆ دەردەخەن و شکڵ دەگرن. هەر ئەم بەرهەمەش وەکو ئەوانی تر تایبەتمەندی ئێکسپێرسیۆنی هەیە و بەتایبەت لە دژایەتی و قورسی و زەق بوونەوەی ئەم دوو ڕەنگە، بینەر لە بەرابەر ئەم بەرهەمەدا دەگەیەنێتە ئەنجامێکی ناخۆش و دەرداوی، بەڵام گشت ئەم مەرگەسات و تراژیدی و ڕەگەزە ئێکسپێرسیۆنییە لە ناو بەرهەمەکانی نامۆدا، لە بەرهەمێکیدا بەناوی ئەنفال ڕەنگ دەداتەوە و کارەساتی ئەنفال بە چەند کۆنفرانسی بابەتی و مرۆڤی و پراکتیکی دەردەخات و لەم بەرهەمەدا زیاتر دەردەکەوێ کە ئەنفال چەندە کاریگەری بەسەر بەرهەمەکانی و داهێنانی نامۆدا بووە و خۆی چەندەش کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییە. دژایەتییەکان و کۆنتراست چ لە بابەت و چ لە فۆرم و هەروەها ڕەنگیشدا بەوپەڕی خۆی دەگات. کردە نامرۆییەکانی ئەنفالچییەکان و بێدەسەڵاتیی مرۆڤی ئەنفالکراو. ئەنفال بە ڕەنگی ڕەش و سارد و شین بەرەو پیری ڕووناکی و زەردی و سووری

دێت کە بەشی ئەنفال کراوە، هەرچەندە ئەم تابلۆیە، کاتێک لە ئەنفال نیشان دەدات کە کاتی پاش ئەنفال نییە کات و ساتی بەڕێوەچوونی ئەنفال، بەپێی دابەشکردنی تابلۆکەش لە ڕووی ئەستوونییەوە، سێ لە چوار بەشی ئەم تابلۆیە تایبەتە بە ئەنفالچییەکان و یەک لە چواریشی کە هەردەم لە تەواوبوون و لەناوچووندایە تایبەتە بەو کوردانەی ئەنفال کران. ئیکسپێرسیۆن لە بەرهەمەکانی نامۆدا، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەیەکی بەهێزە لە شەڕ و ئەنفال و کۆکوژی کورد، نیشاندانی کۆمەڵێک ڕاستی ناو کارەساتەکانە کە ئەوپەڕی نامرۆڤانە بوونی ئەم کارەساتانە نیشان دەدات. نامۆ لە بەرهەمی ئەنفالدا کە ئەمە ڕاستەوخۆ دەخاتەوە سەر عەقڵی دروست کەری ئەنفال، ئەمەش بەو شێوەیەی کە ئەنفالچییەکان لە فۆرمێکی مرۆڤیدا نابینرێت و لە خەیاڵدانی هونەرمەنددا وێنەکان بەم چەشنە وێناکران و ئەویش هەر بەم چەشنە تاڵ و قورسەی نیشان داوە و بەرهەمی هێناوە.

شاکارێکی تری نامۆ، بەرهەمێکی فریسکۆیە کە لەلایەن شارەوانی بۆکانەوە پێی دراو ئەم بەرهەمە ناوی فەرشی بە سەرەوەیە و لەسەر دیوارێکی ٨ لە ٦ میتردا بەڕێوە چوو. نامۆ لەم بەرهەمەدا قۆناغەکانی بەرهەم هێنانی فەرش لە کوردستان نیشان دەدات و هەروەها بازرگانی کردن بە فەرش لە ئێران، جێی ئاماژەپێدانە کە لەم بەرهەمەدا، هونەرمەند ئەرسەلانی ڕۆستەم زادە و هونەرمەند محەممەدی موهاجیر بەشداریان تێدا کرد و هاوکاری نامۆیان کردووە.

هەروەها نامۆ کۆمەڵێک تابلۆی تری بەرهەم هێنا کە لە تەکنیکی، هێڵ کەڵکی وەرگرتووە و هەروەها بە کەرەسەی خودکار «قەڵەم جاف»، کاری کردووە ئەم بەرهەمانە تێکگیرانی کۆمەڵە فۆرمێکی قورس و قایمە کە نیشاندەری جیهانی پڕ لە فۆرمی پیشەیی و تەکنەلۆژییە. هونەرمەند لێرەدا دەغدەغەکانی جیهانی پیشەیی و مۆدێرن نیشان دەدات و هەروەها دەسکەوتەکانی سەردەمی پیشەسازی دەخاتە ڕوو، فەزای ئەم بەرهەمانە بە جۆرێکە کە بینەر تەواو هەست بە قورسی دەکات و وا هەست دەکات کە فۆرمە قورس و قایمەکان دەور وبەریان داگیرکردووە و بەگشتی نامۆ نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە جیهانی پڕ لە فۆرمی پیشەیی دەردەبڕێ و هەر ئەم نیگەرانییەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم بەرهەمانە بینەریش تووشی نیگەرانی و نائومێدی بکەن، ئەمانە کۆمەڵە بەرهەمێکی نامۆن کە هەڵگری ڕەگەزگەلێکی سوریالستی و دادائیستین، کە ڕەخنە لە بایەخە جێگیر و باوەکانی سەردەمی پیشەیی و تەکنەلۆژی دەگرن.



## ئێکسپێرسیۆنیزمی سەڵت
## نایلون ماتریالی سەرەکی

گشت ئەم جۆراوجۆرییەتی و داهێنانە هونەرییانەی نامۆ، لە ساڵی ٢٠٠٠دا ئەوی گەیاندە ئەم قەناعەتەی کە تاڕادەیەک لە ڕەنگ و قوماش و سەرجەم بەرهەمە ڕەنگییەکانی دوور دەکەوێتەوە و پێوەندی بە کەرەسەگەلێکی ترەوە بگرێت بۆ داهێنان و بەرهەمی نوێ، بەرهەم گەلێک کە ماتریال ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ و نایلۆن کەرەسەی سەرەکی و دروستکەری بەرهەمە، نامۆ لەم دواییانەدا لەبەرئەوەی کە کۆمەڵێک دۆست و گەنجی دەوروبەری لەدەست داو ئەمەش بەهۆی توشبوونی ئەم کەسانە بە مادە سڕکەرەکانەوە بوو، دیارە ئەمە هەر ئەو کاتیش بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتەوە و کۆمەڵێک گەنجی خستە هیلاکەت و وزەی ژیانی لێ سەندنەوە، بە سەختی کەوتە ژێر کاریگەری ئەم کارەساتە و ئەمەش لەبەرهەمە کۆتاییەکانیدا ڕەنگی داوە و جێی ئاماژە پێدانە کە ئەم بەرهەمانە نزیک لە ٣٠ تابلۆی ١٨٥cm×٥٠ و ساڵی 2000 لە گەلەرێکی تاران نیشان دراو بۆ ساڵی 2002 لە شاری بۆکان دیسان نیشان درایەوە.

هەروەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، نامۆ تەنیا بۆ نیشاندانی ئەم کارەساتە مرۆییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەنا دەباتە بەر ئەم ماتریال و شێوازێکی تری بەرهەمهێنانی هونەری.

ئەم بەرهەمانەی نامۆ، هەڵگری خەمێکی گەورە و هەروەها، نیشاندەری دەروونی پڕ لە غەم و نیگەرانی نامۆیە سەبارەت بەم واقیعەی تێیدا دەژیا، ڕۆژانە بە دەیان گەنج لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی مادە سڕکەرەکانەوە گیانیان لە دەست دەدەن، هەر ئەمەش هەوێنی بابەتی ئەم کۆمەڵە تابلۆیەن کە لە قورسترین و

بەهێزترین بەرهەمەکانی نامۆن، ئەو بە پرێمز نایلۆنی سەر تابلۆکانی هەڵدەقرچاند و حاڵەتە تراژیدییەکانی زەقتر دەکردەوە ، بەناو نایلۆنەکاندا و لە هەرکام لە تابلۆکاندا چەند مەتر سۆندە بەکار هاتووە و هەروەها بۆتلّی خوێن و سرنج و ئەم شتانەی کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە مادە سرکەرەکانەوە هەیە دەردەکەون، سۆندەکان دەماری ئەم مرۆڤانەیان نیشان دەدا و هەروەها دوونایلۆنی ڕەش و ڕوون بەسەر فەزای تابلۆکاندا زاڵ بوون و جێی ئاماژە پێدانە کە لە هەردوو ساڵی نیشاندانی ئەم بەرهەمانە ، نایلۆنەکان بەسەر عەرزیدا پەرشوبڵاو بوونەوە و ئەمەش خۆی فەزایەکی تایبەتتری بە بەرهەمەکە دابوو هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا کە ئەم بەرهەمانەی گەڕاندەوە بۆکان لە نیشاندانیاندا سەرکەوتوو بوو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شوێنی نیشاندانی بەرهەمەکان جیاواز بوون لێک و لە بۆکان ئەم بەرهەمانەی لە ژێرزەوی بینایەک نیشان دا و بە کۆمەڵێک کەرەسەی تر وەک کەندر و گوریس و چەند کورسییەک، بابەتەکەی بەسەر فەزای پێشانگاکەدا زاڵ کرد و ئەوپەڕی ئەکشنی و ئێکسپێرسیۆنی فەزای خوڵقاندبوو بەرهەم گەلێک کە نیشانەی ناهومێدی و نیگەرانی سەبارەت بە ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لەم دوو دەیەی دواتردا دەخاتەڕوو، ئەمە جیا لەوەی کە نامۆ، بایەخێکی نوێتریشی بە نایلۆن دا و خستییەوە ناو بەرهەم گەلێک کە لەڕاستیدا توێکاری لەشی ئەم مرۆڤانە بوون کە بە مادده سرکەرەکان گیانیان لەدەست دەدەن.

### پەیکەرەکانی نامۆ

نامۆ لەگەڵ ئەوەی دا کە بە کاری هێڵکاری و وێنە کێشانەوە سەرقاڵ بوو و تابلۆگەلێکی نایابی بەرهەم هێنا، چەند بەرهەمێکی پەیکەرتاشی هەیە کە تا ئێستا وەک ماکێت ماونەتەوە.

پەیکەری زەردەشت پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە سەر ئەم کەسایەتییە و هەروەها پاش سکێچ کارییەکی زۆر ئەم پەیکەرەی بەرهەم هێنا، هەروەها پەیکەری ئازادی کە لەفۆرم و مۆدێلی مرۆڤی کورد بەکار هاتووە و بەرهەمی هێناوە و تەنانەت پاش ئازادیش، حاڵەتی ئێکسپێرسیۆنی تێدا بەدی دەکرێ.

ئەمانە و دەیان چالاکی هونەری و کولتووری نامۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان لە نەسرەوتوویی ئەم هونەرمەندە بەتوانایەیە.

زۆرینەی بەرهەمەکانی نامۆ، هەڵگری خەمێکی گەورەن بۆ نەتەوە و بۆ مرۆڤایەتی، ئەو هەمیشە هەوڵی داوە واقیعە نالەبارەکان نیشان بدا و جەخت دەکاتەوە



سەر کارەساتە مرۆییەکان.

نامۆ نیگەرانی سەبارەت بە جیهانی مرۆیی دەردەبڕێ و هەرئەمەش لە چەند شوێندا ئەم هونەرمەندە مۆدێرنکارە بەرەو دادایی و سوریالیستی دەبا، بۆیە دەکرێت کە واقیع، بیروبۆچوونی هونەرمەند تووشی گۆڕان بکات.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا و لە کۆتاییشدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەمەیە کە نامۆ مەبەستی لەم هەموو شێواز و بەکارهێنانە چییە؟

ئایا، ئەو بەڕاستی تەنیا مەبەستی دەربڕینی بەرهەم و بابەتەکانییەتی؟ باشە ئەی ئەو لەچ کات و ساتێکی قوتابخانە هونەرییەکاندا خەریکی بەرهەمهێنانی کۆتایی خۆی دەبێت؟ ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە لەم دواییانەدا نامۆ کۆمەڵێک کاری کونسێپت و هونەری چەمکی بەرێوەبرد، کەئەمەش خۆی جیاوازیی بیرو بۆچوون و جیاوازییەکی پراکتیکی تێدایە، ئەمە ئاشکرایە کە نامۆ، زۆر سەرکەوتووانە بەرهەمی هونەری سازکردووە، بەڵام بیروبۆچوون و هزر و فەلسەفەیەک بۆ هەمیشە دەردەخات؟ ئەو لەبەردەوامیدا پشت بەکام کەرەسە و بەرهەمهێنانی هونەری دەبەستێت و ئینتمای بەلای کام لایەک لە قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکان دەبێ؟ چونکە گشت بەرهەمەکانی جیا لەوەی کە بەرهەمێکی سەرکەوتوون، بەڵام پەرشوبڵاو لەناو دەیان تەکنیک و شێوازی هونەری بەرهەمهێناندان و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە نامۆ چەند جۆر کەسایەتی هونەری لێ دەرکەوێ و وەک نامۆ لە ناو ئێکسپێرسیۆندا، نامۆ لەناو دادا و سوریالیزمدا و نامۆ لەناو پۆپ و هونەری چەمکیدا و...

# سەلاحەدین ئەییووبی و کیسەڵەکان

برایم فەرشی
(ئەڵمانیا)

هاوکات لەگەڵ نمایشکردنی فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن لە دەرهێنەری کورد بەهمەن قوبادی، فیلمی Kingdom of Heaven لە دەرهێنانی ریدلی سکات لە ٢٠٠٥/٥/٥ەوە لە سینەماکانی پلە یەکی ئەڵمان چووە سەر پەردەی سینەما. فیلمی یەکەم وێنەکانی شەڕ لە کوردستانی سەدەی ٢١دا نیشان دەدات و فیلمی دووەم وێنەکانی شەڕ لە ئورشەلیمی سەدەی ١٢. ئەو فیلمە باس لە دەوری سەلاحەدینی ئەییووبی لە شەڕەکانی سەلیبیدا دەکات. مەبەستی من لێرەدا بەراوردکردنی ئەو دوو فیلمە نییە. هاوکات چوونە سەر پەردەی سینەمای ئەو دوو فیلمە کە هەریەکەیان باس لە شەڕ دەکەن و کەم یان زۆر ئێمە دەگرنەوە، بوونەتە هەوێنی باسەکەی من. لەبەر ئەوەی پێشتر بە چڕوپڕی باسی «کیسەڵەکانیش دەفڕن»م کردووە، لێرە ناچمەوە سەری و تەنیا باس لە فیلمی Kingdom of Heaven دەکەم.

### هونەری دەورگێڕان

Kingdom of Heaven فیلمێکی ناونەتەوەییە بە بەشداری لێزانترین و کارامەترین ئەکتەرەکانی سینەما و بەتایبەت شانۆ، لەوانە: قاسان مەسعود شانۆگێڕ و دەرهێنەری سوری (خەڵکی سوریە) لە دەوری سەلاحەدین ئەییووبیدا، Lima Neeson شانۆگێڕی ئەمریکایی، Eva Green ژنە شانۆگێڕی فەرانسی، Orlando Bloom شانۆگێڕی فەرانسی، Marton Csokas شانۆگێڕی نیوزلەندی کە زۆرتر دەوری لە کارەکانی شکسپیر و چۆخۆف و بریشتدا گێڕاوە، David Thewlis شانۆگێڕی بریتانی و سەدان ئەکتەر و شانۆگێڕی تر.

دەرهێنەر ریدلی سکات لە ١٤٥ خولەکدا فیلمێکی بالاتر لە ئیستانداردی جیهانی دروست کردووە کە ئەکتەر لە چرکە (سانیە)کاندا دەور دەگێڕن و بینەر لە خولەکی یەکەمەوە هەتا ١٤٥ لەگەڵ خۆیان دەکێشن. وا وێدەچێ کە دەرهێنەر مینیاتۆر ئاسا دەم و چاو و لەش و جووڵەی ئەکتەرەکانی بەکارهێناوە. تەنانەت لە شێوەی کایەکردنەکاندا، ستایلی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی بەرچاو دەکەوێت، ئەوەش لە کۆنتراستێکی مەنتقیدا. ریدلی سکات بە کەڵک وەرگرتن لە شانۆگێڕ بۆ دەورە سەرەکییەکان لە سینەمادا، دەم و نەفەسی ئەکتەر و بینەری لەیەک نزیک کردۆتەوە. بینەر دەزانێت لە هۆڵی شانۆدا دانەنیشتووە، هەروەها ئەکتەرەکان دەزانن کە

لەسەر سەکۆی شانۆ نین، بەڵام لە شوێنە داخراوەکاندا بۆ وێنە لە دەرباری پاشای ئورشەلیم یان لە بارەگای سەلاحەدین، بینەر لە بەرانبەر خۆیدا شانۆ دەبینێ، بەڵام لێشی تێک ناچێ کە لە سینەمایە. ئەوەش تەواو لە خزمەتی ناوەڕۆک و سەردەمی ڕووداوەکە و هەست و نەستی ئینسانی ئەو سەردەمەدایە، کە مرۆڤەکان تێدا ژیاون. سکات لە فیلمەکەیدا کلێشەکانی ئەکتەری و شانۆگێڕی شکاندووە، دەورەکانی بە کەم نرخ و پڕ نرخ دابەش نەکردووە، تەنانەت ئەو منداڵەی کە کەمتر لەیەک خولەک دەوری هەیە و تەنیا یەک ڕستەی کورت لە دەمی دێتە دەرێ، هان دراوە بۆ کایەی گەرمی دەم و چاو و جووڵەی لەش. Kingdom of Heaven لە لایەنی ئەکتەری و دەورگێڕانەوە تاقیکردنەوەیەکی گەلێک هونەرمەندانەیە.

بەکارهێنانی میراتی هەزاران ساڵەی شانۆگێڕی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەویش لە ئاستێکی ناونەتەوەییدا، نە تەنیا هونەرێکی بەرزە، بەڵکو سەلماندنی ئەم فکرەیە کە مرۆڤایەتی لە بەیەکەوە بوونی ڕەنگەکاندا مرۆڤایەتیە. لەم فیلمەدا جەستە و میمیک و جووڵەی لەش، پەیامی ئاسمانی و زەوینی وەک هونەر، دەردەخەن کە لە فەلسەفە و سیاسەتیش دوورنییە، ئەڵبەت ئەگەر لێی تێبگەین!

## چیرۆک

«بالیان»ی گەنج لەگەڵ قەشە و کەسێکی تردا لەسەر بەرزاییەک لە سەرما و با و بۆراندا خەریکی هەڵکەندنی گۆڕ بۆ ژن و کوڕەکەیەتی. لەم کاتەدا کاروانێک لە سەرباز بە لایاندا تێدەپەڕێ. قەشە دوور لە چاوی بالیان ملوانکەی خاچی ژنەکەی لە ملی دەردێنێ و بۆ لای کاروان ڕادەکات. دواتر کاروان ڕێیان دەکەوێتە ئاسنگەرخانەکەی بالیان و داوای گۆڕینی ناڵی ئەسپەکانی لە بەرانبەر پارەدا لێ دەکەن. ڕابەری کاروانەکە بە تەنیا دەکەوێتە ئاخافتن لەگەڵ بالیاندا و دەیدرکێنێ کە ئەو باوکییەتی و داوای لێبووردنی لێدەکات کە لەگەڵ دایکی بەجێی هێشتوون. هەروەها داوای لێدەکات کە لەگەڵی بکەوێت بۆ ئورشەلیم کە بالیان قەبووڵی ناکات و کاروان شوێنەکە بەجێ دەهێڵن.

قەشە لە گفتوگۆ لەگەڵ بالیاندا دەڵێت کە ژنەکەی زیناکار بووە و دەچێتە جەهەندەم، لەم کاتەدا بالیان چاوی بە ملوانکەی ژنەکەی دەکەوێت کە لە ملی قەشەدایە، هەڵینگ دەدات و لە ملی دەردێنێ و دەیهاوێژێتە ناو کوورەی ئاسنگەرخانەکەوە، پاشان وەشوێن باوکی دەکەوێت و لە ڕێگا لەگەڵ نێردراوانی قەشەی ناوچەکەدا، کە داوای بکوژی قەشە دەکەن، تووشی شەڕ دەبن، باوکی بریندار دەکرێ و بەمجۆرە چارەنووسی بالیان تێکەڵ شەڕی خاچپەرەستان دەبێت. لە ڕێگای چوون بۆ ئورشەلیم لە دەریا، تووشی تۆفان دێن. بالیان ڕزگاری دەبێ و بە تەنیا لە بیابان ڕووبەڕووی دوو عەرەب پۆش دەبێتەوە کە داوای ئەسپەکەی لێدەکەن، لەم شەڕەدا یەکەم موسڵمان بە دەستی بالیان دەکوژرێ، بالیان لە کوشتنی عەرەبی دووەم چاو دەپۆشێ و وەک دوو هەڤاڵ بەرەو ئورشەلیم وەڕێ دەکەون. بالیان بەهۆی باوکی و وەسیەتەکەیەوە داوای لێدەکرێ لە خزمەتی پاشای ئورشەلیم دابێ و بەرگری لە مەسیحیەت بکات.

بالیان کە دوچاری قەتڵ بووە، خۆی بە گوناهکار دەزانێت و داوای لێبوردن لە خوا و مەسیح دەکات، بەڵام بالیان لای وایە خوا و مەسیح لەونیان لێ گۆڕیوە و وەڵامی نادەنەوە.

بالیان ڕێگای دەکەوێتە بارەگای پاشایەتی و لێرەوە ڕاستەوخۆ تێکەڵ ڕووداوەکان دەبێت و وەک بەرپرسی شاری کاراک دیاری دەکرێت کە دەست دەکات بە ئاوەدان کردنەوە و یارمەتیدانی خەڵک بە موسڵمان و مەسیحی و جوولەکە و ئەوانی ترەوە. شەڕخوازانی مەسیحی دوور لە ویستی شا دەکەونە کۆمەڵکوژی و بەڵێنی ئاشتی سەلاحەدین و پاشای ئورشەلیم جێبەجێ ناکەن. پاشان بەر لە مردن داوا لە بالیان دەکات ببێتە جێنشینی.

بۆ ئەوەش کە بتوانێ دەستەڵات بە دەستەوە بگرێت دەبوو بڕیاری کوشتنی سەرانی شەڕخوازی مەسیحی بدات کە ڕێگر بوون لەبەر پاشابوونیدا. بالیان ئەوە قەبووڵ ناکات و سەرلەنوێ دەبێتەوە کەسێکی ئاسایی، لە جێگای ئەو شەڕخوازان دەستەڵات بە دەستەوە دەگرن و بانگەوازی شەڕ دژی موسڵمانەکان و سەلاحەدین دەردەکەن و دەکەونە کۆمەڵکوژی موسڵمانەکان و لەم بەینەدا خوشکی سەلاحەدین دوور لە شەڕ بە دەستی فەرماندەی فەلەکان دەکوژرێ. سەلاحەدین بۆ دووری لەشەڕ ڕاسپاردە دەنێرێتە لای شا و داوای لێدەکات تەرمی خوشکەکەی و زیندووی بکوژانی بنێردرێن بۆ لای سەلاحەدین، بەڵام ڕاسپاردەکانیش دەکوژرێن، لەناو موسڵمانەکانیشدا خوازیارانی شەڕ زۆربوون، بەڵام

دەستەلاتیان نەبوو لە قسەی سەلاحەدین دەرچن کە ئومێدی ئاشتی دەخواست. لە شەڕێکی قورسدا فەلەکان تێک دەشکێن و پاشا و فەرماندەی شەڕخوازی فەلە دەستبەسەر دەکرێن. سەلاحەدین بە دەستی خۆی خەنجەر لە فەرماندەی فەلەکان دەکێشێ و کەچی بە پاشای ئۆرشەلیم دەڵێت: پاشا پاشا ناکوژێ بۆ ئەوەی دەرس وەرگرێ. بە تێکشکانی فەلەکان، ئورشەلیم بێ شا و بێ فەرماندە دەمێنێتەوە. بالیان بۆی دەلوێ خەڵک هان بدات بۆ بەرگری کردن، بەڵام بەرگری کردن لە ژیانی خەڵک نەک لە شوێنەکانی ئایینی. پاپا کە لایەنگری شەڕخوازان بوو، ئێستا داوا لە بالیان دەکات کە شار بەجێ بێڵن، پاپا لە وەڵامی ئەم پرسیارەی بالیاندا کە دەپرسێ: «ئەی خەڵکی بێ تاوانی شارەکە چی بکەن؟ دەڵێ: «ئەوە خواست و ویستی خودایە، هەرچیان بەسەر بێت، ئێمە دەبێ گیانی خۆمان ڕزگار کەین!» کاتێک سەلاحەدین دەگاتە بەر دەروازەکانی شاری ئورشەلیم هەمان پاپا دەڵێ: «هەموو ببن بە موسڵمان و پاش شەڕ دیسان هەڵگەڕێنەوە سەر ئایینی مەسیح»! پاش ئەوەی لە نەبەردێکی دژواردا قەڵای ئورشەلیم دەڕمێ، سەلاحەدین و بالیان بۆ وتووێژ ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستاون. بالیان مل نادات بۆ بە دەستەوەدانی شارەکە. سەلاحەدین دەڵێت: «لە شارەکەدا ژن و منداڵ و کەسی بێ دەرەتان هەیە، ئەگەر شەڕ بکەوێتە ناو شار، ئەوانە لە ناو دەچن».

بالیان کە حەز لە کوشتنی خەڵک ناکات دەڵێ: « بەڵام پێشتریش لەلایەن موسڵمانانەوە بەڵێنی وا دراوە و پاشان، دەستیان کردووە بە کوشتنی خەڵک. سەلاحەدین لە وەڵامدا دەڵێت: «بەڵام ئەوان سەلاحەدین نەبوون، من سەلاحەدینم» بالیان لەسەر بەڵێنی سەلاحەدین ئورشەلیم دەسپێرێتە ئەوان. جارێکی تر ئورشەلیم دەبێتەوە شوێنی ژیانی بە ئاسایش و بە یەکەوە ژیان.

بالیان لەگەڵ هاوسەری تازەی، خوشکی پاشای ئورشەلیم دەگەڕێتەوە ئاسنگەرخانەکەی. جارێکی دی کاروانێک دەگاتە بەر دووکانەکەی و سۆراغی ئورشەلیمی لێ دەپرسن، پاشان سۆراغی بالیانی لێ دەپرسن کە بەرگری لە ئورشەلیم کردووە، لە وەڵامدا دەڵێت من ئاسنگەرێکم و هیچی تر. سەر کاروانچی دەڵێت من پاشای بریتانیام و هاتووم ئورشەلیمی پیرۆز ڕزگار بکەم.

بالیان دیسان دەڵێت من ئاسنگەرێکم و هیچی تر.

بەم چەشنە فیلمەکە بە پەیامێکی بەرزی ئاشتیانە و ناگوتن بۆ شەڕ کۆتایی پێدێ.

### دەرهێنەر و فیلمەکە

سکات دەڵێ: من هەمیشە بیرم لە دروستکردنی فیلمێک لەبارەی شەڕەکانی سەدەی ناوەڕاست بەتایبەت شەڕی خاچپەرەستەکانەوە دەکردەوە.

پاڵەوانەکانی سکات ئەو تاکە کەسانەن کە لە باڵاترین و نزمترین پلەدا تاکە کەس دەمێننەوە. ئەمڕۆ لە بەرزترین پلەدان و سبەی لە نزمترین، بەڵام بایەخی ئینسانی ئەو مرۆڤانە پلە و پایەی ئەوان نییە، بەڵکو دەروون و ڕاستگۆیی و ئینسان بوونیانە، کە سکات بە زمان و وێنەگەلێکی ساکار و قووڵ نیشانی داوە. زمان و دیالۆگ و داڕشتن و دراماییی بوونی دیالۆگەکان و کورت بوون و پڕ مانا بوونی وشەکان هونەرێکی باڵا نیشان دەدەن.

فیگۆر و کەسایەتیەکانی فیلمەکە چڕو هەمەلایەن و قووڵن. ئەوین لەم فیلمەدا ڕواڵەتێکی ساکاری بازرگانی نییە و کار دەکاتە دەروون و قووڵایی مرۆڤ. ئەوەش بەرهەمی ٢٠ ساڵ خوێندن و لێکۆڵینەوەی سکاتە لەسەر ئەفسانە و فیگۆر و کەسایەتیەکانی مێژوویی.

ڕیدلی سکات دەرهێنەر و وەستایەکی فیلمی داستانی و مێژووییە کە بنەمای قووڵی ئینسانی دەنوێنێ. هەروەک چۆن لە فیلمی Gladiator, Blade Runnen, Blak Hawk Down نیشانی داوە. سکات بە وەستای مۆدێرنی گێڕانەوە (ڕیوایەت کردن) ناسراوە، لەم فیلمەدا وتە و تێڕوانینی مرۆڤەکان کە تاکە کەسن و بۆ ئیدیالی خۆیان شەڕ دەکەن، ئاوا دێنە زمان:

- لە ئاست دوژمندا بێ ڕەحم مەبە.
- لە خۆبردوو و عادل بە.
- ڕاست بێژە، ئەگەر سەریشت تێدا بچێت
- بەرگری لە خەڵکی بێ چەک و بێ دەستەلات بکە و بێ حەقی دەرحەق بە کەس مەکە.

ئەوانە وتەی ئەو کەسانەیە کە لە شەڕدان و بەڵام شەڕخواز نین و ئاشتی خوازن.

### چەند وتەی تری کارێکتەرەکان

- تۆ ئەو کەسە نی کە لە دایک بووی، بەڵکو تۆ ئەو کەسەی کە بە ڕاستی لە تۆدا دروست بووە.

– ئەگەر بڕیار بێت شەڕ ئێستا یان دواتر دەست پێبکات، من ئێستا هەڵدەبژێرم.

– ژنێک لە بارودۆخی منـدا دوو ڕووی هەیە، یەکەمیان بۆ نیشاندان بە جیهان و دووەمین ڕووی سەرتاپا شەخسی.

– ئەوە چ مرۆڤێکە کە نایەوێت دنیا بەرەو باش بوون بەرێت؟

سکات بۆ نیشاندانی مەبەستەکانی وەستایانە لە فاکتەرەکانی ڕیاڵ و مێژوو کەڵک وەردەگرێ و درامێکی ئینسانی دەخولقێنێ. ئەو بە وەرگرتنی ئۆسکار بۆ فیلمی گلادیاتۆر جارێکی تر چاوەکان بەرەو ڕابوردوو دەگەڕێنێتەوە.

سکات لە فیلمی Kingdom of Heavenدا پووچی و بێ مانایی شەڕی نێوان موسڵمان و مووسایی نیشان دەدات، کە ئێمەی بینەر دوور لە فیلمەکە پاش تێپەڕبوونی ٨٠٠ ساڵ لە فۆرمی ئەمڕۆییدا درێژەکەی لە شەڕی ئەفغانستان و عێراقدا دەبینین، کە لە ڕاستیدا وێنەی هەمان شەڕی ڕۆژئاوای مەسیحی و ڕۆژهەڵاتی موسڵمانە!

سەلاحەدینی ئەیووبی و پاشای گەنجی ئورشەلیم حەزیان لە ژیانی هاوبەشی ئیسنانەکانە بە هەموو تیرە و ئایینەکانەوە، بەڵام دنیا پەرەستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە ناوی خودای مەسیحیەت و ئیسلام ئورشەلیم بەرەو شەڕ دەبەن، شەڕێک کە لە سەدەی بیست و یەکیشدا بەردەوامە. بالیان فەرماندەی بەرگری لە ئورشەلیم لە کاتی وتوویژ لەگەڵ سەلاحەدیندا دەپرسێت: ئورشەلیم بۆ تۆ چ بایەخێکی هەیە؟ سەلاحەدین دەڵێت: «هیچ»، پاش چەند هەنگاو ڕۆیشتن ڕوو وەردەگێڕێت و دەڵێت: «هەموو شت».

ئەم دوو وەڵامە دژبەیەکە بۆ یەک پرسیار و وتەکانی بالیان بۆ بەرگری کردن لە ژیانی خەڵک، نەک لە پیرۆزبوونی شوێنەکانی ئایینی ئورشەلیم، بۆچوونی نووسەر و دەرهێنەر لەسەر دیاردەکانی ئینسانی نیشان دەدات.

لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، بۆچوونی مێژوویی پاپا URBA ١١ لە ساڵی ١٠٩٥دا هەیە، کە بانگەوازی شەڕ دژی موسڵمانان دەردەکات و دەڵێ: «دەبێ ئورشەلیم کە لە سەدەی ٧ی پاش زایینەوە لە لایەن موسڵمانانەوە داگیرکراوە، ڕزگار بکرێ. پاش ئەم بانگەوازە بە هەزاران کەس بەرەو بەرەکانی شەڕ وەڕێ دەکەون و بەشداری لە شەڕێکی ٢٠٠ ساڵە دەکەن. ئێمەی بینەر دەزانین کە هەمان بانگەواز بە دەیان جار لە سەدەی ٢٠دا لەلایەن ئایەتوڵاکانی ئیسلام و ڕابەرانی سیاسی و ئایینی جیهانی ڕۆژئاواوە دووبارە کراوەتەوە و دەیان شەڕی لێ کەوتووەتەوە. سەدەی بیست و یەکیش بەشەڕی ئایینی لە ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١دا دەستی پێکرد و لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابوردوودا لە باڵکان و ڕۆژهەڵات چەند شەڕی گەورەی لێ کەوتۆتەوە، بەڵام شەڕەکانی ئەم سەردەمە بە چڕی، گرێ دراوی بەرژەوەندییەکانی ئابووری و سیاسی و گرێدراوی زانست و تەکنیکی یەکجار پێشکەوتووی سەردەمن.

فیلمی Kingdom of Heaven کارێکی هونەری مەزنە دژی شەڕ لە کۆن و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

ئورشەلیم لە ماوەی یەکەمین شەڕی خاچپەرەستاندا ٨ جار لە نێوان چەند بەرەو جیلی پرنسەکانی مەسیحیدا دەستاو دەستی پێکرا، هەتا ١١٨٦ کە چیرۆکی فیلمی Kingdom of Heaven دەست پێدەکات. **ئینسان بە هەموو شانازییەکانی ئینسانی خۆیەوە پاش ٢٠٠٠ ساڵ مەسیحییەت و زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ ئیسلام هێشتا نەیتوانیوە مەسەلەی شارێک بە ناوی ئورشەلیم چارەسەر بکات!**

سیناریۆی فیلمی Kingdom of Heaven و زمان و مۆسیقای تێکەڵی ڕۆژئاوا- ڕۆژهەڵاتی و وێنەگرتنەکان و جل و بەرگ و هەموو پێکهاتەکانی شوێن و دەیان بەشی هونەری تر فیلمی Kingdom of Heaven کارێکی فەرامۆش نەکراویان پێک هێناوە بۆ سینەما و شانۆو هونەر بەگشتی.

**جۆزەردانی ٢٧٠٥**

# مارف ئاغایی و ڕیالیزمی شیعری

هادی حەبیبی (هاوڕێ)
(بۆکان)

پاشایی، نووسەرێکی فارس، دەڵێ: **«شیعر ئەوکاتە زیندوو دەمێنێ کە لە ئێمەدا بژی، چ شیعری دوێنێکە بێ، چ شیعری ئەمڕۆ»** (١) لە درێژەی ئەم قسەیەدا دەکرێ بڵێین ڕەنگە شیعرێ سەدان ساڵ لەوەپێش نووسرابێ و هەر زیندووش بێ، چون لەگەڵ مرۆڤی هاوچەرخی خۆیدا ژیاوەو ڕەنگە شیعرێ ئەمڕۆکە نووسرابێتەوە، بەڵام تەمەنێکی کەمی بووبێ و زوو مردبێ چونکە پێوەندییەکی بە ژیانی مرۆڤی سەردەمی خۆیەوە نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا «نیما» و «شاملو» لەسەر ئەو باوەڕەن کە شیعر دەبێ لە خزمەت پێشکەوتن و سەرکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵدابێ. ئەوە هەر ئەو شیعرەیە کە لە ڕۆحی مرۆڤدا دەژی و پێبەپێی ژیانی مرۆڤ ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. ئەوانەم کردە پێشەکییەک بۆ ئەوەی بڵێم مارف ئاغایی شاعیرێکە کە شیعرەکانی لە ڕۆحی مرۆڤدا دەژین. شیعری مارف لە هەوەڵ چاوپێکەوتنندا. بە ترۆپکی خەیاڵەوە، ڕەنگ و بۆنی هەقیقەتێکی بێ بڕانەوە دەدا. مارف شاعیرێکی ڕاستەقینەیەو سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ بۆ «وەرینی گەڵایەک»، «کوژرانی باڵندەیەک»، «پشکووتنی گوڵێک» یان «ئازارێکی دەروونی» و دەیان شتی دیکە کە خۆی دەڵێ: «ڕەنگە ئێمە ڕۆژێ سەدان کەڕەت بیانبینین» (٢) و لەهەر یەک لەوانەدا، هەستێک بە دنیایەک هەقیقەتەوە دەردەبڕێ.

مارف شاعیرێکی ڕیالیستەو شیعرەکانی لە حاڵ و هەوای مەکتەبی ڕیالیزمدان. پێم خۆشە پێش لە باسکردنی لایەنە ڕیالیزمییەکانی شیعری مارف، پێناسەی شانفلووری و مووپاسان لە ڕیالیزم بنووسمەوە. شانفلووری، نووسەری فەڕانسەیی، دەڵێ؛ «ڕیالیزم یانی تەماشاکردن لە مرۆڤی ئەمڕۆ بە چاویلکەی ژیارێکی نوێوە» و مووپاسان (ڕۆماننووسی فەڕەنسی) دەڵێ: «ڕیالیزم یانی کەشف و باسکردنی ئەم وەزعەی کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا دەژی»، بەو مانایە کە هەر مرۆڤێ لە چاخ و زەمانەی خۆیدا، بە هەقیقەت چۆن دەژی، ئێمە کەشفی ئەو چۆن دەژییە بکەین. ئەدەبیاتی ڕیالیستی باسی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی دەکا کە کۆمەڵگەیەک هەیەو نووسراوەیەکی ئەدەبی، دەبێ مەبەستگەلی ئەو کۆمەڵگەیە ڕوون بکاتەوە. ئاماژە بەوەش بکەم کە ڕیالیزم لە پێشدا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕەوتی «هونەر بۆ هونەر»دا هات و لەسەرەتاوە ئەو مەکتەبە لە شێوەکاریدا دەستی پێکردو دواتر هاتە مەیدانی ئەدەبیاتەوە و هەوەڵ هەنگاویشی بەرەو ڕۆمان بوو. (٣) بەڵام دیارە شیعریش وەک بەشێک لە هونەر لە شوێن وەرگرتن لەم مەکتەبە، بێبەش نەبوو، دواتر ئەم مەکتەبە لەسەر شیعری زۆربەی شاعیران شوێنی دانا، وەک لە ئەدەبیاتی ئەڵماندا «دهمل» و «هولتز» شاعیرانی ڕیالیستن و لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسەکاندا فرووغ و... تاد. با بێینەوە سەر باسی خۆمان، گوتمان مارف شاعیرێکی ڕیالیستەو



مارف ئاغایی

زۆربەی شیعرەکانی بۆنی تایبەتمەندییەکانی مەکتەبی ریالیزم دەدەن. مارف شاعیرێکە خۆی فریو ناداو هەر شتێ هەستی ببزوێنێ، بۆی دەنووسێ و هەرچۆن ئیلهامی شیعری بۆ بکرێ، ئاواش شیعرەکەی دەنووسێتەوە.

مارف شاعیری ئاواتەخوازی و چاوەڕوانییە، ئاواتەخوازی و چاوەڕوانیی شاعیر لاساییکردنەوە نییە و شاعیر بەهەق ئاواتەخواز و چاوەڕوانە. لە شیعری «گومان»دا کە دەکرێ بەردەنگی شیعرەکە خۆی بێ، باسی ئەم هەقیقەتە دەکا کە تۆ ناتوانی ئاواتە هەڵوەریوەکانت بژمێری، ناتوانی فرمێسکەکانی هەوری چاوەڕوانیت بژمێری، ئاواتی مردووی تۆ لە ژمار نایەو هەڵڕژانی فرمێسکی هەوری چاوەڕوانیت بۆ ناژمێرێ:

**دار ڕەنگە بتوانێ بڵێ**
**چەند فرمێسکی زەردی گەڵا**
**لە چاوانی هەڵوەریون**
**هەور ڕەنگە بتوانێ بڵێ**
**چەند پەپوولەی سپیی بەفر**
**لە چاوەکانی فڕیون**
**نا، نا، تۆ ناتوانی بڵێی**
**کە چەندە داری ئاواتت، گەڵایان لێ هەڵوەریوە**
**چەندە هەوری چاوەڕوانیت فرمێسکیان لێ باریوە**

شاعیر غەریبە و لەم وڵاتەدا هاوڕەگەزێک بۆ گریان نادۆزێتەوە. شاعیرێ کە بێ ویستی خۆی دەگری و فرمێسک پرسی پێ ناکا، بێ ویستی خۆی دەنووسێ و وشە تەگبیری پێ ناکا. بەڵام نا! شاعیر، باران، ڕێبواری ڕۆژانی بێ خۆر و شەوانی بێ مانگ و ئەستێرە، کۆچکردووی وڵاتی ئەستێرەو هەورو با، پاکترین هاوڕەگەز بۆ گریان دەدۆزێتەوەو بۆ مردنی دەگری. ئەم بارانەی کە مرۆڤترینی دڵدارانە. باران هێمای پاکی و ڕووناکی و ڕزگارییە ئەو ڕزگارییەی کە شاعیر بۆی دەگری و بە یادو بیرەوەری تازەیەوە فرمێسک دەڕێژێ. شاعیر چەواشەیەو بەدەم خەونەکانییەوە ون بووەو بۆتە ڕۆحێکی سەرگەردان و چاوەڕوان، ئەو چاوەڕوانەی کە هاوار دەکا یان بە بڵێسە یان بە شەپۆلم بسپێرن:

**خەونەکانم ونیان کردووم**
**ڕۆحێکی سەرگەردانم و چاوەڕوانم**
**کە یا خنکان و یا سووتان**
**بە بڵێسە**
**یا بە شەپۆلم بسپێرن**

ئاواتەخوازی و چاوەڕوانی لە شیعری مارفدا هەقیقەتێکی گەورەیە. مارف ئاواتەخوازێکی بێ ئۆقرەیە، چاوەڕوانێکی خەستەیە، ئەو ئاواتەخوازی و چاوەڕوانییە لە زۆربەی شیعرەکانیدا وەک «هیوا، دیدار، قۆناخ، چەواشە، خەو... تاد» دەبیندرێ کە بە بڕوای من دووپاتکردنەوەی ئاواتەخوازی و چاوەڕوانییە، بەڵام هەر جار بە چەشنێک.

لایەنێکی تری ڕیالیزمی شیعری مارف خۆشەویستیی خاک و وەتەنە. باڵاترین خۆشەویستی شاعیریش، خۆشەویستیی وەتەن و ئاوەدانی خاک و برایەتی میللەتە وەک دواتر دەبینین کە باڵاترین ڕقی شاعیر، ڕق لە ناکۆکی و دوودڵی و ڕق لە براکوژی و خاپوورکردنی خاک و وەتەنە. ئاواتی هەرەبەرزی شاعیر ئەوەیە کە هێمن وتەنی «ئارەزوومە نیشتمانم ئاوەدان بێ و بێ قڕە» مارف لە شیعری «داوا»دا لە سەرەتاوە خۆشەویستیی نیشتمان ئاوا دەردەبڕێ:

**کاتێک شیعری خۆشەویستی تۆ دەنووسم**
**– دەست بە تکا–**
**وشە دوای وشە چاوەڕێن**
**دەپێم بڵێ ئەمن کامیان هەڵبژێرم**
**خاک، نیشتمان، وڵات یا زێد؟**

ئەوەندەی نیشتمان خۆش دەوێ، نازانێ بەکام نێو بانگی بکا: خاک، نیشتمان، وڵات یا زێد؟.، کاتێکیش بیری دوور بوونەوە لە باڵای نیشتمان دەکا، دیسان وشە، دەست بەتکایە.

شاعیر نازانێ ژان، ئازار یا دەرد و ئێش، کامیان بەجێبێڵێ، گڕی ئەم ئەشقە، ئەوەندە لە شاعیردا بەتینە،

کە شاعیر دەبێتە خاک، خاکێ کە توانای کۆچی نییەو ئەوەش دەبێتە ڕازی مانەوەی هەمیشەی شاعیر لەم وڵاتەدا:

**خاک**
**توانای کۆچی نییە**
**ئەوەیە ڕازی مانەوەی هەمیشەی من**
**لەم وڵاتەدا**

مارف کاتێ باسی ئەشق بە نیشتمان دەکا، بەهەقیش ئاشق بە نیشتمانە. ناسر وەحیدی نووسەری هێژای وڵاتەکەمان دەڵێ: «مارف سەبارەت بە زێدەکەی ئەوینێکی بەرزی ئەفلاتوونی هەیە. ئاواتەخوازە هەموو گەلەکەی بەچاوی ئەو نیشتمان ببینن، بە ڕۆحی ئەو لە نیشتمان بگەن، بە دڵی ئەو خۆشیان بوێ، نیشتمان لەناو دڵی شاعیردا و شاعیر لەناو نیشتماندا وەها تێکهاڵاون، هیچ کامیان ناتوانن بەبێ یەک هەڵبکەن، شاعیر زۆرجار دەبێتە نیشتمان و بۆ خودی شاعیر دەدوێ: (٤)

**ناتناسم نا،**
**هەرچەند وەکو هەناسەی و**
**دەرۆح و گیانم خزیوی**
**بەتۆ نامۆم**
**هەرچەند وەکو خۆم**
**لە ئاوێنەی ڕووبەڕوومدا ڕاوەستاوی**
**بۆ تۆ دەگریم**
**- ئەی شاعیرە غەمبارەکە-**
**بۆ بە چارەنووسی منا گرێ دراوی؟**

ئەشق بە نیشتمان، دیسان لە زۆربەی شیعرەکانی مارفدا وەک «وێنە، موعجیزە، چەمەر، خۆزگە، خۆشەویستی، پەیام و.. تاد» دەبینرێ کە خۆشەویستیی نیشتمان هەرجار بە شێوەیەک دووپات دەبێتەوە.

لایەنێکی تری ڕیالیزمی شیعری مارف، شەڕی نێوان مەرگ و ژیان، گەنجی و پیری، دیتنەوەو ونبوون، تامەزرۆیی و ڕێژگاوی و... تاد، کە ئەگەر سەرنج بدەین لە ئاکامدا هەموویان بەشەڕی نێوان مەرگ و ژیان کۆتاییان پێدێ، کە شاعیر وەک چارەنووسێکی تەسلیم، چەواشەی نێوان شەڕی مەرگ و ژیانە، مارف لەشەڕی نێوان مەرگ و ژیاندا سەرگەردانە، زەوی سەخت و ئاسمان دوورو شاعیر لەنێوان بەردو باراندا پەرێشانە. لە شیعری «تەنگەبەر»دا، شاعیر لە سەرەتاوە مردن بە باران دەشوبهێنێ کە لە دەوروبەریدا بەخوڕ دەبارێ، زەمان وەک -با- یەک وایە کە بە توندی لەبەر بارانی مردن هەڵدێ.

زەمان نامرێ و دەست لە دەستی بارانی مردندا، تەمەنی بەفر کەم دەکەنەوە. بەفر هێمای ژیانە، ژیانێک کە چەشنی بەفر کەم تەمەنە، ژیانێک کە لەشەڕی نێوان مردن و قەزاو قەدەردا زۆرترین زیان دەبا. ژیانێک کە جارێکی تر دەبێتە لک و لە شەڕی نێوان دار و -با-دا زۆرترین زیان دەبا.

شوبهاندنی مردن بە باران، ئەوپەڕی نائومێدییە. دەڵێی زەمانە هەر مردنە و مرۆڤێ نییە، ئاخر شاعیر تا زیاتر لەخۆی نزیک دەبێتەوە، زیاتر لە بوونی خۆی دڵساردو نائومێد دەبێ. تەنانەت لەگەڵ خۆی دەڵێ کە بڵێی ڕۆژێ بەو ڕاستییە بگەم کە تراویلکەم:

**ئەرێ من کێم**
**تا زیاتر لەخۆم نزیک دەبمەوە**
**زیاتر لە بوونم،**
**دڵسارد... ناهومێد**
**بڵێی ڕۆژێک بێ**
**بەو ڕاستییە بگەم: من تراویلکەم!**

شەڕی دووەم، شەڕی نێوان گەنجی و پیرییە. شاعیر ڕواڵەتێکی ئاشکرای هەیە، بە ڕواڵەت گەنجی گەنج، بەڵام لە دەروونا پیری پیرە، بۆیە شاعیر دەترسێ کە ناچار بێ، دەروونی لەو دیوی ڕواڵەتی بنێژێ:

**بە ڕواڵەت گەنجی گەنج**
**بە دەروون پیری پیر**
**دەترسێم زۆر زووتر ناچاربم دەروونم،**
**لەو دیوی ڕواڵەتم بنێژم.**

شەڕی سێیەم، شەڕی نێوان دیتنەوەو ونبوونە. شاعیر دیتنەوەی خۆشەویستەکەی پێ سەختە، تەنانەت کاتێ لەگەڵیدایە، لەم بەشەدا شاعیر وا هەست دەکا هەرچەند لە مەعشووقەکەی نزیکتربێ، دیسان لێی دوورە، بۆیە دیتنەوەی مەعشووقەکەی بە سەخت دەزانێ کاتێ لەگەڵیدایە، هەر وەک ون بوونی بە دژوار دەزانێ، تەنانەت ئەو دەمەی لێشی دوورە:

**دیتنەوەت چ سەختە**
**تەنانەت ئەو دەمەی پێکەوەین**
**ونبوونت چ دژوار**
**تەنانەت ئەو دەمەی لێک دوورین.**

ئاخۆ لە هەر یەک لەم دوو لایەنە شیعرییانە، مارف هەست بە چەواشەبوونێک ناکا؟ لایەنێکی تر تامەزرۆبوون و ڕێژگاوی بوونی ئاکامە، مارف شەڕی نێوان تامەزرۆبوون و ڕێژگاویی لە شیعری «شەپۆل»دا، دەردەبڕێ کە تۆ بەستێنێک بووی، عومرێک چاوەڕوانی

ئاوی زەریات دەکرد شەپۆلێک هات و تۆی خستە ژێر، ئەوجار زانیت کە بەستێنی زەریایەکی چەندە سوێر بووی! لەم شیعرەدا کە بێشک بیرێکی فەلسەفی تێدایە، مارف چەند شاعیرانە ڕەنج بە خەساریی مرۆڤ نیشان دەدا. مرۆڤ وەک بەستێنێکەو ئاواتەخوازی گەیشتن بە سەدان شتی هەیە، بەڵام کاتێ پێی گەیی، ئەوسا دەزانێ کە نەتەنیا دایناMرکێنێ، بەڵکو دەردەکەشی لێ گرانتر دەکا:

**بەستێنێک بووی و تەمەنێک**
**چاوەڕوانی ئاوی زەریا**
**لە نیوەڕێی ژیانتدا، شەپۆلێک هات تۆی کردە ژێر**
**ئای کە نەتزانی**
**بەستێنی زەریایەک بووی**
**ئەوەندە سوێر!**

لە شیعری (تراویلکە)شدا، دیسان شەڕی نێوان تینوێتیی شاعیرو سەمای بریقەداری تراویلکەکان بەرچاوە. هەروەها شەڕی نێوان تەنیایی شاعیر و هەناسەی پاییزی ئاشنا نامۆکان. لە بەشی ئاخری شیعرەکەشدا شەڕی نێوان ئازادی و یادە تاڵەکانی ڕۆژانی نێو زیندان. دیسان لە شیعری «هیوا»دا شەڕی چراو -با-، شکۆفەو خەزان، مرۆڤ و چارەنووس، ئاشکرایە کە لە هەقیقەتدا هەر شەڕی نێوان مەرگ و ژیانە. لایەنێکی تری ڕیالیزمی شیعری مارف، دووپات بوونەوەیەکی تری هەمیشەییە کە شاعیر لەو دووپات بوونەوە زاڵە دێ و ئاواتی تازەبوونەوەی هەیە. ئەو هەستە لە شیعری «قۆناخ»دا بەرچاوە. ڕەنگی تەمەنی یەکسالەی سروشت، شین و زەردو سپییە، ڕەنگی تەمەنی یەکجاری مرۆڤ منداڵی و لاوی و پیرییە. هەر دووپاتەو دووپات. چ دەبوو تازەبوونەوەیەکی بێ دووپات ببوایە:

**شین، زەردو سپی**
**ڕەنگی تەمەنی یەکساڵەی سروشت**
**منداڵ، لاو و پیر**
**ڕەنگی تەمەنی یەکجاری مرۆڤ**
**ئای لە کوێی، لە کوێ تازەبوونەوە؟**

لە شیعری «ئەزموون»دا دیسان ئەم هەستە دەبیندرێ، ئەگەر سەرنج بدەین، مرۆڤ لەم شیعرەدا تەسلیمی یەکجاری چارەنووسە، چارەنووسێکی دووپات، چارەنووسێ کە شاعیرە دڵناسکەکەمان وەناڵە دێنێ:

**تەنیا یەک جار**
**هەڵفڕین تەجرەبە دەکا**
**گەڵا**
**لە پاییزدا**
**لە لکەوە هەتا زەوی**
**ئەمنیش تەنیا یەک جار ژیان**
**لە گریانی کاتی لە دایک بوونەوە**
**تا فرمێسکی دەمی گیاندان.**

لە شیعری «پەنا»دا، شاعیر تەنانەت هانا بردن بۆ شیعریش هەر بە دووپات بوونەوە دەزانێ، وەک هەمیشە کاتێک هەوری هەستێ لە دەروونیا دەگرمێنێ و بەرێژنە بارانی وشە دەبارێنێ، شاعیر پەنا دەباتە چەتری ئاوریشمینی شیعرێکی نوێ:

**ئەو دەمانەی هەوری هەستێک**
**لە دەروونما دەگرمێنێ و بەرێژنە**
**بارانی وشە دەبارێنێ**
**پەنا دەبەم**
**بۆ ژێر چەتری ئاوریشمینی شیعرێکی نوێ.**

لایەنێکی تری ڕیالیزمی شیعری مارف، توورە بوون بەرانبەر بە گەلەکەیەتی، ئەو بەشە کە دەمەوێ زیاتر لەسەری بدوێم، ڕیالیزمێکی جیاوازەو دەکرێ بڵێین ڕیالیزمی ڕەخنەییە «رئالیسم انتقادی». مارف لەم بەشەدا ڕەخنەگری وڵات و نیشتمانی خۆیەتی. لەنێو فارسەکانیشدا «جەمالزادە» نووسەرێکی ڕیالیزم و ڕەخنەگری کۆمەڵی خۆیەتی وەک لەمەڕ زۆربەی نووسراوەکانی هیدایەتیشدا ئەم قسەیە کراوە(٥). لە هەر حاڵدا مارف ڕەخنەگرەو توورەیە بەرانبەر بە گەلەکەی. ئەم هەستە لە شیعری «پەیام»دا کە بەداخەوە ناتەواو ماوە- خۆیایە شاعیر ئاوا دەست پێدەکا؛ سوورەگوڵ دوا هەناسەمان بۆ هەڵدەکێشێ، منداڵی سەرلانک و پیری سەر لێواری گۆڕ بۆمان دەگرین، باڵی پەپوولە چەشنی بەفر هەڵدەوەرن، سەری سپیی کۆتر وەک تەرزە وڵاتی لەشیان بەجێدێڵن، ڕۆح و گیانی شاعیر لەو دەردەدا تک تک هەڵدەوەرێ و کەس هەستی پێناکا. لای مرۆڤ هیچ، لای باڵندەش، لای زیندوو هیچ لای کۆچکردووش، لای خەڵک هیچ، لای خۆشمان، لای ئەمرۆ هیچ، لای سبەینێش ئابروومان چوو. فڕین و بەهار وڵاتەکەیان بەجێ هێشتووین، لەجێی باران، خۆڵمان بەسەردا دەبارێ، لەگەڵ یەک نامۆین، چاوپڕ کەلاک و دەست پڕ تاوان و دڵ پڕ کەمین و گوێ پڕ لە ڕەمزی شەڕە. دوژمنی دەست و قاچێکی دیکەمانین، ئەم وێنانە، شاعیر وەگریان دەخەن و دەڵێ:

**ببوورە ئەمشەو برینت دەکولێنمەوە هەڵەبجە گیان**
**ئەرێ زامی پێنج هەزار شەهیدی یازدەی ئازار پڕ ئێشتر بوو**
**یا یەک کەسی براکوژی؟**

**ئەریّ دووکەڵی کیمیاوی هەڵمژین ناخۆشتر بوو**
**یا هەوای ئێستای شارەزوور؟**
**هەڵوەرینی هەموو چرۆی «باغی میر» و دار هەناری**
**ئەو سەردەمەی ناخۆشتر بوو**
**یا ژاکانی تاقە یەک گوڵی ئێستاکە؟**

لە داخی ئەم دەردە، شاعیر ئیتر گوێ بۆ ڕادیۆ هەڵناخا، ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە، چاو لە تەلەڤیزیون ناکا، بۆ ئەوەی هەواڵ و باس و مەیدانی شەڕ، نەبیستێ و نەبینێ شیعری شاعیر لەم بەشەدا، تەنیا خوێن و شەڕ و مەرگ و گریانە.

شاعیر دڵپاک و ئاشتیخوازە، بە پێکانی لەش ڕادەچەنێ و بە ڕژانی دڵۆپێک خوێن، ترپە لە گیانی هەڵدەستێ. دەگری و نزیکە دڵی وەک فرمێسکێک لە چاویەوە بێتە دەرێ.

شاعیر خۆی بەرانبەر بەخوا، فریشتەکان، منداڵانی باوک کوژراو، منداڵانی پاکی ئەورۆ و براکوژانی سبەینێ، بە تاوانبار دەزانێ شاعیر گەر منداڵێکی پێخواس ببینێ، شیعرێکی بۆ دەکا بە کەوش، گەر دایکێکی ڕۆڵە کوژراو ببینێ، شیعرێکی بۆ دەکا بە کوڕ، گەر وەنەوشەیەکی بێدەنگ ببینێ، شیعرێکی بۆ دەکا بە دەنگ، بەڵام ئێستا لەنێو شیوەن و واوەیلادا چ بکا، گەڵایەو هەر بە سەوزی هەڵدەوەرێ و منداڵە هەر لە لاویدا پیر دەبێ. لە وڵاتێکەوە دەگاتە قوژبنێک کە لەشی بشارێتەوە.

عاشقی بارینە و بەتەمای بارینی بەفر و بارانە، بەڵام سام دەیگرێ کە بارینی گوللەیە یا تۆپبارانە.

ژاک دریدا فەیلەسووفی فەرەنسە دەڵێ: «هەر دەقێک خاوەن دووبەشە، بەشی هەوەڵ، بەشی ڕواڵەتی ئەو دەقەیە کە بەرچاوەو بەشی دووەم، بەشی ژوورەوەی (باطني) دەقەکەیە کە ئەو بەشەیان (بەشی ژوورەوەی دەقەکە» پێویستی بە کەشفکردن و باسکردن و ناساندن هەیە». (٦) بەشی هەوەڵی شیعرەکانی مارف ڕەنگبێ لە چاوپێکەوتنی ڕواڵەتیدا زۆر ساکار بێ، بەڵام وەک زەریایەک وایە کە دەبێ بناسرێ و باس بکرێ. هەریەک لەو شیعرانەی مارف، ڕەنگبێ بتوانین هەرچەشنە بۆچوونێکمان لەسەریان هەبێ. ئەدۆنیس «شاعیری هاوچەرخی سووریا» دەڵێ: «هەر هونەرمەندێ بیرێکی ئینسانی بەرانبەر بە هەقیقەت نەبێ، ناتوانێ هونەرمەندی زەمانەی خۆی بێ». (٧) مارف خاوەن ئەو بیرە ئینسانییە بەرانبەر بە هەقیقەتەکانی ئەم سەردەمە بوو، لەو ڕوانگەیەوە من مارف بە شاعیرێکی ڕیالیست دەزانم، مارف بە تەمەنێکی کەمەوە شاعیرێکی دەوڵەمەند و خاوەن زمانێکی ئەوڕۆی شیعریی بوو، بەتەنیا مێژوویەکی ئەدەبی بوو، بە چاویلکەی ڕەخنەوە تەماشای وڵات و نیشتمانەکەی دەکرد، وەک نزار قەببانی کە ڕەخنەگری وڵات و مێژووی عەرەب بوو، شاملوو-ش لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ڕەخنەگری وڵاتی فارسەکان بوو، مارفیش هاودەنگەکەی عەبدوڵڵا پەشێو، ڕەخنەگری وڵاتی ئێمە بوو، مارف شاعیرێکی تەنیا بوو، شاعیرێک بوو کە زۆرجار، کوڵی گریانێکی خەست هەڵیدەگرت و هیچ دڵپڕێک نەبوو لەلای بگری، زۆرجار گەرووی پڕ لە ئازار بوو، هیچ بیسەرێک نەبوو گوێی بۆ ڕاگرێ و چەند ساڵێکیش بوو، دیوانی پڕ لە شیعر بوو، بەڵام هیچ خوێنەرێک نەبوو، فرمێسک و ئازارو شیعری بۆ جێ بێڵێ، ئەوەندە تەنیا بوو کە زۆرجار بەرانبەر بە تەنیاکەی ئاسمان دەبووە تەنیای سەر زەوی و ئارەزووی دیداری تەنیاکەی ئاسمانی دەکرد، ئاواتەکانی، ئاسمان، زەریاو چیا بوو، خۆشی ئەستێرەو ماسی و بەفر بوو، لەنێو ئاواتەکانیدا دەژیاو لێشیان دوور بوو، دڵنیا بوو چیرۆکی دڵداری قەت دوایی پێنایە، هەڵوەدای ئەشقێ بوو، مێژوو نەتوانێ بیسوێنێ، لەنێو خەڵک تەنیاو بەتەنیاش خەڵکێ بوو.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


١- نام همه شعرهای تو (زندگی و شعر شاملو)، ع. پاشایی، نشر ثالث، جلد اول ١٣٧٨

٢- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٣٠، خەرمانانی ١٣٨٢

٣- مکتبهای ادبی، رضاسید حسینی، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ دوازدهم، جلد اول ١٣٨١

٤- وتاری (مارف ئاغایی شاعیری هەرێمی مەرگ و چۆڵەوانی)، ناسر وەحیدی، ڕامان ژمارە «٦٠»

٥- صادق هدایت درآینه آثارش، موسی الرضا طایفی اردبیلی، چاپخانه هدی، چاپ أول ١٣٧٢

٦- تحلیل های روانشناختی در هنر و ادبیات، دکتر محمد صنعتی، نشر مرکز، تهران چاپ اول ١٣٨٠

٧- شعر پویای معاصر عرب (رؤیاو کابوس)، دکتر عبد الحسین فرزاد، انتشارات مروارید، چاپ اول ١٣٨٠



# یەکێتی نیشتمانی شێوەکارانی کورد

ئازاد شەوقی

هونەرمەند ئازاد شەوقی لە ساڵی (١٩٩٢)دا ئەم پرۆژەیەی بە چەند نوسخەیەک چاپ کرد و دانەیەکی لێ دایە من، مەبەستیشی جێبەجێ کردنی بوو لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بۆ ئەوەی ئەو بەڵگەنامەیەی هونەرمەند نەفەوتێ، بە پێویستم زانی لە ئەرشیفی تایبەتی خۆم دەری بهێنم و بیخەمە بەر دەستی خوێنەرانی گۆڤاری ڕامان.

**سەرنووسەر**

**پێشەکی**

دەمێک ساڵە بە ئاواتەوە بووم بۆم بگونجێ پرۆژەی بەرنامەی ئەم یەکێتییە دابنێم، مەبەستیش لە دانانی ئەم پرۆژەیە لە پێشدا لایەنی تیۆرییە، ئینجا لایەنە پراکتیکییەکەی. ئەمەیان بە دامەزراندنی یەکێتی دێتە دی.

ئاواتی دێرینمان بەهێزکردنی گیانی داهێنانە لە هونەردا لە پێناوی بەرزکردنەوەی هونەری کوردی، بە دروست کردنی بەرهەمێک دوور بێت لە سیاسەتی ڕۆژانە و گیانی نەمریی تێدا بجووڵێتەوە.

زۆر بەختیارم بەوەی شەرەفی دانانی ئەم پرۆژەیە بەر من کەوت و بەڵکو ببێ بە تیشکێک بۆ داگیرساندنی مەشخەڵی هونەری کوردی.

**یەکێتی نیشتمانی شێوەکارانی کورد**

**یەکەم:** پرۆگرام

١- نازناو: یەکێتییەکە بە (یەکێتی نیشتمانی شێوەکارانی کورد) دەناسرێ.

٢- یەکێتی نیشتمانی شێوەکارانی کورد هەر یەکە لە هونەرمەندە شێوەکارەکان و ڕەخنەگران لە هونەرمەندانی شێوەکار و خۆشەویستانی هونەرە شێوەکارییەکان دەگرێتە باوەش.

٣- بنیادی سەرەکی یەکێتییەکە وەک لای خوارەوە دەبێت تا کاتی بەستنی کۆنگرە، لە پێناو چەسپاندنی بنەماکانی و بۆچوونە پراکتیکییەکانی و کاروانی بەرهەمهێنان و بووژانەوەی:

سلێمانی: (٥) ئەندام لەگەڵ (٢) یەدەک.

کەرکووک: (٥) ئەندام لەگەڵ (٢) یەدەک.

هەولێر: (٥) ئەندام لەگەڵ (٢) یەدەک.

دهۆک: (٥) ئەندام لەگەڵ (٢) یەدەک.

دەستنیشان کردنی سکرتێری گشتی ئەم یەکێتییە و جێگرەکەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەبێت، پاشان پرۆگرامی گشتی یەکێتی دەخرێتە بەردەم کۆنگرە.

٤- یەکێتییەکە لە پارێزگاکان هەڵدەستێت بە دروست

کردنی دەستەی بەڕێوەبردن کە پێک دێت لە:
أ- سەرۆکی یەکێتی.
ب- جێگری سەرۆک.
ج- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی.
د- خەزنەدار.
هـ- لێپرسراوی ڕاگەیاندن.
و- دوو ئەندامی یەدەک.

کۆبوونەوەکانی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن بۆ گشت ئەندامـــان خـــولی دەبێت، ئەویش بە تێکڕایی دوو کۆبوونەوە لە هەفتەیەکدا، جگە لە کۆبوونەوە نائاسایی و کتوپڕەکان.

٥- هەروەها یەکـێـتـیـیـەکـە لە پارێزگـاکـان بەرەو پێکەوەنانی لیـــژنەی باڵا هەنگاو دەنێت، لە پێناو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی و بە پێی چەند بنەمایەکی ورد و کـاریگەر، ئەمـەش لە ڕێی سـەرۆکی یەکـێـتی و ئەندامـەکـانەوە دەبێت، ئینجـا دەست دەکـرێت بە چەسـپـاندنی لیـژنەی باڵا دوای ئەوەی نەخـشـەی بۆ دەکـێشـرێت و ڕازی بوونی کـۆنگرەی بۆ وەردەگـیـرێت، کـــۆبوونەوەی ئەم لیــــژنەیە خـــولی دەبێت لە هەر پارێزگـایەکدا، کۆبوونەوەکان گشت ئەندامـانی یەکـێتی جـارێک لە هەر مـانگێکدا ئامـادەی دەبن، جگە لە کۆبوونەوە نائاسایی و کتوپڕەکان، دانیشتنەکان لەلایەن بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یەکێتی دەنووسرێتەوە.

٦- ئەو سیـمـایانەی کـە دەبێ لە ئەندامی یەکـێتـیـدا بەدی بکرێ:
أ- پێویستە ڕەوشت و هەڵسوکەوتی باش بێت.
ب- پێویستە کۆڵنەدەر بێت، بەردەوام بێت، بە تەنگ کـارەوە بێت، بەرهەمی زۆر بێت لە ڕووی جـۆرییـەوە، هەروەها لەلایەن جـــەمـــاوەری کـــوردســـتــــانەوە هەڵسەنگێنرابێت.
ج- پێـویسـتـە کورد بێت بە نەتەوە، نیـشـتـمانپـەروەر بێت، دڵسـۆز بێت بەرانبـەر گـەل و نەتـەوەکـەی، دژی ئاوات و هیوای گەلەکەی نەبێت.

**دووەم:** بۆچوونەکان

١- ئەندامی یەکێتی بۆی هەیە بەشداری لە لیـژنە و نەقابە و کۆبوونەوە هونەرییە شێوەکارییەکان لە گشت سووچێکی کوردستاندا بکات.

٢- دەرگـای وەرگـرتن ئاوەڵایە بۆ گـشت برادەران لە شێـوەکـار و ڕۆشنبیـر و ڕەخنەگرە شێـوەکـارییـەکـان لە پێشانگەکان و لاوانی کورد و ڕێکخراوی ژنانی کورد لە چوارچێوەی بۆچوونە شێوەکارییەکان، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێککەوتننامە و سیستەمە ناوخۆییەی لەلایەن لیژنەی ئامادەکردنەوە ئامادە کراوە، تا ئەو کاتەی دەست دەکرێت بە چەسپاندن و خستنە ڕووی سیستەمەکە بۆ کۆنگرە بۆ ئەوەی پشتگیری بکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ.

٣- یەکـێـتـی نیـشـتـمـانی شـێـوەکـارانی کـورد ڕێکخـراوێکی پیـشـەیی بێ لایەنە لە بۆچوونەکـانی بە تەنگەوەیە بۆ لەباوەش گرتنی گشت شێوەکارە دیارەکان بە تایبـەتی پێشـانگەکانیـان و تەرخان کردنی کۆشش و توانا هونەرییەکان بۆ خزمەت کردنی کورد و کوردستان لە بنیـــادی هونەری و کـــەلەپووری و شـــارســـتـــانی و ڕۆشنبـیــریـیــەکـەی لە ڕێی کـەناڵەکـانی هونەرە شێوەکارییەکان.

٤- ئامـانجی یەکـێـتی لە بۆچوونەکـانی ئازادی و دیموکـراتی و ئاشـتی و بنیـادنان و لەبەرچاوگـرتنی ئەو پێشکەوتنانەی بەسەر گێتی شێوەکاریماندا هاتووە لەسەر ئاستی کـورد و گێتی و شان بەشان ڕۆیشتن لەگەڵ ئەم پێـــشکەوتنانە لەژێر ڕۆشنایی ئەو توانایـەی کــــە لەبەردەستدایە.

**سێیەم:** بنەماکانی کارکردن بۆ یەکێتی

١- دەستکەوتنی پشتگیری کردنی بەرەی کوردستانی بۆ ئەم یەکێتییە لەپێناو جێبەجێ کردنی کاروبارەکانی.

٢- دەستکەوتنی پشتگیری کردنی پارتە نیشتمانی و کۆبوونەوە ڕۆشنبیری و هونەری و مرۆڤایەتییەکان بۆ ئەم یەکێتییە.

٣- دەسـتـکەوتنی پشـتـگیـری کـردنی ڕۆشنبـیـر و هونەرمەند و بێ لایەنەکان بۆ بۆچوونەکانی ئەم یەکێتییە.

**چـوارەم:** ئەو دروشمانەی کە یەکێتی بەرزیان دەکاتەوە و لەژێر سـێـبـەریان هەڵدەسـتـێت بە جـمـوجـوڵ و جێبـەجێکردنی کـاروبارەکـانی لەسـەر هەردوو ئاسـتی ناوخـۆیی و جـیـهـانی لەپێناو بەدی هێنانی ئامـانجـە گشتییەکانی، ئەم دروشمانەش وەک لای خوارەوەن:
أ- هونەر بۆ مرۆڤایەتی.
ب- هونەر لە پێناو سەربەرزی مرۆڤایەتی.
ج- هونەر لە پێناو سەربەستی.
د- هونەر لە پێناو سەربەخۆیی.
هـ- هونەر لە پێناو یەکسانی.
و- هونەر لە پێناو ژیانێکی هاوبەشی بە کۆمەڵ.

ئەم دروشـمـانە گـشـتـیـان بەرزکـراونەتەوە لە پێناو لەتوانابوونی هەمـوو ئەو بنەمـا ژیانیـیـە جـوانانەی کـە پێوەندییان بە مرۆڤایەتییەوە هەیە لە ڕووی وەدی هێنانی ئاشتی و بنیادنان و بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤایەتی و هەمـوویان لەڕێی یەک جـۆگـەوە دەڕژێنە ناو گـشت ئەو

جۆگە مرۆڤایەتیانەی کە لە کرێکار و جووتیار و رۆشنبیر و هەموو چینە کوردییە زەحمەتکێشەکاندا بەرجەستە دەبێت. لەبەر ئەوەی یەکێتییەکە بڕوای هەیە بەوەی ئەو هونەرەی ئاستی ئادەمیزاد بەرز دەکاتەوە بەرەو رێگای ئازادی، ئازادی بیروباوەڕ، ئازادی کارکردن.. دەبێتە هۆی رزگاربوونی کۆمەڵگا و وەستانی لە رووی درندایەتی و ئازادبوونی لە کۆیلایەتی خراپە و زیندەبەچاڵ کردن و خنکاندن، یەکێتی بڕوای بەوە هەیە کە هونەری مرۆڤانە کاتێک رزگاری دەبێت لەم هەموو کۆت و زنجیرە ترسناکانە هیچ ئامانجێکی نییە تەنیا گەرانە بەدوای راستی و چاکە و جوانیدا.

فەلسەفەی یەکێتی وەک ئامانجێکی مرۆڤانە سوورە لەسەر بەرقەرارکردنی یەکسانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، بە جۆرێک یەکسانی کۆمەڵایەتی هاوبەشە، ئەم ژیانە هاوبەشە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە بنیادی کۆمەڵگای دیموکراتی متمانەی دەکاتە سەر.

یەکێتی بە هەموو دڵسۆزییەکەوە کار دەکات لە پێناو ئاراستەکردنی تێروانینەکان بەرەو سروشتە جوان و رەنگین و بێ هاوتاکەی کوردستان و سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکەی، چونکە سروشت خۆی لە خۆیدا ژیانە.

یەکێتی پەیامە وردەکەی لە رێگەی هونەرەوە بۆ جەماوەر جێبەجێ دەکا، ئەویش بە هەڵسان بە هەڵمەتی خۆئامادەکردن لە پێناوی بووژانەوەی سامانی مرۆڤایەتی، لە ئامانجە پیرۆزەکانی کێشانی هێڵی پانە بۆ پتەوکردنی ژیانی دیموکراتی لە هەموو کات و شوێنێکدا.

**پێنجەم:** ئاوات و تێروانینەکانی یەکێتی لە پێناو بەرێوەبردنی کاروانی رۆژانەی ئێستا و دوارۆژ لەژێر تیشکی ئەو توانایەی کە لەبەردەستدا هەیە.

١- دراو.

٢- رێگەکانی دەستکەوتنی دراو.

٣- چۆنیەتی خەرج کردنی.

٤- بەرپرسیاریەتی بەرێوەبەرایەتی دارایی.

٥- رۆژنامەی یەکێتی لەگەڵ گۆڤارە هونەرییەکەی.

٦- پێوەندی کردن بە یەکێتی شێوەکارانی جیهانی، بۆ قایل بوون بە ئەندامێتی هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە چوارچێوەی ئەندامانی و شوێنی یاسایی بدرێتێ و سوود وەرگرتن لەو دەسکەوت و یارمەتیانەی کە ئەم یەکێتییە نێودەوڵەتییە پێشکەشی ئەندامانی دەکات، بۆ نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی شێوەکارانی کورد لە شوێنە هونەری و رۆشنبیرییەکانی، سەرەڕای گەیاندنی دەنگی شێوەکارانی کورد بەم یەکێتییە جیهانییە لە رێی هۆیەکانی راگەیاندن و تەلەڤزیۆن و گۆڤار و رۆژنامەکان و ئێزگەکانی، هەروەها بەهۆی کۆنگرە و فیستیڤاڵ و پێشانگا جیهانییەکانیشەوە.

٧- دروست کردنی ئۆردوگای بەرهەمهێنان بۆ هونەرە شێوەکارییەکان لە ناوەوەی کوردستاندا و کردنەوەی پێشانگای گشتی هاوبەش بۆ کارە باش و دیارەکان وەک بەروبوومی کارکردن لە ناو ئەم ئۆردوگایانە و ئاگادارکردنەوەی لایەنە کوردییە لێپرسراوەکان بە گرنگی و سوودی ئەم ئۆردوگایانە، بۆ بەدیارخستنی توانای هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە بوارەکانی بەرهەمهێنان لە یەکێک لە لایەنە هەرە ناسکەکانی ژیان کە ئەویش داهێنانە لە پێناو جوانکاریدا.

٨- یەکێتی بایەخێکی زۆر بە کەلەپووری میللی و فۆلکلۆری هونەری شێوەکارییەکان دەدا و کار لە پێناو بەدیارخستن و پەرەپێدان و بە ئەرشیفکردنی ئەم لایەنە دەکا، هەروەها پاراستنی، هەوڵ دەدات بۆ کردنەوەی پێشانگای هەمیشەیی و گەڕۆک بۆ ئەم دوو بابەتە، هەروەها کار دەکا لە پێناو هاندانی کارە دەستییە میللییەکان، کۆڵین لەسەر دار و کارەکانی مافوور و لباد و گوڵ و جلوبەرگ و چنین و نەخش کردن و قوڕکاری (سیرامیک) و هونەری بیناسازی میللی کوردی.

٩- پێناساندنی هونەرمەندە شێوەکارییەکانی کوردستان بە یەکتری و بەستنی فیستیڤاڵی خولی هەر جارەی لە پارێزگایەکدا، بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکان.

١٠- جێبەجێ کردنی ئەم هاریکارییە لەگەڵ برادەران لە دەرەوەی کوردستاندا، لە رێی کۆبوونەوە رۆشنبیری و شارستانییە مرۆڤایەتییەکان و بەهێزکردنی پێوەندییەکانی هاوبەشی کردنیان وەک میوان لە ئۆردوگای کارکردنی هونەری لە ناوەوەی کوردستاندا.

١١- بانگکردنی رۆژنامەنووسان لە دەرەوە بۆ ئەوەی شایەتی لەسەر توانای هونەرمەندە شێوەکارەکان بە تایبەتی و هونەرمەندان بە گشتی بدەن.

١٢- بایەخدان بە جلوبەرگی کوردی بە هەموو جۆرەکانییەوە، چونکە ئەم کارە سیمایەکی دیار دەدات بە گەلان کە نەتەوە و رەگەزی دەنوێنێت، بێگومان بایەخدانیش بەم دوو لایەنە بەشێکە لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتی نیشتمانی.

١٣- پێشکەشکردنی زۆرترین پێداویستییە شێوەکارییەکان بۆ دەزگاکان، بەتایبەتی باخچە نەتەوەییەکان - کشتوکاڵ - دارستان و دەزگاکانی گەشتوگوزار و کارباری ئوتێلی و... تاد.

١٤- بەهێزکردنی پێوەندییە هونەرییەکان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆی ڕۆشنبیری گەر بلوێ، ئەویش لە ڕێی کەناڵەکانی دەزگا ڕۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکان لە جیهاندا.

١٥- ئەرشیفکردنی کاری هونەرمەندان و بەرهەمەکانیان و بیبلۆگرافیایان و تۆمارکردنی بە شێوەیەکی بابەتی و ورد.

١٦- ئەرشیفکردنی کاری هونەرمەندە شێوەکارییە شەهیدەکان و کردنەوەی مۆزەخانەیەکی هەمیشەیی لە هەر پارێزگایەک بۆ ئەم کارانە، وەک دڵسۆزی و ڕێزلێنانێک بۆ ئەم مەزنانە.

١٧- کارکردن لە پێناو کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی هەموو پێداویستی و تابلۆ و کەرەستە و نامە هونەری و نووسین و تۆماری هونەرمەندە شێوەکارییە کۆچکردووەکان و پارێزگاری کردنیان وەک ڕێزلێنانێک لە ئێمەوە بەرانبەر گرنگی ئەم کار و کەرەستانە، گەلێک لە داواکاران بۆ لێکۆڵینەوە هونەرییەکان دەتوانن وەک سەرچاوەیەکی زانستی و هونەری متمانەی لەسەر بکەن.

١٨- کردنەوەی پێشبڕکێیەک بۆ دانانی نەخشە بۆ دروشمی یەکێتی نیشتمانی شێوەکارانی کورد.

١٩- دەستنیشان کردنی ساختمانێک بۆ یەکێتی لەگەڵ تەرخانکردنی ئەو پێداویستیانەی کە ڕێگا پیشاندانی شێوەکاری و وەرشەیەک بۆ کارە قوڕییەکان (سیرامیک) و پیشانگایەکی هەمیشەیی بۆ کارە باشە هەڵبژاردراوەکانی تێدا بێت.

٢٠- دەرکردنی سیپارەی سیستەمی ناوخۆ و چاپکردنی و بڵاوکردنەوەی و چەسپاندنی هیوا و تێڕوانینەکانی لە ڕێی ئەم سیپارەیەوە.

٢١- پێکەوەنانی کارمەندی بارەگا لەمانەی خوارەوە:

أ- وەرگێڕێکی عەرەبی - کوردی لەگەڵ ئامێرێکی تایپی کوردی.

ب- وەرگێڕێکی عەرەبی - ئینگلیزی لەگەڵ ئامێرێکی تایپی ئینگلیزی.

ج- کرێکارێکی فۆتۆکۆپی - لەگەڵ ئامێرێکی فۆتۆی تازە.

د- لێپرسراوێکی ئەرشیف.

هـ- لێپرسراوێک بۆ کارەکانی نووسین و تۆمار و پۆستەر.

و- وێنەگرێکی سینەمایی فۆتۆگرافی.

ز- دارتاشێکی هونەرمەند.

**١٩٨٩ - سلێمانی**

# ڕۆمانی دوو دونیا لە نێوان زەمەن و مانادا

لێدوانی: جەبار جەمال غەریب




هارمۆنی وەک تێرم و بنەمایەکی مووزیک خۆی دەکێشێتە نێو دنیای ئەدەب و ئەدەب هەنگاوێک لە مۆزیکا نزیک دەکاتەوە.

هارمۆنیای زمان ڕۆمانی «دوو دونیا» لە چوارچێوەی شەڕەکانی ڕووداو و فرتوفێڵەکانی تەکنیک دەردەکێشێ و دەیکاتە پارچەیەک مۆسیقا.

نامەوێ ئەم ڕۆمانە لە ڕووی مۆزیکییەوە بخوێنمەوە، ئەوە بۆ لەزەتی خوێنەر جێدەهێڵم. لە هەندێ نیگاو چەمکی جیاوازەوە ڕۆمانی دوو دونیا دەبینم، گرنگترینیان «زەمەن»ە، هەر لە ناونیشانەکەوە دەچمە ژووری، هەر لە وێوە و لە نائاگای نووسەردا دەمەوێ دەسەڵاتی خۆم بگەیەنمە ئەو دیو ڕووداوە و ئەو دیو ئیستاتیکای زمان. دوو دنیا، جگە لە زەمەن و جگە لە فێڵی وشە زیاتر هیچی دیکە نییە.

ئەو دوو دنیایە ڕاستە دوو دنیای واقعین، دوو دنیای نێو زمانن، بەڵام هەرگیز دوو دنیای حەقیقی نین.

دنیای یەکەم ئەو دنیا تیژ تێپەڕ و جاڕسکەرەیە کە لە زەمەنی بەسەرچووی -لە دیدی ڕووداوەوە- ئێستادا وجوودێکی زۆرەملی و پڕ هەڕەشە و بەڵام کاڵی هەیە:

«بەخۆم دەڵێم: گەر بتوانم بنووسم،.... خۆمم بەم شێوەیە، بەم بێ توانایی و نەخۆشییەوە ناوێت. دەزانم ئەم کەسە غەریبەیەی کە ماڵی لە ڕۆحمدا چێ کردووە، میوانێکی ناوەخت و غەوارەیەو ئامادەییەکی کاتیی هەیە» ل١٩/ دوو دنیا.

کەسەکان لە زەمەنی ئێستادا غەوارەن و ماڵی ڕووح داگیر دەکەن. ئەو زەمەنی یەکەمە یان «دەمی ئێستا» لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ چرکەی کاتژمێر وردوخاش دەبێت.

زەمەنی دووەم، زەمەنی ڕابردووە (لە ڕووداودا)، دنیایەکی تێپەڕیوە، بەڵام ئەبەدییە. ڕابردوو لە ڕۆمانی دوو دنیادا ئەو کاتە کاتژمێر ئامێزە نییە کە ڕەش بۆتەوە و بۆتە بەشێک لە ئەرشیف، ئەو زەمەنی بەناو ڕابردووە لە سیاقی مێژوویی خۆی هاتۆتە دەر و لە پانتایەکی زۆر گەورەتردا بەرجەستە بووە کە ئەویش زەمەنی زەینییە. (لە شوێنێکی دیکەی ئەم وتارەدا دەگەڕێمەوە سەر زەمەنی زەینی).

(ترسم لە «ئاینده» هەیە و «ئەمڕۆ» زەمەنێکی بەتاڵ و هەڵپەسێردراوی وەهایە کە بەهیچ جێگایەکەوە ڕایەڵ نییە. تەنها ڕابردوو واقیعیەتی هەیە و وەک ئامێزە گوڵ گوڵییەکەی دایە لەنێو خۆیدا پەنام دەدات)

ل١٥/ ڕۆمانی «دوو دونیا»

ئاستی هەردوو زەمەن «دەمی ئێستا و ڕابردوو» لە ڕۆمانی دوو دونیادا

**دنیای یەکەم:**

١- دنیای ئێستایە واتە دەمی ئامادە.

٢- دنیایەکی خۆسەپێنە و دەسەڵاتی ئینسان لە دوورخستنەوەیدا نییە.

٣- لەگەڵ تێپەڕینی هەر چرکەیەک تەمەنی کەم دەبێتەوە.
٤- لە زەمەنێکی زۆر دیاریکراودا دەژی.

**دنیای دووەم:**
١- دنیای ڕابردووە، کاتی تێپەڕیو «لە ڕووداودا».
٢- ئامادەییەکی خۆویستی هەیە.
٣- هەموو چرکەیەک تەمەنی درێژتر دەبێت.
٤- زەمەن بۆ ئەو کۆتایی نایە.

بەکارهێنانی دوو زەمەن «زەمەنی ئێستا و زەمەنی ڕابردوو» لێرەدا زەمەن چەند دەلالەتە بۆ کات ئەوەندەش ئالیەتی تەکنیکە، دواجار بەکارهێنانی زمانیشە لە ڕابردوودا.
لە شێوە باوەکەیدا زەمەن لە سێ حاڵەتدا دەردەکەوێ:

دەرکەوتنەکانی زەمەن یان شێوەکانی بوونی زەمەن

↓

زەمەنی بەسەرچوو ← زەمەنی ئامادە «ئێستا» → زەمەنی دانەهاتوو

من «دەمی ئێستا»م بە سەنتەر داناوە چونکە زەمەن لەکاتی بەکارهێنانیدا وجوودی هەیە، تەنیا دەمی ئامادەشە کە ئیعتیبار بۆ زەمەنەکانی دیکە دەگێڕێتەوە، واتا لە ئێستادا دوێنێ وجوودی هەیە هەر لە ئێستاشدا بەیانی مانایەکی هەیە.
ئەو دابەشکردنەی سەرەوە بۆچوونێکی تەواو بەرجەستە و تا ڕادەیەک ئەکادیمی لە پشتە. لەو دابەشکردنەدا «زەمەنی زەینی» کە درێژترین و فراوانترین و زیندووترین زەمەنە جێگایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام زەمەنی زەینی وجوودێکی سەرتاپاگیری «لە کۆکردنەوەی هەرسێ زەمەنەکەدا هەیە» زەمەنی زەینی پەیوەندی بە توانای «خەڵقکردن و داهێنانی»ی نووسەرەوە هەیە، هەرچەند ئەو زەمەنە لەژیانی ڕۆژانەشدا بەکارهاتنێکی بێ پایان و بەردەوامی هەیە.

* * *

لە ڕۆمانی دوو دونیادا دوو زەمەنمان هەیە، ئێستا و بەسەرچوو، بەڵام پانتایی وجوودیان پانتایەکی زۆر ناهاوسەنگە، لە ئاستی بەکارهێنانی زماندا، لە ئاستی ڕووداودا، لە ئاستی تەکنیکدا، لە ئاستی وتووێژدا «argument»، وجوودی ئێستا لە هەموو ئاستەکاندا وجوودێکی کاڵ و کەمخایەن و بێ بایەخە.
ئەو دوو زەمەنە ڕۆمان کوژە، ئەو دوو زەمەنە تەئویل کوژە ئەگەر لە زەمەنی سێیەمدا کۆنەکرێتەوە کە «زەمەنی زەینییە» ئەوە شوێنێک بۆ بەرهەمهێنانی زمان و هونەری گێڕانەوە نامێنێ.
حیکایەت لە زەمەنی زەینیدا دێتە وجوود، هەر لەو زەمەنەشدا گەشە دەکات، هەوڵ دەدەم بەدوای ئالیەتەکانی گەشەکردنی گێڕانەوەدا بگەڕێم، ئەوانیش پەرەپێدانی ڕووداو، کاملبوونی کەسیەتیەکان، گەشەکردنی زمان.
هەموو زانستەکانی دنیا بە زانستە مرۆڤایەتیەکانیشەوە ئالیەتی گەشەکردن و پەرەپێدانیان هەمەجۆرن، تەنیا و تەنیا حیکایەت نەبێت کە جگە لە هونەری گێڕانەوە و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی زمان نەبێت هیچ ڕزگارکەرێکی دیکەی نییە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە زانای بەناوبانگ «باختین» گفتوگۆ یان هونەری وتووێژی بە بنەماو ژێرخانی هونەری گێڕانەوە دانا، ئەگەر ئەوەش بزانین کە سوکرات بەپێی سەرچاوەکانی ئەفلاتوون هونەری وتووێژی یان «ئارکیومێنت» لە بەرزترین ئاستدا بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە حەقیقەت! هەوڵ دەدەم لە ماهیەتی زەمەن و ڕەنگدانەوە و گەشەکردنی ئەو ئالیەتانەی کە تا ئێستا ناوم هێناون بکۆڵمەوە.
١- ڕووداو: بەپشت بەستن بەجموجوولی ڕۆژانە، پەرەپێدانیان «هەرای باجییەکان و سەرکێشی گوڵە بە ڕەونەقەکانی شیراز و، دیسپلینەکانی باوکە و گوڵ مریەم و... پەروێز...»
* پەروێز بەقژە زەرد و سمێڵە تەنکەکەیەوە دەنازێ و پێی وایە هەموو کیژانی شار و شەمێران عاشقی وین. ل١٠٧/ دوو دونیا.
* خاڵە سەرهەنگ بەردەم من و کوڕە خاڵەکان دەگرێت، ناهێڵێ تەماشاکەین. گوڵەکانی شیراز هۆن هۆن دەگرین. هیچ کەس زاتی ئەوەی نییە بدوێت. هیچ کەس جورئەتی ئەوەی نییە بڵێ پەروێز مردووە.
ل١١٩/ ڕۆمانی دوو دونیا.
٢- کەسیەتیەکان؛ «من»ی قسەکەر هەندێ جار لە نەخۆشخانە و هەموو دەمێش لەناو هەراو زەنا.. گەشەکردنی کەسیەتیەکان لە کەسایەتی گوڵ مریەمدا دەگاتە لوتکەی خۆی.
«کیژێکی مۆن و کەم قسەش لەم پۆلەدایە کە ناوە ڕاستەکەی «گوڵ مەریەم»ە... بەڵام ئەهلی سەما نییە. لە گۆشەیەکدا ڕادەوەستێ و تەماشا دەکات. حەزدەکەم مەتەڵی ئەم کیژەم بۆ هەڵبێ، بەڵام ڕێگا نادات.» ل٩٢/ دوو دونیا
« دەپرسم: دەتەوێ لەگەڵ ئێمەدا بۆ پاسکیل ئاژووتن بێیت؟
دەڵێ: «نا باوکم ڕوخسەتم ناداتێ، وا دەڵێ و ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێ.»
گەشەکردنی کەسیەتیەکان یەکێکە لە بنەما هەرە

سەرەکییەکانی ڕۆمان، ئەو گەشەکردنانە کاتێک ڕوو دەدەن کە ڕۆماننووس خۆی لە تافە سادەکانی زەمەن و ڕووداو ئازاد دەکات. گوڵ مریەم بەو سادەیەی گوڵێک دەکرێتەوە گەشە دەکات و لە شەخسیەتێکی شەرمن و گۆشەگیر و گوێڕایەڵ دەگۆڕێت بۆ کچێکی عاشق و وریا، بەشداری ڕاکردن و پاسکیل سواری و تراژیدیا گەورەکان دەکات.

«گوڵ مەریەم لە پێکەنیندا خەریکە بە پشتا دەکەوێت. فێربووە لە دڵەوە پێکەنێ. ل١١٤. گوڵ مەریەم کامێراکەی باوکی هێناوە. وێنەیەکی بەکۆمەڵمان دەگرێت.... پاشان وێنەیەکی تەنهایی دۆن جوانی باخی فیردەوس.... لە پاڵ پەروێزدا ڕادەوەستێ و دەست بە بازوویەوە گرێ دەدات.» ل١١٧

لە گەشەکردنی کەسیەتیەکان لە ڕۆمانی دوو دونیادا ناکرێ لەسەر «پەروێز» نەوەستین. ئەو کەسیەتییە هەرە زیندووە کە چەند ڕستەیەکی کەمی دراوەتێ [بێگومان بە بەراورد لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە لامان دروست دەبێت] پەروێز لە سیاقی ڕووداوەکان و هەتا ڕۆمانەکەش دێتە دەر و دەبێتە بەشێک لە خوێنەر و یان خوێنەر ئەو وێنەیە لەو ڕۆمانە بۆ ئەبەد لای خۆی دەپارێزێ.

«دۆن جوانەکەی باخی فیردەوس «پەروێز»، وەکو تاوس بەکۆڵاندا دێت و دەچێ و خەون و خەیاڵەکانی تەواوبوونیان بۆ نییە. تەمەنی شازدە ساڵانە و شازدە هەزار بەرنامەی بۆ ئایندە هەن...»

«پەروێز بەقژە زەرد و سمێڵە تەنکەکەیەوە دەنازێ و پێی وایە هەموو کیژانی شار و شەمێران عاشقی وین» ل١٠٧

«دڵنیام پەروێز، پاڵەوانی مەلە، پاڵەوانی ڕاکردن، پاڵەوانی شەڕە شمشێر، پەروێزی فەزاگەڕ، بەچیادا هەڵگژ، ناخودای کەشتی، دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات.. ئاخر تەمەنی لە شازدە ساڵ زیاتر نییە، عاشقی گوڵ مەریەمە] ل١١٩

٣- زمان؛ من هەمیشە زمان بە هۆکاری یەکەم دادەنێم، چونکە ڕووداو و کەسیەتیەکان و سەرجەمی ڕەگەزەکانی دیکە تەنیا لە زماندا وجوودیان هەیە، ئەو زمانە کوڕێکی شازدە ساڵ دەکاتە ئەفسانە و گوڵ مەریەم لە گوڵێکی خەمبارەوە دەکاتە سوورەتێک لە جوانی و فڕین و جووڵە.

«دەنگی قیژەی گوڵ مەریەم دەگاتە گوێم... توند توند بەسەرەولێژەکەی باخی فیردەوسدا پایدەر لێدەدەین. بێن دەگرین. پەروێز پێشی هەمووان دەداتەوە، گوڵ مریەم بە چاوانێک کە لە حەژمەت ترس گردبوونەتەوە و زارێک کە ئامادەی هاوارکردنە، تەماشای پێشەوە دەکات، دەستی بە دەوری نێوقەدی پەروێزدا هێناوە وتوندو تۆڵ خۆی پێوە لکاندووە. با بە ژێر قژ و تەنوورەکەیدا دێت» ل١٠٦

* * *

* گوڵی تەرەقی کاری تەنیا لەسەر دوو زەمەن کردووە، یەکەمیان زەمەنی ئێستا و دووەمیان زەمەنی ڕابردووە، (ئەوە وەک بەشێک لە تەکنیک)، زەمەنی ئێستا تەنیا ئاگادارکردنەوەی موتەلەقییە (خوێنەر) لە کەڵەکەبوونی زەمەنی دووەم. لە زەمەنی یەکەمدا هەموو گەشەکردنێک مردووە، خوێنەر چاوەڕێی گەیشتن و چاکبوونەوە و ڕستەیەکی زیندوو ناکات کە لە سیاقی ئێستادا بەرهەم هاتبێ. زەمەنی ئێستا لەم ڕۆمانەدا تەنیا موجامەلەیەکە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. (ڕابردوو وەک بەشێک لە زەمەنی زیهنی).

کاتی دووەم تەواوی ڕۆمانەکەی داگیرکردووە، هەر لەو زەمەنەدا ئینسانەکان دەناسین، لەو زەمەنەدا گێڕانەوە ئیعتیبار بۆ خۆی دەستێنێتەوە. زمان لە مەسرەف کردن و بەخەساردان دەبێتە بەرهەمهێن.

ڕاستە ڕۆمانەکە وەک گێڕانەوە بەشێکە لە مێژوو، بەڵام ئەم ڕۆمانە هەرگیز نابێتە «مێژوو»، بەڵکو دونیایەک لە سیاقی مێژوودا خەلق دەکات، ئەم مێژووە وەک لۆگوس دەڵێت: بەشێکی گەورەی دنیای تراژیکە، ئێمە لەو دیو ڕستەکانەوە، لەو دیو ڕەونەق و گوڵەکانەوە لە دەست چوونێک دەبینین، ئەو خەسارەت و لە دەست چوونە خەسارەتێکی ڕابردوو نییە، شتێک نییە لە ڕابردوو ڕووی دابێ، ئەو لە دەست چوونە لە دەست چوونێکی ئانییە.

هەر لێرەوەش ئەوە دەسەلمێ کە دەبێ هەر گێڕانەوەیەک بۆ ڕابردوو مانایەک پەیدا کات. مانایەک ئێمە بەخۆیەوە ببەستێتەوە. مانا لەم ڕۆمانەدا چییە؟ ئەوە پرسیارێکی چەند بێبایەخە کە مانا بە بەشێک لە «واتا» تێبگەین. لێرەدا «مانا» ناوێکی نهێنی و حازر بەدەستە بۆ هەموو ئەو دەلالەت و کۆنسکوێسانەی ئالیەتەکانی دیکەی ڕۆمان دروستی دەکەن. ئەگەر ئێمە نیازمانە لەنێوان مۆرادیفی وشەکان مانا بدۆزینەوە ئەوە ڕۆمان دەکەینە دیلی فەرهەنگ و خۆشمان دەکەینە دیلی خۆشخوان. لە کوێدا بۆ مانا بەو مانایەی سەرەوە بگەڕێین؟ من هەوڵ دەدەم مانا لە جیاوازی نێوان ئەو دوو دنیایە بدۆزمەوە لە پلەی یەکەمدا لە ناخی خۆمدا، لە دیدی نووسەر مانای سەرتاپاگیری ئەو دوو دنیایە تەنیا و تەنیا لەبەردەم یەکتردا مانایان هەیە.

وەرگێڕی بەتوانا دلاوەر قەرەداغی توانیویەتی لە سیاقی وەرگێڕانەکەیدا بەشێک لە تێگەیشتنی خۆی بۆ مانا بداتە خوێنەر.

**سەرچاوە:**

گوڵی تەرەقی، دوو دونیا، وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥

# ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد

لێدوانی: شۆڕش محەمەد حوسێن
(سلێمانی)

یەکێک لەو پرۆژە بەکەڵکانەی کە هەنووکە لە کوردستاندا برەوی سەندووە بابەتی وەرگێڕانە کە بەتەوژمێکی گەورەوە سەرجەمی بوارەکانی ڕووناکبیری و زانستی و فیکری و کایەکانی هونەری گرتۆتەوە. هەڵبەت ئەم پرۆسەیە دەتوانێت بۆ خوێنەری کورد کەناڵێکی گرنگ و پڕ بایەخ دروست بکات کە لە ڕێگەیەوە بە زانیاری و بەرهەمی ئەفرێنەرانی جیهان ئاشنابێت، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم هەنگاوەش کەمتازۆرێک کەموکورتی خۆی هەیەو هێشتاکە لەجێی تموح و خۆزگەکاندا نییە.

یەکێکیش لەو کایە هونەرییانەی کە بەوەرگێڕان لەنێو دامەزراوو دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەوە بۆتە جێگای بایەخ پێدان، هونەری شانۆیە.

لەو چوار چێوەیەشدا توانراوە کۆمەڵێک کتێبی پڕ بایەخ لە بواری هونەری شانۆ وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و خوێنەری کورد بەدیدو تێڕوانین و بەرهەمی دەرهێنەرو شانۆکارانی جیهان ئاشنا بکات تا لە پاڵ ئاشنابوون بە ئەزموونی شانۆو شانۆکارانی جیهان سوودیش لە ئەزموونەکانیان وەربگیرێت و لە پێناوی بەرەو پێشبردنی ئەو بزاڤە شانۆییە جێبەجێ بکرێت. بەڵام لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە هێشتا پرۆسەی وەرگێڕان لە بواری شانۆدا بەدەگمەن نەبێت نەیتوانیوە هەنگاو بەرووی بزاڤە زیندووەکانی شانۆی میللەتان هەڵبهێنێت، هەر بۆیە قۆناغی هەنووکەیی بزاڤی شانۆییمان لە پێویستییەکی زۆردایە بۆ وەرگێڕانی ئەزموونی شانۆیی و ستایلی دەرهێنەرە جیهانییەکان.

لەم دەرفەتەدا دەمەوێ قسە لەسەر یەکێک لەو کتێبە زانستییانە بکەم کە بەناوی «ئەزموونی شانۆی مایرهۆڵد» لەلایەن بەڕێزان «کامەران سوبحان» و «عەبدوڵڵا مەحموود زەنگەنە» وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە زنجیرە کتێبی ٢٤٦ی دەزگاکەدا لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوی کردۆتەوە.




ئەم کتێبە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی دوورودرێژی ئەکادیمیانەی توێژەری شانۆیی «دکتۆر فازیل جاف»ە کە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بە ١٥ ئەڵقە لە ڕۆژنامەی «زەمان»ی لەندەنی بە زمانی عەرەبی لە بارەی دەرهێنەری گەورەی ڕووسی «مایرهۆڵد»ەوە نووسیویەتی.

وەرگێڕانی ئەم کتێبە بۆ زمانی کوردی گەلێک سوود و پێداویستی هەنووکەیی لە خۆدا کۆدەکاتەوە، لەوانە نووسینی ئەم کتێبەیە لەلایەن «د. فازیل جاف» کە کوردێکە و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە وڵاتی ڕووسیا و

تێزی دکتۆراکەشی لە بارەی ئەم دەرهێنەرە نووسیوە و وەک مامۆستایەکی شارەزای دید و تێڕوانین و ستایلی کارکردنی «مایرهۆڵد» بەردەوامە لەگەڕان بە وڵاتان و پێکهێنانی وۆرک شۆپ بۆ فێرخوازانی شانۆ و ئاشناکردنیان بە ستایل و کارکردنی ئەم دەرهێنەرە گەورەیەی جیهان.

لەوانەش گرنگتر، پێداویستی زۆرێک لە فێرخوازەکانی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە بەم دەرهێنەرە کە ئەمڕۆکە وەک وانەیەکی سەرەکی لەو بەشانەدا دەخوێنرێت.

مایرهۆڵد یەکێک بووە لە خوێندکارەکانی شانۆی مۆسکۆی هونەری کە لە ساڵی ١٨٩٨ لە دیمانەیەکی نێوان «ستانسلاڤسکی» و «دانتشینکۆ» دروست کرا. لەو تیپەدا توانیویەتی چەندین ڕۆڵی هەمەجۆر لە نمایشەکاندا ببینێت و سەرکەوتن بەدەست بخات، مایرهۆڵد زۆر کاریگەر بووە بە «ستانسلاڤسکی» و «ئەنتوان چیخۆف»ی نووسەری شانۆی ڕووسی، بەڵام لە پاشاندا مایرهۆڵد «شانۆی مۆسکۆی هونەری» بەجێدەهێڵێ و تیپێکی شانۆیی بەناوی «هاوڕێیانی درامای هاوچەرخ» دادەمەزرێنێت و لە ماوەی سێ وەرزدا ١٦٥ شانۆیی نمایش کرد کە زۆربەیان شانۆییەکانی «چیخۆف» بوون.

مایرهۆڵد لەڕێی ئەزموونە شانۆییەکانی کە لەناو ئەم تیپەدا بەرجەستەی دەکرد، ڕووەو ئەزمونگەری و داهێنان و هەڵوەشانەوەی هەموو جۆرە فۆرمێکی تەقلیدی هەنگاوی دەنا، چونکە بە بڕوای مایرهۆڵد شانۆی هونەری مۆسکۆ بێ توانایە لە پێشکەشکردنی کاری نوێ، لەبەر ئەوەی ئەو شانۆیە تا ڕادەیەکی زۆر پابەندە بە فێرگەی ڕیالیزمەوە.

یەکێک لەو چەمکە گرنگە شانۆییانەی کە مایرهۆڵد توانی دایهێنێت و پەرەی پێبدات چەمکی «بایۆمیکانیک»ە، ئامانجی بایومیکانیک بریتییە لە ڕێکخستنی پەرچەکردارە هەڵچوو و جەستەییەکانی ئەکتەر، بە واتای ئەوەی هەموو ئەو جووڵەو ئاماژانەی کە لە ئەکتەرەوە دەردەچێت زۆر پێویستە ڕێکخراو بن، واتا جووڵە و ئاماژەیەکی ڕاگوزاری و تەلقائی نەبێت و پێشتر ئامادەکاری بۆ کرابێت.

هەروەک چۆن پێویستە ئەکتەر بۆشایی «تەختەی شانۆ» بەکاربهێنێ و پێوەندی خۆی بەشوێنەوە دیاری بکات لەگەڵ دیاریکردنی پێوەندییەکانی خۆی بە ئەکتەرەکانی ترەوە.

مایرهۆڵد داوای ئەوە لە ئەکتەرەکانی دەکات کە هەستی مرۆڤایەتی لە خۆیان دوور بخەنەوەو لەبری ئەوە پەیڕەوی سیستەمێک بکەن کە لەسەر بنچینەیەکی پەیوەست بە یاسا میکانیکییەکان خوڵقابێت.

هەر لەو ڕووەوە مایرهۆڵد دەڵێ: «کلۆڵی هونەرمەندی هاوچەرخ لە نەزانینی یاساکانی بایۆ میکانیکدایە.»


مایرهۆڵد دژی ئەو میتۆدە ئەدائییە کە پشت بەناخ دەبەستێ و جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەم جۆرە ئەدائانە بینەران سڕ دەکات و ئەکتەر تەسلیم بەکاراکتەر دەکات.

یەکێک لەو خاڵانەی تر کە مایرهۆڵد بانگەشەی بۆ کردووە بریتییە لە بووژاندنەوەی «شانۆی گریکی» بەشێوەیەکی هۆشیارانە بەتایبەتی لە ئەنجامگەیاندنی پرۆسە سروتئامێزەکەی «دیۆنیزیۆس»دا.

مایرهۆڵد لەم پرۆسەو کردارانەدا درامایەک و کرداری دینامیکی بەدی دەکات کە پڕاوپڕ بوون لە جووڵە و هەمووان لەو کردارەدا بەشداربوون.

مایرهۆڵد لە بیستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا بەهۆی بیرۆکە نوێگەرییەکانی لە بواری شانۆ ناوبانگی گەیشتە دەرەوەی سنورەکانی ڕووسیا، سەرکەوتنیشی لە تێپەڕاندنی مەزهەبی سروشتی لە دەرهێناندا بەدەست هێنا، مایرهۆڵد پێش کەسانی سەردەمی خۆی کەوت و لە ڕۆژئاوادا بە خاوەنی بیرۆکەی نوێخوازی دادەنرێت و بە پێچەوانەی «ستانسلاڤسکی»یەوە کە فێرگەیەکی سایکۆلۆژی لە نواندندا دامەزراندا ئەوا مایرهۆڵد شانۆیەکی شیعری داهێنا کە هێزێکی لە ڕادەبەدەری مەجازیی هەبوو.

# د. کەریم شەریف قەرەچەتانی:
# مرۆڤ ئەگەر بیەوێ شتێک بکات هەر دەیکات



**کەریم شەریف قەرەچەتانی سەرباری ئەوەی وەک مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لە بواری دەروونناسی لەناو خوێنەرانی گۆڤارە کوردییەکان ناسراوە و نووسینی زۆری بڵاوکردوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەش گرینگیدانی بەلایەنی شانۆ و فیلمسازی هەبووە. هەر لەم گۆشەیەوە ئەم دیمانە کورتەمان لەگەڵ ساز دا.**

✱ ئەرشیفتان بە چی گەیشتووە؟

– لە بواری شانۆدا لەم شانۆگەرییانەی خوارەوەدا بەشداریم کردووە، ئیتر چ وەک ئەکتەر، یان ئەکتەر و دەرهێنەر، یان ئەکتەر و نووسین، واتە لە هەموویاندا وەک ئەکتەر ڕۆڵم هەبووە لەوانە:

١– شانۆگەری بەرگە ئەفسووناوییەکەی پاشا، لە دەرهێنانی هونەرمەند بورهان جەمال، لە (١٩٨٠/٩/٧) پێشکەش کرا.

٢– شانۆگەری ئەو پیاوەی دووجار مرد، دەرهێنانی دلاوەر قەرەداغی (١٩٨٤).

٣– شانۆگەری پژمین، زانکۆی مووسڵ، نواندن و دەرهێنان (١٩٨٤).

٤– شانۆگەری دەردەمەی، تیپی شانۆی زانکۆی مووسڵ، نواندن و دەرهێنان، لە ساڵی (١٩٨٣).

٥– شانۆگەری فایلی (٦٧)، تیپی زانکۆی مووسڵ، ئەکتەر و وەرگێڕان (١٩٨٥).

٦– شانۆگەری پێکەنین بەپێی یاسا، تیپی شانۆی زانکۆی سەلاحەدین، ئەکتەر (١٩٨٧).

هەروەها لە سێ بەرهەمی تەلەڤزیۆنیشدا بەشداریم کردووە:

١– تەمسیلی پێڵاوی سوور، تەلەڤزیۆنی کەرکووک، (١٩٨٥).

٢– زنجیرەی تەلەڤزیۆنی پاداشت (٨) هەڵقە، تەلەڤزیۆنی کەرکووک، (١٩٨٧).

٣– فیلمی تەلەڤزیۆنی چەقۆ، نووسین و نواندن (١٩٩٤) تیپی نواندنی زانکۆی سەلاحەدین.

ئێستاش لە زانکۆ سەرقاڵی پرۆڤەکردن و خۆ ئامادەکردنین بۆ تۆمارکردنی فیلمێکی تەلەڤزیۆنی بەناوی (شەڕەئاو) لە دەرهێنان و سیناریۆی مامۆستا تەلعەت سامان و منیش وەک ئەکتەر ڕۆڵی تێدا دەبینم و هەروەها دیالۆگ و نووسینی منە.

✱ بەڕێزتان چۆن کاری وانە گوتنەوە و کاری هونەری بە یەکەوە دەگونجێنن؟

– مرۆڤ ئەگەر بیەوێ شتێک بکات هەر دەیکات و کاتەکانی مرۆڤیش زۆرن و ئەگەر بە باشی و بەپێی خشتەیەکی گونجاو دابەشیان بکات، دەتوانێت جۆرەها کار و چالاکی بە ئەنجام بگەیەنێت. لەبەر ئەوە منیش کاتەکانی خۆم بەسەر چەند کار و چالاکییەکی هونەری و زانستیدا دابەش کردووە بەم شێوەی خوارەوە:

١– ڕۆژێک بۆ تەلەڤزیۆن و تۆمارکردنی بەرنامە.

٢– زۆربەی بەیانیانی ڕۆژەکانی هەفتە بۆ کۆلێژ و وانە گوتنەوە.

٣– دوای نیوەڕۆیان بۆ کاری هونەری و ڕاپەڕاندنی کاروچالاکی ناوماڵ.

٤– شەو بۆ نووسین و کاروباری زانستی و سەیرکردنی بەرنامە و هەواڵەکان...تاد. واتە دەکرێت بەو شێوەی سەرەوە سوود لە کاتەکانی خۆمان وەربگرین و بۆ هەموو کار و چالاکییەک کاتی پێویست تەرخان بکەین، من وەک پێشتریش گوتم کاری هونەری و وانەگوتنەوە زۆر لەیەکەوە نزیکن، لەبەر ئەوەی ئێمە وەک مرۆڤ بەردەوام لە نواندنداین، بەپێی کات و شوێن ڕۆڵ و پلە و پایەکانمان دەگۆڕدرێن. بۆ نموونە لە قۆناغێک منداڵین و ڕۆڵی منداڵی دەبینین لە قۆناغێکی تر هەرزەکار لە یەکێکی تر کامڵ و پێگەیشتوو دواتر پیر و بەساڵاچوو یان لەماڵەوە ڕۆڵی باوک یان برای گەورە یان خوشک یان دایک لە دەرەوە ڕۆڵی مامۆستا یان فەرمانبەر یان سەرباز....تاد دەبینین، واتە ژیان بریتییە لە کۆمەڵێک ڕۆڵ و پلەوپایەی جیاجیا، ژیان خۆی لە خۆیدا جۆرێکە

له نواندن و مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەژی و دوای ئەوە شانۆی ژیان بەجێ دەهێڵێ، کۆچی دوایی دەکات و نەوە و کەسانی تر ڕۆڵەکەی ئەو تەواو دەکەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ڕۆڵەکەی خۆی بە باشی ببینێ و بینەران چەپڵەی سەرکەوتنی بۆ لێبدەن، ئەگەر ڕۆڵیشی باش نەبینی و لەدوای خۆی شتێکی باش بەجێ نەهێڵێ کە کۆمەڵ و شارستانیەت سوودی لێوەربگرن، ئەوا ئەو تەمەنە و عەقڵ و هۆشەی کە خودا بەو مرۆڤەی دابوو بۆ ئەوەی لە کاتی نواندن و لە سەر تەختەی شانۆی ژیان سوودیان لێوەربگرێت و لەدوای خۆی شتێک بەجێ بهێڵێ بە فیرۆ دەڕوات و ئەو جۆرە کەسانە ناویان لە کوولەکەی تەڕیشدا ناهێنن. لەبەر ئەوە من دەمەوێ زیاتر لە ڕۆڵێک ببینم و نمایشێکی بە سوود لەسەر تەختەی شانۆی ژیان پێشکەش بکەم.

* تا چەند پێوەندی لەنێوان کاراکتەر و کەسایەتیەکان و دەرهێنەر و نووسەر لە لایەک و سایکۆلۆژیا لەلایەکی ترەوە هەیە؟

– پێوەندییەکی زۆر زۆر بەهێز هەیە، لەبەر ئەوەی بواری کارکردنی هەردوولایان مرۆڤ و چالاکی و ڕووداوەکانی ژیانە، لەبەر ئەوە ئەگەر نووسەر یان دەرهێنەر یان ئەکتەر یا کارمەندانی تر شارەزای سایکۆلۆژیا نەبن، ئەوا لە کار و چالاکیەکانیاندا وەک پێویست سەرکەوتن بە دەست ناهێنن. بۆ نموونە نووسەر چۆن دەبێت بە نووسەرێکی سەرکەوتوو ئەگەر زانیاری لەبارەی کەسایەتی و باری دەروونی و گرێ و حەز و ئارەزووە دەروونییەکانی کاراکتەرەکانەوە نەبێت، یان چۆن دەتوانێت بەسەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی زانستییانە دیالۆگ و ڕووداوەکان دابڕێژێت ئەگەر شارەزای قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و گۆڕانکاری و خاسیەتەکانی هەریەک لەو قۆناغانە نەبێت، لەبەر ئەوەی خاسیەت و سیفات و زمان و بیرکردنەوە و کێشە و گیروگرفتەکانی قۆناغی منداڵی وەک قۆناغی هەرزەکاری و قۆناغی هەرزەکاریش وەک قۆناغی کامڵی یان بەساڵاچوویی نییە. هەر لەبەر ئەوەشە زۆر لە دەق و نووسینەکان سەرکەوتن بە دەست ناهێنن و بینەر و خوێنەری پێویستیان نییە، چونکە بەشێوەیەکی زانستییانە نەنووسراوە و لەگەڵ سایکۆلۆژیای خاوەنەکانیان ناگونجێن، بۆ نموونە هەندێک دیالۆگ و ڕەفتار و خاسیەت دەداتە پاڵ کەسایەتییەکی منداڵ یان هەرزەکار یان جووتیار یان ئافرەت یان پیاو یان.. یان کە بە هیچ شێوەیەک ئەو دیالۆگ و ڕەفتار و خاسیەتە لە کەسایەتی ئەو جۆرە کەسەدا نییە و سایکۆلۆژیا باسی نەکردووە و دوورە لەو بوارەوە. بە هەمان شێوەش بەنیسبەت دەرهێنەر و ئەکتەر و کارمەندەکانی تر، دەبێت شارەزای دەروونزانی بن بۆ ئەوەی لە کارەکانیاندا



سەرکەوتووبن و بەناخ و دڵ و دەروون و هەست و نەستی کارەکتەرەکاندا بچنە خوارەوە و بە باشی شیتەڵیان بکەنەوە، ئینجا ئەگەر شارەزای سایکۆلۆژیا نەبن، ئەوا ناتوانن ئەو کارانە ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوەی تەنیا زانستی دەروونزانییە کە توێژینەوەی ناخ و دڵ و دەروون و ڕەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات.

* وەک دەزانین چەندین گندۆرەت بەدەستەوە گرتووە، حەز دەکەین لەبارەی هەریەک لەو گندۆرانەوە بۆمان بدوێیت؟

– وەک لە پێشتر بۆ بەڕێزتانم باس کرد، هەموو مرۆڤێک چەندان توانا و لێهاتوویی هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی یان زانستی هەیە و دەتوانێت سوودیان لێوەربگرێت، لەبەر ئەوەی تواناکانی مرۆڤ لە ڕادەبەدەر و بێ سنوورن، بەڵام بەداخەوە ئێمەی مرۆڤ نەمانتوانیوە وەک پێویست سوود لەو بەهرە و توانا زۆرانەی کە خودا و سروشت پێی بەخشیوین، وەربگرین. لەوانەیە بەلای بەڕێزتانەوە، یان بە بۆچوونی کۆمەڵگا ئەوانەی من خۆم پێوە خەریک کردوون چەندان گندۆرە بن، بەڵام لەڕاستیدا یەک بڕک و دەنکە گندۆرەن، بەڵام سەوز و گەورە بووە و چەند لق و پۆپێکی لێ بوونەتەوە، واتە سەرچاوەی هەموویان یەک شتە، بۆ نموونە من لە زانکۆ وەک مامۆستا ئەو بابەتەی کە پسپۆڕی خۆمە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لەناو پۆلدا پێشکەش بە قوتابیەکانمی دەکەم، بەڵام لە تەلەڤزیۆن هەمان بابەت لە ڕێگەی بەرنامەی خێزان و کۆمەڵەوە بەشێوەیەکی سادە و ساکار کە زۆربەی بینەران لێی تێبگەن پێشکەشی دەکەم و هەروەها هەمان بابەت و هەندێک بابەتی تر، بەڵام بەشێوەیەکی ئەدەبی لە ڕێگەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانەوە پێشکەش بە خوێنەرانی دەکەم، هەر لەو بابەتانە هەندێک ڕووداو و بەسەرهات هەڵدەبژێرم و وەک دەقێکی درامی و بەشێوەیەکی هونەری لە چوارچێوەی کارێکی درامیدا دایدەڕێژم، ئینجا ئەگەر بەڕێزتان سەیریان بکەیت هەر هەموویان یەک سەرچاوەیان هەیە، بەڵام لەدوای دەرچوونیان لەسەرچاوەکە هەریەکەیان ڕێچکەی ئاسایی



خۆی گرتووە.

حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بڵێم کە هەموو کەسێ لە توانایدا هەیە ئەو کارانە یان کاری تر بەپێی توانا و بەهرەی تایبەتی خۆی بکات و لەو سەرچاوەوە چەندەها لقوپۆپی بۆ دروست بکات، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئێمە زۆربەمان وەک مرۆڤ بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئێمە و ئەو کۆمەڵگایانەی کە وەک ئێمە وان، نەمانتوانیوە سوود لە بەهرە و توانا بێ سنوورەکانمان وەربگرین. من زۆرجار لەگەڵ خۆمدا دەکەومە گفتوگۆ و دەڵێم: من چەند ساڵی تر دەژیم، هەرچەندە بژیم ڕۆژێک هەردێت کە دەمرم و ئەوە حەقیقەت و ڕاستییەکە نکوڵی لێناکرێت، واتە هەموومان دەچینە ژێر زەوی و دەبین بە خۆراکی مار و مێروو، لەبەر ئەوە بەردەوام هەوڵ دەدەم شەو بە ڕۆژەوە گرێ دەدەم و لە دەرگای زۆر بوار دەدەم و لە سەرنەکەوتنیش ناترسم، بێگومان لە ئەنجامی ئەو گەڕان و لەدەرگادانانە، هەندێک بوارم دۆزییەوە کە بە گونجاوی دەزانم بۆ بەهرە و تواناکانی خۆم و وەک بەڕێزتان بە گوندۆرەتان ناوبرد، وا لەسەری بەردەوامم ئیتر نازانم تا چەند سەرکەوتن بە دەست دەهێنم و دەبێتە مایەی ڕەزامەندی بینەران و خوێنەرانی خۆشەویست.

* زانکۆ تا چەند کاریگەربووە و ڕۆڵی هەبووە لە بواری چالاکی هونەری و گەشەپێکردنی بەهرە و توانای مامۆستایان و قوتابیان و کارمەندانی زانکۆ؟

– دروشمی سەرەکی زانکۆ ئەوەیە کە لە خزمەتی کۆمەڵگادایە، واتە کاری زانکۆ تەنیا فێرکردنی قوتابی نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گەشە بە لایەنەکانی تری قوتابیان و کارمەندانی بکات و گرنگی بە لایەنی هونەری و وەرزشی و کۆمەڵایەتیشیان بدات و دواتر بۆ کۆمەڵیان ئامادە بکات. لەگەڵ ئەوەی ئەرکی سەرەکی زانکۆ ئامادەکردنی کادیری زانستییە لە بوارە جیاجیاکانی ژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی توانا کەم یان زۆر گرنگی بە بوارەکانی تریش داوە. بۆ نموونە ئەوە ماوەیەکە بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێ لە زانکۆ دامەزراوە بەناوی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەری، کە گرنگی بەچالاکییە هونەرییەکانی وەک (شانۆ و نواندن، هەڵپەڕکێ و گۆرانی، مۆسیقا، شێوەکاری) دەدات و بۆ ئەم مەبەستەش چەند تیپێکمان دامەزراندووە کە یەکێکیان تیپی نواندنی زانکۆیە، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئێستا خەریکی پرۆڤە و خۆ ئامادەکردنین بۆ تۆمارکردنی فیلمێکی تەلەڤزیۆنی بەناوی (شەڕە ئاو) سەرەڕای ئەوەش تیپی مۆسیقای زانکۆمان پێک هێناوە و لە پاڵ ئەویشدا تیپی هەڵپەڕکێ و گۆرانی هەیە، لەلایەکی تریشەوە لە زۆربەی کۆلێژەکان یەکەی وەرزشی و یەکەی شێوەکاری هەیە بە مەبەستی پەرەپێدانی توانا هونەرییەکانی قوتابیان و کارمەندانی زانکۆ، هەروەها وەک بەڕێزیشتان ئاگادارن، ئەمساڵ کۆلێژی هونەرە جوانەکانیش کراوەتەوە کە ئەرکی سەرەکی پێگەیاندن و فێرکردنی قوتابییانە لە بواری هونەری.

**دیمانە: جەمال گردەسۆری**

## مۆبایلە شیعر..!

* لە دانیشتنی شەوێکدا، سەرەڕای جۆرەها باسوخواسی ئەدەبی و دەمەتەقەی دیموکراتیانە و برایانەی بەرهەراو و جوان لە بارەی جیهانی شیعر و ئیستێتیکا و سەردەمی شۆڕشی تیکنۆلۆژیا و نامۆیی مرۆڤ و ڕاچەنینێکی پڕ لە هاڕژنی نوێبوونەوە و نوێخوازی و نوێکاری لە جۆری تێڕوانین و بینین و چێژ و خەونی قووڵی سەروبەندی جەنجاڵی گلۆباڵیزم.. بە ئەڵها و حەزو گزوفتێکی شاعیرانەوە، دەیویست ئەزموونێکی نوێی خۆی بدرکێنێ و لە پاشا بیخوێنێتەوە.. لە بەراییەوە کە دەستی پێکرد- بەش بەحاڵی خۆم- بە قسەی ڕووت و نەستەقی تێگەیشتم و لەبەرچاوی پاشخانی بیرەوەریەکانمدا، تارمایی ئەم پرشنگە




شیعریانەی وەک (پۆستەرە شیعر و خونچە شیعر و بروسکە شیعر) تافە ڕەشکەی دەکرد..! نەخێر.. کە چەندین چەندی لەم کورتیلە نامانەی بە سینە سۆزەیەکی گەرمەوە خوێندەوە، لە تەک بیستنی چەندێکیان ڕادەچڵەکام و چێژێکی نوێی پێدەبەخشیم، تا بەتەواوی بۆم ڕوون بووەوە کە لەبەردەم ژانرێکی نوێی ئەدەبیدام.. هەستام و سووڕامەوە و چەند ماچێک و پیرۆزبایی.. ئینجا شەپۆلی پیلە بازییەکی تێروتەسەل.

* لەو کەشوهەوایەدا بیرۆکەیەک لەلام لە شریخەی داو گەلاڵە بوو، ئەویش ئەگەرچی ئەم ژانرە سەردەمانێکی زوو لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتە پێشکەوتووەکانی تردا هاتۆتە کایەوە و بەزمانی جیاجیاش خوێندراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ بەرفراوانبوونی ئامێری (مۆبایل) و بەکارهێنانی بەرهەرای لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتان و لە پاشا لە کوردستانی خۆماندا، پێم جوانتر بوو بەناوی (مۆبایلە شیعر) ناوزەد بکرێ، چونکە (SMS)ە کە یا کورتیلە نامەکە بەم ناوەوە زۆر بارگاوی نییە.. خۆ کارەکەش هەر بە مۆبایل دەکرێ، بۆیە و لە پاش تاوتوو کردنێکی زۆر ئەو ناوە- لە دانیشتنەکە- پەسندکرا، کە لەلای من پڕ بەپێستی ئەم ئەزموونە نوێیەی شیعرە و ڕیتمەکەشی زۆر سوار و شیاو و دڵنشینە.. ئەوەبوو بڕیارم دا هەر هیچ نەبێ وەک دەسپێشکەریەک بۆ خوێنەران بیکەمە دەستو دیاریەک کە لەوانەیە مشتومڕ و دەمەبۆڵە و چەند بۆچوونی لێبکەوێتەوە..!

* داوای دەنگ و ڕەنگ و دەفتەرەکەیم لێکرد و بۆی هێنام.. کە بە تاسەیەکی پاک و قووڵەوەش پەیتا پەیتا خوێندمەوە و چەندین چەند (مۆبایلە شیعر)ێکم لەو (٢٠٦) مۆبایلە شیعرە هەڵبژارد.. لەسەرەتاوە دەبوایە من شتێ لە بارەی ئەم ژانرەوە بنووسم، بەڵام کە سەیری پێشەکییەی شاعیرم کرد، وام بە شیاوتر زانی کە هەر ئەو پێشەکییە بکەمە دوو پرسیار و وەڵامەکەشی هەر لە ئەوەوە هەڵێنجم.. خۆ کە بیستیشم دکتۆری بەتوانا کاک سەروەر عەبدوڵلا بۆچوون و باری سەرنجێکی پوخت و خارای لەسەر نووسیوە، بەشێکی ئەو نووسینەشم کردە گەواهێکی دەمڕاست..!

* ڕاستە.. ئەزموونەکە نوێیەو پێویستی بە گەلێ هەڵوەستەو گۆشە نیگا هەیە، بەڵام با جارێ بڵاوبێتەوە، ئینجا بازندەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی لێ داچەندرێ.. ئومێدەواریشم ئەزموونی ئەم ژانرە جێگەی خۆی لەنێو ئەزموونە جوانەکانی دیکەی شیعری نوێخوازانەو ڕاچەنیوی کوردیدا بکاتەوە و عەودالانی شیعری جوانیش چێژی لێوەرگرن..!

* * *

### دوو پرسیار

* پێوەندی نێوان شیعر و تیکنۆلۆژیا بەرەو کوێ؟

شاعیر: دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا هاتووە، ئێستا تیکنۆلۆژیا و تێلیکۆ میکاتسیۆن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە بەیەکگەیشتن و قۆرخی هەندێ لایەنی گرینگی پانتاییەکانی ژیانیان کردووە.

(SMS) و (ئیمێل) گۆڕینەوە لەنێو گێنەراتسیۆنی نوێدا بۆتە دیاردەیەکی باوی لەبەرچاو. ئەو حاڵەتە لەسەردەمی ئێستاماندا بۆتە بەشێک لەژیانی نەوەی نوێ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە داپچڕاو نین لە تەوژم و شەپۆلەکانی شارستانی و ژیاری.. بێگومان هەر داهێنانێکی نوێی تەکنەلۆژی، هەڵگری کۆمەڵێ بابەت و تیمەی نوێ دەبێ، واتە:

لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ئامێرێکی نوێ، دەیان هونەری دی، سەرهەڵدەدا.. هەر بەنموونە کە (پلەی ستێشن) دوروست دەبێ، یەک دنیا فەنتازیا و هونەری سینەمایی لەگەڵ خۆی دێنێ، دواتر سەرهەڵدانی ئەو فەنتازیا و هونەرە بە ئاشکرا لە سینەما ڕەنگ دەداتەوە، وەک ئەوەی کە لە فیلمی (سپایدەمەن) بینیمان..!

* ئەی ڕاز و دەوری مۆبایل هەر لەم بوارەدا؟

شاعیر: لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مۆبایل لەو دەساڵەی کۆتاییدا، بەو شێوەیەو بوونی پرۆگرامێک بۆ نووسینی نامەی زۆر کورت کە ئەویش هونەری نووسین (SMS)ە..

دەمەوێ لە بەراییەوە ئەوە بڵێم: ئێستا لە دنیادا ڕۆژانە بە ملیۆنەها (SMS) دەگۆڕدرێتەوە..

لە ئەوروپا و ڕۆژئاوادا هونەری (SMS) بەشێوەیەکی ئەدەبی لە ڕووپەڕی زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکاندا دەخوێنرێتەوە و وەکو کتێبی سەربەخۆش بڵاو دەکرێتەوە.. بەم دواییانە ئەو حاڵەتە سنووری ڕۆژئاوای بەزاند و ئێستا ئەوەی من ئاگاداربم، عەرەب و تورکیش کاریان لەو بوارەدا کردووە.

بێگومان نووسینی (SMS)ی خۆشەویستی یا نامەیەکی کورتی عیشق لە مۆبایل، ئەگەر تەماشای ئەتمۆسفێرە گشتییەکەی بکەین، هەمان حاڵەتی نووسینی نامەیەکی عیشقە بە قەڵەم و کاغەز، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو بابەتە لە جیاوازی خاڵی نین، هەر بە نموونە:

(١) (SMS) زۆر کورتتر و چڕتر و مەبەست پێکاوترە و زۆربەی جارەکان تۆ بە تەنیا دێڕێک یا چەند دێڕێکی کەم، وێنەیەکی تەواو ئیستێتیکایی دەدەیت و بە پرسیارێک یان خاڵ یان سەرسوڕمانێک قفڵی دەدەی.

(٢) (SMS) زۆر زووتر لە (نامە) دەگات و زووتریش وەڵام وەردەگرێتەوە.

(٣) لە ڕووی ئابوورییەوە بە بەراورد لەگەڵ قسەکردن خەرجیەکەی کەمترە.

(٤) بوار و کاتی بیرکردنەوەت زۆر زیاترە، تا جوانترین ڕستە بۆ کەسی وەرگر هەڵدەبژێریت و.... تاد.

من لێرەدا دەمەوێ، بەکورتی ئاماژە بەوە بکەم کە ئێستا هونەری (SMS) نووسین لەگەڵ گۆڕانکارییەکان وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەب خۆی نیشان دەداو بە تەواویش نەوەی نوێی خەریک کردووە، ئەو هونەرەی کە لەنێوانی (قسەی ئاسایی ڕۆژانە و وێنەی شیعریی) دایە، پێی دەڵێن هونەری (SMS) نووسین. بۆیە هیواخوازم یەکەم هەنگاوم لەم ڕووەوە هاویشتبێ و دڵی گێنەراتسیۆنی نوێی پێخۆش بێ و تا ڕادەیەکیش کار لەو (SMS)انە بکا کە تەواو لە هەموو شیعرییەت و وێنە ئەدەبییەکان خاڵین..! بێگومان هەمیشە کەمینە خەریکی ئەدەبن، ئێستاش زۆرینە خەریکی گۆڕینەوەی نامەی ڕۆمانسی و سۆزاوین لە ڕێگەی مۆبایلەوە. ئەم کارەی منیش بۆ ئەوەیە، ئەگەر بکرێ زمانی زۆر ئاسایی ڕۆژانە، لە ڕێگەی هەندێ وێنەی شیعرییەوە بگۆڕێ، تا زۆرینەی نەوەی نوێی کورد ئاڵوگۆڕی نامەکانی عیشق و وەفا و جوانی بکەن...!!

* * *

**ئاماژەیەک**

* لە پەرەگرافێکی نووسینەکەیدا دکتۆر سەروەر دەڵێ (... گۆڕینەوەی (E. Mail) و (chat) و (SMS) هێوێن و زادەی ئەو جۆرە نووسینانەی ئەمڕۆن کە: لە ڕێگەی ئەو (Telekomirkation)ـە تازەیەی هەنووکە هاتۆتە ئارای کارتێکردن لە بەشێکی دیاری پێوەندییەکانی کۆمەڵی خوێندەواری کوردییەوە.. بەمجۆرە ئەم بوارە زیندووانەی ئەمڕۆ ئەو دیاردە وێڕای ئەوە بووە ببێتە پۆرگێکی درەوشاوەی نمایشامێز لە بواری بەستنەوەی ئەم بۆ ئەو، یا بەپێچەوانەوە ئەفراندنی ئەم کۆمەڵە (SMS)یەش گەواهی ئەوە دەدەن کەوا شاعیری کورد دابڕاو نییە لە جیهانی تازەگەری و ئەفراندنی دیاردەی نوێ و بە مۆدێرنە کردنی بابەت لە ڕێگەی هەڵکەوتەکانی سەردەم و ڕوخسارەکانی ڕۆژانەی ئەمڕۆمان...

(زانا خەلیلی شاعیر وەک چۆن لە بەشێکی دیاری دیوانی پێشوویدا (دیالۆگی لالێک لە میسینگەری پەپوولەکاندا) هەوڵی ئەوەی دابوو، شیعری کوردی بە ستایلی ئیمڕۆی ئاوڕۆی ئەمریکی چەکەرە بکات، یان ڕاستتر بڵێین: هەوڵی ئەوەی دا بەرەو دنیایەکی تژی موغامەرەی نووسینێکی تازە بڕوات کە ئێستا لە ڕۆژئاوا پێڕەو دەکرێ، ئەوا هەنووکە لەم کۆمەڵە (SMS)ەدا، هەوڵی داوە پریاسکەکانی ئەزموونی شیعریی خۆی کۆ بکاتەوە و شتێ بنووسێ لە شیعر بکات، یا ژانرێکی ئەدەبی یا کرۆکی خودی شیعر بێ.... تاد).

* * *

**بە چەند دێڕێک**

* زانا خەلیل لە (١-٧- ١٩٧٦) لە هەولێر لە دایکبووە.

* قۆناغەکانی خوێندن و کۆلێژی هەر لەو شارە تەواو کردووە.

* لە ساڵی (١٩٩٦)وە لە ئەڵمانیا دەژی.

* کۆشیعری (کڕنووش)ی لەساڵی ١٩٩٥ بڵاو کردۆتەوە لەگەڵ پێشەکییەکی دکتۆر مارف خەزنەدار.

* کۆشیعری (فیردەوسی بەفرەکان)ی لەساڵی ١٩٩٦ چاپکردووە.

* (پرۆژەی برادەرانی زناک) لەگەڵ کۆمەڵە برادەرێکی زناکی لەساڵی (١٩٩٦)دا بڵاوکردۆتەوە.

* (سەفەرەکانی ئۆرشەلیم) کە چامەیەکی درێژە لەساڵی (١٩٩٧) و لە ئەڵمانیا بە چاپ گەیاندووە.

* کۆشیعری (سەفای تەم)ی لەساڵی (٢٠٠٠) بڵاو کردووەتەوە.

* (زایزۆنی دووەمی زناک) لەساڵی (٢٠٠٠) بە دووقۆڵی لەگەڵ هاشم سەڕاجی شاعیر جاریان داوە.

* (لانەکەتان کێڵگەی حەشیشە) - کۆشیعر- لەساڵی (٢٠٠١) لە چاپ دراوە.
* کۆشیعری (دیالۆگی لاڵێک لە مێسینگەری پەپوولەکان)دا لەساڵی (٢٠٠٤) بڵاو کردۆتەوە و پێشەکیەکەی لەلایەن دکتۆر سەروەر عەبدوڵڵا نووسراوە.
* ئەم دەسنووسانەی هەیە:
* (سێیەمین زایزۆنی زناک) بە دووقۆڵی لەگەڵ هاشم سەراجی شاعیردا
* (گومان مەکە خۆشم دەوێی) لیریکە شیعر
* (زیۆس باوکمە) ڕۆمان
* کۆشیعرێکی نوێی ئامادەیە و لە نێو ڕۆمانێکی نوێشدا کار دەکا.
* (مۆبایلە شیعر) بریتییە لە زیاتر لە (٢٠٠) (SMS) یا کورتیلە نامەی شیعری.

* * *

**هەڵبژاردە**

* وێنەکەتم پێگەیشت بە جلی بووکێنی..
ئۆف! چەند لە دۆزەخ دەچووی
* پیتی یەکەمی ناوی من لە ملوانکەی گەردنت داکەنە و هەڵیدە نێو ڕووباری بیرەوەرییەکانت
* شەوی ڕابردوو، ڕوو لە ئاسمان، ڕاکشابووم
کە زانیم مۆبایلەکەت داخراوە، بە ناچاری سەبارەت بەتۆ لەگەڵ ئەستێرەکان دوام
* پارکی سەبرم سووتا، بارانی دەنگت داباریێنە
* من پەشیمانم، کە: زمانم بێ تەتەڵە.. کریستاڵی دڵتی شکاند
* بارانی پەشیمانی تەڕی کردووم، ئێستا بەدوای دۆزینەوەی خۆرێکی نوێم.
* بڕیاربوو بێی، کە نەهاتی من لەژێر ئاگری چاوەڕوانیدا بووم بەشەختە
* زۆر حەز دەکەم تەلەفۆنێکی هەتا هەتاییت بۆ بکەم.
* مۆمی پەنجەکانت داگیرسێنە، با ژووری گیانم ڕۆشن بێتەوە
* ئەستێرە دوورەکەم، خەونت پڕ بێ لە بۆنی بخوور
* نامەکەت پێکە.. دەنگت شەرابە.. چاوەڕێم سەرخۆشم کەی
* بەناچاری پیرۆزباییت لێدەکەم.. بڕۆ تامی پێکی لێوی تر بکە
* لەو زستانەی لێکدابڕانەدا، من وام خۆم بەدیار ئاگردانی یادەکان گەرم دەکەمەوە
* بە مەرەکەبی نێو شادەمارەکانم، کەڤاڵی عیشقت بۆ دەکێشم و لە بنەوەش دەنووسم: تابلۆی سپێدە

* کە ناتوانین دەستی یەک بگرین، دەبێ گوناهەکان بخەینە ئەستۆی کێ؟
* خامەی گیانم سەبری نەما، هێندەی فرمێسکی وشەت بۆ دارێژێ
* ڕامسپاردووە، کە دەمرم مۆبایلە شیعرەکانت لەناو گۆڕ لەژێر سەرم دانێن
* دەنگت ئەڵماسە، ڕەنگت یاقووت، ئێ بۆ نایەیتە نێو مۆزەخانەی گیانم
* کەویستت جێم بهێڵی، سورەتی یاسینی عەشقم لەسەر بخوێنە
* خۆشەویستی لە شەترەنج دەچێ، هەمیشە عاشقە شێتەکە زووتر مەلیکی خۆی لە دەس دەدا
* دێی لەگەڵم؟
بۆ نێو ئاگری فێنکی عەشق
* لەسەردەمی پۆست مودێرنیزمدا، کلاسیکیانە خۆشم دەوێی
* ئەوڕۆ خەریکی خوێندنەوەی شیعر بووم، بە پەنجەرە والآکەمدا، کوکوختییەک خۆی کردە ژوور، وابزانم تۆ بووی!؟
* سوپاس بۆ (SMS)ەکەت
بەڵام من لە بێستانێکی تردا مێوەجاتی عیشقم چاندووە
* بۆ نابێ لە جیاتی وشە، ڕۆحمت لە (SMS)ێکدا بۆ بنێرم
* ماچت دەکەم ئەی تاووسەکەی یەزدان
* هاوین بوو بارانی عیشقت داباری، پێدەچێ لە زستاندا بەهەتاوی ڕۆحت گەرمم بکەیتەوە
* کە سەفەرت کرد، دڵی خۆت لای من بەجێ بێڵە.. تا شەوانە لەسەر قەرەوێڵەکەی دڵمدا بیخەوێنم
* ئەی ئەفرۆدیت.. تۆ نوێترین تیوری عیشقت لە هەولێر دارشت
* وەرە لە هەرێمی گیانم، ئەزەلیترین کابینەی حکوومەتی عیشق دابەزێنە.

**مەحموود زامدار**



# پیشانگایەکی شێوەکاری بۆ عەبدوڵڵا ڕەسووڵ لە گەلەری کوردستاندا

کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/٣. گۆڤاری شێوەکاری، پیشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند (عەبدوڵڵا ڕەسووڵ) لە گەلەری کوردستان لە شاری هەولێر کردەوە، ئەم پیشانگایە زیاتر لە (٣٠) تابلۆی هونەری وەخۆ گرتبوو، بەدوو تەکنیکی جیاواز و دوو کەرەستەی جیاواز کاری تێدا کرابوو. لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا کە بە ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کوتاڵ کارکرابوو، هونەرمەند لە فڵچە و لە چەقۆ بۆ تەکنیکی بەرهەمەکەی کەڵکی وەرگرتبوو و لە چەند تابلۆیەکیشدا بە مەرەکەب لەسەر کاغەز کاری کردبوو.

ئەم پیشانگایە لە ڕووی بابەتییەوە، زیاتر پێوەندی بە مرۆڤایەتی تراژیدیا و کارەساتەکانەوە هەبوو، کە لە چەند تابلۆیەکیدا زیاتر ئەم شتەی وێناکردبوو (١٧ی نیسانی ١٩٨٩) کە کارەساتی لەسێدارەدانی مرۆڤێکی وێناکردبوو، یان لە تابلۆی (تەرمی شەهیدێکی بێکەس) کە ئەویش هەر بەم جۆرە باس لە تراژیدیای مەرگ و کارەساتەکان بوو.

سەڵت (Abstract) ئەم شێوازە بوو کە هونەرمەند کاری تێدا کردبوو، لە زۆرینەی بەرهەمەکاندا بابەت ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا و کەمتر وا بوو کە تابلۆیەکی هەتا ئەم ڕادەیە سەڵت بێتەوە کە تەنیا فۆرمێکی لەناوچوو بێت یان ڕەنگ، بۆ هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ ڕەنگ و بابەت هەرکام ڕۆڵی سەرەکی بەرهەمەکەی دەگێڕن و لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا ڕەگەزەکانی ئێکسپێرسیۆنیزمی تێدا بەدی دەکرا، لەم بارەوە هونەرمەند ئاماژەی بەوە دا و گوتی: هەرچەندە من بۆ سەڵت کارم نەکردووە و پێم وایە ئەمانە گشتیان ئێکسپێرسیۆنیزم-ن یان لانی کەم ڕەگەزەکانی ئەوی تێدا بەرجەستەیە، ئەگەر ئاواشە ئەمە پرۆژەیەکە کە کۆتاییم پێ هێناوە و لە سالانی (١٩٨٤) تا (١٩٩٤) بەم شێوازە کارم کردووە و بەشێکی زۆری بەرهەمەکانم هی ئەوکاتن و لە دەرەوەی وڵات لە بریتانیا بەرهەمم هێناون.

لەم بەرهەمانەی هونەرمەنددا ڕەنگ بە گوێرەی بابەت گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و ساردو گەرم بوون، یان کاڵی و تۆخی هەرکام لەمانە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتەکەوە هەبوو و لەگەڵ ئەمەشدا هارمۆنییەکی ڕەنگی بەرچاوی تێدا بەدی هێنابوو، کە گشت ئەم تایبەتمەندییانە گوزارشتیان لە داهێنانێکی گەورە دەکرد.

هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ ساڵی ١٩٥٢ لە هەولێر لە دایک بووە، ساڵی ١٩٧٩ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە بەشی وێنەکێشان بە پلەی یەکەم بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، ساڵی ١٩٧٩- ١٩٨٦ مامۆستای هونەر بووە لە قوتابخانەی ناوەندی شەقڵاوە، ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦ مامۆستا و سەرۆکی بەشی وێنەکێشان بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان.



هەروەها دەستەی دامەزرێنەری ئەم پەیمانگایە بووە. ساڵی ١٩٨٦، بەرەو هەندەران ڕۆیشتووە، ساڵی ١٩٨٩ گەیشتۆتە لەندەن و لەو کاتەوە تاکو ئێستا وەک هونەرمەندێکی سەربەخۆ کارو لێکۆڵینەوەی هونەری ئەنجام داوە و وانەی تایبەتیشی وتۆتەوە، ساڵی ١٩٩٧ وانەی هونەری وتۆتەوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی مامۆستایەتی (NVQ3) لە (تیمی & گلۆس) لە لەندەن. لە ساڵی (١٩٧٠)وە چەندین پیشانگای تایبەتی لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا و لەندەن و دیمەشق، کردۆتەوە.

**وریا بوداغی**

# فەیسەڵ حەسەن قادر لە پێشانگایەكی نمایشكردنی كامیرادا

لە درێژەی چالاكییە هونەرییەكانی كۆمەڵەی وێنەگرانی كوردستاندا، بۆ یەكەمین جار لە كوردستاندا پێشانگەیەكی تایبەتی بۆ نمایشكردنی «ئامێر و پێداویستییەكانی وێنەگری» بۆ هونەرمەندی فۆتۆگرافی فەیسەڵ حەسەن قادر لەگەڵەریی میدیا لە ڕۆژانی (١٩-٢١/٧/٢٠٠٥) كرایەوە، تێیدا دەیان كامیرای جۆراوجۆری فۆتۆگرافی، كە هەندێكیان دروست كردنەكەیان دەگەڕایەوە سالانی (١٩١٢) و دوای جەنگی جیهانی یەكەم، وەك كامیرای كۆداكی بۆكسی كە فیلمی (ڕۆل)ی (١٢٠)ی دەخوارد و تەنیا یەك خێرایی داخەر و یەك كونی هاوێنەی هەیە، هەروەها كامیرای بە هەمبانە كە هاوێنەكەی دەهاتە دەرێ و بەشێوەیەكی زۆر ساكار كاری دەكرد، هەرچەندە بەپێی ساڵی بەرهەمهێنانی بۆ ئەو كات كامیرایەكی زۆر پێشكەوتوو بوو، بەڵام زۆربەی كامیراكانی سەرەتای سەدەی بیستەم لایت میتەریان تێدا نەبوو، بەڵكو وێنەگر زیاتر پشتی بە لایت میتەری دەستی دەبەست بۆ پێوانەی بڕی ڕووناكی بۆ هەر حاڵەتێكی وێنەگرتن، هەمان شت كامیرای فەوری كۆداك و پۆلەرۆیدی نمایش كردبوو، كە لە سەرەتای سالانی شەستەكانی سەدەی بیستەم بەرهەم هێنرابوون، بۆ ئەوكات وەك جیهانی وێنەگەری دیجیتاڵی ئەمڕۆمان وابوو، وەرچەرخانێكی زۆر گەورە و بەرچاو بوو بۆ ئەوكات، چونكە، ئەم كامیرایانە ڕاستەوخۆ وێنەی چاپكراویان ئەنجام دەدا لە ماوەی چەند خولەكێكدا، بێ ئەوەی پەنا بەرینە بەر لابۆرەكانی چاپی وێنە و شتنەوەی فیلمی كلاسیكی. هەروەها چەندین جۆر فلاشی تێدا نمایش كردبوو، لەنێوانیاندا فلاشی ئەنگستن بوو كە جاران بۆ وێنەگرتنی ڕەش و سپی بەكاردەهێنرا، نەك بۆ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، دەبوایە خێرایی داخەر زۆر سست بێت و كەمتر لە فلاشی ئیلیكترۆنی بەكاردەهات. هەمان شت فلاشی تایبەتی كە تەنیا بۆ یەك جار بەكار دەهات و دەسووتا و فڕێ دەدرا، واتە وێنەگر تەنیا یەك وێنەی پێ دەگرت، كە بە زۆری لەگەڵ كامیرا فەورییەكاندا بەكار دەهات.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەم پێشانگەیە بیرۆكەیەكی واقیعیانەی دا بە جەماوەر، كە وێنەگەری بە چەندین قۆناغی جیاجیادا ڕەت بووە و چەندین گۆڕانكاری بەخۆیەوە دیوە، تا گەیشتۆتە بەكارهێنانی كامیرای دیجیتاڵی كە ئەمڕۆ، هێندە پەرەی سەندووە و خەڵكانی زۆر سادە لە ڕێگای مۆبایلەكانیانەوە بەكاری دەهێنن و بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بە (E-mail) واتە پۆستی ئیلیكترۆنی لەماوەی چەند چركەیەكدا وێنەی یادەوەرییەكانیان ڕەوانە دەكەن بۆ هەندەران و وڵاتە جیاجیاكانی جیهان، بەڵام گلەیی ئەوە كرا كە بۆچی كامیرای شەمسی حزووری نەبوو لەنێو پێشانگەكەدا، كاك فەیسەڵ ئاماژەی بەوەكرد كە هەندێ پەلە پەلی لێكراو كامیرا و پێداویستییەكانی وێنەگەری هێندە زۆربوون لە لای هەتا فریای ئەوەش نەكەوت بەپێی سالانی بەرهەم هێنانیان نمایش بكات و هەروەها عارزەی سلایدات و سینەمایی و كامیرای سینەماییشی فەرامۆش كردبوون، بەڵام ئومێدی ئەوەی خواست كەوا حكومەتی هەرێم مۆزەیەكی فۆتۆیی بكاتەوە، بەشێكی تەرخان بكات بۆ نمایشكردنی ئەم جۆرە ئامێرانە، چونكە خەڵكی بەدیتنی نەك تەنیا زانیاری وەردەگرێ، بەڵكو زۆربەیان یادگاری تایبەتیان لەگەڵ كامیرا و پێداویستییە جۆراوجۆرەكاندا هەیە و یادی ڕۆژانی ڕابردووی پێ دەكەنەوە كە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەمەیان كردووە، بەڵام دیارە بۆ ئێمەی كورد جاران هەلی وا نەڕەخسابوو، بەڵام ئێستا لە سایەی ئەم ئازادییەی بەرقەراربووە، دەكرێ لایەك لەم لایەنە بكرێتەوە و، خەڵكی بۆ سەیركردن و زانیاری وەرگرتن سوودی لێ وەرگرن.

ماوەتەوە ئەوە بڵێین كە هونەرمەندی ناوبراو عیشقێكی تایبەتی هەیە بۆ هونەری فۆتۆگراف و بۆیەش هەر لەسەرەتای سالانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردووەوە خەریكی كۆكردنەوە و كڕینی ئەو كامیرا و ئامێر و پێداویستییانەی فۆتۆیی بووە، تا ئەمڕۆ بە هەلی زانی كە لە پێشانگایەكی ئاوەهادا نمایشیان بكات.

**ب. هەوراز**






## پێشانگەی هەمیشەیی شێوەکارانی کورد لە سلێمانی

ڕۆژی ٦/٣٠ لەنێو ئاپۆرایەکی کەم وێنە لە هونەرمەندان و بینەرانی هونەردۆست لەشاری سلێمانی پێشانگەی هەمیشەیی شێوەکارانی کورد- لە سلێمانی و لە گەلەری زاموا کرایەوە. ئەم پێشانگەیە کە زیاتر لە (١٧٠) هونەرمەند لە هەموو شارەکانی کوردستان و ئەوروپاوە بەشداربوون و هەریەکەیان بەشێواز و ڕیتم و ئازادی خۆیەوە کاری کردبوو، ئەمە جگە لەوەی هونەرمەندانی بوارەکانی (پەیکەرسازی، سیرامیک، وێنەکێشان) لەم پێشانگە هەمیشەییەدا بەشداربوون و ئەم پێشانگەیەش خولی ئەم ساڵە و بڕیارە ساڵێک لەم گەلەرییەدا کە خەریکە دەبێتە مۆزەخانەیەکی دانسقەی نەتەوایەتی، نمایش بکرێت.

ڕەنگە زۆر لایەن هەبێت ئێمە هەڵوێستەی لەسەر بکەین کە گەلەری زاموا خزمەت بە هونەرمەندانی کورد بکات، بەڵام بە بۆچوونی من دیارترینیان کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی هونەرمەندانە لەژێر چەترو ڕەشماڵێکی هونەریدا، ڕەنگە ئەم گەلەری و پێشانگەیە سیمایەکی باش بێت بۆ هونەرمەندی کورد بۆ ئەوەی شوێنێک یان ناوەندێکی هونەری بدۆزێتەوە بۆ فرۆشتنی تابلۆ و بەرهەمە هونەرییەکانی، بەداخەوە تا ئێستا ئەم لایەنە لای هونەرمەندی شێوەکاری ئێمە ون و هەندێ جاریش عەیبە!!

ئەمە جگ لەوەی ئەم گەلەرییەش ئەرشیفێکی باشە بۆ هونەرمەندی کورد بۆ ئەوەی فێری ئەوەبێت بەرهەمەکانی خۆی لە فەوتان ڕزگار بکات، یان هەر هیچ نەبێت دوای فرۆشتن و لەناوبردنی، وێنەیەکی لا بمێنێتەوە، ئەو کوڕاسە هونەرییەی زاموا ئەو هەلە دەبەخشێتە هونەرمەندە بەشداربووەکان.

هەر بینەرێک گوزەر بکات بەنێو ئەم پێشانگەیەدا، دەبینێت بۆی دەردەکەوێت ئەم هونەرمەندانەی کە لەم پێشانگەیەدا بەشداربوون هەریەکەیان بە ئازادی خۆی و هەریەکەیان بە ستایل و تایبەتمەندی کارکردنیەوە مامەڵەی لەتەک تابلۆ و ڕەنگ و تەکنیکدا کردووە و لەهەموو فۆڕم و کارکردن و ستایلێک لەم پێشانگەیەدا هەیە و ئەمەش ئەوەندەی تر هەمەجۆری و فرەدەنگی و فرەڕەنگی داوە بە هونەرمەندی کورد.

ڕۆستەم ئاغاڵە بەڕێوەبەری ئەم گەلەرییەو سەرپەرشتیاری ئەم پێشانگەیە لە دەلیلی پێشانگەکەدا نووسیویەتی: «کاری شێوەکاران لە گۆڕاندایە و ئەم گۆڕانەش بە ڕوونی لەم کارانەدا دەبینرێت، مەرج نییە گۆڕانی شێواز و تەکنیک هەبوو پێشکەوتن دروست بووە، دەبێت تەکنیک و شێواز لە یەکتر جیا بکەینەوە، شێوەکار هەیە بە بەرهەمی بەشداربووی تەکنیکی کارکردنی گۆڕیوەو هەشە شێوازی گۆڕیوە، بۆیە پێویستە تەکنیکی جۆراو جۆر ئەزموون بکەین و تاقی بکەینەوە».

## ڕەگە فۆلکلۆرییەکان لە پێشانگەی تایبەتی (شەهلا نامیق)دا

ڕۆژی (٦/٢٦ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە هۆڵی داود بەگی جاف لە مەڵبەندی کوردۆلۆژی لە سلێمانی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد پێشانگەیەکی تایبەتی بۆ هونەرمەندی شێوەکار (شەهلا نامیق) کردەوە، لەم پێشانگەیەدا هونەرمەند چەند تابلۆیەکی نمایش کردبوو کە کۆی گشتیان ڕەگێکی فۆلکلۆری پێکەوەی دەبەستنەوە، کە ڕەنگە ئەمەش یەکێک بێت لەو تایبەتمەندیانەی کە ئەم هونەرمەندە دەیەوێت کاری لەسەر بکات و بیکاتە تایبەتمەندی ئیشکردنی خۆی، دیارە ئەو تایبەتمەندیانەش زیاتر لەنێو ئەو فیگەر و کەرەستانەدا خۆی دەبینییەوە کە هونەرمەند کاری لەسەرکردبوون، دیارترین ڕەگەزیش کە بەر بینینی چاوی بینەر دەکەوت

(گالۆک) بوو ئەمە جگە لەو فیگەر و فۆرمانەش کە لە تابلۆکاندا بەدەردەکەوتن، هەمان سیمایان بە بینەر دەبەخشی..

هێنانی کەرەستەیەکی فۆلکلۆری وەک گالۆک یان هەر کەرەستەیەکی تر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەو دیدە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەند خۆی یەکێکە لە خەمخۆرانی ئەو بوارە و ماوەی چەند ساڵێکیشە لەو بوارەدا سەرقاڵە بۆیە گەر سەیری دەلیلی پێشانگەکە و شوێنی پێشانگەکە و فەزای تابلۆکانی بکەین، دەبینین هەموویان پێکەوە ڕەگێکی فۆلکلۆریانەیان هەیەو هونەرمەند دەیەوێت کۆی گشتی کارەکانی بچێتە چوارچێوەی ڕیتمە فۆلکلۆریەکەوە. لایەنێکی تریش لای هونەرمەند ئەوەیە هەوڵی داوە لەو چوارچێوەیە دەربچێت کە تابلۆکانی لەنێو بازنەی لوغز و نهێنیدا نغرۆ بکات، ئەو هەوڵ دەدات زیاتر بەدوای مانای دیارو بێ ڕتووشدا بگەڕێت، ئەوەتا لەم حاڵەتەدا پەنای بردووە بۆ شیعری شاعیران و سێ شیعری (نەجم هۆگر) دەکاتە تابلۆ و مانا و سنوورەکانی بە ڕەنگ و تەکنیک دیاری دەکات، شیعرەکانیش بریتین لە (چاری دڵ، دوا هەناسە، من کێم هەیە) ئەم کارەی هونەرمەند پەنای بۆ بردووە بە بڕوای من ئیشکالیەتی خۆی هەیە بەتایبەتی لە تەفسیر کردنی وێنەی شیعری بۆ سەر تابلۆ و هێنانی بۆ ناو ڕەنگ و فڵچە، ئەم ئیشکالیەتەش دەبێتە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم وێناو تێڕوانینی هونەریانەی هونەرمەند بۆ هونەر، بێگومان ئەمەش توانای ئیستاتیکیانەی هونەر چڕ دەکاتەوە بۆ وشەو لایەنە زمانەوانیەکان، کە لە بنەڕەتەوە ئەم لۆژیکە دوور دەکەوێتەوە لە پەیامی ڕەنگ و تابلۆ!!

لایەنێکی تریش کە ئیشکردنی هونەرمەند بوو بەو



فیگەری گۆچانە کە لە ئەفسانە کۆنە کوردیەکانەوە ئەم چەمکەی هێناوەو لە بنەڕەتەوە گۆچان لە ئەفسانە کوردیەکاندا سمبولی بەهێزی و خۆ ڕاگریە، هونەرمەندیش لە تابلۆکانیدا گۆچانی داوەتە دەست ئافرەت کە بە بۆچوونی ئەو، ئافرەت بە وێنەی ئەفسانە کوردیەکان لای ئەم هێمای بەهێزی و کۆڵنەدانە.

شەهلا نامیق ساڵی ١٩٧٧ لە سلێمانی لە دایک بووە.


بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە.

ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردە.

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کەلەپووری کوردە

تا ئێستاش بەشداری نزیکەی (١٥ پێشانگە)ی کردووە، کە گرینگترینیان بریتین لە پێشانگەی هێڵکاری پەیمانگە، پێشانگەی خانمان، کەرنەڤاڵی ڕۆژی جیهانی منداڵان، پێشانگەی فرمێسکە ڕەنگاڵەییەکانی شەم.

## چیرۆکە فەنتازییەکانی (سەعید ئیسماعیل)



یەک ڕەنگ کۆنترۆڵی پانتایی تابلۆکانی کردووە، بەشێوازێک ڕەنگ زۆرجار بەدەر لەوەزیفەی ئیستاتیکی چیرۆک و داستانێک دەگێڕێتەوە مەگەر تەنیا هونەرمەند خۆی بتوانێت تەفسیرێکی تایبەتی بۆی هەبێت...

تابلۆکانی سەعید ئیسماعیل لەگەڵ ئەوەی هەریەکەیان هەڵگری چیرۆک و ڕیتم و فیگەر و بابەتێکن، لەگەڵ ئەوەشدا یەک ڕەنگ لەهەر تابلۆیەکدا کۆنترۆڵی ئەو تابلۆیەی کردووە، بەمەش ڕەنگ یەکێک لە بەها جوانیەکانی خۆی دەردەخات کە گێڕانەوەی سەرگوزشتەیەکی خەفەکراو و نادیاری ناوناخی هونەرمەندە (پەپوولە ڕەشەکان) ناوی سێیەمین پێشانگەی تایبەتی هونەرمەند (سەعید ئیسماعیل)ە و لە ڕۆژانی ٢٩-٦ بۆ ٢٠٠٥/٧/٣ لە گەلەری ئارام کردیەوەو لەم پێشانگەیەدا هونەرمەند کۆمەڵێک تابلۆی قەبارە جیاوازی نمایش کردبوو کە هەریەکەیان بۆ خۆی چیرۆکێکی فەنتازیای بە چاوی بینەر دەدا، کە دواجار ئەو چیرۆکانەش سەرجەم خەسڵەت و سیمای تەکنیکی ئەوی دەردەخست لە مامەڵەکردن لە تەک ڕەنگ و بابەت

و چیرۆکی تابلۆکان.
ڕەنگ جیاکردنەوەو پۆلینکردنی ئەو فۆرمە لەکارکردنی هونەریی هونەرمەند وای کردبێت کە «سەعید»ی هونەرمەند هەردەم و هەرجارەی بەشێوازو ڕوخسارێکی هونەریانەوە دەرکەوێت کە هەر ڕوخسارێکی دەرخەری لایەنێکی هونەری و گۆشە نیگایەکی تایبەتی ئەوین....
جگە لەم سیما هونەریانەی هونەرمەند فیگەر لە تابلۆکانی ئەودا بەدەر لە پێگەی تایبەتی هەڵگری پرسیار و تایبەتمەندین لای هونەرمەند، لە مەش گرنگتر بەردەوام ئەو فیگەرە لای ئەو ڕوخسارێکی مێینەیە لە بەرگێکی ڕۆمانسیانەدا، بەتایبەتیش ئەو تابلۆیەی کە بوەتە دەلیلی پێشانگەکەی ئەو ڕەنگی مۆر و ڕۆمانسیەتی مێینەیەک لە دۆخێکی بیرکردنەوە و تەئەمولدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەمەش ئاماژەیەکی قووڵی و وردبینی هونەرمەندە لە مامەڵەکردن لە تەک بابەتی کارکردنی هونەریانەی خۆیدا....

ئەم خەسڵەتانەی هونەرمەند لەو ساتانەوە دەرکەوت کە ئەو قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، ئیتر هەر لە قۆناغی قوتابییەتییەوە (سەعید) وەک گەنجێکی خاوەن ئەزموون و تایبەتمەندێتی لەنێوەندە هونەرییەکەدا ڕوخساری هونەریانەی خۆی دەرخست.
* سەعید ئیسماعیل ساڵی ١٩٧٢ لە کەرکووک لە دایک بووە.
* دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە.
* یەکەم پێشانگەی تایبەتی ساڵی ٢٠٠٣ لە سلێمانی کردووەتەوە.
* دووەم پێشانگەی تایبەتی ساڵی ٢٠٠٣ لە کەرکووک کردووەتەوە.
* ئەمەش سێیەمین پێشانگەی تایبەتی هونەرمەندە.
ئەمەو جگە لەوەی بەشداری نزیکەی (٢٠) پێشانگەی هاوبەشی کردووە.

# شانۆگەری (خەریکە قسەکردنم بیر دەچێتەوە)

گرووپی شانۆی ئەلەند گرووپێکی شانۆیی چالاکن و هەموویان بەشی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانیان تەواو کردووە و ماوەیەکە وەک یەکێک لە گرووپە جدیەکان لە بواری شانۆدا لە شاری سلێمانی دەرکەوتوون. تازەترین بەرهەمی ئەم گرووپە شانۆگەری (خەریکە قسەکردنم بیر دەچێتەوە)یە لە ڕۆژی ١٠-٢٠٠٥/٧/١٥ لە هۆڵی سلێمانی پێشکەش کرا، ئەم شانۆگەریە لە دەرهێنانی لاوانی ڕواندزی و نواندنی ڕێکەوت حەمە تۆفیق و زانیار فەتاح و ڕێبین سدیق و ڕێباز محەمەد و سۆزان بابا عەلی و نەوشیروان غەریب و هەردی سەلام جگە لەم شانۆگەریە ساڵی پاریش هەمان گرووپ شانۆگەری (ئەوەتان... مرۆڤ)یان نمایش کرد.
(خەریکە قسەکردنم بیر دەچێتەوە) شانۆگەرییەکی مۆدێرن بوو لە ستایل و کارکردندا و هەوڵ درابوو بە فۆرمێکی کارکردنی وا کاربکەن کە بە چاوێکی دووربین و ڕەخنەگرانەوە لە کۆی پێوەندیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردی بڕوانن و زۆرجاریش لەو سۆنگەیەوە پرسیاری وروژێنەری هەنووکەییان لە کۆی دیاردەکانی کۆمەڵگەی خۆمان دەکرد.
ڕەنگە قسەکردنی گەورە لەسەر ئەم گەنجانەوە لەوەوە دەست پێبکات کە ئەوان گرووپێکن بە عەشقێکی سۆفیانەی گەورەوە ماوەیەکی زۆرە لە هۆڵی پرۆڤەدان و دەیانەوێت لە مێژوویەک بدوێن کە خۆیان مشکێکی بچووکن لەو مێژووە.
لە ڕووی پلانی دەرهێنان و فۆڕمی نواندنەوە ئەم کارەی ئەم کۆمەڵە لاوە مایەی قسەکردن و تێڕامانی وردی هونەریانەیە چونکە ئەوان بە جەستەو دەنگێکی بەجۆش و دوور لە دەسکردی ویستبوویان ئەو گوزارشتە بکەن کە ئەکتەری بەئەزموون لەسەر تەختەی شانۆ پێویستی پێیەتی، نەک ئەو ئەکتەرەی کە کەم ئەزموونەو ناتوانێت لە سکێچێکی دیاریکراو دەرچێت، بۆیە بەردەوام ئەو حەوت ئەکتەرە لە وازیەکی فراواندا بوون بە جەستەو دەنگیان کە زۆرجار دەگەیشتە پلەی غرووری هونەرییە بەتایبەتیش لای (زانیار و سۆزان) بێگومان ئەمەش مێژوویەک لە ئەزموون لای ئەکتەر دروست دەکات.
دەرهێنانیش ڕەگەزێکی گرنگی کاری شانۆییە، لەم کارەشدا بەقووڵی کار لەسەر ئەوە کرابوو کە ڕەگەزی دەرهێنان بالادەست بێت، بەتایبەتی لە ڕووی پێکهاتن و کوتلەی هونەریی و کارکردن بە جووڵەی کۆمەڵی لای ئەکتەرەکان، لەم دۆخەدا دەرهێنەر لە فەزای شانۆدا جگە لەو کۆمەڵە کورسی و مێزی نانخواردنە پانتاییەکی بۆشی لەسەر شانۆ دروست کردبوو کە ئەو بۆشاییە بەتەنیا توانستی جووڵەی ئەکتەرو پێکهاتەی جووڵەکان پڕیان دەکردەوە....
لە ڕووی ستراکتۆری تێکستی نمایشەوە هەوڵ درابوو تێکستێک بێت بەدەر لە بونیادی تەقلیدی و هەڕەمی دەقە باوەکان کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەڵکو ئەم تێکستە زیاتر هەوڵی دابوو ڕەگێکی ڕەختەگرانە بێت بۆ

کۆی پێوەندییەکان.

بە بڕوای من لەگەڵ هەندێ کەموکووڕی ورد لە ڕووی ڕوئیاو بۆچوونەوە ئەگەر ئەو کەموکووڕییانە نەبایە ئەوا ئەم نمایشە بە یەکێک لە هەوڵە ناوازەکانی ڕەوتی شانۆ دەژمێـــرا لەم شـــارەدا، بەڵام هەر چۆنێک بێت ئەو شـانۆییـەش تـوانسـتـێـکی باشی ئەو ئەکـتـەرانەو ئەو گرووپەی دەرخست کـە لە داهاتوودا چاوەڕێی بەرهەمی باشتر و قووڵتریان لێدەکرێت.

**ئا: کامەران سوبحان**
**پەیامنێری ڕامان لە شاری سلێمانی**

## لینی ڕیفینستال.. یەکەم دەرهێنەرم کەوا سەرکردەیەکی وەکو «هیتلەر»م کردبێتە ئەکتەر لە سینەمادا



خـاتـوو «لینی ڕیفـینسـتـال»ی تەمـەن «٩٨» سـاڵە دەرهێنەر و وێنەگـرێکی سـینەمـایی و فـۆتـۆگـرافی ئەڵمـانییـە و بەیەکێ لە هاوڕێکانی سـەرکـردەی نازی «هیـتلەر» دادەنرێ. ئەم خـاتوونە بەرێزە خـاوەنی تەنیـا دوو فـیلمی تۆمارکـاری «تسجیلی» سینەماییە لەگەڵ پەرتووکێک کـە یادگـارییەکـانی ژیانی تایبەتی خۆی و بیـرەوەرییـەکـانی لەگـەڵ جـەنگی جـیـهـانی دووەم و هیتلەر-ی تێدا تۆمار کردووە.

بەم دواییـە ڕۆژنامـەی «ئەلبـایس»ی ئیـسـپـانی دیدارێکی لەگـەڵ ئەم خـانمە بەڕێزەدا ئەنجـام داوە، پەیامنێری ڕۆژنامـەکە لە سەرەتادا دەڵێ خەڵکی وایان دەزانی کـەوا تۆ نەمـاوی، لەبەر ئەوەی لە هیچ بوارێکدا دیارنەبوویت، خاتوو ڕیفینستال لە وەڵامدا دەڵێ: لەبەر نزیک بوونم لە سەرکردەکانی ئەڵمانیا و نازی بەتایبەتی «هیـتلەر» بۆ مـاوەیەکی زۆر دوای دۆڕانی ئەڵمـانیـا لە هیچ شـوێنێکی گشـتی خۆم دەرنەدێخست و بۆ مـاوەی (١٢) ساڵ لە وڵاتی نەمسا لەگەڵ منداڵەکانم دەژیام. لە وەڵامی بەرهەمـە هونەرییـەکـانیـدا دەڵێ: من لە ژیانمدا تەنیـا دوو فـیلمی سینەمـایی تۆمـارکـاریم دەرهێناوە کـە ئەوانیش «سـەرکـەوتنی ویسـتـەکـان- ١٩٣٥»کە باسی جەنگی نازییەکان دەکات و هیتلەر وەکو سەرکردەیەکی ڕۆحی و سرووتبەخش نیشان دەدات با ئەوەشت پێ بڵێم من تاکە دەرهێنەرم کـەوا هیـتلەرم کـردبێـتـە ئەکـتـەر لە سینەمادا لەم فیلمەمدا. دووەمیان فیلمی «ئۆلۆمپیا-یان خوای ئۆلۆمپ- ١٩٣٦» کە لەسەر یارییەکانی ئۆلۆمپی «بەرلین» دەرمـهـێنا کـە لە ئەڵـمـانیـا سـازکـرا و «هیـتلەر»یش کردیە ناونیشانێک بۆ سەرفرازییەکانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی جیهان. لە وەڵامی پرسیـاری ڕۆڵی ئەم چی بووە لەلای هیـتلەر و حکومـەتی نازی، خـاتوو ڕیفینسـتال گوتی: دوای ئەم دووفیلمە هیتلەر منی کردە سەرپەرشتیاری فیلمەکان و دەربارەی کەسایەتی هیتلەر گـوتی: پێش جەنگ هیـتلەر کەسایەتییـەکی کـاریزمی هەبـوو و خـەڵکی بۆ لای خـۆی ڕاکـێش دەکرد، هەروەها مـرۆڤـێکی ڕاسـتگـۆ و خـاکـەڕایی بوو، بەڵام لەکـاتی جەنگدا ئەم کەسایەتییەی گۆڕا و لایەن و شتی تر لەسەر هەڵسوکەوتی سەریان هەڵدا. گوتی ناتوانم ئێـسـتـاکـە باسی چاکـــە و ڕۆڵـی بەرچاوی بکـەم، چونکە ئەمـــە پێچەوانەی ڕای مێژوونووسانە و بەفاشییەت و نازیەت تۆمەتبار دەکرێم، بەڵام لە بارەی پەیوەندییەوە «گوبلز»ی بەرپرسی ڕاگـەیاندن و پروپاگـەندەی نازیەت گـوتی: لە بیرەوەرییەکانمدا بەدرێژی باسی ئەم پیاوەم کردووە. لەگەڵ ئەوەشـدا گـوبلز پیـاوێکی بێ وەفـا و بەد ڕەوشت بوو. دەربارەی کتێبی بیرەوەرییەکانی گوتی، ناوم ناوە «ژیان، ڕووداو، وێنە»، زۆر ڕووداو و کـارەسـات و خـۆشی و ناخۆشی تێدایە، بەتایبەتی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی.

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

**سەرچاوە:**
گۆڤاری «الحوادث» ژمارە، ٢٤٥٧، ٢٠٠٢/١٢/٢٧

# گۆنترگراس چل ساڵ پێشتر له نۆبل

گۆنترگراس نووسەری ڕۆمانی «تەپڵی تەنەکە» توانی خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەب وەرگرێ. ئەویش دروست چل ساڵ دوای لە چاپدانی ئەو بەرهەمە ڕێکوپێک و جوانە. ئەو ئێستا حەفتاو دوو ساڵیەتی، لە گوندێکی ئەڵمان دەژی و لەگەڵ نەخۆشی سینگ بەربەرەکانی دەکا.

گراس لە دانسیگ لە پۆڵۆنیا لە دایک بوو، کاری ئەدەبی بە وتنی شیعر دەست پێکرد، بەڵام نێو و ناوبانگی جیهانی لەبەر «تەپڵی تەنەکە- ١٩٥٩» و «ساڵانی سەگ- ١٩٦٣» بەرد تاشین و قەڵەم کاری هەر لە هەرەتی لاوەتی ڕا فێر بووە و هێشتا هەر خەریکی ئەو کارانە و گرافیکە. بیرتیژ و وردبینە و هەروەها قسە بێژێکی بە توانایە، بیسەری قسەی دەروونی مرۆڤە و بە ڕادەیەک قسەبێژێکی بێ وێنەیە، بیسەرێکی وردبین و بە سەبریشە.

گراس هیچ کات هۆگری گێڕانەوە و نووسینی سەرگورشتەی خۆی نییە. لە ڕاستیدا لە بەرهەمەکانی گۆنترگراس دەردەکەوێ کە ئەو بایەخ بە کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی خۆی نادا.

بەڵکو گرینگی نووسینەکانی گۆنترگراس، هاوکاتی لەگەڵ ڕووداوگەلی مێژوویییە. نووسەر وەک مرۆڤێک ئەگەر بابەتێکی تایبەتی ئەزموون بکات، گرینگ نییە، بەڵکو ئەگەر ئەو ئەزموون و تەجروبەیە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، هۆی تێبینییە.

شتگەلێک لە دەورانی پێش لە ١٩٤٥ هەیە کە سرنجی گراس بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. «دانسیگ» وڵاتی دایک و بابی، ئەو تا ساڵی ١٩٣٩ شارێکی ئازاد بوو، ئەوشارە ئەورۆ لە پۆڵۆنیایە و «گدانسک»ی ناوە.

لەو تافەدا هەڵس و کەوتەکانی خەڵکی شار لە تەواوی بوارەکاندا لەگەڵ زەمانی «ڕایش» جیاواز بوو، بەڵام «نازیە»کان لەوێش سەرکەوتن و دەتوانین بڵێین تەواوی خەڵک لایەنگریان بوون.

«ئەمنیش وەک زۆر کەسی تر دڵخوازانە بوومە ئەندامی «کۆمەڵی لاوان». زۆر بۆم سرنج ڕاکێش بوو... پێم خۆش بوو لە کۆبوونەوەکانیاندا بەشدار بم، بچینە ئۆردو و ئەو جۆرە کارانە... لە حاڵێکدا تاقمی «لاوانی هیتلەر» بە کۆبوونەوەکانیان حەوسەڵەیان دەبردم.

ئەو ڕۆژانە لە مابەینی ئەوانەی بەدوای دەرکردنی نێو بوون دووڕوویی و چەورزبانی دەبینرا و لایەنگری لە حیزب قسەی ڕۆژ بوو.

«گراس»ی شتومەک فرۆش (باوکی گۆنتر)یش وەک «ماتسەرات»ی شتومەک فرۆش (باوکی ئێسکار) لە تەپڵی تەنەکە بوو. «بابم لایەنگرێکی ئۆپۆرتونیستی تەواو بوو. لە ساڵی ١٩٣٦ بوو بە ئەندامی حیزب». دایکی گۆنترگراس خەڵکی «کاشۆبیا» بوو. ئەو ڕەگەزە تا ئەورۆ هەر ماون.

پۆڵۆنیەکان ئەو تایفەی «کاژوبا» واتە «باڵتە لەبەر» نێو دەبەن.

شایەت لەبەر جلوبەرگە خۆماڵییەکان «ئەوانە ئەڵمانییەکانی ڕایش نەبوون، لە دوای ١٩٣٩ دەیانگوت ئەوانیان دەستە دەستە کردووە، بەپێی بارودۆخ بۆ وێنە گرووپی خەڵکی یەک، دوو یا سێ. دوایی ئەوانە خوازیاری وەخۆ گرتنی ئەوان لەلایەن وڵاتی ئاڵمان بوون. ئەوانە هەموو شتگەلێک بوون ئەمنی سەخت لە فکران ڕاکردبوو و شێتی دەکردم، بەڵام هەرگیز لەو هەموو فکرە بەرهەمێکم نەدیت».

بەڵام گراس، لە دوای ساڵی ١٩٤٥ وردە وردە بەو ئاکامە گەیشت، بیهێننە بەر زەینتان لاوێکی خەڵکی «دانسیگ» کە دەیدیت و دەیبیست، بەڵام هەروا نەیدەزانی مانای ئەو شتەی دیتوویەتی یا بیستوویەتی چییە؟ تەنیا وەک خەڵکی ئاسایی ڕەگەڵ دەکەوت. هەڵبەت بەهۆی لایەنگری ناسیوناڵ سۆسیالیستی ئەو، لەگەڵ تاقمێک بۆچوون نەیار بوو و هەر ئەو کارە ببوو بەهۆی ئەوەی کە بکەوێتە بەر ڕقی ڕێبەرانی «ان اس»، بەڵام ئەوەش زۆر سەیر نەبوو لە واقعدا زۆربەی لاوانی ئیدیالیست لە گرووپی هیتلەردا وابوون. هەر ئەوەش بیروباوەڕی مەزهەبی گراس دەگرتەوە:

«بابم پرۆتستان بوو و دایکم کاتۆلیک و وەک زۆربەی کات قسەی دایکم برەوی زۆرتر بوو. ئەمن و خوشکم لەژێر کاریگەری پەروەردەی کاتۆلیکدا بووین، بەڵام ڕەوشتی بارهێنانی مەزهەبی ئێمە زۆر سەخت نەدەگیرا، بۆ وێنە ناچار نەبووین حەتمەن هەموو یەک شەموان بچینە کڵیسا و ئەمن ئیمانێکی ڕاستەقینەم هەبوو، هەڵبەت تا ١٩ ساڵی. پاشان بناغەی باوەڕەکانم وردە وردە شل بوون...»

ئایا «گۆنترگراس» هەمان «ئێسکار ماتسەران»ە. ئەو کە «تەپڵی تەنەکە»ی دەکوتا و بە تەوژمی دەنگی شیشەی دەشکاند، ئەو کە لە سێ ساڵیدا سێ بەرامبەری هاوتەمەنەکانی خۆی هۆشیار بوو. یا شایەت ئەو هەمان «ئێسکار»ە، کە لە کۆڵۆنی بێهزیستی ژیان دەباتە سەر و لە دەورانی زووی دوای شەڕێ، بیرەوەری دەگێڕایەوە؟

دەتوانین وەڵامێک بەو هەموو پرسیارانە بدەینەوە:

هەڵبەت کە ئاوایە بەڵام نابێ زوو ئەنجام وەرگرین.

بەڵێ جێگەی لە دایکبوونی هەر ئەوێیە و تەنانەت نێوی کۆڵانەکەش هەر هەوە. دایک و بابی «ئێسکار» ماتسەرات کەلوپەل فرۆش و خێزانی «ئەگنێس» بە هەبوونی ئاگادارییەکی زۆر وەک دایک و بابی گۆنترگراس دەچێ. ئێسکار هونەرمەندێکە کە هونەرەکەی لە لێدانی تەپڵدا دەنوێنێ و ئەزموونێکی تایبەتی لە دەوروبەری بەگوشاری کلێسای کاتۆلیکی ئەو دەم هەیە و لە دواییدا وەک گراس، بەردتاشی فێربووە، بەڵام شتێک لەگەڵ گراس نایخوێنێتەوە، ئەویش ڕێکەوتی لە دایک بوونی «ئێسکار»ە. گۆنترگراس لە «لانگ فور» لە شاری «دانیک» لە ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ١٩٢٧ لە دایک بووە، بەڵام ئێسکار لە ئەیلوولی ١٩٢٢.

نووسەری «تەپڵی تەنەکە» بۆ ئەو بۆشاییە شیکردنەوەیەکی هەیە کە مرۆڤ قانیع دەبێ. لە واقعدا وەچنگ خستنی ڕێکەوتی لە دایک بوونی «ئێسکار» دەنگ دانەوەیەکە، لە ڕووداو گەلێک کە بۆ وەچەی گۆنترگراس و بە وتەیەک بۆ گشت ئەڵمانیەک (بەتایبەت هەموو پیاوە ئاڵمانیەکان) کە لە دەیەی بیستەمی سەدەی ئێمە هاتوونە دنیا بەو لەونە ئەنجامێک دێتە دەست کە لەگەڵ ڕوانینی سەرەکی دژایەتی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆر ئاشکرایە: «ڕوونە کە تەپڵی تەنەکە، ژیاننامە نییە، بەڵام بەهەڵکەوت نییە کە ئەمن ڕێکەوتی لە دایک بوونی «ئێسکار ماتسەرات»م لە ساڵی ١٩٢٧ بەڵکو ساڵی ١٩٢٤ داناوە.

بەڵێ پێداگرم لەسەر ئەوەی کە «تەپڵی تەنەکە» «پشیلە و مشک» و «ساڵەکانی سەگ» ئۆتۆبیوگرافی نین، بەڵام لە جنسی ئەوانن، هەوێنی ئەوان تا بچووکترین خاڵی ئەوان وەک ژیانی نووسەری ئەو کتێبانەیە. دەتوانین ئەو خاڵانەی خوارەوە لە شیکردنەوەی وتەکانی سەرەوە بێژین: «ڕێکەوت و شوێنی لە دایک بوون، تێپەڕبوونی تافی منداڵی لە ئاپارتمانێکی دوودیوە کە لەژێر ئەودا دووکانێکی کەلوپەل فرۆشی لێیە، چوونە قوتابخانەی سەرەتایی، چوونە ناو ڕیزی «کۆمەڵەی لاوان» و گرووپی «لاوانی هیتلەر» و هەروەها هاوکار بوون لە هێزی هەوایی لە تەمەنی پازدە ساڵیدا، بانگ کردنەوە بۆ هێزی زرێپۆشی لە دوای سێ مانگ کار لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٤، بریندار بوون لە شەڕی سنووری، بەخسیربوون بە دەست ئەمریکاییەکان، ناردنەوە بۆ ئەڵمانی ڕۆژئاوا لە دەورانی دوای شەڕ... هەموو ئەوانە دەتوانین دەستنیشان بکەین و ئەو پێکگرتنە زۆریش بێ مانا نییە، چونکە وەک ئاشیرەمان کرد ئەو کارە پێوەندی وتەکانی گراس لەگەڵ واقعیەت ئاشکرا دەکا.

ئەگەرچی گراس زۆرجار ئاماژەی بەو خاڵە کردووە کە «من» وەکو کەسێک، لە ڕووداو نووسی گرینگ نییە، بەڵکو هاوکاتی ئەو «منە» لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوویی گرینگە، بەڵام شتێک دەبێ لە ژیاننامەی ئەو زۆر بکەین، ئەویش ئەندامەتی ئەو لە SPD (حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان)ە لە ساڵی ١٩٦٥ گراس بوو SPD دەستی بە پڕۆپاگەندە کرد، بەڵام بە چەشنی ڕەسمی لە ساڵی ١٩٨٢ بوو بە ئەندامی حیزب، بەڵام بۆ لەو ساڵانەدا لە حیزب دوور کەوتبۆوە، هۆیەکەی ئەوە بوو کە گراس لەسەر بنچینەی زانستی بڕوای بەو حیزبە نەبوو، بەڵکو پێداگری ئەو بەردەوام لەسەر «یاسای بنچینەیی» و هەڵبژاردن بوو. گراس خوازیاری ئەوەبوو کە لە نێوان «خراپ» و «خراپتر» بە «خراپ» و هەر «پوورە پیرەی میهرەبان» دەنگ بدەن.

دەیگوت: SPD ویژدانی ناڕەحەتی من و هیوای لەرزۆک بنچینەی منە. ئەو قسانە پیشان دەدا کە گراس ئامادە نەبوو نێوی خۆی وەک نووسەرێک خۆی بخاتە بەردەست حیزب. گراس بەدوای دۆزینەوەی بەرامبەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسی بوو، بەڵام SPD تا ڕادەیەک لەگەڵ ویستەکانی ئەو دژایەتی هەبوو، چونکە ئەو وەک کەسێک کە لە منداڵی تینی ئاگری هەست پێکردبوو، لە هەر چەشنە بۆچوونێکی ڕەهاگەرایانە کە بانگەشەی ڕزگارکردنی ئینسانی بەتەنێ هەیە و لە ئیدیالیزم کە زۆر هۆگری ئاوا ڕێگا چارەیە، بە توندی خۆی دەپاراست. ئەو چەشنە بۆچوونە لەسەر پێوەندی گراس لەتەک وەچەی ساڵی ٦٨ و بزووتنەوەی قوتابیان و هەروەها ئۆپۆزسیونی دەرەوەی ئەڵمان شوێنی دانا هەڵبەت ئەو لە گرینگایەتی مێژوویی ناڕەزایەتی قوتابیان ئاگادار بوو و لە ڕوانگەی ئەو، ئەو ناڕەزایەتییە بە چەشنی یەکەم نیشانەی هۆشیاری ڕامیاری وەچەی دوای شەڕێ بوو، بەڵام لەوانە کە چاوپۆشی بکەین گۆنترگراس بەهەر چەشنێک، نووسەرە ئەو ئەگەر تەنانەت خەریکی سیاسەتیش بێ هەر نووسەرە. دروست وەک «هاینریش بل» کە بە چەشنێکی تر و لە موناسەباتێکی تردا نووسەر بوو.

بەڵێ گراس نووسەرە. تەنانەت ئەگەر بە ڕەشبینی هاوڕێ لەگەڵ ڕاوەستاوێکی قایم خۆی لە ڕەوتی بەربەرەکانی هەڵبژاردن هاویشتبێ و تەنانەت ئەگەر ڕۆژێک بەچەشنی کاتی لە ئیشی نووسین جاڕس بووبێ و ڕووی کردبێتە پەیکەر سازکردن و شێوەکاری و خۆی سەرقاڵی قەڵەم لێدان لەسەر مس کردبێ.

**فەرەیدوون حەکیم زادە**
**(مەهاباد)**

**سەرچاوە:**
گۆڤاری «فصل سبز» ژمارە (٢)
خەزەڵوەری ١٣٧٨ هەتاوی

# سەرنجێک لە بارەی زمانەوە

بەداخەوە تا ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکەکان پتر دەبن پاشاگەردانی نووسینی کوردیش پتر دەبێ، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بەهەڵە نووسین و پەیڤینی گەلێ وشەو دەربڕینم ڕاست کـــردۆتەوە و ئامـــاژەشم بەژێدەری بڕوا پێکراوەوە کردووە، کەچی کەس گوێی پێ نەداون، بۆیە لێرەدا بۆ نموونە ئاماژە بەهەڵەیەکی زەق دەکەم، کە بەداخەوە هەموو ڕۆژێک بەدەیان جار بەهەڵە دەنووسرێ و دەگوترێ (تاوتوێ) لە باتی (تاو وتوو)، هیچ ڕۆژنامـە و گـۆڤـار و هیچ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێک نییـە لە سـەرانسـەری کـوردسـتـاندا کـە ئەم ئیدیۆمە ڕەسەنە کوردییە بەهەڵە نەنووسێ و نەیپەیڤێ.

جا بۆ سەلماندنی ئەم هەڵەیەش فەرموون با سەیرێکی ئەم سێ فەرهەنگە کوردییە بکەین:

١- "تاوتوو کردن: سەنگ و سووک کردنی دوو دەفر کە شتێکیان تێدابێ تا بەقەدەر یەکتریان لێ دێ."

(فەرهەنگی خاڵ لاپەڕە ١٧٩ ستوونی یەک).

٢- : تاوتوو "تەدارەک کردن، سەنگ و سووک کردنی دوو دەفر کە شتێکیـان تێدابێ تا بەقەدەر یەکتریان لێ بێ، بەڵام تاوتوێ، تاووتوێی قـونێـر و برینە، بەرایی تا و نۆبەتێـیـە" فەرهەنگی کوردستـان گـیوی موکریانی " ١٩٩٩ هەولێر. ل ٢١٦ ستوونی یەک.

٣- : تاو توو: گواستنەوەی شت لە دەفرێکەوە بۆیەکێکی تر

«بەڵام تاو توێ ژانی برین»

(هەنبانە بۆرینەی هەژار لاپەرە ١٤٤ ستوونی دوو)

لە کـۆتاییـشـدا دەڵێم: ئەم ڕاسـتکردنەوانە کـاری کـۆڕی زانیـارین، ئەوان دەسـتـەیەکی فـەرمی و باوەڕ پێکراون و گوێیان لێ رادەگیرێ، ئێمەش کە قسەمان ناڕوا بەتەمای هیـمەتی ئەوانین لەگەڵ ڕێزماندا بۆ خزمەتگوزارانی زمانی شیرینی کوردی.

**ئەحمەد دلزار**
**٢٠٠٥/٥/٢٤**

# ئێستاش باوی شیعر ماوە

لە نێـــو هەزاران هەزار هەواڵی ترش و تاڵی ئاژانس و مـاڵپـەڕەکـاندا، شیـرنە هەواڵێکی بچکۆڵانە، کـە پێناچێ سەرنجی کەسی ڕاکێشابێ، دەڵێ: لە پایتەختی چوار وڵاتی ئەوروپی، ڕێوڕەسمی شیـعر خـوێندنەوە دەسـتی پێکرد. بۆ مـاوەی دوو حەفتە لە وێستگەی پاس و قەتاری ژێر زەوی و شـوێنە گـشـتـیـیـەکـانی ڤـیـەننا، پراگ، بووداپێـست و براتسلاوا-دا شیعر دەخوێنرێتەوە.

هاوکات شیعری سەر پۆستەرو کاغەزان کە بە فرەیی بە دارو دیواری ئەو شـوێنانەوە چەسـپـێنراون خـەڵکی تـامـەزرۆ دەیانخوێننەوە و چێژیان لێوەردەگرن. لە کۆتایی هەواڵەکەدا هـاتووە: ئەو پرۆژە نێـــونەتەوەییـــە کـــە نێــوی لێ نراوە «سەردەمێک بۆ شیعر» تا ٢ی مانگی ئاب درێژەی هەیە.

کە ئەو هەواڵەم خوێندەوە زەینم گەڕایەوە کوردستان و چەند ساڵ لەمەوبەر. ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٩٩ لەگەڵ هاوڕێیەکی شـاعـیرم، با نێوی بڵێم، جەلال مـەلەکشـا، بووینە مـیـوانی بنکەیەکی ڕۆشنبـیریی یەک لە شارە گـەورەکـانی کـوردسـتـان «خوا هەڵناگرێ باشیان بەخێو کردین و ڕێزی زۆریان گرتین، بەڵام کـاتێ ویسـتمـان باسی ئەدەب و شـیـعر بهێنینە گـۆڕێ، هەر زوو تێیان گەیاندین: «کاکە باسی هەرچی دەکەی، باسی شیعر و سیاسەت مەکە!»

ئەگەر لە چایخانەیەکم ئەو وتەیە گوێ لێ بووبا، ڕەنگە بەو شـێـوەیە هەڵـمـە تووکم لەسـەری هەڵنەسـتـابا، بەڵام ئەوێ بنکەیەکی ڕۆشنبیری، با بیـڵێم، یەکێتی نووسەرانی کورد بوو!

ســـەیر لەوەدا بوو بەشی هەرە زۆریان، ئەگـــەر نەڵێم هەموویان، شیـعریان دەنووسی (شیـعری درێژ درێژیش) و لە گۆڤار و حەفتەنامەکاندا بەلێشاو بڵاویان دەکردنەوە.

دوای ئەوەی لەو حـاڵەتە حـەپەسـان و پەشـۆکـانەم هاتمە دەرێ، هۆکاری ئەوەم بۆ بارودۆخی دوای شەڕی ناوخۆ و ئەو قەیرانە ڕۆحییە گێڕایەوە کە هەموو لایەکی گرتبۆوە.

ئێسـتـا کە ٥-٦ ساڵ لەو ڕۆژە تێپەڕیوە، باوترین قسـەی نێو فەزای ڕۆشنبیریی ئێمە ئەوەیە کە «کاکە کەی باوی شیعر مـاوە؟» یان لە باشـترین حاڵەتدا: «خوێنەری کورد لە شیعر تۆراوە».

*　　*　　*

ئەم ڕۆژانە هەواڵێک کە پێم وانییە هیچ ئاژانسێک بڵاوی کردبێتەوە، ئەوە بوو: «کۆمەڵە شیعری شاعیرێکی لاو و بێ نیشان و ناو لە ماوەیەکی کەمدا بە هەزارانی لێ فرۆشاوە.»

جگە لەو هەواڵە، ئاگـاشم لەوە هەیە کـە دیوانی شـیـعـری چەند شـاعـیرێکی وەک: هێـمن و پەشـێـو و شێـرکـۆ و هەژار (خـەییـامـەکـەی) سـاڵانە بەبێ ئەژمـار چاپ دەکـرێنەوە و خوێنەری زۆریان هەن.

شیعر ئەگەر وربنگەی ساتە ڕۆحانییەکانی مرۆڤ و لەرەی ژێ ناسکەکانی خەیاڵ بێ، ئەگەر خۆ ڕووت کردنەوەی ڕۆح و بەری ڕامان و خەڵوەتی ئینسانە هەستیارەکان بێ، ئێستاش لێرەو لەهەر جێیەک کە ئینسانی لێ بژی، باوی ماوە. خەڵک تینووی شیعرن بەڵام هەموو نووسینێک بەشیعر دەرخواردی خەڵک نادرێ. ئەو کەسەی دیوانێک لە پێنجسەد دانەدا چاپ دەکا و بۆ ئەوەی بەسەر دەستیدا نەمێنێتەوە، وەک بەشە خێر، بەسەر دۆست و ناسیـاوانیدا دەبەشێـتـەوە و پێی وایە بۆتە شاعیر، تۆزێک بەهەڵە چووە.

شاعـیری، شـەرەفێکە تەنیـا خوێنەر دەتوانێ بە کەسێکی ببەخشێ، نەک دەسەڵات و چاپەمەنی و ڕەخنەگر و لەوانەش قەباحەتتر کەسەکە خۆی.

ئەو هەمـوو دەمامکە لەسەر ڕووی زمان و ئەو گشتە پۆز و خۆ پف کردنە لەسەر خوێنەری بەستەزمان، مەرگی نووسینی لەو چەشنە جاڕ دەدەن. خوێنەر پێت قەرزدار نییە، هەرچی تۆ نووسیت، ئەو بیخوێنێتەوە.

خوێنەری کورد لە شیعر نا، لە ناشاعیران تۆراوە.

**سلێمان دڵسۆز**

# بوونەوەرەکانی چیرۆک



جەلیل کاکەوەیس

بوونەوەرەکانی نێو چیرۆک ئەو ڕۆحە بزێوانەن کە بە درێژایی مێژوو لە پێچەکانی هزری ئێمەدا ئامادەییان هەیە؛ هەندێکیان تەنی بەرچاو و زیندوون و بڕێکیان تەنی نازیندەن، بەڵام هۆگر و دەستەمۆی هەستەکانمانن. ئیدی ئەم دووە بەردەوام زایەڵەیەکیان لە زەین و ئاوەزمان دروست کردووە و ڕۆژانە، بگرە لەهەر چرکە ساتێکدا سەرهەڵدەدەنەوە، بەڵام نەک کتومت وەک خۆیان، بەڵکو لەشێوەو ڕەنگی جیا، یان شتی هاوشێوەیان جێیان دەگرنەوە. ئەم کردارە لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە و زمانێکی ئاسایی ناتوانێت پەی پێ بەرێت، بەڵکو زمانی چڕوپڕی چیرۆکە ئەو توانایەی هەیە بیێتە بیرخەرەوەو دۆزەرەوەی شتە ونبوو و بیرکراوەکان.

ئەوەی چیرۆک پۆشتە دەکات، تۆکمەیی چنینە، تۆکمەیی چنینیش لە ئەنجامی باڵادەستی زمانەوە بەرهەم دێت و هەموو پێکهاتە و توخمەکانی چیرۆک پێکەوە گرێ دەدات. دیارە ئەو دەسەڵاتەی زمانیش لە وریایی هەر پێنج هەستەکەی چیرۆکنووسەوە پەیدا دەبێت، لەم ئاوێتەیەشدا دید و جیهانبینی چیرۆکنووس پێک دێت.

نیکۆس کازانتزاکیس لە (باخچەی بەردین)دا بەو پێنج هەستە دەڵێت: «پێنج پڵنگەکەم». دەی هەر یەکێ لەو هەستانە لە چاپووکی و تیژڕەویدا ببنە پڵنگێک و ڕاوی ئەو نێچیرە نادیارانەی ناو ئاپۆرەی مرۆڤایەتی بکەن، ئیدی چیرۆکنووس چۆن نابێتە دەسەڵاتداری قەڵەمڕەوی چیرۆک؟ چۆن بوونەوەرانی نێو چیرۆکەکەی نابنە پاژێک لە خواست و ئەڵهاکانی هەر یەکێ لە ئێمە؟

ڕەنگە غەدرێکی گەورە لە چیرۆک بکەین، کاتێ داوا لە چیرۆکنووسی هەستەوەر دەکەین کە بە فڵانە شێواز بنووسێت و ئاوها نەنووسێت! ئەم باڵۆرەیە ناتوانێت ڕێگە لە پڵنگە وریاکانی چیرۆکنووس بگرێت، چونکە هەر پێنج هەستە پڵنگ ئاساکەی پێکەوەو لەیەک کاتدا لەکاردان و تەکان دەدەن. ئەو نێچیرە ڕووداوەی ئەو پێنجە پێکەوە و لەیەک کاتدا ڕاوی دەکەن، نێچیرێکی ئاسایی نییە و ڕاوکەرێکی ئاسایی زەفەری پێ نابات. هەر لێرەوە جیاوازی نێوان چیرۆکنووسی هەستەوەر و ئەو چیرۆکنووسە دەردەکەوێت کە لە نووسیندا ئەو پێنج هەستەی تاک و تەرا بەکاردەبات.

کاتێ دێینە سەر باسی ئاسایی و نائاسایی لە چیرۆکدا پڕاوپڕی ڤاڵایی چیرۆک- دەبێ بڵێین لە کاتێکدا چیرۆک بە سروشت زادەی خەیاڵە و بوونەوەرەکانیشی لەسەرووی وێنای زەینی ئێمەوە دەخولقێن، کەواتە چیرۆک بەم ئاوهایە دەبێتە مەملەکەتێکی ئەفسووناوی و تەنیا چیرۆکنووسی هەستەوەر پەی بەو مەملەکەتە دەبات و چیرۆکنووسی (خەیاڵ کول) هەتا هەتایە پەی پێ نابات. لە ڕاستیدا بوونەوەرەکانی ئەو مەملەکەتە چیرۆکە بە جەستە و ڕۆح هەر خەڵکانێکی ئێمە ئاسان، ئێمەین تووشی بەدگۆڕانمان کردوون و خەڵقەت و بوونیانمان شێواندووە، ئەوانە بە گۆشت و ئێسک و پروسکەوە هەر ئێمەن. ئەوە ئێمەین یەکترمان هەلا بەهەلا کردووە، ئێمەین لە پای مانەوە ململانێ دەکەین، بەشی یەکتر هەڵدەلووشین، یەکتر خلتانی خوێن دەکەین، ئەوە ئێمەین یەکتر هەتک دەکەین.

هەموو ئەمانە لەمەودایەکدا کە ڤاڵایی چیرۆکە، یەکانگیر دەبن و زمانێک ئاراستەیان دەکات و دواجار توخمە پێکهێنەرەکانی جێگیر دەبن.

ئالێرەوە لە میانەی کارایی ئەو زمانەوە شێوازی چیرۆکنووس خۆ دەنوێنێت و لە شێوازی دەڵەمەیی جیای دەکاتەوە، دیارە داینەمۆی هەر پێنج هەستەکەش هەر زمانە، ئەوەتا لە دەم و دووی کەسێتی چیرۆکەوە تامی ژەهری مەرگ و هەنگوینی ژیان دەکەین، بۆنی جەستەی عەتراوی و کەلاکی تۆپیو دەکەین، هاوار و ناڵە و گریان و پێکەنین دەبیستین، جوانی و دزێوی، جەنگی خوێناوی و ئاشتەوایی دەبینین، هەست بە زبری و دڕی دەستی نەیار و نەرم و نیانی دەستی دۆست دەکەین.

بوونەوەرەکانی نێو چیرۆک بریتین لە ئێمە، ئێمە هەموومان و خودی خاڵقەکەشیمیان کە چیرۆکنووسە. ئەوەندە هەیە ئەو بوونەوەر و کەسانە بە میزاج و خوایشتی چیرۆکنووس هەڵناسووڕێن، ئەوانە کەسانێکی ڕەهان و هی هەموو سەردەمێکن و بە ڕووداوی سەردەمی خۆیان بارگاوین، بۆیە هەر جۆرە گوشارێکیان بخرێتە سەر و لەتوانا و قودرەتی خۆیان پتر بار بکرێن، ئەوا بەلەسە و یاخی دەبن و بەدەنگ چیرۆکنووسەوە ناچن، بۆیە ئەگەر چیرۆکنووس بەنیانی لەگەڵیاندا ڕەفتار نەکات، لەنگەریان تێک دەچێت و ئاوهاش بەشێکی زۆری ڕووداو و قەوماو کوێر دەبنەوە.